# جیهانیبوون و جیهانی سێیەم و ئاسایشی نەتەوەیی

هەولێر- 2009

نووسینی: سەید عەبدولعەلی قەوام

# جیهانیبوون و جیهانی سێیەم و ئاسایشی نەتەوەیی

وەرگێڕانی: سەلاح جەعفەری


ناوی کتێب: جیهانیبوون و جیهانی سێیەم و ئاسایشی نەتەوەی

- نووسینی: سەید عەبدولعەلی قەوام

وەرگێڕانی: سەلاح جەعفەری

- نەخشەسازی ناوەوە: یاسین مەولود

- بەرگ: ئاسۆ مامزادە

- ژمارەی سپاردن: (2542).

- تیراژ: (750) دانە

- چاپی یەکەم 2009

- نرخ: (4000) دینار

- چاپخانە: چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (53)

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

www.mukiryani.com

asokareem@ maktoob.com

Tel: 2260311

# پێرست

پێرست 5
پێشەکی وەرگێڕ 7
پێشەکی نووسەر 9
بەشی یەکەم: چاوخشاندنێك بەسەر جیهانیبوون 13
بەشی دووەم: قەیرانی واتا لە سەردەمی بەجیهانیبوون 37
بەشی سێیەم: پێگەی دەوڵەت و هاوڵاتیان لە سەردەمی بەجیهانیبوون 51
بەشی چوارەم: هاوکارییە نێونەتەوەیەکان لە سەردەمی جیهانیبووندا 71
بەشی پێنجەم: رۆڵی ئەکتەرە ناحکوومییەکان لە سەردەمی بەجیهانیبوون 101
بەشی شەشەم: ئاسایش و جیهانیبوون 207
بەشی حەوتەم: جیهانیبوون و بابەتی پەرەسەندن 269
بەشی هەشتەم: بارودۆخی ناسیۆنالیزم لە سەردەمی بەجیهانیبوون 313
بەشی نۆیەم: پێگەی دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز لە سەردەمی بەجیهانیبوون 341
دوا وتار 397

## پێشەکی وەرگێڕ

لە پاش رووخانی دیواری بەرلین و لەناوچوونی یەکێتی سۆڤێتی جاران و شەڕی دووەمی کەنداو و لەسەرەتای دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم و راگەیاندنی لیستی تاکجەمسەری لە لایەن جۆرج بۆش سەرۆکی کۆماری ئەمریکا و پێشکەوتنی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری، ئیتر سەردەمێکی نوێ لە جیهان سەریهەڵدا، کە بە پێی وتەی مارشال مك لۆهان (Marshall Mcluhan) لە ساڵی 1960 بەناوی جیهانیبوون. جیهانیبوون بەشێوەیەکی خێرا و سەرسوڕهێنەر هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤی وەك سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی...هتد گرتووەتەوە و هەموو شتێکی لەهەر قوشبنێکی ئەم جیهانەدا لەخۆ تەنیوە. هەڵبەت ئەم پرۆسەیە بە ئارەزوو و حەزی هەموو کەسێك نەبووە و نییە، بەڵکو هەندێك دەوڵەت و لایەنەکانی گۆڕەپانی نێوەنەتەوەیی هەوڵدەدەن خۆیان لەم دیاردە جیهانییە بشارنەوە و دەوڵەت و کۆمەڵگاکانیان لە ئاسەواری بەجیهانیبوون رزگار بکەن، بەڵام ئەمە نیشانەی بێئاگایی و نەزانینی ئەو دەوڵەت و لایەنانەیە، کە دەیانهەوێت خۆیان لەم دیاردەیە دەرباز بکەن، چونکە هیچ دەوڵەت و کۆمەڵگایەك ئیتر نەتواناکانی خۆی رێگەی پێدەدات کە بە تەنیا بژێت و نە سیستەمی نێوەنەتەوەیش هاوکاری دەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم گۆشەگیرییە.

زۆریەی زانایان لەو بڕوایەدان کە بە بڵاوبوونەوەی سەرمایەگوزاری، بازرگانی، بەرهەمهێنان، تەکنەلۆژیا و دیموکراسی جیهان بە حاڵەتی هەژموونێك و ساکار دەرهاتووە. جیهانیبوون کاریگەری هەیە بەسەر خەڵکیدا بەرێگەیەکی ساکار و جیهانێکی یەکگرتوو و ساکاری خولقاندووە.

جیهانیبوون لەهەر شوێنێك بەجۆرێك کاریگەریی فراوان و بەرچاو بووە بەجۆرێك لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا ئەم کاریگەرییە بەرێگەی سەرمایەگوزاری و گەشەکردنی ئابووری بەرچاوترە، بەڵام لە هەندێك شوێن وەك کوردستان کاریگەری ئەم پرۆسەیە زیاتر حاڵەتێکی سیاسی بەرچاوی هەیە. بەدەرکردنی



بڕیاری (688) لە (1991/4/5) و دامەزراندنی هێڵی 32 و 36 بۆ عێراق؟ ئەو دەرگایەی کە لە ماوەی (200) ساڵ خەباتی بێوچانی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان، تاڕادەیەك لەسەر دۆسەی باشووری کوردستان کراوە، ئەویش بەهۆی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی بەهاری 1991 بەرەو سنوورکانی ئێران و تورکیا و وروژاندنی رای گشتی جیهانی بەرێگەی میدیا گشتییەکانەوە بوو، ئیتر ئەم حاڵەتە کوردیش وەك یەکێك لە سوودمەندبووانی پروسەی جیهانیبوون هاتە ناو دیسکۆرسەکانی ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی. پرۆسەی جیهانیبوون پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، دەتوانین بڵێین هەر دەوڵەت و یان لایەنێك لە جیهانیبوون ئەگەر خاوەن هزر و فکری سەردەمیانە نەبێت و خۆی بۆ روبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم پرۆسەیە ئامادە نەکردبێت، بوون و مانەوەی لە هەموو بوارەکانەوە دەکەوێتە مەترسییەوە و بەشێوەیەك لە شێوەکان لەخۆی دوور دەکەوێتەوە. منیش وەك قوتابی بواری زانستی سیاسەت هەستم بەم ئامادە نەبوونەی کورد لەگەڵ ئەم پرۆسەیەی جیهانیبوونە کرد، بۆیە بیرم لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە کردوەتەوە وەك پێویستییەك کە زۆر بایەتی گرنگی لە هەموو بوارەکانی ژیان لەخۆی گرتووە. ئەم کتێبە لە لایەن سەید عەبدولعەلی قەوام نووسراوە لە روانگەی زانایەکی جیهانی سێهەم کە خوێندنەوەی لەسەر ئەم پرۆوسەیە کردووە. ئەمەش بۆ خۆی دەتوانێت بەشێوەیەکی راستتر قامکی لەسەر کە کاریگەری باشی دەبێت بەسەر خوێنەران و قوتابیان و ئەوانەی کەوا خوازیارن زانیاری فراوانتریان هەبێت لەسەر جیهانیبوون. لێرەشەوە جێگەی خۆیەتی سوپاسی هەموو ئەو بەڕێز و ئازیزانە بکەم کە یارمەتیدەرم بوون بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە و هیوای سەرکەوتنی زیاتریان بۆ دەخوازم لە هەموو بوارەکانی ژیانیان و لە کۆتایشدا پێشکەشی دەکەم بە بوك و دایکی خۆشەویستم.

سەلاح جەعفەری
2009/8/4

## پێشەکی نووسەر

چەمکی جیهانیبوون (globalization) کە لە دەیەی 1960دا هاتووەتە ناو فەرهەنگی وشەکانەوە، پاش کۆتایی شەڕی سارد بۆ بواری فراوان و جۆراوجۆر بەکاردێت. تا ئەو رادەیەی کە زۆربەی خاوەن تیۆرییەکان بارودۆخی پاش ئەو سەردەمە لەسەر بنەمای ئەم پارادیمە روون دەکەنەوە. وێڕای ئەوەی کە رووخانی سیستەمی دوو جەمسەری خێرایی پرۆسەی جیهانیبوونی هێناوەتە کایەوە، سەرەڕای ئەوەش دەتوانین بڵێین کە سەرچاوەی رووخانی ئەم دوو بلۆکە دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی بەجیهانیبوون. لە ژێر کاریگەریی ئەم هەلومەرجەدا لە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد گرنگتر نەمانی زۆربەی بەها و پارادایمەکانی رەفتاری سەردەمی رۆشنگەرییە. کەواتە بە لێکدانی سێ چەمکی، یەکگرتن، بوونیاد و ئامانج دەبینین ناکۆکیی فراوان وەك لەیەکچوون، بڵاوەخوازی، هەڤگری، تایبەتخوازی، گشتیخوازی، ناوەندسڕینەوە و...هتد، کە ناچارین زۆربەی ئەو بەها رەفتارییانە لە سەر بنەمای پێوەری دابونەریتی، رۆشنگەری و پۆست مۆدێرنیزمەکان باس بکەین.

بەم جۆرە، جیهانیبوون ناکۆکی فراوانی خستە بەرچاوی ئێمە. بەم واتایە، لە کاتێکدا کە ئەم پرۆسەیە فراوانبوونی دۆستایەتی، هاولایەنییەکان و رەگەزەکانی هاوبەش مرۆیی پیشان دەدات، سەرەڕای ئەمەش دەبێتە هۆی گرژبوونی ناکۆکییەکان، جیاوازییەکان، نایەکسانییەکان، فراوانبوونی لێکترازانی مەودای هەژاری و دەوڵەمەندی.

لە تایبەتمەندییە دیارەکانی جیهانیبوون، ناتوانین تەنیا ((خێرایی)) ناو بکەین، چونکە لەگەڵ رەگەزی خێرایی، جۆری هەڵسوکەوتە ئابووری، سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئاسایشییەکان تووشی گۆڕانکاریی بنەڕەتی هاتوون. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بووەتە هۆی بچووکبوونی جیهان، کە ئەم خۆ ئاگاییەی بە دواوە بووە. لە ژێر ئەم هەلومەرجەدا رای گشتی کە لە رێگەی پێکهاتەکانی مەجازی و کەناڵەکان فۆرم دەگرن، لە رادەبەدەر لە بەرامبەر رووداوەکان هەستیار بوون.



لە ژێر ئەم هەلومەرجەدا بەهۆی چڕیی کات، شوێن و فەزا، ئیتر ناتوانین خۆمان لە چوارچێوەیەکی داخراوی جوگرافیاییدا پێناسە بکەین. لە کەشێکی وەهادا کە بەتوندی ناوەند سڕینەوە روویداوە نابێ چاوەڕوانی توانای بەرزی شوناسسازیمان هەبێت، چونکە جیهانیبوون، توانایی فەزامەندبوونی ژیانی کومەڵایەتی هەموار دەکات، بە شێوەیەك کە شوناس لە رەوتی کاتدا، واتا و چەمکی دۆزیوەتەوە و هەروەها لە روانگەی کاتدا پەیوەندی نێوان رابردوو و هەنووکە لە ناو دەچێت.

لە بارودۆخێکی وەهادا دەوڵەت نەتەوەکان ناتوانن وەك مۆدێلی وێستفالیایی(*) کار بکەن و بەهۆی بەشداربوونی زۆربەی ئەکتەرە ناحکومییەکان لە دەسەڵاتدا،دەوڵەت نەتەوەکان ئیتر ناتوانن بن بە ناوەندی توێژینەوەی پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی. ئەم گۆڕانکاریانە لە پرۆسەکانی هەڤگری و لە هەلومەرجی کۆنکریتی بوونی سنوورەکان و دیارکردنی دەسەڵاتەکان دەبینین. لە سەر ئەم بنەمایە، جیهانیبوون بە جۆرێك نرخەکانی پەیوەندار بە کۆنترۆل و هاتوو چوو لە فیلتەرەکانی زانیاریی بۆ دەوڵەتانی نادیموکراتیك بردووەتە سەرەوە. رووداوی یازدەی سێپتەمبەر لە ناوەندی بازرگانی جیهانیدا و بەدوای ئەویش پەرچەکرداری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەی شەڕی دژە تیرۆریزم لە راستیدا بزاڤێك بوو لە دژی هەندێك لە ئاسەوارەکانی جیهانیبوون، چونکە تا پێش ئەو رووداوە لە وڵاتێکی وەك ئەمریکادا، ئارەزووی بەشداریی سیاسی لە ئاستێکی نزمدا بووە، پەیوەندیی هاوڵاتی و دەوڵەت تێکچوو بوو، جۆرێك بێمتمانەیی بەرامبەر سیاسەتمەدارەکان دروست بوو، سیستەمی سیاسی توانای ئامادەکردنی خۆی بە رادەیەکی بەرچاو لە دەست دابوو و هەروەها لە هەموویی گرنگتر بەهۆی

(*) وێستفالیایی، واتە بە پەیماننامەی ساڵی 1648ز دەوترێت، کە بە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت– نەتەوە ناوزەد دەکرێت.

رووخـانی یـەکجارەکی سیـستەمی دووجەمـسەری و کۆتـایی شـەڕی سـارد، سەربازی خوازی ئەمریکا ئەو کاریگەرییەی رابردوویی نەمابوو. بە جۆرێك کە بە کـردەوە ئـەم دەوڵەتـە بـە ((قـەیرانی نـەبوونی دوژمـن)) رووبـەڕووبووەوە. کەواتە رووداوی یازدەی سێپتەمبەر ئەم توانایەی بۆ ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا گەڕانەوە کـە لەگـەڵ بێواتـابوونی دیپلۆماسـی، سـتراتیژی، ئاسایـشی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی و یەکیەتییەکان و هاوپەیمانییە نێونەتەوەیەکان (کە بـەهۆی جیهـانیبوون رووی دابـوو) لـە رێگـەی دۆزینـەوەی دوژمـن (تیرۆریـزم) بـەرگری بکـەن. کەواتــە شــەڕی دژی تیرۆریــزم و رادیکــالیزم لــە فۆرمــە جۆراوجۆرەکانیدا ئەو هەلومەرجێك دروست دەکات تا ئەم دەوڵەتە بتوانێت لە بەرامبەر جیهانیبوون (کە یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەو کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان بووە) توانایی رێکخستنی زیاتری هەبێت و بابەتی بوونی دەوڵـەت لانی کەم بۆ ماوەیەك رەت بکاتەوە. بێگومان بەئاسانی ناتوانین ئەم بارودۆخە سەبارەت بەگشت یەکە نەتەوەیەکانی تر بەربڵاو بکەین، چونکە لە کاتێکدا کە پاش رووداوی یازدەی سیپتەمبەر دەوڵەت لە ئەمریکا بـەهۆی سـنووردارکردنی ئازادییەکانی مەدەنی هاوڵاتیان، دەسەڵاتێکی زیاتری بەدەستهێناوە، هاوکـات لـە زۆربـەی وڵاتـانی باشـوور کـە بـوون بـە ئامـانجی هێرشـەکانی دژی تـیرۆر، دەوڵەتان کاریگـەرییێکی فراوانتریـان بەدەسـتهێناوە و شـەرعییەتی خۆیـان تـا رادەیەکی بەرچاو لە دەست داوە.

هاوکــات رووبــەڕووی خــاڵی وا دەبینــەوە کــە ئــەمریکا لــە رێگــەی پاڵپـشتییەکانی خـۆیی لـەو دەوڵەتانـە کـە کێشەی رادیکالیزمیـان هەیـە، لـە رێگەی پێشێلکردنی ئاشکرای ماف مرۆڤ، لـە هـەوڵی بەرەنگاربوونـەوە لەگـەڵ گروپە ناوبراوەکانە، چونکە جیهانیبوون دیاردەیەکە کـە روویـداوە و هـەروەها بە جوڵەی خۆیی درێژە دەدات. بە جۆرێك کە هیچ وڵاتێـك (تەنانـەت ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بە تایبەت لەرەهەنـدە ئابوورییـەکانی نـاتوانێ ئـەوە کۆنترۆڵ بکات. بەم شێوەیە بـە ئاسـانی نـاتوانین لـە سـەردەمی جیهـانیبوون



چوارچێوەی دەوڵەت–نەتەوە وەك فاکتەری رێگر بۆ خێرایـی سەرسـوڕهێنەری زانیارییەکان دابنێین. بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی پەیوەندی بوون بـەهۆی کۆتـایی جوگرافیـا و رێخۆشـکەربوون بـۆ دروسـتکردنی کۆمـەڵگاکانی مـەجازی. لـە سەردەمی جیهـانیبوون لـە جیـاتی خـوێن و سـەرزەمینی هاوبـەش، سـیمبۆلی نەتـەوە زانیارییـە هاوبەشـەکانە. بـە هـەر شـێوەیەك بێـت ئـەوەی کـە ئێـستا خەریکی روودانە وەك بارودۆخێکە کـە چـەند سـەدەیەك پـێش، لـە پەیوەنـدی لەگەڵ خڕبوونی گۆی زەوی دەهاتە ئاراوە، چونکە زەوی لە کاتێکدا کە ساف دیار بوو پاشان خڕ بوو، دواجار بە سوورین دەرهات و گـەورە و گـەورەتر بـوو تا ئەو رادەیەی ئێستا گۆڕاوە بۆ گوندێکی بچووك.

لـەم توێژینـەوەدا کـە دە بـەش لـە خـۆ دەگرێـت هـەوڵ دراوە تـا رەهەنـدە جۆراوجۆرەکانی جیهانیبوون و قەیرانەکانی رووبەڕوویی بخەینـە ژێـر لێکۆڵینـەوە و لێکدانەوەی لەسەر بکـەین و پێگـەی بـاکوور و باشـوور لەلایەنـە جیاوازەکـان و لـە روانگەی کاریگەری ئەم پرۆسەیە بخەینە ژێر خوێندنەوە و توێژینەوە.

روونـە کـە بـە هـیچ شـێوەیەك نـاتوانین بڵـێین کـە لـە چوارچـێوەی یـەك پرۆژەیی لێکۆڵینەوە بتوانین تەواو رەهەندەکانی جیهانیبوون کە ئەمڕۆ هـەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایـەتی، ئـابووری، کولتـووری و ئاسایـشی بـە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ خستووەتە ژێر کاریگەری خۆی، ئاوڕی لێبدەینـەوە و هیـوادارین کـە ئـەم کـارە تـوانیبێتی زەمینـەکانی پێویـست بـۆ لێکۆڵەرەکانی تر بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتەی دابین کردبێت.

لێـرە پێویـستە لـە دوو ئـازیز بـەڕێزان مەهـدی نەجـەف زادە و رەحمـان قەهرەمانپور خوێندکاری دکتۆرای زانستە رامیارییەکانی زانکۆی شـەهید بەهەشـتی کە منیان لە ئەنجامی ئەم کارە توێژینەوەیـەدا یارمـەتی داوە سـوپاس بکـەم و لـە خوای مەزن ئارەزووی سەلامەتی و سەرکەوتنیان بۆ دەکەم.

سەید عەبدولعەلی قەوام

## بەشی یەکەم: چاوخشاندنێک بەسەر جیهانیبوون

پێناسەی جیهانیبوون لەسەر بنەمای دامەزرانەوەی کات، شوێن و فەزا کە کێشەی جۆراوجۆری وەك شوناس و مانای بەدواوەبوو، بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە دیاردەکان بە ئەژمار دێت کە لە شوێنی خۆی لە مێژوودا بێهاوتا بووە. لە ژێر کاریگەری ئەم دۆخەدا، لە راستیدا ئێمە لەگەڵ جیهانیبوونی جیاواز سەروکارمان هەیە، کە هەڵبەت پەیوەندیشیان پێکەوە هەیە.

هەرچەند دیاردەی جیهانیبوونمان بەدرێژایی مێژوو لە چوارچێوەی ئایین و قوتابخانە جیاوازەکانی ئایدیۆلۆژیا بینیووە، بەڵام ئێستا دەبێت لە سەرهەڵدانی سەرمایەداری و بە دوای ئەو رووداوە جۆراوجۆرانەو گۆڕانکاری تەکنەلۆژی، ئابووری و پەیوەندی جا بە دوای ریشەی جیهانی بووندا بگەرێین. لە کاتێکدا فیۆدالیتە لە کەشێکی بەستراو و داخراوو بەگشتی ناوەخۆیی بوو، بەڵام بە پێچەوانەوە شوناسی سەرمایەداری دەرەکی بووە بە جۆرێك کە مانەوەی ئەو پەیوەندی توندوتۆڵی بە داگیرکردنی بازاڕەکان، ناردنی کاڵا و سەرمایە، ئامادەکردنی ماددەی خاو، هێزی هەرزانی کار و پێشبرکێ بەستراوەتەوە. جێگەی ئاماژەیە کە گشت ئەم چالاکیانە بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ژینگەیەکی نێودەوڵەتیدا روودەدەن. لەم رووەوە دەتوانین بڵێین کە سەرمایەداری، نێودەوڵەتیترین سیستەمە تاوەکو ئێستا مرۆڤ بەخۆیەوە دیویەتی.

لە بواری مێژوویی پاش ئەوەی کە سەرمایەداری توانی زۆربەی زەمینە ئایینی، سیاسی و یاسایەکان بۆ پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی لەناو ببات، وەك تاکە هێز لە سەدەی نۆزدەیەم سەرهەڵبدات، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە نیوەی دووەمی سەدەی ناوبراو (بەتایبەت دوایی 1889) بە



شێوازێکی توند لەلایەن ئینتەرناسیۆنالی دووەمەوە تووشی قەیران هات. تا ئەو جێگەیە کە ئەم سیستەمە بۆ بەرگریکردن لە پەرەسەندنی هۆکاری بەستنەوەی هێزەکەی خۆی، ناچار بوو کە هەندێك ئیمتیاز بە چینی کرێکار بدات، لەم رێگەیەوە دەست بەزنجیرەیەك ریفۆرمی ئابووری، سیاسی و کومەڵایەتی بکات تاکو نەهێڵێت شۆڕش لە شوێنە جۆراوجۆرەکان سەرهەڵبدات. دوای دامەزراندنی دەوڵەتی سۆسیالیستی جیهانی لە روسیا لە ساڵی 1917و دروستکردنی نێونەتەوەیی سێیەم (کۆمینتێرن) بەکردەوە چالاکییەکانی رێکخراوی ناوبراو کەوتە ژێر کۆنترۆڵی یەك ئەکتەری فەرمی دەوڵەتی واتا یەکیەتی سۆڤیەت بە جۆرێك کە هەر حکومەتێکی سەرمایەداری رۆژئاوا دەیتوانی لە رێگای دانوساندن و قسەکردن لەگەڵ سۆڤیەت بۆ چالاکییەکانی ئینتەرناسیۆنالی سێیەم (کۆمینتێرن) لە وڵاتەکان و کۆلۆنیالەکانی خۆی بەربەست دیاری بکات.

لە ناو دەیەکانی 1930و 1940 کێبەرکێی نێوان سێ قوتابخانە و ئایدیۆلۆژیای لیبڕالیزم، کۆمۆنیزم و فاشیزم، کە شەڕی دووەمی جیهانی بەدوادا هات، لە دواییدا بوو بەهۆی لەناوچوونی فاشیزم لەناو گۆرەپانی گەمەکەو دروستبوونی سیستەمی دوو جەمسەری، جارێکی تر دوو ئایدیۆلۆژیا، سەرمایەداری و سۆسیالیزم کە بانگەشەی بەجیهانیبوونی نۆرم و پارادایمی ئەخلاقی دەکرد، رۆڵی بەرچاوی خۆیان هەبوو، لە بەرامبەر یەکتردا راوەستانەوە.

لە سەردەمی شەڕی ساردا بەهۆی بوونی سیستەمی دووجەمسەری و سنووری سیاسی– سەربازی و ئایدیۆلۆژییەکان بابەتی جیهانیبوون لەگەڵ بەربەستی جۆراوجۆردا رووبەڕووبووەوە، بە شێوازێك کە ئاسەواری ئەو دۆخە لە راڤەکردنی رەشنووسی UN پەیوەندی بە شەڕ و ئاشتی، لایەنگری لە مافی نێونەتەوەیی ئەنگلوساکسون، مافی نێونەتەوەیی سۆسیالیستی، مافی نێونەتەوەیی ئیسلامی، مافی نێونەتەوەیی جیهانی

سێیەم (لە چوارچێوەی وڵاتەکانی بێ لایەن)، هەروا لە پەیوەندی لەگەڵ پشتگیری و بەرگری لە مافی مرۆڤ و کەیسەکانی بەزاندنی ئەو بابەتەی کە پەسەندکردنی بنەمای یەکگرتنی هێزە خەباتکارەکان لەبڕی قبووڵکردنی بنەمای هاوسەنگی هێز بوو.

بەم شێوەیە سیستەمی دووجەمسەری سەردەمی شەڕی سارد دۆخێکی دروست کرد بوو، کە لەرێگەیەوە سنووره سیاسی، ئایدیۆلۆجیکی و ئەمنییەکان، فەزای بەستراوی دیاری دەکرد، هەندێك لە رەفتاری سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکانی جیهانیشی دروست دەکرد. ئەم دۆخە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو جیهانیبوونییە کە وا ئیمڕۆ بەکاری دێنین، لەو کاتەدا نەتوانین بەکاری بێنین.

رووخانی سیستەمی دووجەمسەری بووە هۆی ئەوەی کە سنوورەکانی جیۆپۆلیتیك و ئایدیۆلۆجیك پێشوو لەناو بچن و بە پێی وتەی فۆکۆیاما بین بەبینەری کۆتایی مێژوو، بەڵکو لەم کاتەشدا بەهۆی بچووکبوونی کات و شوێن ئێمە دەگەینە کۆتایی جوگرافیایش و ئەزموونی دەکەین، لەسەر ئەم بنەمایە زۆربەی بابەتەکان وەك مافی مرۆڤ، کێشەی ژینگە کە پێشتر لە چوارچێوەی راگەیەندراوەکان، جارنامەکاندا و بە شێوەی یەك ئامانج و ئارەزوو بە تایبەتمەندی جیهانی لە سەردەمی شەڕی سارد و پێش لەویش دەوترا، ئێستا شێوازێکی پڕاکتیکی تری بەخۆیەوە گرتووە. هەر جۆرێك بێت دیسپلینی جیهانی ((دەستکردی)) دەیەکانی رابردوو خەریکی لەناو چوونەو لەبری ئەو هێشتا دیسپلینی یەکسانی سەری هەڵنەداوە. جێگەی ئاماژەیە کە نابێت بەخێرا بڕوانینە گۆڕانکارییەکانی ئێستا و لەگەڵ هەلومەرجی پاش شەڕی جیهانی دووەمدا هەڵیانبسەنگێنین، چونکە دیسپلینی سەقامگیری نوێ لە سەردەمی پاش شەڕ لەسەر بنەمای هەر ئەو پارادایم و نۆرمە سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکانی سەردەمی رۆشنگەری سەرچاوەیان گرتبوو کەوا لەو کاتەدا وایان دادەنا کە دروستکردنی



کولتوورێکی مرۆڤایەتی گشتگیر لەسەر بناغەی هزرەکانی لۆجیکی کارێکی ساکارە. لە کاتێکدا ئەگەر سەیری گۆڕانکارییەکان بکەین، گۆڕانکارییەکان دەریدەخەن، کە لەژێر سایەی عەقڵدا بە تەنیا مرۆڤ ئازاد نابێت. ئەم دۆخە مرۆڤ لە هەلومەرجێك دادەنێت تا یەك لەم دوو رێگەیە هەڵبژێرین، یان مرۆڤ بەسەر سروشتدا زاڵ بێت، یان ئەوەی کە سروشت خۆی زاڵ بکات بەسەر مرۆڤدا.

هەروەها دەبینین کە دیسپلینی نوێی جیهانی پاش شەڕی دووەمی جیهانی کە لە چوارچێوەی سیستەمی دووجەمسەری و فەزای شەڕی سارد و لەگەڵ یاسایی گەمەی تایبەت بە خۆی پێناسە دەکرا، هەروا لەسەر بەردەوام بوون و درێژەپێدانی سەردەمی رۆشنگەری و لەسەر بنەمای دەوڵەت– نەتەوە دامەزرابوو. لە کاتێکدا ((جیهانیبوون)) کە ئیمڕۆ ناوی دەبەین زۆربەی پارادایمە ئەخلاقییەکانی خستووەتە ژێر پرسیار و لەبەشە جیاوازەکانی ژیانی ئابووری، سیاسی، کولتووری و ئاسایشیدا بوونیاد شکێنی کردووە. لەژێر کاریگەری ئەم دۆخەدا سەیرکردنی رابردوو بۆ دەوڵەت، کۆمەڵگا، پەرەسەندن، ئاسایش، شوناس، بە شێوازێکی ناتەواو بووە.

## تایبەتمەندییەکانی جیهانیبوون

بۆ ئەوەی کە بتوانین لە نێوان قۆناغەکانی جیهانیبوون لە رابردوو و ئێستادا جیاوازی دابنێین، پێویستە ئەو هەر بەو ئاڵۆزییە و دژایەتییە تایبەتەی خۆیەوە لە تایبەتمەندییەکانی بکۆڵینەوە تاکو خستنە بەرباسی ئەم بابەتە یارمەتیمان بدات بۆ تێگەیشتنی چاکتر لە جیهانیبوون.

خاڵی یەکەم ئەوەیە کە بەگشتی نابێت دیاردەی جیهانیبوون بە ساکاری لە چوارچێوەی یەك ستراتیژی، پرۆگرام و پرۆژەدا کە لەلایەن هێزە گەورە پیشەییەکانەوە خراوەتە بەردەست دابنێین، بەڵکو بە پێچەوانەوە وادیارە کە ئەو وەك دیاردەیەك کە بەبێ نەخشە و قیبلەنما بەرەو پێش دەڕوات و کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانی خستووەتە ژێر کاریگەری

بواری سیاسەتی نێونەتەوەیدا نەبووە. راستییەکە ئەوەیە کە بەهۆی دروستبوونی دۆخی دوای شەڕی سارد، حکومەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چ دیموکرات یان کۆماریخواز لەگەڵ کێشەی واتادان بە ڕەفتاری ئاسایش، ستراتیژی، سەربازی، کولتووری، ئابووری و سیاسی بەتایبەت لە بواری سیاسەتی نێونەتەوەی و سیاسەتی دەرەکیدا رووبەڕوون، چونکە دیپلۆماسی ئەم وڵاتە لانی کەم بۆ ماوەی چواردەیە لەسەر ئەساسی بوونی مەترسی کۆمۆنیستی نێونەتەوەیی فۆرمی گرتبوو. بە شێوەیەك کە هۆکاری بەرهەمهێنەری ئاسایش و لەناوبردنی ئاسایش لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەییدا، لەسەر ئەم ئەساسە پێناسە دەکرا، بەڵام لە سەردەمی جیهانیبوون ئیتر روسیا ناتوانێت وەك یەکیەتی سۆڤیەتی سەردەمی شەڕی سارد بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێت بە شوناس کە ئەمە بۆ خۆی کێشەی جۆراوجۆری بۆ دروستکەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەم حکومەتە لە سەردەمی جیهانیبووندا بەرهەمهێناوە.

نابێت لە بیری بکەین کە جیهانیبوون و کۆتایی شەڕی سارد چەند دەرفەتێکی گەورەی بۆ هێزە گەورە پیشەییەکان دروست کردووە وەك سەرهەڵدانی بازاڕەکانی نوێ لە پشت ئەو دیوارە ئاسنینانەی سەردەمی شەڕی سارد، چونکە سنوورە دەستکردەکانی ئایدیۆلۆژی سەردەمی شەڕی سارد ناوچەی قەدەغەکراو بوون.

لە ئاسەوارەکانی تری جیهانیبوون کە بەگشتی کۆمەڵگا پەرەسەندووە پیشەسازییەکانی خستووەتە ژێر کاریگەری خۆی و زۆربوونی رۆژ بە دوای رۆژی دەیان ئەکتەری ناحکومی و بەشداریکردنی ئەوان لە دەسەڵات و بڕیارەکانی حکومەتی بە دواوە بووە. لەژێر کاریگەری ئەم دۆخانەدا ئیتر حکومەتەکان بە تەنیا ناتوانن هاوڵاتیان بۆ لای خۆیان رابکێشن و خەڵك ئامادەی بەشداری لە بواری ئاسایشی (نەتەوەیی) خزمەتی سەربازیدا نین. بە شێوەیەك کە لە زۆربەی بوارەکاندا حکومەت خەریکی لەناوبردنی خزمەتی



خۆیی. روونە کە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بەهۆی بوونی توانای ئابووری، تەکنیکی، سیاسی و کولتووری بە شێوازێکی چاکترو بە کەڵکتر دەتوانن ئەم دیاردەیە بەکاربێنن و بیخەینە خزمەت بەرژەوەندی خۆیان. هەرچەندە ئەمرۆ هەندێك لە وڵاتان لە باشوور وەك دەوڵەتانی (هیندستان، مالیزیا، سەنگاپوور....) لە سەردەمی جیهانیبوون توانیویانە لەم دەرفەتانە کەڵك وەربگرن و زۆرترین رادەی قازانجی تێدا بەدەست بێنن. لە لایەکی ترەوە لەژێر کاریگەری دیاردەی بەجیهانیبوون زۆربەی دەوڵەتانی باکوور وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ قەیرانی توند لە بوارەکانی وەك بەشداری سیاسی، بەرپرسیارەتی، ماف، ئەرك، دیپلۆماسی، ئاسایش، ستراتیژی بەرگری و سەربازی و مەسەلەی ژینگەدا و....هتد رووبەڕوون. لە رەهەندە ئابووری و داراییەکان هێندێك جار بانکە ناوەندییەکانی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بە شێوازێکی پراکتیکی وەك بارمتە لە دەستی کۆمپانیا فرەرەگەزەکانن. هەروەها ئەمرۆ یەکێك لە گرفتە گەورەکانی هێزە گەورەکانی سەردەمی جیهانیبوون بنکە ئەتۆمییەکان، ناوەندەکانی بەرگری موشەکی و چەکە سەربازییە ستراتیژیکەکانە، بەڵام هەر لەوکاتەشدا توانای ئەوە یان نییە کە ئامانجی خۆیان و ستراتیژی خۆیان دیار بکەن، چونکە لە سەردەمی شەڕی سارد هێزی ئەتۆمی وەك ئامێرێکی هێزی سیاسی پێناسە دەکرا. لە کاتێکدا کە لە سەردەمی جیهانیبوون بە شێوازێکی پراکتیکی سیاسەتێکی ئەتۆمی بەهۆی ئەوەی کە ئەمرۆ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی، ئامانجەکانی دیارو راست نییە.

بۆ نموونە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی 2000 لە ئەمریکا بۆ سەرۆکایەتی جۆرج واکێر بۆش پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان، رکابەری خۆی (کلینتۆنی) بەوە تاوانبارکرد کە ستراتیژی سەربازی تایبەتی نەبووە، هەروەها لەم رێگەدا مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی حکومەتی بیل کلینتۆن حکومەتی خۆی بەوە تاوانبار دەکرد کە سیاسەت و ستراتیژێکی دیاری لە

هەروەها دەبێ بڵێین کە تاکو ئێستا زۆرترین و توندترین دژایەتییەکانی خۆپێشاندەران لە دژی دیاردەی جیهانیبوون بە زۆری لە وڵاتانی باکوور بووە تاکو باشوور. رەنگە لە هەندێك لاوە بتوانین بەم ئەنجامە بگەین کە کۆمەڵگاکانی باکوور زیاتر گیرۆدەی ئەم دیاردەیەن، کەواتە خەڵکی باکوور هەستیان بە ئاسەوار و ئەنجامی کردووە.

بەهەر حاڵ بەساکاری ناتوانین بۆ جیهانیبوون ناوەند و یان شوێنێکی تایبەتی لە بەرچاو بگرین و ئەوە بە دەرفەتێك بۆ باکوور و مەترسێك بۆ باشوور دابنێین، کەواتە باسی سەرەکی ئەوەیەکە تا چەند حکومەتەکان دەتوانن ئەو مەترسیانە بگۆڕن و هەروا بیکەن بە هەل؟

هەڵبەت نابێ لەبیری بکەین کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەندێك لە هێزە گەورەکان (وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) تێدەکۆشن تاکو بە گوێی خەڵکی دنیادا بدەن کە دروستکەر و جێبەجێکەری دیاردەی جیهانی بوونن و ئەمە لە کاتێکدایە کە خودی ئەم کۆمەڵگایانە لەگەڵ کێشە و قەیرانی زۆر توندا رووبەڕوون. لە دوای رووخانی سیستەمی دووجەمسەری، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵیدا کە سەردەمێکی نوێ لە چوارچێوەی دیسپلینی نوێی جیهانی پێناسە بکات. لە کاتێکدا کە دیاردەی بەجیهانیبوون لەسەرووی ئەوەدایە کە لە چوارچێوەی ستراتیژێکی نەتەوەیدا بیبەستینەوە.

روانینێکی وەها بچووك لە دیاردەی جیهانیبوون بەمانای ناتەواو بوونی بینینی گۆڕانکارییە قولەکانە لە سیاسەتی نێونەتەوەییدایە. وەك چۆن ئەم هەڵسوکەوتە لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی مافی مرۆڤدا دەبینین. لە کاتێکدا بابەتی مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی راگەێندراو و رەشنووسی نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆنڤانسیۆنەکانی نێونەتەوەییەکان دەبیندرێت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەندێك لە وڵاتانی رۆژئاوایی هەوڵدەدەن تا ئاستی ستراتیژێك لە سیاسەتی دەرەوەدا بچووك بکەنەوە و



سەربازی و بەکارهێنانی کەسانی پرۆفیشناڵ بۆ کاروباری سەربازی و ئاسایشە. ئەنجامی ئەم دۆخە لەناوچوونی پەیوەندی رەگەزەکانی دروستکەری هاوڵاتی (بەشداری، یاسا، بەرپرسیارەتی و شوناس)ە. کۆمەڵەی ئەم شەپۆلانە بوونەتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی نەریتی نێوان هاوڵاتیان و حکومەت و لە پاڵیشی لاوازی ناوەند لە حکومەت بووە هۆی ئەوەی کە ئەم دامەزراوەیە ئەو دەسەڵاتەی رێکخستنی جارانی نەمێنێت.

یەکێکی تر لە ئەنجامەکانی جیهانیبوون لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە پیشەسازییەکانی باکوور، گۆڕانی بنەڕەتییە لە کارەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەك یەکیەتی بازاڕەکان، سەندیکاکان و حیزبە سیاسییەکان. لە زۆربەی ئەم کۆمەڵگایانە خەڵك بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ئەم رێکخراوانە ناتوانن وەك پێشوو لە دیاریکردنی داواکارییەکان رۆڵیان هەبێت. ئەوان باوەڕیان وایە کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا داواکارییەکانیان لە بیرۆکراسی ئیداریدا ون دەبێت و لەم رووەوە دەستیان داوە بە دروستکردنی گروپە ((دیارەکانی)) {ژینگە، خۆشگوزەرانی، ئاشتی و...هتد}. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پاڵپشتی خەڵك لەم رێکخراوە عورفیانە (مافی ئەندامبوون نادەن) ئەوەندە کەم بووە کە حکومەتەکان ناچارن بۆ درێژەپێدان بە ژیان و بەردەوام بوونی ئەم رێکخراوانە وەك پارتە سیاسییەکان، یارمەتی داراییان بدەن.

دابەشکردنی رەگەزەکانی هاوڵاتی لە سەردەمی جیهانیبوون لە کۆمەڵگاکانی باکوور بووەتە هۆی کەمبوونی حەزی بەشداری سیاسی خەڵك (وەك بەشداری لە هەڵبژاردنە نەتەوەیی و ناوچەیەکاندا) بووە. بۆ نموونە حەفتەیەك پێش هەڵبژاردنی ساڵی 2000 سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، خۆپێشاندەران شێوازی دیموکراسی (وەك دەنگ دان و هەڵبژاردنیان) کە لەلایەن باپیرانیانەوە دامەزراوە خستە بەر رەخنە.

دواجار وەك چەكێك بۆ خستنی كاریگەری لەسەر ولاتان بەتایبەت ولاتانی باشوور، بەكاریدێنن، چونكە ئەمرۆ دەیان رێكخراوی ناحكوومی لەناوەوە و دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكادا ئەم دەوڵەتە بە بەزاندنی مافی مرۆڤ تاوانبار دەكەن و لەم رووەوە ئەم دەوڵەتە دەسكەوتێكی چاكی نییە. تا ئەو جێگەیە كە بەتازەیی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، لە كۆمیتەی رێكخراوی نێونەتەوەی مافی مرۆڤ دەركراوە. لەژێر كاریگەری جیهانیبوون ئەم دەوڵەتە بە توندی لەژێر گوشاری كۆمەڵگای نێونەتەوەییە بۆ جێبەجێكردنی مادەكانی مافی مرۆڤ لە ناوەوەو دەرەوەی ولات. بەم شێوەیە دەبینین لەژێر كاریگەری جیهانیبوون هۆكارەكانی جێبەجێنەكردنی مادەكانی مافی مرۆڤ لە سەردەمی شەڕی سارد لاواز بووەو ئەم هۆكارە ئیتر ناتوانێت وەكو جاران ببێت بە قوربانی داواكارییەكان و بەرژەوەندییەكانی جەمسەرەكان. لەژێر ئەم دۆخەدا راڤەكردنی بەربلاو لە رەشنووسی نەتەوەیەكگرتووەكان (لەژێر كاریگەری جیهانیبوون) بووەتە هۆی هەستیار كردنی كۆمەڵگای نێونەتەوەیی و رای گشتی جیهانی بەنیسبەت پێشێلكردنی مافی مرۆڤ.

خاڵی دووەم لە لێكۆڵینەوە لەسەر جیهانیبوون پەیوەندی بەناسینی بارودۆخی كۆمەڵگا جۆراوجۆرەكان لە بواری سەقامگیری لە چینەكانی پێش مۆدێرن، مۆدێرن و پاش مۆدێرنەوەیە. لەسەر ئەم بنەمایە هەر كام لەم كۆمەڵگایانە كە لە كام یەك لەم چینانەدان، دەتوانین جێگەی راستەقینەیان لە بواری سیاسەتی نێونەتەوەی لە سەردەمی جیهانیبووندا هەڵ بسەنگێنین. كەواتە لەسەر ئەم بنەمایە جێگەی پەرەسەندن یان پەرەنەسەندن و شێوازی رۆیشتن لە قۆناغی دەوڵەت نەتەوە دروستكردن دەتوانێت جێگەی دەوڵەتان لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا دیاربكات. هەروەك چۆن پێشتر ئاماژەیان پێدا هاولاتیانی زۆربەی كۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەكان وەكو رابردوو بەنیسبەت ئەو رێكخراوە عورفیانە وەك پارتە سیاسییەكان، سەندیكاكان و یەكێتی بازاڕەكان وەفادار نین و پێیان چاكە تاوەكو



چالاكییەكانی خۆیان بخەنە چوارچێوەی گروپە ((دیارەكان))و ئیتر لە سەردەمی بەجیهانیبوون بۆ زۆربەی هاولاتیان بوونی كەناڵەكانی عورفی بۆ كۆكردنەوەی داواكارییەكان وەك ئارەزوو و ئامانج بە هەژمار نایەت. لە كاتێكدا لە كۆمەڵگا مۆدێرنەكاندا تێدەكۆشن بۆ دامەزراندنی پارتە سیاسییەكان و رێكخراوە پیشەییەكان تا لەم رێگەوە بتوانن بە فۆرمدان بە سیاسەتی گشتی رۆڵ بگێڕن. بەم شێوازە دەبینین كە لە نێوان رەگەزەكانی دروستكەری هاولاتیان (ماف، ئەركەكان، بەرپرسیارەتی، بەشداری و شوناس) لە كۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەكان دابەشكراون بە شێوازێك كە ئیتر ناتوانن وەك رابردوو ئەم رەگەزانە لەگەڵ یەكتر هەڵبسەنگێنین. لە كاتێكدا بەپێچەوانەوە لە كۆمەڵگا مۆدێرنەكان هەڵدەدرێت تاوەكو پەیوەندی نێوان رەگەزەكانی دروستكەری هاولاتی لە نێوان هاولاتیان لەگەڵ یەكتر و هاولاتیان لەگەڵ دەوڵەت، تووشی بۆشایی نەبێت.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە كە پێگەی دەوڵەتان لە سەردەمی بەجیهانیبوون لەگەڵ گۆڕانكاری فراواندا رووبەڕوون بە شێوەیەك كە كۆمەڵگا پۆست مۆدێرنەكان بەهۆی تەواوكردنی ئەزموونی ((وێستفالیایی)) دەوڵەت دەتوانن پێناسەی نوێ بۆ چەمكەكانی دەسەلات، سەروەری، شەرعییەت و سەربەخۆیی و....هتد بكەن. لەم دۆخەدا پەیوەندی عورفی نێوان توانا، سەربەخۆیی و دەسەلات شێواوە بە جۆرێك كە ئەم جۆرە دەوڵەتانە بە هاوبەشكردنی لایەنەكانی تر لە دەسەلات و سەروەری خۆیان و هەروەها هاوبەش بوونیان لە دەسەلات و سەروەری لایەنەكانی تر لەدۆخی كاریگەری هاوبەشی خۆیان، چالاكییەكانیان فراوان كردووە تا بتوانن وەلامدەری داواكارییەكانی هاولاتیانیان بن. لە كاتێكدا كە كۆمەڵگای وێستفالیای (مۆدێرن) و پێش وێستفالیایی (پێش مۆدێرن) بەهۆی دەرنەچوون لە پرۆسەی دروستكردنی نەتەوەو دەوڵەت و یا رۆیشتنی ناتەواو بەم هۆیە پەیوەندییەكی لۆجیكی لە نێوان سەربەخۆیی، شەرعییەت،

دەسەڵات و سەروەری و بەشداریکردنی لایەنەکانی تر لە سەروەری ((تەواوی)) خۆیان وەکو ئەوە وایە کە دەسەڵات و سەربەخۆیی خۆیان خستبێتە ژێر پرسیارەوە. لەو جێگەوە کە بۆ گەیشتن بە یەکیەتی لە سەردەمی جیهانیبوون پێویستی بە زەمینەی پێشکەوتنی ئابووری، سیاسی و کولتووری هەیە و هاوبەشکردنی لە دەسەڵات و سەروەری لایەنەکانی تر پێویستی بە سنگفراوانی سیاسی و کولتووری هەیە، کەواتە بۆ بوونی هەلومەرجێکی وەها دەبێت لە کۆمەڵگاکانی سەرو وێستفالیایی بگەڕێن.

لە سەردەمی بەجیهانیبووندا کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی باکوور بۆ بەدەستهێنانی پێگەی چاکتر لە بواری سیاسەتی نێونەتەوەیی و هەروەها بە مەبەستی گەیشتن بەکەمترین ئاستی قەیرانی خۆیان و هەروەها زۆرترکردنی توانای وڵامدانەوە لە دەسەڵاتی تەواوی خۆیان چاوپۆشیان کردووە و ئەوەیان داوە بە ڕێکخراوەکانی سەروو نەتەوەیی و ئەم کۆمەڵە وڵاتانە ئاسایشێکی زۆرتر و رادەی وڵامدانەوەی زیاتریان تێدایە. لەسەر ئەم بنەمایە و هەروا بەهۆی پێناسەی نوێ لە دەسەڵات، سەروەری و سەربەخۆیی دەوڵەتان مانای وێستفالیایی خۆیان لەم کۆمەڵگایانە لە دەست داوە و جێگەی سەرسوڕمانە کە بۆ یەکەم جار دەوڵەت—نەتەوە بە شێوازی وێستفالیایی لە ڕۆژئاوا دامەزراوە و ئێستاش هەر لە سەردەمی جیهانیبووندا لەوێ زۆرتر لە شوێنەکانی تر چەمکەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. لە کاتێکدا ئێستا لە زۆربەی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان لە سەر پەیوەندی نێوان سەربەخۆیی، سەروەری، شەرعییەت و دەسەڵات جەخت دەکرێت و تێدەکۆشرێت کە ڕەگەزەکانی هاوڵاتی لە فۆرمی جیانەکراو دابن. کەواتە جێگەی سەرسوڕمان نییە کەوا لە سەردەمی جیهانیبوون رادەی یەکگرتن لە نێوان کۆمەڵگا مۆدێرن و پێش مۆدێرنەکاندا لە ئاستێکی خوارەوە بێت، چونکە ئەم دەوڵەتانە بەهۆی نەبوونی زەمینە پێویستەکان (ئابووری تەواوە رادەی باڵای ئاسانکاری سیاسی و کولتووری، بوونیادی



دیموکراتیك) ئامادەنین کە خۆبەخشانە دەسەڵاتی خۆیان بدەن بە ڕێکخراوێکی تر و ئەم جۆرە پارادایمی ڕەفتاری لەسەر بنەمای بیردۆزەکانی گرێدراوی و ئەمپریالیستی دادەنێن. هەرچەندە لەلایەنی پڕاکتیکی لە زۆربەی حاڵەتەکان بەهۆی بەربڵاوی پەیوەندی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بە شێوازی خۆبەخشانە ئامادە نیین کە لە دەسەڵاتی خۆیان کەم بکەنەوە، بەڵام سنووری نەتەوەیی ئەم جۆرە وڵاتانە کراوەتر و سەروەری ئەوان بەنیسبەت رابردوو بەرتەسکتر بووە. لە کاتێکدا کە زۆربەی کۆمەڵگاکانی باشوور لە سەردەمی شەڕی سارددا دەیانتوانی شوێنێك بۆ خۆیان لەدنیا بدۆزنەوە، بەڵام لە سەردەمی جیهانیبووندا ئەم گروپە لە دەوڵەتان نە دەتوانن بە ئاسانی شوێنێك بۆ خۆیان لە بواری سیاسەتی نێونەتەوەیی بدۆزنەوە و ناشتوانن ئیتر یەك پارچەیی خۆیان بپارێزن.

بەسەرنجدان لە چینبەندی وڵاتان دەبینین کە لە بواری ئامادەکاری وڵاتانی پۆست مۆدێرن بە ڕادەی بەرچاو لە سەردەمی جیهانیبوون توانای ئامادەکردنی خۆیان بەتایبەت سەبارەت بە شەڕ لەدەستداوە کەواتە تێدەکۆشن لە بری بەکارهێنانی هێزی مرۆڤ سوود لە تەکنیکی پێشکەوتوو وەرگرن و بەم هۆیە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەوڵەتەکان بۆ لابردنی خزمەتی سەربازی و دانانی کەسی سەربازی پرۆفیشناڵ لەژێر گوشار دان. ئەمە لە کاتێکدایە کە بە شێوازێکی ڕێژەیی وڵاتانی پێش مۆدێرن و مۆدێرن توانای چاکیان هەیە بۆ ئامادەکاری بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ شەڕدا. لە راستیدا دەتوانین پرۆسەی بەجیهانیبوون بە ڕۆیشتن لە حاڵەتی نەریتی بۆ مۆدێرن بەراوردی بکەین. یانی چۆن لە بەرامبەر حاڵەتی گشتگیربوونی نەتەوەیی، ژێرسیستەمەکان وەك هۆز و عەشیرەت لە خۆیان ڕەفتار دەنوێنن و نیگەرانی لەدەستدانی شوناسی خۆیانن. هاوشێوەی ئەمە کێبرکێی نێوان گشتگیرخوازی جیهانی و تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی وڵاتە جۆراوجۆرەکان دەبینین کە دەتوانن کێشەی نێوان شارەکان و گوندەکانی

جیهان بە ڕێژەیێکی گەورەتردا بخەنەڕوو هەروا پرۆسەی نوێکردنەوە کە بووەتە هۆی کۆچی گوندنشینەکان بەرەو شارە گەورەکان، کە جۆرێك لە هەستی نەبوونی ئاسایش و شوناسی بەدواوە بووە کەبووەتە هۆی ئەتۆمیزە (Atomization) بوون، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لایەنە گشتگیرەکانی بەجیهانیبوونیش دەبێت سەیری هەڵسوکەوتە جیاوازەکانی وڵاتانێك بکەین کە ئەم دیاردەیان بۆ چووە کە بەڕوونی بەهۆی جیاوازی لە نێوان کولتووری جیهانی و تایبەتمەندییەکانی کولتووری و کۆمەڵایەتی و وڵاتانی باشوور بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی باکوور بەرگرییەکی زیاتر دەکەن، چونکە وڵاتانی باشوور زۆرتر دەترسن کە بکەونە قەراخ و شوناسی خۆیان لەدەست بدەن. هەندێك لە وڵاتان لە بەرامبەر بەجیهانیبووندا بەرگری لەخۆیان دەکەن، گروپێك ئاسەوار و دەرئەنجامەکانی یارمەتی قبووڵ دەکەن و لە کۆتاییشدا هەندێك لە وڵاتان تێدەکۆشن کە بەکەڵك وەرگرتن لە پرۆسەی بەجیهانیبوون پێکهاتەی نوێ بۆ خۆیان دابمەزرێنن. لە سەردەمی مۆدێرنیتە ئایدیۆلۆژیا دەیتوانی لە دۆخی شیاو هەستی نەبوونی ئاسایش و ئەتۆمیزەبوون و بێ شوناسی، یارمەتی کەسی شێواو بدات بۆ گەیشتن بە ئارامی. لە کاتێکدا کە لە سەردەمی جیهانیبوون بەهۆی تێکچوونی سێ فاکتەری یەکگرتوویی، بنەما و ئامانج، ئایدیۆلۆژیا وەك سەردەمی شەڕی سارد ناتوانێت یارمەتیدەری یەکڕیزی و یەکگرتوویی وڵاتان بێت و تاك بە ئاسایش ناگەیەنێت. هەربەم هۆیە بە شێوازی پراکتیکی لەگەڵ بزاڤەکانی هەڵهاتن لە ناوەندی ئەتنی و نەتەوەیی جۆراجۆر لە ناو یەکە سیاسییە گەورەکاندا ڕووبەڕووبن.

هەر جۆرێك بێت نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا گشت وڵاتان بە شێوازێکی یەکسان لە یاساکانی گەمەی نێونەتەوەیی ئاگادار بن و بەیەك ئاست دەستیان بە فەزای ناراستەقینە ناگات. لەم دۆخەدا بە شێوازێکی پراکتیکی لەگەڵ دوو گروپ لە وڵاتان



سەروکارمان هەیە: گروپی یەکەم پێك هاتووە لەو وڵاتانەی کە توانیویانە بە ئاسانی خۆیان لەگەڵ ئەم هەلومەرجە نوێیەدا ڕێك بخەن (وەك هیندستان، مالیزیا، سەنگاپوور و...) و گۆڕانکاری لە چەمکەکانیان لە بواری سیاسەتی نێونەتەوەییدا (وەك دەوڵەتەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا) قبووڵ کردووە، بەڵام بەشی دووەم وڵاتانێکن کە نەیانتوانیوە لە چەمکە نوێیەکان تێبگەن و هەروەها پارادایمی ڕەفتارە ئابووری، سیاسی، کولتووری و ئاسایشییەکانیان لەسەر بنەمای یاساکانی سەردەمی شەڕی سارد پێناسەو دیاری دەکەن. لە پاڵیشیدا ئەم جۆرە وڵاتانە دەترسن کە بچنە ناو فەزای نوێی ناراستەقینەوە کە ئامرازی زۆری هەیە تا بیداتە ئەم وڵاتانە بۆ ئەوەی مەترسییەکان بگۆڕن بۆ دەرفەت و بەخت. سروشتییە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا دیالۆگ لە نێوان ئەم دوو گروپە لە وڵاتان کێشەکانی تایبەت بە خۆی هەبێت.

خاڵی سێیەم کە دەبێت لە کاتی خوێندنەوەی پرۆسەی بەجیهانیبووندا بیخەینە بەرچاو، بێ نرخ بوونی هەندێك لە پێوەرە پێشکەوتنە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانە. بە جۆرێك کە لە سەردەمی شەڕی سارددا پێوەری پێشکەوتن لە چوارچێوەی ستراتیژی نەتەوەیی بۆ هەرکام لە یەکە سیاسییەکان بە شێوازی جیاواز لە بەرچاو دەگیرا، کەواتە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا پێشکەوتن لەسەر بنەمای کردنەوەی دەرگاکانی وتووێژ لەگەڵ کەسانی تر و دروستکردنی پەیوەندی لەفەزای ناراستەقینە، گەیشتن بە بازاڕە نوێکان و پەیداکردنی و پرۆسێسی زانیارییەکان دادەنێن. پێش ڕۆیشتن بۆ ناو بواری بەجیهانیبوون، پاراستنی دەوڵەت – نەتەوە لەمانەوەی لە قەیرانە جۆراوجۆرەکاندا پرەنسیپێك بوو. لەم هەلومەرجانەدا بەهۆی دەسەڵاتدارێتی پارادایمی ریالیستی لەسەر هێزی سەربازی، لۆجیکی تاکە ئەکتەر بوونی دەوڵەت لە بواری سیاسەتی نێونەتەوەیی جەختی زۆریان لەسەر دەکرد. لە کاتێکدا لە پرۆسەی بەجیهانیبوون ئەم جۆرە گەشەسەندنە، وەك ناتەواو بینینی جیهان هەژمار دەکرێت، چونکە لەسەر

ئەم بنەمایە جگە لە دەوڵەت وەك ئەکتەرێکی فەرمی، بە شێوەی پراکتیکی ئەکتەرەکانی تر وەك قەوم (ئەتنیکی)، ئایین، زمان و...هتد لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە، بەڵام داکۆکی کردن لەسەر یەك بوون و یەك پارچەیی و نەهێشتنی بەربڵاوی بەهۆی ئەوەیە تاوەکو پەرەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەك میکانیزمێك بۆ رۆیشتن لە قەیرانە جۆراوجۆرەکان دابنرێت. لە چوارچێوەی مۆدێرنیتەدا بەگشتی وەك هۆیەك بۆ یەکرێزی سوودیان لە ناسیۆنالیزم وەردەگرت. لەژێر ئەم دۆخەدا ناسیۆنالیزمە بچووکەکان دەبووایە لەناو ناسیۆنالیزمە گەورەکان تێکەڵ ببوایە. لە کاتێکدا کە ناسیۆنالیزمی خاوەن فاکتەری لەیەکپچڕانیشە، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە دابەشبوونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، نەمسا، هانگاریا، رووخانی یەکیەتی سۆفیەت و یوگسلافیا بکەین. ئەزموونی دوای شەڕی سارد دیاری دەکات کە کۆمەڵگا فرە نەتەوەکان، کە لەژێر کاریگەری فەزای ئایدیۆلۆجیك و هەروەها دوو جەمسەری بەگوشار و ترس ناچار بوون لە پاڵ یەکتردا بژین و یان نەتەوە کاتێك کە بەهۆی فەزای گوشار و زۆر بەناچاری لەیەك دابڕابوون، بەچوون بۆ ناو پرۆسەی بەجیهانیبوون بە دوای ئاراستەی لەیەك پچڕان و یان یەکگرتوویی رێگەیان گرتووەتە بەر، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە یەکگرتنی دوو ئەڵمانیا یان دو یەمەن بکەین.

یەکێك لە پێوەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی پەرەسەندنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی تاکو کۆتایی شەڕی سارد جێگەی بایەخ بوو، لەسەر لێکۆڵینەوەی تواناکانی بەرهەمهێنانی سیمبۆڵ و رێکخستن بوو. ئەمڕۆ لە سەردەمی بەجیهانیبوون توانای بەرهەمهێنانی سیستەم لە ئەنجامی ناوخۆ و دەرەوەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت سەیری دەوڵەت بکەین کە تاچ رادەیەك دەتوانێت لە ئامرازە دیار و نادیارەکان کە بەجیهانیبوون بۆی هێناوە، کەڵك وەربگرێت. هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێدا دەوڵەتەکان گشتیان لە یەك پێگەدا نین کە بتوانن بە



شێوەیەکی یەکسان لەم پرۆسەیەدا کەڵك وەربگرن. بابەتی کۆچی ئارەزووەکان، راکێشانی سەرمایەی دەرەکی و ناوخۆیی، وەرگرتنی باج و تاکس، مۆبیلیزەکردنی هێزەکان و....هتد دەتوانن نموونەی جۆراوجۆری بەرهەمهێنانی سیستەم بن.

سەبارەت بە تواناکانی رێکخستن، کە بە زۆری رێکخستنی پەیوەندی نێوان خەڵك لەگەڵ یەکتر یان بەرپرسە حکوومییەکانی لە ئەستۆدایە، بارودۆخیان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازە، چونکە بە لەبەرچاوگرتنی پرۆسەی گۆڕانکاری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتان پەیوەندی نێوان حکومەت و کۆمەڵگا جیاوازە، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا حکومەت بۆ کارە بچووکەکان زۆر گەورەیە و بۆ کارە گەورەکان زۆر بچووکە. هەندێك بڕوایان وایە کە لە سەردەمی بەجیهانیبوون لەکێبڕکێی نێوان حکومەت و خەڵکدا، ئەنجامی گەمەکە سفر نییە، کەواتە براوەی سەرەکی ئەکتەرە ناحکوومییەکان وەك کۆمپانیا فرەرەگەزەکانن، چونکە لە هەلومەرجێکی وەهادا حکومەت و خەڵکیش بە رادەیەکی بەرچاو دەسەڵاتی خۆیان لەدەست دەدەن. بەم جۆرە پێویستمان بە چوارچێوەی توانای رێکخستنە بۆ دروستکردنی دیسپلینی نوێ لە نێوان حکومەت و هاوڵاتیاندا، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا رەگەزەکانی هاوڵاتی (وەك شوناس، بەشداریکردن، یاسا و ئەرکەکان) یەکرێزی خۆیان لەدەستداوە و دەبێت لەم رووە بۆ پەیوەندی نێوان ئەم رەگەزانە بە دوای پێناسەی نوێدا بگەڕێین. کاتێك پەیوەندی نێوان تاك و دەوڵەت لە وڵاتانی رۆژئاوادا لەسەر تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەخرایە بەر لێکۆڵینەوەوە، بەڵام ئێستا رێکخراوە عورفییەکانی دروستکەری کۆمەڵگای مەدەنی گرنگی و ئیمتیازی جارانی خۆیان نەماوە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا رێکخراوە نوێکان ناتوانن کۆکەرەوەی داواکارییەکانی خەڵك بن، بەڵام بەهۆی ناوەند سڕینەوە لە دەوڵەت (لەژێر کاریگەری پرۆسەی جیهانیبوون) دەبێت توانای رێکخستن

لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان بەشەکان و کەیسە جۆراوجۆرەکان و لە چوارچێوەی یەك سیستەمی دیموکراتیکی فرەچەشنیدا (نەك سیستەمی دیموکراتیکی کۆمەڵایەتی) بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە.

لە بارەی توانا سیمبۆلییەکان لە سەردەمی جیهانیبووندا، دەبێت بڵێین کە لە سەردەمی شەڕی سارد بەهۆی بوونی یەکگرتن، بنەما و ئامانج، سیمبۆلییەکان دەیانتوانی یارمەتی پارادایمە رەفتارە ئابووری، سیاسی، ئاسایشی و کولتووری بدەن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هۆی بەهێزکردنی توانای پڕچەککردنی دەوڵەت بوون. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا سیستەمی سیاسی دەیتوانی لە رێگای پەیوەندی دابینی زانیاریی سیمبۆلییەکان، توانای سیمبۆلێك بۆ شەرعییەت و قبوولکردنی خۆی زیاد بکات، بەڵام بە چوونە ناو سەردەمی جیهانیبوون و دووبارەبوونەوەی قەیرانی نێوان ناسیۆنالیزمی فەرمی و ناسیۆنالیزمە نافەرمییەکان، بە شێوەی فەرمی دەوڵەت تایبەتمەندییە سیمبۆلییەکەی خۆی لەدەستداوە. بەم جۆرەیە پەیوەندی نێوان سیستەمی سیاسی و ژینگەکەی بە جۆرێك نییە کە سەد لەسەد بێت بەهۆی شەرعییەت دان بەسیستەم. ئایدیۆلۆجیك بوونی سەردەمی شەڕی سارد هەلومەرجێکی رەخساندبوو کە لە رێگەی ئەوەوە دەوڵەتەکان بەزمانی سیمبۆل پێکەوە هاوکاری، کێبڕکێ و دژایەتیان هەبێت. لەسەر ئەم بنەمایە سیمبۆلەکان دەیانتوانی دۆست و دوژمنیان لەیەکتر جیا بکردبایەوە و ببنە هۆی دروستبوونی هاوپەیمانییەتی نێونەتەوەیی. لە سەردەمی جیهانیبوون بەهۆی ناوەند سڕینەوە لە دەوڵەت، لە زۆربەی حاڵەتەکان یەکگرتوویی، یەکڕیزی، شەرعییەت و سەروەری ئەو تواناییەی رابردوویان نەماوە. لە کاتێکدا کە لە سەردەمی شەڕی سارد هەر یەك لەم سیمبۆلانە دەیانتوانی وەك فاکتەرێکی شوناسساز کار بکەن.

خاڵی چوارەم پەیوەندی ناکارایی سیستەمە سیاسییەکان لەگەڵ دیاردەی جیهانی بووندایە. هێندێك جار ناکارایی و نەتوانینی دەوڵەتەکان



بەوە لە قەڵەم دەدەن، کە ئەمە لە پرۆسەی جیهانیبوون سەریهەڵداوە. لە کاتێکدا لە سەردەمی نوێکردنەوەو هەروەها لە سەردەمی پێش ئەویش هەژاری، نەخۆشی و بێکاری....هتد هەبووە. کەواتە بەساکاری ناتوانین پێشکەوتن لە هەندێك وڵات و دواکەوتن لە هێندێك وڵاتی تردا تەنیا ببەستینەوە بە پرۆسەی بەجیهانیبوون. لەدوای کۆتای شەڕی سارد هەندێك لە وڵاتان لە هەلومەرجێکی چاکتر و گروپێکی تر لە هەلومەرجی خراپتری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیان هەیە، کە ناتوانین کۆمەڵەی ئەم دەسکەوتانە هەروا دوڕاندنەکان بەگشتی ببەستینەوە بە دیاردەی جیهانیبوون. ئەوەی کە روونە لە دوا رۆژی رووخاندنی سیستەمی دووجەمسەری دەبوایە چاوەڕێی ئەوەمان بکردبایە کە گۆڕانکاری گەورە بەسەر سیاسەتەکانی ناوخۆیی و سیاسەتی نێونەتەوەییدا دێت، چونکە لە سەردەمی شەڕی سارد بەهۆی کێبڕکێی توندوتۆڵی نێوان دوو زلهێز و سنووربەندی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەسەر ئەساسی بوونی پێگەی جیوپولیتیك و جیوستراتیژیك، خاوەن ئامرازی جۆراوجۆری دانوستاندن و گرتنی ئیمتیاز بوون، بەڵام کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و گۆڕانی یاسای گەمەی نێونەتەوەیی زۆربەی ئەم وڵاتانەی وەك خۆی هێشتبووە. هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە جیهانیبوون نە بەختێکی رەها و نەمەترسییەکی رەهایە. بە شێوەیەك کە ئەگەر دەوڵەتەکان بتوانن بە شێوەیەکی راست و دروست جیهانیبوون بناسن و بتوانن خاڵە لاواز و بەهێزەکانی خۆیان دیاری بکەن، جیهانیبوون بەختێکی بەرفراوانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاسایشیمان پێدەدات کە بەختی وا بەدرێژایی مێژوو بێ وێنەیە. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا سیستەمە سیاسییەکان دەبێت ئەوەندە ئامادەبن، کە بتوانن ریفۆرمی پێکهاتەیی ناوخۆیی بکەن تاوەکو بتوانن بە پەیوەندی زیاتر لە رێگای دووبارە پێناسەکردنی چەمکەکانی سەردەمی شەڕی سارد بە قەباری پەیوەندی نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکان فراوان بکەن. بەم

شێوەیە یەك نەبوون و نەبوونی خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی گۆڕانکاری نێونەتەوەیی و ناوخۆیی، هەروەها قبووڵنەکردنی گۆڕانکاری لە یاساکانی گەمە و بەردەوام بوون لەسەر دەسەڵاتدارییەتی پارادایمەکان، نۆرمەکان و بەهاکانی سەردەمی شەڕی سارد و سیستەمی دووجەمسەری، دەتوانێت زیانی فراوانی بۆ وڵاتان بەداوەوە بێت. بەهەرحاڵ بەجیهانیبوون جۆرێکە لە قەیران و دەبێت لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی گشتیدا بەکاری بێنین.

لە کۆتایی خاڵەکان دەبێت تیشك بخەینە سەر گرنگی ڕۆڵی دەوڵەتان. ئەوەی کە دیارە فۆرمی دەوڵەت–نەتەوە کە لەوێستفالیاوە سەریهەڵداوە تووشی گۆڕان هاتووە. ئەو تایبەتمەندییانەی کە بۆ دەوڵەتان دایان دەنا بریتی بوون لە: هەبوونی هەرێمێکی دیاری کراو، ئەندام بوونی زۆرەملێی، هەبوونی دەسەڵاتی بەرفراوان، سەربەخۆیی و سەروەری و هەروەها بەشداریکردنی ئەندامەکان لە یەك نەتەوەی هاوبەش (فەرمی). روونە کە بە گۆڕانکارییە سەرسوڕکەرەکان کە لە بواری تەکنۆلۆژیا و پەیوەندییەکان روویداوە بەسەرنجدان لە فراوانبوونی پەیوەندییەکانی نێوان یەکە سیاسییەکان نابێت چاوەڕوانی ئەو بکەین کە دەوڵەت هەر ئەو تایبەتمەندییانەی جارانی مابێت. بە بەشداریکردنی هەندێك ئەکتەری نافەرمی لە چالاکییەکانی دەوڵەتدا ئەم رێکخراوە عورفییە گرنگی و ڕۆڵی جارانی نەماوە. باشتروایە کە ئەم بابەتە بە جۆرێکیتر بخەینەڕوو کە لە سەردەمی وێستفالیا کە دەوڵەت وەك چەمکی ئەمرۆیی هاتە سەرکار لەژێر هەلومەرجی جۆراوجۆردا وەك رووداني قەیرانەکان، شەڕەکان، شۆڕشەکان و زۆربوونی داواکاری فراوانی هاوڵاتیان و دابینکردنی ئامرازی خۆشگوزەرانی، نەتوانین خەڵك بۆ قبوولکرنی بەرپرسیارەتی و.....هتد بەبەردەوامی بە قەباری ئەرکی دەوڵەتەکان زیاد بووە تا ئەو جێگەیەی کە ئیتر رێکخراوە عورفییەکان بە تەنیایی توانای وەڵامدانەوەی پێداویسییەکان و داواکارییەکانیان نییە و لەم رووەوە هەلومەرج پێویست



دەکات کە بۆ رێگا چارەی هێندێك لە کێشەکان (ئایدز، ماددەسڕکەرەکان، پیسی ژینگە، هەژاری، بێبەشی، نایەکسانی... هتد) یارمەتی لە رێکخراوە ناحکوومیی و نێونەتەوەیەکان وەربگرن. شتێکی سروشتییە کە جێبەجێکردنی ئەم گرنگییە بە تەنیایی لە ئەستۆی سیستەمی حکومەتی نابێت و گەیشتن بەم داواکارییە پێویستی بە یارمەتی کۆمەڵگای نێونەتەوەییە. کەواتە لەژێر ئەم هەلومەرجەدا دەبێت بتوانین رەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت (دەسەڵات، سەروەری و سەربەخۆیی) دووبارە پێناسە بکەین، بۆ نموونە پەیوەندی نێوان سەربەخۆیی، کارابوون و شەرعییەت وەك رابردوو سەیر نەکەین، و دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە دەوڵەت ئیتر لەسەر بنەمای فۆرمی وێستفالیایی رابردووی خۆی پێناسە نەکەین.

هەروەك ئەم دۆخە لە پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە پیشەییەکان، سەندیکاکان، یەکێتییەکان و پارتە سیاسییەکان دەبینین. بە جۆرێك کە زۆربەی هاوڵاتیان لە وڵاتە رۆژئاواییەکان بوونی رێکخراوەکانی ناوبراو بۆ دابینکردنی داواکارییەکانی خۆیان بەتەواو نازانن تا ئەو جێگەیەی کە بۆ قەرەبووکردنەوەی پێداویستی دارایی و مانەوەی ئەم رێکخراوانە، دەوڵەت ناچارە کە یارمەتی داراییان پێبدات.

هەروەها لەسەرووی هەموویان توند و بوونی بزاڤی ناوەند سڕینەوە و پەرتبوون لەناو ئەو دەوڵەتە فرە نەتەوەیی، قەومی، زمانی، ئایینی هەرییەك لەو قەومە ناوبراوانە لە قۆناغی کۆتایی دوای قەیران و ململانێ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە ئارەزووی دامەزراندنی رێکخراوەیەکی بە ناوی ((دەوڵەت))یان هەیە. هەر بەم هۆیە سەرۆکی پێشوی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان ژمارەی ئەکتەرە فەرمییەکانی دەوڵەتی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم بە چوار سەد دانە دادەنێت.

هەرچەندە پرۆسەی بەجیهانیبوون بە شێوازێکی رێکوپێك نییە بە شێوەیەکی کردەیی رووبەڕووی پەرتبوونن و لە کاتێکدا کە لە وڵاتانی

ئەوروپپیدا دەوڵەتان خەریکن لەناو یەك تێکەڵ دەبن، بەڵام لە هێندێك ناوچە کە کەمتر پەرەیانسەندووە، دروستبوونی دەوڵەتە بچووکەکان کە تازە سەرهەڵدەدەن دەبینین.

ئێستاش دەوڵەتان کاروباری سەربازیان لەژێر دەستە و بە نوێنەرایەتی نەتەوەکانی خۆیان لە کۆبوونەوەکان و رێکخراوە نێونەتەوەیەکان بەشداری دەکەن. لە زۆربەی حاڵەتەکان دەوڵەتەکان چالاکی ئەکتەرە ناحکوومییەکان دەخەنە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری خۆیان و ئەکتەرە ناوبراوەکان ناچار دەکەن کە ئەو یاسا و قانوونانە بپارێزن کە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە دەرچووە. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا هێشتا دەوڵەتەکان داکۆکی لەسەر ئەو دەسەڵاتەی خۆیان دەکەن بۆ پاراستنی هێزی یاساییان لە چوارچێوەی سەروەری نەتەوەییدا.

### ئەنجام

ئەگەرچی دەبێت ریشەکانی پرۆسەی جیهانیبوون لە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، کولتووری و سیاسی، لە سەرەتایی سەرمایەداری و گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکانەوە بگەڕێین بەدواییدا، سەرەڕای ئەمە بابەتی جیهانیبوونی کولتووری و یاسایی لە سەدەکانی پێش و لە چوارچێوەی دەرکراوەکان، ئاگادارکردنەوەکان و کۆنڤانسیونە نێونەتەوەیەکان خراوەتەڕوو، بەڵام رووخانی سیستەمی دووجەمسەری و تەواوبوونی شەڕی سارد کە رووخانی سنوورەکانی ژیۆپۆلیتك و ئایدیۆلۆجیکی بەدواوەبوو، نە تەنیا خێرایی ئەم پرۆسەیەی زیاد کردووە، بەڵکو جۆر و چۆنیەتی پەیوەندییەکانی لە فۆرمە جۆراوجۆرەکان بەگشتییان گۆڕیوە. ئەم جۆرە لە بەجیهانیبوون لە دوای شەڕی سارد بەم هۆیە تازەیە کە زۆربەی نۆرمەکانی سەردەمی رۆشنگەری وەك گشتخوازی، هاوڵاتی بوون، دروستکردنی شوناس و لەسەر بنەمای پەیوەندی مرۆڤ و



ئامێر، پێناسەی زنجیرەکان لەسەر بنەمای هێز و زۆر، گەڕانی هەر مەسەلەیەك لەوی تردا ئەمانەی خستە ژێر پرسیار.

بەسەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی جیهانیبوون، پرۆسەیەکی وەك یەك نییە و نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە ئاسەوار و بەرهەمەکانی لە گشت وڵات و دەوڵەتەکان وەك یەك وابێت. کەواتە ئێمە دەتوانین لەسەر ئەو پێوەرەی کە تا چەنێك وڵاتان تووشی دیاردەی بەجیهانی دەبن پێگەی ئەوان هەڵسەنگێنین. بەم شێوەیە سروشتیە کە بەهۆی ئەوەی کە وڵاتان تا چ رادەیەك گەشەیان کردووە، لە نێوان وڵاتانی باشوور نابێت پێگەیەکی وەك یەکیان بۆ دابنێین. بەم جۆرە گرنگترین یاسا لە سەردەمی بەجیهانیبوون ئەوەیە کە وڵاتان خۆیان بناسن و بتوانن بە زمانی بەجیهانیبوون پێکەوە گفتوگۆ بکەن. ئەوەی کە روونە جیهانیبوون روویداوە و بەخێرایی دەچێتە پێش چ بمانەوێت یان نا. لەم پرۆسەیەدا پێشبینی دەکرێت کە ژمارەیەکی زۆر لە زمانی نەتەوەکان لەناو بچێت و نەمێنێت و شوێنەواری کولتووری لەبیر بکرێت. کەواتە بێ هۆ نییە کە ئەمڕۆ رێکخراوێکی وەك یونسکۆ یارمەتی فراوان بۆ پاراستنی میراتی کولتوورەکان. هەر جۆرێك بێت لە سەردەمی جیهانیبوون هونەر و توانای وڵاتان لەوەدایە کە دەبێت بتوانن شوێنێکی گونجاو لەم فەزا ناراستەقینە بدۆزنەوە تاوەکو مەترسییەکان بۆ خۆیان بکەن بە دەرفەت، ئەم پرۆسەیە لە دۆخێکدایە و لایەنەکان تێدەکۆشن لەلایەن وڵاتانی باکوورەوە بەڕێوە بچێت، ببێت بە بزاڤێکی چەند لایەنە. لە راستیدا فەلسەفەی وتووێژی شارستانییەتەکان لەلایەن ئێرانەوە دەتوانێت لەم رێگایە کەڵکی لێوەربگیرێت، چونکە بەم شێوەیە دەتوانین هەلومەرجەکە لە حاڵەتی مۆنۆلۆگ بگۆڕین بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ. لە پاڵیشیدا نابێت لەبیر بکەین کە دەوڵەتەکانی باکوور بەهیچ شێوەیەك لە ئاسەواری جیهانیبوون جیا نین، بەڵام جیاوازی ئەوان لەگەڵ وڵاتانی باشوور ئەوەیە کە ئەوان بەهۆی ناسینی زمانی جیهانیبوون و هەبوونی ئامرازەکان بۆ پەیداکردنی شوێنێك لەم فەزا ناراستەقینە، دەتوانن زەرەرمەندی خۆیان کەم بکەنەوە.

لەژێر ئەم هەلومەرجەدا وڵاتانی باشوور نابێت بترسن لەوەی کەوا بچنە ناو ئەم گۆڕەپانە، بەڵکو بەپێچەوانەی هەڵسوکەوتی نێگەتیڤ و راوەستاو دەبێت بە وەرزێکی نوێ لە ژیانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاسایشی خۆیان دابینن، چونکە خۆ بەدوورگرتن لە شەپۆڵی جیهانیبوون و خۆ دوورکردنەوە لەم گۆڕانکاریانە کە لە جیهانیبووندا هەیە نەتەنیا بە مانای رزگاربوون لە ئاسەوار و ئەنجامە نێگەتیڤەکانی ئەو نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەخۆ تێخزاندن لە مەسەلەکانی ئابووری، سیاسی، کولتووری و ئاسایشی نێونەتەوەیی دەتوانین بە شێوازێکی چاکتر ئەنجامەکان بە دەست بهێنین. پێویستە بگوترێ کە لە زۆربەی کاتەکان لە وڵاتانی باشوور بە بەرەنگاربوونەوەیەکی نزم، جیهانیبوون بە شێوەیەکی هەمووارکراوی پێکهاتەی ئابووری خۆیان لەسەر بنەمای سندوقی نێونەتەوەیی پارە و هەروەها بانکی جیهانی داناوە و هەندێك جار وەك دیاردەیەکی ئیمپریالیزمی کولتووری و ئابووری دەیەی 1970 بەرەنگاری دەبنەوە. وادیارە ئەم جۆرە بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ دیاردەی جیهانیدا ناواقیعییە، چونکە ئەم دیاردەیە بەسەرنجدان لە رەهەندەکان و رادەی کاریگەرییان، سەرەڕای باسکردنەکانی ئەمپریالیزمی دەیەی 1970 ئاڵۆزترە لەوە. بەم جۆرە بۆ خستنەڕووی وێنەیەکی تارادەیەك روون لە دیارەی بەجیهانیبوون دەبێت لەگەڵ هەموو ئاڵۆزییەکانی بیخەینە ژێر لێکۆڵینەوە و هەڵبژاردنی چەند بەشێك لە گەورەکردنی هەندێکی تر لە رەهەندەکانی و گرنگی نەدان بە هەندێك لایەنیتر وەك ناتەواو بینینی جیهانی سەدەی بیست و یەکەمە، بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت دەتوانین جیهانیبوون بەگشت رەهەندەکانییەوە لەسەر بنەمای پەرەسەندن و گەشەکردن لە قەبارە و روخسار و سیما نوێکەی خۆیدا هەڵی بسەنگێنین.

## بەشی دووەم: قەیرانی واتا لە سەردەمی بەجیهانیبوون

چەمکی بەجیهانیبوون لە چەند لاوە چەمکێکی بە تەواوی نوێیە و لە لایەکی تریشەوە بە چەمکێکی کۆن دادەنرێت. زۆربەی گریمانەکانی جیهانیبوون بە شێوازی ئایدیالێ خوازانە وەك یەکبوونی مرۆڤەکان، مافی مرۆڤ، برایەتی، یەکسانی جیهانی و...هتد، لە سەدەکانی پێشوو لەلایەن زانایانی ئەخلاق، یاسازانەکان، رێبەران و سیاسەتمەدارەکانەوە خراوەتەڕوو. دروستکردنی دەوڵەت– نەتەوە لە سەدەی هەڤدەیەم لە لایەك کە خۆی لە قۆناغەکانی تردا بەهۆی کێشانی سنوورە یاساییەکان و بەهێزکردنی ناسیۆنالیزم، چەند کێشەیەکی بۆ جیهانیبوون ناوەتەوە، بەڵام هەر لەوکاتەش زەمینەی پێویستی بۆ گەشەکردنی ئەوان لە بوارەکانی وەك، یەکخستنی رەفتاری دەوڵەتی بۆ پەرەسەندن و فراوانکردنی پەیوەندی نێونەتەوەیی و حوکمکردنی یاسای نێونەتەوەیی رەخساندووە. لە روانگەکانی تر جیهانیبوون بەگشتی جیاوازە، چونکە تایبەتمەندییەکانی ئەو لەگەڵ ئەوەی کە پێشتر بووە بە گشتی جیاوازە. سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە بووەتە هۆی سەرچاوەی بزاڤی سەرسوڕهێنەری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و بەهاکان و لە پاڵیشی کەمکردنەوەی دەوری کات و شوێن، راڤەکردنی نوێ بۆ سیاسەت، ئابووری، کولتوور، دەوڵەت، دەسەڵات، ئاسایش و شتی تری بەدەستەوە دەدات. هەرچۆنێك بێت ئەم دیاردەیە، قەیران و دژایەتی لەگەڵ دایە و دەتوانێت ببێت بەهۆی گۆڕانی چەمکەکان و ماناکان لە پەیوەندییە نێونەتەوەیەکاندا. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا بەجیهانیبوونی جۆراوجۆر لە پەیوەندی لەگەڵ کولتوور، ئابووری و سیاسەت دێتە ئاراوە.



## بەجیهانیبوون و قەیرانی واتا

بەجیهانیبوون لە شێوازی هەنووکەیی ئەو لە کاتی رووخاندنی کۆمۆنیزم و سیستەمی دووجەمسەری و لە کۆتایی شەڕی سارد هاتووەتە کایەوە. هەرچەندە سیستەمی دەستکردی جیهانی دەیەکانی رابردوو رووخاوە، بەڵام هێشتا دیسپلینێکی دادپەروەرانە نەهاتووەتە ئاراوە. فەزایەکی نوێ کە لە پاش گۆڕانکارییە ئاماژە پێکراوەکان لە بواری سیاسەتی جیهانی روویداوە، لە پاڵ لەناوچوونی سنوورە جیۆپۆلیتیك و ئایدیۆلۆجیکەکان بووەتە هۆی ئەوەی تاوەکو لە زۆربەی بابەتەکان کە لە چوارچێوەی بەیاننامە، کونڤانسیۆنەکان و رێککەوتننامەکانی وەك مافی مرۆڤ، کێشەکانی ژینگە، کاروباری بازرگانی و شتی تر کە لە فۆرمی جیهانی ئەودا بەدەردەکەوت، لە حاڵەتی ئایدیال خوازانەو ئامۆژگاری دەربچێت و لایەنی بەرچاو (بابەتی) و پڕاکتیکی بەخۆیەوە بگرێت.

ئەوەی کە روونە ئەم دۆخە نوێیە بە هیچ جۆرێك لە دنیای پێشوو ناچێت. هەرچەند کات دەڕوات بەدیار دەکەوێت کە ئەو زیاتر لەوشتە دەچێت کە هەیە تاوەکو هەر دیاردەیەکی تر. فەزای شەڕی سارد بە بەربەستی سەرەکی بۆ بەجیهانیبوون دادەنرا، چونکە هەم لە بواری فەزای فیزیایی، ئایدیۆلۆجیکی و هەروەها هەلومەرجی دەروونی و بەهۆی جەمسەربەندی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەربەستی فراوان هەبوو بۆ دیاریکردنی پانتاییێکی گەورەتر لە چەمکەکان بە جۆرێك کە زۆربەی پارادایمە رەفتارییەکان لە گشتگیربوونی جیهانی بێبەش دەمانەوە.

فەزای ئایدیالۆجیکی شەڕی سارد بووە هۆی ئەوەی تا گشت پارادایمە رەفتارییەکان لە ئاستی بچووك، ناوەندی و گەورە لەسەر بنەمای ئەو هەڵبسەنگێنن. بابەتی دابینکردن یان نەدانی یارمەتی دەرەکی، هاتنەناو و چوونە دەرەوەی هاوپەیمانی و رێککەوتننامەکانی نێونەتەوەیی و دەرکردنی رێنمایە جۆراوجۆرەکان لە سیاسەتی دەرەکی شێوازی دەنگ

دان له ڕێکخراوه نێونەتەوەیەکان، گرتنەبەری ڕێگه چارەی جۆراو جۆر لە سیاسەتی دەرەکی، دیاریکردنی ئامانجه نەتەوەیەکان و دیاریکردنی دۆست و دوژمن لەم چوارچێوه ئەنجام دەدەرا.

پێش هاتن بۆ ناو پرۆسەیەکی وەها جیهانی، لە نێوان ئایدیۆلۆژیا و هێزدا پەیوەندییەکی مانادار هەبوو و به شێوازێکی پڕاکتیکی لە سەردەمی شەڕی سارد، ئایدیۆلۆژیا سیاسەتی جیهانی ئامانجدار کردبوو و دەیتوانی شوناسی بۆ دروست بکات. لەم هەلومەرجەدا کەمکردنەوە بە ڕێگایەکی خێرا و بەکەڵك دادەنرا لە کاتێکدا کە لە پاش شەڕی سارد ئەم جۆرە ڕوانگەیە بۆ مەسەلە نێونەتەوەییەکان بەناتەواو بینینی ڕاستییەکان دادەنرێت، چونکه بەگشتی ئایدیۆلۆژییەکان کەمکەرو حەقیقەتناوەندن کە هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تاکو لەگەڵ دیاردەکانی جیهانیبووندا هەڵسوکەوتی نورماتیڤ بنوێنین.

کۆتایی شەڕی سارد سەرەڕای ئەوەی کە دیاریکەری ڕووخانی کۆمۆنیزم و سیستەمی دووجەمسەری بوو، هەر لەوکاتەشدا زۆربەی بەهاکانی سەردەمی ڕۆشنگەری خستووەتە ژێر پرسیارەوە، چونکه لە چوارچێوەی ڕۆشنگەری وایان دادەنا که دروستکردنی کولتوورێکی مرۆڤی جیهانی لەسەر بنەماکانی هزر، کارێکی ساکارە. لەژێر سایەی هزری زانستی و دەسکەوتە تەکنۆلۆجیکەکان و پەرەپێدانی هزر، مرۆڤ دەیتوانی بە ئازادی بگات. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا به شێوەی پڕاکتیکی دەبینین عەقڵ ئامرازێك بووه بۆ زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر سروشت، بۆیە نەیتوانی بەرهەمی مرۆڤی باربهێنێت. به جۆرێك که مرۆڤ ناچار بوو له نێوان کۆیلەی سروشت بوون یان زاڵبوون بەسەر سروشتدا دانەیەکیان هەڵبژێرێت.

بەم جۆره دووبارەبوونەوەی پرۆسەی بەجیهانیبوون کە هاوکات بوو لەگەڵ تەواوبوونی شەڕی سارد لە لایەك بووە هۆی ڕووخانی سیستەمی دووجەمسەری و له لایەکی تر بەخستنە ژێر پرسیاری بنەماکانی ڕۆشنگەری



و تێکچوونی سێ چەمکی بنەما، یەکگرتوویی و ئامانجی کۆتایی بووه هەرئەمە بووه هۆی چەند جۆریی و فره جۆری.

له پرۆسەی بەجیهانیبوون، سەقامگیرییەك که لەژێر سایەیی یەکگرتن، ناوەندخوازی، لەناو چوونی جیاوازییەکان و حکوومکردنی گفتوگۆ بەدەست دەهاتن ڕەسانەیەتی خۆیان لەدەستداوە و حاڵەتی دەستکردیان بەخۆیان گرتووە، چونکه ئەم جۆره سەقامگیریی و هاوسەنگییە کە لەژێر سایەی ڕێککەوتننامەکان، یاساکان، ڕێکخراوەکان و سیاسەتە تایبەتەکان بەرهەمدێت ڕاستەقینه نیین.

لەم ڕووەوە دەبێت بڵێین که جیهانیبوون حاڵەتێکە، نە یەك واتا و لە بنەڕەتدا ئەو به سەرچاوەیەکی لاواز دادەنرێت بۆ دروستکردنی واتا، لەو جێگەی که له سەردەمی شەڕی سارد زیاتر ڕەفتاری ئەکتەرەکان لە بواری سیاسەتی نێونەتەوەی خاوەنی واتا بوون، کەواتە خۆی دەیتوانی ببێت بەبنەمایەك بۆ هێز. له هەلومەرجێك دا که جیهان وەك یەك مەسەله پێناسە دەکرا، ئەمه خۆی زەمینەی شیاوی بۆ پێدانی واتا دروست دەکرد، بەهۆی ئەوەی کە ئەم واتایە فۆرمێکی گشتگیر و جیهانگیری بەخۆی گرتبوو و دەیتوانی شەرعییەت و قبوولکردنی جیهانی هەبێت. لەسەر ئەم بنەمایە یاساکان جۆری گەمەو هەروەها تایبەتمەندییەکانی ئەکتەرەکان واتای وەرگرت. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا بۆ که ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەت خۆیان لەسەر هەرێمی دەسەڵات دەبینی و ئەوانی تریش ئەم دۆخەیان بە فەرمی دەناسی و دانیان پێدادەنا. تەنانەت لەژێر فەزایەکی وەهادا مۆدێلی دەوڵەتی گشتگیر یەکیەتی سۆڤیەت بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم دڵخۆشکەر بوو و لەژێر سایەی ئەو دەیانتوانی لە پاڵ پاراستنی هێز، شەرعییەتی پێویستیش بەدەست بێنن.

## لەناوچوونی دەسەڵاتی واتادان لەلایەن دەوڵەتەوە

بۆ زیاتر لە سێ سەدە و نیو، مۆدێلی وێستیفالیایی دەوڵەت لە شەرعییەت و قبوولکردنی تایبەتی سوودی دەبرد. لەسەر ئەم بنەمایە دەوڵەت لە دەسەڵاتی حکوومکردنی پێویست بۆ کۆنترۆڵی هاوڵاتیان و دەرکردن و جێبەجێکردنی یاساکان سوودی دەبرد. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ یەکەکانی تری حکومەت پەیوەندی سیاسی، ئابووری، کولتووری و ئاسایشیان دادەمەزراند و یا دەستیان بە راگرتنی ئەم پەیوەندیانە دەکرد. لە دۆخێکی ئاوەهادا هەر جۆرە هەڤگرییێك بە دیاریکردنی دەسەڵات دادەنرا. لەم هەلومەرجەدا، ریالیزم وەك پارادایمی زاڵ لەسەر پەیوەندی نێونەتەوەیی، جەختی فراوانی لەسەر ئەکتەری فەرمی دەوڵەتەکان دەکرد چالاکییەکانی ئەکتەرە ناحکوومییەکانی بە بەشێك لە رەفتاری دەوڵەتەکان دادەنا. لەگەڵ رووخانی سیستەمی دووجەمسەری و پەرەسەندنی بەجیهانیبوون، دەوڵەتان تووشی زیان، دەسەڵاتەکان بەستراوەتر، سنوورەکان ئاوەڵاتربوونە و سەروەری دەوڵەتەکان لەگەڵ قەیرانی نوێدا رووبەڕووبوونەتەوە. لەم هەلومەرجەدا، دەوڵەت لە شێوازی عورفییەوە کە بەستراوەتەوە بە پێگەیەکی تایبەتی جیۆپۆلیتیك دەرچووە و زۆربەی پارادایمەکانی رەفتاری (بەتایبەت ئابووری) ئیتر بە بەشێك لە دۆخی هەرێمی تایبەت بە شێوەی فیزیایی دانانرێت. لە هەلومەرجێکی وەهادا خەڵك وەك یەکێك لە رەگەز سەرەکییەکانی پێکهێنەری دەوڵەت، بەشێك لە شوناسی تایبەتی دەوڵەتی نین و لە پاڵ فرەیی و جۆراوجۆریی شوناسەکان ئیتر خاوەنی شوناسێکی تایبەت نین. کەمبوونەوەی وەفاداری هاوڵاتیان بە حکومەتی نەتەوەیی و گۆڕانی وەفاداری بۆ رێکخراوە سەروو نەتەوەیی و جیهانییەکان دەتوانێت لە بەرهەمەکانی تری ئەم گۆڕانکاریانە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بێت کە لە رێگەی ئەوەوە گۆڕان لە پەیوەندی نێوان



شارەکان و دەوڵەتەکان بووە کە بووەتە هۆی کەم رەنگبوونەوەی ناسیۆنالیزم. هۆکاری سەرەکی ئەم گۆڕانکاریانە بەهۆی لەدەستدانی توانای دروستکردنی واتایە لەلایەن دەوڵەتەکانەوە.

بەم جۆرە جیهانیبوون بووەتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی عورفی نێوان کارایی، شەرعییەت، سەربەخۆیی و سەروەری بشێوێت، بە جۆرێك کە دەوڵەت دەتوانێت لە هەلومەرجی پێویست کارایی خۆی فراوان بکات، هەرچەن ئەگەری ئەوە هەیە، کە لە زۆربەی رووەکان کاریگەری بەسەر دروستکردنی سیاسەت کەم ببێت.

پێناسەی نوێ بۆ چەمکگەلێکی وەك سەروەری، شەرعییەت، کارابوون و سەربەخۆیی بووەتە هۆی ئەوەی تاکو شاهێدی تێکەڵاوکردنی یەکە سیاسییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگای ئەوروپا بین. ئەگەر بێتو ئەم چەمکانە بە شێوازی کلاسیك پێناسە بکرێت سروشتییە کە جێگایەك بۆ دروستکردنی یەکیەتی ئەوروپا نەدەما. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا دەوڵەتان بۆ زیادکردنی ئاستی کارایی خۆیان و بە مەبەستی وەڵامدانەوەی زیاتر بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا، لە بواری زۆرکردنی رادەی کار، سەقامگیری، خستنە بەردەستی ئامرازەکانی زیاتری خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی، بەهۆی پێناسەی نوێ کە لە شوناس و چەمکەکانی پەیوەندیدار بە دەوڵەت بەدەستی دێنێت، دەتوانن خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی گۆڕانکاریکردنی جیهانی رێك بخەن. هەرچەندە بەساکاری ناتوانین قبوولی بکەین کە قەیرانەکانی ئەوان لە پرۆسەی جیهانیبوون کەمتر لە وڵاتانی نا رۆژئاواییین.

بەهەرحاڵ لەم هەلومەرجەدا دەوڵەت خۆی ناتوانێت شتێکی نوێمان سەبارەت بەجیهانیبوون پێبڵێت، چونکە هەلومەرجی دەوڵەت چووەتە ناو تارمایی. بەم هۆیە لە زۆربەی حاڵەتەکانە ئەم رێکخراوەیە بە شێوازی بەرپەرچدانەوە کار دەکات. هەنووکە دەوڵەت لە پێگەیەك دایە کە بتوانێت لە لایەك ئەو هێزەی کە بۆی ماوەتەوە بیپارێزێ و لە لایەکی ترەوە

ڕێکخراوەکان کە بە جۆرێك خۆیان لە دەسەڵاتی دەوڵەت ڕزگارکردووە واتایی ئەویان خستووەتە ژێر پرسیار و تووشی قەیرانیان کردووە.

بەم جۆرە ناتوانین قەیرانی دەوڵەت لە قەیرانی واتا جیا بکەینەوە. دیسانترالیزم لە دەوڵەت دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەیان ڕێکخراوە بە لەناوچوونی دەوڵەت، لە دەسەڵاتی بەشداربن. هەرچەندە هەندێك بڕوایان وایە کە دانی هەندێك لە ئەرکی دەوڵەتەکان بەڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان بەواتای کەمبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت دانانرێت، چونکە ڕێگا چارەی زۆربەی ئەو قەیرانانە کە کۆمەڵگای مرۆڤی پێوەی دەناڵێنێت وەك شەڕ لەگەڵ نەخۆشی ئایدز، پیسی ژینگە، ماددە سڕکەرەکان و هەژاری بەتەنیا لە توانای دەوڵەتدا نییە و زۆرێك لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دەبێت بۆ لەناوبردنیان یارمەتیدەر بن. لەسەر ئەم بنەمایە هەندێك وای دادەنێن کە هەنووکە لە سەردەمی جیهانیبوون دەوڵەتان بۆ چارەسەری کێشەکانی ژیان زۆر بچووکن و لە هەمانکاتدا بۆ چارەسەری مەسەلە بچووکەکان، زۆر گەورەن.

هەرچۆنێك بێت لەژێر هەلومەرجی جیهانیبووندا تووشی جۆرێك لە حاڵەتی دژایەتی دەبین بە جۆرێك کە دروستکردنی کار لەلایەن دەوڵەت بە جۆرێك لە مافی هاوڵاتیان دادەنرێت، لە کاتێکدا کە فراوانبوونی گەشەی ئابووری واتایی دابینکردنی کار بۆ هاوڵاتیان نییە. لە لایەکی ترەوە بە لەناوچوونی دەسەڵاتی دەوڵەتان بۆ دەرکردنی بڕیار، کێشەی جۆراوجۆری بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی هاوڵاتیان دروست کردووە و لە لایەکی تریشەوە بە گۆڕانی وەفاداری لە دەوڵەتەکان بۆ ڕێکخراوەکانی تر، ئیتر خەڵك وەك جاران لە بەرامبەر دەوڵەت بەرپرس نین. هەلومەرجێکی وەها دیاریکەری تێکچوونی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و هاوڵاتیان و لە بنەڕەتدا گۆڕانی چەمکی دەوڵەت و هاوڵاتیانە.



## بارودۆخی شەڕ و دژایەتیەکان لە سەردەمی جیهانیبوون

پێش هاتن بۆ ناو ئەم قۆناغە لە بەجیهانیبوون، دژایەتی و شەڕەکان توانای دروستکردنی شوناسیان هەبوو. لەژێر هەلومەرجی شەڕی سارددا، زیاترین دژایەتی لە نێوان دەوڵەتەکان ڕوویدا، نەك لەناو دەوڵەتەکان. هەر بەم هۆیە شوناسەکان زیاتر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر پێناسە دەکرا. لەم هەلومەرجەدا هەڕەشە بەواتای تێکدانی ئاسایش دادەنرا و دەوڵەتەکان دەیانتوانی لەژێر سایەیی ئایدیۆلۆژیابوونی فەزای سیستەمی نێونەتەوەیی ((دۆست)) و ((دوژمن)) لە یەکتر جیابکەنەوە و بە پرچەککردنی بەرژەوەندییەکان و ڕای گشتی بەنیسبەت هۆیەکانی تێکدانی ئاشتی– کە لەو فەزایە پێناسە دەکرا– ڕەفتاریان دەکرد.

لە سەردەمی جیهانیبوون، دژایەتییەکان ناتوانن شوناس دروست بکەن بە جۆرێك کە شوناس لە خۆی دا پێناسە دەکرێت. لەم سەردەمە زۆربەی دژایەتییەکان لەناو خودی سیستەمدان، بە جۆرێك کە سەرچاوەی هەر مەسەلەیەك دەبێت لە خۆیدا بە دوایدا بگەڕێین نەك لە شتێکی تر. لە سەر ئەم بنەمایە لە سەردەمی جیهانیبوون دەبێت پێناسەیێکی نوێ بۆ شوناس بخەینەڕوو، پێناسەیەك کە لە دەرەوەی پەیوەندییە کلاسیکییەکانی نێوان شەڕ و ئاشتی بێت، چونکە سەرچاوەی شەڕە کلاسیکییەکان خەریکی لەناو چوونن. لەم هەلومەرجە نوێیەدا بە شێوازێکی پراکتیکی لەڕێگە چارەی نێوان دەوڵەتەکان بۆ لای ڕێگە چارەی ناوخۆیی دەڕۆین. لەبەر چاوگرتنی ئەم پرۆسە نوێیە، ئاشتی بە تەنیایی گەرەنتی ئاسایشی جیهانی ناکات. بە شێوەیەکی تر نەبوونی هەڕەشە بەواتای دروستکردنی ئاشتی نییە. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا ناتوانین ئاشتی لەسەر بنەمای نەبوونی دوژمنایەتی پێناسە بکەین.

کاتێك ڕیمۆن ئارۆن شەڕی ساردی بە شێوەی پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان ئاشتی مەحاڵ و شەڕی مەحاڵە دادەنا، بەڵام ئێستا لە سەردەمی

جیهانیبوون دەبێت ئاماژە بە پەیوەندی نێوان ئاشتی ناتەواو و ئاشتی مەحاڵ بکەین. لە سەردەمی جیهانیبوون بە جێگەی جەختکردن لەسەر هاوسەنگی ستراتیژی کلاسیك لە نێوان دەوڵەتانی رکابەر، بایەخ بە هاوسەنگی نێوان سیستەمی کۆمەڵایەتی جیهانی دەدرێت. هەڵبەت زۆر مەسەلە هەن، کە لەسەر هاوسەنگی سیستەمی کۆمەڵایەتی جیهانی کاریگەری دادەنێت کە ئاسەوار و رەهەندەکانی ئەوان لە فۆرمی هاوسەنگی کلاسیکی فراوانترە. (مەسەلەکانی ژینگە، ئایدز، دزینی کۆمپیوتەری، گواستنەوەی سەرمایە) لەم هەلومەرجە نوێیەدا پەیوەندی نزیك لە نێوان قەیرانی پەیوەندی دەوڵەتان و ئەو قەیرانانەی کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەناو دەوڵەتان سەرچاوەیان گرتووە دەبیندرێت. لە راستیدا پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان شتێك نییە مەگەر قەیرانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی جیهانی بە جۆرێك کە بەساکاری ناتوانین بەشی کۆمەڵایەتی لە سیاسەتی نێونەتەوەیی جیا بکەینەوە و لە خەونی فەزایەکی نێونەتەوەیی جیاواز لە فەزای کۆمەڵایەتی بین.

لە سەردەمی جیهانیبوون بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجی سەردەمی شەڕی ساردەوە هێزە سەربازییەکان توانای زۆر کەمیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان هەیە. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا ناتوانین بەساکاری سەرچاوەکان و ئامرازەکانی وڵات ئامادەیی شەڕ بکەین. لە لایەکی ترەوە راڤەکردنی بەربڵاو لە شەڕ و ئاشتی (لانی کەم لە چوارچێوەی رەشنووسی نەتەوەیەکگرتووەکان) بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کێشەکان وەك پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بە هۆکاری تێکدانی ئاشتی دابنرێت و لە ئەنجامدا دەستێوەردانی رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتان بە رەوا دابنرێت.

لە رابردوودا هێزی ئەتۆمی بە شێوەی ئامرازێکی سیاسی، نەك هێزی کاوڵکەر واتای دەدا. لە کاتێکدا کە لە سەردەمی جیهانیبوون بەکردەوە



سیاسەتێکی راستی ئەتۆمی نییە، چونکە هەلومەرجێك کە تیایدا دەبێت چەکی ئەتۆمی بەکاربێت زۆر نادیارترە لە رابردوو. لە کاتێکدا کە هێزە گەورەکان ئیمکانیاتی پێویستیان هەیە بۆ نمایشکردنی تواناو هێزی خۆیان، بەڵام ئەمە بەواتای ئەوە نییە، کە ئەوان لەسەر بنەمای یەك ئامانج، هێڵ و ستراتیژی تایبەتدا ئەم کارە دەکەن. بەواتایەکی تر هێزە ناوبراوەکان خۆیان پڕچەککردووە، بەڵام سیاسەتێکی تایبەتی سەربازییان نییە، چونکە ئەوانیش قەیرانی واتایان هەیە بەواتایەکی تر ئیتر ئەوان پێویستیان بە بەڕێوەبردنی قەیرانێك هەیە لە کاتێکدا کە دوژمنێك بوونی نییە. ئەمە لە هەلومەرجێك دایە کە پەرەسەندن ستراتیژێکی عورفییە لە سەر بنەمای بوونی دوژمنێکی تایبەت.

لە سەردەمی جیهانیبوون هێزە گەورەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان هێز و واتا سوود لە رێگا و کاری جۆراوجۆر وەردەگرن. یەکێك لەم کارانە بابەتی سیاسەتی ((دەستێوەردانی مرۆڤی))یە کە تێدەکۆشن وەك سەرچاوەیەکی واتا کەڵکی لێوەربگرن، بەڵام بەکردەوە هەرچەنێك کات دەڕوات زیاتر خەریکە دەبێتە ئامرازی هێز لە جیهانێك کە ئامانجێکی دیاری نییە.

بەکردەوە دەبینین کە ئەم جۆرە سیاسەتانە ((دەستێوەردانی مرۆڤی)) لەبۆسنیاوە تاوەکو سۆماڵی و رواندا بەگشتی بووە بە سەرچاوەی هێزی کورت خایەن تاکو سەرچاوەیەك بۆ واتا. بۆ نموونە لە سۆماڵ دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی سەرتربوونی هێزی ئەم دەوڵەتەوە بۆ سەر ئەوروپییەکان بوو، هەڵبەت ئەم دەوڵەتە نەیتوانی ئەو قەیرانە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. هەروەها لە رواندا، فەرەنسا ناوبانگی خۆی وەك هێزێکی ئەفریقایی پاراست، بەڵام بە زوویی دەرکەوت کە ئەم دەوڵەتە ناتوانێت بەتەنیایی ئەم ئەرکە گرنگە راپەڕێنێت.

بەم جۆرە دەبینین کە لە سەردەمی جیهانیبوون، بوونی دوژمنێك بۆ دروستکردنی شوناس، بەس نییە. هەر بەم هۆیە لەپاش رووخانی

سیسته‌می دووجه‌مسه‌ری و كۆتایی هاتنی شه‌ڕی سارد جیهانی ئیسلام نه‌یتوانی بۆ زۆربه‌ی ولاتانی رۆژئاوایی (وه‌ك ئه‌مریكا) رۆڵی یه‌كیه‌تی سۆڤیه‌ت وه‌ك دوژمنێك بگێڕێت، چونكه له سه‌رده‌می ناوبراو (شه‌ڕی سارد) قه‌یرانه‌كانی یه‌كیه‌تی سۆڤیه‌ت هه‌ڵگری كرده‌یی شوناسی بوو. به‌ جۆرێك كه ده‌وڵه‌تی ناوبراو شوناس سازی و دروستكردنی واتای هه‌م له ره‌هه‌ندی ئایدیۆلۆژیی، كۆمه‌لایه‌تی و كولتووری و هه‌روه‌ها ره‌هه‌ندی ستراتیژی و سیاسیدا ده‌كرد. له هه‌لومه‌رجی جیهانیبووندا به‌هۆی شوناسی ئاڵۆزی ولاتان و به‌واتایه‌كی تر فره جۆری شوناس، دوژمنێك نییه كه بتوانێت ئه‌م ئه‌ركانه له ئاستی پێویست جێبه‌جێ بكات. له هه‌ندێك له حاڵه‌ته‌كاندا دوژمنه به ناو نوێكان كه خاوه‌نی كرداری جیهانی نین له‌وانه‌یه ببنه هۆی ترس و تۆقاندن، به‌ڵام ناتوانن ببن به‌هۆی دروستكردنی شوناسی نوێ.

## گۆڕان له چه‌مكی كار له سه‌رده‌می جیهانیبوون

بۆ ماوه‌یه‌كی درێژه كار شوناس و ئاسایشی به خه‌ڵك ده‌دا. شوناس له رێگای بازرگانی و ئاسایش له رێگای كاره‌وه به‌ده‌ست ده‌هات. له سه‌رده‌می جیهانیبوون به‌هۆی دووباره‌بوونه‌وه‌و خێرایی پێشكه‌وتنی ته‌كنه‌لۆژیا، ئیتر به‌های زیاده‌ی كار بۆ به‌ده‌ستهێنانی به‌های زیاده‌ی سه‌روه‌ت و سامان پێویست نییه. به واتایه‌كی تر به‌كه‌متر كاركردن ده‌توانین سه‌روه‌تی فراوانتر به‌ده‌ست بێنین. له هه‌لومه‌رجێكی وه‌هادا كاركردن ئه‌و بایه‌خه كۆمه‌لایه‌تی، ئابووری، ئایدیۆلۆجیكی و رێكخراوه‌یی خۆی له‌ده‌ستداوه.

له زۆربه‌ی حاڵه‌ته‌كاندا ده‌بینین كه به‌هۆی پسپۆری بوونی بازرگانی، په‌یوه‌ندی مرۆڤ له‌گه‌ڵ ئامێر كه‌م بووه‌ته‌وه. به‌م رێگه‌یه‌وه شوناسێك كه‌له سه‌ربنه‌مای ئه‌م په‌یوه‌ندییه سه‌ریهه‌ڵدابوو تووشی گۆڕان هاتووه، تا ئه‌و جێگه‌یه‌ی كه له‌گه‌ڵ مرۆڤه بێ رێكخراوه‌كان سه‌روكارمان هه‌یه، به جۆرێك كه



شوناسی سه‌ندیكاكان وه‌ك كرێكارانی ئاسن هێدی هێدی گرنگی خۆیان له ده‌ست ده‌ده‌ن. به‌تایبه‌ت له هه‌لومه‌رجێك دا كه زۆربه‌ی ئه‌ندامانی ئه‌م سه‌ندیكایانه ده‌زانن كه داواكارییه‌كانیان له بیرۆكراسی حیزبی و پیشه‌ییدا ون ده‌بێت، پێیان باشتره تاوه‌كو له رێگای كرده‌وه‌ی راسته‌وخۆ له چوارچێوه‌ی گروپه بچووكه‌كان داواكارییه‌كانی خۆیان به‌گوێی سیاسه‌تمه‌داره‌كان بگه‌یێنن. یه‌كێكی تر له تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی سه‌رده‌می جیهانیبوون كاركردن بۆ كۆمپانیاكان له ماڵه‌وه‌یه كه ئه‌م فه‌زایه، رێكخراوه كلاسیكییه‌كانی به گشتی گۆڕیووه.

له سه‌رده‌می جیهانیبوون كار به زۆری له‌سه‌ر بنه‌مای خزمه‌تگوزاری ده‌ناسرێت تا له‌سه‌ر بنه‌مای ئامێر، به‌م هۆیه له زۆربه‌ی حاڵه‌ته‌كاندا كار حاڵه‌تێكی دژی به‌خۆیی گرتووه.

### ئه‌نجام

پرۆسه‌ی جیهانیبوون له شێوه نوێیه‌كه‌ی خۆی بێ هاوتایه. جاروا داده‌نرێت كه تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی جیهانیبوونی نوێ به‌گشتی به‌هۆی خێراییه‌كه‌یه‌وه له‌ژێر كاریگه‌ری خولقاندنی ته‌كنه‌لۆژیادا پێناسه ده‌كرێت. له پاڵ ئه‌وه به هیچ جۆرێك ئێمه نابێت رۆڵی شۆڕشی ته‌كنه‌لۆژیای له‌به‌رچاو نه‌گرین، به‌ڵام به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك بێت جیهانیبوون سه‌رچاوه‌یه‌كی چاك بۆ واتا نییه، به‌ڵكو به پێچه‌وانه‌وه له زۆربه‌یی حاڵه‌ته‌كاندا له‌ژێر كاریگه‌ری ئه‌م پرۆسه‌یه‌دا له‌گه‌ڵ پرۆسه‌ی واتا سڕینه‌وه‌دا رووبه‌ڕووین. له‌ژێر ئه‌م هه‌لومه‌رجه‌دا گشت واتا و ره‌فتاره‌كان تووشی گۆڕان و گۆڕانكاری بوون و ده‌بێت دووباره پێناسه بكرێنه‌وه. پرۆسه‌ی جیهانیبوون، سیسته‌ماتێك و قۆناغ به قۆناغ نییه‌و له شوێنه جیاوازه‌كانی جیهان به شێوه‌ی جیاو جیاواز به‌ده‌رده‌كه‌وێ.

له‌م پرۆسه‌یه‌دا به‌ها و په‌یوه‌ندی نوێ له نێوان هێزه جۆراوجۆره‌كان هاتووه‌ته ئاراوه كه واتای جۆراوجۆریان هه‌یه. واده‌رده‌كه‌وێت كاتی

پێویست بۆ بنەڕەتیکردنی ئەم واتایانە چەندین جار لە سەردەمی شەڕی سارد زیاترە، چونکە لە سەردەمی شەڕی سارد لەسەر بنەمای پارادایمی رەفتاری، نۆرم و بەها دروستکرابوو کە لانی کەم زیاتر لە دوو سەدە و نیو سەدە درێژەی هەبوو، بەڵام سەردەمی نوێ لە دواڕۆژی پاش رووخانی کۆمۆنیزم و سیستەمی دووجەمسەری و لە کۆتایی شەڕی ساردەوە رووبەڕووی قەیرانی واتایە. لەسەر ئەم بنەمایە جیهانیبوون سەرچاوەیەکی چاك نییە بۆ واتا.

کارێکی گەورە کە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم کرا خولقاندنی مۆدیلێکی نوێیە لە هاوژینی نێوان کولتوورەکان، خەڵك و نەتەوەکان لە بواری جۆراوجۆری ئایینی لە یەك شارستانییەتی هاوبەشدا. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا دەبێت بتوانین پێکهاتەی رێکخراوی گونجاو بۆ ئەم سەردەمە فرە کولتوورییە بخولقێنین. نەك ئەوەی کە تەنیا یەك گروپ یان یەك کولتووری تایبەت رێی پێبدرێت کە ئەوانی تر لە روانگەی خۆیەوە پێناسە بکات.

## بەشی سێیەم: پێگەی دەوڵەت و هاوڵاتیان
## لە سەردەمی بەجیهانیبوون

لە کاتێکدا مۆدێرنیتە رەسەنایەتی بە دەوڵەتی نەتەوەیی دەدا، لەژێر ئەم هەلومەرجەدا، هاوڵاتیانیشی لە مافی ئابووری، سیاسی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای نەتەوە، رەگەز، چین و ئایین بەهرەمەند دەکرد. ئەگەرچی لە فکرە سیاسییەکانی یۆنانی کۆن کەسانێکی تایبەت بەرژەوەندیان لەم یاسایانە بەدەست دەهێنا، بەڵام بەچوونە ناو دنیای نوێ چەمکی هاوڵاتی دیموکراتیزە بووەو هەمووی ئەندامانی دەوڵەت لەم یاسایانە کەڵک وەردەگرن. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا هاوڵاتیان ئەندامی کۆمەڵگایەکی سیاسین کە خاوەن ماف و ئەرکن کە دەبێت لە جیهانی هاوچەرخ لەبیرە سیاسییەکانی سەدەی هەژدەیەم لە چوارچێوەی یاسای سروشتی و لەسەدەی بیستەم لە چوارچێوەی فێرکراوەکانی مافی مرۆڤدا بەدوایدا بگەڕێین. مافی مرۆڤ بەپێچەوانەی یاسای هاوڵاتی کە لە چوارچێوەی دەوڵەت–نەتەوەی تایبەتدا دەردەکرا، گشت کۆمەڵگا مرۆڤییەکانی بە نەتەوە، قەوم، ئایین و چینە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانەوە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا لەخۆ دەگرت و بەهیچ شێوەیەک خۆیی بەسنووربەندی یاسایی و فیزیایی تایبەتەوە نەبەستۆتەوە.

کێشەیەک کە لە سەردەمی جیهانیبووندا سەرهەڵدەدات دژایەتی نێوان دانانی مافی مرۆڤ بە شێوەی گشتی و گشتاندنی بە سەر هەموو یەکە بچووکەکانی نەتەوەیی لە چوارچێوەی وڵاتانی تایبەتدایە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا (بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکانی پێش مۆدێرن و تەنانەت مۆدێرنیش) فەزای فیزیایی سنوردار رێگەی بەکارهێنانی مافی مرۆڤیان نەداوە بە جۆرێک کە لە نێوان



بوونی مافی هاوڵاتی کە بتوانین پێناسەی بکەین لە چوارچێوەی یەکە سیاسییەکانی تایبەت و لایەنی گشتییەکانی مافی مرۆڤ دژایەتی دەبینین. دیاردەی جیهانیبوون هەلومەرجێک دێنێتە کایاوە کە لە رێگەیەوە بە راڤەکردنی بەربڵاو لە بابەتەکانی شەڕ و ئاشتی لە چوارچێوەی رەشنووسی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بە ساکاری ناتوانین بەرگری لە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ناکۆکییەی نێوان یاسای ناوخۆیی و نێونەتەوەییدا بکەین.

### مۆدێرنیزم و مافی هاوڵاتیان

هاوڵاتی پەیوەندێکە لە نێوان تاک و دەوڵەت کە ئەم دوانە لە رێگای ماف و ئەرکە دوولایەنەکانیان بەرپرسیارن. لە بنەڕەتدا مۆدێرنیتە بەناوەندکردنی تاک، ئەوەی بەپێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی رەفتاری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی داناوە. لە سەردەمی رۆشنگەریدا، تاک خاوەن دوو پێگە بوو کە لە بواری یاسایی بە شێوەی هاوڵاتی و هەروەها بە ناوی مرۆڤ پێناسە کراوە. بەدروستبوونی دەوڵەت–نەتەوە و کێشانی سنووری جوگرافیایی و فیزیایی و هەروەها شوناسی ناسیۆنالیزم ئەم دوو جۆرە دیالیکتیکە گوتارییە بە شێوەیەکی بەرچاو لە یەک جیاواز کراون. ئەم جۆرە دووربوونە لە نێوان مافی مرۆڤ و مافی هاوڵاتی لەگەڵ جیابوونەوەی نێوان یاسای ناوخۆیی و یاسایی نێونەتەوەیی روویداوە. بە تێکچوونی پەیوەندی لە نێوان هەبوونی مافی ئابووری و سیاسی، مافی هاوڵاتی واتای راستەقینەی خۆی بەدەستهێناوە. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا تاکەکان بەبێ لە بەرچاوگرتنی پێگە چینایەتیان دەیانتوانی لە مافی سیاسی وەک ماف دەنگدان بەهرەمەند بن. لە کاتێکدا لە دیموکراسییەکاندا وەک یاسا و نۆرمێک، دەوڵەتان پارێزەر و لەخزمەتی هاوڵاتیانن، بەڵام لە سیستەمە نادیموکراتەکاندا ئەوان دەتوانن ئاسایشی تاک و هەروەها پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی بخەنە ژێر مەترسییەوە.

ئەگەرچی دیموکراسییەکان بە ڕواڵەت لە چوارچێوەی سیستەمی حکومەتەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوڵاتیان ڕاوێژ ناکەن، بەڵام خەڵك دەتوانن لە ڕێگەی جیاواز دەربڕی داواکارییەکان بن وەك میدیا گشتییەکان کە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە لە قۆناغەکانی دواییدا لە سیاسەتی گشتی ڕەنگدانەوەی دەبێت. لە ژێر کاریگەری ئەم هەلومەرجەدا لە نێوان پرۆسەکان لە ئاستی دەوڵەت و هەروەها لە ئاستی جیهانیدا لە یەکچوون و جیاوازی دەبینین کە بەگشتی تاڕادەیەکی بەرچاو بە پێناسەی هاوڵاتییەوە گرێدراوە.

لە ڕاستیدا مۆدێرنیتە هاوتەمەنی یاسایە و لەم پرۆسەیەدا لەگەڵ فراوانبوونی جیاوازی و جیاکردنەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، یاسا وەك ئامرازێکی هەفگری کۆمەڵایەتی بەکار هاتووە. لە هەولومەرجی جیاواز دژی ناوخۆی دەوڵەت ئابووری و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، دروستکردنی هەفگری و یەك پارچەیی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر شێوە عورفییەکانی دەسەڵات ئیمکانی بوونی نییە. بەم جۆرە دەیان ڕێگەچارەی توندوتۆڵ وەك پێویست بەدەر دەکەون. لەسەر ئەم بنەمایە ڕێگە چارەیەك کە مۆدێرنیتە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی هەفگری و یەك پارچەیی کۆمەڵایەتی دۆزییەوە، بەدەستهێنانی شەرعییەت لە ڕێگای ڕێکخراوە یاساییە فەرمییەکانی و دروستکردنی دەوڵەتی دیموکراتیك بوو. لە بنەڕەتدا ناوەڕۆکی شوناس تەنیا فۆرمی ناتاکبوونی یاسا ڕێگەیی داوە تاڕادەیەك هەفگری لە کۆمەڵگای مۆدێرن دروست بێت کە لەم ڕێگەوە گریمانەی (هەموو لەبەر یاسا یەکسانن) یارمەتی ئەم پرۆسەیە دەدا. خەباتە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی نوێ بۆ بەدەستهێنانی مافی یەکسان، خۆی هۆکارێکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی ئەم یەك پارچەییە.

لە کاتێکدا مافی مرۆڤ لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا خاڵێکی یەکسان و هاوبەشە، بەڵام مافی هاوڵاتی پەیوەندی بە کۆمەڵگایەکی تایبەت هەیە، کە بە زۆری لە چوارچێوەی یاسای دەستووریی یەکە سیاسییەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسە دەکرێت. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە لە قۆناغە



سەرەتاییەکان، جیاوازێکی ئەوتۆ لە نێوان مافی هاوڵاتیان و مافی مرۆڤ نەبووە. هەروا کە ئەم دۆخە لە ڕەشنووسی سەربەخۆیی ئەمریکا (1776)، دەستووری یاسایی فەرەنسا (1791)، ڕەشنووسی مافی مرۆڤ و مافی هاوڵاتی (1789)ی فەرەنسادا دەبینین.

بەسەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەیەکان بەکارهێنانی مافی مرۆڤ کەوتە ژێر چەتری چەمکی مافی–هاوڵاتی، بە جۆرێك کە ڕێگەیەکی جیاوازیان گرتەبەر تا ئەو جێگەیەی کە یەکێکیان چووە چوارچێوەی یاسای نەتەوەیی و ئەوی تریان چووە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی. جێگەی ئاماژەیە کە یاسای دەستوری یەکە نەتەوەیەکان ئێستاش بەشێکی زۆر لە شەرعییەتی خۆیان لە مافی مرۆڤ بەدەستهێناوە.

جیاوازی نێوان مافی هاوڵاتی و مافی مرۆڤ بە جۆرێك کە جیاوازی نێوان سیاسەت و ئەخلاقیات بەدەردەخات لە سەردەمی کانت و هێگل بە سیمبۆلی مۆدێرنیتە دەهاتە ئەژمار. ئەم دۆخە خۆی بە جۆرێك دووبەرەکیی نێوان گشتخوازی و تایبەت خوازی نیشان دەدا. دەبێت بڵێین بۆ ماوەی دوو سەدە ئەم دژایەتیە لە مۆدێرنیتە لە نێوان گشتخوازی و تایبەت خوازی بە شێوەی کێشەیەکی بێ وەڵام مابووەوە.

لە سەردەمی مۆدێرن یانی دەورانی شێوەگرتنی دەوڵەتی نەتەوەیی جێبەجێکردنی مافی مرۆڤ لە ئەستۆی دەوڵەتان بوو، چونکە لەبنەڕەتدا دیسپلینی نێونەتەوەیی لەسەر بنەمای دەوڵەت–نەتەوە پێناسە دەکراو هێشتا یاسای نێونەتەوەیی لەپێگەیەکی گشتگیری ئەمڕۆییدا نەبووە. لاواز بوونی ئاستی پەیوەندییەکان، بەکردەوە دەوڵەتەکانی لەیەك جیا کردبووە، بەشێکی فراوان لەمافی مرۆڤی وەك مەسەلەیەکی ئاسایشی نەتەوەی سەیر دەکرا. لە نێوان کۆنگرەی ڤیەننا و شەڕی یەکەمی جیهانی دیسپلینی نێونەتەوەیی لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێز بوو کە مافی مرۆڤ تیایدا بایەخی نەبوو و لە پاڵیشی پرۆسەی دیموکراتیزەبوون نەیدەتوانی کاریگەرێکی ئەوتۆی لەسەر جێبەجێکردنی مافی مرۆڤ هەبێت.

بەسەرهەڵدانی فاشیزم و تۆتالیتاریزم مافی مرۆڤ وەك بابەتێكی گرنگی یاسای نێونەتەوەیی دەرهات كە بە دوای كۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی شاهێدی دەركردنی چەندین رەشنووس و دەركراوەی مافی مرۆڤین كە گرنگترینیان رەشنووسی مافی مرۆڤی نەتەوەیەكگرتووەكانە كە لە ساڵی 1948 دەركرا. دادگای تاوانبارانی جەنگ (دادگای نورێنبێرگ) عورفێكی لە یاسای نێونەتەوەیی و پەیوەندی نێونەتەوەیی دروستكرد كە لە جۆری خۆیدا بێ وێنەیە. ئەمە لە كاتێكدا بوو كە بەرپرسیارەتی یەكەمی جەنگی جیهانی لە ئەستۆی دەوڵەتان بوو، بۆ دادگاییكردنی تاوانبارانی جەنگ. لە ساڵی 1951 بەفەرمی جینۆساید لە كۆنڤانسیۆنی نەتەوەیەكگرتووەكاندا قەدەغەكرا.

لە هەلومەرجێكدا كە بابەتی یەكسانی كۆمەڵایەتی هاتە ناو گوتارەكانی مافی مرۆڤ، هێدی هێدی بینەری پەیوەندی نێوان مافی هاوڵاتی و مافی مرۆڤی و دواجار شاهیدی پەیوەندی نێوان مافی مەدەنی و سیاسین. لە دەیەی 1960 بەدواوە رەهەندەكانی مافی ئابووری، كۆمەڵایەتی و كولتووریی مافی مرۆڤ دەكەوێتە روو كە رەنگدانەوەكەی لە رەشنووسی 1986 ئەفریقا لە بواری مافی مرۆڤ دەبینین. لەم رەشنووسە پەرەسەندن و پێشكەوتن بە بەشێك لە مافە سەرەتایی و گرنگی مرۆڤەكان دادەنرا كە لە قۆناغەكانی دواییدا بە ((مافی یەكگرتن)) دەهاتە ئەژمار. لە كاتێكدا كە پێش تر جێبەجێكردنی یاسای ناوبراو لە ئەستۆی دەوڵەتان بوو، بەڵام بەدانانی ئەم یاسا نوێیە دەبێت باس لەسێ نەوەی مافی مرۆڤ بكەین، كە یەكەمیان خەباتی كۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ دەوڵەتە كە لەم **بوارەدا** دەوڵەت **بەگرنگترین پێشێلكاری مافی مرۆڤ دادەنرا.** لە كاتێكدا **كە لە قۆناغەكانی دووەم و سێیەم لە مافی مرۆڤ وەك گەرەنتی كەر و پارێزەری مافی مرۆڤ سەیری دەوڵەت دەكرێ.**

بەم جۆرە بەخوێندنەوەی نوێ لە مافی مرۆڤ، فێركراوە كۆنەكانی سروشتی فرێدران و كۆمەڵگا بووە سەرچاوەی مافی سروشتی.



## جیهانیبوون و هاوڵاتیان

هاوڵاتیان لە سەردەمی جیهانبوون ئەو كەسانەن كە زۆربەیان لە چالاكییە نوێیە سیاسییەكان وەك ئۆپۆراسیۆنی راستەوخۆ بەشداری دەكەن و لە پاڵ ئەوەی كە گرێدراوی چالاكییە نوێیە كۆمەڵایەتییەكان بەگشتی كەمتر لە چالاكییە سیاسییە كۆن و عورفییەكان لە چوارچێوەی پارتە سیاسییەكان و یەكیەتییەكان، سەندیكاكان و... هتد بەشداری دەكەن.

هەروا كە ئیشارەتمان پێدا دەوڵەت وەك یەكێك لە سیمبۆلەكانی مۆدێرنیتە پاش ناكۆكی، و لە رێگای پرۆسەی نوێكردنەوەی درێژخایەن لە دەوری نەتەوە سازی سەریهەڵدا، بەڵام بە چوون بۆ ناو سەردەمی جیهانیبوون هەروا كە لە رۆیشتن لە كۆمەڵگای عورفی بۆ مۆدێرن و لە كۆمەڵەوە بۆ كۆمەڵگا لە پرۆسەی نەتەوە و دەوڵەت سازی، قەیرانی فراوان لە نێوان تاكخوازی و گشتی خوازی روویدا، و لە كۆتایی دا بووە هۆی سەركەوتنی دەوڵەت نەتەوە، لەگەڵ ناكۆكی و ململانێی فراوان بۆ پاراستنی شوناسی یەكە نەتەوەییەكان و پاراستنی تاكخوازی لە بەرامبەر گشتیخوازی سەرچاوەگرتوو لە جیهانیبووندا رووبەڕووین. نابێت لەبیری بكەین كە ئەم پرۆسەیە لە نێوان كۆمەڵگا پێش مۆدێرنەكان، مۆدێرن و پۆست مۆدێرنەكان بە شێوەی جۆراوجۆر دەبیندرێت، چونكە بەگشتی وڵاتە جیاوازەكان بەیەك شێوە و جۆر لەسەر رێگای جیهانیبوون نین. بەم هۆیە هەڵسوكەوتی شارەكان و گوندەكانی جیهان بەنیسبەت ئەم پرۆسەیە **جیاواز** بووە، چونكە هەر كام لەم وڵاتانە بەرێژە و لەژێر هەلومەرجێكی جیاواز پەیوەندیان بە پرۆسەی جیهانیبوونەوە هەیە.

بە شێوەیەكی گشتی بە رووخانی هێدی هێدی مۆدێرنیتە، بینەری سەرهەڵدانی چەمكی نوێ لە پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و مافی مرۆڤین. ئەم گۆڕانە مەمنوونی رەخنەگەرانەیی پۆست مۆدێرنیزمە لەخۆی. لەژێر كاریگەری ئەم هەلومەرجەدا بەهۆی ئەوەی كە مافی مرۆڤ حاڵەتی ئەبستراكتی خۆی لەدەستداوە، كەواتە بەكردەوە بە شێوەیەكی باشتر

تێدەگەین. بەرچاوترین دۆخ، سەرهەڵدانی جۆرێك لە فرەخوازی یاسا و کاریگەری دوولایەنەی یاسای نەتەوەیی و نێونەتەوەییە. لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە ناکۆکی نوێ لە نێوان بنەمایی ئەبستراکت دەبینین، کە خۆی لە وڵاتە فرە کولتوورییەکان لە کاتی خستنەڕووی هاوڵاتی جیهانی قەیرانی توندی دروست کردووە.

## پێگەی دەوڵەت لە سەردەمی جیهانیبوون

ماوەیەکی درێژی سێ سەدە و نیو لە تەمەنی دەوڵەتە دروست کراوە وێستفالیایەکان دەڕوا، دەوڵەتان لە چوارچێوەی سنوورە نەتەوەیەکانی خۆیان سەروەری و دەسەڵاتی تەواویان هەبووە. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا دەوڵەتەکان دەیانتوانی چاودێری و کۆنترۆڵی هاوڵاتیانی خۆیان بکەن و دەیانتوانی یاساکانی پێویست بەخۆیان پەسەند و جێبەجێ بکەن. بەخێراو دووبارەبوونەوەی پرۆسەی جیهانیبوون لە لایەك کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتان، ئاوەلەبوونی سنوورەکان و دیاریکردنی سەروەری ئەوان دەیان ئەکتەری نافەرمی هاتنە ناو ئەم بازنەیە و لە دەسەڵاتی دەوڵەتەکان بەشداربوون. هەڵبەت ناتوانین وای دابنێین کە ئاکامی سفرە بۆ پەیوەندی نێوان ئەکتەرە حکوومییەکان و ناحکوومییەکان، بەڵام بەپێچەوانەوە بە کەمبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتان، کۆمپانیاو رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی بوونە خاوەن هێز و سەروەری دەوڵەتەکانیان بەستەوە، بە جۆرێك کە لە دابەشکردنی دووبارەی هێزدا، پشکی بەرچاو بەدەستی هاوڵاتیانی نەگەیشتووە. تەنانەت لە زۆربەی کێشەکاندا خەڵك توانای کاریگەری کەمتریان هەیە لەسەر سیاسەت.

هەڵبەت هێشتا گروپێك بڕوایان وایە کە دەوڵەتەکان خاوەن هێزی فراوانن بۆ دەرکردنی بڕیارو تەنانەت لە هەلومەرجی چوون بۆ ناو یەکیەتی ناوچەییەکان ئامادەیی پێویستیان بۆ دانی دەسەڵات بەرێکخراوەکانی



سەرووی نەتەوەی نییە و هێشتا لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتان هێدی هێدی لە هێزی راستەقینەی خۆیان دادەبرن، بەڵام ئەوان بەنیسبەت پاراستنی هێزی یاسایی خۆیان لە چوارچێوەی سەروەری نەتەوەیی داکۆکی دەکەن. لەسەر بنەمای روانگەی کلاسیك، سەروەری بریتییە لە هەبوونی هێز و دەسەڵاتی تەواو لە ناو چوارچێوەی سنوورێکی تایبەت. لە ڕوانگەی پۆست مۆدێرنیزم دەوڵەت دروست کراوەیەکی مێژووییە کە لەسەر شوێنەواری پێکهاتە سیاسییەکانی تر بیناکراوە و خاوەن پێکهاتەی نوێیە. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا دەسەڵاتداران لە رێگەی سەرکوتکردنی ناوخۆیی بەسەر ناوچەیەکی تایبەتدا زاڵ دەبوون، پاش ماوەیەکی درێژی ناکۆکی و قەیران و کێبەرکێی بیرۆکراسی زاڵبوو و شەرعییەتی ئەو لە رێگەی دەرکردن و جێبەجێکردنی یاساکان بۆ خەڵکێك کە ناویان لێنا هاوڵاتی، پێناسەکرا. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین قەیرانەکانی بەرامبەر بە دەوڵەتەکان لە سەردەمی جیهانیبوون بە شێوازی خوارەوە شرۆڤە بکەین:

لە بنەڕەتدا لە پرۆسەی شێوەگرتنی دەوڵەت—نەتەوە لەسەر بنەمای هەلومەرج و پێویستییەکان کە سەری هەڵدابوو وەك سەرهەڵدانی قەیرانەکان، شۆڕشە بەرفراوانەکان چاوەڕوانی لەلایەن هاوڵاتیان، بەدەستهێنانی پێگەیی هاوڵاتی لە رێگای خەباتی درێژخایەنی خەڵك، بزاڤی چینایەتی و لە کۆتاییدا هەستیاربوونی رای گشتی لە هەمبەر سیاسەتی گشتیدا، بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی دەوڵەتەکانی زێدە کرد کە ئەمە بۆ خۆی لاوازی پێکهاتە، وەڵامدانەوە و نەبوونی کارایی بەدواوەبوو. لەژێر ئەم هەلومەرجە بەربڵاوەدا رەهەندەکانی گرفتی ئابووری، سیاسی، کولتووری و ئاسایشی لە ئاستی جیهانیدا هەرکام لە دەوڵەتانی لە بەرامبەر بە کێشەکان بێهێز کردووە لە ئاکامدا ئەوانی والێکرد تا بۆ چارەسەری لەگەڵ ئەم بابەتانە وەك شەڕی دژ بە نەخۆشی ئایدز، تیرۆریزم، پێشنەکەوتن، مەسەلەی ژینگە و هتد...، لە رێکخراوە ناحکوومییەکان یارمەتی وەربگرن.

ئەمە لە کاتێکدایە کە لە سەردەمی مۆدێرنیتە زاڵبوون بەسەر سنوورەکان و هەبوونی سەروەری جیاواز و بەهێزکردنی ناسیۆنالیزم (بەتایبەت لە شێوە شۆڤینیستییەکەیدا) بەربەست بوو لە هەمبەر بەشەکانی تری یەکە سیاسییەکان تا لە دانانی سیاسەتەکانی ناوخۆیی وڵات بەشداری بکەن.

پرۆسەیەکی تر کە لە سەردەمی جیهانیبوون دەبیندرێت دەستێوەردانی کەرتی تایبەت و دەوڵەتی لە پێکهاتەکان، بەرژەوەندییەکان و بوارەکانە کە کاریگەری دوولایەنەیان دروست کردووە و هەر ئەم پرسە هێزی دەوڵەتەکانی بۆ گۆشەگیر کردن و جیاکردنەوەی خۆی لە بەشەکانی تر بە کەمترین ئاستی پێویست گەیاندووە.

کێشەی سێیەم کە دەبێت ئاماژە پێ بکەین سەرهەڵدانی گوشارە بۆ ناوەندەگیری بەرژەوەندیی و داواکارییەکان. لە کاتێکدا ئەزموونی پیشەیی بۆ گشت دەوڵەتە مۆدێرنەکان کارایی جیهانی نەبووە، بەڵام وادیارە کە ئەکتەرە پیشەیەکان و هەروەها یاسای گەمەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و دەوڵەت بەساکاری ناتوانێت وەك رابردوو لە نێوان بەرژەوەندییە ناکۆکەکان لە کۆمەڵگا ناوەندەگیری بکات، چونکە زۆربەی ئەکتەرە فەرمییە ناوخۆییەکان و هەروەها دەرەکییەکان رۆڵ دەگێڕن. دابەشبوونی بەرژەوەندییەکان و گرووپە عورفییەکان کێشەی فراوانی بۆ دانوساندن و وتووێژ لە نێوان بەشە جۆراو جۆرەکان دروستکردوو، چونکە لە سەردەمی جیهانیبوون بەتوندی بەرژەوەندی یەکپارچە لە چوارچێوەی رێکخراوە ناوەندەکاندا، بەلانراوە و بەساکاری ناتوانین بە رێککەوتنێك بگەین. بوونی ریزبەندی نوێ و هاتنی ئەکتەرە ناعورفییەکان ئەم ناسەقامگیرییەی دوو بەرامبەر کردووە.

کێشەی چوارەم بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی پێکهاتەکان کە لەم رێگەیە وا دیارە کە بیرۆکراسی جۆری ((ڤێبەری)) وەك تاکە قاعیدەی سەرەکی بۆ رێکخستنی چالاکییەکانی دەوڵەت گرنگی خۆی لەدەستداوە. دیسانترالیزم لە بواری ئابووری، سیاسی، ئاسایشی و کولتووری و هەروەها



یاساسپینەوە، تاکخوازی و تایبەتیکردن بەگشتی وێنەیەکن کە میکانیزمی عورفی، کۆنترۆڵ و چاودێری دەوڵەت لە چوارچێوەی سیستەمێکی ناوەندی تووشی گرفتی زۆر هاتووە.

بابەتی پێنجەم رووخاندنی میکانیزمەکانی شوناس سازی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیە کە ئەم دۆخە لە لایەنی فرەیی کولتووری، قەومی، ئایینی و زمانی رەهەندی نوێی بەخۆیەوە گرتووە و لە ئەنجامدا پەیوەندییە ئایدیۆلۆژیی، کولتووری و سیاسییەکانی لە نێوان دەوڵەتەکان و هاوڵاتیاندا لاواز بووە.

قەیرانی شەشەم کە دەوڵەت لە سەردەمی بەجیهانیبوون رووبەڕوویی دەبێتەوە، ئەمەیە کە ئەمڕۆ دەوڵەتەکان ناتوانن سنوورە دەستکردەکانی ئابووری، ئاسایشی، سیاسی و کولتووری نێوان خۆیان و ئەوانی تر بپارێزن، بەڵکو جۆرە پەیوەندییەکی دوولایەنە لە رەهەندە جۆراوجۆرەکان زاڵە بەسەریاندا. لەسەر ئەم بنەمایە دەوڵەتان ناتوانن، بۆ نموونە لە بواری ئابووری و لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتەکانی وەك سەرمایەو کار، بەرژەوەندی بەرهەمهێنەر و بەکاربەر، بە شێوەی سەربەخۆ لێك جیا بکرێنەوە. بەم جۆرە سەرمایەداری سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم لەسەر بنەمای پۆست فرۆیدیزم ئەزموون دەکەین.

لە رەهەندی ئاسایش، هەڕەشە و بەختەکان دەکەونە بەرباس. بەم واتایە دەبێت ببینین تا چ رادەیەك دەوڵەتی کارا دەتوانێت لە رەهەندی ناسەربازی ئاسایشی بۆ خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان لە رێگەی دابینکردنی ئازادی، خزمەتگوزاری شیاوی تەندروستی، خانووبەرە (نیشتەجێبوون) کارو فێرکردن کەڵك وەربگرێت و ئەو هەڕەشانەی کە سەرچاوەیان لە کەموکوڕی ئیمکاناتە بگەیەنێتە کەمترین رادە.

لە رەهەندی کولتووری لەچەند لایەنەوە کولتووری جیهانی و سەروو نەتەوەیی لە رووی باوەڕەکان، هزرەکان و لایەنگیری هاوڵاتیان دەتوانن

سەرلێشێواوی دروست بکەن و ببنە هۆی ناکۆکی نێوان تاکخوازی و گشتخوازی. ئەم دۆخە لە کاتیکدا کە خۆیی نەگونجێنێت لەگەڵ بارودۆخی هەنووکەیی دەتوانێت کێشەی جۆراوجۆر بۆ دەوڵەتەکان وەك دووبارەبوونەوەی قەیرانی شەرعییەت دروست بکات. گۆڕانی وەفاداری لە دەوڵەتە نەتەوەییەکان بۆ کۆمەڵە سەرووی نەتەوەیەکان خۆی دەتوانێ نیشانەیەك لە گۆڕان بێت.

کێشەی حەوتەم لە جیهانیبوون هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ناکۆکی لە نێوان هاتنی یاسای نێونەتەوەیی گشتی بۆ ناو یاساکانی ناوخۆیی و مافی هاوڵاتیانە،، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بەرچاوی دەوڵەتی مۆدێرن بەرپرسیارەتی و وەفاداری دوولایەنەیە لە نێوان دەوڵەتەکان و هاوڵاتییەکان کە بەگشتی ئەرك و مافی ئەم دوولایەنە لە چوارچێوەی یاسای دەستووری یەکە سیاسییەکان پێناسە دەکرێ. ئەو شتەی کە ئەمڕۆ لە سەردەمی جیهانیبوون دەیبینین دابەشبوونی بەشەکانی هاوڵاتییە کە ئەم دۆخە دەبێت لە رەهەندە جۆراوجۆرەکان و بەسەرنجێکی زیاترەوە شرۆڤە بکەین.

بە شێوەیەکی گشتی بەسەرنجدان بە کێشەکانی ئاماژەپێدراو دەتوانین پێگەی هاوڵاتییەکان لەسەر بنەمای چوار رەگەزی ماف، بەرپرسیاری، بەشداری و شوناس بخەینە بەر باس. لە مۆدێلی کلاسیك رەگەزە ناوبراوەکان یەکەیەکی کردەوەیی پێکدێنن و لەم رێگەوە پەیوەندییەکی دیار لە نێوان ماف و ئەرکی مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتی وەك خزمەتی سەربازی، دانی باج و مافەکانی تر کە بەگشتی ئەم دۆخە پەیوەندییەکی یاسایی نێوان تاك و دەوڵەت شی دەکاتەوە.

ئەو شتەی کەوا ئەمڕۆ لەژێر سایەی جیهانیبوون روویداوە دابەشبوونی رەگەزەکانی سەروەرییە. بە جۆرێك کە ئەم رەگەزانە وەك رابردوو لە چوارچێوەی یەکەیەکی نەتەوەیی یەك پارچە و گرێدراو لە پەیوەندی لەگەڵ ماف نین هەروا کە وتمان ئەم بابەتە وەك مافی مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتی بەشێکە لە مافە فەرمییەکان کە لەلایەن دەوڵەتەکان



بەهاوڵاتیان دراوە. هەڵبەت چەمکە نوێیەکان لە ماف وەك مافی گشتی، مافی سروشتی و مافی کولتووری بووەتە هۆی گۆڕانکاری فراوان لە مۆدێلەکانی مافی کلاسیك. لە سەردەمی جیهانیبوون بەگشتی هێزەکانی ئابووری کە زۆرترین قەیرانیان بۆ خەڵك دروست کردووە. لە کاتێکدا کە لە بزاڤی یەکەمی مۆدێرنیزم و رۆشنبیری، دەوڵەت بە شێوەیەك بە دوژمنی کۆمەڵگا دادەنرا، بەڵام ئەمڕۆ ئەوە بە بناغەیەکی سەرەکی دانانرێت. لە پرۆسەی بەجیهانیبووندا گۆڕانکارییە ئابوورییەکان چوونەتە ناو بواری کولتوورییەوە بە جۆرێك کە کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر بنەمای بەها کولتوورییەکان پێناسە دەکرێ، نە لەسەر بنەماکانی پارامێتری ئابووری.

بەهەرحاڵ بەهۆی تێکەڵبوونی ئابووری و کولتوور دەبێت پێگەی هاوڵاتی لەسەر بنەمای کولتووری پێناسە بکەین. لەژێر کاریگەری ئەم هەلومەرجەدا بەجیهانیبوونی بەرهەمە کولتوورییەکان لە راستیدا سەربەخۆی کۆمەڵگای مەدەنی ناکۆکە لەگەڵ بابەت و بەها کولتوورییەکان. بەم شێوەیە چەمکی هاوڵاتی زیاتر لەوەی کە خاوەنی ماف بێت بۆ گەیشتن بە کاڵا گشتییەکان کە لەلایەن دەوڵەتەوە ئامادە دەکرێت، واتا پەیدا دەکات، چونکە ئەو گشت سەرچاوە کولتوورییەکان لە خۆ دەگرێت. لە حاڵێکدا کە لە شێوەی عورفیدا، پێگەی هاوڵاتیان وەك هێزی کار بەدەر دەکەوێت، بەڵام ئێستا بە شێوەی بنەڕەتی هاوڵاتی بە بەکارهێنەر ئەژمار دەکرێت. سەرهەڵدانی هاوڵاتی کولتووری لە سیاسەتی نوێی مافی مرۆڤدا بەگشتی مانای بوونی مرۆڤێکی ئابستراکتی نییە، کەواتە بە جۆرێك لەسەر بنەمای نەمانی مافی ئۆتۆنۆمی و تاکخوازی سەرچاوە دەگرێت. بەم جۆرە لە سەردەمی جیهانیبوون بەهۆی کاریگەری دوولایەنەی یاسای ناوخۆیی و نێونەتەوەیی ئیتر ناتوانین پێگەی هاوڵاتی هاو واتایی نەتەوە دابنێین.

یەکێکی تر لە بەشە پێکهێنەرەکانی هاوڵاتی مۆدێلی کلاسیك بەرپرسیارەتییە. لەسەر ئەم بنەمایە هاوڵاتیان لە بەرامبەر هەبوونی مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری چەندین ئەرکیان هەیە کە ناچارن ئەنجامی

بدەن. لەسەر ئەم دابەشکردنە و شرۆڤەکردنە کەسانێك کە مافێکیان هەیە و ئەرکەکان قبووڵ ناکەن، تاوانبارن و دەبێت سزای یاسایی بە سەریان بسەپێت. بەم جۆرە هاوڵاتییەکی خاوەن ماف بە هاوڵاتییەکی خاوەن ئەرکیش دەناسرێت. لە سەردەمی جیهانیبوون هەندێك لەلایەنی تاکخوازی ئەرکەکان بە شێوەی گشتگیر یان هاوبەرپرسیارییەتی سەرهەڵدەدا. لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوەیە قبووڵکردنی بەرپرسیارەتی تاك ناتوانێت رێگە چارەیەك بێت بۆ کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی ئەو کێشانەی کە لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێ دروست کراون. پێویستە وەبیری بێنینەوە کە بابەتی بەرپرسیارەتی بەتەنیا تایبەت بە هاوڵاتیان نییە کەواتە دەوڵەتیش خاوەن بەرپرسیارەتی پێناسەکراوە کە دەبێت بەنیسبەت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێی بکات. هەڵبەت لە دوو دەیەی رابردوو ئەم باسە لە چوارچێوەی بیردۆزەکانی راست دەخرانە ڕوو کە لەو رێگە دەوڵەت دەبێت بەشێك لە بەرپرسیارەتی عورفی خۆی بدات بە خەڵك و خۆی ئیتر لە بەرامبەری ئەو ئەرکانە وەڵامدەر نەبێت. ئەمڕۆ هەندێك لە رەخنەگرانی سەردەم دەوڵەت بەبواری ((بێ بەرپرسیارەتی رێکخراو)) دادەنێن.

سەبارەت بە رەگەزی بەشداری وەك بەشێك لە رەگەزەکانی هاوڵاتیان دەبێت بڵێین کە یەکێکی تر لە بابەتەکان کە دەبێت لە پەیوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو بگیرێت بابەتی فەزایە. لە زۆربەی کێشەکان فەزا بەبێ شوێن شایانی تێگەیشتن نییە لە کاتیك دا کە فەزا هەموو شوێنێك لەخۆ دەگرێت، بەڵام شوێن بە ژینگەیێکی تایبەت دەڵێن. بابەتی شوێن دەتوانێت پەیوەندی بکات لە نێوان زۆرێك لە بوارەکانی خوێندن وەك کۆمەڵناسی، پەیوەندی نێونەتەوەیی و جوگرافیا، بەڵام ئێستا لە سەردەمی جیهانیبوون فەزا لەژێر دەسەڵاتی شوێنێك بەناوی دەوڵەتدا نییە، لە راستیدا دەبێت بڵێین کە ئەمە مۆدێرنیتە بوو کە بووە هۆی هەڵکەندنی شوێن و ئەتوموسفر. یەکێك لە هۆکارەکان کە هەموو کات دەبووە هۆی پەیوەندی لە نێوان هاوڵاتیان و ئەوانی لە چوارچێوەی



نەتەوە پێکەوە گرێدەدا بە واتایەك بەوان شوناسی دەدا فەزا و شوێن بووە، بەڵام بەهۆی سەرزەمین سڕینەوە لە سایەی شۆڕشی پەیوەندییەکاندا، ئیتر ناتوانین دەوڵەت وەك رابردوو پێناسە بکەین. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا فەزای نوێ دەتوانێت ئیمکاناتێکی فراوانتر بۆ بەشداریکردن دابین بکات و بە پێچەوانەی مۆدێلی ناچالاکی میدیاکان لە سەردەمی مۆدێرنیتەی یەکەم، پەیوەندی فراوان و بەربڵاوی گەیاندن دابین دەکات، چونکە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان زیاتر لە هەر کاتێکی تر کۆمەڵگای زانیارین. لە کۆمەڵگای زانیاری بواری گشتی رۆڵی ناوەندی تر دەگێڕێت. ئەوان بە تەنیا لە شوێنێکی دیاری کراو وەك کۆمەڵگای بۆرژوازی کە لە نێوان بواری تایبەت و دەوڵەت بوو جێگەیان نییە، بەڵکو دەبێت وەك (فەزای زانیارییەکانی) پەیوەندی گشتی سەیر بکرێت. بۆ وێنە لەمۆدێلی دەست تێوەردراوی ((هابرماس)) بواری گشتی پێك هاتووە لە تۆڕێکی فراوانی ئاڵۆز کە لە بوارەکانی دەستێوەردانی نەتەوەیی، نێونەتەوەیی، ناوچەیی و لۆکاڵی و کولتووری خاوەن لق و پۆپی جۆراوجۆرن. ئەوە تۆڕێکە کە لە فەزای گوتاری لە کۆمەڵگادا پێك هاتووە، نەك ئەوەی کە شوێنێکی تایبەتی گرتبێت.

لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوەیە کۆمەڵگا پەیوەندیدارەکانی دوایی مۆدێرنیتە ئیمکاناتێکی زۆرتر بۆ بەشداری دابین دەکەن، چونکە کۆمەڵگا لە ئەکتەری زۆر پێك هاتوون و لە کۆتاییدا هیچکام لە ئەکتەرەکان و یان ئایدیۆلۆژییەکان ناتوانن ببن بەهۆی هەڤگری کۆمەڵایەتی.

لە هەلومەرجی ئێستادا ئەو شتەی کە گرینکی تایبەتی هەیە زیندووکردنەوەی بەشداری مەدەنی وەك سیاسەتێکی شوێن و فەزایە. لەژێر سایەی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی لە سەردەمی جیهانیبوون شانسێك بۆ سەرهەڵدانی شێوە جۆراوجۆرەکانی بەشداری ژێرنەتەوەیی دروست بووە بە جۆرێك کە لەم بوارەدا ناوچەکان، شارەکان و ئاستی خوارتری حکومەتە لۆکاڵەکان (خۆجێییەکان) دەستیان بەدانانی بڕیارە

گرنگەکان کردووە. ئەمڕۆ دەبینین کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای ئەوروپا هەرچەندێك دەوڵەتە نەتەوەیەکان لە بواری دەرکردنی بڕیار و دانانی سیاسەت رو بەکزی دەڕۆن، بە نیسبەت ناوچەکان و بەشەکان و هێزە ژێرنەتەوەییەکان هێزێکی فراوانتریان هەیە بۆ دەرکردنی بڕیار. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا حکومەتە ناوچەیەکان ئیمکاناتێکی زیاتر بۆ بەشداری هاوڵاتیان بەرهەم دەهێنن. جێگەی سەرسوڕمان ئەوەیە کە ئەم هاوڵاتییە بەشدارانە ناتوانن بەبێ خەریك بوون لەگەڵ پەیوەندی سەرووی نەتەوەیی سەرکەوتووو بن، چونکە بەکردەوە بەشداری ئەو بێ واتاو بێکەڵك دەبێت. لەم رووەوە تەکنۆلۆژی نوێی زانیارییەکان هاوکاری نێوان حکومەتە ناوچەیەکان لەگەڵ دەرەوەی سنووری نەتەوەیی ئیمکانی دەبێت. ئەوەی کە روونە جیهانیبوون شانسێکی نوێ بۆ سیاسەتەکانی بەشداری رەخساندووە بە جۆرێك کە پەیوەندییەکانی زۆربەی ناوچە و هەرێمەکان بووەتە هۆی بەهێز بوونی گروپە ژێر نەتەوەیەکان.

ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشداری راستەوخۆی هاوڵاتیان لە ئاستی نەتەوەیی و سەرو نەتەوەیی رووبەڕووی گرفت بووەتەوەو لە لایەکی تر کۆمەڵگای جیهانی ئیمکاناتی دیار و شاراوەی زۆری بۆ ئەکتەرە گشتییەکان بەرهەمهێناوە. بەکورتی دەبێت بڵێین کە ئەمڕۆ لە سەردەمی جیهانیبوون لەوێوە کە دەوڵەت توانای عورفی خۆی بۆ هاندانی خەڵك لەبەشداری سیاسی بە شێوەیەکی بەرچاو لەدەستداوە، کەواتە بەکردەوە توانا و هێزەکانی بەشداریکەر لە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی نێوان ئاستی ناوچەیی، نەتەوەیی و جیهانی دابەشبووە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بدەین بە رەگەزی چوارەمی کە لەگەڵ شوناسدا پەیوەندی هەیە. ئەوەی کە روونە جیهانیبوون بەشێکی زۆری لە سەرچاوەکانی شوناسسازی شێواندووە و بابەتی سەرزەمین سڕینەوەی لە دەوڵەت، کێشەی جۆراوجۆری بۆ پێناسە لەخۆ دروست کردووە. بەم جۆرە زاڵ نەبوونی بەسەر شوێن و فەزاو هەروەها رووخانی کات کە دەیتوانی تاك



لەگەڵ رابردوو پەیوەندی بدات و هەروەها بەهۆی ناکۆکی لە بەرامبەر تایبەت خوازی و گشتی خوازی کێشەی فراوان بۆ پێگەی هاوڵاتیان لە بواری قبوولکردنی بەرپرسیارەتی، جێبەجێکردنی ئەرکەکان و هاتنە ناو پرۆسەی بەشداری و هەبوونی ماف کۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسی دروستکردووە. بە بەهێزبوونی ناسیۆنالیزم لە سەردەمی مۆدێرنیتە بەکردەوە سەقامگیری شوناسی گەورە لە بەرامبەر شوناسی تایبەت رادەوەستێ. هەروەها رۆڵێك کە ئایدیۆلۆژیا وەك سەرچاوەیەکی شوناسساز لەو سەردەمە دەیگێڕا بارودۆخێکی دروست کردبوو تاکو بتوانن پێگەی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەت–نەتەوە دیاری بکەن، بەڵام لە سەردەمی جیهانیبوون لە پاڵ ئەوەی کە ئایدیالۆژی لەناو نەچوون، بەڵام لە رێگای رەشنووسی شوناسی تەسککراو و لە بنەڕەتدا لە زۆربەی شوێنەکان کارایی شوناس سازی خۆی لەدەستداوە.

هاوڕێ نەبوونی پێگەی هاوڵاتیان لەگەڵ نەتەوە قەیرانی شوناس، دووبارە دەکاتەوە، بە جۆرێك کە بەکردەوە لە نێوان ماف و شوناسدا قەیران دەبینین. لەو کاتەیی کە شوناس خۆی وەك بنەمایەك بۆ بەشداری دەژمێردرێت، لە ئەنجامدا گوتاری ماف زیاتر هێرشی دەکرێتە سەر.

گۆڕانکارییەکانی ماف مرۆڤی سیاسی و مەدەنی بۆ لای ماف مرۆڤی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندن روویداوە، قەیرانەکانی پەیوەندیدار بە ماف گشتی و هاوکات زەقتر کردنەوەی هێدی هێدی ماف کولتووری، بەگشتی پێگەیەکی دروستکردووە تاوەکو بارودۆخی هاوڵاتی کلاسیك لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی تووشی گۆڕانکاری بنەڕەتی بێت.

بەردەوامبوونی شوناس، جەختکردن لەسەر شوناسە چەند جۆرەکان، سەرهەڵدانی سەرچاوەی نوێ شوناس و کێشەی کۆچبەرەکان و هەروا دووبارەبوونەوەی قەیرانەکانی ئێستا لە چوارچێوەی فرەخوازی کولتووریدا بەگشتی هەلومەرجێکی دروستکردووە تاکو هاوڵاتیان لەبری دروستکردنی یەکسانی و بەرابەری بە زۆری دەکەونە دوای ئەو رێگایانە کە پێگە

جیاوازەکانی خۆیان بپارێزن. بە شێوەیەکی گشتی نیشانەی بچووک هەن کە پێخۆشبوونی کۆمەڵگا و یان گروپە گەورەکان دیار بکات بۆ لای شوناسی نەتەوەیی گشتگیر. لەم رووەوە ئیمکانی سەرهەڵدانی زەرەرمەندی گەورەی کولتووری کاتێکە کە شوناسەکانی تاك لاوازن و لە بەرامبەردا شوناسەکانی گشتییەکاندا خاوەن هێز و توانای فراوانن هەیە.

## ئەنجام

سەردەمی جیهانیبوون لەگەڵ توندی و لاوازییە جۆراوجۆرەکان پێگەی دەوڵەتی تووشی گۆڕانکاری کردووە، رەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەو یانی نەتەوە، سەرزەمین (هەرێم)، حکومەت و سەروەری و هەروەها پەیوەندی نێوان ئەوانیشی تووشی گۆڕان کردووە. بە جۆرێك کە پەیوەندی عورفی نێوان شەرعییەت، کارایی، سەربەخۆیی و دەسەلات بە هیچ شێوەیەك ناتوانن دیاریکەری پێگەی دەوڵەت لە بواری ناوخۆیی و نێونەتەوەیی بن. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا ناتوانین پەیوەندی نێوان هاوڵاتیان و دەوڵەت وەك رابردوو لەسەر بنەمای پەیوەندی و وەفاداری عورفی روون بکەینەوە، چونکە هەر بەوجۆرە کە ئاماژەمان پێدا رەگەزەکانی وەك شوناس، بەرپرسیارەتی، یاساو بەشداری کاتێك بە شێوەی گشتێکی یەك پارچەو جیانەکراو دەکەوتە بەرچاو، ئێستا دابەش بووەو بە زەحمەت دەتوانین پەیوەندی نێوان بەشە ناوبراوەکان وەك رابردوو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، چونکە ئەم دۆخە لە دابەشکردنی گوتاری هاوڵاتی دێتە ئاراوە. لە راستیدا پێگەی هاوڵاتی لە فۆرمە سادەکەی ئەو کە رەنگدانەوەی جیۆپۆلیتیك و جیۆکولتووری دەوڵەتی نەتەوەیی بوو، فەزا واتایی خۆی لەدەستداوە بە جۆرێك کە ماف لە گوتارەکانی بەدەر لە گەیشتنی دەسەڵاتی دەوڵەت دەبیندرێت. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا بەرپرسیارەتی لە چوارچێوەی گوتاری پێویستی تاك کە بە زۆری جەخت لەسەر دەوڵەت



دەکات ئاراستەی خۆی بۆ گوتاری بەرپرسیارەتی و هاوخەمی بەنیسبەت سروشت بۆ نەوەکانی داهاتوو گۆڕی. بەپەرەسەندنی جیهانیبوون شاهێدی ناهەماهەنگی نێوان نەتەوە و پێگەی هاوڵاتین کە ئەمە خۆی دەمانخاتە ناو هەلومەرجێکی ناکۆك. ئەم ناکۆکییە لە چوارچێوەی مودێرنیتەشدا دەبینین، چونکە ئەو نەتەوەخوازی و جیهانی هاوکات لەخۆ گرتبوو، بەڵام جیهانیبوون پێویستی بە بەشداری لەیەك دیسپلینی گەورەتر لەسەر کولتووری نەتەوەیە کە بتوانێت بە جۆرێك کە هاوبەشییەکانی گشت کولتوورە نەتەوەیەکان لە خۆ بگرێت.

ئەمڕۆ لە سەردەمێك دەژین کە ناسیۆنالیزمی گەورە، رۆڵی یەکپارچەیی خۆی کە لەژێر رێنمایی نوخبە سیاسییەکان بێت و ئایدیۆلۆژیا بتوانێت لە نەبوونی پرۆسەی نەتەوەو دەوڵەتسازی ببێت بەهۆی یەکگرتن، لەدەستدا، چونکە ئەوان زیاتر وەك هۆکارێکی دژی دەوڵەت و پەرتکراو کار دەکەن، تاکو هۆکارێکی یەکگرتووی نەتەوەیی. رەنگە لە ناسیۆنالیزم بۆ دروستکردنی پەیوەندی نێوان خۆیان، ئەوان و جیهانی کەڵك وەربگرن. هەرچۆنێك بێت ئەگەرچی دەکرێ دەیان رێکخراو لە دەسەڵاتی دەوڵەت بەشدار بن و بە جۆرێك بواری سیاسەت بۆ دەوڵەت سنوردار بکەن، بەڵام زۆربەی رەفتارە ئابووری، سیاسی، کولتووری و ئاسایشییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتی یاساییدا شی دەکرێتەوە، چونکە لە لایەك ناتوانن ببینین کە هاوڵاتیان پێویستیان بە دەوڵەت نەبێت و لە لایەکی تر چاوەڕوانی خزمەتگوزاریان لێبکەین.

هەرچۆنێك بێت لە سەردەمی جیهانیبوون دەوڵەتی نوێ دەبێت بتوانێت بە جۆرێك کاربکات تا بتوانێت خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سیستەمی ناوخۆ و دەرەکی بگونجێنێت و لە پاڵیشیدا پێکهاتەی بۆ ئاسانکاری ئەم دۆخە بگۆڕێت. لە گشتی گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت بتوانێت لە گەمە نوێیە سیاسییەکان رۆڵ بگێڕێت و زۆرترین بەهرە لە فەزا وەربگرێت. ئەمڕۆ لە

پرۆسەی جیهانیبوون نێوان هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی ئەوەندە زۆرە کە دەوڵەتان دەبێت سەبارەت بە رۆڵ و پێکهاتەکانی خۆیان بیری نوێ بکەنەوە و بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێداویستییەکان رۆڵی فراوانی هاوڵاتیان و سەرهەڵدانی بەرژەوەندی نوێ و هەروا دروستکردنی قەیرانەکان جارێکی تر خۆی رێك بخات.

جێگەی ئاماژەیە کە جۆری ئایدیالی دەوڵەتی نوێ جیهانی نییە، و هەروەها ئەم رێکخراوەیە مۆدێلی کلاسیکی دەوڵەت–نەتەوەیی نییە. رەنگە بتوانین بڵێین کە لە سەردەمی جیهانیبوون دەوڵەتە نوێکان بە جۆرێك تایبەتمەندییەکانی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنیان لەخۆ گرتووە. جێگەی ئاماژەیە کە لە مۆدێلی هەموارکراوی خزمەتگوزاری بەرژەوەندییەکان، لەژێر کاریگەری پیشەخوازی نوێی دەوڵەت لەجیاتی ناوەندەگیری نێوان کار و سەرمایە، ئەم رۆڵە لە نێوان بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەردا دەگێرێت.

## بەشی چوارەم: هاوکارییە نێونەتەوەییەکان لە سەردەمی جیهانیبووندا

جیهانیبوون لە لایەك هاوکاری نێوان ئەکتەرە جۆراوجۆرەکان بە پێویست دادەنێت و لە لایەکی تر بەهۆی بوونی ئیمکانیات **هاوکارییەکان** ئاسانتر بوون. ئەم پێویستیە بکەرێکە لەڕادەیی قبوولکردنی ژیانی ئەکتەرەکان. ئەم ئاسانکاریانە کە دروست بووە یان بەهۆی ئیمکانیاتی تەکنۆلۆجیك کە پێشتریش بوونی هەبوو و ئێستا تەکامولی پەیدا کردوو و یان بەهۆی گۆڕانکارییەکان کە لە سیستەمی نێونەتەوەیی سەردەمی جیهانیبوون روویداوە. هۆکارە هاندەرەکان کە هۆی هاوکاریی ئەکتەرەکانن دوو گروپن: هۆکاری سابجێکتیڤ و ئابجێکتیڤ. هۆکاری یەکەم زیاتر سەرچاوەی لە قەیرانی واتا و تێکچوونی سنووری نێوان خۆو ئەوانی ترە و هۆکاریتر بە زۆری سەرچاوەی لەو مەسەلە و قەیرانانەیە کە ئەکتەرەکانی بەرێژەی جیاواز تووشی بێ کەڵکی کردووە و یان دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاوکارییەکان بەنیسبەت رابردوو لە ژینگەیەکی چاکتر روو بدات. کەواتە هۆکاری سابجێکتیف و ئابجێکتیف دەبنە هۆی پێویست بوونی هاوکاری و هەروەها ئاسانکاری لە نێوان ئەوان.

وا دیارە کە هاوکارییەکانی ئێستا لە سیستەمی نێونەتەوەیی بەدوو ئاراستەی جیاوازی ناوچەیی و جیهانی لەحاڵی زیاد بوون دایە. ئەگەرچی ئەم دوو بزاڤە لە ڕواڵەتدا لەگەڵ یەك ناکۆك دیارن، بەڵام ئەم بەومانایە نییە کە لە بەرامبەر یەکتر رادەوەستن. هەندێك لە کێشەکانی ناوچەخوازی پرۆسەی جیهانیبوون خێرا دەکەن (وەك EU) و لەکێشەکانی تر بزاڤێکی پێچەوانە لە بەرامبەر جیهانیبوون دروست دەکەن (وەك هاوکارییە سەربازییەکان)، بەڵام لە سەردەمی جیهانیبووندا (پێکهاتەکان و



ڕەفتارەکانی هەنووکەیی پەیوەندییە نێونەتەوەیەکان کە ریشەی لەچەمکی سەروەری دەوڵەت–نەتەوە هەیە و لەگەڵ دوولایەنەخوازی هاوڕێیە، بەهۆی راستییەکانی سەرچاوەگرتوو لەپێکەوە بەستراني بەرامبەر، جیهانیبوون و ناوچەخوازی ئیتر ئەو مانایەی جارانی نییە). لەم رووەوە هاوکارییەکانی نوێ دێنە ئاراوە کە لە چوارچێوەی عورفی هاوکاری باکوور–باشوور و یان رۆژهەڵات و رۆژئاوا ناگونجێن و بەرهەمەکەشی بەپێویست بەرهەمی هەڤگری نێوان دەوڵەتەکان نییە. یان پەیوەندی ئەکتەرە حکوومییەکان و ناحکوومییەکان وێنەیێکی نوێ لە هاوکاری باکوور–باکوور، باشوور–باشوور دەخولقێنێت کە لە لایەك سەرچاوەی لە ناسەقامگیری سیستەمی نێونەتەوەیی گرتووە و لە لایەکی تر لە کاریگەری ئیمکانیاتە نوێیە کە بوونەتە هۆی فراوانبوونی هاوکارییەکان. کەواتە جگە لە هاوکارییەکان کە روویان لەزۆربوون کردووە بەهۆی پرۆسەی نێونەتەوەییەوە لەگەڵ جۆرێکی تر لە هاوکارییەکاندا رووبەڕووین کە ئاشکرایە گۆڕانکارییەکانی جیهانیبوونە، کە ئەم گۆڕانکاریانە لەرەهەندەکانی سیاسی، ئابووری و کولتووری خاوەن وێنەی جۆراوجۆرن.

### پێویستی فراوانکردنی هاوکاری نێونەتەوەیی لە سەردەمی جیهانیبوون

#### أ/ جیهانیبوونی سیاسەت

جیهان خوازی توندڕەوانە (Hyperglobalists) لەسەر ئەو باوەڕەن کە کاتی مردنی دەوڵەتەکان گەیشتووە. بەبیری ئەوان ئەم سیستەمە رێگەی هاوکاری ئابووری زیاتر دەکاتەوە، چونکە لە دنیای ئەمڕۆدا چالاکییە ئابوورییەکان سنووربەندی رێکخراوەکانی تری وەك رێکخراوە سیاسییەکان دیاری دەکات و بەکردەوە دەوڵەتەکان بەگشتی بەهۆی بەرهەمەکانی ئابوورییەکە دەتوانن ژیانی خۆیان درێژە پێبدەن. لە لایەکی تر دەوڵەت

نەتەوە کە لە سەردەمی مێرکێنتالیزم ئامرازی بەهێزی دروستکردنی سەرمایە بوو، هەنووکە بووە بە ئامرازێك بۆ لەناوبردنی سەرمایە. هەڵبەت ئەم بیردۆزە کە دەوڵەتی ناوچەیی ئابووری دەبێت بە دەوڵەت–نەتەوە، رەخنەی فراوانی لێگیراوە، چونکە بە پەسەندکردنی ئەم بنەمایە بەواتای دیاریکردنی هاوکارییەکان بەس لەڕووبەری ئابووری، بەبێ لەبەرچاوگرتنی رۆڵی دەوڵەت–نەتەوەکانە. هەڵبەت گریمانەی ئێمە لەم وتارە ئەمەیە کە لە پرۆسەی ئەکتەری لە بواری سیستەمی نێونەتەوەیی، یاسای یارییەکە ئەنجامەکەی سفر ناکات، کەواتا پەرەسەندنی بازاڕ بەواتای لەناوچوونی دەوڵەت–نەتەوە نییە، بەڵام دەوڵەت جێگەی پێشووی خۆی لەدەستداوە، بۆیە یاری وەك ئەنجامێکی گۆڕاو دەرهاتووە و دەوڵەتەکان بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زیاتر لەم یارییە تێدەکۆشن هاوکاری نێوان خۆیان فراوان بکەن و هەروەها لە هەندێك کەیسی جیاواز وەك جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی گەشەسەندن و یارمەتییە مرۆڤایەتییەکان لەگەڵ NGO یان IGOکان هاوکاری بکەن.

لە ڕوانگەی هۆکارەکانی سابجێکتیڤ دەوڵەتەکان لە سەردەمی جیهانیبوون لە ئاستی ناوچەیی و هەروا لە ئاستی جیهانی پێویستیان بەبەرهەم هێنانی واتایە و لەم رووەوە بۆ بەرهەم هێنانی واتا هاوکاری پێویستە. یەکێك لە مەسەلەکان کە وڵاتانی باکوور لەگەڵیدا رووبەڕوون نەبوونی توانا لە بەرهەمهێنانی واتایە لە سەردەمی پاش شەڕی سارده کە لە بنەما، یەکگرتن و ئامانجەکاندا خۆی بەدەردەخات و دەیبینین. بە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ئێمە جۆرێك قەیران لەم سێ چەمکەدا دەبینین. ئەگەرچی رادەی گرێدراوی دوولایەنە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بەهەر شێوەیەك بێت نەبوونی دیسپلینی سیاسی، ئابووری و دارایی ئیمکانی دروستکردنی چوارچێوەیەکی روونکراوی لەناوبردووە. تا ئەم دواییە دەوڵەتەکان گرنگترین سەرچاوەی بەرهەمهێنانی واتا بوون و هەنووکەش تیدەکۆشن تا لە رێگای هاوکاری جارێکی تر واتا بەرهەم بێنن.



ڕووداوەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی لە دەیەی رابردوو نیشانی داوە کە ئەمریکا و کۆمەڵگای ئەوروپا ناتوانن بە تەنیایی واتایەك بۆ سیستەمی جیهانی بدۆزنەوە. سەرنەکەوتنی هێرشی ئەمریکا لە سۆمالیا و فەرەنسا لە ئەفریقا پشتراست کەرەوەی ئەم بیرەیە. لە لایەکی تر هێز لە شێوە عورفییەکەی، یانی هێزی ملکەچکەر ناتوانێت بۆشایی سەرچاوە گرتوو لەواتادا بپۆشێ. شێوەی نوێ لە هێز خەریکی سەرهەڵدانە کە لە کرداری گشتی بەدەست دێت نەك گۆشەگیری. بۆ وێنە لە پرۆسەی جیهانیبوون میدیا گشتییەکان، دەوڵەتەکان دەخەنە بەر رەخنەی توندو ئەگەر دەوڵەتێك بیهەوێت وێنەی خۆی لە ڕای گشتی جیهانی چاك بکات دەچێتە ناو بەکارهێنانی هێزی نەرمی میدیاکان.

قەیرانی واتا پەیوەندی نزیکی لەگەڵ قەیرانی رۆشنگەری هەیە. کەواتە رادەی فراوانبوونی ئەو بە مامەڵەکردنی دەوڵەتان لەگەڵ رۆشنگەری بەستراوەتەوە. هەر ئەم کێشەیە خۆی هۆی دووربارە بوونەوەی ناوچەخوازی بووە، چونکە لە نێوان وڵاتانی هەر ناوچەیەك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رۆشنگەری رەفتارێکی وەك یەك دەبینن، لەژێر سایەی هاوکاریی، ناوچەخوازی دەبێتە خاوەن واتا. هاوکارێکی وەها بەهۆی بڵاوبوونەوەی قەیرانی واتا لە زۆربەی رووبەرەکانی سیاسەت، دەوڵەتەکانی ناچار کردووە تاکو بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەتێکی زیاتر خۆیان بخەنە ناو ئەم پرۆسەیە. ئەم کارە وەك پێویست واتای هەڤگری نییە. بۆ نموونە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کێشەی فەلەستین بووەتە هۆی جۆرێك لە هاوکاری لە نێوان وڵاتەکان کە بە پێویست بەرهەمی هەڤگری نییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست جۆراوجۆری دەوڵەتەکان و جیاوازی بوونیان هەیە، بەڵام لە دەیەکانی 1980و 1990 هاوکارێکی بێ وێنە لە رێگای گەیشتن بە ئاشتی ئەنجام درا. ئەمە لە کاتێکدایە کە بیردۆزە باوەکان ناتوانن هاوکاری نێوان ئیسرائیل و فەلەستین لە ساڵی 1993 شیبکەنەوە. لەسەر ئەم بنەمای لە

روانگەی ڕێکخراوەخوازی و سیستەمی جیهانی سیستەمی هاوکارییەکی وەها لەو شێوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەبوو یان لانی کەم دیار نەبوو. کەواتە ئەم روانگەی لیبڕاڵیە کە لە ڕێگەی فراوانکردنی بەستراوەبوونی دوولایەنەی ئابووری دەبێتە هۆی هاوکاری و ئاشتی، بەکردەوە تووشی قەیران هات. یانی هاوکارییە ناوچەییەکان لەو کەیسانەی کە کەمترین پشت بەستنی دوولایەنەیان هەیە رووی لە زۆربوون کردووە. لە کاتێکدا لە یوگوسلافیا رووبەڕووی کەمترین رادەی هاوکارین، بە واتایەکی تر جێگیربوون بە رادەی سەرەوە وەك پێویست گەرەنتیکەری هاوکاری نییە.

بەم شێوەیە لە فەزای رانەوەستاوی سیستەمی نێونەتەوەیی ئێستا، هۆکارە سابجێکتتیڤییەکان کە دەبنە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتەکان روو لە هاوکاری بکەن وەك پێویست ئەو هۆکارانە نین کە ببنە هۆی یەکگرتن، کەواتە لە سەردەمی جیهانیبوون زیاتر لە یەکگرتن، شاهێدی هاوکارین. هەڵبەت ئەم هاوکارییە زیاتر سەرچاوەی لە پێویستییەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی گرتووە نەك هەستی پێویستبوون بە دروستکردنی یەکجەمسەری ئابووری و یان سیاسی ناوچەیی. بەم هۆیە ژاپۆن و کۆمەڵگای ئەورووپا لەگەڵ ئەوەی هەلومەرجی جەمسەری ئابووریان بووە، بەڵام لە دەیەی رابردوو نەیان توانیوە ببن بەجەمسەرێکی سیاسی.

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە زۆربەی هاوکارییە ناوبراوەکان لە رێگای چارەسەرکردنی کێشە قوڵەکان روودەدات و ئەکتەرەکان هیچ بەرپرسیارەتیان نییە بۆ درێژەدان بە هاوکارییەکە. یانی ئازادی کردەوەی ئەکتەرەکان زیاتر دەبێت و ئەوان دەتوانن هاوکارییەکانی خۆیان درێژە پێبدەن یان بیپچڕێنن.

لە کۆتاییدا لەسەر ئەوەی کە ئەم وێنەیەی کە سیاسەتی ناوخۆیی بەربەستێکە لە بەرامبەر هاوکارییە نێونەتەوەییەکان، لە سەردەمی جیهانیبوون دەنگی خەڵك لەناو حکومەتەکان زیاتر رەنگدانەوەی بووەو



خەڵك دەتوانن حکومەتەکەیان مەجبوور بکەن بۆ ئەوەی هاوکاری و رۆڵی گرنگ بگێڕن. ئەم دۆخە بە رادەیەکی بەرچاو دەرئەنجامی لاوازبوونی کردەوە عورفییەکانی دەوڵەتەکانە کە تێدەکۆشان کۆمەڵگای مەدەنی بخەنە ژێر کۆنترۆڵ. بەلاوازبوونی دەوڵەتەکان، کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی زیاتر بەهێز بووەو ئەم هۆیە نۆبەی خۆی دەوڵەتان هان دەدات تاوەك ئەکتەرێکی گرنگ بە هاوکاری لەگەڵ ئەکتەرەکان رۆڵ ببینن و لە بەرامبەر داخوازی سەرووی نەتەوەیی لایەنگرانی کۆمەڵگای مەدەنی بەرگری بکەن. بەم شێوەیە نابێت لەبیری بکەین کە کاری بەرامبەری ئەم شتەش لەوانەیە ببێت، یانی هەندێك لە دەوڵەتەکان بەهۆی کێشەکانی ناوخۆیی خۆیان تێدەکۆشن هاوکارییە نێونەتەوەیەکانی خۆیان کەم بکەنەوە و یان لانی کەم لە ئاستێکی دیاریکراو نەیبەنە سەرەوە. ئەوان وای وێنا دەکەن، کە لە سەردەمی جیهانیبوون دەیدۆڕێنن و سەرکەوتووو نابن. بەگشتی دەتوانین بڵێین کە خەڵکانێك کەوا لە لووتکەی هێزی سیاسی و ئابووری نین دەتوانن لە سیاسەتی جیهانی گۆڕانکاری دروست بکەن.

## گۆڕان لە چەمکی هێز و ئاسایش

یەکێك لە گرنگترین کارەکانی دەوڵەتی مودێرن بەهۆی هەبوونی هێز بریتی بوو لە دابینکردنی ئاسایش لە چوارچێوەی سنوورە نەتەوەییەکاندا. بۆ ئاسایش لەم وێنە تایبەتەی خۆی هەڕەشەش پێناسەکرا بوو کە هەڵبەت هێزی پێویست بۆ لەناوبردنی ئەم هەڕەشانە بەپلەی یەکەم بەگشتی سەربازی بوو، بەڵام جیهانیبوون بەناردنی هەڕەشەکان لە رەهەندی جیهانی بە ناوخۆیی، زەمینەی بۆ گۆڕان لە چەمك و بێ واتایی هێزی سەربازی بووە. بە دوای ئەم مەسەلەیە هاوپەیمانی سەربازی دوولایەنە کە زۆرتر هۆی ناسەقامگیری ناوچەیی بوون، خستۆتە ژێر پرسیار و رێگەی بۆ هاوپەیمانی چەند لایەنە ئاوەڵا کردووە. هەڵبەت نابێت لەبیری بکەین کە

ئەم هاوپەیمانیانەش دەتوانن کێشەی ئاسایش بەتایبەت لە ڕەهەندە ناوچەییەکاندا تووشی گۆڕان بکەن. لە لایەك بڵاوبوونەوەی میدیاکانی جیهانی و پەیوەندییەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە زۆربەی ڕووداوەکان کە لە ناوچەیەك ڕوودەدەن ڕەهەندی جیهانی بەخۆیان بگرن و لە لایەکی تر ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی فشار لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە. بەواتایەکی تر هێزەکانی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی (کە بەپێوستی بڵاوکردنەوەی هاوکارییەکان دووپات دەکاتەوە) بەهۆی بوونی ڕێگەکانی پەیوەندی داواکارییەکانی خۆیان بە ئاستی کۆمەڵەی خەڵك لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دەنێرن. لەم ئاستەشدا بەهۆی لاوازبوونی هێزی عورف دەوڵەت زەمینەی هاوکاری لە دوو ئاست حازر دەبێت. لە لایەك ئەکتەرە ناحکوومییەکان (NGO)کان لە سیستەمە جۆراوجۆرەکان هاوکاری دەکەن و لە لایەکی تر دەوڵەتەکانیش خۆیان هەروەها لە بواری کێبڕکێ لەگەڵ دەوڵەتان و هەروەها لەگەڵ NGO کان هاوکاری دەکەن. ئەم هاوکاریانە (لەئاستی دەوڵەت) هەروا کە پێشتر وتمان لە چوارچێوەی بیردۆزی یەکگرتن شایانی شیکردنەوە نییە، چونکە لەم حاڵەتەدا دەوڵەتەکان لەگەڵ جۆرێك لە ناچاربوونی ناوخۆی ڕووبەڕوون. یانی بەبێ ئەوەی کە دەوڵەتی نوخبەیی، ئەوان ناچار بەو هاوکارییە بکات ئەوان خۆیان هەست دەکەن کە دەبێت بە جۆرێك بێنە ناو ئەم پرۆسەی هاوکارییە. ئەمڕۆ پێش لەوەی کە چینی بۆرژوازی (ئەوەی مارکس) مەکینەی بزاڤی دەوڵەتەکان لە هاوکارییەکان و لە ڕاستی هاوپەیمانییە دەرەکییەکان بێت، ئەمە خەڵکی ئاسایین کە بەدەرکردنی ناڕەزایەتی خۆیان لە گروپە نارێکخراوەکان، دەوڵەتەکان ناچار دەکەن تاکو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان، دانوستاندن، گفتگۆ و هاوکاری لەگەڵ ئەکتەرەکانی تر بکەن، چونکە ((بەهۆی ناسەقامگیری ئابووری کە لە سەرمایەی نارێکخراو سەریهەڵداوە، گەندەڵی هێدی هێدی ژیانی بۆرژوازی دەگرێت)). ئەمڕۆ لەگەڵ شێوەی نوێ لە ئاسایش وەك



ئاسایشی ژینگە، ئاسایشی ژنان، ئاسایشی ئابووری و ئاسایشی پیشەدا ڕووبەڕووین. دوایی کۆنفرانسی ((ریو)) لەگەڵ ئەوەی کە وڵاتانی باشوور بەرپرسیارەتی لەناوچوونی ژینگەیان خستە ئەستۆی جیهانی پیشەیی، بەم شێوەیە ئەوان قایل بوون کە بۆ بەرگریکردن لەناوچوونی زیاتر، هاوکاری بکەن. لە ڕاستیدا ئەم هاوکارییە لە بواری ئەوەیە کە ئەم وڵاتانە ڕووبەڕووی مەترسی بڵاوبوونەوەی غازەکانی گوڵخانەیی، لەناوچوونی ئۆزۆن، کەمئاوی وشك ساڵین و هەروەها ئەم بابەتە کە یارمەتییەکانی دەوڵەتانی پیشەیی بەوڵاتانی جیهانی سێیەم پابەندە بە پێشکەوتنی مرۆڤی سەقامگیر، بەم جۆرە کێشەی ژینگە بە جۆرێك پەیوەندی بەهێز و کارایی دەوڵەت هەیە. لە لایەکی تر چالاکییەکانی NGO کانی ماف مرۆڤ، فێمینیستەکان و لایەنگەرانی تری ماف ژنان سەرنجی خەڵکی جیهانی بەچەوسانەوەو جیاوازی دانان کە بە دژی ژنان دەکرێت و ژیانی ئەوانی تووشی مەترسی کردووە ڕاکێشاوە. لە وڵاتانی باشوور دۆخەکە لەمەش خراپترە، توندوتیژی بەکارهاتوو لە زۆربەی ئەم کۆمەڵگایانە بەدزی و شاراوەیە، چونکە ژنان زاتی ئەوەیان نییە کەدەری ببڕن. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا بە هۆکاری جیاواز ناچارن کێشەی ئاسایشی ژنان بە شێوەیەکی توندوتۆڵ لەبەرچاو بگرن، لەسەر ئەم بنەمایە چارەسەری کێشە جیاوازەکانی ژنانیش پێویستی بە هاوکاری نێونەتەوەیی هەیە. ڕێکخراوی نەتەوەکان زیاتر لە ڕێکخراوەکانی تری ناو حکومەتی (IGO) لەم ئەرکە چالاکە. لە چوارچێوەی ئاسایشی ئابووریش دەتوانین بڵێین کە گۆڕانی جێگە لە سیاسەتی سەرووخوار، شوێنێکی تایبەت بۆ ئابووری و هەروەها ئاسایشی ئابووری پێك هێناوە. سەقامگیری ئابووری لە یەك وڵات ڕادەی زیانی وڵاتێکی کەم و هێزی دەرکردنی بڕیاری بردۆتە سەرەوە. ئەگەر چی لە سەردەمی جیهانیبوون پەیوەندییەکی یەکسەر لە نێوان هێزی سیاسی و ئابووری نییە، بەم ڕوونکردنەوە هەبوونی هێزی باڵای ئابووری

ئیمکانی چوون بۆ ناو بواری جیهانی بەهێزتر دەکات. لەلایەکی تر ئابووری جیهانی لە ڕێگەی نەبوونی زانیاری بەنیسبەت ژینگەی ژیان، توانای کەس و ڕێکخراوەکان لاواز دەکات.

لەسەر ئەم بنەمایە ئاسایشی پیشەیی ڕەهەندی توندوتۆڵ تر بەخۆی دەگرێت. بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ڕۆژ بە دوای ڕۆژ پێویستی بەکرێکار (بەتایبەت کرێکاری ناپسپۆر) کەمتر دەبێت. تەنانەت چینی ناوەندیش وەك پرۆلیتاریای نوێ سەرهەڵدەدەن و لە دۆخێکی وەهادا دەوڵەتەکان بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەت و کارایی ناچارن سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی تایبەت بگرنە بەر. ئەم سیاسەتانە دەبێت بەشی وڵاتێك لە دابەشکردنی کاری نێونەتەوەیی فراوان بکات، کە ئەم ئەرکە خۆی لەژێر سایەی هاوکاری بەربڵاوتر ڕوودەدات.

لەژێر هەلومەرجی جیهانیدا دەوڵەتەکان ناچارن لەلایەنەکانی تریش هاوکارییەکانی خۆیان پەرە پێبدەن. یەکەم سەبارەت بەفراوانبوونی هێز NGO نایاساییەکان و یان گروپە تیروریستییەکان و مافیا و ئەوەی تر سەبارەت بە کێشەی کۆچی زۆرەملێی کە بەهۆی پێکدادانی نەتەوەیی و هەروەها دووبارەبوونەوەی ناسیۆنالیزمی ڕوودەدات. سەبارەت بە گروپی یەکەم بەکردەوە لەگەڵ جۆرێکی زۆر بەربڵاو لە گروپە نایاسایەکاندا ڕووبەڕووین. جگە لەوەی کە ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت بووە هۆی پەرەسەندنی بێ وێنە لە بازاڕی قاچاخی چەك، کە ئەمە بۆ خۆی تایبەتمەندی دەوڵەتی لەسەر کاروباری سەربازی تووشی قەیران کردووە. بۆ وێنە زۆربەی چەکەکانی سوپای ئازادیخوازی بەشی کۆسۆڤۆ بە شێوەی قاچاخ لە دوای ڕووخاندنی دەوڵەتی کۆمۆنیستی ئالبانی، لەو وڵاتە کراوە. قاچاخی ماددە سڕکەرەکانی کۆلۆمبیا لە ئەندازیارەکانی ڕووسی بۆ دروستکردنی ژێر دەریایی (غەواسە) بۆ جێبەجێکردنی چەند تەن ماددەی سڕکەر سوودیان وەرگرتووە. هەروەها ئەو موشەکانەی کە لە زۆربەی



ئۆپۆراسیۆنەکانی تیرۆریستی بەکارهاتووە، دروست کراوی ڕوسیایە کە لە ڕیگەی بازاڕە ڕەشەکان دەستی تیرۆریستان کەوتووە. قاچاخی ماددەی رادیۆ ئەکتیۆ وەك یۆرانیۆم کە بەهۆی ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینییەوە. بە جۆرێك ماددەی رادیۆ ئەکتیڤی وەك یۆرانیۆم لە وڵاتانی ئاسیای ناوەندی دەست بە دەسوڕێت و مامەڵەی پێدەکەن و بەم جۆرە ئاسیا و هەروەها ئەوروپا لەگەڵ قەیرانی چەکەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوودا ڕووبەڕوون. بوونی ئەم دۆخە هاوکاری فراوانی پێویستە تاکو ڕادەی حەساری کۆمەڵگاکان بگەیەنێتە کەمترین. ئەم هاوکاریانە وەکو پێویست، پێویستی بە هەبوونی زەمینەی بەهێزی یەکگرتن نییە.

لەکۆتاییدا یەکێك لە کێشەکان کە بەهۆی دووبارەبوونەوەی بزاڤەکانی ناسیۆنالزمی نافەرمی و ڕوودانی شەڕی ناوخۆ کە بووە هۆی وە ئارەیی چەند ملیۆن کەس لە مرۆڤەکان. ئاسەواری ئەم جۆرە شەڕانە لە ئاسیا و ئەفریقیا و هەروەها ئەوروپا دەبینین. جگە لەمە پێکهاتەی دانیشتوانی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست کە بە شێوەی ناچاری بوو، بووە هۆی ئەوەی تا پاش ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت هەشت ملیۆن کەس ناچار بن لە کۆماری ناوبراوەکان کۆچ بکەن و هەر لە ڕێگا بوون کە وڵاتانی سەربەخۆیی بەرژەوەندی هاوبەش دەستیان دایە هاوکاری توندوتۆڵ تا لەم ڕێگاوە ئەم قەیرانە چارەسەر بکەن. لەگەڵ ئەوەی کە بەکگراوەندی هاوکاری خۆبەخش لە نێوان ئەم کۆماریانە نەبووە، بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی ناوبراو ئێمە جۆرێك لە هاوکاری نزیك دەبینین. هەروەها سەبارەت بە کۆمەڵگای ئەوروپا دەبینین کە نەبوونی یاسای هاتووچۆی سنووری لە نێوان هەندێك لە ئەندامانی ئەوروپا بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆچبەرەکان بەساکاری لە وڵاتێکەوە بچنە ناو وڵاتێکی تر. ئێستا یەکێك لە قەیرانەکانی یەکیەتی ئەوروپا بڵاوکردنەوەی سنوورەکانی ئەو بەلای ڕۆژهەڵاتە کەوا دیارە پرۆسەی ناوبراو لە داهاتوو دووبارە ببێتەوە.

## ب/ جیهانیبوونی ئابووری

بە پێچەوانەی رووبەری سیاسەت، لە جیهانی ئابووری بەهۆی ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ پێوەرێکی کەمتر پەیوەندیمان هەیە دەتوانین مەسەلەکان بە شێوەیەکی روون تر ببینین. هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێدا سەرەکی ترین مەکینەی بزاڤی کێبڕکێ لە جیهانیبوون دەتوانین لە رەهەندی ئابووریدا بدۆزینەوە. ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە جیهانیبوونی ئابووری مەسەلەی هاوکاری بە پێویست دادەنێن بەشێکی فراوان لەخۆ دەگرێت، بەڵام گرنگترینی ئەوان دەتوانین لە خولقاندنی ئابووریەکی مەجازی (Virtual)، گۆڕان لە سەرمایەداری، شێوازی بەرهەمهێنان و یاسای گەمەکەدا ببینین.

مەبەست لە ئابووری مەجازی ئەمەیە کە هەموو رۆژێك قەبارەیەکی فراوان لە سەرمایە کە لەوانەیە چەند بەرابەری GNP وڵاتێکی لە حاڵی پێشکەوتن دابێت، لە بازاڕە جیهانییەکاندا دێت و دەڕوا. ئەم قەبارە فراوانەی سەرمایەی مەجازی (Virtual) و نرخی زۆری ئالوگۆڕی پارە لە جیهان هەرچی جۆری ئابوورییە تووشی زیان کردووە. لە هەلومەرجێکی وەهادا وڵاتان ناچار بەچوون بۆ ناو بازاڕەکانی جیهانی و هەروەها هاوکاری ئابووری لە رادەی زیانەکەیان کەم بکەنەوە. لە لایەکی تر لەژێر هەلومەرجێکی وەهادا هەرکام لە جەمسەرە سێ جۆرەکانی ئابووری لە دنیا تێدەکۆشن تا جۆرێك لە یەکگرتن و هاوپەیمانی نوخبە خوازانەی ئابووری پەرە پێبدەن. وڵاتێك کە لەدەوروبەری ئەم جەمسەرانەن هەموو رۆژێك زیاتر لە دوێنێ هەر ئێستابە پێویستی هاوکاری لەگەڵ ئەم جەمسەرانە دەکەن.

لە لایەکی تر سەرمایەکان هەنووکە فورمێکی نارێکوپێکیان بەخۆوە گرتووە، کە ئەم بابەتە ئاسایشی ئابووری خستووەتە ژێر هەڕەشە ئەم نارێکخراوییە ریشەیی لە سیاسەتەکانی لیبڕاڵە نوێکانی دەیەی 1980 هەیە. ئەم دۆخە لە باکوور ئاسەواری نێگەتیڤی داناوە. کۆمپانیا



فرەرەگەزەکان بەبێ هیچ یاسایەك و تەنیا بۆ بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر سەرمایەی خۆیان لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەگوازنەوە کە ئەمە خۆی دەتوانێت نرخی قازانج و هەروەها سەقامگیری دراوی دەرەکی لە یەك وڵات بخاتە ژێر کاریگەری ئەو. هەرچەند چالاکییەکانی NGO کان ئاسەواری ئەم نارێکخراویەی تاڕادەیەك روون کردۆتەوە، بەهەر شێوەیەك بێت تەنیا دەوڵەتەکانی بەهێزی ئابوورین کە دەبێت بۆ بەرگری لە شەپۆڵی کۆچبەرە بێکارەکان و ئاسەواری کۆمەڵایەتی سەرچاوەگرتوو لە ئەو، کۆمەڵگاکانی خۆیان بکەونە هاوکاری کاریگەر لەگەڵ دەوڵەتانی تر. یەکێك لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم نارێکخستنە بریتییە لە گۆڕان لە سەرمایەگوزاری راستەوخۆی دەرەکی (FDI) کە تێدەکۆشن ببنە جێگری رژێمەکانی یارمەتیدەری دەرەکی. بەلەرچاوگرتنی رۆڵی کاریگەری FDI لە گەشەسەندن و پەرەسەندنی وڵاتانیرۆژهەلاتی ئاسیا و باشووری رۆژئاوا هەنووکە روانگە بەنیسبەت ئەم مەسەلەیە گۆڕاوە و دەوڵەتەکان زیاتر لە جاران خوازیاری گرتنی FDI ن و لەم رووەوە تەنانەت یاساکانی خۆشیان گۆڕاوە. بەم شێوەیە ئەو مەرجانەی کە وڵاتانێك کە ئیعتبار دەدەن بۆ دابین قەرز پێویستی بەوەیە کە ئەوانەی وا ئەم قەرزە وەردەگرن لە زەمینەکانی وەك بەرگریکردن لە قاچاخی مادده سڕکەرەکان، تیرۆریزم و دانانی سیاسەتی کراوە و برادەرانە کە ببێتە هۆی چالاکی ئابووری فراوانتر بینیرێت. لەم بوارەدا وڵاتانی باشوور تا رادەیەکی زۆر ناچارن لەگەڵ باکوور هاوکاری بکەن. لە لایەکی تر ناوەند سڕینەوەی ئاسۆیی لەبەرهەم، زنجیرەی پێشووی بەرهەم، ناردنە دەرەوە و دۆزینەوەی بازاڕی شێواندووە بە جۆرێك کە کاڵایەکی کەم دەتوانین بدۆزینەوە کە لە وڵاتێکی تایبەت بەرهەم هاتبێت. لەسەر ئەم بنەمایە پارچەکانی ئۆتۆمۆبێلێك لەوانەیە لەچەند وڵات بەرهەم بێت. هەر ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی هاوکاری لە زەمینەکانی ماڤی مەعنەوی، بیمە (تەئمینات) و هەروەها کولتووری. ئەندامان و هەروا بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان کە دانیشتووی

وڵاتێکی ترن هێدی هێدی زەمینەی بڵاوکردنەوەی ئالوگۆڕی کولتووری ئامادە دەکەن. لە لایەکی تر هەر ئەم ناوەند سرپینەوەیە تاڕادەیەکی زۆر دەتوانێت بەرگری بکات لە کۆچکردنی عەقڵەکان لە جیهانی سێیەم. لەسەر ئەم بنەمایە مەسەلەی گەیشتنی وڵاتانی باشوور بە ئامرازەکانی پەیوەندی دەکەوێتە روو تا لەم رووەوە وڵاتانی ناوبراو بکەونە ناو زنجیرەی بەرهەم هێنانی جیهانی. بەم بوونەیە بۆ بەرگریکردن لە زۆربوونی شەقبوونی دیجیتاڵی نێوان باشوور و باکور، ئەندامانی گروپی (7) لە دوایین دانیشتنی خۆیان لە ژاپۆن بۆ لەناوبردنی ئەم شەقە دووپاتیان کرد.

بە شێوەی گشتی یاسای گەمە لە جیهان هەنووکە لەگەڵ نادڵنیایی هاوڕێیە. دەوڵەتەکان ناچارن لە شانۆێك یاری بکەن کە شایان پێشبینی نییە، چونکە لەوانەیە بکەوتنە خواری بازاڕی بوورس و یان هاتنە خواری بەهای پارەی وڵاتێك ببێتە هۆی قەیرانی گەورە لە بازاڕە گەورەکانی جیهان. وەك ئەم دۆخە لە پەیوەندی لەگەڵ قەیرانەکانی ئەم دوایەیی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و یان کێشەی قەرزەکانی مەکسیك دەبینین. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا ستراتیژی گەورەی باشوور و باکوور تاڕادەیەك بە شێوەی یەکسان دەکەونە بەر هەڕەشە و ئیتر توانای لە فراوانبوونی هاوکارییان لە ئاستی ناوچەیی و هەروا جیهانی نییە. ئەم هاوپەیمانیانە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، زیاتر بە شێوەی چەند لایەنە بەکەڵکە تا بە شێوەی دوولایەنە. سەرباری ئەمانە سەبارەت بە نادڵنیابوون لە یاسای گەمەکە یەکگرتوویی تەواو چارەسەر نییە، چونکە ئەزموونی یەکگرتن، ئەزموونێکی تایبەتە بە تاکە. ئەگەرچی هەندێك کەس باڵابوونی رادەی زیان بە نیشانەی بوونی بەستراو بۆ نەوەی دوولایەنە دادەنێن. لەم رووەوە هاوکار لەم کێشەیە هۆکارێك بۆ فراوانبوونی یەکگرتوویی یان بەستراوەی دوولایەتی ئابووری نییە.





## أ/ جیهانیبوونی سیاسەت

چوارچێوەی سیاسی بوونەتە هۆی ئەوەی تاکو مەسەلەی هاوکاری نێونەتەوەیی بەنیسبەت رابردوو ساکارتر بێت ئەم چوار هۆیە بریتین لە: لاواز بوونی دەوڵەت–نەتەوەکان و ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، بڵاوبوونی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی لە لایەك ئەکتەرە ناحکومییەکان (NSA)، کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و ناکۆکییە ئایدیۆلۆجیکییەکان و لە کۆتای گۆڕانکاری لە چەمکی هێز و ئاسایش. لە خوارەوە هەریەك لەم کەیسانە روون دەکەینەوە. ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم کە ژێرخانی پێکهێنەری دەوڵەتە مودێرنەکانە، هەموو کات بە یەکێك لە بەربەستە سەرەکییەکان بۆ بڵاوبوونەوەی هاوکارییە نێونەتەوەییەکان ئەژمار دەکرا. لەم پرۆسەیە بەنیسبەت لاواز یان بەهێزبوونی ناسیۆنالیزم هاوکارییەکانیش فراوان یان کەم دەبن. هەروەها گریمانەی عەقڵانی کارکردنی دەوڵەتەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان زیاتر بچنە ناو هاوپەیمانی دوولایەنەوە، چونکە لەم جۆرە هاوپەیمانییە دوولایەتانە بەزۆرترین رادەی قازانج دەگەیشتن، ئێستا دەوڵەت–نەتەوە سەروەری چووەتە ژێر پرسیار و لە لایەکی تر گریمانەی عەقڵانی تووشی قەیران هاتووە. لەسەر ئەم بنەمایە نەتەوەکان ئیتر ئەو لێبووردنی رابردوویان بەنیسبەت خاك، خوێن، ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی نییە و ئەو مەسەلەیە دەستی ئەوانی بۆ سەرنجێکی زیاتر بەنیسبەت کێشەکانی سەرووی نەتەوە و دەرەوەی سنوور ئاوەڵاتر کردووە. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کەوا ئێمە لە جیهانێکی بێ سنوور دەژین و یان لە فۆرمی توندڕەوانەی ئەو، بەکۆتای دەوڵەت–نەتەوە گەیشتووین. راست ئەوەیە کە هێشتا زۆربەی دەوڵەتەکان سنوورەکانی خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن و دانانی ڤیزایان بەدەستە. لەم رووەوە نە دەوڵەت لەناوچووە و نە سنوورەکان، بەم جۆرە سەروەری بە چەمکی

کلاسیکی ئەو تووشی قەیران هاتووەو لە ئەنجامدا گریمانە پێکهێنەرەکانی ئەویش خراوتە ژێر پرسیار. دەبێت ببینین تاچ رادەیەك سەروەری هەروا دەتوانێت تایبەتمەندی رێژەی کۆمەڵێك لە مەسەلەکان وەك ئابووری سیاسی نێونەتەوەیی، پێشکەوتن، پێشنەکەوتن، ئێکۆلۆژی، ئاسایش، ناکۆکییەکانی نێوان کولتوورەکان، شوناسی کۆمەڵایەتی، سیاسی و پەیوەندی لەبەردەست دابێت. کاتێك هەموو کردەوو، ناوبراوەکان لەناو چوارچێوەیەکی جوگرافیایی بە ناوی وڵات ئەنجام دەدرا، بەڵام هەنووکە لەگەڵ لاواز بوونی رۆڵی دەوڵەتەکان لەم زەمینەدا، دەتوانین بیر لە پێشکەوتنی سەرووی نەتەوەیی و ئاسایشی نێونەتەوەیی بکەین بەم جۆرە بەدیار دەکەوێ ناکۆکی سەرەکی سەروەری وێستفالیایی ئەوەیە کە نەتەوەیەکان دەیانویست هاوکات لە ئاستی سەرووی نەتەوەی کار بکەین، تاڕادەیەکی زۆر بەهۆی پرۆسەی جیهانیبوون کەم بووەتەوەو هەر ئەم مەسەلەیە رێگە بۆ بڵاوبوونەوەی هاوکارییە نێونەتەوەییەکانی هەموار کردووە. لە لایەکی تر سەیرێك بە ئەنجامکانی جیهانیبوون دیاری دەکات کە لاوازی ئێستای سەروەرییەکان بە بیردۆزی هاتنە خوارەوەو چوونە لوتکەی بەردەوامی سەروەرییەکان لە سەردەمی نوێ کەڵکی نەماوە. یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم مەسەلەیە جۆراوجۆری و نوێبوونی قەیرانەکانە کە هەنووکە سەروەری رووبەڕوویەتی و هەروەها هۆیەکی تر وڵاتانی باشوور خۆیانن. باشوور جێگەیەکە بە ساکاری دەتوانین ببینین کە چۆن چەمکی تۆماس هۆبزی رۆژئاوایی لە دەوڵەت تووشی قەیران هاتووە بە جۆرێك کە توانای وەڵامدانەوەی زۆرێك لە کێشەکانی نییە.

مەسەلەی دووەم بڵاوبوونەوەی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانییە. حەز کردن لە بەها هاوبەشەکان وەك پاراستنی ژینگە، ماف مرۆڤ، ماف منداڵان و وەك ئەمانە بواری بۆ تێگەیشتنی دوولایەنەی نێوان وڵاتانی باکوور و باشوور خولقاندووە. ئەمڕۆ زیاتر لەهەر کاتی تر NGO کانی باشوور لەگەڵ



NGO کانی باکوور هاوکاری دەکەن و ئەمە پێش لەوەی کە حاڵەتی دوولایەنەی هەبێت، خاوەن تایبەتمەندی نێونەتەوەیە. ئەم NGO یانە توانای ئەوەیان هەیە تا بڕیارەکانی دەوڵەتەکان و هەروا رێکخراوی نەتەوەکان بخەنە ژێر کاریگەری خۆیان. لەم رووەوە ئەگەر نیشانەکانی پاڵپشتی لە بەهاکانی جیهانی لەوڵاتێك ببینین، تێدەکۆشن لە بواری جیهانیش پشتگیری لەو وڵاتە بکرێت. لەم پرۆسەیەدا بەکردەوە لەگەڵ جۆراوجۆری ئەکتەرەکان رووبەڕووین کە ئامانجەکەیان دواجار دژایەتی کردن لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یاسای سیستەمی سەرمایەداری لە ژیانی کۆمەڵایەتییە. هەر ئەم مەسەلەیە پێویستی یەکدەستبوونی ئەکتەرەکان بۆ بڵاوبوونەوەی هاوکاری لە شێوەی عورفی ئەوەی خستە ژێر پرسیارەوە بە واتایەکی تر حەزی هەندێك لە ئەکتەرەکان بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی چاولێکەری، ئەکتەرەکانی تر وا لێدەکات تا لە ئاراستەی مانەوەی خۆیان هاوکاری بکەن. ئەم هاوکارییە دەتوانێت ئاستی تاك تا ئاستی نێونەتەوەیی بگۆڕدرێت. لەسەر ئەم بنەمایە و لە روانگەی لیبراڵەکان فراوانبوونی رێکخراوە نێونەتەوەیەکان دەتوانن یارمەتی پاراستنی ئاشتی بن، بەکردەوە تووشی قەیران هاتووە. لە قوبرس، تورکە رەسەنەکان و یۆنانیە رەسەنەکان بە پاڵپشتی دەوڵەتی ئەمریکا بە ئامانجی گەیشتن بە ئاشتی فێردەکرێن و ئەم فێرکردنە لە رێگای NGO کانی ژینگە رۆڵێکی گرنگ لە دەرکردنی یاساکانی ژینگە دەبینن. ئەوان بە بێ لێبووردەیی نەتەوەیی، تێدەکۆشن ژینگە رزگار بکەن. دەتوانین بڵێین NGO کان لە سەردەمی جیهانیبوون سیستەمێکی چاك بۆ هاوکارییەکانی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دروست دەکەن. ئەم هاوکاریانە پێویستیان بە تەشریفاتی دیپلۆماتیکی، گفتوگۆ و دانووساندنی سیاسی عورفی نییە. بەم هۆیەوە دەوڵەتەکان دەتوانن بەشێك لەکارەکانی (ئەرکەکانی) خۆیان بدەن بە NGO کان. مەسەلەی تر تەواو بوونی ناکۆکی ئایدیولوژیکی شەڕی سارد و جێگیرکردنی

سنووره کولتووری کۆمەڵایەتی لەبری سنوورەکانی ئایدیۆلۆجیکییە. لەو سەردەمە کێبڕکێی نێوان دوو زلهێزەکە نەتەنیا بواری هاوکاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای لە باکوور تاڕادەیەکی فراوان سنووردار بکات، بەڵکو ببووە هۆی ئەوەی تاکو زۆربەی وڵاتەکان بەهۆی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ یەکێك لە دوو زلهێزەکان، زەمینەیەکی هاوکاری خۆیان کەم بکەنەوە. کۆتایی شەڕی سارد پێویستی بە بڵاوبوونەوەی ئاسایشی لە ڕێگای هاوکاری فراوان کردووە. دەوڵەت–نەتەوەکان ئیتر ناتوانن بەبیانووی ناکۆکییە ئایدۆلوژیکییەکان بچنە ناو پێستی خۆیان. لە لایەکی تر ئەوان ناتوانن بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەت لە دەستێوەردان و هاوپەیمانی سەربازی سوود وەرگرن. بە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ئاستی چاوەڕوانی خەڵکی لە دەوڵەتانی باکوور چووەتە سەرەوە کە چەند هۆکار لەم مەسەلەیە بەشدارن. ئەوان خوازیاری ئازادی و حکومەتی دیموکراتیکن. لە هەندێك لا کۆتاییهاتنی شەڕی سارد بەواتای سەرکەوتنی لیبراڵیزمە نوێیەکان دادەنرێت. بەم شێوەیە فراوانبوون و بڵاوبوون و هاوکارییەکان لەکوتلەی پرۆگرامەکانی خۆی داناوە، کە ئەو دەتوانێت زەمینەکانی شیاو بۆ هاوکارییە ئابوورییەکان و بەهێز کردنی هاوکارییە سیاسییەکان بڕەخسێنێت. لەسەر ئەم بنەمایە چەند لایەنە خوازی لە شەڕی کەنداوی فارس نێوان ڕێکخراوی نەتەوەیی وڵاتانی تر، خۆی بە یەکێك لە ئەنجامەکانی کۆتایی پێهێنانی شەڕی سارد دادەنرێت، چونکە گەیشتن بەم ئاستەیە لە یەکگرتن بۆ دەستێوەردان لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئاسایشی لە سەردەمی شەڕی سارد مەحاڵ بوو. بەم هۆیە لە پرۆسەی چەند لایەنخوازی پاش ڕووخاندنی سیستەمی دووجەمسەری، نەتەوەیەکگرتووەکان و هەروەها دەزگا پەیوەندیدارەکان بە ئەو ڕۆڵێکی گرنگییان گێڕا. ئەمڕۆ ئەم ڕێکخراوە پردێکە لە نێوان ئەکتەرە ناحکومییەکان، دەوڵەتەکان و هەندێك کۆمپانیای فرەرەگەز. تەنانەت لە



هەندێك بواردا هەندێك لە NGO کان لە ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی وەك یونسکۆ و یونیسێف یارمەتی ئابووری وەردەگرن تاکو بتوانن لە ڕێگای دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی هەنگاوی کاریگەر ئاڕاستە بکەن. دواجار گۆڕان لە چەمکی ئاسایش و هێز ئەگەرچی دەوڵەتەکان و ئەکتەرەکانی تری توشی قەیران کردووە، بەڵام لایەنی پوزێتیڤیشی لەگەڵ خۆی هێناوە. بەدەستهێنانی هێزی نەرم چەندین جار ساکارترە تا بەدەستهێنان و پاراستنی هێزی ڕەق. دەوڵەتەکان ئەگەر بتوانن چەمکە نوێکانی ئاسایش بۆ خۆیان پێناسە بکەنەوە بەو شێوەیە ئیتر ناچار نین دەست بدەنە بەهێزکردنی لەشکرە سەربازییەکان. بنکەکانی سەربازی دروست بکەن و مەترسییەکان و زیانەکانی سەرچاوەگرتوو لە هەڵگرتنی چەك و جەبەخانەکان کەم بکەن. خەرجێك کە بۆ فێرکردن و هەڵگرتنی هێزە سەربازییەکان خەرج دەکرێت، بارێکی قورسی ناوەتەسەر شانی دەوڵەتەکان. سەرباری ئەمانە زمانی چەك زمانی کێبڕکێ و چاوترسێنە. لە کاتیکدا هێزی نەرم لە ژینگەیەکی وەڵامدەر شێوە دەگرێت و بەهێز دەبێت. دەوڵەتانی ئەمڕۆ بەرێژەی جیاجیا تێگەیشتوون کە درەنگ یا زوو کەمکردنەوەی ئاسایش لە شێوەی سەربازی سەردەمی شەڕی سارد پرۆسەی تەواوکەری خۆی دەگەیەنێتە کۆتایی. بەم هۆیە، ئەوان تێدەکۆشن بەبڵاوکردنەوەی هاوکاری ناوچەیی هەڕەشەکانی سەربازی کەم بکەنەوە. نابێت لەبیر بکەین کە لەناوبردنی هەڕەشەکانی ئاسایشی نوێ وەکو پێویست بەواتای دروستکردنی هەڕەشە بۆ وڵاتێکی تر نییە. لە هاوکارییەکانی ژینگەیی و کێشەی ئارەکان ئەو هەستەی کە دەوڵەتەکان بەنیسبەت بڵاوبوونەوەی چەك لە وڵاتێکی تر هەیانە نییە. کۆتایی شەڕی سارد کێشەی سەربەخۆیی ئابووری و هەروەها جبهەبەندی کە تێدەکۆشن سەربەخۆی ئابووری خۆیان بپارێزن لە بواری نێونەتەوەیی تووشی قەیران هاتووە، چونکە سەربەخۆیی زیاتر لە پەیوەندی لەگەڵ دەستێوەردانی

ئوروگوای رۆڵێکی گرنگی لە پەرسەندنی بازرگانی نێونەتەوەیی هەبوو. خێرای FDI بووە هۆی دروست بوونی هەڤگری قوڵ. بارودۆخی ئێستایی وڵاتانی پێشکەوتوو و پیشەسازییەکانی نوێ دیاریکەری ئەم هەلومەرجەیە. لەوانەیە بتوانین بڵێین کە لە کاتی خستنەڕووی بیردۆزی پەرەسەندن، هیچ ئەنجامێك نەیتوانیوە بەقەد بڵاوبوونەوەی FDI سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بێنێت. ئەگەرچی هەندێك پەرەسەندنی وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بە ناراست دادەنن، بەم هۆیەش ناتوانین چاکبوونی باری تەندروستی، هیوای ژیان و خۆشگوزەرانی رێژەیی لەم وڵاتانە لەبەرچاو نەگرین. بڵاوبوونەوەی FDI پێش لەوەی کە بەرهەمی ئابوورێکی جیهانی یەکگرتوو بێت، ئەنجامی هاوکاری کاریگەری نێوان باکوور و باشوور بووە. هێشتا لە سەرووی هەمووی کێشەکان کە لە دایینی ئیعیتبارەکان و هەروا بڵاوبوونەوەی FDI هەیە، ئەم ئەنجامی شانسێکی زۆری هەیە و هۆی ئاسانکارییەکانی هاوکارییەکانی دروست کردووە. واتای یەکەم بووەتە هۆی دابەزینی رێژەی بێکاری، دووەم: سەرەکیترین کێشەی هاتنە ناوەوەی وڵاتانی باشوور بۆ ناو سیستەمی ئابووری تاڕادەیەك لەناو بردووە. سەرەڕای زۆربوونی شەپۆلی FDI لەم ساڵانەدا هاوکارییەکانی نێونەتەوەیی نێوان کۆمپانیاکان وەك دابینی مۆڵەت (license)، بەشداری تایبەت ( joint venture) پرۆسێسی دەرەوەی سنوور لە (offshore procesing) و هاوپەیمانییە ستراتیژیەکان گرنگییەکی فراوانتریان دۆزیوەتەوە. رێککەوتننامەی هاوکاری نێوان کۆمپانیاکان لە دەیەی 1980 تاڕادەیەك دوو بەرابەر بووە. لە هەلومەرجی ئێستادا هەر سێ لایەنی جیهانیبوون یانی بازرگانی نێونەتەوەیی، FDI و هاوکارییەکانی نێوان کۆمپانیا سەرووی سنوورییەکان لەژێر دەسەڵاتی وڵاتانی OECDیە، بەڵام وڵاتانی تری لە حاڵی گەشەکردن رۆژ بە ڕۆژ بەشی خۆیان لەم پرۆسەیەدا فراوان دەکەن. مەسەلەیەکی تر کە هاوکارییە نێونەتەوەییەکانی فراوان کردووە، گۆڕانی



هێزە گەورەکان واتا دەدۆزێتەوە. ئەم کێشەیە ئەگەر چی رێگەی بۆ بەستراوەبوونی دوولایەنە هەموارنەکردووە، بەڵام تاڕادەیەك بووەتە هۆی فراوانبوونی هاوکاری نێوان باکوور–باشوور و باشوور–باشوور.

## ب/ جیهانیبوونی ئابووری

لە هەلومەرجی ئێستادا جیهانیبوونی ئابووری خاوەنی دوو رەهەندی گەورەیە کە بریتین لە: ئازادکردنی بازرگانی نێونەتەوەیی بۆکاڵاکان و خزمەتگوزارییەکان و ئازادکردنی شەپۆلی سەرمایەی نێونەتەوەیی. ئەم دوو تایبەتمەندییە گەورەیە کە بەیارمەتی جیهانیبوونی پەیوەندییەکان و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا روویداوە، سێ ئەنجامی گرنگی لێکەوتووە کە بریتین لە ئاسەواری زۆر بوون، پسپۆری و دابەشکردن. لە ئەنجامی یەکەمدا لەگەڵ زۆربوونی سەرمایەگوزاری و بەهێز کردنی چالاکییەکانی خولقێنەرن کە خاوەن ئاسەواری درێژخایێنن. سەبارەت بە ئاسەواری دابەشکردن بەکردەوە، لەگەڵ جۆرێك دابەشکردن کار، سەرمایە و بە شێوازێکی گشتی قازانجەکانی سەرچاوە گرتوو لە جیهانیبووندا رووبەڕووین. بەم هۆیانە جیهانیبوون لە پاڵ دروستکردنی بەربەست، دەتوانێت ئیمکانیاتی شیاو بۆ هاوکاری دابین بکات. کاریگەری جیهانیبوونی ئابووری دەتوانین لە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی وەك بڵاوکردنەوەیFDI (سەرمایەگوزاری راستەوخۆی دەرەکی) گۆڕانکاری لە شێوازی بەرهەمهێنان، بڵاوکردنەوەی بازاڕەکانی دارایی جیهان، چالاکییەکانی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان و دابەشکردنی کار لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین.

لە دەیەکانی 1950و1960 فاکتەری یەکەمی یەکگرتووی بازرگانی جیهانی بوو، بەڵام لە دەیەکانی 1970 بازرگانی نێونەتەوەیی هەروا یارمەتی دەرەکی هۆی زۆربوونی یەکگرتوویی لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردن بوون. گفتوگۆکانی گات (GATT) و هەروەها دانوساندنەکانی

شێوەی بەرهەم هێنانە کە خۆی بووەتە هۆی دابەشکردنی نوێی نێونەتەوەی کار. ئەمڕۆ ئێمە شاهێدی بەرهەم هێنانی بەربڵاوین. یانی ئیتر هەموو پارچەکانی کاڵایەکی لە وڵاتێك بەرهەم نایێن. بەواتایەکی تر هەندێك لە پارچەکانی لەو وڵاتانەدا بەرهەم دێن کەوا نرخی بەرهەم هێنان و هەروەها کرێ کەمتر بێت. لە دۆخێکی وەهادا لە پاڵ کەمکردنی ڕێژەی بێکاری دەبنە هۆی فراوانبوونی هاوکارییە نێونەتەوەیەکان کە ئەمە خۆی دەبێتە هۆی فراوانکردنی FDI. گۆڕان لە شێوازی بەرهەمهێنان ئەم ئیمکانە دەرەخسێنێت تاکو تاکەکان بتوانن بە شێوەی کاتی کاربکەن و کاتەکانی تری خۆیان و کارە جۆراوجۆرەکانی تر وەك چالاکی لە NGO کان تەرخان بکەن کە ئەمە خۆی بە تێکۆشان لە ڕێگەی فراوانکردنی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی بەئەژمار دێت. لە لایەکی تر بەهۆی بوونی دینامیزم لە جیهانیبوونی ئابووری دابەشکردنی نوێ جێی دابەشکردنەکانی رابردووی ڕۆژهەڵات–ڕۆژئاوا و باکوور– باشووری گرتۆتەوە و لەئەنجامی مەسەلەی دابەشبوونی جیهانی لەسەر بنەمای هەڵوێستی سیاسی جێگەی خۆی داوە بە دەستە بەندی وڵاتان لەسەر بنەمای رادەی پێشکەوتن.

جگە لەمە پێشکەوتن لە تەکنەلۆژیادا، پەیوەندی بازاڕە گەورە داراییەکانی لە دنیا پێکەوە گرێداوە. ئەمڕۆ لە نێوان بازاڕە گەورەکانی بۆرسی جیهان (نیویورك، لەندەن، فرانکفۆرت و توکیو) پەیوەندی نزیك هەیە. بە جۆرێك کە بەخێرایی کاریگەری لە گۆڕانکارییەکانی یەکتر وەردەگرن. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا زۆربەی وڵاتانی لەحاڵی پەرەسەندنیش چونەتە ناو ئەم بازاڕانە. بازاڕە ناوبراوەکان لەگەڵ دەوڵەتەکان و هەروەها کۆمپانیاکانی فرەڕەگەز لە پەیوەندی بەردەوام بوون لەگەڵ بازاڕە ناوبراوەکان دەتوانێت تاڕادەیەك سەقامگیری بداتە ئابووری گەورەی وڵاتان، چونکە وڵاتانی تر بۆ بەرگری کردن لە زیانی خۆیان گرنگی بە سەقامگیری ئابووری وڵاتانی تر دەدەن. جگە لەمە



بوونی بازاڕێکی دارایی بەهێزی ناوچەیی دەتوانێت هۆی هاوکاری ئابووری ناوچەیی بڕەخسێنێت و لەم ڕێگە و هاتنی وڵاتانی تر بۆ پرۆسەی جیهانیبوونی ئابووری ئاسان بکات.

لە کۆتاییدا کۆمپانیا فرەرەگەزەکان توانیویانە لە زۆربەی بوارە ئابوورییەکان هۆی هاوکاری لە نێوان دەوڵەتەکان و خۆیان برشەخسێنن. بە سەرنجدان بە قەبارەی فراوانی ئەو سەرمایە کە دەزگا داراییەکانی لەدەستیانە کە دەتوانن دەوڵەتانی باکوور ناچار بکەن، تاکو لەسەر سەرمایەگوزاری ئەوان لە باشووری رەزایەت بدەن. جگە لەمە ئەو ئیشانەی کە بەهۆی چالاکی کۆمپانیا ناوبراوەکان دروست دەبن جێگەی سەرنجن. بەڕێوەبردنی یارییە وەرزشییەکان، یارمەتی بە پیشەی ڕێکلام و توریزم، یارمەتی لە کاروباری فێرکردن و هینی تر ئەمانە ئەو بوارانەن کە ئەم کۆمپانیانە بۆ فراوانکردنی کاریگەری خۆیان و هەروەها بەدەستهێنانی رەزامەندی دەوڵەتانی میواندار ئەنجام دەدەن. ئەوانە هەروەها دەتوانن ناوچەی ئازادی بازرگانی و هەروەها جەمسەری بازرگانی ناوچەیی (وەك هۆنگ کۆنگ) دروست بکەن و بەم جۆرە بواری  هاوکاری ئابووری لە ناوچەیەك فراوان بکەن.

## پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و جیهانیبوونی میدیا گشتییەکان

لە کاتی شۆڕشی پیشەیی تاکو ئێستا تەکنەلۆژیا هەمووکات یەکێك لەسەرەکیترین ئامرازەکانی دەوڵەتان و ئەکتەرەکانی تر بووە بۆ پەرەپێدانی هاوکاری لە نێوانیان تەکنەلۆژیا بە ئاسانکردنی بەرهەم هێنان و هەروەها بە کۆمەڵکردنی ئەو، گەیشتن بە کاڵاکانی فراوان کرد. هەروەها بەهۆی پەرەسەندنی ئەو، نرخی هاتووچۆی کاڵاکان لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر کەم بووە کە ئەمە بۆ خۆی لە بواری چەندایەتی رادەی ئالوگۆڕی فراوان کرد. هەبوونی سیستەمێکی هاتووچۆی بەتواناو پێشکەوتوو یەکەمین هەنگاو بووە

بۆ دروستکردنی ئابوورییەکی بەهێز. شۆڕشی زانیاری لەسەدەی بیستەم و بە دوای ئەو جیهانیبوونی میدیا گشتییەکان وەك ئینتەرنێت، پۆستی ئەلیکترۆنی، فاکس، تێلێفاکس، مۆبایل و وەك ئەمانە خاڵێکی گرنگ بوو بۆ فراوانکردنی هاوکارییەکانی سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکان لە نێوان کۆمەڵگا جیاوازەکان، ئەمڕۆ دەتوانین کۆمپیوتەر بەسیمبۆلی دنیای نوێی پەیوەندییەکان لە پاش رادیۆ و تەلەفزیۆن دابنێین. پرۆسێسی کۆمپیوتەری جیهانی خستووەتە ناو هێڵە ئەلیکترۆنییەکان.

جیهانیبوونی میدیا گشتییەکان لە چەند رێگاوە یارمەتیدەری فراوانکردنی هاوکارییە سیاسی، ئابووری و کولتوورییەکان بوون کە دەتوانین ئاماژە بەزۆربوونی خێرایی پەیوەندییەکان، گەیشتنی جیهانی بە زانیارییەکان دروستکردنی سەرچاوەی نوێی هێز و هەروەها فراوانکردنی کولتووری جیهانی هاوبەش بکەین.

میدیا جیهانییەکانی ئەمڕۆ بە جۆرێك ئێمەیان گەیاندووە بە کۆتایی جوگرافیا. سنووورە کۆنەکان کە نەتەوەکانی لە چوارچێوەی یەکە جیاوازییەکان خستبووە ژێر، کۆنترۆڵی حکومەتێکی تایبەت و چاودێری دەکرد، ئەمڕۆ شکاوە و نەتەوەکان لە شارێگەکانی زانیاری پێکەوە هەڵسوکەوت دەکەن. دیپلۆماسی هەنووکە پێویستی بەمیدیای مۆدێرن هەیە تاکو لە کەمترین کات بتوانێت لەگەڵ وڵاتانی تر بیروڕاکانی بگۆڕێتەوە. لە شەڕی کەنداوی فارس لوتکەی هاوکارییە نێونەتەوەییەکان دروست کرا و لەلایەن میدیاکان بینیمان، کە ئەم مەسەلەیە زیاتر لە رێگای ناردنی خێرای زانیارییەکان بە دورترین شوێنی جیهان دروست بووە. بە شێوەیەکی گشتی هەموو کەسێك بەمەرجی هەبوونی ئامرازی پێویست دەتوانن لەم زانیاریانە کەڵك وەربگرن. لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە دەوڵەتان بەخەرجکردنی پارەیەکی زۆر تێدەکۆشن زانیارییەکان فیلتێر بکەن. بەم شێوەیە درەنگ یان زوو توانای ئەوان لەم بوارەدا روو لە کەمبوون دەکات. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا



سەتەلایتەکان ئەتوموسفریان داگیرکردووە. دەتوانن بچنە ناو هەموو سنووورە خاکییەکان. هەرچەندێك دەستگەیشتنی خەڵك بەزانیارییەکان، زیاتر و ئازادتر بێت، هەر بەو رێژەیەش گوشاری زیاتر دەکەوێتە سەر دەوڵەتان بۆ فراوانکردنی هاوکاری زیاتر. لە کۆمەڵگادا میدیاکان کاریگەری فراوانیان لە دروستکردنی رای گشتی هەیە. ئەوان بە ئامادەکردنی رای گشتی سەبارەت بە قەیرانەکانی ژینگە، حکومەتەکان دەخەنە ژێر فشار و لە زۆربەی کاتەکان دەبنە هۆی سەرنەکەوتنی ئەوان لە هەڵبژاردنەکان.

جیهانیبوونی میدیا گشتییەکان روخسارێکی نوێی لە هێز دروست کردووە کە دەتوانین بە رووخساری هەست پێنەکراوی هێز داینێین. ئەم بابەتە بەگشتی لە رێگای دوو رەگەزی خێرایی و ئاڵۆز بوون ئەنجام دەدرێت. خێرایی بەرهەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئاڵۆزیش لە تێکەڵبوونی ئایدیا و سیمبۆلەکان و تەکنەلۆژیایە سەرچاوە گرتوو. هێزی میدیاکان بە پێچەوانەی هێزی فیزیایی خاوەنی ئاسەواری درێژخایەن و هێدی هێدییە. ئەوان دەتوانن بە چاك نیشاندانی هەلومەرجەکە، وێنەی خەڵك لە خۆیان و کۆمەڵگاکەیان چاك بکەن. هەروەهاش دەتوانن بوونی دژایەتی ناوخۆی بە هاوکاری کردنی سەرو نەتەوەیی کەم بکەنەوە. دەسگەیشتنی زۆرتر بە میدیاکان گەیشتن بەهێزی قانع کردن زیاتر دەکات. دیپلۆماسی میدیایی لەم هێزە نادیارە کەڵك وەردەگرن. لە کۆتاییدا ئەوەی کە میدیاکان بۆ بەهایەکی هاوبەش پروپاگەندە دەکەن کە دەتوانین ئەوانە بە میراتی هاوبەشی مرۆڤایەتی ناوزەد بکەین. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا حکومەتە دەسەڵاتخوازەکانیش زۆرتر مەجبور دەبن وەڵامی رای گشتی بدەنەوە. بەم جۆرە دەتوانین شاهێدی جۆرێك لە بزاڤی جیهانی بەرەو دیموکراسی، هەرچەندە ئاسەواری ئەم بزاڤە لە هەموو شوێنێك رەهەندی یەکسانی نییە. کۆمەڵەی ئەم شەپۆلانە بەکردەوە بوونەتە هۆی لاوازی زاڵبوونی دەوڵەتان بەسەر ئابووری، کولتوور و سیاسەت، کە ئەمە خۆی رێگە بۆ هاوکاری زیاتری NGO کان لە پاڵ هاوکاری دەوڵەتەکان خۆش دەکات.

## هاوکارییەکانی باشوور ـ باکوور

هاوکارییەکانی باکوور–باشوور لە کۆتایی دەیەیی 1980 (بەتایبەت لە پاش رووخاندنی سیستەمی دووجەمسەری) چووەتە ناو قۆناغی نوێ. ئەم مەسەلەیە تاڕادەیەکی زۆر ئەنجامی هەلومەرجی نوێی سیستەمی نێونەتەوەیی و لەناوچوونی ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییەکانە. لەم قۆناغەدا ئیتر هاوکارییەکان بەس لە رەهەندی ئابووری نییە. باشووریش پاش کۆتایی سیستەمی دووجەمسەری لە بواری سیاسەت رۆلێکی کاریگەری گێڕاوە کە ئەمە خۆی ئەنجامی ئەو ئەزموونانەیە کە لە گروپی حەوت و هەروەها بزاڤی بێلایەنەکان بەدەست هاتوون. بە شێوەیەکی گشتی قەیرانەکانی هاوکاری نێوان باکوور–باشوور بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبن 1– ئەوانەی کە پەیوەندیان بە پێکهاتەیی ناوخۆیی وڵاتانی باشوورە هەیە لە سەردەمی شەڕی ساردیش بوونیان بووە. 2– ئەوانەی کە ئەنجامی هەلومەرجی پاش شەڕی ساردن. سەبارەت بە قەیرانەکانی یەکەم دەتوانین ئاماژە بەکێشەی هەژاری، فراوانبوونی دانیشتوان، بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان، پیسبوونی ئاوی ژێرخانەکان، کۆچی عقڵەکان و شەڕی تایفەیی بکەین. جگە لەمانە کێشەی تریش وەك ژینگەو قاچاخی مادده سڕکەرەکان هەیە، کە باکوور و باشووری لەخۆگرتووە. سەبارەت بە قەیرانەکانی یەکەم لەگەڵ ئەوەی کە باکوور و باشوور تێدەکۆشن تا ئەوانە لەناو ببەن، بەڵام هێشتا بە شێوەیەك نەیانتوانیوە ئەم گرنگە ئەنجام بدەن. هەژاری هەروەها لە ناوچە جیاوازەکانی ئاسیا و ئافریقا هەیە و تەنانەت لەژێر سایەی جیهانیبوون جیاوازی داهاتی ئەوان فراوان بووە. هێشتا بەشێکی زۆر لە خەڵکی باشوور لە گەیشتن بە ئاوی خاوێن بی بەشن. نەخۆشی جۆراوجۆر لەم ناوچانە هەڕەشە لە منداڵان دەکات، هەڵاتنی عەقڵەکان و شەڕی تایفی و عەشیرەتی هەر بەردەوامە. پڕۆگرامی هەموارکردنی پێکهاتەیی (strctured adjustment) ئەگەرچی سەرکەوتنی



بەدواوە بووە، بەڵام بووەتە هۆی هەندێك ناسەقامگیریش. بەتایبەت لە ئافریقا بەهۆی پێکهاتەیی ئاڵۆزی عەشیرەتی، ئەم پڕۆگرامە ئەوەندە سەرکەوتووو نەبووە. لەسەرووی هەمووی ئەم کێشانە سەیرکردنێك بە بارودۆخی باشوور دیاری دەکات کە بەنیسبەت رابردوو لە تەندروستی و سەلامەتی خەڵك پێشکەوتنی بەرچاو بەدەست هاتووە، هیوا بەژیان زۆر بووە جگەلەمە بینەری فراوانبوونی زیاتر لە ٪20 بەرهەم هێنانی خواردنین. بەم هۆیە پەروەردە کردنی سەرەتایی و ناوەندی زۆر بووەو پڕۆگرامی کوتان و تەندروستی زیاتر لە 30 ملیۆن منداڵی لە مردن رزگار کردووە.

لە چوارچێوەی مەسەلەکانی گروپی دووەم، قەیرانی نێوان باکوور و باشوور هەروا درێژەی هەیە. ئەم گروپە بابەتانە ئەوەندە بەرژەوەندی بۆ باکوور نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە باشوور ئەم مەسەلانە وەك ئامرازێك بەکاردێنێ تاکو بەو رێگەیە لە باکوور ئیمتیاز وەربگرن و مەسەلەکانی گروپی سێیەم چارەسەر بکەن. داماڵینی چەکی ئەتۆمی باشوور فەرمانێکە کە بە هێواشی بەرەوپێش دەچێت. تەنانەت لە عێراق کە هاوکاری نێونەتەوەیی بۆ لەناوبردنی چەکی ئەتۆمی و کیمیایمان هەیە، کارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوەندە سەرکەوتووو نەبوو. بەکردەوە ئەمڕۆ باشوور بووە بە جبەخانەی چەکە کۆکوژەکان. چین، هیندستان و پاکستان لە ئاسیا، ئیسرائیل لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەرژانتینا و بەرازیل لە ئەمریکای لاتین لەو وڵاتانەن کە خاوەن چەکی ئەتۆمین. هەنووکە تاڕادەیەك پێشکەوتن لە بواری لەناوبردنی چەکە ئەتۆمییەکان و کەمکردنەوەی بنکەکانی چەکە باوەکان بەدەست هاتووە. ئەم بابەتە لەوانەیە ئیمکانیاتی گەورە بۆ هەوڵەکانی نێونەتەوەیی پەرەسەندن دابین بکات، بەڵام بەسەرنجدان بە ناوچەیی بوونی هەڕەشەکانی لە سەردەمی جیهانیبوون و بەلوتکە گەیشتنی وردە ناسیۆنالیزمەکان، وڵاتانی باشوور تێدەکۆشتن هێزی سەربازی خۆیان بپارێزن، بەڵام سەبارەت بە

پەرەسەندنی هەمیشەیی، وڵاتانی باشوور دژیین، بەڵام مەسەلەی پەرەسەندنی سەقامگیر لەلایەن باشوورییەکان دژایەتی دەکرێ. ئەوان پێیان وایە لەناوچوونی ژینگە زیاتر ئەنجامی کردارەکانی باکووری پیشەسازییە و لەم رووەشەوە خەرجی ئەوە، دەبێت لە ئەستۆی باکوور بێت. کۆنفرانیسی ریو لەڕاستیدا شکستێك بوو، بۆ باکوور. پرۆسەکانی دووجار هاوکاری نێوان باکوور و باشووری خستەڕوو کە باکوور زیاتر لە جاران پێویستی بە باشوورە تاکو لەم رێگەیەوە بتوانێت پرۆگرامەکانی خۆی جێبەجێ بکات. دانوساندنەکانی ئوروگوای لە چوارچێوەی گات (GAT) و ئەم دوایەش رێکخراوی بازرگانی جیهانی (WTO) هەنگاوی پوزێتیفی لە رێگای هێنانە ناوی باشوور بۆ بواری بازرگانی و ئابووری نێونەتەوەیی ناوە. هەرچەندە هەندێك پێیان وایە کە گات لە راستیدا بەخاڵی کۆتایی بۆ بەهێزیی گفتوگۆی نێوان باشوور و باکوور بەئەژمار دێت، لەم رووەوە بزاڤەکانی ئەم دوایەی وڵاتانی باکوور بە مەبەستی کردنەوەی دەرگەکانی خۆی لەهەمبەر کاڵاکانی باشوور دەتوانێت بە بەکارهێنانی تواناکانی باشوور، بارودۆخی ئابووری خۆیان باش بکەن. کۆنفرانسی ئوروگوا بۆ یەکەم جار زەمینەی دەستێوەردانی بۆ وڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتون خۆش کرد تاکو لە ناو گفتوگۆی بازرگانی و پێکهێنانی هاوپەیمانییەکان کە خاوەن ئامانجی تایبەت و بەرزتر لە سنووربەندییەکانی عورفی باکوور–باشوورن، دابین بکات.

### هاوکارییەکانی باشوور ـ باشوور

هاوکارییەکانی نێوان وڵاتانی باشوور کەم و زۆر بوونێکی فراوانی بەخۆیەوە بینیوە. لە دەیەی 1970 جۆرێك متمانە بەخۆبوون لە نێوان وڵاتانی باشوور دروست ببوو. ئەوە کاتێك بوو کە ئەندامانی ئوپیك توانیان هێزی ئابووری خۆیان لە بواری ئابووری نێونەتەوەیی نمایش بکەن. هەروەها



گروپی 77توانیان رۆڵی کاریگەر لە دەرکردنی رێککەوتنامەکانی سیستەمی نوێی ئابووری نێونەتەوەیی و رەشنووسی یاسایی ئابووری لە نەتەوەیەکگرتووەکان بگێرن. دەیەی 1980 لەگەڵ کەمکردنەوەی ئاستی هاوکارییەکانی باشوور هاوڕێ بوو، بەڵام لە دەیەی 1990 هیوای فراوانبوونی هاوکارییە کاریگەرەکانی باشوور– باشوور دروست بوو کە بە رادەیەکی بەرچاو لە ئاگاداری خۆی و وڵاتانی باشوور لە سەردەمی جیهانیبوون سەرچاوەی گرتبوو. بەهۆی روودانی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە سیستەمی نێونەتەوەیی لە سەردەمی پاش رووخانی سیستەمی دووجەمسەری، باشوورییەکان تێگەیشتوون کە دەبێت زیاتر لە رابردوو بەخۆیان پاڵبدەن. کێشەیەکی تر کە بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری کە لە بەجیهانیبوون سەرچاوەی گرتووە ئەوەیە کە باشوور زیاتر لاوازییەکانی خۆی لە بەرامبەر بناسێت. لاوازییێك کە تەنیا بە فراوانکردنی هاوکاری نێوانیان لە ناودەچێت. لە لایەکی تر فراوانبوونی هاوکارییە ئابوورییەکان لە باشوور و سەرکەوتنی هەندێك لەوان وەك (ASEAN)، باشووری بەنیسبەت کاریگەری بوونی فراوانکردنی هاوکارییەکان لە چوارچێوەیەکی جیاواز لە یەکگرتوویی و نزیکبوونەوە بە شێوەی باکوور ئومیدەوارتر کردووە. ئێستا یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکان کە دەتوانێت هاوکارییەکان بەرەو باشوور هانبدات، سەرنجدان لە زیانی سیاسی و ئابووری لە بەرامبەر باکوورە. ئەگەرچی لە هیچ کاتێکدا باکوور تا ئەم رادەیە بە باشوور گرێنەدرابوو، بەم شێوەیەش دەبێت بڵێین کە لە هیچ خولێکی مێژووییدا هەڕەشەی وەها رووبەڕووی باشوور نەبوتەوە، چونکە پاش شەڕی سارد باشوور ئیتر ناتوانێت لەسەر یارمەتییەکانی، بێ بەرامبەر وڵاتانی دەرەکی حەسێب بکات. لەگەڵ ئەوە لە هەلومەرجی ئێستادا هێزە گرنگەکانی باشوور وەك چین، هیندستان، ئەرژانتینا و میسر، ناتوانن یەکگرتوویی ناوچەیەکی گرنگ دروست بکەن و جەمسەرێکی سیاسی پێك بێنن، بەم شێوەیە هەلومەرجی

دانیشتوانی بوونی بازاڕی فراوان لە وڵاتانێکی وەك هیند، برازیل و چین ئەم توانایەی دروست کردووە تا وڵاتەکان لە ڕێگای ناوچەخوازی ئابووری، بچنە ناو پرۆسەی جیهانیبوونی ئابووری.

جگە لەمە لە کاتی ئێستادا باشوور لە بواری تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەری سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە. هەنوکە هیندستان و چین لەناو گەورەترین بەرهەمهێنەرانی پرۆگرامی کۆمپیوتەری بە ئەژمار دێن. پیشەی کۆمپیوتەر وەك پیشە قورسەکان پێویستی بەسەرمایەگوزاری فراوان نییە. کەواتە بۆچوون بۆ ناو پرۆسەی جیهانیبوون پێویستی بەهەبوونی ئامرازی زۆر پێشکەوتوو نییە. بەم جۆرە جیهانیبوون لەگەڵ ئەوەی کێشەی بۆ وڵاتانی باشوور ناوەتەوە، هەر لەوکاتەش روانگەی نوێشی بۆیان دروستکردووە، بە جۆرێك کە باشوور ئەگەر ریفورمی پێکهاتەی ناوخۆ و بەهێزکردنی و شیاوی خۆی و متمانە بەخۆی بکات دەتوانێت لە ئاستێکی باڵا لە پرۆسەی جیهانیبوون کەڵك وەرگرێت.

### هاوکارییەکانی باکوور ـ باکوور

وڵاتانی باکوور بەهۆی هەبوونی پشکێکی زیاتر لە شارستانییەتی نوێ ساکارتر دەتوانێت خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانیدا بگونجێنێت. هەڵبەت ئەمە بەم مانایە نییە کە باکوور و باشوور چوونەتە ناو بارێکەوە کە ئەنجامەکەیی سفر دەبێت و دۆراوی سەرەکی باشوورە. سەیرێکی راستییەکان ئەوەمان پێدەلێن کە باکوور رووبەرووی قەیرانە. جیهانیبوونی ئابووری، بەکردەوە باشوورێکی لە دڵی باکووردا دروست کردووەو هەروا لە دڵی باشوور، باکوورێکی دروست کردووە. کێشەی هاوکارییەکان لە سەردەمی جیهانیبوون پێویستیان بە شێوەی هەڤگری نییە. ئێستا هەندێك لە ئەندامانی یەکیەتی ئەوروپا وەك بریتانیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا تێدەکۆشن هاوپەیمانی و پەیوەندی دوولایەنەی خۆیان لە دەرەوەی یەکیەتیە



بدۆزنەوە، چونکە وا دیارە کە هەڤگری سیاسی کۆمەڵگای ئەوروپا بە هاوتەریبی هەڤگری ئابووری بزاڤی نەکردووە.

دەتوانین لە دوو رەهەندەوە کاریگەری جیهانیبوون بەسەر پرۆسەی هەڤگری ئەوروپا بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە: یەکێکیان سنووردارکردنی ئەم پرۆسەیە پاش ساڵی 1989 و ئەو هەوڵانەی کە پرۆسەی فراوانکردنی ئەوروپایی خاو کردووەتەوە. لە رەهەندێکی تردا ئەم پرۆسەیە کاریگەری دەخاتە سەر دوو گروپ: یەکێك وڵاتانی یەکیەتی ئەوروپا و ئەوی تر گشت کیشوەری ئەوروپایە. ئەو هەوڵانە کە لەلایەن وڵاتانی ئەندام بۆ هێنانە ناوی بەشە دواکەوتووەکانی ئەوروپا لەکێبڕکێی ئابووری کراوە بەکردەوە لە رووی چەندایەتی ئەوەندە سەرکەوتوو نەبوون. لێکۆڵینەوەکانی دەیەی 1980 ئەوەمان پێدەڵێن کە گەیشتووین بە کۆتایی دابەشکردنی عورف وەك دابەشکردنی باکوور–باشوور کە لە ئیتالیا بووە. بەهەر شێوەیەك بێت هێشتا یەکیەتی ئەوروپا بە یەکێك لە گرنگترین جەمسەرە ئابوورییەکانی جیهان دێتە ئەژمار، هێشتا زیاترین ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاوکارییەکانی ئابووری هەیە. هەنووکە سێ جەمسەری ئەمریکا، یەکیەتی ئەوروپاو ژاپۆن زیاترین رێژە لە مامەڵەی بازرگانیا هەیە.

بەهەر شێوەیەك بێت لە داهاتوودا لەوانەیە هەوڵبدرێت تاکو رەهەندی ئابووری جیهانی تاڕادەیەکی فراوان بەهێز بکرێت و بەسەرنجدان بەڕاستیەکان هەوڵ دەدرێ تاکو هێزە سیاسییەکان بە هێزی ئابووری ببەسترێتەوە. ئەم کارە گرنگە لە ڕێگای فراوانکردنی رێکخراوە دارایییە نێونەتەوەیی و کۆمپانیا فرەرەگەزەکان روودەدات. هەرچەندێك لە کۆتایی شەڕی سارد دور دەبینەوە گەشبینی سەبارەت بەجیهانیبوونی ئابووری جێگەی خۆیان دەدەن بە رەخنەی ریالیستی. ئەو رەخنانەیی کە هێدی هێدی پاڵ بە رەهەندی سیاسی جیهانیبوون دەدات و گرنگی فراوانی پێدەدات.

## بەشی پێنجەم: رۆڵی ئەکتەرە ناحکوومییەکان لە سەردەمی بەجیهانیبوون

سیستەمی نێونەتەوەیی ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تری لەگەڵ فرەیی ئەکتەرەکان پەیوەندی هەیە، ئەو ئەکتەرانەی کە یان نوێنەری چەند دەوڵەت و یان پارێزەری بەرژەوەندی گروپێکی تایبەتین. فراوانبوونی بەرژەوەندییەکان بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئیمڕۆ ئێمە لەگەڵ ئەکتەرە ناحکوومییەکان (NGO) پەیوەندی مان هەبێت کە لە بوارە جۆراوجۆرەکان چالاکی دەنوێنن بەشێك لەم بوارانە بەهۆی لەناوچوونی ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییەکانی سەردەمی شەڕی سارد بووە، چونکە لەوکاتانە ناکۆکییەکان رێگر بوون لەوەی تاکو هەندێك لە کێشەکان وەك مافی مرۆڤ و ژینگە بە شێوەیەکی بەربڵاو باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. رووبەرەکانی تری وەك ئابووری لە پێشیشدا بووەو تەنانەت لە سەردەمی شەڕی ساردیش توانی وەك کەیسی شیلی لە کێشە ناوخۆیەکانی وڵاتان دەستێوەردان بکات، بەڵام بێگۆمان بە بەهێزبوونی پرۆسەی جیهانیبوون توانای NGO کانیش چەندین جار فراوان بووە. ئەم مەسەلەیە بۆ خۆی بووەتە هۆی زیادبوونی دەستێوەردانی (NGO)کان لە کێشە سیاسییەکاندا کە پێشتر بوونی نەبووە. گۆڕان لە چۆنیەتی و چەندایەتی ئەکتەرە ناحکوومییەکان پەیوەندییێکی هاوشانی لەگەڵ لاواز بوونی دەوڵەت–نەتەوەکان هەیە. ئەکتەرێکی تاك بەناوی دەوڵەتەکان لە بواری نێونەتەوەیی تاسەرەتای دەیەی 1980 رێگەی بۆ هاوکاری کاریگەر لە دەرەوەی رووبەری دەوڵەتدا سنووردار کردبوو. تەنانەت کۆمپانیا بەهێزە فرەرەگەزەکانیش بەگشتی هەوڵیان دەدا تاکو خۆیان لەگەڵ سیاسەتەکانی دەوڵەت رێك بخەن. هەر لەم سەردەمەدا کێشە ئایدیۆلۆجیکەکان دەبووە



هۆی ئەوەی کە هەر کام لە دوو زلهێزە رێکخراوی حکوومی نێونەتەوەیی (IGO) تایبەتی دروست بکات تا بەم رێگایە بتوانن بەداخوازیە ئایدیۆلۆجیکەکان خۆیان لە سیستەمی نێونەتەوەیی بگەن. تەنانەت رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکانیش وەك گەورەترین IGO لە ناکوکییەکانی ئایدیۆلۆژی بێبەش نەبوو. ئاشکرا بوو کە لە فەزایەکی وەهادا، IGO کان دەیانتوانی چاکتر ئیش بکەن تاکو NGOکان. بەم هۆیە کاریگەری رۆڵی دەوڵەتەکان لە کارەکانی NGO کان شایانی بایەخی فراوانە.

لەگەڵ رووخانی سیستەمی دووجەمسەری و قەیرانی واتا، ئەم قەیرانە زیاتر بەرۆکی رێکخراوە حکوومییەکانی سەردەمی شەڕی ساردی گرتووە. ئەگەرچی لە سەرەتای رووخان یاندا کە نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێت بەهۆی پێکهاتەی جۆراجۆر و فراوان دیسپلینێکی وا دابڕێژێت، بەڵام رووداوەکانی دواتر دەریخست کە نەتەنیا ئەم قەیرانە تووشی نەتەوەیەکگرتووەکان هاتووە، بەڵکو NATO،NAM و رێکخراوە حکوومییەکانی تریش گرتووەتەوە. لە هەلومەرجێکدا کە بەرهەمی ئەوان ئەوەندە سەرکەوتووو نەبووە، ئیتر پێویستی بە سەرمایەگوزاری زیاتر بۆ بەردەوامبوونی چالاکییەکانی IGO کان ناکات. رەنگە بە جۆرێك بتوانین بڵێین کە NGO کان توانیویانە خۆیان لە قەیرانی واتا رزگار بکەن و لە بواری نێونەتەوەیی شەرعییەتێکی بەرچاو بەدەست بهێنن.

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێناسەیەی کە لە جیهانیبوون و بەتایبەت رەهەندی سیاسی ئەو کردوومانە وەڵامی زنجیرەێك لە پرسیارەکان سەبارەت بە کارەکانی IGOکان و NGO کان لە سەردەمی جیهانیبوون بدەینەوە. وەك ئەوەی: هۆی فراوانبوونی NGO کان چییە؟ IGOێك وەك نەتەوەیەکگرتووەکان لەم پرۆسەدا چ رۆڵێکی هەیە؟ و ئایا لە بنەڕەتدا دەتوانین هۆی فراوانبوونی ئەم رێکخراوانە بگەڕێنێتەوە بۆ بڕیاری دەوڵەتەکان؟ لە لایەکی تر بەلێکۆڵینەوە لەسەر ریشەیی ئایدیۆلۆژی لەسەر

پێکهاتنی هێندێك لە IGOکان دەمانەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە لە سەردەمی کۆتایی ناکۆکی ئایدیۆلۆژییەکان، جێگەی ئەوان لە کوێیە؟ بەواتایەکی تر قەیرانی دەوڵەت–نەتەوە چ کاریگەرییەکی بەسەر چالاکییەکانی IGOکانەوە بووە کەوا خۆیان بەرهەمی دەوڵەتەکانن؟ جگە لەمە کێشەی سەرەکی کە سەرهەڵدەدات ئەمەیە کە ئایا دەوڵەتان و NGO کان هاتوونەتە ناو گەمەیەك کە ئەنجامەکەی سفرە یان یارییەکە ئەنجامەکەی دەگۆڕدرێت؟ لە کۆتایی تێدەکۆشین ڕۆڵی NGO کان لە بابەتە گرنگەکانی ئاسایش، دیپلۆماسی، پەرەسەندن و ناسیۆنالیزم بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە.

### بۆچی دەوڵەتان ناتوانن تاکە ئەکتەری پەیوەندی نێونەتەوەیی بن؟

لە باسی دەوڵەت–نەتەوەدا لە شانۆیی پەیوەندیە نێونەتەوەیەکان، بە ڕۆلی دەوڵەتان دەست پێبکەین. بەم واتایە کە تاوەکو ئەم دواییە دەوڵەتەکان نوێنەری نەتەوەکان لە سیستەمی نێونەتەوەیی بوون. بازرگانی، فێرکردن، جێبەجێکرنی یاسای مەدەنی، سزا، کۆنترۆڵی دراو لەناو کەیسە فراوانەکان بوون کە دەوڵەتەکان ئەمانەیان بە بەشێك لە کارە سەرەکییەکانی خۆیان دادەنا و هەوڵیان دەدا بۆ ئەنجامدانی ئەم کاروبارانە هێزەکانی خۆیان لە ناوەوە و هەروەها لە سیستەمی نێونەتەوەیدا بەکاربێنن، بەڵام بە فراوانبوونی ڕووبەرەکانی سیاسەت و ئاڵۆزبوونی ئەوان، دەوڵەتەکان هێدی هێدی تێگەیشتن کە ناتوانن هەموو ئەم کاروبارانە ڕاپەڕێنن و ناتوانن تاکە نوێنەری نەتەوەیی لە سیستەمی نێونەتەوە بن. لەم ڕووەوە بوو کە ئەوان دەستیان دا بە پێکهێنانی ڕێکخراوە حکوومییە نێونەتەوەیی، IGO کان تاکو بەشێك لە ئەرکەکانی خۆیان بدەن بە ئەوان. بە ڕەوتی کات بە هۆیە تایبەتیانە، IGO کانیش نەیانتوانی لەگەڵ دەوڵەتەکان سیستەمی نێونەتەوەیی بخەنە ژێر کۆنترولی خۆیان. لێرەدا بوو کە ئەکتەرە ناحکوومییەکان NGOکان هاتنە ناو شانۆکە.



لەم بەشەدا ئامانجی ئێمە دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان جیهانیبوونی ئەکتەری دەوڵەتەکان و سەرهەڵدانی ئەکتەرە نوێیە ناحکوومییەکان. تێدەکۆشین پەیوەندی نێوان NGO کان و ڕۆڵی ئەکتەری دەوڵەت بەهۆی جیهانیبوون بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە. سروشتییە کە ناتوانین جیهانیبوون بە گۆڕەکی سەربەخۆ دابنێین، چونکە NGO کان خۆیان لە فراوانکردنی جیهانیبووندا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە. ئەم پەیوەندییە بەو هۆیەوە گرنگە کە لە سەردەمی شەڕی سارد NGO کانیش چالاکیان هەبووە کەواتا ناتوانین هەر جۆرە داهێنانی ئەوان بە سەرچاوە گرتو لە جیهانیبوون دابنێین. ئەم پرۆسەیە بۆ ئەوانیش بەربەستی دروست کردووە. بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی ئەکتەرە فەرمی و NGO کان بەهۆی جیهانیبوون، دەبێت گۆڕەکە پەیوەندیدار بەجیهانیبوونیش لەبەرچاو بگرین.

سەرهەڵدانی ئەکتەرە ناحکوومییەکان زیاتر لە هەر شتێکی تر بەهۆی هەلومەرجی سیستەمی پەیوەندی نێونەتەوەیی دروست بووە. ئەگەر دەوڵەت–نەتەوەکان توانیان بە ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم بچنە ناو سیستەمی نێونەتەوەیی و بەڵێنی خۆیان لەسەر بنەمای دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ئایدیال بکەن بە پاڵپشتی خۆیان، ئەکتەرە ناحکوومییەکان زیاتر لەهەرشتێك شەرعییەتی خۆیان لە ناکارایی و بێتوانایی دەوڵەتدا وەك تاکە ئەکتەر دۆزیوەتەوە. ئەم ناکارایە و بێتوانایییە لە ڕووبەرەکانی ژینگە، تەندروستی گشتی و پەرەسەندندا چەندین جار لە ڕووبەرەکانی تر بەرچاوترە، جیهانیبوونیش ئاگاداری و وشیاری بەنیسبەت ئەم بێتوانینەی زیاتر کردووە. هۆی ئەوەش بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی ڕاگەیاندنە کە کێشە جیهانی و ناوچەیەکانی بەیەکەوە بەستووەتەوە. لە لایەکی ترەوە پرۆسەی جیهانیبوون بووەتە هۆی لاوازی دەوڵەتەکان، کە ئەمە بۆ خۆی تاکە ئەکتەری دەوڵەتی خستووەتە ژێر پرسیار، بەڵام ئەگەر لایەنی ناحکوومی و خۆ لە خۆی ئەم ئەکتەرە ناحکوومییانە لەبەرچاو بگرین، لەبەر ئەوە دەبێت

هۆکارەکانی تر وەك دیموکراسیش لەبەرچاو بگرین. بەواتایەکی تر نەبوونی دیموکراسی مەسەلەی NGO کانی راستەقینە دەخاتە ژێر پرسیار. بە واتایەکی تر لە وڵاتە نادیموکراتییەکان NGO کان نوێنەری راستەقینەی گروپە ناحکومییەکان نیین و تەنانەت لە هەندێك حاڵەتیشدا پاڵپشتی لە دەوڵەتەکانی خۆیان دەکەن بەم جۆرە لاوازبوونی تاکە ئەکتەری دەوڵەت–نەتەوەکان لە سیستەمی نێونەتەوەیی بەهۆی جیهانیبوون لەناو وڵات ناتوانین بسەلمێنین و ئەم پرسە سەبارەت بە دەوڵەتەکانی باشوور بەرچاوترە.

گرنگی فراوانی کێشەکانی ژینگە یەکێك لە سەرەکی ترین هۆی بەدەرکەوتنی ئەم بابەتەیە کە دەوڵەت–نەتەوەکان و سیستەمی دەوڵەتی تووشی قەیران هاتووە. کێشەی ژینگە (بەتایبەت نەوەی دووەمی کێشە جیهانییەکان) دەوڵەتەکان و سیستەمی ناوەندی دەوڵەتی تووشی قەیرانی نوێ کردووە کە پێشتر نە ئەم جۆرە کێشانە هەبوون و نە تا ئەم رادەیەش ئاڵۆزبوون. دەوڵەتەکان بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم قەیرانانە هەم زۆر گەورەن و هەمیش زۆر بچووکن. بەو واتایەی بۆ دانانی ستراتیژی پەرەسەندنی سەقامگیر کە تەنیا لەخوارەوە بۆ سەرەوە روودەدات فرە گەورەن و لە لایەکی تر بۆ بەڕێوەبردنی کێشە جیهانییەکان وەك شەڕی دژ بە گۆڕانی کەش و هەوا، پاراستنی جۆراوجۆری ژینگە، شەڕ لەگەڵ نەخۆشیە مەترسیدارەکان و ماددە سڕکەرەکان (کە پێویستی بە هاوکاری فراوانی نێونەتەوەییە) فرەبچووکن.

**سەبارەت بەمەی کە کێشەکانی ژینگە دەوڵەتەکانیان تووشی کێشە کردووە سێ بیرۆکە هەیە:**

یەکەم ئەمەیە کە سیستەمی دەوڵەتی وەك یەکەیەکی گشتی جێگەی سەرنجە. لەم روانگەیەوە دەوڵەت ناتوانێت چوارچێوەیەکی بەنرخ بۆ بەڕێوەبردنی کێشەکانی ژینگە بخاتەڕوو. لەم سیستەمەدا دەوڵەتەکان بە شێوەیی ئانارشیك چالاکی دەکەن و هاوکارییەکان سنووردارە و شەڕ و



دەرگیری بەیەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو دەژمێردرێت. کێشەی دووەم فراوانبوونی چەندایەتی دەوڵەتە لاواز و بچووکەکانە کە تەنانەت ناتوانن کێشەی ژینگەی ناوخۆییان چارەسەر بکەن. ئەم نەتوانینە تاڕادەیەکی زۆر ئەنجامی سیاسەتی تایبەتە کە ئەم دەوڵەتانە گرتویانەتە بەر. کێشەی سێیەم پەیوەندی هەیە بەتوانای زانستی دەوڵەتەکان بۆ رووبەڕووبوونەوەی کاریگەر لەگەڵ ئەم جۆرە قەیرانە نوێیانەدا کە ئەمە بۆ خۆی شەرعییەتی دەوڵەت–نەتەوەی خستووەتە ژێر پرسیار. لەم پرۆسەیە دەوڵەتان لە چارەسەرێکی ناوخۆیی بێ توانان و لە لایەکی تر جیهانیبوون وشیاری بەنیسبەت ئەم کێشانەی فراوان کردووە و بووەتە هۆی دروستبوونی شوناسێکی سەرووی سنووری بۆ بەدواداچوونی ئەوانە لە رێگای ئەکتەرە ناحکومییەکان کە رەهەندی نوێی بەم بابەتە داوە.

لەژێر ئەم هەلومەرجەدا NGO ئابوورییەکان (لە لووتکەیاندا کۆمپانیا فرەرەگەزەکان) لە سەرەکیترین هێرشبەران بۆ سەر دەسەڵاتی دەوڵەتان بە ئەژمار دێن. لە رەهەندی ئابووریدا کۆمپانیا فرەرەگەزەکان دەتوانن ئابوورییە ناوچەییەکان و تەنانەت ئابوورییە بچووکەکانی نەتەوەییش ئیفلیج بکەن. ئەوان بەهۆی بوونی تەکنۆلۆژیای فرەپێشکەوتوو دەتوانن ببنە هۆی فراوانبوونی ئیش و کار هەروەها بەهۆی بوونی هێزی ئابووری فراوان دەتوانن نرخی دراو (بەهۆی هەبوونی قەبارەیێکی فراوانی دراو) بخەنە ژێر کاریگەری، ئەوان دەتوانن بە دابینی پارە، ئابووری وڵاتێك بخەنە ژێر کاریگەری.

بە هۆیی بوونی توانای ئاوەها دواجار دەتوانن ئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەت بگۆڕن، چونکە دەوڵەتانی دابینکەری خۆشگوزەرانی دەبێت کار دروست بکەن، ئاسایشی ئابووری و بازرگانی دروست بکەن، لەژێر ئەم هەلومەرجەدا دەوڵەتان بۆ دروستکردنی کار ناچارن دەست بە داین ئەم جۆرە کۆمپانیانە بن. دەرکردنی بڕیارە گشتییەکان لەم جۆرە رێکخراوانەدا دەتوانێ ئاستی کار لە وڵاتێك فراوان یان کەم بکات و ئاسایشی وڵاتێك تووشی مەترسی

بکات و یان بێت بەهۆی بەستراو بوونی وڵاتێك بە وڵاتێکی تر. هەروەها دەرکردنی ئەم بڕیارانە دەتوانێت گەشەکردنی وڵاتێك خێرا یان خاو بکات.

لە بواری سەربازی و ئاسایشدا دەوڵەتان توانایی سەربازی خۆیان لە دەست داوە. گروپە تیروریستی و مافیا ژێرزەمینییەکان دەتوانن چەکە جۆراوجۆرە پێشکەوتووەکان بۆ خۆیان دابین بکەن و هەندێك جاریش لەگەڵ دەوڵەتان تووشی شەڕ دەبن. تا ئەو جێگەیە کە زۆربەی دەوڵەتانی باشوور لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای لاتین و تەنانەت باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا توانای بەرگرییان لە چالاکی گروپە تیرۆریستییەکان و هەروەها قاچاخی ماددە سڕکەرەکان نییە و ئەم چالاکیانە نرخی قورسی لەسەر شانی دەوڵەتەکان داناوە کە بەتەنیا ناتوانن دابینی بکەن. هەروەها لە زۆربەی کێشەکان دەوڵەتەکان، کارە ئاسایشییە تایبەتیەکانیان بە پسپۆران دەدەن. دەزگا پیشەسازیەکان زۆرتر ئامرازەکانی پێشکەوتویی بەرهەمهێنانی ئاسایشیان لەدەستدایە و لەم رێگەیەوە زیاترین گوشار ئەخەنە سەر دەوڵەت. رێکخراوە سەربازییەکان بۆ دەوڵەت و نەتەوەسازی بەکەڵك نەبوون و رۆڵی ئەوان لە مەسەلەکانی ئابووری زیاتر لەوەی کە بەکەڵك بێت زەرەری هەبووە. ئەم رێکخراوانە کە لە هەلومەرجی نوێدا دروست بوون رکابەری وەك دەزگای تایبەتی بازرگانی و پۆلیسیان دۆزیوەتەوە.

لە زەمینەی پەرەسەندن هەروەها سەرنەکەوتنی ئامانجە عورفییەکانی دەوڵەت بووەتە هۆی گرنگی NGO کان لە بواری پەرەسەندن. ژمارەی NGO کانی پەرەسەندن کە تاپۆکراون لە OECD لە 1600 لە ساڵی 1981 بووە بە 3000 لە ساڵی 1991. هاوکات خەرجی ئەم جۆرە رێکخراوانە لە 2.8 ملیارەوە گەیشتووەتە 5.7 میلیار دۆلار. لە رووبەری پەرەسەندنی نێونەتەوەییدا بەرژەوەندی نوێ هاتووەتە ئاراوە و لەڕاستیدا NGO کان وەڵامێکن بۆ سەرنەکەوتنەکانی پەرەسەندنی دەوڵەت کە لە دەیەکانی 1970و 1980 باو بووە. پرۆگرامی دانانی سیاسەتی نوێی کۆمەڵایەتی



دەیەی 1990 کە هەوڵیدەدات تێکەڵاوییەك لە نێوان دانانی سیاسەتی ئابووری نیۆلیبڕاڵ و بەرپرسیارەتی دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی شیاو دروست بکات، NGO کانی وەك ئالتێرناتیفی وەڵامدەر و کارا لە بری دەوڵەت و هەروەها رێکخراوەیەك کە بە شێوەی کپتوانا بۆ پەرەسەندنی پرۆسەی دموکراتیك شیاوە ناساندووە. سروشتییە کە ئەم جۆرە ئەکتەرە ناحکوومیانە رۆڵی دەوڵەتیان لە پرۆگرامی پەرەسەندن کە بەشی گەورەترین ئامانجەکانی دەوڵەتە خستوویەتیە ژێر پرسیار.

لە بواری بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان NGO ئەو روانگە عورفییە بە نیسبەت کۆمەڵگا (کە دروست کراوی دەوڵەت بوو) بە تایبەت لە کێشەی چینایەتی تووشی گۆڕانی بنەڕەتی کردووە. بە جۆرێك کە ئیتر یەکیەتی کرێکاران ئیتر ئەو رۆڵەی جارانی نەماوە و کۆمەڵگاش ئەو کۆمەڵگایە دووجەمسەرییەی کە مارکس بیری لێدەکردەوە نییە. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا کرێکاران بۆ خۆیان بوون بە خاوەن سەرمایە و خاوەن سەرمایەکانیش کاروباری خزمەتگوزاری دەکەن، بەم هۆیە بزاڤە نوێیە کۆمەڵایەتییەکانیش نە تەنیا پێکهاتەی کۆمەڵگای مۆدێرنیان خستووەتە ژێر پرسیار، بەڵکو دەوڵەتیشیان بە دروستکردنی دژایەتی چینایەتی تاوانبار کردووە. بەم حاڵەشەوە ئەمە بەو واتایی ئەوە نییە کە NGOکان هەوڵدەدەن تاکو جێگای دەوڵەت بگرنەوە، چونکە لە زۆربەی کێشەکان لە نێوان ئەم دووانەدا هاوکاری هەیە. هاوکارییێك کە تەنانەت هاندەری لەوانەیە دەوڵەتان بێت. لەسەر بیرۆکەی ناسراوی ((تۆرین)) سەبارەت بە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی پەرەسەندنی هێلی هێزەکانی بەرهەمهێنەر (پەرەسەندنی پیشەسازی) خۆیان دەبنە هۆی ئەوەی تاکو لەناو کۆمەڵگا توانا بۆ شەڕ لەگەڵ ئەم جۆرە پەرەسەندنە دروست بکەن. لێرەدا ئامرازی سەرەکی کرداری دەوڵەتەکانە یانی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت ئەم وزەیە کە روو لە زیادبوونە بۆ کۆنترۆڵ بەسەر دەوڵەت بەکاری بهێنن. بە واتایەکی تر خەباتی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەدەستهێنانی هێز لە ئاستی دەوڵەتدا روودەدات.

لەگەڵ ئەمە بەکارهێنانی ئەم تیۆرە سەبارەت بە NGOکان لەگەڵ کێشەدا رووبەڕووە. یانی NGO کان ناتوانن بە شێوەی عورف بەگشتی جۆرێك لە بزاڤی کۆمەڵایەتی بن کە لە هەوڵی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتاندان. ئەم NGOنە، خۆیان جۆرێکن لە تووش بوونی دەوڵەتان بە قەیران.

دەبێ بڵێین کە پاش شەڕی سارد و لەناوچوونی کێبڕکێی نێوان دوو زلهێزەکە کە لە نەتەوەیەکگرتووەکانی، ئەم دەرفەتەیی بۆ دروست بووە کە بەراڤەکردنی بەربڵاو لە رەشنووسی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەندێك کێشەدا بە شێوەیەکی توند سەروەری دەوڵەتان بخەنە ژێر مەترسییەوە کە بۆ ئەمە عێراق، نموونەیەکی بەرچاوە. ئەگەرچی هێشتا نەتەوەیەکگرتووەکان رێکخراوێکی دەوڵەتییە و ناتوانێت وەك NGOکان بە ئازادی چالاکی بکات، بەڵام یارمەتی ئەو بۆ NGOکان خۆی بە جۆرێك بووە بەهۆی لاوازکردنی رۆڵی دەوڵەتەکانە لەبۆارە جیاجیاکان. هەروەها ئەمڕۆ باسی دەستێوەردانی مرۆڤانە لە وڵاتان کە بە شێوەیەکی توند هاتووەتە ئاراوە، NGO یاساییەکان سەبارەت بەمە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. جگەلەمانە، کۆمەڵە رێکخراوەیەکی نێونەتەوەیی وەك WTOو IMFیش دەتوانن بە رێگای ئابووری، سەروەری دەوڵەتان بخەنە ژێر کاریگەری.

### IGOکان و ریشە ئایدیۆلۆجیکە پێکهێنەرەکانیان

ئەگەرچی زۆربەی رێکخراوە نێونەتەوەییە حکومییەکان لە سەد ساڵەی رابردوو (بەتایبەت پاش شەڕی دووەمی جیهانی) رووی لە فراوانکردن کرد، لەبەر ئەمە دەتوانین لە سەدەکانی رابردوودا بە دوای گریمانەکان و ئەو رەفتارانەدا کە بووەتە هۆی ئەم گۆڕنگاریانە بگەڕێن. ئەم گریمانانە بوونە هۆی شێوەگرتنی ئامانجەکان و شێوەکانی رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی ئەمڕۆ. ئامانجی ئەوان بە شێوەیەکی گشتی بەرگری لە بڵاوبوونەوەی شەڕ و



ئەو گریمانەیە کە فەیلەسوفە سیاسییەکانی سەدەی پێشو هێنایانە گۆڕێ. بە واتایەکی تر ئەم رێکخراوانە دەتوانن پراکتیکیبوونی گریمانە کۆنەکانی مرۆڤی لە چوارچێوەی فراوانکردنی هاوکاری نێوان نەتەوەکان دابنێن. بۆ نموونە نەتەوەیەکگرتووەکان بەرهەمی گریمانەکانن کە سەدەکان مرۆڤ بەدوایدا بوون. بەم جۆرە رێکخراوە نێونەتەوەیە حکومییەکان دەتوانین بە بەشی یەکەمی رێکخراوەکان دابنێین کە جیهانیبوونی پاش وێستفالیا دروستی کردبوو. جیهانیبوون کە لە رێگای هاوکارییەکان سەرووی سنووری و نێونەتەوەیی بوونی پەیدا کردووە و هۆکاری سەرەکی سیستەمی سەرمایەداری بە ئەژمار دێت. لە بەرامبەر IGO کان کە ریشەی پێکهاتنی ئەوان ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمە، ئەکتەرەکانی تریش دەبینین کە بەهۆی بوونی ئایدیۆلۆژییەکانی تر وەك فاشیزم و بەتایبەت کۆمۆنیزم لە پاڵ یەك کۆبوونەتەوە و لە سیستەمی نێونەتەوەیی رۆڵی گرنگیان گێڕا. بۆ نموونە دەتوانین نێونەتەوەیی دووەم ناو ببەین کە تێیدا نوێنەرانی پارتەکان و سەندیکاکانی کرێکاری زۆربەی وڵاتانی دنیا بەشداریان کرد و یەکێك لە سەرەکیترین NGOکانی ئایدیۆلۆجیکی یان پێکهێنا.

بەچوون بۆ ناو سەردەمی شەڕی سارد ئێمە بینەری پێکهاتنی هاوپەیمانییە ئایدیۆلۆجیکەکانی (ناتوو وەرشو) لەلایەن هەردوو زلهێزەکەین. بە دوای ئەم کێبڕکێ ئایدیۆلۆجیکییە تەنانەت IGO کانی باشووریش فەلسەفەی بوونی خۆیان بەلەبەرچاوگرتنی ناکۆکی ناوبار و دەردەخست بۆ نموونە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێکهاتنی NAM لە سەردەمی شەڕی سارد لەلایەن باشوور، گرتنەبەری ستراتیژی سەربەخۆ لە سیستەمی نێونەتەوەیی بوو، هەڵوێستێك کە هەوڵی دەدا تاکو نەکەوێتە ژێر کاریگەری زلهێزەکان. هەروەها زۆربەی IGO ناوچەییەکان لەژێر ئەم ناکۆکییە، واتایان پەیدا کرد. لە راستیدا ناوەندبوونی دەوڵەت لە سەردەمی شەڕی سارد ببووە هۆی ئەوەی تا NGOکانیش بکەونە ژێر کاریگەری

IGOکان. لە لایەکی تر ئێمە لە سەردەمی شەڕی سارد بینەری پێکهاتنی بزاڤە ئـازادیخوازە نەتەوەییـەکانین کـە لـە هاوسـەنگی ئایـدیۆلۆژیکی نێـوان دوو جەمـسەرەکەدا ڕۆڵێکـی گرنگـی گێـڕا. بەتاییـەت لەخۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت و ئـەفریقا دوو زلهێزەکـە هـەوڵیان دەدا تـاکو لـە ڕێگـەی ئـەم بزاڤانـە هێـزی ئایـدیۆلۆجیکی خۆیـان بـەهێز بکـەن. تەنانـەت هەنـدێك لـە ڕێکخـراوە ئازادیخوازەکان لە نەتەوەیەکگرتووەکان خاوەن کورسی نوێنەرایەتی بوون.

فەزای ئایدیۆلۆجیکی سەردەمی شەڕی سارد (بەتاییەت تاکو سەرەتای دەیەی 1980) ببووە هۆی ئەوەی تا IGO کان هەروەها NGOکان بەدوای دەوڵەتەکان بکەونە ژێر کاریگەری کێبڕکێی ئایدیۆلۆجیکی. بۆ نموونە زۆربەی بیرمەندان، MNCکانیان بەهۆکاری سەرەکی فراوانبوونی ئەمپریالیزمی جیهانی دەزانی. لە حاڵەتی ڕەشبینیشدا ئەم کۆمپانیایانەیان بە ئامرازی بڵاوبوونی سەرمایەداری لیبڕاڵی ڕۆژئاوا دادەنا. هەڵبەت ئەم شێوە بیرکردنەوەش ئەوەندە نابەجێ نەبوو. بۆ نموونە سەرکوت کردنی دەوڵەتی خەڵك لە شیلی لەلایەن MNCکان، دیاریکەری هێزی سیستەمی سەرمایەداری بوو. بەم بوونەیەوە لەم فەزا ئایدیۆلۆجیکیە کێشەکانی وەك ژینگە و ماف مرۆڤ بەهۆی لە ئەولەوییەت بوونی ئاسایش شایانی هێنانە گۆڕێ نەبوو، چونکە یەکەمین NGOکان لە ژێر کاریگەری ئەو فەزا ئایدیۆلۆژیکی بوو و IGO کانی وەك نەتەوەیەکگرتووەکان بەهۆی کێبڕکێ نێوان دوو زلهێزەکە بە کردەوە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی نەبوو.

بەهەرحاڵ ناتوانین هەبوونی هاوکاری فراوانی نێونەتەوەیی لەبەرچاو نەگرین. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا NGOکان و IGOکان هەروا دەرێژە بە چالاکییەکانی خۆیان دەدەن، بەڵام بەهۆی فەزای ئایدیۆلۆجیکی سیستەمی نێونەتەوەیی، چالاکییەکانی ئەم جۆرە ئەکتەرانە سنووردارببوو. بە واتایەکی تر لەژێر ئەم هەلومەرجەدا ڕووبەری سیاسەت زیاتر لەوەی کە بزاڤێك لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت، لەسەرەوە بۆ خوارەوە دیاری دەکرا.



لە لایەکی تر توندبوونی فەزایی شەڕی سارد لە دەیەکانی 1960 و 1970 دەتوانین بە بەربەستێك لە بەرامبەر شەپۆڵی جیهانیبوون یان نێونەتەوەیی بوونی هاوکارییەکانی سەرووی نەتەوەیی (کە لەگەڵ ڕێککەوتننامەی وێستفالیا دەستی پێ کردبوو) دابنێین. ئەم دۆخە تاڕادەیەکی زۆر دەرئەنجامی بوونی دەوڵەت لە شانۆی سیستەمی نێونەتەوەیی بوو. سەردەمی پاش 1945 بەگشتی لەگەڵ سەقامگیری و سادەیەکی بێ وێنە کە سەرچاوەی لە کەم بوونی ئەکتەرەکان کە تەنیا دوو زلهێزە کە تاییەت بە ئەوان بوو، دیار دەکرا. وێڕای ئەمە ناکۆکیی ئایدیۆلۆجیکی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە سەر ناکۆکییەکانی تری کولتووری وسیاسی باڵی کێشا بوو، بەڵام ئەگەر سەردەمی شەڕی سارد بە سەقامگیری و سادە بزانین، لە ئێستادا پێچەوانەی ئەم تاییەتمەندیانە بزاڤ دەکەین. جگە لەمە تەنیا تۆڕە ئالۆزەکانی پەیوەندییەکانی تووشی گۆڕان نەهاتوون، بەڵکو ئەکتەرە گەورەکانیش پێگەی سەقامگیریان نییە و گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕانەکان شوناسی ئەکتەرەکانی خستووەتە ژێر کاریگەی.

### هۆکارەکانی فراوانبوونی NGOکان

سەیری NGOکان دیاری دەکات کە هۆکاری تاییەت بوونەتە هۆی ئەوەی تاکو ئەوان ڕوو لە فراوانبوون بکەن. ئەم هۆکارانە جیاوازن و بەشە جیاوازەکان لە خۆدەگرن، بەڵام ئامانجی ئێمە لێرەدا بەراوردکردنی ناکارایی ئەکتەری دەوڵەت ـ نەتەوەیە کە بووەتە هۆی بەهێز بوونی ئەکتەرە ناحکوومییەکان. ئەم هۆی ناکاراییە تا ڕادەیەکی زۆر ئەنجامی بارودۆخی نوێیە و تا ڕادەیەك لە ناکاراییە ناوخۆییەکانی دەوڵەت سەریانهەڵداوە.

لە بواری یاسایی NGOکان ملکەچی ئەو کونڤانسیۆن و یاسایانەی کە دەوڵەت سنووردار دەکەن نین و لەئەنجامدا دەستی ئەوان بۆ

جێبەجێکردنی هەندێك کار کراوەترە. هەروەها لە سیستەمی نێونەتەوەیش سنووره دەوڵەتییەکان بۆ NGOکان نییە و ئەوان ناچار بە ملکەچبوونی رای گشتیش نین. نەتەوە بۆ ئەوان چەمکێکی جیاوازە و هەندێك کات بەستراوەی ئەندامەکان بە سەرووی نەتەوەییە. لە بواری قەبارەی چالاکییەکان، NGOکان بەسەر دەوڵەتان قازانجی فراوانیان هەیە: یەکەم قەبارەی بچووکی ئەوان بووەتە هۆی خێرایی لە دەرکردنی بڕیارەکانی، دووەم بەهۆی قەبارەی بچووکی ئەوان، بەڕێوەبردنی NGOکان ساکارترە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی. ئەم دۆخە بووەتەهۆی ئەوەی کە تەنانەت IGO کانیش وەك نەتەوەیەکگرتووەکان لە زۆربەی کارەاندا لە NGOکان یارمەتی وەرگرن، چونکە لە هەندێك بواردا NGOکان تەنانەت لەکەسە خۆبەخشەکان بۆ ئەنجامی هەندێك کاروبار کەڵك وەردەگرن. کاری خۆبەخشانە یەکێك لەسەرچاوە گەورەکانی رێکخراوە ناحکوومییەکانە. بۆ نموونە لە ساڵی 1980 تاڕادەی 80 ملیۆن کەس بە شێوەی خۆبەخشانە بۆ ئەم رێکخراوانە کاریان دەکرد. لە کاتێکدا تەنیا6.7 ملیۆن کەس مووچەیان وەردەگرت. یانی رێژەی کەسانێك کە بە بەلاش کاریان دەکرد بەنیسبەت ژمارەی ئەوانەی کەوا مووچەیان وەردەگرت 12بە 1 بووە. لە هەندێك بواردا کارێك کە ئەم خۆبەخشانە دەیان کرد پێویستی بەبوونی ئەوان نەبوو، واتا ئەوان تەنانەت لە کاتی کاری رۆژانەی خۆیان دەیانتوانی بۆ NGOکانیش کار بکەن. بەپێچەوانەی دەوڵەتان و IGOکان کە سەرمایەکانیان بە زۆری شێوەی مادییە و پێویستی بە خەرج کردن هەیە، سەرمایەکانی NGOکان لە بنەڕەتدا سەرمایەی بۆرسییە کە نە پێویستی بە چاککردن، بەکارهێنان و نە پێویستی بە خەرجی هەڵگرتن هەیە. بەم جۆرەNGO کان لە بواری ئابووریدا بەربەستەکانی دەوڵەتیان نییە.

لە چوارچێوەی ئامانجەکانیش بە زۆری رێکخراوە ناحکوومییەکان تووشی ژمارەیەك ئامانجی جۆراوجۆر و ناکۆك نەهاتون. ئەوان بەگشتی بۆ



ئامانجێکی تایبەت دروست بوون و کاتێك بیانەوێت لە ئاستی نێونەتەوەیی کاریگەر بن دەست دەدەن بە دروستکردنی هاوپەیمانی. ئەم هاوپەیمانییە بە پێچەوانەی هاوپەیمانییەکانی دەوڵەتی پێویستی ئەوەندەی بە گەشتی دیپلۆماتێکی، گفتوگۆ، باس و تێگەیاندن نییە. زۆربەی IGOکانیش کۆکن لەسەر هاوپەیمانییەکانی NGOکان، بە جۆرێك کە هەندێك لە یارمەتییە داراییەکانی خۆیان بۆ ئەوان تەرخان دەکەن.

لە بواری ئاسایش NGOکان وێنەیەکی بەتەواوی جیاوازیان لە ئاسایشی دەوڵەتەکان هەیە. واتا رەگەزێك بەناوی هەڕەشەی سەروەری سەبارەت بەوان بێ واتایە. زۆرترین مەترسی بۆ ئەوان بریتییە لە داخستنی رێکخراوێکی ناحکوومی. تەنانەت لەم جۆرە کەیسانەش کەسەکان دەست دەدەن بەپێکهێنانی رێکخراویکی تر و لەژێر ناوێکی تر درێژە بە چالاکییەکانیان دەدەن. بەم جۆرە NGOکان دڵەڕاوکێی ئەوەندەیان بەنیسبەت ئاسایش نییە تاکو لەسەر ئەم بنەمایە بوودجەیەکی بۆ سەرف کەن. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا پێگەی ئەوان بەگشتی لەگەڵ دەوڵەتەکان جیاوازە.

لە رووی بەڕێوەبردن و خێرایی چالاکی هەروەها NGOکان دەتوانن هێزەکانی خۆیان بەخێرایی بۆ کارە پێویستییەکان وەك یارمەتی لافاو، بۆمەلەرزەکان و ئاوارەکان کۆ بکەنەوە. لە کاتێکدا کە بۆ دەوڵەتەکان ئیمکانیاتی وەها بە ئاسانی نییە. بەگشتی دەوڵەتەکان بۆ ئەنجامدانی کارێکی گرنگی وەها دەبێ بە رێگەی دوورودرێژی بیرۆکراسی بڕۆن. بەم بوونەیە هەندێك جار دەوڵەتان پێیان چاکە تا NGOکان بێنە ناو شانۆوە و بەم شێوەیە لە رادەی بەرپرسیارەتی خۆیان کەم بکەنەوە لە لایەکی تر لە کاتێکی وەهادا NGO ناوچەییەکان بە باشترین سەرچاوەی وەرگرتنی زانیارییەکان دەژمێردرێن. ئەوان بەهۆی بوونی فەرمانبەری پسپۆڕ لێکدانەوەی راست و دروست دەکەن کە بۆ دەوڵەتان و هەروەها IGOکانیش بەکەڵکە.

## تیۆرەکانی پەیوەندیدار بە NGOکان

بەهۆی جۆرەکانی بەرچاوی NGOکان هێنانە گۆڕێی تاکە تیۆری سەبارەت بەوان NGO کان زۆر زەحمەتە، چونکە یەکەم جۆری ئەوان لەگەڵ یەك جیاوازە و دووەم ڕۆڵی زۆربەی NGOکان تایبەت بە سیاسەت و ئابووری نییە. لەم ڕووەوە دەتوانین چەند جۆرێك دابەشکردن سەبارەت بە تیۆرەکانی ناوبراو بێنینە گۆڕ یەکەمینیان تیۆرییە ئابووری و سیاسییەکانە سەبارەت بە NGOکان و دووەم هێنانە گۆڕێی تیۆرەکانی سەبارەت بە NGOکانی ئابووری و سیاسی کە وردەکارییەکانی دابشکردنی حاڵەتی دووەم لە حاڵەتی یەکەم زەحمەتترە، چونکە ناتوانین بە ڕاستی دیاری بکەین کە چ جۆرە ڕێکخراوێکی ناحکوومی لە کام بواردا چالاکی دەنوێنێت. بۆ نموونە کۆمپانیا فرەرەگەزەکان کە بە زۆری دیاردەیەکی ئابوورین هەندێك جار بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان لە ئامرازە سیاسییەکان کەڵك وەردەگرن.

## تیۆرییە ئابوورییەکانی NGOکان

هاوکات لەگەڵ ڕێکوپێکبوونی NGOکان تیۆرییەکانی پەیوەندیدار بەوانیش تووشی گۆڕان بوون. ئەم گۆڕانکاریانە بە زۆری بەهۆی گۆڕان لە ڕۆڵی ئەم جۆرە ڕێکخراوە ناحکوومیانە بووە. تیۆرییە ئابوورییەکانی پەیوەندیدار بە NGOکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە سەرەتای دەیەی 1970 دەستی بە پەرەسەندن کرد کە خودی ئەم فەرمانانە لە بڵاوبوونەوەی ئەوان هەر لەم سەردەمە سەرچاوەی گرت. تاکو دەیەی 1950 ئەم ڕێکخراوانە بە زۆری بە ئەندامی ڕێکخراوە خێرخوازەکان حساب دەکران و بەو بوونەیەوە زۆر جێگەی بایەخ نەبوون، بەڵام لە کۆتایی دەیەمی 1960 تایبەتمەندی ئەم ڕێکخراوانە لە بواری پێکهاتە و شێوازی کارکردن تووشی گۆڕانی گەورە بووە. ئەم حاڵەتە سەبارەت بە نەخۆشخانەکان کە پێشتر بە شێوازی خێرخوازانە بەڕێوە دەچوون



ڕوویداوە. بەم هۆیە یەکەمین تیۆرە ئابوورییەکان پەیوەندیدار بە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان سەبارەت بە نەخۆشخانەکان بوو.

تیۆرییە ئابوورییەکانی پەیوەندیدار ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دوو جۆرن: تیۆرەکانی پەیوەندیدار بە ڕۆل و تێورەکانی پەیوەندیدار بە ڕەفتاری ئەوان. جۆری یەکەم پرسیارگەلێك دێنێتە گۆڕ کە بۆچی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە بواری ئابووریدا بوونیان هەیە؟ کاری ئابووری ئەوان چییە؟ بۆچی ئەم ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە هەندێك بواری پیشەسازیدا هەن؟ تیوەرکانی جۆری دووەم ئەم پرسیارە دەخەنە ڕوو: ئامانجەکانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان چیین؟ هاندەری بەڕێوەبەران و جێبەجێکەرانی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان چییە؟ جیاوازی نێوان ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکانی لە بواری هاندان چییە؟

لێرەدا لە بڕی خەریك بوون بە بیرۆکە ئابوورییەکان وەك بیرۆکەی بەرهەمهێنانی کاڵا گشتییەکان و گرێبەستەکان لە ڕوانگەی تیۆری بەستراوەیی دوولایەنە و سیستەمی جیهانی، خەرێکی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕێکخراوی ناحکوومییەکان دەبین، چونکە لە ڕاستیدا لە دەیەی 1970 بەدواوە تیۆری بەستراوەیی بە گرنگترین بیرۆکەکانی سەبارەت ڕێکخراوە ناحکوومییەکان هەژمار دەکرێن.

لە ڕوانگەی بیرمەندان بەستراوەیی دوولایەنە، ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی و هەروا ڕێکخراوەکانی ناحکوومی لەڕستیدا سەرەکیترین هۆکارەکانی بەستراوەیی دوولایەنەی وڵاتان پێکدێنن، چونکە ئەوان دەتوانن ڕژێمی نێونەتەوەیی پێکبێنن، ئەم جۆرە ڕژێمانەش دەبنە هۆی ئازادی بازرگانی و دیموکراسی کە دواجار لەم ڕێگەیەوە پاراستنی ئاشتی لە سیستەمی نێونەتەوەییدا دێتە ئاراوە. لە ڕوانگەی ئەم بیرمەندانەوە (کە بە زۆری ئابووری نێونەتەوەیی لە لوتکەی تیۆرەکانی خۆیان دادەنێن) بوونی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان و ڕێکخراوەکانی تری نێونەتەوەیی بوونی یەك ئابووری نێونەتەوەیی زیاتری پێویست دەبێت. لەسەر ئەم بنەمایە لە کاتی ئاشتی

گۆڕانکاریی قوڵ لە ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان بەجارێك ڕووینەداوە، بەڵکو ئەم کارانە بە شێوەی لە سەرەخۆ ڕوودەدات. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا دەبێت هەنگاوی بچووك هەلگرین تاکو فەزای سیاسی بۆ ریفۆرمی نوێ ئامادە بکرێت. سەیرێکی ڕاستییەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی لە ناوەڕاستی دەیەی 1970 دیاری دەکات کە ئەکتەرە ناحکوومییەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان لەپێشکەوتنی بەستراوەی دوولایەنە بەتایبەت لە باکوور گێڕاوە تا ئەو جێگە کە ئەمڕۆ لە جیاتی شەڕی سەربازی لە باکوور، ئێمە بە زۆری بینەری شەڕی بێخوێنی ئابووری وڵاتەکانین لە دژی یەکتر و ئەم مانای جۆرێك بزاڤە بەرەو دیموکراسی زیاتر، بەڵام بیردۆزەکانی سیستەمی جیهانی بەپێچەوانەی گروپی پێشوو بەنیسبەت NGO کان و IGOکان ڕەشبینن. ئەم ڕەشبینییە شتێکی جیاوازە لە بیرۆکەی گشتی ئەوان سەبارەت فراوانبوونی سیستەمی سەرمایەداری و پێکهێنانی ناوەند و دەوروبەر نییە. بە بیری ئەوان ئەم ڕێکخراوانە یەکێك لە ئامرازەکانی سەرمایەداری بۆ دروستکردنی سیستەمێکی جیهانی. بۆ نموونە سەبارەت بە دابەشکردنی کاری نێونەتەوەیی پێیان وایە کە ئەم دۆخە، خۆی هۆکاری سنووردار کردنی هەڵبژاردنەکانی بەشداربووەکانە. یانی لەم ڕێگەیە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت کە خۆیان دیاری کەرین و سروشتییە کە لەم دابەشبوونی کارە نێونەتەوەییەدا، کۆمپانیا فرەرەگەزەکان و IGOکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە. ئەوان لە دەیەی 1970 لەگەڵ بڵاوکرانەوەی بیرۆکەی بەستراوەیی دەوروبەر بە ناوەند لەم باوەڕەدا بوون کە کۆمپانیا فرەرەگەزەکان یەکێك لە ئامرازە سەرەکییەکانی سەرمایەدارییە بۆ بەستنەوەی وڵاتانی دەوروبەر بە خۆیان، بەڵام بە گۆڕان لە وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە ڕوویدا ئەم بیرۆکەیە تووشی لاوازی بوو. بەم شێوەیە هێشتا زۆربەی بیرمەندانی سیستەمی جیهانی بەنیسبەت کۆمپانیا فرەرەگەزەکان و IGOکان ڕوانگەیەکی ئەوەندە گەش بینانەیان نییە. بۆ نموونە ئاندرێ گوندێر فرانك لەسەر ئەم بیروباوەڕەیە کە ئەنجامی پەرەسەندن هەر لەم سیستەمە خۆی



بەشێکە لە هەلومەرجی پەرەسەندنی گشت سیستەمی جیهانی. لە ڕوانگەی ئەو ((ڕووخاندنی یەکیەتی سۆڤیەت و ڕژێمەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و زاڵبوونی سندووقی دراوی نێونەتەوەی (IMF) و گرووپی 7، بەسەر ئەواندا دیاریکەری ئەم پرۆسەیە و هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنی ئەم ڕووداوانە وەك گواستنەوە لە بواری بەرهەمهێنان نە تەنیا ڕۆشنگەر نەبووە، بەڵکو کێشەکەش ئاڵۆزتر دەکات. لە بری هێنانە گۆڕی ئەم بابەتانە دەبێت ئەم ڕووداوانە ئەنجامی ناکارایی ئەم ڕژێمانە و ناوچەکان بۆ کێبڕکێی شیاو لە سەردەمی قەیرانی ئابووری جیهانی لە سیستەمی جیهانی بزانین.

### تیۆرییە سیاسییەکانی پەیوەندیدار بە NGOکان

بیردۆزە سیاسییەکانی پەیوەندیدار بە NGO جۆراوجۆری فراوانیان هەیە. واتە بەپێچەوانەی بیردۆزە ئابوورییەکان، بیردۆزە سیاسییەکان بەشێکی فراوان لە ڕۆڵ و ڕەفتارەکانی NGO کان و IGO کان لەخۆدەگرێت. بۆ نموونە لە ئاستێك وەك دەوڵەت–نەتەوە، سیستەمی نێونەتەوەیی، کۆمەڵگا و تاك، ڕێکخراوە ناحکوومییەکان ڕۆڵی جیاوازیان هەیە. بۆ لۆبی کردن لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکاندا NGOکان کاریگەرییان هەیە. واتە NGOکان لەناو دەوڵەت لۆبییان هەیە و لەم ڕێگەیەوە بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانیان گوشار دێنن. هەروەها پیاوانی دەوڵەت بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەت زۆرتر لەکێبرکێیەکانی هەڵبژاردن هەوڵدەدەن کەڵك لە ناوبانگی چاکی NGOکان وەربگرن. لە ئاستی نێونەتەوەییدا NGOکان ڕۆڵی جیاوازیان هەیە. لە بەهاناچوونی تەندروستی وڵاتانی هەژار تاکو فێرکردنی ئاشتی لە قوبرێس و بەستنی کۆنفرانس بۆ کار کردنی منداڵان و کێشەی کۆچ، کۆی ئەمان کاروبارێکن کە ڕێکخراوە ناحکوومییەکان ئەنجامی دەدەن و لە بوارەکانی ژینگە، کولتووری و مافی مرۆڤ کەسەکان لە بەرامبەر هەلومەرجی سیستەمی

جیهانی و هەروەها بەرپرسیارەتی ئەوان بەرامبەر ئەم هەلومەرجە ئاگادار دەکات و هەوڵی لەسەر ئەوەیە تاکو بۆ جێبەجێکردنی چاکتری ئەرکەکان شوناسی سەرووی نەتەوەیی بۆ تاکەکان بگوازێتەوە تاکو ئەوان بتوانن لە ئاستی سەرەوەی سنووری کێشەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر بکەن.

خاڵی جێگەی سەرنج لێرەدا ئەمەیە کە هاوکات لەگەڵ گۆڕانی چەمکە سیاسییەکان، ڕۆڵی خودی NGOکان و IGOکانیش گۆڕا. بە جۆرێك کە ئیتر ئەمڕۆ ناتوانین لە تیۆرەکانی رابردوو بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کەڵك وەربگرین. ڕەفتاری ڕێکخراوەکانی ناحکومی لەڕاستیدا بەشێکە لە هەلومەرجی سیستەمی نێونەتەوەیی. لەوێوە کە ئەم هەلومەرجەی ئێستا زیاتر بەبێ دیسپلین و ناسەقامگیرە، کەواتە سەبارەت بە ڕۆڵی NGOکان هەروەها دەتوانین قسە لە جۆرێك لە هەلومەرجی ناسەقامگیر بکەین کە لە بەرژەوەندی و هەروەها زەرەری ڕێکخراوە ناحکومییەکانە. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا ناتوانین بەساکاری بڵێین کە چالاکییەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەبنە هۆی دیموکراتیزەبوونی ڕووبەری سیاسەت یان نا. هەڵسوکەوتی دەوڵەتەکان لەگەڵ NGOکان جیاوازە. لە باشوور کە زۆربەی ئەم ڕێکخراوانە ئامرازی دەستی حکومەتەکانن، نەتەنیا چالاکییەکانی ئەوان نەبووتە هۆی بڵاوبوونەوەی دیموکراسی، بەڵکو لە هەندێك کێشەشدا بوونەتە هۆی بە لوتکە گەیشتنی ناسیۆنالیزم و ڕادیکالیزمی ئایینی یان سیاسی.

لایەنگرانی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی لەسەر ئەم باوەڕەن کە چالاکییە سیاسییەکانی NGOکان گرنگترین هەنگاون بۆ گەیشتن بە دیموکراسی جیهانی کە لە خوارەوە بەرێوە دەچێت. ئەوان لەو باوەڕەن بەهۆی ئەم چالاکیانە لیبۆردەیی رابردووی نەتەوەکان و دەوڵەتان بەنیسبەت سنوورەکانیان لاوازبووە و ئەمە ڕێگا بۆ گەیشتن بە دیموکراسێکی جیهانی خۆش دەکات. ئەم بەشە لە ڕێگەی گەیشتن بەم ئامانجەیە جەختی فراوان



لەسەر ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن، چونکە ئەو وەك گەورەترین ڕێکخراوەی نێوان حکومەتی نێونەتەوەیی دەتوانێت بۆ فراوانکردنی چالاکییەکانی NGOکان ڕێگا دیموکراسی خۆش بکات. بەم هۆیە ئەوان بۆ گفتوگۆی نێوان NGOکان لەگەڵ حکومەتەکان و هەروەها نەتەوەیەکگرتووەکان گرنگی زۆر قایلن. بەبیری هەندێك، کۆمەڵگایەکی مەدەنی جیهانی وەها بریتین لە میدیاکان، زانکۆکان و ڕێکخراوە بەهێزەکانی تر. پێکهێنانی ئەم کۆمەڵگایە مەدەنییە خۆی لاوازکردنی ڕۆڵی عورف (نەریتی) دەوڵەتانە لە بواری سیستەمی نێونەتەوەییە، کە ڕێگە بۆ ڕەخنە و کاریگەری NGOکان لە پرۆسەی دانانی سیاسەتی جیهانی ئاوەڵا دەکات.

بیرۆکەیەکی تر کە سەبارەت بە ڕۆڵی NGOکان لە ئاستی ناوخۆیی و هەروەها سیستەمی نێونەتەوەیی دێتە گۆڕێ، بیرۆکەی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانە، کە لە باسەکانی نوێی پۆست مۆدێرنیزم جێگەیەکی تایبەتی بۆ خۆی تەرخان کردووە. (بیرۆکەکانی بزاڤی کۆمەڵایەتی لە دەیەی 1990 لە ئەنجامی کردارە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، کە دەتوانین لە تیۆرییەکانی کۆمەڵناسییەکاندا بە دوای سەرچاوەکانیدا بگەڕین. بیرۆکەی تر لە باکوور لە سەردەمی چالاکییەکانی کۆمەڵایەتی دەیەمی 1960و 1970 بووە هۆی سورانی سیاسی کە بەگشتی لەسەر کردارە سیاسییەکانی بزاڤەکانی جەختی دەکردەوە.

بیرۆکەکانی ئاماژە پێکراو بەگشتی ریشەیان لە گریمانەکانی مارکسیستیدا هەیە و بوونی ئەکتەرە ناحکومییەکان بەگشتی لە پەیوەندی لەگەڵ هێزی دەوڵەتدا پێناسە دەکەن. یانی ئەرکی ئەم ئەکتەرانە بە جۆرێك خەبات لە دژی هێزی گشتی دەوڵەت دەزانن کە هەوڵدەدەن تەنانەت نهێنییەکانی تاکیش بخەنەڕوو. بەم هۆیە ((هابرماس)) پانتایی گشتی هێنایە گۆڕێ. بە بیری ئەو بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان نالۆجیکین، باشترین شێوە بۆ خەبات لەگەڵ ئیستعماری ژیانی ئەم جیهانە، هاوڵاتیانە.

ڕەخنەیەك کە لە بیردۆزی بزاڤی کۆمەڵایەتی دەگیرێت ئەمەیە کە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان وەك پێویست ناتوانین و نابێت بە سیاسیان دابنیین. لە بنەڕەتدا زۆربەی NGOکان کاریان بە سیاسەت نییە و چالاکی کولتووری دەکەن. لە لایەکی تر ئەوان نەتەنیا لەگەڵ هێزی دەوڵەتەی شەڕ ناکەن، بەڵکو لەژێر سایەیی ئەودا زۆربەی چالاکییەکان ئەنجام دەدەن. چالاکییەك کە بەبێ بوونی هێزی دەوڵەتی تووشی گرفت دەبێت.

لە ڕەخنە لە بیرۆکەی مارکسیست بۆ بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان بوو کە بیرۆکەی مۆبیلیزەکردنی سەرچاوەکان هاتەگۆڕ. ئەم بیردۆزە هەوڵدەدا تاکو کەموکوڕییەکانی بیرۆکەی پێشوو لەناو ببات.

گریمانەی ئەم بیرۆکەیە ئەمەیە کە بەشداری لە سیستەمی سیاسی بۆ هاوڵاتیان کارێکی لۆجیکییە کە لە ڕێگەی بەهێزکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات و ئەو جۆرە کە مارکسیتییەکان دەڵێن خەبات بە دژی هێزی دەوڵەت نییە. لەسەر ئەم بنەمایە کۆمەلگا لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی چەند لایەنە پێکهاتووە و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانیش بەشێکن لەم پێکهاتە، بەڵام ئەم تیۆرەش چالاکی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی نەتەوەیی دادەنێت و ناتوانین لە ئاستیNGO کانی نێونەتەوەیی بەکاریان بێنین. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە تیۆرەکانی ئێستای بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی ئێستای NGOکان بە تەواوی گونجاو نین و ناتوانن لە ئاستی سیستەمی نێونەتەوەیی بەکاربیبێنین.

لە بەرامبەر ئەم تیۆرانە کە لە ئاستی دەوڵەتی دێنەگۆڕێ، بیرۆکەی سیستەمی سێیەم (Third system theory) کێشەی بزاڤەکان لە ئاستی جیهانی دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە، لەسەر ئەم بنەمایە ئێستا لە باکوور هەروەها لە باشووریش قەیرانێکی پەرەسەندن هەیە، کە هاوکات خاوەنی شوناسی ئابووری، دارایی، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایدیۆلۆجیکی و سیاسییە کە ئاسایشی هاوبەشی نێوان تاکەکانی



خستووەتە ژێر کاریگەری خۆیان و لە بەرەنجامدا بزاڤێك لە نێوان خەڵكدا سەریهەڵداوە کە هەوڵدەدات ئەم شەپۆڵە کۆنترۆڵ بکات. هەڵبەتە خودی ئەم بیرۆکەیە ڕەگی لە مارکسیزم و ئومانیزمدا هەیە و تەنانەت پێیان وایە کە لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەنداندا شەق و دژایەتی بنەڕەتی هەیە، کە بەرەنجامی بەڕێوەبردنی خراپی بارودۆخەکەیە. لەم ڕووەوە ئەم بیرۆکەیە لە پاڵ دڵنیا کردنەوە لەسەر ڕۆڵی خەڵك ئەوان دەبەستێتەوە بە کێشە جیهانی و ناوچەییەکان. بیرمەندانی سیستەمی سێیەم لە بری بزاڤی کۆمەڵایەتی لە وشەی NGO بەهرە دەبەن کە بەبیری ئەوان گرنگترین ئەکتەرن کە لە نێوان کرداری جیهانی و هاوڵاتیان پەیوەندیان دروست کردووە. ئەم پەیوەندییە لە ڕێگای نەتەوەیەکگرتووەکان و هەروا شەبەکەکان دروست دەبێت. بە بیری ئەم بیرمەندانە NGOکان لە سەرووەری سنووری بەندی باوی باکوور–باشوورو ڕۆژهەڵات–ڕۆژئاوا جێگە دەگرن.

### ڕێکخراوە نێونەتەوەییە حکوومییەکان (IGO)

IGOکان یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییە حکوومییەکان، ئەو ڕێکخراوانەن کە بەڕەزامەندی دوو یان چەند دەوڵەت دروست دەبێت، لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامە کە بە ڕەزامەندی وڵاتەکان دەنوسرێت دەست بەکار دەبێت. دانیشتنی ئەم ڕێکخراوانە بە شێوەی ڕێکوپێك ئەنجام دەدرێت. ئەوان خاوەن فەرمانبەری بەردەوامن. ئەندام بوون لە IGOکان کارێکی ئارەزوومەندانەیە و لەم ڕووەوە سەروەری دەوڵەتان لەلایەن ئەمانەوە ئەوەندە تووشی مەترسی نابێت. هەروەها دەوڵەتەکان بەگشتی خۆیان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان ئەندامبوونی خۆیان لەم ڕێکخراوانە رابگرن. IGOکان ئامانجی جیاوازیان هەیە کە بە ڕێککەوتنی وڵاتەکان دیار دەکرێت. لەوانەیە ئەم ئامانجانە ئابووری یان سیاسی بن. هەرچەندە لە زۆربەی کەیسەکان دیاریکردنی ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوانە ئاسان نییە.

سەبارەت بە IGOکان دابەشکردنی جیاواز لەسەر بنەمای رۆڵی سیاسی و یان ئابووری هەیە. لە روانگەی بڵاوبوونەوە دەتوانن ئەوان بە ناوچەیی و سەرووی ناوچەیی بزانین. هەرچەندە لە هەندێك بواردا دیاریکردنی سنووری راست لە نێوان IGOێکی ناوچەیی و سەرووی ناوچەیی بەساکاری روونادات. سەرەتا جۆری دابەشکردنەکان لەسەر بنەمای ناوچەیی و یان کولتووری و ئایدیولوژیکی دەخەینە ژێر توێژینەوە. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین سەیری خشتەی خوارەوە بکەین:

| IGO | کولتووری– ئایدیۆلۆجیکی | سیاسی | ئابووری | ئاسایشی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ناوچەیی | Arab league<br>Normal council | OAS<br>OAU | EC<br>ANCOM<br>ASEAN | WTO<br>CENTO<br>ANZUS |
| سەروو ناوچەیی | Islamic council | UNGA | OECD<br>GAAT(WTO)<br>OPEC | NATO<br>UNSC |

جۆرێکی تریش لە دابەشبوون هەیە لە رێگەی ئەوەی کە IGOکان لەسەر بنەمای ئامانجی بەربڵاو یان سنووردار پێناسە دەکرێن. IGOکانی جۆری یەکەم لە رووبەرە جیاوازەکانی وەك سیاسەت، ئابووری، سەربازی، کۆمەڵایەتی، کولتووریی، یاسایی و پەرەسەندن چالاکن و ئەندامانی ئەو لەوانەیە جیهانی یان ناوچەیی بن. نەتەوەیەکگرتووەکان نموونەی یەکێك لەم رێکخراوانەیە کە خاوەن ئامانجی فراوانە. لە کاتێکدا کە NATO رێکخراویکی ناوچەییە کە خاوەنی ئامانجی سنووردارە. ئەو IGOانەی خاوەن ئامانجی سنووردارن رۆڵیان لە بوارێکی تایبەتدا هەیە.



سەیرکردنێکی خشتەی سەرەوە دیاری دەکات کە زۆربەی IGOکان لە سەردەمی شەڕی سارد شێوەیان گرتووە، هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێدا ریشەی ئایدیۆلۆجیکیان هەبوو. بەهەر شێوەیەك بێت ئەم جۆرە IGOانە زیاتر لە ژینگەیەکی ناکۆك کاریان دەکرد. واتا لە لایەك هەوڵیان دەدا بە شێوەی سەرووی نەتەوەیی کار بکەن. لە کاتێکدا لە لایەکی تر جاروبار لە سەر بنەمایی ناسیۆنالیزم کاریان دەکرد. لە سەردەمی شەڕی سارد ناکۆکی ئایدیۆلۆجیکی کە ببووە هۆی بچووکبوونەوەی فەزای سیاسی سیستەمی نێونەتەوەیی، تاڕادەیەك بابەتی ناسیۆنالیزمی لاواز کردبوو، چونکە یەکیەتی سۆڤیەت و ئەمریکا لەسەر جۆرێك لە ئینترناسیۆنالیزم داکۆکیان دەکرد کە سەبارەت بە جیهانی رۆژئاوا ئەم پرسەیە زیاتر شێوازی ئابووری بوو.

لە رووی مێژووی لەدایکبوونی IGOکانی مودێرن دەتوانین بۆ شۆڕشی پیشەسازی بگەڕێنینەوە. پێش لەم سەردەمە دنیای بازرگانیی سنووردار بوو و پەیوەندی ئەوەندە لە نێوان وڵاتان دروست نەبوو و بازاڕەکان بچووك و لاواز بوون، بەڵام شۆڕشی پیشەیی بەگەیشتن بە بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ هەوڵی بەرفراوانکردنی بازاڕە ناوچەیی و نەتەوەییەکانی دەدا. پرۆسەی بڵاوبوونەوەی هاوکارییە نێونەتەوەییەکان کە درێژەی جیهانیبوونی پاش وێستفالیا بوو، بەهۆی سەرکەوتنی مودێرنیتە لە رووی چەندایەتی لاوازکەری دەوڵەت –نەتەوە نەبوو، تەنانەت IGOکانیش تاڕادەیەك بوونە هۆی بەهێزکردنی دەوڵەتان بە زمانێکی سادەتر دەتوانین بڵێین کە IGOکان بەرهەمی ناکۆکی سەرمایەداری و هێزە ناوخۆیەکان بوون. یانی جۆرێك لە کێبرکێ لە نێوان فشارە ئابوورییەکان بۆ هەڤگری و فشاری سیاسی بۆ نەتەوەخوازان بوو و رێگە چارەی ئەم کێبرکێیانە IGOکان بوون، لەو کاتەی کە فراوانبوونی هاوکارییە نێونەتەوەییەکانی گەرانتی دەکرد سەروەری نەتەوەیشی دەپاراست. کۆمیسیونی ناوەندی بۆ جولەی

دەریایی (ڕاین) کە پاش کۆنفرانسی ڤیەننا پێکهات دەتوانین بە یەکەمین IGO دابنێین ئایا بەدڵنیایی دەتوانی بڵێین کە بوونی ئەم ڕێکخراوانە لە قازانجی سەروەری نەتەوەیی بوو؟ چونکە کێشەیەکی وا دێتە ئاراوە کە ئەوان وەک پێویست لە ڕێگەی داخوازییەکانی یەکە یەکەی ئەندامەکان بزاڤ نەکەن و ئەم پرسە بە تایبەت کاتێک ڕوودەدات کە ژمارەی ئەندامەکان فراوان بن. لە لایەکی تر بوونی ئەم ڕاستییە ئەوەمان پێدەڵێت کە هەموو ئەندامەکان بە ڕێژەیەکی یەکسان خاوەن هێز نین، بەڵکو لە ناویدا جۆرێک نوخبەخوازی حوکم دەکات کە لە زۆربەی کێشەکان ئەم دۆخە دەتوانێت بەزەرەری وڵاتانی لاواز بێت. ئەم نوخبەخوازییە خۆی زۆرتر بەهۆی هێزی ئابووری و سیاسی یەک یان چەند وڵاتی ئەندام دروست دەبێت، بەڵام ئەندامانی نانوخبە لەسەرووی بوونی نوخبەخوازی پێیان باشە هەروا بە شێوەی ئەندامێک بمێننەوە. ئەگەر بۆ لێکدانەوەی کێشەی سەرەوە لە پارادایمی هێز کەڵک وەرگرین، لەو ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە ئامانجی کۆتایی دەوڵەتەکان لە پێکهێنانی IGOکان بریتییە لە بەدەستهێنانی هێزی سیاسی، ئاسایشی و ئابووری. ئەم پرسە بەم هۆیەوە کە گەیشتن بە ئامانج لە ڕووی گشتییەوە چەندین جار ساکارترە لە حاڵەتی تاک، بەڵام خودی ئامانجەکان لەژێر کاریگەری پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی و هەروەها پێکهاتەی خودی دەوڵەت–نەتەوەکان فۆرم دەگرێت. ئامانجەکانی پێش دەست پێ کردنی شەڕی سارد لەبەرچاوی دەوڵەتان چەند بەرامبەر ئایدیالی تر، لە ئامانجەکانی سەردەمی شەڕی سارد بوو، چونکە لەو سەردەمە هێشتا پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی سنوورەکانی خۆی بۆ دەوڵەتان دانەنابۆ. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین کە هێزی لایەنەکانی دەوڵەتی لە ئەندام بوون لە IGOکان بوو و گۆڕان لە واتایی هێز کاریگەری زۆری لە ئەندام بوون لەم ڕێکخراوانە هەبوو. بەواتایەکی تر هەرکات بەشێک لەو هێزە لە IGOکان بە دەست نەیێت، دەوڵەتەکان ناچارن لە ڕێگەی تر وەک NGO کان دابینی بکەن.



لە سەردەمی شەڕی سارد بەهۆی بوونی واتا لە پارادیمەکانی ڕەفتاری، ئامانجی کۆتایش بوونی هەبوو ئامرازی گەیشتن بەو بریتی بوو لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی. ڕەهەندەکانی تری بەگشتی کەوتبووە ژێر سایەی هێزی سەربازی. بۆ وێنە ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان وەک IMF و بانکی جیهانی بەهۆی هێزی ئابووری ئەمریکا، بەکردەوە لە خزمەتی سیستەمی سەرمایەداری و بەهێزکردنیدا بوون. لەم فەزایەدا کە دۆست و دوژمن دیاری دەکران، IGOکانیش ئامانجێکی دیاری کراویان دەستنیشان دەکرد کە بەهێزکردنی بەرەی خۆی و لاواز کردنی بەرەی ئەوی تر بوو. لە ڕوانگەی هاوکاریی نێونەتەوەییەکاندا هەروەها بەهۆی بوونی شوناسی هاوپەیمانییەکان و یەکیەتییەکان، IGOکان دەیانتوانی لە نێوان سەروەری نەتەوەیی و هاوکاری سەرووی نەتەوەییدا جۆرێک لەهاوسەنگی دروست بکەن. ئەگەرچی دواجار ئەم هاوسەنگیە بەهۆی لاوازی ڕۆڵی دەوڵەتان تێکشکا.

بەهەر حاڵ بەکردەوە دەبینین کە ژمارەی IGOکان پاش شەڕی دووەمی جیهانی بەخێرایی پەرەیی سەند. هۆی ئەم پرسە دەتوانین لە پێویست بوونی هاوکارییە نێونەتەوەییەکان پاش خراپیەکان بەهۆی شەڕی جیهانی دووەم و گەیشتنی چەکی کۆکوژی بزانین کە بووە هۆی ترسی نێونەتەوەیی. لەم ڕووەوە زۆربەی IGOکان لە ڕاستیدا بۆ پاراستنی ئاشتی، بەرگرتن لەشەڕ، پەرەسەندنی ئابووری و بەرگری لە نەخۆشییە کوشندەکان دروست بوون. هۆی دووەم گەشەکردنی IGOکان ئاسانتر بوونی پەیوەندییەکان و گواستنەوەیە. هۆکاری سێیەم لە گەشەکردنی ئۆمانیزم بزانین. هەژاری، پەرەسەندن و نەخۆشییەکان هەموو کات هەڕەشە بوون لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەڵام تەنیا لەم ساڵانەیی دواییدا بوو کە حکومەتەکان ناچار بوون تا ئەم جۆرە کێشانە لە ڕێگەی هاوکاری جیهانی چارەسەر بکەن. هۆکاری چوارەمی گەشەسەندنی IGOکان فراوانکردنی خزمەتگوزارییە مەدەنییە نێونەتەوەیەکان بوو.

هۆکارێکی گرینکی تر کە بووە هۆی فراوانبوونی IGO ناوچەیەکان لە سەردەمی شەڕی سارد، بوونی ناکۆکی لە نێوان دووجەمسەرە ئایدیۆلۆجیکییەکە بوو. لەم ڕووەوە یەکیەتی سۆڤیەت و ئەمریکا دەستیان دایە دروستکردنی ڕێکخراوە نێونەتەوەیە حکوومییەکان. ڕێکخراوەکان وەك ANZUS،ASEAN،COMECOW توانیان لە فەزای شەڕی سارد گەشە بکەن. لە کۆتایشدا گەشەکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی پاش قەیرانی گەورەی ئابووری ئەورووپایش دەتوانین لە هۆکاری بڵاوبوونەوەی IGOکان دابنێین، چونکە دەوڵەتەکان خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن کە بۆ دروستکردن و دابینکردنی زیاتری خۆشگوزەرانی خەڵك بچنە ناو هاوپەیمانییەکان.

مەسەلەیەکی تر کە سەبارەت بە IGOکان جێگەی گرنگییە، لێکۆڵینەوەی ڕۆڵ و ڕەفتاری ئەوان لە سەردەمی شەڕی سارد بوو کە دەتوانین ئەم لێکۆڵینەوە لە دوو ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەیی لێکدانەوەی بۆ بکەین. لە ئاستی نێونەتەوەیی لەگەڵ ئەکتەرەکانێك وەك نەتەوەیەکگرتووەکان و بەشەکانی تایبەت بەو ڕووبەڕووین و لە ئاستی ناوچەیش دەتوانین ئاماژە بە ئەکتەرێکی وەك NATO بکەین. نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆڵی ئاسایشی، ئابووری، سیاسی و کولتووری هەیە و لە تەواوی ئەم بوارانەدا چالاکە. لە کاتێکدا کە ناتو و ڕێکخراوە ناوچەییەکانی تر بە زۆری خاوەنی ئامانجێکی گەورەن.

نەتەوەیەکگرتووەکان سێ ئامانجی گەورەی لە ئەجێندای خۆی داناوە. یەکەمین ئامانجی ئەو وەك کۆمەڵگای نێونەتەوەی پاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێونەتەوەییە. میکانیزمی سەرەکی دابینکردنی ئەم پرسە، ئەنجومەنی ئاسایشە کە کۆمەڵەی گشتی و دەزگا یاساییە نێونەتەوەیەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە یارمەتی دەدەن. ئامانجی دووەمی نەتەوەیەکگرتووەکان بریتییە لە پەرەسەندنی هاوکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە نێونەتەوەیەکان. بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە NGO کان ڕۆڵێکی



زۆر کاریگەریان هەیە. ئامانجی سێیەم بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، بەم جۆرە دەتوانین لە ڕێگاری ئامانجەکانییەوە وەڵامی پرسیارەکانی پەیوەندیدار بە ڕەفتاری نەتەوەیەکگرتووەکان بدەینەوە. لێرەدا دەبێت ببینین کە لە ڕاستیدا تا چ ڕادەیەك نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێگای گەیشتن بەم ئامانجانەی خۆی لە سەردەمی شەڕی سارددا سەرکەوتووو بووو؟ سروشتیە بەشێك لە کەموکورییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان پەیوەندی بە فەزای نێونەتەوەیی شەڕی ساردەوە بوو، بەڵام بەربەستی واش بووە کە هەموو کات بەربەستە لە بەرامبەر سەرکەوتنی نەتەوەیەکگرتووەکان. هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد ناکۆکی نێوان دووجەمسەرەکە بە گرنگترین بەربەست دادەنرا. لە کاتێکدا بریاری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دابینکردنی ئاشتی یان پاراستنی ئاشتی ڕووبەڕووی ڤیتۆی یەکێ لەو دوولایەنانە دەبووەوە. بۆ نموونە پێش سەردەمی لەناوبردنی کۆلۆنیا بە زۆری یەکیەتی سۆڤیەت ڤیتۆی بەکاردەهێنا. بە جۆرێك کە پاشان ئەمریکا زیاتر لەم شێوەیە کەڵکی وەردەگرت. هۆی ئەم پرسە ئەوە بۆ کە بەزۆربوونی وڵاتانی خاوەن دەنگ لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بەکردەوە، یەکیەتی سۆڤیەت هێزێکی فراوانی بەدەستهێنا بوو، چونکە لە هەڵوێستی دژە کۆلۆینای خۆی و نەبوونی پێشینەی کۆلۆنیایی بەهرەی وەرگرت و وڵاتانی تازە سەربەخۆشی لەگەڵ خۆی خستبوو. هۆکاری تر قبووڵکردنی چین لە نەتەوەیەکگرتووەکان بوو کە ئەمەش لەبەرژەوەندی یەکیەتی سۆڤیەت بوو. بەم شێوەیە مەسەلەی دارایی نەتەوەیەکگرتووەکانیش کەوتە ژێر کاریگەری کێبڕکێی ئایدیۆلۆجیکی کە خۆیی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئامانجی دووەمی نەتەوەیەکگرتووەکان هەبوو. واتا جیهانی ڕۆژئاوا بەهۆی هەبوونی سەروەتی زیاتر، بەکردەوە سندووقی نێونەتەوەیی پارە و بانکی جیهانی لەبەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنا و وڵاتانی تازە سەربەخۆی لەگەڵ خۆیی

دەخست. سەبارەت بەئامانجی سێیەمیش، راڤەکردنێکی فراوان لە ڕەشنووسی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بەمافی مرۆڤ نەبوو، چونکە بۆ نموونە یەکیەتی سۆڤیەت مافی مرۆڤی لە سەر بنەمای ئابووری پێناسە دەکرد و باوەڕی وابوو کە وڵاتانی کۆلۆنیایی پێشوو دەبێت غەرامەی کۆلۆنیاکانی خۆیان بدەن تاکو ولاتانی باشووریش پێش بکەون. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە جەمسەری ڕۆژئاوا ڕەچاونەکردنی بەها سیاسییەکانی لیبڕاڵیزم و دیموکراسی بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ دادەنا. نەوەی سێیەمی مافی مرۆڤ بە هاوکاری دووزلهێزەکە لە سەرەتای دەیەی 1980 دروست بۆ. سەبارەت بە سەروەریش بەهۆی ناکۆکی ئایدیۆلۆجیکی، نەتەوەیەکگرتووەکان توانای دیاریکردنی سەروەرییەکانیانی بە شێوەی بەرچاو نەبوو، چونکە بە زۆری هەر جۆرە بزاڤێك لەگەڵ بەرژەوەندی لایەنێك لەو دوو زلهێزە دژبوو.

بەم شێوەیە دەتوانین بەو دەرەنجامە بگەین کە لە سەردەمی شەڕی سارد، ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان بەشێك لەناکۆکییە ئایدیۆلۆجیکەکانی دووزلهێزەکە بووە. تا ئەو جێگەیە کە دەتوانین بڵێین کە نەتەوەیەکگرتووەکان بەکردەوە ئامرازێك بووە لە دەستی هێزە گەورەکان. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا ناکۆکییەکان هەرسێ ئامانجی گەورەی نەتەوەیەکگرتووەکانی خستبووە ژێر کاریگەری خۆیان و ببوونە هۆی لاوازی نەتەوەیەکگرتووەکان. بەشەکانی تری نەتەوەیەکگرتووەکان هەروا بوون بە ئامرازێك لە دەستی ئەو دوو زلهێزە. لە پاڵ نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکخراوەیی ناوچەیی فراوان دروست ببوون تا بە جۆرێك کەم و کوڕی نەتەوەیەکگرتووەکان پڕ بکەنەوەوە. **لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین IGO ناوچەییەکان بۆ چوار گروپ دابەش بکەین:**

1– ڕێکخراوەکانی خاوەن ئامانجی جۆراوجۆر، وەك OAS (ڕێکخراوی دەوڵەتە ئەمریکییەکان) ASEAN و OAU (ڕێکخراوی یەکیەتی ئەفریقا)



2–ڕێکخراوە هاوپەیمانییەکان وەك ناتۆ، وەرشوو و ئانزوس

3– ڕێکخراوە کردەوەیەکان وەك BENELUX و OPEC و EURATOM

4– کۆمیسیۆنە ناوچەییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان وەك ECE کۆمیسیونی ئابووری ئەوروپا و ECA(کۆمیسیونی ئابووری ئافریقا).

ڕێکخراوە ناوچەیەکان لە لایەك توانیان لە بەهێزکردنی پرۆسەی جیهان بوون یارمەتیدەر بن و لە لایەکی تر ببنە هۆی ئەوەی تا لەناوە ئەم پرۆسەیە شەپۆلێکی پێچەوانە دروست بکەن. بۆ هێنانە گۆڕی ئەم بابەتە دەتوانین چەند هۆیەك بێنینەوە، یەکەم ئەوەیە کە جۆراوجۆری و ژمارەیی ئەم ڕێکخراوە ناوچەیانە بۆ خۆی دیاریکەری ئەوەیە کە ئەوان لە زۆربەی بوارەکانی سیاسی، ئاسایشی و ئابوورییدا چالاك بن کە خودی ئەم پرۆسەیە ببووە هۆی دروستبوونی جۆرێك لە ڕێکخستنی ئامانجەکان. ڕیشەیی ئەم ڕێکخستنەش لە شەڕی سارد بوو. بۆ نموونە لە پاڵ ڕێکخراوەیەکی وەك NATO یان سێنتو کە لایەنی ئاسایشی بوو ڕێکخراوەکانی وەك EURATOMو ECE دەبیندرا کە بە زۆری لایەنی ئابوورییان لە خۆدەگرت. هەروا دوو زلهێزەکە تێدەکۆشان لە ڕێگای پەیوەندی کولتوورییەوە، ئایدیۆلۆژیای خۆیان بڵاو بکەنەوە. هۆی دووەم کاری پێچەوانەی IGO کانی ناوچەیی ئاسایش و ئابوورییە. واتا لە لایەك کە ڕێکخراوەکانی وەك ناتو و وەرشو پاراستنی بارودۆخی ئاسایشی و یان باشترە بڵێین سیاسەتی پاراستنی بارودۆخیان لە ئەستۆ بوو، بەڵام لە بەرامبەر ئەوان ڕێکخراوە نائاسایشیەکانی وەك ASEANو OPEC زیاتر هەوڵیان دەدا لە ڕووبەرەکانی ئابووری وڵاتەکان بۆ دانانی سیاسەتی نوێ ناچار بکەن و ئەم کارە بێجگە لە ڕێگەی بڵاوکردنی هاوکارییە نێونەتەوەییەکان و چوونە دەرەوەی سنوورەکان نەدەکرا. بۆ نموونە لە ناوەڕاستی دەیەی 1970 ڕوودانی قەیرانی نەوت لەلایەن ئۆپێك، دیاریکرد کە خولێکی نوێ لە ئابووری جیهانی دەستی پێکردووە کە تیایدا ئەمریکا و

هێزەکانی تر بە ئەژمار نایێن. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین IGO ناوچەیەکان لە سەردەمی شەڕی سارد زیاتر لە رەهەندی ئابووریدا چالاکیان هەبوو تا لە رەهەندەکانی تر. ئەم مەسەلەیە بەو هۆیە بوو کە فەزای ئایدیۆلۆجیکی سیاسی شەڕی سارد زیاتر رەهەندی سەربازی بە ئاسایش دابوو تاکو ئابووری و لە کۆتاییدا هۆی سێیەم ئەمەیە کە مێژووی پێکهاتنی زۆربەی IGO ناوچەییەکانی بۆ سەردەمی لوتکەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دەگەڕێتەوە. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی IGOکان فەزایی سیستەمی نێونەتەوەیی زیاتر بەلای بەستراوە بوونی دوولایەنە بەتایبەت لە باکوور دەبرد بەدەرکەوت کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی تەنیا بە چوون بۆ ناو سیستەمی نێونەتەوەیی بە دەستدێت، بەڵام خۆدی ئەم کارە بووە هۆی لاوازی لێبوردەیی رابردوو بەنیسبەت سنوورەکان. دەتوانین بڵاوبوونەوەی IGO ئابوورییەکان و هەروەها MNCکان کە یەکێك لە سەرەکیترین هۆکارەکانی دروستبوونی سیاسەتە ئابوورییە نیولیبڕاڵییەکان لە سەرەتای دەیەمی 1980 دابنێین کە بووە هۆی لاوازی دەوڵەت –نەتەوە و خێرا کردنی پرۆسەی جیهانیبوونی سیاسەت، چونکە هەرچەنێك IGOکان فراوانتر دەبن بەو رادەیەش فشار بۆ لابردنی یاسا بیرۆکراسییە دەوڵەتییەکان زیاد دەکات. لەم رووەوە دەتوانین لەگەڵ ئەم وتەی نیولیبڕاڵەکان هاودەنگ بین کە بڵاوبوونەوەی رێکخراوی نێونەتەوەیی یەکێك لە هۆکارەکانی بەسترانی دوولایەنەیە.

خاڵێکی تر کە دەبێت ئاماژەی پێبدەین ئەمەیە کە ئەگەر بمان هەوێت کاریگەری بەجیهانیبوونی سیاسەت لەسەر فراوانکردنی رۆڵی IGOکان بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە، لەو رووەوە دەبێت کاریگەری سیاسەتی پێکەوە ژیانی هاوبەش ناوببەین کە بە وتەی کلارك یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی جیهانیبوونە لە سەردەمی شەڕی سارد. ئەمە خۆی لەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە سەردەمی شەڕی سارد و بەتایبەت تاکو ناوەڕاستی دەیەی 1980، ئابووری



تاڕادەیەکی زۆر بەشێك لە سیاسەت بووە، چونکە خودی دەوڵەتەکان لە ئابووری قسەی یەکەم دەکەن و لە لایەکی تر فەزایی شەڕی ساردیش فەزایەکی ئایدیۆلۆجیك بوو و ئەم فەزایە رەنگ و بۆی سیاسی بوو تاکو ئابووری.

بابەتێك کە لێرە دێتە گۆڕێ ئەمەیە کە بۆچی IGOکان کە خۆیان بەرهەمی دەوڵەتەکان بوون، رێگەیان بۆ لاوازکردنی ئەوان لە سیستەمی نێونەتەوەیی خۆش کرد؟ بۆ وەڵام دانەوە بەم پرسیارە ئەگەر پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەی بە بەشێك لە پێکهاتەی دەوڵەتەکان و ئەکتەرەکانی لەبەرچاو بگرین، گۆڕانکاری لە IGOکان خۆی دیاریکەری گۆڕان لە دەوڵەتەکانە. ئەم گۆڕانکارییە لە داواکارییەکانی نوێی خەڵك سەرچاوەی گرتووە و دێتە ئاراوە. بۆ نموونە لە قەیرانی نەوتی دەیەی 1970 لە پاڵ ئەوەی کە دەوڵەتەکان تووشی زەرەری ئابووری بوون، لە لایەکی تر داخوازی خەڵکیش بۆ رێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەم قەیرانە فراوان بوو، کە ئەم پرسە دەوڵەتەکانی ناچار بە دەرکردنی بڕیاری بنەڕەتی کردووە. ئەمە بەم واتایەیە کە لە روانگەی مودێرنیتە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی بڵاوبوونەوەی رۆڵی IGOکان لە ناوەڕاستی دەیەی 1970 چووەتە ژێر پرسیاری دروشمە سەرەکییەکانی مودێرنیتە وەك ئایدیۆلۆژی، ناسیۆنالیزم و بە دوای ئەو دەوڵەت–نەتەوە. هەڵبەت سەبارەت بە IGOکان زیاتر لەوەی خەڵك رۆڵی کاریگەریان ببێت، دەوڵەتەکان خۆیان رۆڵی سەرەکیان گێڕا، لەپاڵ ئەوە ئەم بارودۆخە خۆی تاڕادەیەك دەرەنجامی داخوازییە نوێیەکانی خەڵك بوو.

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە لێکدانەوەی سەرەوە زیاتر پەیوەندی بە بارودۆخی IGO کانی باکوور هەبوو. هۆی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە دەتوانین بڵێین دەگەڕێتەوە بۆ تاکە ئەکتەری تایبەتی وڵاتانی باکوور لە بواری سیستەمی نێونەتەوەییدا لە دەورانی شەڕی سارد. بە جۆرێك کە تەنانەت IGOکانی باکووریش لەژێر کاریگەری دەوڵەتەکانی باکوور دەستیان دایە دروستکردنی هاوپەیمانییەتی.

## کۆمپانیا فرە رەگەزەکانی (NGOکانی حکوومی)

تاکو ئەم دوایە کاتێك باسی NGOکان دەکرا بەخێرای مەسەلەی کۆمپانینا فرەرەگەزەکان دەهاتە مێشکەوە. ئەم پرسە خۆی دیاریکەری گرنگی فراوانی ئەوان لە ژیانی سیاسی و ئابووری وڵاتان بوو. هەر ئەم پرسە بووە هۆی ئەوەی کە MNCکان زیاتر لە هەر ئەکتەرێکی ناحکوومی بکەونە بەر رەخنە و لێکۆڵینەوە و سەرنج. پێشتر بینیمان کە دوو روانگەی رەشبینانە و گەش بینانە سەبارەت بەم کۆمپانیانە هەبوو. کە ئەمە خۆی دیاری دەکات کە لە بواری کردەوە ناتوانین رۆڵی MNC کان لەبەرچاو نەگرین. هەمیشە نێوان MNCکان و ئەکتەرەکانی تر وەك حکومەتەکان و IGOاکان پەیوەندییەکی ئاڵۆز بووە کە لە فشاری سیاسی بگرە تا بەرتیلی گەورەی دارایش دەگرێتەوە. بەم بوونەیە هێشتا بە راستی ناتوانین بڵێین چالاکی سیاسی و ئابووری MNCکان لە کوێیە. ئەگەرچی ئەم بنەما سەرەکییە هەیە، کە ئەوان هەوڵی بەدەستهێنانی قازانجی خۆیان دەدەن، بەڵام سەیرێکی ئەنجامی چالاکییەکانی ئەوان لە سەردەمی شەڕی سارد ئەوە دەردەخات کە ئەوان پەیوەندی ئاڵۆزیان لەگەڵ دەوڵەتان و ئەکتەرەکانی تر گرتووە تاکو بە ئامانجەکانی بگەین. بەواتایەکی تر فەزای زاڵ بەسەر سەردەمی شەڕی سارد کاریگەری لەسەر چالاکییەکانی ئەوان هەبوون، بەم هۆیە ناتوانین ئیدیعای سەربەخۆیی ئەوان لە دەوڵەتان بکەین. مەسەلەیەکی تر کە جێگەی گرنگییە هێزی دەوڵەتەکانە کە لەگەڵ MNCکان دەچنە ناو قەیران. هەرچەندە ئەم هێزە زیاتر بێت هەر بەو رادەیەش هێزی گفتوگۆیان دەچێتە سەرەوە. لەم رووەوە دەوڵەتەکانی باکوور لە هەڵسوکەوت لەگەڵ MNCکان زیانێکی کەمتر بەنیسبەت دەوڵەتەکانی باشوور دەبینن.

هەستپێکراوترین و روونترین هێز کە MNC کان هەیانە، هێزی ئابوورییە. لە راستیدا لەم رێگەوەیە کە ئەوان سیاسەتی دەوڵەتان دەخەنە



ژێر کاریگەری خۆیان. سروشتیە کە هەرچەندێك فاکتەری ئابووری لە سیستەمی نێونەتەوەی گرنگی زیاتر بێت و هەرچەندێك هێزی ئابووری وڵاتێك لە خوارەوە بێت، بەو رادەیەش رادەی کاریگەری MNCکان لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتە زیاتر دەبێت. ((تەنیا لە ساڵی 1978 نزیکەی 1886 میلیار دۆلار لەبەرهەمی جیهانی هی 430 کۆمپانیای فرەرەگەز بووە. لە ساڵی 1991 نزیکەی 44 کۆمپانیای فرەرەگەز 2008 میلیار دۆلار لە بەرهەمی جیهانیان بۆ خۆیان تەرخان کردووە، کە یەکسانە بە 90٪ گشت بەرهەمەکانی جیهانی. لەو ساڵە ئەم 44 کۆمپانیا گەورەی بەشێك لە 100 یەکە ئابوورییە گەورەکەی دنیا بوون. یانی بەرهەمی زیاتر لە 500 کۆمپانیای فرەرەگەز زیاتر لە بەرهەمی ئابووری وڵاتە گچکەکان بوو.)) ئەم ئاماژەیە پێمان دەڵێت کە بەرەوتی کات هێزی ئابووری کۆمپانیا فرەرەگەزەکان رۆژ بە رۆژ زۆر زیاتر دەبێت. بە جۆرێك کە داهاتی ئەوان تەنانەت لە زۆربەی وڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتنی پیشەسازیی سەرتر دەڕوات. ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە لەم دواییە لە سێ جەمسەری ژاپۆن، ئەمریکا و یەکیەتی ئەوروپا 37000 کۆمپانیای فرەرەگەز هەیە، کە لە تەواوی دنیا 200000 لقیان هەیە. ئەوان دەتوانن هەر سیستەمێکی سیاسی کە بیهەوێت لە بەرامبەری گەشەکردنی بەربەست دروست بکات، تووشی ناسەقامگیری بکەن. دوو لەسێی ئەم کۆمپانیانە لە 14 وڵاتی پیشەسازیی دنیان. لە ساڵی 1992ش 100 کۆمپانیای فرەڕگەزی سەرەکی، نزیکەی 314 تریلیون دولار سەرمایەی دەرەکیان لە دەست بووە. کە 40٪ ئەم سەرمایانە لە دەرەوەی وڵاتەکانی دایك بووە. ئاسەواری بەجیهانیبوون بەسەر ئابووری جیهانی دەتوانین بە لێکدانەوەی کاریگەرییەکانی ئەو لەسەر هەندێك لە دیاردەکانی سەرمایەگوزاری دەرەکی (FDI)، بازرگانی جیهانی، پەیوەندی نێوان گەشەکردنی ئابووری و کار، رێکخراوەکردنی زانست و تەکنەلۆژیا، سیستەمەکانی پیشەسازی و پرۆسەکانی یەکگرتنی ئابووری نێوان ناوچەیی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین. بەم جۆرە بۆ تێگەیشتن

له ڕۆڵی MNC له سەردەمی جیهانیبوون دەبێت ڕۆڵی ئەوان لە پرۆسەکانی ئامارژەپێکراو بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە. هەروەها ئەگەر ئەم پێوەرە نەبێت، ئەم ئەگەرە هەیەکە هەر چی شتە بەجیهانیبوون گرێ بدەین.

بەدەستهێنانی قازانج و گەشەکردنی ئابووری هەموو کات یەکێك لە بنەماکانی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان بووە. پەیوەندی ئەوان لەگەڵ حکومەتەکان، کاریگەری ئەوان لەسەر ئابووری جیهانی، دەستێوەردانیان لە سیاسەتە جیهانییەکان، بەگشتی پەیوەندیان لەگەڵ بنەمای سەرەوەیە کە واتا پەیدا دەکات. لەم ڕووەوە ئیمکانی هەیە ئەم کۆمپانیانە بۆ بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر بوارەکانی پەرەسەندنی ئابووری لە ناوچەیەك (وەك ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات) دروست بکەن. پەرەسەندنی ئابووری لە درێژخایەن دەتوانێت بۆ گەشەکردنی دیموکراسی ڕێگە خۆش بکات. هەرچەند لەوانەیە پەیوەندی گونجاو لە نێوان گەشەکردنی ئابووری و گەشەکردنی دیموکراسیدا نەبێت. لەم ڕووەوە دەتوانین لە سەرەنجام و داخوازییەکانی MNC قسە بکەین. واتا زۆربەی ئەنجامەکانی چالاکی ئەوان ئەنجامێکی بەرنامە داڕێژراو نییە، بەڵکو لە کاتی چالاکییە کە ئەو ئەنجامانە دروست دەبن و زنجیرەیەك لە ڕووداوەکانی تر بە دوایی خۆیان دێنن. هاوکات هەندێك لە کردەوەکانی MNCکان، پێشتر بەرنامەیان بۆ داڕێژراوە. وەك ئەو شۆڕشانە کە بەیارمەتی دەزگاکانی سیخۆری لە وڵاتانی جیهانی سێیەم جێبەجێ دەبوون، وەك شۆڕشی 28 مورداد بە دژی حکومەتی موسەدیق و هەروەها شۆڕشی دەیەی 1970 دژی حکومەتی ئالەندە لە شیلی.سەبارەت بە ئێران ئەو کەسەی کە بەڕێوەبەری ئەم شۆڕشە بوو ئەندامی CIA بوو کە دواجار بەناوی کۆمپانیای نەوتی کەنداو هەڵبژێردرا و سەبارەت بە شۆڕشی شیلی هەروەها کۆمپانیای تەلەفۆن و تێلگراف (ITT) ڕۆڵی گرنگی گێرا. هەروەها جۆرێکی نوێ کە کۆمپانیا نێستێل (NESTEL) کردی بەجێگەی شیری دایك کە بووە هۆی کوشتنی ژمارەیەکی زۆری منداڵ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم کە دواجار بەهۆی ناڕەزایی دەربڕینی جیهانی بەر بە کارەکانیان گیرا.



ڕووداوەکانی سەرەوە دیاری دەکات کە هەڵسوکەوتی MNCکان لەگەڵ وڵاتانی باکوور جیاوازە. بەواتایەکی تر ئەوان لە باشوور لە بواری سیاسیشدا لە ئاستێکی سەرووی بەڕێوەبەران و بەرپرسانی وڵات کاریگەرن. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوان لە باکوور تێدەکۆشن زیاتر لە ڕێگەی ئابووری و بەناوی کارو پیشە، چالاکییەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن ((لێکۆڵینەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە سەرمایەگوزاری دەرەکی ئێمە بەم ئەنجامە دەگەیەنێت کە کۆمپانیا فرەرەگەزەکان بایەخ بەو وڵاتانە دەدن کە سنووری پەرەسەندنیان بەزاندووە و بە کردەوە بۆ 50 وڵات (کە هەژارترین وڵات جیهانن) کارێك یان نەکردووە)) هەڵبەت ئەم شتە هەر لە ڕێگاری بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر ڕوودەدات. MNC کان لەهەرکوێ کە بزانن بۆ سەرمایەگوزاری ئاسایش هەیە، سەرمایەکەی خۆیان دەخەنەگەڕ، بەڵام سەبارەت بە باشوور ئەم سەرمایانە سەرەتایی و بچووکن. بەواتایەکی تر کۆمپانیا فرەرەگەزەکان تەکنەلۆژیای زۆر ئاڵۆز و پێشکەوتووی خۆیان نایێننە ناو وڵاتانی باشوور. لەجیاتی ئەمە تێدەکۆشن لە هەر وڵاتێك سەرمایەگوزارییێکی دروست ئەنجام بدەن. وەك دۆزینەوەی نەوت لە دەریای خەزەر یان سەرمایەگوزاری لە وڵاتانی کەناری کەنداوی فارس. بابەتێکی تری گرینك پەیوەندی نێوان MNC کان و حکومەتەکانە. حکومەتەکان ئامرازی جۆراوجۆریان بۆ کونترۆڵی کۆمپانیا فرەرەگەزەکانیان لە بەردەست دایە کە زۆربەی ئەم ئامرازانەش سیاسی و یاسایین. ئەوان دەتوانن یاساکان بۆ دەرکردن یان دەرنەکردنی سەرمایەی کۆمپانیاکان پەسەند بکەن. لەم حاڵەتەدا کۆمپانیاکان ناچارن بۆ هێنانە دەرەوەی دراو بەرهەمە ناوخۆییەکانی وڵاتانی میواندار بکڕن و بینێرنە دەرەوە و ئەم کارە هۆی گەشەکردنی وڵاتانی میوانداری بەدواوەیە، چونکە دەوڵەتەکان لە زۆربەی کەیسەکان ئەو تەکنەلۆژیانەیان نییە کە MNCکان هەیانە. لە هەندێك بواردا ئەم وڵاتانە بەرهەم هێنانی کاڵا تایبەتەکان کە زۆری پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەیی هەیە بۆ کۆمپانیا فرەرەگەزەکان

نایاسایی کردووە. هەندێك لە وڵاتان بۆ کۆمپانیا دەرەکییەکان نایەڵن خاوەنداریێتی گشتی دروست بێت. هەروەها هەندێك دەسەڵات یارمەتی کۆمپانیاکانی ناخۆ دەدەن تاهێزی کێبڕکێی ئەوان لەگەڵ MNC کان زۆر بێت. لە زۆربەی بوارەکان وادیارە کە کۆمپانیا فرەرەگەزەکان لەگەڵ ئەم جۆرە سنووردار کردنە راهاتوون لە پاڵ ئەوەی کە ئەوان بە زۆربەی داخوازیەکانیان دەگەن. لە لایەکی تر بوونی دەوڵەتێکی بەهێز لە وڵاتانی شێواوی جیهانی سێیەم لە راستیدا گەرانتییەکە بۆ ئاسایشی سەرمایەگوزاری. ئەم دەوڵەتانە لە روانگەی MNCکان پێویست ناکات کە بەها دیموکراتییەکان لەبەرچاو بگرن، بەڵکو دەبێت بتوانن ئاسایشی پێویست بۆ سەرمایەگوزاری دابین بکات.

لەسەر ئەو شتەی کەوترا دەتوانین بڵێین کە بوونی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان جگە لە مەسەلەکانی ئابووری، مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تریان دروست کردووە. لێرەدا دەبێت ببینین، کە ئایا ئەم کۆمپانیانە لە هەوڵی لاوازکردنی دەسەڵاتەکانن یان بەهێزکردنی ئەوان؟ لە لایەکی تر رادەی لەبەرچاوگرتنی ئەوان بە بەها دیموکراتیکەکان تاچ رادەیەکە؟ هەروەها دیموکراسی چۆن لەلایەن ئەم کۆمپانیانە تووشی هەڕەشە یان بەهێز بوون دەبێت؟ بەهۆی گرنگی ئەم کۆمپانیانە بوو کە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی 1972 کۆمیسیۆنێکی 20 کەسی بۆ لێکۆڵینەوەی رۆڵ و کاریگەری ئەم کۆمپانیانە پێك هێنا تاکو بتوانن راسپاردەکانی خۆیان لە چوارچێوەی یاساکانی نێونەتەوەیی بێننەگۆڕێ. دواجار ئەم کۆمیسیۆنە لەوکاتەدا لێکۆڵینەوەکانی خۆی خستەڕوو و خوازیاری ئەوە بۆ کە وشەی سەرووی نەتەوەیی (نەتەوەیەکگرتووەکان) بە جێگای فرەرەگەزکان بەکار بێنێت تاکو بە شێوەیەکی گونجاو پێناسەیی بکرێت. هەروەها ئەم کومیسیونە بۆ راگرتنی چالاکی نایاسایی لە هاوکارییە نێونەتەوەییەکان ئەم پێشنیارانەی خستەڕو: 1-سەقامگیرکردنی سیستەمێکی زانیاری ڕێکوپێك. 2-لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئاسەواری



کۆمەڵایەتی، سیاسی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان. 3-پرۆگرامی هاوکاری تەکنۆلۆجیکی بۆ بڵاوکردنەوەی توانایەکانی وڵاتەکانی لە حاڵی پێشکەوتن لە وتوێژەکان لەگەڵ کۆمپانیا فرەرەگەزەکان. 4-هەوڵ دان بۆ پێناسەیەکی راست لە وشەی سەرووی نەتەوەیی. بەم جۆرە بە شێوەیەکی کورت دەتوانین بڵێین کە ڕووبەری چالاکی MNCکان، ڕووبەرێکی فراوانە کە لەئابوورییەوە بگرە تاکو یاساو سیاسەت دەگرێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئامانجی سەرەکی ئەوان بەدەستهێنانی قازانجی زیاترە. لەم رێگەیە ئەوان کارێك ئەنجام دەدەن کە بە زۆری دژی یەکترین. یانی لە لایەك لەگەڵ دەوڵەتەکان لە حاڵەتێکدا هاوکاری دەکەن و لە لایەکی تر دەتوانن ئەو دەوڵەتەی کە دەیان هەوێت بیخەنە ژێر فشاری سیاسی و ئابووری خۆیان. ئەم ئاستە لە هاوکاری لە لایەك دەبێتە هۆی پەرەسەندنی وڵاتانی خۆرهەڵاتی دور و لە لایەکی تر شۆرشەکانی وەك شیلی و ئێرانی لەگەڵدا بووە. لە لایەکی تر بڵاوبوونەوەی فراوانی هاوکارییەکانی نێونەتەوەیی و هەروا پرۆسەی جیهانیبوون، ئیمکانیاتی ناوەتەبەر دەستی MNC کان کە بووەتە هۆی ئاڵۆزتر بوونی پەیوەندیی MNCکان لەگەڵ NGOکانی تر و هەروەها IGOکان و دەوڵەتان.

## NGO **ناحکوومییەکان**

لە سەردەمی شەڕی ساردا رێکخراوە ناحکومییەکان یەکێك لە ئامرازە گرنگەکانی شەرعییەتدان بە زلهێزەکان بوون و رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی زانستی وەك کۆمەڵەی نێونەتەوەی زانستی (ICSU) تەنانەت بزاڤی ئازادیخوازی وەك PLO (رێکخراوەی ئازادیخوازی فەلەستین) لە نەتەوەیەکگرتووەکانیش کورسیان بوو. ئەم ئەکتەرانە وەك IGOکانی سەردەمی شەڕی سارد رۆڵی جیاوازیان هەبوو. واتا لەوکاتەی کە ئێمە بینەری جۆرێك لە هاوڕێیەتی لە نێوان ئەکتەرەکان بوو، لە لایەکی تر، بزاڤە

رزگاریخوازەکـان پەرەپێـدەری شـێوەیەك لـە دژایـەتی بـوون کـە لەگـەڵ هاوکارییـە ئاماژەپێکراوانـە نـەدەگونجا. وەك وتـرا شـەڕی سـارد، وەك دوو بەرەکییەکانی تری، ئەم دوو بەرەکییەشی خستبووە ژێر باڵی خـۆی و نـەی دەهێشت سـەرهەڵبدات. بـەم هۆیـە NGOکـان پەیوەنـدیان بـە ئایـدیۆلۆژیا هـەبوو. یـانی ئـەم ڕێکخراوانـە نـەك لەسـەر بنـەمای پێوسـتی کۆمەڵایـەتی خەڵك، بەڵکو لەسەر بنەمای پێویستییەکانی دەوڵەتەکان دروست دەبـوون و بەم بوونەیەوە لەژێر سەیتەرەی دەوڵەتەکان بوون. لـە یەکیـەتی سـۆڤیەتی پێـشوو خـۆی چـەند هـەزار یەکیـەتی کرێکـارانی کۆمۆنیـستی ژنـان و لاوان هەبوون، بەڵام بەکردەوە ئەمانە هیچ جۆرە دەنگێکیان لە حکومـەت نـەبوو، تەنانەت لە زۆربەی کاتەکان وەك منبەری پڕوپاگەندەیی رژێمـەکانی خۆیـان دەردەهاتن و پاڵپشتی یان لە سیاسەتەکانی ئەو دەکرد. لێرەیە کـە دەبێـت لـە نێـوان NGO حکوومییـەکان و ئـەو NGO یانـەی کـە لەگـەڵ دەوڵـەت پەیوەنـدیان هەیـە جیـاوازی دابنـێن. NGO حکوومییـەکانی کـە خـودی دەوڵـەتان دروسـتیان کردبـوو و ئامـانجی ئـەوان، بـە لـە بەرچـاوگرتنی فەلـسەفەی بوونیـان، جیـاوازە. بـۆ نموونـە هێنـدێك جـار وڵاتـان بـۆ بەدەستهێنانی پرستیژی نێونەتـەوەیی چـەندین هـەزار NGOیـان نـاونووس ئـەکرد. هـەروەها هەنـدێك جـار وڵاتـەکانی لـە حـاڵی پێـشکەوتن بـۆ کەمکردنـــەوەی فـــشارەکانی نێونەتـــەوەیی دەســـتیان دەدا بـــە دامەزراندنیNGOکان. سروشتییە کە ئامانجی بنـەڕەتی ئـەم جـۆرە NGO یانە لەلایەن دەوڵەتـەکان دیـاری دەکـرا و ئـەوان نەیانـدەتوانی هـەنگاوێکی زیاتر لەوەی کە بۆیان دیاری کراوە بنێن. لە وڵاتانی باشوور کـە بێـزاری لـە سیاسەت فـراوانترە، زۆربـەی چـالاکییە ناحکوومییـەکان لایـەنی سیاسـییان بـەخۆوە گرتـووەو بوونەتـە بەشـێك لـە دەوڵـەتان کـەوا تووشـی قـەیرانی شـەرعییەتن. کەواتـە لـە نێـوان NGOکـان لـە بـاکوور و باشـوور جیـاوازی بنـــەڕەتی هەیـــە. تەنانـــەت لـــە باشـــووریش هـــەروەها رادەی کاریگـــەری



NGOکـان جیـاوازە، بـۆ نموونـە لـە وڵاتێکـی وەك بـەنگلادش، NGOکـانی ژینگەیی زۆر چالاکن و ئەوەندە لەژێر،کۆنترۆڵی دەوڵەت دانـین. لـە کاتێکـدا لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە کردەوە هیچ هـەواڵێك لـە بـوونی NGO کان بەو واتایە کە لە باکووردا هەیە نییە.

**NGO ناحکوومییەکان لە باشوور تاکو رووخاندنی یەکیەتی سۆڤیەت**

هـۆی ئەمـە کەلـە NGOکـانی حکـوومی یـانی MNC کـان لـە باشـوور باسمان نەکرد روونە، چونکە بەکردەوە لە باشوور کۆمپانیای فرەرەگـەزمان نییە، بەڵام لە سەردەمی شەڕی سارد دەتـوانین نـاوی گـەلێك NGO ببـەین کە لە باشوور دروست بـوون. مەسـەلەی NGOکـان لـە باشـوور لەگـەڵ دوو مەسـەلەی گـەورەدا پەیوەنـدیدارن کـە یـەکێك یـان لـە ئاسـتی سیـستەمی نێونەتـەوەی و ئـەوی تریـان لـە ئاسـتی دەوڵـەت–نەتەوەیـە. لـە ئاسـتی سیستەمی نێونەتەوەی لە سەردەمی شـەڕی سـارد کێـشەی ئایـدیۆلۆجیکی کۆمـۆنیزم و لیبراڵیـزم دەهاتـە گـۆڕێ، و لـە ئاسـتی دەوڵـەت–نەتـەوە مەسـەلەی شـەرعییەتی دەوڵەتـەکان خـۆی جێگـەی سـەرنج بـوو. هەڵبـەت فاکتەری دووەم چەندین جار لە فاکتەری یەکەم گرنگ تر بووە. هەروەها لە زۆربـەی کاتـەکان لـە وڵاتـانی هاوپـەیمانی جەمسەری رۆژئـاوا وەك ئێـران، پاکستان و تورکیـا ئەوەنـدە NGOی سـەربەخۆ لـە دەوڵـەت نـابینین. لـە زۆربەی وڵاتانی هاوپـەیمانی جەمـسەری رۆژهـەڵات و تەنانـەت لـە یەکیـەتی سۆڤەیەتیش یاسایەك بۆ پێکهێنانی NGOکان نـەبووە و تەنانـەت لـە پـاش رووخانـدنی ئـەو NGOیانـە لـەژێر نـاوی کۆمەڵـە گـشتییەکان ( public Assocation) درێـژەیان بـە چـالاکی دەدا. سۆسیالیـستەکان بـە دەسـتکرد نـاوزەدکردنی دیموکراسـییەکانی لیـبراڵ بـەکردەوە رێگـەی لـە هـەر جـۆرە چـالاکی لـە دەرەوەی حیزبـی کۆمۆنیـست دەگـرت، بـەڵام ئـەو گروپـە لـە وڵاتـەکانی باشـوور کـە هاوپـەیمانی جەمـسەری رۆژئـاوا بـوون، لەگـەڵ

مەسەلەی حیزب کێشەیان هەبوو، یانی لەوکاتەی کە دەبێت چەمکی حیزب لە وڵاتەکەی خۆیاندا جێگەی بکەنەوە لەوکاتەش دەبێت نەهێڵن کە حیزبەکان ڕۆڵی خۆیان ببینن.

بەم جۆرە لایەنگرانی جەمسەری ڕۆژئاوا لە باشوور لە لایەك دەبوایە لە ڕێگەی پاراستنی پرستیژی نێونەتەوەیی، سەرمایەداری، مافی تاك، ئازادی حیزب و چالاکییەکانی NGOکان بایەخی پێبدرایە و لە لایەکی تر کاتێك کە ئازادییە سیاسییەکان فورمی ڕاستی خۆیان بەدەست دەهێنا، دەبوونە هۆی پاشاگەردانی لەو وڵاتانە. بۆ نموونە لە کۆتایی دەیەی 1970 هێنانە گۆڕی مەسەلەی ئاماژە پێکراو بووە هۆی ئەوەی فەزای تورکیا تووشی شڵەژاوی فراوان ببێت کە لە کۆتاییدا شۆڕشی 1980 سەربازیی لەم وڵاتە بەدواوە بوو. لە ئێرانیش سیاسەتی مافی مرۆڤی کارتێر بەکردەوە بووە هۆی فراوانکردنی خۆپیشاندان لەدژی ڕژێمی شا کە دواجار بووە هۆی شۆڕش. شێوەی یارمەتییە دەرەکییەکانی سەردەمی شەڕی سارد بۆ خۆی یەکێك لە ئامرازەکانی جەمسەری ڕۆژئاوا بۆ خستنی فشار بە سەر وڵاتانی باشووردا. لەم ڕێگەیە زۆربەی NGOکان لە باشووردا بەکردەوە ئامرازێکی پڕوپاگەندە لە دەستی ڕژێم و سیستەمەکانی لیبڕاڵ سەرمایەداری ڕۆژئاوا بوون.

بەهەر شێوە دووپاتکردنەوەی ئاستی لێکدانەوەی سیستەمی نێونەتەوەیی بەواتای لەبەرچاو نەگرتنی هێزەکانی ناوخۆیی داکۆکی کار لە بەرامبەر NGOکان لە وڵاتانی باشوور نییە. لەم وڵاتانە متمانە کە پێویستە بۆ پێکهاتنی NGOکان زۆر لاوازە و ئەم لاوازییە خۆی یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی نەبوونی توانای ئەکتەرە ناحکوومییەکان لە شانۆی سیاسەتدا. نەبوونی متمانە لەلایەن دەسەڵاتداران و خەڵکە، لە لێکۆڵینەوەی سەنتەرەکان ئەم پرسیارە دێت کە ئایا متمانەی کەمتر یان کەم بوونی ئاستی متمانە دەتوانێت مەترسێك بێت بۆ شەرعییەتدان یان نا؟ واتایی شەرعییەت شتێکی فراوانتر لە پاڵپشتی لە حیزبێکی سیاسی یان



ڕێکخراوێکی تایبەتە. ئاستی خواری متمانە بە ناوەندەکانی سیاسی دەتوانێت وەك پێوەرێك بۆ ئەم بابەتەیە بێت، بەڵام ئەم پرسە وەك پێویست دیاریکەری مەترسی شەرعییەت لە سیستەمدا نییە. سەرەڕایی ئەمە لە فەزایەك کە نەبوونی متمانە مەترسێکی ئەوەندە گەورە بۆ شەرعییەتی سیستەمەکان نییە، NGOکان کەمتر سەریانهەڵداوە. هەڵبەت بێجگە لە مەسەلەی متمانە و باوڕپێکردن مەسەلەی تریش کە ڕێگە نەدان بە ڕێکخراوە و سەنتەرەکانی ئایینی بوو. لە وڵاتانی جیهانی سێیەم (بەتایبەت خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) زۆربەی خەڵك داخوازییەکانی خۆیان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی ئایینی دێننە گۆڕێ، کەواتە پێویستێکی ئەوەندە بە ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە دەوڵەت هەست پێناکرێت. هۆی ئەم کارەش ئەوە بوو کە دەوڵەتەکانی باشوور لە ڕاستی قەیرانی نەتەوە سازیان تێپەر نەکردووەو بەم هۆیە نەیان دەتوانی لە نێوان ڕێکخراوەکانی ئایینی و دەوڵەتدا جیاوازی بکەن.

کەواتە کێبڕکێی نێوان جەمسەری ڕۆژهەڵات و جەمسەری ڕۆژئاوا لە سیستەمی نێونەتەوەیی و هەورەها قەیرانی شەرعییەت لە ناوەوە دوو فاکتەری گەورەی دروست نەبوونی NGOکان وەك بەشێك لە کۆمەڵگای مەدەنی، لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بوون. جێگەی باسە دەوڵەتەکان خۆیان بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەت و هەروا گەیشتنی پاڵپشتی و یارمەتی لەلایەن زلهێزەکان دەستیان دا بە پێکهێنانی NGOکان، کەواتە ئەوان توانای پێویستیان بۆ دروستکردنی بزاڤێکی سەربەخۆی مەدەنی نییە و لە ئەنجامدا هەرکات کە،کۆنترۆڵی دەوڵەت رووی لە کەمبوون نا، ئەم ڕێکخراوانەش هێزیان کەم دەبێت.

لە بەرامبەردا لەو وڵاتانەدا کە بە جۆرێك لە سەردەمی شەڕی سارد گرێدراو یان لایەنگری جەمسەری ڕۆژهەڵات بوون، بینەری گەشەکردنی بزاڤە ڕزگاریخوازەکانین کە ئەوان ڕۆڵێکی گرنگ یان لە ناکۆکییە

ئایدیۆلۆجیکییەکانی دوو زلهێزەکە دەگێڕا. مەسەلەی سەرەکی کە لێرە دروست دەبێت ئەمەیە کە ئایا دەتوانین بزاڤە رزگاریخوازەکان، بە NGO ئەژمار بکەین؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت ببینین کە ئایا ئامانجەکانی NGOکان وەك بەشێك لەکۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ ئامانجەکانی بزاڤە ئازادیخوازەکان کە بە زۆری سوود لە شێوازی توندوتیژی وەردەگرن یەکێکن؟ وەك پێناسەیەك بزاڤی ئازادیخوازی نەتەوەیی چوارچێوەیەکە بۆ رێبەرایەتی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەیەك. بەم هۆیە بوونێکی بەو جۆرەیە (بزاڤە ئازادیخوازەکان) بەرادەیەکی بەرچاو پێویستی بە بوونی دوژمن هەیە. لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم ئەم بزاڤە واتادار بوو، بەڵام لە سەردەمی شەڕی سارد، ئەنجامی هەلومەرجی دیاری وڵاتانی جیهانی سێیەم کە سەردەمی کۆلۆنیالیان تێپەر کردبوو، لە بنەڕەتدا جەمسەری رۆژهەڵات لەم بزاڤانە و خەباتانە زیاتر بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی خۆی کەڵکی وەردەگرت لە لایەکی تر کۆمۆنیستەکان بزاڤە رزگاریخوازە نەتەوەییەکانی بە بەشێك لە هێزەکانی شەپۆلی جیهانی شۆڕشگێڕانە دەزانی کە لە رێگەی سۆسیالیزم و پرۆلتاریای جیهانی کاریان دەکرد. سەبارەت بەم کەیسە دوو بیرۆکەی گەورە هەیە: بیرۆکەی یەکەم گرنگییەکی زۆری هەیەو ئەوان بە رەگەزێکی بنەڕەتی لە پرۆسەی شۆڕش و هەروەها بەرەو پێش بردنی گۆڕانکارییەکانی سۆسیالیستی دەزانن، گروپێکی تر پێیان وایە کە ئەم بزاڤە رزگاریخوازانە نەتەوەیانە لە نێوان تێکستی شەڕی سارددا واتایان پەیدا کردبوو. تەناتەت لە دەیەی 1980 کە بزاڤە تیرۆریستییەکانی رزگاریخوازەکان گەیشتبووە لوتکە، زۆربەی جار نەتەنیا بزاڤە ئازادیخوازەکان قازانجێك یان بۆ ئەو وڵاتانە بوو، بەڵکو بەهۆی ئایدیۆلۆجیك بوونیشیان لە زۆربەی کێشەکان دەبوون هۆی شەڕی ناوخۆیی و ناسەقامگیری ئابووری و شۆڕش.



## NGO ناحکوومییەکان لە باکوور

دەتوانین مێژووی دروستبوونی NGOکان لە باکوور هاوکات لەگەڵ تەکامولی کۆمەڵگای مەدەنی لە رۆژئاوا بزانین، چونکە لەوێ بوو کە دەوڵەتەکان قسەی کۆتاییان نەدەکرد و خەڵکیش لە حکومەت دەنگیان هەبوو. هەرچەندێك ئەم دەنگە بەهێزتر دەبوو ئاگاداری خەڵك رووی لەزیاد بوون دەکرد و ئارەزوویی چالاکی لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت رووی لە زیاد بوون دەکرد. دەتوانین شەڕی دووەمی جیهانی بە خاڵێکی گرنگ لە روانگەی مرۆڤایەتی بزانین. لە لایەکی تر تەنگ و چەڵەمەکانی سەرچاوەگرتوو لە شەڕی سارد هاوکارییەکانی نێوان خەڵکی پێویست دەکرد و ئەوانی زیاتر پێکەوە گرێدەدا. لەم فەزایەی پاش شەڕی دووەمی جیهانی بوو کە ئەکتەرە ناحکوومییەکان وەك NGO ناحکوومییە گەشەیان کرد.

کتێبی ساڵی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان (89–1988) لە 4827 رێکخراوی نێونەتەوەی ناودەبەن. جگە لەمانە، کتێبی ساڵ بریتییە لە زانیاری سەبارەت بە 8325 رێکخراوی نەتەوەی ناحکومی کە خەریکە حاڵەتی نێونەتەوەی پەیدا دەکەن. ئەم رێکخراوانە لە رووبەرە جیاوازەکانی ئایین، هاتووچوو، هونەر تاکو زانست چالاکی دەکەن. یەکێك لە گرنگترین رۆڵەکانی ئەوان راوێژدان بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتییە، بۆ نموونە سەبارەت بە رێکخراوەی کەش و هەوای جیهانی 15 رێکخراوە راوێژی پێدەدەن. لە کاتێکدا سەبارەت بە یونسکۆ ئەم برە لە540 رێکخراوە زیاترە..هتد، هەروەها لە کەیسەکانی تریش NGOکان رۆڵی گرنگ دەگێڕن. هەروەها، بۆ نموونە لە سەردەمی شەڕی سارد کاتێك ئابلۆقەی فرۆشی گەنم لەلایەن ئەمریکا بە سەر یەکیەتی سۆڤیەت پەسەند کرا زۆربەی کۆمپانیاکان شوێنی ئەم بریارە کەوتن. تەنانەت لەو سەردەمە NGOکانی پیشەسازیی لە پێدانی خزمەتگوزاری بۆ فرۆکەکانی یەکیەتی سۆڤیەت لە فرۆکەخانەکانی رۆژئاوا کە دەنیشتنەوە خۆیان دەپاراست. بەم

جۆرەش زۆربەی NGO وەرزشییەکان تێدەکۆشان تا ئابلۆقە بەخەنە سەر یارییەکانی ئۆلومپیکی کە لە مۆسکۆ بەرێوەدەچوو. یەکێکی تر لە بوارەکانی چالاکی NGOکان شەڕ لە دژی رفاندنی فڕۆکەکان بوو. یەکێك لە NGOکانی چالاك لەم بوارەدا فدراسیۆنی نێونەتەوەیی فڕۆکەوانی (IFALP) یە. ئەم رێکخراوەیە لە فڕۆکەوانی هەفتا وڵاتی جیهان پێکدەهات بۆ پاراستنی ئاسایشی مسافرەکانی فڕۆکەکە لە کاتی سەفەردا. ئەرکێکی تری ئەو دانی راوێژ لە بواری ئەمنی بۆ هاتووچووی ئاسمانییە. IFALP بڕیاری داوە کە هەموو هاتووچووەکان بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە هەنگاوی کاریگەر بۆ بەرگری لە رفاندنی فڕۆکە ئەنجام نادەن رابگرێت، لە ساڵی 1968 سەبارەت بە جەزایر ئەم کارەیان کرد. گرنگی کاری ئەم جۆرە NGOیانە کاتێك بەدەر دەکەوێت کە بزانین لە بەرامبەر یاساکانی ئاسایشی ئاسمانیدا ئەوان دەتوانن رای خۆیان دەرببڕن و کاریگەریش بن.

یەکێکی تر لە NGOکان کە رۆڵێکی گرنگی لە شانۆی زانستی نێونەتەوەیی گێراوە، کۆمەڵەی نێونەتەوەیی یەکیەتییە زانستییەکان (ICSU)ە کە لە بیست یەکیەتی زانستی نێونەتەوەیی پێکهاتووە. ئەم NGOیە راوێژی زانستی دەداتە یونسکۆ و ECOSOC. ئەم رێکخراوە هەروەها سەبارەت بە گەشەکردنی پرۆگرامەکانی بۆشایی ئاسمانیش چالاکە. دوو ژێر کەوانەی ICSUو CODPAR (کۆمیتەی توێژینەوەی بۆشایی ئاسمان) و IUCAF (کۆمیتەی پسپۆری فرێکانسە رادیۆییە فیزیاییەکان) پێك دێنن. سەبارەت بە نووسینی رەشنووسی CODPAR، یەکیەتی سۆڤیەت هەوڵیدەدا بەفشاری سیاسی، ئۆکراین و بیلاروس و هەروەها وڵاتانی ئەوروپایی رۆژهەڵاتی لەناویدا بکات بە ئەندام، بەڵام دابینکردنی یارمەتی دارایی ئەم رێکخراوە لەلایەن ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان بوونە هۆی ئەوەی یەکیەتی سۆڤیەت نەتوانێت ئەم کارە بکات. لەو NGOیانەی کە لە سیاسەتی جیهانیدا کاریگەریان هەیە



دەتوانین دەزگاکانی فۆرد و راکفلێر قسە بکەین کەل لەناو دەزگاکانی ئەمریکایی پلەی یەکەم و حەوتەم یان هەیە. دەزگای فورد لە ساڵی 1987 یەك لە سێی گشت ئیعتبارەکانی خۆی بۆ کێشە نێونەتەوەییەکان تەرخان کردبوو. سەبارەت بە دەزگای راکفلێر ئەژمارکردنی ئەم بڕەیە زەحمەتە، بەڵام وادیارە کە ئەو برەیەی ئەو تەرخانی کردبوو زیاتر لە دەزگای فورد بوو. لە ساڵی 1986 دەزگای راکفلێر وتی یارمەتی دارایی خۆی بۆ جیهانی سێیەم دە بەرامبەر زیاد کرد. دەزگای فۆرد بە فەرمی رایگەیاند کە ئامانجی کۆتایی ئەو هەروەها فراوانکردنی خوشگوزەرانی مرۆڤییە و لەم رێگەیە تێدەکۆشێت هەلومەرجی دروستکردنی شەڕ لەناو بەرێت و یارمەتی فراوانکردنی رێکخراوەکان بۆ پرۆسەی دیموکراتیزە کردن دەدات.

ساڵی 1980 چالاکییەکانی NGO کان لە بواری ژینگەیی و پەرەسەندنە فراوان بوو. لەم دەیەدا لەگەڵ فراوانبوونی هاوکارییە نێونەتەوەییەکانی نێوان دوو زلهێزەکە، هێدی هێدی هاوکاری نێوان IGOکانیش گەشەی کرد. لە لایەکی تر هەر ئەم قازانج بردنەی سیستەمی دوو جەمسەری ئەم زەمینەی ئافراند تاکو بایەخ بە کێشە نوێیەکانی وەك ژینگەو هەروەها پەرەسەندن بدەن. لەڕاستیدا ئەم کێشانە بەهۆی کێبڕکێی ئایدیۆلۆجیکی دووزلهێزکە ون ببوون. بۆ نموونە کێشەی ژینگە بەهۆی نەمانی کێبڕکێی سەربازی نێوان دوزلهێزەکە هاتە گۆڕێ. قەیرانی چرنۆبیڵ لە ساڵی 1986 خاڵێکی گرنگ لە خەباتی NGOکان بۆ پاراستنی ژینگە بە هەژمار دەهات. ئەم رووداوە دیاری کرد کە قەیرانی ژینگەیەکان هیچ سنوورێکیان بۆ نییە. یەکێك لە کێشەکانی کە خاوەن ئاسەواری نێونەتەوەیی بوو و رۆڵێکی گرنگی لە یەکگرتنی جیهانی هەبووە، پیسی کەشو هەوایە کە لە پرۆسەی گەشەکردنی پیشەسازیی سەدەی رابردوو سەرچاوەی گرتووە. بەرچاوترین وێنەی ئەم پیسیە لەوانەیە بڵاوبونەوەی تیشکی رادیۆ ئەکتیڤی قەیرانی چرنوبیڵ بێت کە لە ساڵی 1986 روویدا. دەرەنجامەکانی تەندروستی ئەم

قەیرانە لە کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت لە 15 تا 30 ساڵی داهاتوودا ڕەنگ دەداتەوە. ئەم قەیرانە ئەنجامی دەرروونی جیهانی لەگەڵ بوو و بووە هۆی ئەوەی تا سەرنجی خەڵك و حکومەتەکان بە چەکە ئەتۆمییەکان لە وڵاتە جیاوازەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەو چەکانەی کە سنوور ناناسن و تەنانەت لە دورترین شوێنیش خواردنی ئاژەڵەکان پیس دەکەن. لە لایەکی تر ناتوانین کێشەی ژینگە تەنیا بەکێشەیەکی سیاسی بزانین. خەڵك بەنیسبەت مەترسییەکانی ژینگە بە ڕێگەیی NGO ژینگەییەکان ئاگادار دەبن. لەم ڕووەوە ناتوانین گەشەکردنی NGO ژینگەییەکان بەگشتی بە ئەنجامی فراوانبوونی IGO بزانین، چونکە هەروا کە وتمان ئەم جۆرە NGO یانە بە زۆری لە دەیەی 1980 بەدواوە گەشەیان کرد.

وای بۆ دەچن کە زیاتر لە 6000 دانە NGO لە ئەمریکای لاتین هەن کە زۆربەیان لە ناوەڕاستی دەیەی 1970 دامەزراون. بۆ نموونە لە بەرازیل لە ساڵی 1985 نزیکەی 400 دانە NGO هەبوون و ئەم ژمارەیە لە ساڵی 1991 گەیشتووەتە 1300دانە. لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە سەبارەت بە 400 دانە NGO لە بەرازیل دیاری دەکات کە 90٪ یان ساڵی 1970 دەست بەکار بوون. لە کینیا 400 تا 600 دانە NGO هەن کە زیاتر لە 100 کەیسی نێونەتەوەیین. لە بەنگلادش زیاتر لە 10000 دانە NGOی ژینگەیی هەن کە 250 یان سەرچاوە دارایەکانی خۆیان لە دەرەوە وەردەگرن. فلیپین خاوەنی 28000دانە NGOیە. لە هیندستان 331 گروپی ژینگەیی تەنیا لە ساڵی 1990 پێك هاتووە.

ئەم ئامارە پێمان دەڵێت کە یەکەم، کێشەی ژینگە زیاتر لە جاران لایەنی جیهانی بەخۆیەوە گرتووە، دووەم دەوڵەتان بەهۆی گرنگی لە ڕادە بەدەری کێشەی ژینگە لە هاوڵدان لە ڕێگەی فراوانکردنی ئەم جۆرە NGOیانە: یەکەم، بۆ خۆیان شەرعییەتی پێویست بەدەست بێنن و دووەم، لە ڕادەی بەرپرسیارەتی خۆیان کەم بکەنەوە. چۆنیەتی کاری



NGO ژینگەییەکان بە جۆرێکە کە بڕیارە سیاسییەکان ناتوانن لە هەمبەری ئەوان بەرگری بکەن، چونکە هەر کام لەم ڕێکخراوانە گروپەکانی پسپۆڕی لە ژینگەناسان، گیاناسان، کیمیازانان، ئابووریناسان، کۆمەڵناسان ئەمانەیان لەگەڵە کە لەو ڕێگەوە کێشەکانی ژینگە بە شێوازی زانستی لێکدەدەنەوە و ئەنجامەکانی ئەوانە دەخەنە بەردەست سیاسەتمەدارەکان. کۆمەڵە ئامار و لێکۆڵینەوەکانی ئەوان دەتوانێت بێت بە بنەمایەك بۆ زۆربەی بڕیارەکان سەبارەت بە کێشەکانی ژینگە. NGO ژینگەییەکان خاوەنی سێ تایبەتمەندین کە ئەمە بۆ خۆی ڕادەی کاریگەری ئەوانی لە سیاسەت فراوان کردووە. لە هەنگاوی یەکەم ئەوان شەرعییەتی پێویستیان هەیە، کە ئەم شەرعییەتە لە تاکە بابەتی بوونی چالاکی و هەروەها هەڵوێستەکانی ئەوان سەرچاوە دەگرێت لە کاتێکدا کە حکومەتەکان کەم دەتوانن لەسەر بابەتێکی تایبەت تەرکیز بکەن، چونکە حکومەتەکان هاوکات بەدوای ژمارەیەکی زۆر لە بەرژەوەندییەکان دەگەڕێن. هەروەها دەبێت بڵێین کە بابەتی وەك ناسك بوونی ئۆزۆن و لەناوچوونی خاك هەڵگری باس نین. دووەمین تایبەتمەندی گرنگی ئەم NGOیانە ئەمەیە کە ئەوان دەتوانن شەفافییەتی کردارەکانی ئەکتەرەکانی وەك دەوڵەتان، IGOکان و MNCکان فراوان بکەن. لە کاتێکدا کە زانیارییە پەیوەندیدارەکانی لەناوچوونی ژینگە لەگەڵ یەکتر یەکسان نین، ئەوان دەتوانن بەپێدانی زانیاری شەفافتر باسی لەسەر بکەن، بۆ نموونە سەبارەت بە بردنی پاشماوە ئەتۆمییەکان بۆ نیجیریا، کاربەدەستانی ئەو وڵاتە لەسەر ڕادەی مەترسی زانیاری ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام NGO کانی ئیتالیایی بە پێدانی زانیاری شەفاف بوونە هۆی گەڕانەوەی ئەو پاشماوانە بۆ ئیتاڵیا. لە کۆتاییدا سێیەمین تایبەتمەندی NGOکانی حاڵەتی سەرووی نەتەوەیی بوونی ئەوانە. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا ئەوان خۆیان بە سنوورە نەتەوەییەکان نەبەستووەتەوە و کارەکانیان بەرژەوەندی بۆ دەسەڵات یان

دەوڵەتی تایبەت نییە. بەم هۆیە کاتێك کە NGOکان دەستیان دایە هاوپەیمانی، دەڵێین بۆ هەموو خەڵکی جیهان قسە دەکەن. هەروەها کاتێك لە ئاستی جیهانیدا کێشەی گۆڕانی کەش و هەوا دێتە گۆڕێ، ئیتر سنوورە کلاسیکییەکانی باکوور–باشوور واتای خۆیان لەدەست دەدەن.

چوونی حیزبە سەوزەکان بۆ پەرلمانی وڵاتانی ئەورووپی (وەك بەشداری ئەوان لە حکومەتی هاوپەیمانی دەوڵەتی ئەڵمانیا) خۆی دیاری کەری ئەوەیە کە کێشەی ژینگە لایەنی سیاسی بە خۆی گرتووە تەنانەت پاراستنی ئەو (ژینگە) بە بەشێك لە پرۆگرامە سەرەکییەکانی خۆیان لە کاتی هەڵبژاردن رادەگەیەنن. بەم شێوەیە هێرشی ناتۆ بۆ کۆسۆڤۆ بەکردەوە دیاری کرد کە شانۆی سیستەمی نێونەتەوەیی هێشتا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی سەوزەکان ئەوەندە ئامادە نییە. ژاپۆن کە بەهۆی شۆکی نەوتی ساڵی 1973 بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمیی خستە ئەجێندای خۆیەوە، باشترین بنکەی ئەتۆمی جیهانی هەیە. جێگەی ئاماژەیە هاتنە دەری تیشکەکانی یورانیۆم لە بنکەی (توکای مورا) نیشانیدا کە هەڵوێستی NGO کانی ژینگەیی لە راستی نزیکترە. یەکێکی تر لە فاکتەرەکان کە بووە هۆی زیادبوونی کاریگەری NGOکانی ژینگەیی بەنیسبەت NGO کانی تر، سیاسی بوونی ئەم بابەتەیە.

جگە لە کێشەی ژینگە، لە سەرەتای دەیەی 1980 مەسەلەی NGO کانی پەرەسەندنیش گەشەی فراوانی کرد، کە ئەمە زیاتر ئەنجامی سەرنەکەوتنی پرۆگرامەکانی پەرەسەندن لە وڵاتانی باشوور بووە و لە قۆناغەکانی تردا پەیوەندی بە تێکۆشانی رۆژئاوا هەیە بۆ کەمتر کردنی رێژەیی زیانی خۆی. بازرگانی دەیەکانی 1960 و 1970 دیاری کرد کە بابەتی پێشکەوتن زیاتر لەوەی کە تایبەت بێت بە دەوڵەتان هینی خەڵکێکە کە دەیانەوێت پێش بکەون. بەواتایەکی تر پرۆسەی پەرەسەندن لەلایەن باکوور بۆ باشوور کەم و کورپی هەیە، کە دەتوانین ئاماژە بە تێنەگەیشتنی



وڵاتانی رۆژئاوا و ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مەسەلەکانی ناوخۆیی بۆ گەشەکردنی وڵاتانی باشوور. هەنووکە لە پرۆگرامەکانی گەشەکردن هەوڵدەدرێت لە ئەکتەرە ناوخۆییەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە کەڵك وەربگرن. ئەم شێوەیە چەند ئیمتیازی هەیە، کە بریتین لە: 1– بڕی ئەو بۆدجەیە کە بۆ NGO کان تەرخانکراوە بەچەندین جار کەمترە لەو بودجەیەی کە بە دەوڵەتان دەدرێت، چونکە یەکەم قەبارەی ئەم جۆرە NGO ئانە وەك دەوڵەت گەورە نییە. دووهەم هەرکام لەوانە لە کێشەیەکی تایبەتدا رۆڵ دەگێڕن. 2– لەوانەیە گەندەڵی ئیداری و لەناوبردنی بۆدجەی پەرەسەندن لەلایەن پیاوانی دەوڵەت بێتەخوارەوە، چونکە لە NGO کان بیرۆکراسی دەوڵەتی نییەو لەناویدا نوخبە خوازی وەك رێکخراوەکانی دەوڵەتی و دەوڵەت خۆی نییە. 3– خێرایی ئەزموون و هەڵە زیاتر دەبێت، چونکە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی پرۆگرامەکانی پەرەسەندنی دەوڵەتی، گەورەبوونی لە بواری کات و شوێنە بە جۆرێك کە بارودۆخی ناوبراو رێگە خۆش دەکات تا جارێکی تر چاو بە سیاسەتەکانیان بخشێنن و گرفتەکانی لەناوبەرێن. بوونی ئەزموون و هەڵە لەم پرۆگرامانە بەوهۆیەیە کە مەسەلەی پەرەسەندنی سەقامگیر کە ئیمڕۆ هاتۆتە گۆڕێ مەسەلەیەکی نوێیە و ئەنجامی ئەزموون و هەڵە تاڕادەیەکی زۆر پێویستە. 4– رادەی شەرعییەتی NGOکان بەنیسبەت رژێمەکانی جیهانی سێیەم زیاترە. لەوێوە کە لە وڵاتانی باشوور جۆرێك لە نەبوونی متمانە بەنیسبەت ئەکتەرەکانی حکوومی هەیە، کەواتە ئەکتەرە ناحکوومییەکان دەتوانن لە پێگەیەکی شیاوتر بن و لەجێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی پەرەسەندن دەسکەوتێکی زیاتر بەدەست بێنن.

لە پەیوەندی نێوان NGOکانی پەرەسەندنی باکور و باشوور هەنووکە زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە سەر بە هێزی و پەروەردەیی NGOکانی باشوور جەخت دەکرێتەوە تاکو ئەوان بۆ خۆیان بتوانن پرۆگرامەکانی پەرەسەندن

بەرێوە ببەن. بەم هۆیە ئیمرۆ زیاتر لە رابردوو لەسەر مەسەلەی بەشداری جەخت دەکەنەوە. ئەم بەشدارییە پێویستی بە پەروەردەکردن، شارەزایی لە بەڕێوەبردن و خولقاندنی شێوازی نوێیە، کە ئەمە خۆی دەتوانێت ئیمتیازێك بێت بۆ وڵاتانی باشوور لە پرۆسەی پەرەسەندن. کەواتە دەتوانین بڵێین کە NGO کان دەتوانن لە پرۆسەی پەرەسەندنی باشوور روانگەیەکی نوێ دروست بکەن، روانگەیەك کە دەتوانێت بەهۆی جیهانیبوون چەندین جار چاکتر و کاریگەرتر لە رابردوو بێت و نەیەڵێت کەموکورییەکانی نەخشەکانی نوێ کردنەوە دووپات ببێتەوە.

### رۆڵی ئەکتەرە ناحکوومییەکان (NSA) لە سەردەمی جیهانیبوون

سەبارەت بە کاریگەری جیهانیبوون بەسەر ئەکتەرە ناحکوومییەکان (گشت IGOکان و NGO کان) گرنگترین مەسەلە دیاریکردنی گۆڕانکارییەکانی جیهانیبوونە. تا کاتێك کە ئێمە گۆڕانکارییە تایبەتەکان لەبەرچاو نەگرین، ناتوانین کاریگەری پرۆسەی جیهانیبوون لە کاریگەری گەشەکردنی سروشتی ئەکتەرەکان جیا بکەینەوە. بە واتایەکی تر NGO کان و IGO کان لە رێگەی نێونەتەوەیی بوون بە دوای بزاڤێکی تایبەت دەگەڕێن کە ئەم هێڵی رۆیشتنە وەك پێویست هێڵێکی رۆیشتنی جیهانیبوون نییە هەرچەندە لەوانەیە لەگەڵ ئەوبن. بەم شێوەیە لە بواری مێتۆدولۆجیك، ئێمە لە لایەك لەگەڵ جیهانیبوون و لە لایەکی تر لەگەڵ ئەکتەرە ناحکوومییەکاندا رووبەڕووبن. هەرکام لەم دوو رێگەیە سروشتێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. کەواتە دەبێت تێبکۆشین تا دیاری بکەین کە هەڵسوکەوت لە نێوان ئەم دوو شەپۆڵە چۆنە؟

بۆ ئەنجامی ئەم کارە سەرەتا جیهانیبوون لە پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرەکان دەخەینە بەرلێکدانەوە. لەم حاڵەتەدا ئەگەر جیهانیبوونی سیاسەت لەبەرچاوبگرین، دەتوانین ئاسەوارەکانی ئەو لە سەرهەڵدانی



NGO کان و IGO کان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، بەڵام ئەگەر بکەوینە دوای جیهانیبوونی ئابووری لەم رووەوە زیاتر ئەکتەریی MNC کان (کۆمپانیا فرەرەگەزەکان) دێتە گۆڕێ تا NGO نا حکوومییەکان. پرۆسەی جیهانیبوون لە رەهەندی سیاسی و ئابووری تووشی قەیرانی رۆشنگەری واتا هاتووە، یانی لە رەهەندی سیاسی دەوڵەتی سەردەمی رۆشنگەری و رۆڵەکانی دۆزینەوەی ئەو وەك ئاسایش، خۆشگوزەرانی، بەدیهێنانی شوناسی گشتی و دامەزراندنی ناوەندێکی دەرکردنی بڕیار تووشی قەیرانی کردووە و لە رەهەندی ئابووریش گەمارۆدانی دەوڵەت بەسەر بازاڕەکانی نەتەوەیی، ئاڵوگۆڕی بە هاکان (دراو)، دانانی سیاسەتە ئابوورییەکانی تووشی گۆڕانکاری دەبێت. بەم شێوەیە ناتوانین لە پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرە ناحکوومییەکان لەگەڵ دیاردەی جیهانیبوون حکوومیکی گشتی دەربکەین. بۆ وێنە جیهانیبوونی سیاسەت ئەکتەری NGO ناحکوومییەکان و IGO کانی بەهێزکردووە لە کاتێکدا کەوا دیارە ئەو دژی فراوانبوونی چالاکییەکانی NGOکانی ئابووری MNC کان بێت. هەروەها جیهانیبوونی ئابووری بە جۆرێك هەوڵی بۆ هێزکردنی رۆڵی NGO ناحکوومییەکان دەدەن.

بەم جۆرە یەکەمین مەسەلە کە دەبێت بیخەینە گۆڕێ بابەتی یاسایی گەمە لە سەردەمی جیهانیبوونە تاکو بتوانین لەسەر ئەم یاسایانە جێگای ئەکتەرەکان دیاری بکەین، لێرەدا دەبێت ببینین کە ئەم یاسایانە چۆن دروست دەبێت؟ بەم جۆرە دەتوانین ئەنجامی جۆراوجۆر لەبەرچاو بگرین. لەم کەیسەیە مەسەلەی بنەڕەتی بەکارهێنانی پارادایمی هێزە. هێز لە گۆڕەپانی سیستەمی نێونەتەوەیی لە پاش رووخانی سیستەمی دووجەمسەری تووشی گۆڕانی بنەڕەتی هاتووەو دابەشکردنی دووبارەی هێز بووەتە هۆی هاتنە کایەی ئەکتەری نوێ بۆ گۆڕەپانی ئەکتەریی. ئەم پرۆسەیە ئاڵۆزتر بوونی سیستەمی نێونەتەوەیی لەگەڵدا بووە تا ئەو جێگەیە کە هەندێك ((تیۆری ئاڵۆزی)) بۆ روونکردنەوەی ئەکتەریی لە

سەردەمی جیهانیبوون بەکاردێنن. لێرەدا دەتوانین یاری گفتوگۆی جێگیر بێنینە گۆڕێ کە لە نێوان چوار ئەکتەری گەورە یانی دەوڵەت- نەتەوەکان، IGO کان و NGOکانی ناحکوومییەکان و NGO حکوومییەکان (MNC) روودەدات. ئەم یارییە خاوەنی سێ رەگەزە کە بریتین لە: جۆری کاڵاکان کە جێگەی بایەخن، پێگەی تاکی ئەکتەرەکان کە بەهۆی پێگەی هێزی نێونەتەوەیی، هاوپەیمانی ناوخۆیی، بیروڕایی سیاسەتمەدارەکان دروست بووەو پێگەیی نەتەوەیی ئەکتەرەکانی خستووەتە ژێرکاریگەری. کەواتە سێ رەگەزی سەرەکی یاری بریتین لە کاڵاکان، پێگەی تاك و رێکخراوەکان. سەبارەت بە رەگەزی یەکەم دەتوانین بڵێین جووڵە سەرەکییەکان لەوانەیە لەسەر ئەو ئەکتەرانە کەوا لە پرۆسەکان بەشداریان نەبووە کاریگەر بێت. لەسەر ئەم بنەمایە گۆڕانکارییە سیاسی یان ئابوورییەکان دەتوانێت ببێتە هۆی گەشەکردن یان راوەستانی بەرهەمهێنانی هەندێك لە کاڵاکان (کاڵا گشتییەکان لەگەڵ بارودۆخێکی ئاڵۆزی گشتی رووبەڕوون، چونکە گشتیان لەوە قازانج دەبەن. لەم حاڵەتەدا ئەکتەرەکان تێدەکۆشن بەهۆی قازانجی گشتی هاوکارییەکان فراوان بکەن. سەبارەت بەپێگەی ئەکتەرەکانی تاك دەبێت سەرنج بدەین کە ژمارەی ئەو گۆڕانکارییانە فراوانە، کە لەسەر بەرژەوەندی ئەکتەرەکان کاریگەریان هەیە. ئەوانەش دەتوانین لەسێ فاکتەر کورت بکەینەوە کە بریتین لە:1- پێگەی نێونەتەوەیی ئەکتەرەکە، ئەو جۆرەی کە بەهۆی هێزی گشتی ئەو ئەکتەرە پێناسە دەکرێت. 2- سەقامگیری هاوپەیمانییە ناوخۆییەکان. 3- بیروراکان و ئادۆلوژیای نوخبەکان.

لەوێوە کە ئامانجی ئێمە لێکۆڵینەوەی رۆڵی ئەکتەرە ناحکوومییەکان لە سەردەمی جیهانیبوونە، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەکتەریی NGOکان، MNCکان و IGOکان دەکەین. ئەنجامێك کە بۆ لێکۆڵینەوەی NGOکان هەڵیدەبژێرین ئەنجامی کۆمەڵگای مەدەنییە. کەواتە NGO ناحکوومییەکان



وەك ئەو ئەکتەرانە لەبەرچاو دەگرین کە هەوڵدەدەن ئاگاداری تاکەکان بەنیسبەت کێشە جیهانییەکانی هەژاری، پەرەسەندن و ژینگە فراوان بکەن، بەڵام MNC کان زیاتر هەوڵی جیهانی بۆ سیستەمی سەرمایەداری دەدەن و بە پاڵپشتێك کە لە نێونەتەوەیی بوون هەیانە دەتوانن هێزی ئەکتەریی خۆیان لەپرۆسەی جیهانیبوون فراوان بکەن. لە لایەکی تر IGOکان هەوڵدەدەن هێزی دووبارەی خۆیان کەوا لە شەڕی سارد بەشێك لە ناکۆکییە ئایدۆلوژیاکان بوون و بوونە هۆی زاڵبوونیان بەسەر ئەکتەرەکانی تر زیندو کەنەوە.

لەو رووەوە کە سەبارەت بەMNCکان، مەسەلەی نێونەتەوەیی بوون زۆر گرنگە، هەوڵ دەدرێت تا لە نێوان نێونەتەوەیی بوون و جیهانیبوون جیاوازی دابنرێت و لەوکاتە لایەنی هاوبەشیشیان بایەخی پێبدرێت. روونە کە نێونەتەوەیی بوونی بازرگانی، سەرمایە و دارایی لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم مەسەلەیەکی نوێ نییە. ئەم مەسەلەیە کە لە چارەکی کۆتایی سەدەیی نۆزدەیەم تا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی درێژەی هەبوو. لە نێوان ئەم دوو قۆناغەدا یانی نێونەتەوەیی بوون و جیهانیبوون لەیەکچوون و جیاوازی دادەنێن. لێکچوونەکان لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانن کە لەگەڵ جیهانیبوون دەگونجێت و جیاوازییەکان لە شێوە، ناوەڕۆك و قوڵی جیهانیبووندایە. لە نێوان ئەم دوو قۆناغەدا چوار لێکچوون تێبینی دەکرێت کە بریتین لە:1-لەناو چوون یان نەمانی کاریگەری سنوورەکان لە ئاڵوگۆڕی ئابووری نێونەتەوەیی.2-پەرەسەندنی تەکنەلۆژیاکانی کارا. 3- فۆرمە نوێ رێکخراوە پیشەسازیەکان. 4-هەژموونی یان دەسەڵاتی سیاسی. سەبارەت بەیەك دەتوانین بڵێین کە لە سەردەمی لێسەفیخ (ئابووری ئازاد) کە لەساڵی 1870 تا 1913 درێژەی هەبوو لە بنەڕەتدا سیاسەتەکانی ئابووری لیبڕاڵ بەربەستی لە بەرامبەر گواستنەوەی کاڵا، سەرمایەو کار لەدەرەوەی سنوورەکان قبوول نەدەکرد و لەم رووەوە دەستێوەردانی حکومەتەکان لە چالاکییە ئابوورییەکانیش لە نزمترین

ئاستی خۆیان بوون. (کینز) کە بڕوایی وابوو کە گەشەکردنی خێرا و هەڤگری ئابووری نێونەتەوەیی لەم سەردەمەدا بنەمایی سەرەکی ئابووریی جیهانی دروست کردووە. بەربەستەکانی تریش لە ڕێگەی نێونەتەوەیی بوون هێدی هێدی لەناوچوو. کەواتە دەتوانین جیهانیبوونی ئابووری بە ئەنجامی یاسا سڕینەوە بزانین. سەبارەت بە دووەم دەبێت بڵێین کە هەردوو قۆناغی جیهانیبوون لەگەڵ شۆڕش تەکنۆلۆژیی لە گواستنەوە و پەیوەندییەکان هاوڕێ بوون کە لە ڕێگەیەوە کات و هەروەها نرخی ئاڵوگۆڕیشی کەم کردبوو. لە حاڵێکدا کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بینەری دروستکردنی ڕێگەی ئاسن، مەکینەی هەڵم و تێلیگراف بوو، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم پەیابوونی فڕۆکەی جێت، کۆمپیوتەرەکان و سەتەلایتەکان دەبینین. پێکهاتنی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان و تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەر بووە هۆی شۆڕشی زانیارییەکان کە هەم خێرایی و هەروا لەبەردەستبوونی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر فراوان بوو. ئەم بارودۆخە بووەتە هۆی نەمانی کاریگەری سنوورەکان. سەبارەت بە خالی سێیەم فۆرمە نوێکان سەرهەڵدانی ڕێکخراوە پیشەسازییەکان، لە هەردوو قۆناغی جیهانیبوون، ڕۆڵێکی گرنگ یان هەبوو. لە کۆتایی سەدەیی نۆزدەیەم بەرهەمی بە کۆمەڵ بووە هۆی هاتنەوە خواری نرخی کاڵاکان و فراوانکردنی چەندایەتی ئەوان. لە کۆتایی سەدەی بیستەم سیستەمی بەرهەم هێنانی بە کۆمەڵ دروست بوو کە کەمبوونەوەی نرخی کرێکارانی لە نرخی بەرهەم هێنان، زیادکردنی نزیکی نێوان بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەر و گەشەکردنی چوونە دەرەوەی خزمەتگوزارییەکانی لەگەڵ بوو. لە کۆتاییدا سەبارەت بە خالی چوارەم، هەژموونی سیاسی دەبێت ئاماژە بە هەژموونی بریتانیا لە سەردەمی مێرکێنتالیزم بدەین. لە قۆناغی دووەمی جیهانیبوون بە سەرهەڵدانی ئەمریکا وەك زلهێزێك دێتە گۆڕێ، کە ئەم هێزە سیاسیە لەگەڵ



سەرنەکەوتنی کۆمۆنیزم و سەرکەوتنی سەرمایەداری فراوانتر بوو. لە ڕەهەندی ئابووریش نێوان ((پاکس بریتانیکا)) و ((پاکس ئەمریکانا)) جۆرێك لەیەکچوون هەیە، بەڵام هەر چۆنێك بێت لە هەردوو قۆناغدا ئابووریەکی بە هێزتر دەسەڵاتدار بووە.

بەڵام سەبارەت بە جیاوازی نێوان دوو قۆناغی سەرەوە دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵ بدەین کە بریتین لە: 1–شەپۆڵی بازرگانی. 2–شەپۆڵی سەرمایەگوزاری. 3–شەپۆڵی دارایی. 4–شەپۆڵی کار. لە نێوان ئەم چوار فاکتەرە گرنگترینی ئەوانە شەپۆڵی کارە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەجیاوازییەکانی نێوان دوو قۆناغەکەی سەبارەت بە گواستنەوەی هێزی کار هیچ سنوورێك نەبووەو پێویستی بە پاسپۆرتیش نەبوو. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا کۆچەران بەساکاری وەك هاوڵاتی ئەهاتنە ئەژمار. لەم سەردەمە بوو کە 50ملیۆن کەس لە ئەوروپا کۆچیان کرد کە دوو لەسەر سێی ئەوان لە ئەمریکا و ئەوانی تر لەکەنادا، نیوزلەندا، ئوسترالیا، ئەفریقای باشوور، بەرازیل و ئەرژەنتین نیشتەجێ بوون. لە ساڵی 1900 ئەم کۆچە گەیشتە یەك لەسەر هەشت. ئەم پرۆسەیە هەروەها لە دابەزیندایە بەتایبەت کە ئیتر لە ئەوروپا کەمی هێزی کار نییە، بەڵام لە قۆناغی جیهانیبوونی گواستنەوەی کرێکار جێگەی خۆی داوە بە گواستنەوەی بازرگانی و سەرمایە. بەم هۆیە بەشی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن لە ناردنەدەرەوەی کاڵا لەجیهان لە 5.5 لە سەد لە ساڵی 1970بووە بە 15.9 لە سەد لە ساڵی 1990.

لە لایەکی تر قۆناغی یەکەمی جیهانیبوون کە بە نێونەتەوەیی یەکەم ناوزەد دەکرێت، لە ڕووی سیاسییەوە لەڕاستیدا درێژەی هەر ئەو جیهانیبوونی سیاسەتەیی پاش وێستفالیا بوو کە دەوڵەت–نەتەوەکانی بەهێز دەکرد. لە کاتێکدا لە قۆناغی دووەمی جیهانیبوون لە ڕووی سیاسی دەوڵەتەکان بوون کە تووشی قەیران بوون.

بەڵام ئێستا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا لە سەردەمی جیهانیبوون، نێونەتەوەیی بوون هەروەها درێژە بە ژیانی خۆی دەدات؟ ئایا ئەوەی وا هەمانە پرۆسەی جیهانیبوونە؟ سروشتییە کە بە دانانی ئەو تایبەتمەندیانە بۆ نێونەتەوەیی بوون بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم شەپۆلە هەر بەردەوامە. بەم هۆیە دەتوانین بەم ئەنجامە بگەین کە MNCکان زۆرێك لە یاسایی گەمەکانی خۆیان لە نێونەتەوەیی بوون بەمیرات بردووەو لە سەردەمی جیهانیبوون تێدەکۆشن بەهۆی ئەزموونی خۆیان هێزیان فراوان بکەن.

## جیهانیبوونی ئابووری و ئەکتەرە ناحکوومییەکان

بوونی راستییەکان لە جیهانیبوونی ئابووری ئەوەمان پێدەڵێن کە لەم بوارەدا کۆمپانیا فرەرەگەزەکان قسەی یەکەم دەکەن. هۆکاری جۆراوجۆر بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە دەتوانین بخەینەڕوو وەك ئەوەیی دەبێت ئاماژە بە پشکی MNCکان لە بازرگانی و سەرمایەی جیهانی بدەین، بەڵام مەزنترین هۆکار کە لە سەردەمی جیهانیبوون بووەتە هۆیی ئەوەی تا ئەم کۆمپانیانە هێزێکی زیاتر بەدەست بێنن، لەڕاستیدا لاوازکردنی دەوڵەتە بەهۆی پرۆسەی جیهانیبوونە.

لە قۆناغی دووەمی جیهانیبوون کە لە سەرەتای 1970 دەستی پێکردو بە بەدواداچوونی سیاسەتەکانی نیۆلیبراڵەکان لە دەیەی 1980 وێنەیێکی توندوتۆڵتری بەخۆیەوەگرت، هێدی هێدی دەوڵەتان لە بەرامبەر ئابووری بوونە هۆی گەشەکردنی خێراتری MNC کان. هەلبەت ئەم نەرمی نواندنە ئارەزوومەندانە نەبووە، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر دەوڵەتان ناچار بوون سیاسەتی وا بگرنەبەر.

لە قۆناغی یەکەمی جیهانیبوون، دەوڵەت—نەتەوەکانی بەهێز لە سیاسەت و هەروەها لە ئابووری قسەی یەکەم یان دەکرد و بە سەرەکیترین ئەکتەر لە شانۆی ناوخۆیی و دەرەکی دەژمێردران، بەڵام ئێستا لە



پرۆسەی جیهانیبوون ئەکتەری نوێ هاتووتە ناو گەمەکە کە لە رووبەری ئابووریدا ئەم ئەکتەرانە بریتین لە: کۆمپانیاکانی سەرووی نەتەوە کە بەرهەم هێنانی بازرگانی و سەرمایەگوزاری ئابووری جیهانیان لە سەیتەرەی خۆیان گرتووەو هەروەها بانکەکان و رێکخراوەکانی واسیتەی نێونەتەوەیی کە دارایی جیهانی کۆنترۆل دەکەن. بەهۆی نێونەتەوەیی بوونی سەرمایەوە دەوڵەتان رۆڵی پێشووی خۆیان لە ئابووری لەدەستداوە. ئیمڕۆ ئێمە لە سەردەمێك دەژین کە سەربەخۆیی کۆنی دەوڵەت—نەتەوەکان بەهۆی سەرمایەیی دارایی نێونەتەوەیی و هەروەها سەرمایەی پیشەسازیی نێونەتەوەیی لە جیهانی پیشەسازیی و جیهانی لە حاڵی پەرەسەندن، دابەزیووە. لە وڵاتانی پیشەسازیدا بەرژەوەندییە سیاسییەکانی دەوڵەت — نەتەوە بە زۆری لەگەڵ بەرژەوەندی ئابووری سەرمایەی نێونەتەوەیی یەکێکە، بەڵام ئەم بابەتە سەبارەت بە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن راست نییە، چونکە بانکە نێونەتەوەیەکان و کۆمپانیا فرەرەگەزەکان لەم وڵاتانە سەریان هەڵنەداوە. بەم شێوەیە لە سەردەمی جیهانیبوون وێنەی لەناوچوونی دەوڵەتەکان شتێکی بنەڕەتییە. بەم هۆیە کە هێشتا دەوڵەتەکان ئەکتەری گرنگ و سەرچاوەی دانانی یاسان.

بەهەر حاڵ کۆمپانیا فرەرەگەزەکان و IGO ئابوورییەکان ناتوانن بەگشتی لە فەزای جیهانیبوونی ئابووری چالاك بن. ئەوان لە ئاسەواری جیهانیبوونی سیاسەت و کولتوور بێبەش نین. کەواتە ناتوانین بڵێین MNC کان جیاواز لە دەوڵەت و NGO ناحکوومییەکان دەتوانن بە ئامانجە دارێژراوەکانی خۆیان بگەن. هەرچۆنێك بێت رادەی وەرگرتنی زیانی ئەوان لە جیهانیبوونی ئابووری چەندین جار کەمترە لە ئەکتەرەکانی تر.

لەم رووەوە ئەگەر تێکەڵکردنی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان لەبەرچاو بگرین، تێبینی دەکەین کە وەکو پێویست ئەم تێکەڵاو کردنانە ناتوانن ئەوان لە فەزای قەیراناوی سیاسی جیهانیبوون رزگار بکەن. بۆ نموونە لە ساڵی 1990

دوو دانە لە گەورەترین بانکەکانی هۆڵەندا یانی ABN و Amro لەناو یەک تێکەڵ کران. سەرۆکی لیژنەی بەڕێوەبردن ژان نێلیسن (jan Nelissen) رایگەیاند کە ABN –Amro خەریکی گۆڕانە بۆ ئەکتەرێکی جیهانی. ئەم تێکەڵاوکردنە لەڕاستیدا بووە هۆی دروستکردنی شانزدەیەمین بانکی گەورەی جیهانی کە لە ساڵی 1992 خاوەنی 914 ملیار دۆلار پارەی پاشەکەوت و 200 ملیار ECU سەرمایەی گەڕاوە بوو. لە قۆناغەکانی دواتر هەر ئەم بانکە بووە گەورەترین بانکی دەرەکی دانراو لە ئەمریکا، بەڵام تەنیا سێ ساڵ دوای ژان کالف (jan kalff) سەرۆکی نوێی بانکەکە رایگەیاند کە بەداخەوە ئەم بانکە قەت نەیتوانی ببێت بە ئەکتەرێکی جیهانی بەهۆی ئەوەی کە لە پێگەی راستی نێونەتەوەیی خۆی وێنەیەکی ناروونی هەبوو. ئەم بانکە هەنووکە بە زۆری بانکێکی ئەورووپاییە و هەموو ئەندامانی لیژنەی بەڕێوەبردنیشی هۆڵەندیین. سەبارەت بە تێکەڵ کردنی دوو کۆمپانیای سویدی/ سویسری ASEA براون باوێرمی (Brown(ABB) Boreri)ش نزیک لەم مەسەلەیە دەبینین، ئەم دوو وێنەیە دیاریکەری ئەوەن کە بەکردەوە کۆمپانیاکانی سەرەوە خاوەن ئازادی تەواو نین.

بەڵام رووی تری دراو ئەوەیە کە هاتووچۆی سەرمایەیی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان کە خۆی بەهۆی جیهانیبوونەوە چەند بەرابەر بووە رێگەیان پێدەدات تاکو بە ساکاری سەرمایەکانیان بگوازنەوە و قازانجی لێوەر بگرن. لە ساڵی 1998 گشت داهاتی سێ ملیارد کەس لەوڵاتانی باشوور کەمتر لە سەرمایەی گشتی 358 ملیار بوو. لەژێر ئەو هەلومەرجەدا بیل گیتس سەرۆکی کۆمپانیای IBM بەهۆی دابەزینی بازاڕی بۆرس لە هاوینی 1997 سەرمایەیی لە 40٪ خەڵکی هەژاری ئەمریکا زیاتر بوو. لە لایەکی تر بەو گۆڕانکاریانە کە لە رۆژهەڵاتی ئاسیا روویداوە، هەندێک وایان بیردەکردەوە کە دەوڵەمەندانی نوێ (وەک وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا) هەروەها ئەوانەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی باشتر دەدەن (وەک یەکیەتی



سۆڤیەت)، لەوانەیە بەهۆی گۆڕانکارییەکان کە روویداوە، ببن بە وڵاتی هەژار، چونکە کۆمپانیا فرەرەگەزەکان ئەو سەرمایانەی لە وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا کە لە چەند دەیە کۆیان کردبووە، لە ماوەی چەند رۆژدا بردیانە دەرەوە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کە MNC کان لەو کاتە کە بەهۆی پشتگیری گەورەی دارایی و هەروەها سەرمایەی خۆیان دەتوانن لە شەپۆلی نوێی بازرگانی، دارایی و کار کە بەهۆی پرۆسەی جیهانیبوون فۆرمێکی نوێیان بەخۆوە گرتوە، بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێوەر بگرن، لەوکاتەش گۆڕانکارییە سیاسییەکان کاریگەری بەسەر ئەوان هەیە. شەڕی کەنداوی فارس و بوونە هۆی ئەوەی کە کەناڵەکانی سەتەلایت لەم ناوچەیە بە خێرایی گەشە بکات. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا کۆمپانیا فرەرەگەزەکان لەسەر بەرهەم هێنانی ئامرازەکانی وەرگرتنی (رێزیوێر) کاناڵە سەتەلایتەکان لەگەڵ یەکتر کەوتنە ناو کێبڕکێ. بڵاوبوونەوەی بەکارهێنانی ئەم کاناڵانە لەگەڵ دامەزراندنی کەناڵەکانی سەتەلایت لەلایەن عەرەبەکان لە پایتەختی وڵاتانی ئەورووپی وەك لەندەن بوو، کە ئەمە بۆ خۆی داهاتێکی زۆری کردە دەستی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان. لە بەرامبەردا کاتێك روبرت مردوخ وتی کە لەمە بە دواوە بەهۆی جیهانیبوونی میدیاکان هیچ رژێمێکی دیکتاتۆر لە جیهان هەست بەئاسایش ناکات، چینییەکان چالاکییەکانی ئەویان لەو وڵاتە سنووردار کرد.

بەم شێوەیە پەیوەندی نێوان MNCکان و دەوڵەتەکان گرنگی تایبەت پەیدا دەکات. بەواتایەکی تر هێشتا دەوڵەتان بەربەستن لە هەمبەر ئازادیی گشتی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان. لێکۆڵینەوە سەبارەت بە گفتوگۆکانی نێوان دەوڵەتان و کۆمپانیا فرەرەگەزەکان زیاتر سەبارەت بەم پرسەیە کە ئایا دەوڵەتان لە جێبەجێکردن و دانانی ئامانجە گشتییەکان سەربەخۆن یان نا؟ بە شێوەیەکی گشتی گریمانەی سەربەخۆیی دەوڵەتی بۆ توانای کارکردنی سەربەخۆ لە بەرامبەر هێزە کۆمەڵایەتییەکان (وەک هێزە ئابوورییەکان) دەگەڕێتەوە.

ئەو ئەکتەرانەیی تر کە لە جیهانیبوونی ئابووری رۆڵی گرنگ دەگێڕن IGO ئابوورییەکانی وەك IMF و بانکە جیهانییەکانن. لە راگەیاندنی رێککەوتنی IMF وادیارە کە فراوانبوونی بازرگانی زیادکردنی ئاستی کار و داهاتی راستەقینە و پەرەسەندنی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنەر بە ئامانجە بنەڕەتییەکانی دانانی سیاسەتی ئابووری ئەو دەژمێردرێن. بە کردەوە ئەم رێکخراوەیە یارمەتی ئەندامەکانی خۆی دەدات تاکو هەلومەرجێك کە دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی هاوسەنگی و پێدانی پارە ( Balance of poymental)، سەقامگیرکردنی نرخەکان و نرخی گەشەکردن کە دەبێتە هۆی باش بوون و سەقامگیری لە ئێستانداردەکانی ژیان درێژە پێبدات. بەم شێوەیە ئەم جۆرە رێکخراوانە لە لایەك تێدەکۆشن تاکو ئاسەواری سەرچاوەگرتوو لە بڵاوبوونەوەی چالاکییەکانی MNC کان لە وڵاتانی جیهان سێیەم کەم بکەن و لە لایەکی تر تێدەکۆشن تا لە وڵاتەکانی لە حاڵی پەرەسەندن گۆڕانکاری لە رێگەی کەرتی تایبەت و زیاد کردنی کارایی بیرۆکراسی و کەمکردنەوەی گەندەڵی ئیداری ئەنجام بدەن. هەر چۆنێك بێت لە هەلومەرجی ئێستادا بەهۆی لەناوچوونی فەزایی ئایدیۆلۆجیکی سەردەمی شەڕی سارد، رێکخراوەکانی دارایی نێونەتەوەییش لە پێدانی ئیعتبارات سەختگیری دەکەن کە ئەمەش گۆڕانکاری لە شێوەی داییني یارمەتییە دەرەکییەکان لە سەردەمی پاش شەڕی ساردە.

جگە لەم دوو ئەکتەرەی سەرەوە، دوو ئەکتەری گەورەی دەوڵەتی تریش بوونیان هەیە، کە بریتین لە گروپی حەوت وڵاتی پیشەسازیی و هەروەها ئۆپێك (OPEC). گرنگی حەوت وڵاتی پیشەسازیی بەم هۆیەیە کە حەوت وڵاتی پیشەسازیی جیهانی دەتوانن بڕیاری زۆر سەرەکی سەبارەت بە پەرەپێدانی وڵاتانی باشوور و هەروەها یارمەتی بەوان دەربکەن. لە دانیشتنی چەند ساڵ لەمەو پێشی ئەم گروپە بڕیاریاندا کە لە قەرزی هەندێك لە وڵاتانی هەژاری باشوور خۆش بن. هەروەها لە دوایین



کۆبوونەوەیان لە دوورگەی ئۆکیناوای ژاپۆن بڕیاریاندا کە مەودایی دیجیتالی نێوان باکوور و باشوور کەم بکەنەوە. لە لایەکی تر بەلاغی کۆتایی ئەم گروپە لە پرستێژی نێونەتەوەیی وڵاتانی باشوور کاریگەر بوو. ئامانجی سەرەکی حەوت وڵاتی پیشەسازیی ساکارترکردنی رێکخستنی رادەیی زیاتری بەڕێوەبردنی پارەی نێونەتەوەیی و دانانی سیاسەتی ئابووری ناوخۆیی و هەروەها فراوانکردنی گەشەی تەندروست لەگەڵ هەڵاوسانی (inflation) کەمتری ئابوورییە. بێگومان بوونی کێشەی ناوخۆیی لە نێوان ئەندامانی حەوت وڵاتی پیشەسازیی کارایی ئەم گروپەی تاڕادەیەك کەم کردووە. ئەوەی سەبارەت بە ئەکتەری حەوت وڵاتی پیشەسازیی گرنگە مەسەلەی زیانی ئەم وڵاتانەیە کە لە مەسەلە و کێشەکانی باشوور و هەروەها رووسیا و کۆمارە تازە سەربەخۆکان روودەدات. لەڕاستیدا سەیرێکی پڕۆگرامەکان و کارەکانی ئەم گروپە پاش رووخانی شەڕی سارد ئەوەمان بۆ دیار دەکات کە باکوور هەوڵی ئەوە دەدات زیانەکانی ژینگە، کۆچ کردن و تیرۆریستی خۆی لە باشووردا بە دوایان بگەڕێت. لەم رێگەوەیە پڕۆگرامەکانی شەڕی دژە مادده سڕکەرەکان و پیسیی ژینگە هاندەدەن. لەوانەیە، ئەم پرسە ئەنجامی ئەم وشیارییە بێت کە جیهانی ئەمڕۆ بە شێوەیەکی بێ وێنە بەهۆی دووبارەبوونەوەی بەستراوەی دوولایەنەی زیانەوە یەك پارچە بووە. زۆر بوونی چالاکییە تیروریستیەکان لە پاش شەڕی سارد و گۆڕانی کەش و هەوا، هاتنە سەرەوەی ئاوی دەریاکان، وشك ساڵی و چالاکی مافیایەکان ئەو حاڵەتانەن کە باشوور و باکووریان تاڕادەیەك وەك یەك خستۆتە بەر مەترسی. لە کۆتایی ساڵی 1991، ئەندامانی گروپی حەوت وڵاتی پیشەسازیی رێککەوتن تا 6 ملیار دۆلار قەرزی دەرەکی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ دانەوە دوابخەن. بڕی گشتی ئەم قەرزە 70 ملیارد دۆلار بوو. هەوڵەکانی دوایی ئەم گروپە بۆ بەشداریکردنی مۆسکۆ لەکۆبوونەوەکان کە زیاتر لایەنی تەشریفاتی

هەبوو ئەوەی پێمان دەگوت کە هێشتا جەمسەری رۆژئاوا لـە رووسـیا کـە گـەورەترین هێـزی سـەربازی ئەوروپایـە دەترسـێت و دەیـان هـەوێت زیـانی خۆیان لە پەیوەندی لەگەڵ رووسیا بگەینە کەمترین رادە.

ئەو رۆڵە کاریگەرییە کە ئۆپێك لە بردنەسەری نرخی نەوت لـە سـاڵەکانی 1999و 2000 بینی دیاریکـەری ئـەوەبوو کـە هێشتا بـارودۆخی سیـستەمی نێونەتەوەیی و ئابووری نێونەتەوەیی بارودۆخێکی شـایانی پێشبینی نییـە. هاتنە خواری نرخی نەوت لە ساڵی 1998 ئـەم وێنەیـەی دروسـت کردبـوو کـە نرخی ماددەی سووتەمەنی وەك نەوت بەهۆی ئـەوەی یـەدەکی نـەوتی ئـەمریکا لە ئاستێکی باش بوو ئیتر زیاد ناکات، بـەڵام بڕیـاری ئۆپێـك بـۆ کەمکردنـەوەی بەرهەمهێنان هێـدی هێـدی کاریگـەر بـوو تـا ئـەو جێگەیـە کـە نرخـی نـەوت بـە شێوەیەکی بێ وێنە بە نیسبەت 20 ساڵی رابردوو بـەرزبووەوە. ئـەم زیـادبوونی نرخـی نەوتـە بـەهۆی ئـەنجامی بڕیـاری ئەنـدامانی ئۆپێـك و یـان ئـارەزوویی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان بۆ بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر لە رێگەی دۆزینـەوەی نەوت، ئەوەمان پێدەڵێن کە هێشتا IGO ئابوورییەکان دەتـوانن لـە سیاسـەت و ئابووری جیهانی کاریگەری گرنگیان هەبێت.

بەم جۆرە ئەگەر یـاری گفتوگـۆی جێگـر لەبەرچـاو بگـرین، لـەو رووەوە پێگەی تاك ئەکتەرەکان و هـەروەها بـوونی ئەکتـەرەکان ئـەوەمان پێـدەڵێن کە ئەکتەرە سەرەکییەکان لە سەردەمی جیهانیبوون بـریتین لـە MNCکان و هـەروەها IGOکـان. ئـەوانیش لـە کـاتی ئەکتـەریی خۆیـان کولتـووریکی تایبەت بڵاودەکەنـەوە کـە زۆرجـار بـەناوی کولتـووری جیهـانی دەناسـرێت. زۆرجار دەوترێت ئەم کولتوورە هەر ئەو کولتـووری سـەرمایەدارییەیە. یـانی وەك یـەك لێکردنـی بـەهاکان و داخوازییـەکان بەنورمـەکانی رۆژئـاوایی تـاك خـوازیی و بەکاربـەری یـان هـەر ئـەو شـتەی کـە هـابز بـاوم بـە شۆڕشـی کولتووری سەدەی ئێمەیی ناودەبات و میدیاکان — کە لـەم دوایـە بـوون بـە دەزگاکانی جیهانی کـە لەلایـەن ژمارەیـەکی کـەم لـە MNC کـان، کـۆنترۆڵ



دەبن و رۆڵێکی سەرەکیان لەم پرۆسەی کولتوورییە هەیە، بەڵام هەنـدێك لـە راڤەکەران ئەم بانگەشەیە رەتدەکەنەوە، چونکە پێیانوایە کە سـەرمایەداری هەموو کات خۆی لەگەڵ واتا ناوچەیەکان دەگونجێنن. لە لایەکی تر هەنـدێك پێیـان وایـە کـە پێکـدادانی داهـاتووی شارسـتانییەتەکان بەتایبـەت لـەو کۆمەڵگایانە کە هەست دەکـەن بـەهۆی کۆلۆنیـالیزمی نـوێی کولتـووری کـە شوناسی عەشیرەتی و ئاینییان بەدیل گیراوە هەڕەشە یـان بێهێـز دەکـرێن، رۆڵـی سـەرەکی دەگێـڕن. بـەبوونی جیـاوازی روانگـەی ئـاوا، جۆرێـك لـە رێککەوتنی گشتی لە پرۆسـەی جیهـانیبوون دروسـت بـووە کـە وادادەنرێـت جێگەیەك بۆ مانۆردان نییە، کەواتە دەتوانین لە بەرژەوەندییـە شـاراوەکانی جیهـانیبوون وەك یـەك راسـتی کـەڵك وەربگـرن. ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە جیهانیبوون وەك یەك کولتوور ئاسەواری خۆیی هەیە. لێـرەدا بـاس لەسـەر ئـەم بابەتە نییە کە ئایا جیهانیبوون، بوونی هەیە و یان درێژەی دەبێت، بـەڵکو بـاس لەسەر ئەمەیە کە نرخەکان و قازانجەکانی سەرچـاوەگرتوو لـەم پرۆسـەیە چـۆن دابەش دەبێت و روانگەی وڵاتەکانی جیا بەنیسبەت ئەم دابەشبوونە چـۆنە؟ بـۆ نموونە باشوور هەست دەکات کـە جیهـانیبوون نرخێکـی زۆری بـۆی هەیـە و لـە نێوان وڵاتانی باشوور هەندێك لـە سیـستەمە ئایدیۆلۆجیکـەکان پەرچـەکردارێکی توند لەهەمبەر ئەم پرۆسەیە پیشان دەدەن.

بەم جۆرەیە جیهانیبوونی ئابووری دەبێتە هۆی ئەوەی تا ئەکتـەرەکانی زاڵی ئەم شانۆیە یەکێك لەم ناکۆکیانە لە پرۆسەی جیهانیبوون بـەهێزکردنی کێبرکێیە. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا لە لایەك وڵاتەکان و تاکەکان بەهۆی ئـەم هەلومەرجەی کە دروست بووە هەوڵدەدەن تاکو بەرژەوەندییـەکانی خۆیـان بپارێزن و بتوانن کێبەرکێ بکەن و لە لایـەکی تـر رۆژ بـە رۆژ ئـەو کێشانەی کە پێویستی بـە هاوکـاری جیهانییـە (وەك ژینگـە، هـەژاری و پەرەسـەندن) هەڵـسوکەوتێکی زیـاتری لـە نێـوان دەوڵەتـەکان و تاکـەکان پێوسـتە. سەرمایەداری هەنگاوی چڕوپڕی بـۆ دروسـتکردنی رێکخراوەکـان و هـەروەها

ئەنجامی هاوکارییەکانی پێویست بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە گشتییەکانی سەدەی بیستەم –پیسی سەروەری سنووری، بازرگانی جیهانی و شەپۆلی سەرمایە، پێکدادان و کۆچی گشتی ئاوارەکان و کەسانی بێ شوێن–لاواز دەکات. بەم جۆرە یەکێك لە ناکۆکییەکانی جیهانیبوون ئەمەیە کە هەرچەنێك ئێمە وەك تاك لە بازاڕەکان سەرکەوتووتر کار بکەین، بەو رادەیە لە رووبەرەکانی تری ژیان و هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر تووشی دۆڕاندن دەبین و ئەم سەرنەکەوتنە، لەوانەیە سەرکەوتنەکانی ئابەو جۆرە بۆ ملیۆنەها کەس لە خەڵك لە ئێستا و داهاتوودا تووشی گرفت بکات.

## جیهانیبوونی سیاسەت و ئەکتەرە ناحکوومییەکان

یەکێك لە تایبەتمەندییە گەورەکانی جیهانیبوون لاواز بوونی دەوڵەت–نەتەوەکانە کە ئەم بابەتە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تاك ئەکتەری ئەوان بووە. دەوڵەتەکان بە تێگەیشتن لەم راستییە هەوڵیاندا تاکو لە زیانی زیاتری خۆیان بەرگری بکەن. ئەم زیانە لە باکوور تاڕادەیەکی زۆر بەهۆی جیهانیبوونی ئابوورییە لەلایەن ئەکتەرە گەورەکانی یانی MNC کانە. لە لایەکی تر کێشەی نوێ سەریهەڵداوە کە دەوڵەتان پێشتر لەگەڵ ئەوان رووبەڕو نەبوون، کەواتە بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوانە وەك کێشەکانی ژینگە، بارودۆخی ئاوارەکانی شەڕوپێکدادانی تایفی و ئایینی، داڕشتنی پڕۆگرامێکی پسپۆرانەی درێژخایەنیان ئامادە نەکردووە. لێرەدایە کە دەوڵەت لە دوولاوە دەکەوێتە ژێر فشارەوە، لە لایەك بەهۆی بەرگری لە ژیانی خۆیان لە بەرامبەر ئەکتەری نوێ، تێدەکۆشن لە بەرژەوەندی فراوانبوونی ئەو ئەکتەرانە کاربکەن کە دەوڵەت کەمتر لاواز دەکەن. لە لایەکی تر بەسەرهەڵدانی مەسەلەی نوێ دەوڵەتان ناچارن تا هەندێك لە رۆڵەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و تەنانەت ئاسایشی عورفی خۆیان



بە ئەکتەرە ناحکوومییەکان بدەن. بەم هۆیە جیهانیبوونی سیاسەت دەوڵەتەکان ناچار دەکات کە NGOکان فراوان بن.

دەوڵەتان لە یاسایی یاری، گرتن و بەردان یان کێبڕکێ و هاوکاری لە سەردەمی جیهانیبوون، زیاتر لە رابردوو تێدەکۆشن هاوکاری بەهێز بکەن، چونکە فراوانبوونی هاوکاری نێوان ئەکتەرەکان زیاتر لە جاران بە کارایی دەوڵەت کە بەهۆی جیهانیبوون تووشی قەیران هاتووە، یارمەتی دەدات. بەدڵنیایەوە ئەمە بەم واتایە نییە کە دەوڵەتان دەتوانن بە سەرکەوتووی ئەم پرۆسەیە جێبەجێ بکەن. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا ئم شڵەژاویە لە سیستەمی نێونەتەوەیی کێشەی فراوانی بۆ ئەوان دروست کردووە. لەو رووەیەی کە ئەکتەری دەوڵەتان لەم ژینگەیە روودەدات، کەواتە رێگەیەك بۆ هەڵاتن ئەم شڵەژاویە نییە و لەو رووەوە کە دەوڵەتان هێدی هێدی بەرپرسیارەتی سیاسیان وەرگرتووە کە بە ئاڵۆزترین سیستەمی نێونەتەوەیی ناتوانن ئەرکەکانی خۆیان راپەرێنن، کەواتە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا NGOکان لە رۆڵە عورفییەکانی خۆیاندا هاوبەش بکەن، پێشوازی دەکەن.

لە وڵامدانەوە ئارەزوویی MNCکان بۆ فراوانکردنی کێبڕکێ و جیهانیبوونی ئەوە، NGOکانی ناحکوومی تێدەکۆشن بە دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە دوو ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا بەم پرسە پەرچەکردارێك نیشان بدەن. دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی بە زۆری لەسەر بنەماکانی ژینگە، لەناوبردنی هەژاری و هەروەها بڵاوکردنەوەی مافی مرۆڤ و یارمەتییەکانی مرۆڤ دۆستانە روودەدات. لەم بارەوە لەم ساڵانەی دوایی NGOکان کاری فراوانیان کردووە. ئەوان کێشەی ژینگەیان هاردووەتە ناو پرۆگرامەکانی جیهانی و دەوڵەتە بێ لایەنەکانیان ناچارکردووە تا گرنگی پێبدەن. لەم پرۆسەیە لەسەر پێویستی رێزگرتن لە مافی مرۆڤ جیهانی جەخت کراوە و دەوڵەتەکانیان بۆ رێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ خستووەتە ژێر فشار.

NGOکان لە کۆنفرانسەکانی نێونەتەوەیی گەورەدا کە نەتەوەیەکگرتووەکان رێکیدەخات، دەوری بەرچاویان هەیە. ئەوان لە پاش کۆنفرانسەکان دەست دەدەن بە ئەنجامی کارێك کە دەوڵەتان بەتەنیایی لە ئەستۆی نایەن. بۆ نموونە بۆ لەناوبردنی چەکە ئەتۆمییەکان سکاڵایان بردووەتە بەر دادوەرەکانی یاسایی نێونەتەوەیی و بۆ سزادانی تاوانبارانی جەنگی چالاکی دەکەن. لە لایەکی تر ئەوان دەوڵەتان دەخەنە ژێر گوشار تاکو بەو دانوستانانەی کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی پیسی ژینگە رازی بن، لە لایەکی تر لە نەتەوەیەکگرتووەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە توێژینەوەکان، لێکدانەوەی ورد و کاریگەریی شارەزایانی NGOکان پێشوازی دەکەن. لێژنەی بەڕێوەبردنی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەوان بە داهێنان و خستنەڕووی بیرۆکەی نوێ هاندەدات. دیپلۆماتەکان لە پاڵ پشتگیری ئەوان راوێژیشیان لێوەردەگرن. پترۆس غالی ئەمینداری گشتی پێشووی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بەم پرسە دەڵێت کە NGOکان بەشێکی جیانەبوو لە شەرعییەتی رێکخراوە نێونەتەوەییەکانن و بەبێ ئەوان هیچ کردارێکی نێونەتەوەی واتای نییە. زۆربەی چاودێران ئەم بزاڤانە بە نیشانەی فرەخوازی و دیموکراسی دەزانن. لە زۆربەی وڵاتەکان NGOکانی بەنیسبەت حیزبی سیاسی و حکومەتەکان زیاتر کۆمەڵگا دەناسن. بەم شێوەیە هەندێك جار NGOکان تاوانبار دەکرێن کە کۆنسێرڤاتیڤن یان خزمەتی نوخبە سیاسییەکان دەکەن. توێژینەوەکان دیاری دەکات کە خەڵکی ئەمریکا بەنیسبەت رابردوو حەزێکی کەمتریان بەکاری ئارەزوومەندانە هەیە و لە ئەنجامدا کاتێکی کەمتر بۆ رێکخراوە ناحکومییەکان تەرخان دەکەن. لە هەندێك وڵاتەکان وەك بەرازیل راگرتنی یارمەتییەکانی دەرەکی و فشاری هێزەکانی ئابووری بووە هۆی ئەوەی تا ژمارەی NGOکانی ناحکومی بەخێرایی روو لەکەم کردن بکەن. هەروەها فرەبوونی NGOکان لە هەندێك بواردا بووە هۆی ئەوەی تا سەرنجی گشتی



بەنیسبەت کێشە گرنگەکان کەم ببێت، چونکە ئەم جۆرە رێکخراوانە لە راستیدا سەرنجی خەڵك بۆ کێشە تایبەتەکان رادەکێشن.

ئەم بابەتە کە NGOکان بتوانن کۆمەڵگایەکی مەدەنی دروست بکەن کە تاکەکان لە بەرامبەر کەم و کورییەکانی جیهانیبوون (کە بە زۆری لەکێبڕکێی جیهانی ئەکتەرەکانی ئابووری سەرچاوەی گرتووە) بپارێزن، گرفتی تایبەتیان هەیە. لەم رووەوە هەروا کە ئاماژەمان پێدا ئەم پرسە بە واتای ئەوە نییە کە ئەمان ناتوانن رۆڵی ئەکتەر بگێڕن. ئەگەرچی لە بازاڕەکان بەکارهێنەرەکان هێزێکی فراوانترن لە کرێکارەکانیان هەیە و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی هەندێك لە گروپەکان لە بەرامبەر بەکارهێنانی خراپی هێز تووشی زیان دەکات، بەم شێوەیە ئەم رێگەیەیی خۆش کردووە تا رێکخراوە مەدەنییەکان لە دەرەوەی سنوورەکان لەگەڵ یەکتر پەیوەندی بگرن و لە پێکهاتەی نوێی دەسەڵات کە بەهۆی تەکنۆلۆژیای زانیارییەوە دروست بووە چالاکی بنوێنن. سەبارەت بە هێزی NGOکان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دوو روانگە هەیە: هەندێك لەو بڕوایەدان کە ئەوان بە کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی دەتوانن گۆڕانکارێکی بنەڕەتی لە گواستنەوەی هێز دروست بکەن، بەڵام هەندێکی تریش لە توانای NGOکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی تووشی دوو دڵی هاتوون. هەروەها ئەم جۆرە دوو دڵیانە بەتایبەت سەبارەت بە NGOکانی پەرەسەندنە کە بە یارمەتییە دەرەکییەکان بەستراونەتەوە.

هەر جۆرێك بێت NGOکان بە ئاگاداربوون لەم راستیە هەوڵدەدەن تاکو سەرچاوەکانی داهاتی خۆیان فرە جۆر بکەن و لەگەڵ تێکەڵکردنی شێوازە جۆراوجۆرەکانی بازرگانی بەتایبەت لە باشووری ئاسیا و ئەمریکای لاتین ئاستی داهاتی خۆیان ببەنە سەرەوە. لەم پرۆسەیە ئەوان زیاتر لە جاران پشت بە کۆمەڵگاکانی خۆیان دەبەستن و تێدەکۆشن تاوەك ئەکتەرێکی رەسەنی کۆمەڵگای مەدەنی بەدەر بکەون. زەمینەی کاری رێکخراوەکانی

پەرەسەندنی ناحکوومی لە ئەمریکای باشووری هێدی هێدی لە حاڵی گۆڕانە. ئەم ڕێکخراوانە لە بارودۆخێکدان کە یان دەبێت لەناو بچن و یان خۆیان لەگەڵ بارودۆخی نوێ بگونجێنن و ئامانجەکان و شێوەی کارەکانیان بە شێوەیەکی نوێ دابڕێژن. چوونە ناو خێرا بوونی پرۆسەی جیهانیبوون، دەمارگیری سیاسەتەکانی لیبراڵیستە نوێیەکان و ریفۆرمی دەوڵەتی بووەتە هۆی سنوردار کردنی ئالتێرناتیفەکانی پەرەسەندن کە سەرەکیترین ئامانجی بوونی NGO کانی پەرەسەندنە. بە شێوەیەکی گشتی لە سەرەوی ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان وڵاتان بوونیان هەیە، راستییە ئەوەمان پێدەڵێن کە ڕێکخراوەکانی مەدەنی و کرێکاری لە حاڵی کەمبوونەوەدان. ئەمە بۆ خۆی بە یەکێك لە ئەنجامەکانی پرۆسەی جیهانیبوون دەژمێردرێت کە دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی تاکو NGOکان (بەتایبەت NGOکانی پەرەسەندن) ستراتیژێکی نوێ بۆ مانەوەی خۆیان هەڵبژێرن.

سەرهەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە باشوور، نارێك و لە هەندێك بواردا زۆر خاو بووە، بەڵام بەهەر شێوە لە حاڵی فۆڕم گرتنە کە ئەم پرسە خۆی بۆ NGOکانی باکوور و هاوپەیمانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی گەورەتر کە لە هەموو جیهاندا خەریکی سەرهەڵدانە ئەنجامی گرنگی هەیە. لێکۆڵینەوەیەکی پێوەری زانکۆی جان هاپکینز سەبارەت بە ((بەشی سێیەم)) نیشانی دەدات کە لە هیندستان زیاتر لە یەك ملیۆن لەم جۆرە ڕێکخراوە بچووکانە هەیە و لە بەرازیل ژمارەی یان دەگاتە 210,000. هەرچۆنێك بێت جیهانیبوون هەرجۆرە کاریگەرییەکی هەبێت راستی بنەڕەتییەکانی هەژاری و سەرمایەیی نەگۆڕاوە. دابەشکردنی نالۆجیکی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان، تواناکان و پسپۆری کە ریشەی سەرەکی هەژارین هەروەها بوونیان هەیە و ئەم کێشەیە بە شێوەیەك لەسەر رۆڵی NGOکان لە باشوور کاریگەری گرنگی دەبێت. بازاڕەکانی هەڤگر گرنگی هەندێك لە سەرمایەکان وەك زانست و هێزی ڕێکخراوەیی



فراوان دەکات، بەڵام گرنگی هەندێك لە فاکتەرەکانی بەرهەم هێنان کەم دەکاتەوە. لەژێر کاریگەری ئەم هەلومەرجەدا کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی دەتوانێت لە دابەشکردنی جارێکی تری سەرچاوەکان رۆڵێکی گرنگ بگێرێت و ببێتە هۆی گۆڕان لە پێکهاتەی هێز کە لە تایبەتمەندییەکانی گەورەیی ئەو بوونی نایەکسانی لە جیهانەدایە.

## دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە خوارەوە

لە بنەڕەتەوە جیهانیبوون لە ئاستی کۆمەڵگاکانی ناوچەیی دەست پێدەکات و کۆتایی پێدێت. لەم ئاستە NGOکان ستراتیژێك دەگرنەبەر تا پێگەی راستی خەڵکی هەژار لە بازاڕەکانی جیهانی دیار بکەن. هەروەها ئەوان رۆڵێکی گرنگیان لە فۆرم پێدانی دووبارەی هێزەکانی ئابووری هەیە. ئەوان رادەو جۆری یارمەتی بە خەڵکی هەژاریان زیاد کردووە تاکو ئەم گروپە بتوانن بەهێزێکی زیاترەوە بچنە ناو بواری کێبەرکێ و بە ئاستێکی بناغەیی لە ئاسایش بگەن تاکو ببنە خاوەن ماف و دەنگی بەرامبەر و یەکسان. بەبێ بوونی ئەم گۆڕانکارییە پێشکەشکردنی ئالتێرناتیڤێکی ئابووری ناکرێت و هەر جۆرە هەنگاوێکیشی کەڵکی نابێت. ئەم مەسەلانە لە راستیدا درێژەی هەر ئەو رۆڵە عورفیانەی NGOکانە لە پەرەسەندنی پسپۆری، متمانە بەخۆی تواناکان و فۆرمێکی نوێ لە کۆمەڵگاکان و هەروەها دەست گەیشتنیان بە ئیعتبارەکانی پێگەو خزمەتگوزارییە ئابوورییەکان. لەم رووەوە جیاوازێك کە هەیە ئەمەیە کە کردارە عورفییەکان بەهۆی تێکۆشانی سیستەمانێك بۆ پەیوەندیدانی ئاست و بەشە جیاوازەکانی ئابووری بەهێز دەبن. هەروەها NGOکان دتوانن هێزەکانی بازاڕ ناچار بکەن تا بە کەمکردنەوەی دەلالەکان بەرژەوەندی گروپە هەژارەکان لەبەرچاوبگرن. ئەم کارە لە رێگەی گرێدانی بازاڕەکان پێکەوە دروست دەبێت کە لەلایەن NGOکان پاڵپشتی دەکرێت. بۆ نموونە

لە ئەفریقیای باشوور NGOکان بە کۆمەڵە خۆجێییەکان یارمەتی دەدەن تاکو لە دانوستانەکانی سەبارەت بە ڕێککەوتننامەکانی راوو و گەشتوگوزار چاکتر کار بکەن. لە لایەکی تر گروپە مەدەنییەکان شێوەکانی بەرهەم هێنان و ئاڵوگۆڕی نوێیان دۆزییەوە کە لە روانگەی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی نرخێکی کەمتریان هەیە. هەروەها ئەوان سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان وەك متمانە و هاوکاری بەرهەم دەهێنن کە لە ناو بازاڕە بە گشتییەکاندا شایانی بەکارهێنانە. ئەوان یارمەتی ژنان و پیاوەکان دەدەن تاکو ڕۆڵەکانی بازاڕی و دەرەوەی بازاڕدا خۆیان تێکەڵ بکەن تاکو لەم ڕێگەوە بتوانن بە کارا کردنیان، بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان دابەش بکەن.

بەم جۆرە NGOکان لەم پرۆسە نوێیە لە جیاتی ئەو تێبکۆشن تا سیستەمی هێزی لە ناوچووی سەرمایەداری، مرۆڤی بکەن دەبێت هەوڵ بدەن تا ئەو بگۆڕن. هەروا کە وتمان NGO حکوومییەکان MNC بەرژەوەندییان کردووە بە ئامانجی کارەکانی خۆیان، کە ئەم پرسە بە شێوەیەکی سروشتی بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە سیستەمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری فرێ بدرێن. ئێستا ئەگەر NGOکان بیان هەوێت لە بەرامبەر زیانەکانی سەرچاوە گرتوو لەم پرۆسەیە بەرگری بکەن و کارێك بکەن، لەم رووەوە دەبێت دیاری بکەن کە کارکردنی ئەوان لە پێوەرێکی بچووك دەتوانێت لەناو ببات و بەم جۆرەیە بەبن بەجێگری چارەسەرەکانی رادیکالی کە لەوانەیە لە داهاتوودا سەرهەڵبدەن. لە لایەکی تر هەندێك لە NGOکان هەروەها بەکەسانی زیان لێکەوتوو بەهۆی پرۆسەی جیهانیبوون (لە وڵاتانی وەك رووسیا کە پێش تر پرۆگرامەکانی یارمەتی کۆمەڵایەتی باو بوو) یارمەتی فراوان دەگەێنن.

بەڵام NGOکان لە راستیدا چۆن دەتوانن ببنە هۆی دروستکردنی گۆڕانکاری؟ لە روانگەی گۆڕان، هەموو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر سێ بنەمان: کۆمەڵێك لە بنەماکان کە بنەمای سەرەکی ئەخلاق و بەهاکان



پێکدێنن. کۆمەڵێك لە پرۆسەکان و لە کۆتایی بارودۆخی سابجێکتیف کە دەروونی ئێمە دروست دەکات (وەك هەستی تاك). بنەمای یەکەم نیشانی دەدات کە چۆن ئێمە لە دیسپلینی کۆمەڵایەتی تێگەیشتووین و هەڵی دەسەنگێنین. لە کاتێکدا کە بنەمای سێیەم ئەوە دیار دەکات کە ئێمە چۆن لە خۆمان تێدەگەین. لەهەر گۆڕانکارییێکی مێژوویی دەتوانین هاوکاری ئەم سێ بنەمایە ببینین کە پەیوەندییەکی تایبەت بەهێز دروست دەکەن. بۆ نموونە گەشەکردنی سەرمایەداری لەسەر ئەم بنەمایە کە بەرژەوەندی تاك دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی گشتی. پێکهاتە بنەڕەتییەکانی ئەو هەروەها ریشەیان لە خاوەندارییەتی تایبەت و ئابووری بازاڕدا هەیە. بارودۆخی سابجێکتیفی شیاو لەگەڵ سەرمایەداری هەروەها بەرپرسیارە بۆ پێشکەوتنی تاك و ڕەفتاری کێبڕکێ.

NGOکان لە هەوڵدان کە لە جیاتی دیسپلینی کۆمەڵایەتی بەرهەم هاتوو لە جیهانیبوون دیسپلینی نوێ جێگیر کەن، دیسپلینێك کە بەهاکان و بنەماکانی ئەو لە خوارەوە دیاری بکرێت و بنەمای ئەو گۆڕانی لۆجیکی خەڵکییە. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بلێێین ئامانجی کۆتایی NGOکان بریتییە لە: دابەشکردنی یەکسانتری ئەو شتەی کە هەمانە، دروستکردنی شێوازەکانی نوێی بەرهەمهێنان بەنرخێکی کەمتر و بەهێزکردنی بەهاکانی هاوکاری خوازەکان لە نێوان بەرهەمهێنەر و بەکاربەر. وادیارە کە NGOکان تێدەکۆشن تاکو لە دەیەکانی داهاتوو زیاتر کاریگەری بخەنەسەر حکومەتەکان، MNCو IGOکان.

## دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە سەرەوە

لە ئاستی نەتەوەیی دەستپێشخەری و داهێنانە کۆمەڵایەتییە ناوچەییەکان پێویستی بە پاڵپشتی لەلایەن سیاسەتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە گەورەکان بۆ پاڵپشتی چینەکانی خوارەوە هەیە. ئەگەرچی

جیهانیبوون بووەتە هۆی بێهێزی دەوڵەتان، بەم شێوەیە ڕۆڵەکانی پاڵپشتی و دووبارە دابەشکردنەوەی دەوڵەتان هەروەها گرینگی خۆیان پاراستووە. لەم نێوانە NGOکان هەوڵدەدەن بە ڕاکێشانی پاڵپشتی جیهانی، ببنە هۆی لاوازی ئەو پرۆسانەی کە لە ئاستی نەتەوەیی و لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا و توانای هەر وڵاتێك بۆ بەدواداچوونی ئامانجەکانی پەرەسەندن ئابووری هەڤگرخواز بەهێز بکات. ئامانجی ئەوان لەم کارە دروستکردنی شوناسێکی سەرووی نەتەوەیی و جیهانییە بۆ تاکەکان تا بتوانن لەژێر سایەیی ئەودا بیر لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی جیهانی بکەنەوە هەڵبەت ڕێکخراوە ناحکومییەکان هێشتا لە ئەنجامدانی کارێکی وەهادا سەرکەوتووو نەبوون.

لە ئاستی جیهانی ستراتیژییە سەرکەوتوووەکان ئەوانەن کە لەلایەن بەشە نزمەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەی پاڵپشتی دەکرین. لەم ڕووەوە جیهانیبوون بەم واتا نییە کە NGOکان لە پێوەرێکی گەورەتر بە نیسبەت ڕابردوو لەگەڵ هێزەکانی کار کێبەرکێ دەکەن، بەڵکو بەو واتایەیە کە بتوانن بە شێوازێکی چڕوپڕتر هێزە گچکەکانی خۆیان بە هێزە گەورەکان گرێبدەن. نموونەیەك لەم ڕەفتارانە بریتین لە: پەیوەندیدانی سیستەمەکانی بەرهەمهێنەری جێگر بەتۆڕەکانی بازرگانی نێونەتەوەیی کە بوونەتە هۆی ئاسایشی ئەم سیستەمانە لە بازاڕەکانی ئازاد. ناچارکردنی کۆمپانیاکان بۆ لە بەرچاوگرتنی لانی کەم ستانداردەکانی ژینگە و کۆمەڵایەتی لەگەڵ گفتوگۆی ناوچەیی و ڕەنگدانەوەی جیهانی ئەوان، و لە کۆتاییدا گۆڕانی پارادیمی بەکارهێنان لە باکوور بە شێوەیەك کە هۆی زەرەر و زیانی بەرهەمهێنەرەکانی باشوور نەبن. NGOکان بەهۆی بوونیان لە ڕووبەرەکان جیاوازەکان هێزێکی سروشتیان هەیە و لە هەندێك ڕووبەرەکانی تر وەك یارمەتی بە بزاڤی بەکارهێنان، بازرگانی و سەرمایەگوزاریە ئەخلاقییەکانی تریش سەرکەوتوو بوون. بەم هۆیە دەتوانین NGO کان بەئەکتەرەکانی



سەرەکی لە گۆڕانی پارادایمەکانی بازرگانی جیهانی، فۆرم پێدانی داواکارییەکانی بەکارهێنان، تاقیکردنەوەی پەیوەندییەکانی فرەرەگەزی و هەوڵدان بۆ ریفۆرمی بەرپرسیارەتی کۆمپانیاکان بزانین. سروشتیە کە لەم ڕێگەیە کێشەی فراوانبوونیان هەیە، بەڵام شەپۆلەکانی ئارەزوومەندانە هەوڵی چارەسەری بەشێکی گەورەی ئەم کێشانە دەدەن. دەبێت بڵێین کە ئامرازەکانی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ناسراوە و ئێستا بۆ پراکتیك کردنی ئەم کەیسانە زانستێکی زۆر هەیە.

پەیوەندی تۆڕە کردارەکانی ناوچەیی بە تۆڕی فراوانی جیهانی کە سەرەکیترین ئەکتەرەکانی، NGOکانی ئابووری (MNC) کانن دەبنە هۆی ئەوەی تا NGO کان لە بەرامبەر نێونەتەوەیی بوونی MNCکان، بتوانن لە پاڵپشتییەکانی ناوچەیی کەڵك وەربگرن کە هەر خۆی ئەم پرسە زەمینە بۆ پاڵپشتی بەربلاو لە پرۆگرامەکانی ئەوان دابین دەکات. لێرەدا هێزی گفتوگۆ و کاریگەری NGOکان گرنگی فراوانی هەیە. ئەوان هەم لەگەڵ ئەکتەرەکانی حکوومی و هەمیش لەگەڵ MNC کان چوونەتە ناو گفتوگۆ. ئەوان هەوڵدەدەن لەم جێگەوە، کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی دابرێژن. لەم ڕووەوە NGOکان لە ستراتیژییە نوێیەکانی خۆیان لەسەر کاریگەری لە ڕێکخراوەکانی دارایی ئابووری جیهانی و ڕژێمەکانی تر (وەك ڕێکخراوەی بازرگانی جیهانی) و ڕێککەوتنی چەند لایەنەی پێشنیارکراو سەبارەت بە سەرمایەگوزاری، توانایی چاکیان بەدەست هێناوە. ئەگەر چی ئەم تواناییانە ئێستا ئەوەندە بەرچاو نییە، بەڵام ڕەنگە لە دەیەکانی داهاتوی ئەم سەدەیەدا ڕژێمەکانی پاڵپشتی کراوی NGOکان بە تایبەت سەبارەت بە ریفۆرمی هاوکارییەکانی نێونەتەوەیی، یارمەتییەکانی مرۆڤ دۆستانە و دابینکردنی ئاشتی گرنگی تایبەت بە خۆیان بەدەست بێنن.

ئێستا ئەگەر لە ڕوانگەی گۆتاری ئەم مەسەلانە سەیر بکەین دەتوانین بڵێین کە لە پرۆسەکانی جیهانیبوون NGO ناحکوومییەکانی لەهەوڵی

گوتارێکی فراوانن لە بەرامبەر گوتارێکیدا کە MNCکان هەوڵی دروستکردنی دەدەن. ئەم NGOیانە لە جیاتی لەیەکچوون و یەکسان کردنی بەهاکان و کولتوورەکان هەوڵدەدەن لە نێوان کەسەکان کە خاوەنی باوەڕی جیاوازن جۆرێك بەهای هاوبەش دروست بکەن و لەم گوتارە نوێیانە کە لە پرۆسەی جیهانیبوون لەلایەن ئەکتەرکانی جیاواز دروست بووە یەك دەنگی بوونی نییە. ئەگەرچی هەندێك لە ئەکتەرەکان وەك MNCکان هەوڵدەدەن گوتارەکانی خۆیان بە لەبەرچاوگرتنی لاوازی دەوڵەت نەتەوە هەژموونیك بکەن، بەڵام بوونی راستییەکان و هەروەها نەبوونی سەقامگیری بوونی یەك گوتاری لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا بوونی نییە. MNCکان بەهۆی زاڵبوونی رێژەیی خۆیان بەسەر کەناڵەکانی راگەیاندن، دارایی و سەرمایەی جیهانی هەوڵدەدەن لەسەرەوە بۆ گوتارەکەی خۆیان شەرعییەت دروست بکەن لە کاتێکدا NGOکان بە زۆری لەخوارەوە بۆ گوتارەکانی خۆیان شەرعییەت بە دەست دێنن و هەوڵدەدەن بە خۆماڵیکردنی گریمانە جیهانییەکان گوتارەکەی خۆیان فراوان بکەن. ئامانجی کۆتایی ئەم NGO یانە ئەمەیە کە گوتارە بچووکە ناوچەییەکان لە گوتارێکی جیهانی پەیوەندیدار بە کۆمەڵگای مەدەنی ببەستنەوە و لەم رێگەیە زیانەکانی سەرچاوەگرتوو لە جیهانیبوون کەم بکەنەوە.

## جیهانیبوون و پەرەسەندنی NGOکان

پاش سەرنەکەوتنی ئەنجامی ناوەندبوونی دەوڵەت لە پەرەسەندن لە باشوور، رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و زۆربەی وڵاتان لەسەر بنەمای ئەو هۆیانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا روویان کردە NGOکان. لە لایەکی تر بەهێنانە گۆڕی پەرەسەندنی سەقامگیر و پێویستی بە NGOکانی ژینگەییش بە جۆرێك هاتنە ناوکایەوە. لە زۆربەی بوارەکان ئەم NGOیانەی پەرەسەندنی یان لە دەوڵەتان و یان لە IGOکان یارمەتی



دارایی وەردەگرن تاکو بتوانن پرۆگرامەکانی بەرچاوی خۆیان ببەرنە پێش. دەوترێت کە گشت ئەو پارەیە کە NGOکان بۆ یارمەتی پەرەسەندن، یارمەتی مرۆڤ دۆستانە و پاڵپشتی تەکنۆلۆژیا بۆ هەژارترین خەڵکی جیهانیان خەرجکردووە زیاترە لە گشت ئەو پارەیەیی کە نەتەوەیەکگرتووەکان خەرجی کردووە. بە شێوەیەکی عورفی NGOکان راستەوخۆ لە خەڵك پارە وەردەگرن تا لەو رێگەوە بۆ یارمەتی و هەروەها چالاکی مرۆڤ دۆستانە خەرجی بکەن کە ئەگەر ئەم شێوەیە سەرکەوتوو بێت دەتوانێت ئەوان لە رێکخراوەکانی فەرمی بێ نیاز بکات. لەم رووەوە بە رەوتی کات کە حکومەتەکان و هەروەها IGOکان وەك بانکی جیهانی هەوڵیاندا تا لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی پەرەسەندنی خۆیان لە NGOکان یارمەتی وەربگرن، تێچوونەکانی سەرچاوەکانی داهاتی NGOکان فراوانبوون. بە شێوەیەك کە سەرچاوەی دارایی ئەوان یارمەتیدەری خەڵك و دەوڵەتان بووە، بەڵام لە زۆربەی بوارەکان ئەم یارمەتیانە زیاتر لەوەی کە سەرووی نەتەوەیی بن، نەتەوەیی بوون. یانی هەر دەوڵەتێك یارمەتی رێکخراوەی ناحکوومی خۆی دەدات. گۆڤاری UNHCR ی نەتەوەیەکگرتووەکان لە راپۆرتێکدا لە ساڵی 1996 رایگەیاند کە دەوڵەتان یارمەتییە داراییەکانی مرۆڤ دۆستانەی خۆیان لە جیاتی ئاژانسەکانی فرەرەگەزی بۆ NGOکانی نەتەوەیی تەرخان دەکەن و لەم رێگەوە سیستەمی هاوکاری و نموونەیی فراوانی فریاکەوتن لە ئاستی جیهانی لاواز دەکەن. ئەمە خۆی دیار دەکات ئارەزوویی دەوڵەتان لە بەهێزکردنی مەسەلە نەتەوەییەکانی خۆیانە. بە وتەی یەکێك لە فەرمانبەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئانتۆنیۆ دۆنینۆ (Antonio donino) لە ساڵی 1977 بەشە گشتییەکان 1.5 لە سەدی داهاتی NGOکان پێکدەهێنا کە ئەم بڕە لە ساڵی 1988 گەیشتووە بە 35 لە سەد و ئێستا رەنگە بە 40 لە سەد گەیشتبێت. وڵاتانی رۆژئاوایی پێشتر بەهۆی پێدانی یارمەتی

حکومەتەکانی کۆمۆنیستی بە NGOکان ئەوان یان خستەبەر رەخنە و ئەمە لە کاتێکدایە کە ئارەزووەکانی ئێستای وڵاتانی ناوبراویش بەرەو ئەم ئاراستەیە دەڕوات. سویس 19 لە سەدی یارمەتییەکانی پەرەسەندنی خۆی لە رێگەی ئەم NGOیانە ئەنجام دەدات. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا 17 لە سەدی یارمەتییەکانی پەرەسەندنی خۆی لە ساڵی 1993 لەم رێگەیە خەرج دەکات کە ئەم برە لە ساڵی 1995 بە 30 لەسەد گەیشت و ئەم یارمەتیانە کە لەژێر ناوی پرۆگرامی (دەست پێشخەری بەشداری نوێ) کە لەلایەن حکومەتی کلینتۆن لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی 1995 رایگەیاند و هەروەها روو لە فراوانبوونە. دەوڵەتانی باکوور نەتەنیا یارمەتی NGOکانی خۆیان دەدەن، بەڵکو NGOکانی باشووریش لەژێر ناوی فراوانکردنی ((کۆمەڵگای کراوە))، ((دروستکردنی توانا))، ((بەهێزکردنی NGOکان)) یان یارمەتی بە ((کۆمەڵگای مەدەنی)) پاڵپشتی دارایی دەکەن. رێکخراوەکانی وەك پەروەردەیی جیهانی (world learninig) و هەروەها گروپەکانی خزمەتگوزارییەکانی جێبەجێکردنی نێونەوەییە خاوەنی پرۆگرامەکانی نێونەتەوەیی فراوان لەم بوارەن و لە ئاژانسی یارمەتییە دەرەکییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەروەها (USAID) یارمەتێکی فراوان وەردەگرن. سەرچاوەکانی تایبەتی وەك میلیاردێرەکانی ناسراو وەك جۆرج سوروس (George Soros) یش هاوکاری فرە بەم دەست پێش خەریانەی NGOکان دەدەن. زۆربەی NGOکان تەنانەت لە نێوان یارمەتییەکانی وڵاتانی وەك هۆڵەندا، کەنەداو ئەڵمانیا کە دەیدەن و ئەو یارمەتییەکانی وڵاتانی لایەنگری سیاسەتی ئیمپریالیستی وەك ئەمریکا، فەرەنسا و بریتانیا جیاوازی دادەنێن.

سەرەڕای فراوانبوونی یارمەتییەکانی دەوڵەتی بە NGOکانی پەرەسەندن لە پاش شەڕی سارد، لەم چەند ساڵەی دواییدا لە قەبارەی



ئەم یارمەتیانە کەم بووەتەوە کە ئەمە بۆ خۆی گەورەترین قەیرانە لە بەردەمیاندا. هەڵبەت ئەم قەیرانە زیاتر دەبەرۆکی NGOکانی باشووری گرتووەتەوە کە لە یارمەتییەکانی دەرەکی کەڵك وەردەگرن. هەروەها لەم کاتەشدا بەریتانیا یارمەتییەکانی دەرەکییەکانی خۆی زیاد کردووە. کەمبوونەوەی یارمەتی دەرەکی چەند هۆیەکی هەیە کە بریتین لە نەسەلماندنی هۆی پێویست بوونی ئەم یارمەتیانە، بێ کەڵکی سیاسی، ئاگادار بوونەوە لە هەڵە بوونی ئەم جۆرە یارمەتیانە و لەکۆتاییدا سەرهەڵدانی فۆرمی نوێ لە هاوکارییە نێونەتەوەییەکان کە لەگەڵ راستییەکانی ئابووری جیهانی زیاتر دەگونجێت. یانی بوونی ئابوورێك کە لەودا شەپۆلی تایبەتی سەرمایەو هەڤگری ئابووری باشترین ئامرازی گۆڕان بە ئەژمار دێت. بەم جۆرەیە ئێمە بینەری جۆرێك سیستەمی نێونەتەوەیی لەسەر بنەمایی ستاندارد نین تاکو گواستنەوەی یارمەتییەکان بگرنە ئەستۆ. لەم سیستەمەدا MNCکان بە سەرەکیترین ئەکتەر هەژمار دەکرێن.

بڕین یان کەمکردنەوەی یارمەتییەدەرەکییەکان بۆ NGO کان دەرفەت و یان هەڕەشەیە دەرفەتە، چونکە ناچار دەبن تا لە سەرچاوەکانی داهاتی ناوخۆیی بدۆزنەوە و لە شێوازی نوێ بۆ بەدەستهێنانی داهات کەڵك وەربگرن. لە ئەنجامدا ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی تا لە یاساکانی یاریدا کە لە پرۆسەیەکی دیموکراتیك کە لە ئاستی جیهانی دیاری دەکرێت ملکەچ بکەن و هەوڵبدەن پێگەی خۆیان لە ئابووری جیهانی بە بێ پاڵپشتی یارمەتییە دەرەکییەکان سەقامگیر تر بکەن. لە ئەمریکای لاتین زۆربەی ئەم NGO ئانە بەهۆی بڕین یان کەمبوونەوەی یارمەتییەکانی دەرەکی ناچار بوون تا لەگەڵ شارەوانییەکان هاوکاری بکەن و لە پرۆسەی بڕیاردانی حکومەتە هەرێمییەکانیش بەشداری بکەن. هەڵبەت ئەم کارە بە بوونی نوێنەرانی بازرگانی (ئەکتەرە ئابوورییەکان) و لایەنگرانی کۆمەڵگای مەدەنی (نوێنەرەکانی NGOکان) ئەنجام دەدرێت. ئەگەر بتوانین ئەم

ئەزموونانە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیموکراتی تر لە ئاستەکانی سەرەوەی سیستەمی جیهانی گرێ بدەین لەو ڕووەوە ئەنجامەکانی بەدەست هاتوو شۆڕشێك لە ڕۆڵی NGOکان دروست دەکات، یانی ئەوان دەتوانن لە تۆڕێکی پێکەوە بەستراو لە سەرچاوەکان و خاوەنەکانی دەسەڵات کە لە هەوڵی دروستکردنی هاوسەنگی نێوان بنەماکانی جیهانی و هەروەها هێزی مانۆڕی NGOکانی ناوچەیین بە ڕێککەوتنی ناوچەیی سەبارەت ستانداردەکانی کار، ماف مرۆڤ و پیسی ژینگە گەیشتوون، بەڵام هەڕەشەی سەرچاوەگرتوو لە بڕینی یارمەتییەکان بووەتە هۆی سنووردار بوونی بواری سیاسی بۆ بوونی NGOکان کە هەوڵدەدەن کۆمەڵگای مەدەنی لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی جیهانی سەرمایەداری، سەقامگیرکەن. بەتایبەت لە باشوور بەهۆی ئەزموونی کەمی NGOکان ئەوەی ناتوانن خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی نوێ بگونجێنن و بەم هۆیە هەروا کە وتمان ژمارەی ئەوان ئێستا لە حاڵی کەم بووندایە. هەڵبەت لە لایەکی تر کەمبوونی ژمارەی NGOکان بووەتە هۆی ئەوەی تا ئەوانی کە لە ڕاستیدا کارایی پێویست یان هەیە، دەتوانن درێژە بە ئەکتەریی خۆیان لە بواری نێونەتەوەیی بدەن. هەروەها ئەم جۆرە NGOیانە ئەگەر بتوان لە پێگەکان کە لەژێر سایەی جیهانیبوون بۆ ئەوان دروست بووە، کەڵك وەربگرن، دەتوانن ئیمکانیاتی پێویست بۆ فراوانی هاوکارییە نێونەتەوەییەکانی ئابووری و سیاسی دابین بکەن.

سەرباری هەمووی ئەمانە خستنەڕووی سناریوێکی گەش بینانە لەوانەیە بڕینی یارمەتییەکانی دەرەکی بەتایبەت بۆ هەژارترین وڵاتەکانی جیهانی ڕوونەدات. هەنووکە ئاژانسەکانی نێونەتەوەیی لە پێویستی گۆڕان لە شێوازی یارمەتییەکان قسە دەکەن و خوازیاری ڕۆیشتن لە چوارچێوەی داواکاری و خستنەڕوون کەلەسەر ئەو بنەمایە سەرچاوەکانی گرێدراو دەنێردرێتە بەردەستی ڕێکخراوە ناوچەییەکان و خۆیان بڕیار دەدەن تاکو



چۆن ئەوانە بەکاربێنن. ئەگەرچی بەکردەوە، ئیعتبار دەرەکان ڕەفتاری جیاواز لە خۆیان دەنوێنن. بەم شێوەیە ناتوانین کاریگەری لایەنداری ناوبراو لەسەر ئەوان لەبەرچاو نەگرین. ئەوان پێیان خۆشە تا پارە تەرخان کراوەکان بەباشترین شێواز بەکار بێت و ئەزموونی سەرنەکەوتنی دەوڵەت دووبارە نەبێتەوە. کەواتە لە هەوڵدان تا کونترۆڵێکی (هەرچەند کەم) لەسەر NGOکانی پەرەسەندنیان هەبێت. بەم هۆیە لەوانەیە لە ساڵەکانی داهاتوو ئیتر بینەری یارمەتییە فراوانەکانی وەك نیوەی یەکەمی دەیەی 1990 بە NGOکان نەبین.

جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کە پارادایمی ئێستا یارمەتییە داراییەکان بە NGOکان دیار نییە. ئەم پرسە بەهۆی ئەوەیە کە ئامارێکی ڕاست لە بڕی یارمەتییەکان بوونی نییە کە بتوانین لەسەر ئەو بلێین، کە بۆ نموونە بانکی جیهانی چ بڕێك لە پارە تەرخانکراوەکانی خۆیان ڕاستەوخۆ بە NGOکان داوە؟ هۆکارەکان وامان پێدەڵێن کە لە سێ ساڵی ڕابردوو نێوان لایەندەرانی جیاواز جۆرێك کۆ دەنگی هەبووە. یانی بە پێچەوانەی کەم بوونەوەی یارمەتییەکان، ئێمە بینەری چوونە سەرەوەی سەرمایەگوزاری لە نێوان NGOکانین. هەروەها بەشێك کە بە شێوازی ڕاستەوخۆ بۆ NGOکانی باشوور تەرخانکراوە کە زۆر بووە. سەبارەت بە NGOکانی باکووریش ئێمە بینەری دووبارە دابەشبوونەوەی سەرچاوەکانین. لەم پرۆسەیە هێندێك سەرکەوتوون و هەندێك دۆڕاون. بەتەرکیز سڕینەوە لە ئاژانسەکانی دوولایەنە و چەند لایەنە، چاوەڕوان دەکرێت NGOکانی باکوور لە کێبڕکێ لەگەڵ ئەواندا سەرکەوتوو نەبن. سەرەڕای ئەمانە داریکەرەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە لە پارادایمەکانی ڕابردوو گۆڕانێکی ئەوەندە بەدەست نەهاتووە، چونکە NGOکانی باکوور خۆیان لە زۆربەی کەیسەکان بە شێوەیەکی تەرکیز نەکراو کاردەکەن. گۆڕانکارییەکانی ناوبراو لە گێڕانی ڕۆڵی NGOکان و هەروەها لە پەیوەندی نێوان ئەوان

کاریگەری گرنگی داناوە. یەکێك لە گۆڕانکارییەکان ڕۆیشتن لە مۆدێلی بدە– بگرە (Donor- recipient) بە مودێلی تواناسازی (capacity–building). هەندێك تواناسازی لە دەستێوەردانی دەرەکی بۆ چاکترکردنی توانایی و سەقامگیری ڕێکخراوێك لە پەیوەندی لەگەڵ ئەرکەکان و هەورەها بوارەکانی ئەوان پێناسە دەکرێت ئەم کارە دەتوانێت بریتی بێت لە یارمەتییە تەکنیکییەکان لەگەڵ کارە پڕاکتیکییەکان وەك دابینکردنی سەرچاوە تەکنیکیەکان، فێرکردنی بەڕێوەبردنی و راوێژ لە دانانی ستراتیژیەکان. تواناسازی دیاریکەری گۆڕان لە فکری پەرەسەندن یانی ڕۆیشتن لە گواستنەوەی سادەی شارەزایی و سەرچاوەکان، خەریکی دروستکردنی متمانە بەخۆ و سەربەخۆ ببن. بەم جۆرە لە ڕێگەی پرۆسەکانی ناوبراو NGOکان ڕۆڵەکانی عورفی خۆیان لە جێبەجێ پرۆگرامەکانی پەرەسەندن کە بەهۆی وەرگرتنی یارمەتییەکانی دەرەکی روویدەدا، بە فێرکردنی ئەندامانی خۆیان لە ڕێگەی هاوکاری لەگەڵ NGOکانی باکوور ئەوان لەم ڕێگەیە فێر دەبن کە چۆن لە پرۆسەی دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی پاڵپشتی لە ڕێکخراوەکانی هەرێمی بکەن و لە ڕژێمە جیهانییەکاندا بەشداری بکەن و هەروەها وەك مەکینەی بزاڤی گۆڕانکارییەکان لە سیستەمی ئابووری و دانانی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵ بگێڕن. لە لایەکی تر ئەم بزاڤانە خۆیان نیشان دەدەن کە یارمەتی بەپەرەسەندن ئیتر وەك سەردەمی شەڕی سارد بەس ڕەهەندی ئایدیۆلۆجیکی نییە و بۆ بەدەستهێنانی پرستیژی سیاسی ناکرێت. ئەوەی گرنگە لەڕاستیدا مەسەلەی ئەنجامی ئابووری لە پرۆسەی یارمەتی بۆ پەرەسەندنە. بەم بوونەیەوەیە کە NGOکانی باکوور و IGOکان زۆرکردنی توانای NGOکانی باشووری لە لوتکەی پرۆگرامەکانی خۆی داناوە.

لە پرۆسەی تواناسازی، NGOکان ڕۆڵەکانی عورفی خۆیان بە تەواوی لەدەست نەداوە، بەڵکو سنووری پانتایی ئەوان بەنیسبەت رابردوو دیارتر



دەبێت و لە چوارچێوەی جیاواز لە هێز و پەیوەندی باکوور– باشوور ئیدارە دەبن. لەڕاستیدا ئەمە خۆی یەکێك لە گۆڕانکارییەکانە کە جیهانیبوونی سیاسەت هۆی ئەون. بەم جۆرە لە پرۆسەی تواناسازی، ئەگەر بۆ نموونە ئاسایشی خواردنی گوندێك، بکەوێتە بەر هەڕەشە، NGOکان ئیتر لەگەڵ زنجیرە سوپەر مارکێتەکانی ڕۆژئاوا، کاریگەریان نابێت، بەڵکو بە پاڵپشتی تەکنیکی کە NGOکانی باکوور (لانیکەم لە رووی تیۆری) بە ئەوانی دەدەن پشت دەبەستن. هەمووی ئەم مەسەلانە کە لە کۆتایی دەبێتە هۆی کارایی هەرچی زیاتری NGOکانی باشوور لە پرۆسەی پەرەسەندن گرنگی تایبەتیان هەیە لەوانەیە بە پێگەیشتنی NGOکانی باشوور، زۆربەی ڕۆڵەکانی NGOکانی باکوور کە لە پەیوەندی لەگەڵ باشوور و پەروەردەکردنی ئەوان واتا پەیدا دەکات، بێ کەڵك دەبن. ئەم مەسەلەیە تەنانەت سەبارەت بە NGOکان لە باشووریش بە جۆرێك دێتەگۆڕێ. یانی لەوانەیە کە گروپەکانی تری کۆمەڵگای مەدەنی هەستن بە ئەنجامی ئەرکە عورفییەکانی ئەوان. ڕێگەچارەیەك کە سەبارەت بەم بوونە هەیە تواناسازییە، بەڵام ئامارێك کە سەبارەت بەم هەیە ئەوەندە دڵ خۆشکەر نییە. هەر بەهۆی نزمبوونی چۆنیەتی کە ((دەزگای نێونەتەوەیی تواناسازی NGOکانی باشوور) لە ساڵی 1998 پێکهات کە ئامانجی ئەو بەناوی تۆڕێکی نێونەتەوەیی بریتی بوو لە بەهێز کردنی دەست پێشخەرییەکان و کاری باش لەم فەزایە. بەم شێوەیە لە هەندێك بواردا چالاکییەکانی نەتەوەخوازانەی هەندێك لە NGOکانی باکوور بووەتە هۆی ئەوەی کە NGOکانی باشوور ئەوەندە لە چوونە پاڵی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی سەرکەوتووو نەبوون. لە کاتێکدا کە ئەم پرسە بۆ داهاتی کۆمەڵگای مەدەنی لە دروستکردنی هاوپەیمانەکان بە مەبەستی پەرەسەندنی گفتوگۆ لە نێوان کۆمەڵگا جیاوازەکان و هەروەها بڵاوبوونەوەی بەشداری گشتی لە داڕشتنی پرۆگرامی پەرەسەندن گرنگی بنەڕەتی هەیە.

زۆربەی NGOکان لەجیاتی هەوڵ لە ئاڕاستەی گۆڕانی شێوازەکانی ژیان لە باکوور، تواناکانی خۆیان لەسەر کێشەکانی باشوور دەخەنەگەڕ. لە لایەکی تر زۆربەی NGOکانی باکوور سەبارەت بە پەروەردەکردنی پەرەسەندن سەرمایەگوزاری ناکەن، چونکە لەم بڕوایەن کە تێکۆشانەکانی رابردوو نائومێدکەر بووە. هەلومەرجی ئێستایی NGOکان دەتوانێت ئەم پرۆسەیە بگۆڕێت. یانی ئەگەر مەسەلەی تواناسازی فرە ببێت و NGO کانی باکوور لە ئاڕاستەی پارادایمی بەکارهێنان و بازرگانی باکوور چالاکی بکەن لەم رووەوە ئەم ئومێدە دەبێت کە کۆمەڵگای مەدەنی لە داهاتوو سەرکەوتووو بێت. لە دۆخێکی وەهادا NGOکان دەتوانن لە دیاردەی جیهانیبوونی میدیاکان بۆ پڕوپاگەندەی روانگەکانی خۆیان بەکاربێنن. لەم رێگەیەوە ئەوان بە خەڵك دەڵێن کە هاوکاری نەکردنی نێونەتەوەیی لە کۆتایی دەبێتە هۆی زیانی باکوور. لەسەر ئەم بنەمایە هەلومەرجی ئاڵۆزی جیهانی دەبێتە هۆی ئەوەی تا بە شێوەیەکی فراوان لەگەڵ مەسەلەی هاوکاری رووبەڕوو بین.

لە کۆتاییدا گۆڕانکارێك کە لە پەیوەندییەکانی NGOکان روودەدات پەیوەندە بەگۆڕان لە رووبەری کردنەوەی نەتەوەیی بۆ نێونەتەوەیی. جێگیرکردنی یارمەتییە دەرەکییەکانی لەگەڵ هاوکارییە نێونەتەوەییەکانی کە لە رێگەی تواناسازی بەهێز دەبێت، ئەم بوونە دروست دەکات تا NGOکان و رێکخراوەکانی تری کۆمەڵگای مەدەنی بەبێ بوونی بەربەستی سەرچاوە گرتوو لە رێککەوتننامەکان، کونڤانسیونەکان و هەلومەرجی نایەکسان بتوانن لەگەڵ یەك کار بکەن. گرنگترین ئەنجامی بەدەست هاتوو لە رێکخراوەی مەدەنی سەرووی نەتەوەیی ئەوەیە کە مەسەلەکانی دارایی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. بەم جۆرەیە لە هەنگاوی یەکەم ئەوە گرنگە کە هاوکارییەکانی NGOکانی باکوور و باشوور لە پرۆسەی تواناسازی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هاوبەشە بەکار بێنێت. نموونەی بەرچاوی



سەبارەت بەمە، هاوکاری NGOکان بۆ لەناوبردنی مینەکانە. هەڵبەت دووبارەبوونەوەی ئەم سەرکەوتنە سەبارەت بە بازرگانی جیهانی چەند کێشەی هەبووە. لە جیهانێکی ئاڵۆز کە رۆژ بەڕۆژ بۆ لای هاوکاری زیاتر دەچێت هەروەها دەبێتە هۆی فراوانی هاوپەیمانی. ئێستا 15,000 تۆڕی مەدەنی سەرووی نەتەوەیی لە ئاستی جیهان چالاکن کە 90 لە سەدی ئەوان لە ماوەی 30 ساڵی رابردوو دامەزراون. بە بوونی ئەم گۆڕانکاریانە هێشتا کێشەی ئەم NGO لە بوارەکانی شەرعییەت، بەرپرسیارەتی پێکهاتەیی و ستراتیژییە.

هەرچۆنێك بێت لەچوراچێوەی ئەنجامەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، تەنیا ئامرازی بوونی NGOکان بۆ فراوانکردنەوەی گرێدراوی دوولایەنە مەبەسەت نییە، چونکە ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری بابەتەکە بکەین تێبینی دەکرێت کە تایبەتمەندی جیهانیبوون لەیەکچوونی کولتوورەکان، فراوانکردنەوەی بازاڕی ئازاد، هەڤگری ئابووری و بوونی گۆڕانکارییەکانی سەرمایەدارییە. لەم جۆرە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهانیبوون، تایبەت سازی و پاشەکشەیی بۆرۆکراسی دەوڵەتی بەمەبەستی دروستکردنی فەزایەك بۆ سەرهەڵدانی توانای بازاڕ و ئازادکردنی وزە لە سەرەکیترین رەگەزەکان بە ئەژمار دێن کە لەژێر ئەم هەولەمەرجەدا بەئامرازی تایبەت سازی دەناسرێن. لەم هەلومەرجەدا هاوڵاتی جیهانی کەسێکە کە شوناسەکەی لەلایەن بازاڕ و کۆمپانیا فرەرەگەزەکان پێناسە دەکرێت و زیاتر بە بەکارهێنەرێکی جیهانی لە گوندێکی جیهانی بە ئەژمار دێت. بەم جۆرەیە کۆمەڵگای مەدەنی لە روانگەی ئابوورییەوە پێناسە دەکرێت. لە کاتێکدا کە پێشتر لەسەر ئەم بابەتە سووربوو کە لە گەمەی نێوان ئەکتەرەکان کە یاسای هاوکاری و کێبڕکێ حکوومی پێدەکات ئەکتەرەکان لەکێبڕکێ و هەروەها هاوکاری لەگەڵ یەکتر دەژین. لەم رووەوە جیهانیبوون لە حاڵەتێکی گشتیدا ئەکتەرێکی سەرکەوتووی نییە.

NGOکان هەوڵدەدەن لە بەرامبەر فراوانبوونی کێبڕکێ لەلایەن ئەکتەرکانی ئابووری رادەیی هاوکارییەکانی خۆیان زیادکەن کە ئەم پرسە بەتایبەت لەکاری NGOکان لە پرۆسەی پەرەسەندن، پاراستنی ژینگە و یارمەتییەکانی مرۆڤ دۆستانە زیاتر بە دەردەکەوێت. بەهەر شێوەیەک بێت سەبارەت بە بارودۆخی NGOکانی پەرەسەندن لە بواری وەرگرتنی یارمەتییە دەرەکییەکان پارادایمێکی دیار نییە، بەڵام گەواهیدەرەکان و نیشانەکان ئەوە بەدەردەخەن کە پاش سەردەمێك لە فراوانبوونی یارمەتییەکان بە NGOکان پاش شەڕی سارد، ئێستا ئەم یارمەتیانە لە حاڵی کەمبووندان کە ئەم بارودۆخە بەکردەوە بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی NGOکانی پەرەسەندن لە باشوور. بەم روونکردنەوانە NGOکانی پەرەسەندنی باکوور هەروەها NGOکانی پەرەسەندنی باشوور رووبەڕووی قەیرانی تریش هاتوون. هەروەها بەهۆی دیاردەی جیهانیبوون کە بووەتە هۆی خێرا بوونی پرۆسەی نێونەتەوەیی بوون، NGOکان ئاستی چالاکی خۆیان بەرزکردووەتەوە، کە ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی تا هاوکارییەکانی نێوان NGOکان لە بواری کاروباری دارایی ئەولەوییەتی پێبدرێت.

### جیهانیبوون و NGO ژینگەییەکان

چالاکییە ژینگەییەکان هەر لە سەرەتاوە، رووبەڕێك بوون کە دژبەرەکان هێزێکی ئەوتۆیان نەبوو. هۆی جۆراوجۆر دەتوانین بۆ ئەم پرسە ناو ببەین، بەڵام لە گشتی بەرچاوتر کێشەی ژینگە لە باکوور و باشوورە، چونکە باکوور و باشوور لە بەرامبەر کارەساتەکانی ژینگە بە شێوەیەکی هەست پێکراو زیان دەبینن. لەژێر ئەم هەلومەجەدا شارە گەورەکان پیس تر لە دوێکە دەبێت و زۆربەی کەنارەکان بەهۆی ماددەی کیمیایی کە لەلایەن کارخانەکان دەکرێنە ناو ئاوی چۆم و دەریاکان پیس تر دەبن، و لە کۆتاییدا لە گشتی گرنگ تر بابەتی داشاردن و لەناوبردنی پاشماوە ئەتۆمییەکان بە شێوەی مەسەلەیەک



کە چارەسەر نەکراوە ماوەتەوە. لە هەلومەرجێکی وەهادا زیاتر تووشی گرفت دەبین. لەم رووەوە کە لە لایەك ناچارە کە بەرهەمەکانی تەکنۆلۆژیا بەکار بێنێن تاکو درێژە بەژیانی بدەین و لە لایەکی تر بەکارهێنانی ئەم ماددانە ژینگەی رۆژ بەرۆژ پیس تر کردووە. بێگومان لە نێوان پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیی مودێرنیتە و پیسبوونی ژینگەدا پەیوەندنییەکی نزیك بوونی هەیە. پۆست مودێرنەکان زیاتر لە هەموو ئەم پەیوەندیەیان خستووەتە ژێر رەخنە. ئەوان پێیان وایە کە گوتاری مودێرنیتە دوو گریمانەی دژی نێوان مرۆڤ و ژینگەی دروست کردووە و رێگە چارەی ئەو لە روانگەیی رۆشنگەری لە زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر ژینگە دەزانێت. بەم هۆیە هەندێك لە نووسەرکان باس لە سەردەمێك دەکەن کە لە نێوان مرۆڤ و سروشت جیاوازی نەبووە. بۆ یەکەم جار لە رۆژئاوا ئەم ئایدیالە لەلایەن ئەفلاتوون هاتە گۆڕێ کە راستێك لە سەرەوەی سروشت بوونی نییە. کریستیانەکان دووبارەی دەکەنەوە کە سروشت دروستکراوی خوایە و لەو جیاوازە. شۆڕشی پیشەسازیی و سەردەمی عەقڵانییەت دووری نێوان مرۆڤ و سروشتی زیاتر کرد و لەوە بەدواوە سروشت بە واتای شتێك بوو کە مرۆڤ نییە. لەسەر ئەم بنەمایە گوتاری مودێرنیتە سروشت وەك مرۆڤ گۆڕاوە بۆ بابەتێکی زانست. بەم هۆیە پۆست مودێرنەکان لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی سروشتی قسە دەکەن. بەم واتایە کە سروشت خۆشی بەرهەمی گوتاری مودێرنیتەیە نەك دیاردەیەکی فیزیایی. لێکۆڵینەوەی ژینگە ساڵەها لەژێر سەیتەرەی زانایانی زانستی فیزیاو لێکدانەوەی سیاسەتمەدارەکان بووە و گریمانە لەسەر ئەمە بووە کە سروشت دیاردەیەکی بەرچاو بووە و نەك دروستکراوی کۆمەڵایەتی. روانگەی پۆست مودێرنی ئەم گریمانە کە سروشت فیزیاییە و دەبێت تەنیا بە رێگەی زانایانی زانستی سروشتی تێبگەین، تووشی قەیرانی کردووە.

کەواتە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت نەك راستێکی بەرچاو، بەڵکو راستێکی گوتاریشە. گوتاری مودێرنیتە بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی

خۆیان بەو جیاوازییە دەستکردی نێوان مرۆڤ و سروشت هەوڵیدەدا تاکو دروکالاَّنی خۆی بسەلمێنێت. ئێستا لە سەردەمی پۆست مودێرنیتە گروپەکانی توندڕەوی لایەنگری ژینگە بە بردنە ژێر پرسیاری دروکالاَّنی سەردەمی رۆشنگەری هەوڵدەدەن تاکو ژینگەش لە بەستنەوەی زنجیرەکانی مودێرنیتە بسڕنەوە. دەتوانین زۆربەی ئیکۆلۆژیستەکانی رادیکاڵ بە ئێکۆلۆژیستەکانی کۆمەڵایەتی ناوزەد بکەین، چونکە ئەوان لە نێوان کێشەکانی ئیکۆلۆژی و پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی سیستەم خوازانە، دیکتاتۆرانە و باوك سالارانە پەیوەندی نزیك دەبینین. بە جەختکردن لەسەر ئەم پەیوەندییە کە بزاڤەکان و هەروەها حیزبە سەوزەکان، بزاڤەکانی ئاشتیخوازانە، یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆژی کۆدەکەنەوە. بزاڤەکانی ئاشتی نە تەنیا دژی ئایدیۆلۆژیای میلیتاریزم یان شەڕخوازانەش کە پەیوەندییەکی نزیکی بە ناسیۆنالیزم هەیە خەبات دەکەن. میلیتاریزم نە تەنیا دەبێتە هۆی جەنگ، بەڵکو کۆنترۆڵی دەوڵەتی و نهێنی کاریش دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئابووری لە رێگەی راستی خۆی لادەبات و دەبێتە هۆی گەندەڵی فراوان. هەروەها سەرچاوەی مرۆڤەکانیش (وەك کۆمەڵگاکانی باشوور) تالاَّن دەکات.

بەم هۆیەیە کە چالاکی گروپە جیاوازەکانی لایەنگری ژینگە لایەنێکی تەواو سیاسیان بە خۆیان گرتووە. ئەم گروپانە لەناوچوونی ژینگە تەنیا بەمەسەلەیەکی بەس تەکنیکی و لایەنی تاریکی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا لە سەردەمی مودێرن نازانن، بەڵکو ئەوە بە درێژەدەری کوشتنی گشتی (Holocaust) دەزانن کە مودێرنیتە بووەتە هۆی ئەوە و هیچ کات سەبارەت بەوە شتێکی نەوتە. ئەم لەناوبردنە گشتییە نەك تەنیا جۆرەکانی گیا، بەڵکو جۆرەکانی ئاژەڵیشی گرتۆتەوە. لە لایەکی تر زۆربەی لایەنگرانی ژینگە لەو زانایانە پێکهاتوون کە بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانستی، خەڵك بەنیسبەت مەترسییەکانی شێوانی هاوسەنگی ژینگە ئاگادار



دەکەنەوە. لە چەند روەوە زانست و کۆمەڵگاکانی زانستی بۆ بەڕێوەبردنی کێشەکانی ژینگە گرنگی فراوانیان پەیداکردووە. یەکەم بەم هۆیە کە زانایان و زانست خۆی بە بەردەوامی یارمەتی حکومەتەکانیان داوە تا رووبەڕووی کێشەکانی ژینگە ببنەوە. دووەم ئەمەیە، کە لە زۆربەی ئەو کێشانەی ژینگە پێویستیان بە پسپۆری زانستی هەیە تاکو رێککەوتننامەکانی ژینگەی پێ هەڵبسەنگێنن و لە کۆتاییدا، سێیەم ئەوەیە هەڵسەنگاندنی ستانداردەکان و ئامانجەکانی ژینگە هەمیشە بە لەبەردەست بوونی زانیارییەکانی زانستی دەکرێت. لەم رووەوە توێژینەوە زانستییەکان رۆڵێکی گرنگیان لەڕادەی پابەندبوونی دەوڵەتان بە بەرپرسیارەتیەکەیان هەیە. بەم هۆیە کە زاناکان لە رێکخراوە حکوومییەکان لە نێوان IGOکان و NGOکان وەك ICSU، رۆڵێکی گرنگ لە سەقامگیری رژێمەکانی نێونەتەوەیی دەگێڕن.

کۆنفرانسی 1972 ی ستۆکهۆڵم لەوانەیە بەیەکەمین تریشقەی دامەزراندنی NGOکانی ژینگەیی بە شێوەی ئیمڕۆیی ئەو بزانین. ئەم بزاڤە لە ساڵی 1992 لە کۆنفرانسی ریو گەیشتە لوتکەی خۆیی. ئەگەرچی لە نێوان کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم و کۆبوونەوەکانی زەوی لە ریودوژانیرو لە ساڵی 1992 لەیەکچوون هەبوو، بەلاَّم جیاوازیش لە نێوان ئەم دوو کۆنفرانسە دەبینین. گرنگترین جیاوازی لە بارودۆخی سیاسی جیهان لە ماوەی ئەم دوو کۆبوونەوەیە بوو. لە ساڵی 1972، جەنگی ڤێتنام، ناکۆکییەکانی شەڕی سارد، نەبوونی متمانەی قوڵ بە نیسبەت بەهاکانی جیهانی پێشکەوتوو بەشێك لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵمی خستبووە ژێر کاریگەری خۆی و نەیدەویست بڕیاری شیاو سەبارەت بە چارەسەرکرنی کێشەکانی ژینگە دەربکرێت. یەکیەتی سۆڤیەت و ولاَّتانی جەمسەری رۆژهەلاَّت بەهۆی ئەوەی کە بەشداری ئەڵمانیای رۆژهەلاَّت (کە ئەندامی نەتەوەیەکگرتووەکان نەبوو) قەدەغەکرابوو لەم کۆنفرانسە بەشدار نەبوون.

له کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم کێشه ئەمه بوو که چۆن دەتوانین ژینگەی مرۆڤی بپارێزین له کاتێکدا له کۆبوونەوەی ریو لیژنەکانی بەشداریکەر بابەتێك که له سەرەوە دایان نابوو ئەمه بوو که چۆن دەتوانین ئارەزوویی مرۆڤ به پێشکەوتنه ئابوورییەکان لەگەڵ پاراستنی ژینگەدا تێکەڵ بکەین؟ هەلومەرجی جیهانی که هۆی پێکهاتنی کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم بوو، چەندین جار خراپتر له 1992 بوو. لەم ساڵەدا دانیشتوانی جیهان 1.7 میلیاری تر زیادی کرد، له ماوەی سازدانی دوو کۆنفرانسەکه 494 ملیۆن دار برابوون.. له ماوەی ئەم سەردەمه مادده کیمیایەکان ببوونه هۆی ناسك بوونی ئۆزۆن و بیابانەکان به شێوەیەکی بێ وێنه فراوان ببوون.

کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم ببووه هۆی ئەوەی تا زیاتر له 100000، NGO له سەرتاسەری جیهان دابمەزرێن. له ماوەی کۆنفرانسی ریو NGOکان تێگەیشتن که ئامانجەکانی بەرچاوی ئەوان له رێگەی فەرمی بەدیناێت. بەم هۆیه له پارکی ناوەندی فلامینگۆی ریو کۆبوونەوە و کۆبوونەوەیەکی جیهانییان سازکرد که تیایدا 7892، NGO له 167 وڵات بەشداریان کردبوو. یەکگرتنێك که له ماوەی کۆبوونەوەی NGOکان دروست ببو به خاڵێکی گرنگ له چالاکی NGOکان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی دەژمێردرا. له لایەکی تر چالاکی گروپەکانی مۆسیقی، وەرزشی و سیاسی لەم کۆبوونەوە فاکتەرێکی هاندەر بوو بۆ چالاکی ئەم جوره NGOیانه. رۆڵی NGOکان له بڵاوکردنەوەی رژێمه نێونەتەوەییەکاندا کاتێك دیار دەبێت که سەرنج بدەین که گفتوگۆکانی ژینگه له نێوان وڵاتان هەمیشه لەگەڵ گرفتدا روبەڕوو بوون و گرنگترینی ئەو کێشانەیه بوون که له کۆنفرانسی ریو خرایەروو یانی دروستکردنی هەماهەنگی نێوان پەرەسەندن و ژینگه. لەم کۆنفرانسه و هەروەها دوای ئەویش وڵاتانی له حاڵی پێشکەوتن وێڕای دانانی سیاسەتێکی هاوئاهەنگ بەرپرسیارەتی پاراستنی زیاتر له ژینگەیان خسته ئەستۆی وڵاتانی باکوور.



مەسەلەی، کۆنترۆڵی نێونەتەوەیی بابەتەکانی کەش و هەوا زەحمەتترین بەش له دانوساندنەکان بووەو هەیه. دەسەڵات له سەرەکیترین بەربەستەکانی ئەم دانوساندنه دەژمێردرێن و له زۆربەی بوارەکان زانیارییەکان زانستی زۆر نادیار و جێگەی قسەو باس و ناکۆکی بوون. له بنەڕەتەدا وڵاتانی پێشکەوتوو و هەروا له حاڵی پێشکەوتن سەبارەت به دروستکردنی هاوسەنگی نێوان پەرەسەندنی ئابووری و کەمکردنەوەی پیسی رێکناکەون، چونکه تەکنۆلۆژیای، کۆنترۆڵیی ژینگه زۆر گرانه. له ئاستی نەتەوەیی زۆربەی وڵاتانی پیشەسازیی و هێزەکانی بازرگانی لەسەر هەوڵه یاساییەکان بۆ کونترۆڵی پیسی بەربەستن. لێرەدایه که IGOکان و هەروەها NGOکان به دروستکردنی فشار له خوارەوە دەبنه هۆی ئەوەی تاکو دەوڵەتان و هەروەها کۆمپانیا فرەرەگەزەکان ئامادەیی قبووڵکردنی رێککەوتنامەکانی ژینگه بن و بەشێك له قازانجەکانی خۆیان بۆ پاراستنی ژینگه تەرخان بکەن.

به شێوەیەکی گشتی NGO ژینگەییەکان زیاتر له NGOکانی تر توانیویانه له هاوکێشەی سیاسییەکاندا کاریگەر بن. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا له ساڵی 1972، NGOکان له زۆرکردنی شەرعییەتی نێونەتەوەیی کێشەکانی ژینگه رۆڵێکی گرنگیان گێراو و توانیویانه رێککەوتنەکانی پرۆسەی یاسایی دیار بکەن. بەبیری ویلیامز، NGOکان له گەورەترکردنی کێشەکان و مۆبیلیزه کردنی رای گشتی و هەروەها پاڵپشتی له پەرەسەندنی سەقامگیر رۆڵێکی بێ وێنەیان هەبووە. نموونەیەك لەم کەیسانه دەتوانین له رێککەوتنه نێونەتەوەییەکان سەبارەت به کێشه تایبەتییەکان ببینین. ئیستیرز (stairs) وتیلور به تاقیکردنەوەی رۆڵی NGOکان له پاراستنی زەریاکان، بەو ئەنجامه دەگەن که ئەوان له رژێمەکانی پەیوەندیدار به پاراستنی زەریاکان رۆڵێکی گرنگیان هەبووە. هەروەها ئیلیوت دەڵێت رۆڵی NGOکان له رەتکردنەوەی رێککەوتنی

بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانی جەمسەری باکوور لەلایەن دەوڵەتان و هەروەها دانوساندنەکانی پەیوەندیدار بە پروتوکۆلی ژینگەی جەمسەری باکوور گرنگ بووە. بێنێدیك (Bendick) ئاماژە بە کاریگەری NGOکان لە دانوساندنەکانی پروتوکۆلی مونترالّ دەدات و دەڵێت بەشداری NGOکان فاکتەرێکی گرنگ لە گەیشتن بە رێککەوتننامەکانی ژینگە بوو.

زۆربەی NGO ژینگەییەکان ناوچەیین و ژمارەیەکی کەمی ئەوان لە راستیدا لە ئاستی سەرووی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی چالاکی دەکەن. ئاشتی سەوزی نێونەتەوەیی، خۆشەویستانی زەمین و سندوقی جیهانی بۆ سروشت لەوانەیە وەك بەناوبانگترین NGOکانی نێونەتەوەیی ژینگە بژمێردرێن. زۆربەی رێکخراوەکان کە لەژێر ناوی لەم جۆرە چالاکی دەکەن، لەڕاستیدا ئەندامی ئەو NGOیانە نین، بەڵکو پەیوەندی رێکخراویان لەگەڵیان هەیە. نووسینگەی ئاشتی سەوزو خۆشەویستانی زەمین لە هۆڵەندایە. ئاشتی سەوزی نێونەتەوەیی رێکخراوێکی زۆر ناوەندخوازە و زۆربەی کارەکانی لەسەرەوە بەرێدەچێت. لە کاتێکدا کە (FOEI) یان خۆشەویستانی زەمین لە زەمینەی ئالوگۆڕی زانیارییەکان لە نێوان تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ئێستایی NGOکان ئەوەیە کە وێڕای بەشداری لەهاوپەیمانییەکان، لە ئاستی سەرووی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی کاردەکەن کە ئەمە بۆ خۆی بووەتە هۆی فراوانبوونی هێز و کاریگەریی سیاسی ئەوان و هەروەها رێکخراوە ناوچەیەکانی بەستراو بەوانەوە.

داهاتووی کێشەکانی ژینگە دیاریکەری ئەوەیە کە بەنیسبەت ئەکتەرە ناحکومییەکانی پەرەسەندن، NGOکانی ژینگە لە داهاتوو، کەمتر تووشی قەیران دەبن، چونکە مەسەلەکانی ژینگە وەك مەسەلەکانی پەرەسەندن بەس خۆماڵی و ناوچەیی نین. هەروەها ئالۆزییەکانی پرۆسەی پێشکەوتن، سەبارەت بە بابەتی ژینگە بوونی نییە. تەنانەت لە زۆربەی وڵاتان NGOکان ئەوەندە چالاکی سیاسیان نییە، NGOکانی ژینگە هەن و درێژە



بەکارەکانی خۆیان دەدەن. بەم شێوەیە سەبارەت بە وڵاتانی باشوور ئێمە هەروەها لەگەڵ کێشەی بێزاری سیاسییان رووبەڕووین. بەواتایەکی تر لە زۆربەی ئەم وڵاتانە، کێشەکانی ژینگە حاڵەتێکی تەواو سیاسی بەخۆ گرتووە و لەگەڵ شەرعییەتی سیستەم بەستراوەتەوە. سەرەڕای ئەمە هەڵسوکەتی لەگەڵ کێشەی گۆڕانی کەش و هەوا، وشك ساڵی و پیسی دەریاکان، لە حاڵەتی دروشم دەرچووە و بووە بە مەسەلەیەکی گرنگ و هەست پێکراو کە بۆ خۆی پێویستی زیاتری بە بەشدارییە.

لەڕاستیدا هەروەك گیدێنز دەڵێت ئیمڕۆ گرنگی سیاسەتی ئیکۆلۆژی زیاتر لەو شتەیە کە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی سەوز بیری لێدەکەنەوە. ئەوەش ئەو دەنگانەیە کە پارتە سەوزەکان لە بەدەستهێنانی سەرکەوتووو دەبن. لە روانگەی ئەو گروپانە ژینگە لە سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان–وەك ئەڵمانیا– رۆڵێکی بەرچاویان هەیە. ئەم پرسەیە دیاریکەری ئەوەیە کە کێشەی ژینگە تەنانەت زیاتر لە مەسەلەکانی پەرەسەندن و مافی مرۆڤ، مرۆڤایەتی لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان پێکەوە گرێداوە و بۆ ئەوان چارەنووسێکی هاوبەشی دروست کردووە. سەرەڕای ئەمە چالاکییەکانی IGOکان لە بواری کێشەکانی ژینگە جێگەی بایەخە. ئەم رێکخراوانە بە لەبەرچاوگرتنی سەرچاوەی فراوانی دارایی و هەروەها هاورێی دەوڵەتان رۆڵێکی گرنگ لە کێشەکانی ژینگە دەگێڕن. UNEPو WMO و کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ماوەی قۆناغە جیاوازەکان لە داڕشتنی رژێمی پەیوەندیدار بە ئۆزۆن و کەش و هەوا، رۆڵی رێبەرییان لە ئەستۆ بوو. لە چوارچێوەی پرۆگرامی ژینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان UNEPو WMO (رێکخراوی کەش و هەوای جیهانی) هەنگاوی بە نرخیان هەڵهێناوە. لەگەڵ ئەوەی کە IGOکان لەلایەن دەوڵەتان کارەکانیان سنووردارکراوە، بەم شێوەیە لەوێوە کە بایەخ دان بە کێشەکانی ژینگە هەستیارێکی تایبەتی پەیدا کردووە، کەواتە دەوڵەتان پێیان باشە بە هاوکاری لەگەڵ

IGOکان وەك یارمەتی بە IGO ژینگەییەکانی پەیوەندیدار بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە فشارێك کە لە خوارەوە دەکرێت کەم بکەنەوە.

خاڵێکی تر کە سەبارەت بە مەسەلەی ژینگە جێگەی بایەخە، پەیوەندی نێوان ئاسایشی نەتەوەیی و ژینگەیە. لە راستیدا هێنانە گۆڕی پێشکەوتنی سەقامگیر لەلایەن باکوور کە لەودا زیاتر جەخت لەسەر پاراستنی ژینگە (وێڕای سەرنج بە بابەتی پەرەسەندن) گرنگی دەدرێت، زیاتر بەزەرەری وڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتنە، چونکە لەم رووەوە خۆشگوزەرانی ئابووری کەم دەبێت و هەروەها دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هێزی ئەوان لە بواری سیستەمی نێونەتەوەیی. لە بنەڕەتەوە دانوساندنەکانی پەیوەندیدار بە ژینگە بە جۆرێك دەبێتە هۆی دیاریکردنی دەسەڵاتی وڵاتانی بەشداربوو. بەم هۆیە زۆربەی وڵاتان لە بەرامبەر ئەنجامی ئەم جۆرە دانوساندنانە بەرگری نیشان دەدەن. لەڕاستیدا لەناوچوونی ئیکۆسیستەم، فشارەکانی سەرچاوەگرتوو لە پیسی و خاڵی کردنی سەرچاوە سروشتییەکان دەتوانن ببن بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن و تەنانەت خۆپیشاندان و یان جەنگی سیاسی یان سەربازی ناوچەییشی بەدواوەیە. هەروەها فراوانبوونی پیسییەکانی ژینگەیی و تێکچوونی هاوسەنگی ژینگەیی دەتوانێت ببێت بە هۆیی کۆچی گشتی و مەترسی جیددی لەمەڕ ئاسایشی نەتەوەیی لەلایەن کۆچبەران و خەڵکی ئاوارە دروست بکات.

سەبارەت بە NGO حکومییەکان و رۆڵی ئەوان لەم بوارەدا دەبێت بیڵێینەوە کە MNCکان (کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان) هێشتا لە هەندێك بواردا بە فشار خستنە سەر IGOکان نایێڵن یاسایەك دەربچێت کە چالاکییەکانی ئەوان سنووردار و یان قازانجیان کەم بکاتەوە. لەگەڵ ئەمە لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ فراوانبوونی NGO ژینگەییەکان ئەم کۆمپانیایانەش تاڕادەیەك لە هەڵوێستەکانی رابردووی خۆیان پاشگەزیان کردووە، بەڵام



بەهەر شێوە وڵاتانی باشوور هێشتا بەهۆی کێشەی ئابووری، رێگە بە MNCکان دەدەن تا پیشەسازی پیس وەك چیمەنتۆ، ئەلۆمینیۆم، تاوانەوەی ئاسن، بەرهەم هێنانی پلاستیك لەسەر زەوی خۆیان دابمەزرێنن. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا NGOکان ناتوانن لەم بوارەدا ئەوەندە کاریگەربن.

کەواتە بە کورتی دەتوانین بڵێین کە مەسەلەی ژینگە بەهۆی گرنگی فراوانی کە لەم ساڵانەدا پەیدای کردووە، هەروەها زەمینەیەکی لەباری بۆ چالاکییەکانی NGOکان دابین کردووە. بەم هۆیە دەوڵەتان و IGOکان لە مەسەلەکانی ژینگە چالاکی فراوانیان کردووە کە ئەمە بۆ خۆی بە جۆرێك بووەتە هۆی بچووك بوونی گۆڕەپانی چالاکی بۆ NGO ژینگەییەکان. هۆی ئەوەی کە IGOکان و دەوڵەتان زیاتر لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیانن تا ژینگە بەم هۆیە زۆربەی وڵاتانی باشوور رێککەوتننامەکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی ژینگە بە بەربەستێك لە بەرامبەر پەرەسەندنی ئابووری خۆیان دەزانن. بەم جۆرە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی سەرچاوە گرتوو لە جیهانیبوون کێشەی ژینگە لەگەڵ ئاسایشی وڵاتانیش پەیوەندی پەیدا کردووە و ئەمە خۆی زەمینەی بۆ بەهێز کردنی چالاکییە ژینگەییەکان لەلایەن گشت ئەکتەرەکان لە داهاتوو ئامادە کردووە.

## جیهانیبوون و NGOکانی مافی مرۆڤ

یەکێك لە گرنگترین ئاکامەکانی رووخانی سیستەمی دووجەمسەری سەرهەڵهێنانی ناسیۆنالیزمە نافەرمییەکان (بچووکەکان) بوو کە بەهۆی شەڕی سارد نەیان دەتوانی خۆیان نیشان بدەن. ئەم بارودۆخە بە تایبەت لە ئەورووپای رۆژهەڵات و یەکیەتی سۆڤیەت زیاتر بەرچاوە. ناکۆکی و جەنگەکان لەم ناوچانە بەکردەوە بووە هۆی ئاوارەیی و دەربەدەری چەند ملیۆن کەس، بە جۆرێك کە نەتەوەیەکگرتووەکان لەگەڵ شەپۆلێکی بێ وێنە لە ئاوارەکانی شەڕ رووبەڕوو بوو کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانین لە

سەردەمی شەڕی ساردا نموونەکەی ببینین. لەوانەیە بتوانین ڕوودانی ئەم کارەساتانە بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناکارایی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پاراستنی ئاشتی لە ناوچەکانی وەك سومالی، ڕواندا و بۆسنی دابینێن. ئەم پرسە بووەتە هۆی ئەوەی تا ئەم ڕێکخراوەیە ناچار بێت بۆ پاراستنی ئاشتی لە زۆربەی NGO و IGOکان کە لەم بوارەدا چالاکیان دەکرد داوای یارمەتی بکات.

دووەمین ئەنجامی بەدەست هاتوو لە ڕووخانی سیستەمی دووجەمسەری و کۆمۆنیزم توانای ئەنجامی ڕاڤەی بەربڵاو لە ڕەشنووسی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو کە بووە هۆی ئەوەی کە مافی مرۆڤ و یاسای نێونەتەوەیی لە چوارچێوەی دیارکراوی شەڕی سارد بێتە دەرەوە. لە سەردەمی جیهانیبوون ڕاڤەی بەربڵاو لە ڕەشنووس وێڕای دیاری کردنی دەسەڵات و ئاوەڵەکردنی سنوورەکان، لەوکاتەش دەستی NGOکانی مافی مرۆڤیشی کردەوە. فەزای شەڕی سارد بە جۆرێك بوو کە هەرجۆرە گروپ بەندی لە دەوڵەتان لەسەر بنەمای کولتووری سیاسی زاڵ، شەڕ و ئاشتی بە ئارەزوویی خۆیان پێناسە و ڕاڤە دەکرد. لە کاتێکدا کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی لەسەر مافی ئەنگوسالسونەکان داکۆکییان دەکرد، یەکیەتی سۆڤیەتیش ئەوەی لە چوارچێوەی مافی نێونەتەوەیی سۆسیالیستی و وڵاتانی ئیسلامی لەسەر بنەمای مافی نێونەتەوەیی ئیسلامی شرۆڤەیان دەکرد. بەم شێوەیە بەهۆی ڕاڤەکردنێکی لاواز لە ڕەشنووس، لەبەر چاوگرتنی مافی مرۆڤ زۆر سنووردار بوو و نەیدەتوانی ڕەهەندی جیهانی بەخۆیەوە بگرێت.

لە نێوان جیهانیبوونی یاساو فراوانبوونی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی پەیوەندییەکی نزیك هەیە. لە فراوانکردنی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی ئەوەی جێگەی بایەخە لە ڕاستیدا بڵاوکردنەوەی بەهاکانە کە پەسەندکراویی (مەقبوولییەت) جیهانی هەبێت و لە ڕەشنووسی



نەتەوەیەکگرتووەکانیش بایەخی پێدرابێت. کە هەڵبەت هەلومەرجی زاڵ بەسەر شەڕی سارد بەربەست بوو لە گشتگیربوونی بەهاکانی ناوبراو، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەوڵدەدەن سەرەڕای گرفتی فراوان بەهاکانی مافی مرۆڤی دیموکراتیك لە جیهاندا بڵاو بکەنەوە. وەك مەسەلەکانی مافی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان. بەم هۆیە بوو کە ناتۆ لە کۆسۆڤۆ دەستتێوەردانی کرد. ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی مافی مرۆڤ ڕاپۆرتی جۆراوجۆریان لە بارودۆخی کەمینەکان لە وڵاتانی جیاواز پێشکەش کردووە. لەو جێگەی کە ڕێکخراوەکانی ناوبراو لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان بەفەرمی ناسراون، کەواتە بە کاریگەرییەك کە دەیکەن ناوی هەندێك لە وڵاتان کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن ڕایدەگەێنن کە لە هەندێك کەیسدا گەمارۆیان دەدەن. کەواتە کاتێك قسە لە دەسکەوتەکانی مافی مرۆڤی وڵاتێك دەکرێت ئامانج ڕادەی پابەندیی ئەوانە بۆ بەهاکانی مافی مرۆڤی جیهانی. ئەمڕۆ NGOکان لە خستنەڕووی ئەم دەسکەوتە ڕۆڵی گرنگیان هەیە. ئەوان بەهۆی لەبەردەستدا بوونی میدیاکانی جیهانی ڕاپۆرتەکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتان ئامادە دەکەن و لە کەناڵەکانی جیهانی بڵاوی دەکەنەوە.

پێشکەوتنی مافی مرۆڤ، تاکەکان، حکومەتەکان و NGO کانی ناچار بە مڵکەچ بوون لە سیستەمەکانی نوێ لە بۆ دەرکردنی یاسای ماف کردەوە. لە کاتی ڕۆیشتنی سەردەمی شەڕی سارد لە فۆڕم، ژمارە، ڕووبەڕ و تایبەتمەندییەکانی دادوەریی یاسایی نێونەتەوەیی گۆڕانکاری بەرچاو دەبینین. گۆڕانکارییەکانی ناوبراو لە ڕووبەڕەکانی ئیداری، کولتووری، تەکنیکی و بازرگانی بەرچاو بووە. ئێستا یاسای نێونەتەوەیی ئەو ئەرکانە بە فەرمی دەناسێت کە لە داواکارییەکانی دەوڵەت—نەتەوە بەرزترەو ناکۆکی نێوان یاسای نێونەتەوەیی و سەروەری لە زۆربەی بەشەکانی یاسایی لە یاسای بازرگانی بگرە تایاسای خێزان بەرچاوە. لە ڕێگەی

بڵاوبوونەوەی سەتەلایتەکان ئێستا زۆرێك لە مەسەلەکانی ناوخۆیی وڵاتان (کە پێشتر بە دەستتێوەردان دەناسران ) بە بەشێك لە یاسای نێونەتەوەیی دەناسرێت و شایانی بەدواداچوونە. لەسەر ئەم بنەمایە هیچ کەس ناتوانێت بەس بەهێنانە گۆڕێی مەسەلەکانی ناوخۆیی هەر تاوانێك بکات. دەست بەسەرکردنی ژنرال پینۆشێ و سلوبۆدان میلوسۆڤیچ لەڕاستیدا نموونەی بەرچاوی بەجیهانیبوونی ماف مرۆڤە. بابەتی دەستێوەردانی مرۆڤ دۆستانە ئەگەرچی پەیوەندی ئەوەندەی بە جیهانی بوونی ماف مرۆڤ نییە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر ئەنجامی نەبوونی دیسپلینە لە پاش شەڕی سارد و لەوانەیە بۆ بەهێزکردنی کارەکانی NGOکانی ماف مرۆڤ و هەروەها کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی، دەستتێوەردانی مرۆڤ دۆستانە بە شێوەیەکی بەرچاوتر لە داهاتوو بکرێت.

چالاکی NGOکانی ماف مرۆڤ لە کێشەکانی تاوانی نێونەتەوەیی بەرچاوە. ئەوان بە کۆکردنەوەی فایلی پێویست و هەروەها هێنانە گۆڕێی سکاڵاکان لە دادگا نێونەتەوەییەکاندا دەبنە هۆی ئەوەی تا دژ بەو کەسانەی کە تاوان دەکەن، حکوومی گرتنی یاسایی دەربکرێت. لە کاتی دەست بەسەرداگرتنی تاوانباران NGOکان زانیاری فراوان بە دەزگاکانی یاسایی دەدەن. دەست بەسەرداگرتنی ژمارەیەك لە تاوانبارەکان تا رادەیەکی زۆر بەرهەمی هەوڵی NGOکان بووە. هەروەها راپۆرتە فەرمییەکانی رێکخراوەیی چاودێری ماف مرۆڤ (human right watch) کە هەموو ساڵێك لە ئاستێکی فراوان و هەروەها لە نەتەوەیەکگرتووەکان دەردەکرێت، فایلێکی گرنگە لە هەڵوێستی وڵاتان و لە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان زۆر کاریگەرە. وڵاتانێك کە لەم راپۆرتانە دەکەونە بەر رەخنە بە زۆری لە کۆمەڵەی گشتیش تاوانبار دەکرێن.

سەبارەت بە یارمەتییەکانی مرۆڤ دۆستانە، چالاکییەکانی رێکخراوەکان وەك UNHCR یان OSCE لەساڵانی پاش شەڕی سارد زۆر بەرچاو بووە.



پاش رووخانی یەکیەتی سۆڤیەت نزیکەی 8 ملیۆن کەس ناچار بە کۆچی زۆرەملێ کراون کە لە سنوورەکانی یەکیەتی سۆڤیەت نیشتەجێ کراون. لەڕاستیدا ئەوە گەورەترین کۆچی زۆرەملێ لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی بووە. بۆ چارە سەرکردنی کێشەکانی سەرچاوەگرتوو لە کۆچە زۆرەملێیەکان بە هاوکاری UNHCR و IOMو OSCE، کۆنفرانسی وڵاتانی سەربەخۆی بەرژەوەندی هاوبەش CIS لە مەی 1996 پێکهات. بەهۆی کەمی سەرچاوە داراییەکان لەوڵاتانی ناوبراو، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا 25 لە سەدی یارمەتی 2 ملیار دۆلاری ئەم پڕۆژەیەی لە ئەستۆگرت. هەرچەندە ئەم کۆنفرانسە لە دروستکردنی چوراچێوەیکی سیاسی یان یاسای نوێ لەسەر بنەماکانی نۆرمی نێونەتەوەیی کە کۆمارییەکانی پێشووی یەکیەتی سۆڤیەت شکەستی هێنا، بەڵام ئەوە توانی ببێت بە ئەزموونێکی باش بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رووداوەکانی وەك ئەو. گرنگترین ئاسەواری ئەم دروستکردنی NGOکانی پەیوەندنیدار بەکێشەی کۆچ بوو، چونکە پێش لەوە زۆربەی وڵاتانی سەربەخۆی بەرژەوەندی هاوبەش گرنگییەکی ئەوەندە یان بە NGOکان نەدەدا و تەنانەت سەبارەت بە رێگە دان بە چالاکی ئەوان دوو دڵ بوون.

ئەگەرچی کۆنفرانسی CIS بە داواکاری وەزیری دەرەوەی روسیا لە ساڵی 1993 و لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان پێك هات، بەڵام NGOکانی نێونەتەوەیی وەك کۆمەڵەی نێونەتەوەیی ئاژانسەکانی ئارەزوومەندانە (ICUA)، کۆمەڵەی ئەوروپایی ئاوارەکان و دورخراوەکان (ECRE) و پڕۆژەکانی کۆچی زۆرەملێ (FMP)، لە تێفلیس، مۆسکۆ، کێیف و وەرشو، لەگەڵ NGOکان و بەرپرسانی ناوچەیی گفتوگۆیان کرد تاکو زەمینەی باشتر بۆ کۆنفرانسەکە دابین بکەن. سەرەڕای ئەوانە کە رێبەرانی ئەم وڵاتانە ئارەزوویان ل بەشداری NGOکانی ناوچەیی لەم کۆنفرانسە نەبوو، بەڵام لەژێر فشاری NGOکانی نێونەتەوەیی لەکۆتایی قبووڵیان کرد. لە

ئەجێندای کۆنفرانسەکە هاتبوو کە ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی حکوومی و هەروەها NGOکان بە فراوانکردنی هاوکاری نێوان خۆیان هەوڵدەدەن تا کێشەی کۆچی یەکیەتی سۆڤیەت و جێگەکانی تری جیهان چارەسەر بکەن. پاش کێشەکانی یەکیەتی سۆڤیەت کێشەی یوگۆسلافیا روویدا کە دووبارە شەپۆلێکی نوێ لە کۆچی زۆرەملێ بەلای ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا دەستی پێکرد. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا ڕۆژئاوا تێگەیشت نەتەوەیەکگرتووەکان ناتوانێت لە سەردەمی جیهانیبوون دیسپلینی نوێ لەسەر بنەمای کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی دروست بکات. یەکێك لە فاکتەرەکانی فراوانبوونی یارمەتی بە NGOکان لە نیوەی یەکەمی دەیەی 1990 زۆربوونی کێشەکانی لە ئەوروپا و وڵاتانی تر بوو کە بۆ خۆی بە مەترسێکی گرنگ بۆ ئاسایشی ئەوروپا دەژمێردرا.

لەم هەلومەجەدا ئەوروپا هەوڵیدەدا تا بەپێدانی یارمەتی لە زیانی خۆی کەم بکاتەوە. ڕووداوەکانی دوایی لە ئەفغانستان، ئەندونیزیا، ڕواندا و سۆماڵی و دووبارە لە ئەفغانستان پاش هێرشی ئەم دواییەی ئەمریکا و بەریتانیا جارێکی تر کێشەی کۆچەرەکان کە لە شەڕ سەرچاوەیی گرتبوو فۆرمێکی گرنگ تری بەخۆیەوە گرت. بەم هۆیە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی بە شێوەیەکی بەرچاو یارمەتییەکانی خۆیان بۆ دەزگاکانی مرۆڤ دۆستانەدا تاکو ئەم دەزگایانە بتوانن کارایی خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکانیان فراوان بکەن. بەم شێوەیە هەرچەندێك دەچینە پێشەوە زیاتر لە جاران باوەڕ پەیدا دەکەین کە دەوڵەتان ئیتر ناتوانن وەك رابردوو گشت کاروبارەکان بگرنە ئەستۆ، کەواتە پێویستیان بە چالاکی NGOکان هەیە. نموونەیەك لەم هاوکاریانەی NGOکانی مرۆڤ دوستانە و حکوومیانە دەتوانین لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەیی لە ناوچەکانی وەك بۆسنیا، شاخی ئەفریقا و قوبرس ببینین. دامەزراوەی دیپلۆماسی چەند لایەنە (the institue for multi track dipolomacy (IMTD)) لە واشینتۆن و



گروپی بەڕێوەبردنی ناکۆکییەکان (conflict management group) لە کەمبریج و ماساچوسێت، لەژێر ناوی کونسرسیۆمی قوبرس پێکەوە هاوکاری دەکەن تالە قوبرس پرۆگرامەکانی فێرکردن لە بواری چارەسەری جەنگ جێبەجێ بکەن. حکومەتی ئەو کاتەی ئەمریکاش بە هەڵبژاردنی ریچارد هولبروك بە ناوی ناردراوی تایبەتی سەرۆك کۆمار بۆ قوبرس (کە پێشتر ناونجی ئاشتی لە بۆسنیا بوو) چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان لە قوبرس دووپات کردووەتەوە. گشت گفتوگۆکان لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجام دەدرا، بەڵام کارەکانی کونسرسیۆمی قوبرس بە زۆری لە ئاستی کۆمەڵایەتی بوو. کە ئەمە بۆ خۆی شانسێکی بۆ تورکەکان و یۆنانییەکانی قوبرس دابین کردووە، تاکو لە پاڵی یەك کاربکەن و متمانە بە یەکتر بکەن. تاکو لە قۆناغەکانی تر بتوانن ئەم پەیوەندیانەش بە کۆمەڵگاکانی خۆیان بنێرن و بەم ڕێگەیە بواری پێویست بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دروست بکەن. ئەم کونسرسێومە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی چەند سەد کەسێکی لە تورکەکان و یۆنانییەکانی قوبرس پەروەردە کردووە. گروپەکانی ناوچەییش بە کردنەوەی کونسێرتەکانی مۆسیقای هاوبەش و پرۆگرامی هاوبەشی لاوان زەمینە بۆ گفتوگۆ و دانوساندن لە نێوان لایەنەکان ئامادە دەکەن. لە نێوان کونسرسیومی قوبرس و باڵوێزخانەی ئەمریکا لە قوبرس هاوکاری نزیك هەیە. نموونەیەکی تر لەم هاوکارییانە دەتوانین لە شاخی ئافریقا ببینین کە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك و شەڕ دژی قاتی کار دەکات. لە راستیدا NGOکان سەرەکیترین بازوی جێبەجێکردنی دەوڵەتی ئەمریکا لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامانە لە شاخی ئەفریقا (CHAI)ن. لەکۆتاییدا نموونەیەکی تر لە پەیوەندی نێوان OSCEکان و NGOکان لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی مەدەنی، پەیماننامەی دیتون لە بۆسنیا. OSCE لە بۆسنیا هەوڵیدا تا ئەنجامەکانی IMTD بۆ دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی

بەکاربێنێت. IMTD بە یارمەتی دارایی ئەمریکا 70 کەس لە بۆسنیایەکان (کە بریتی بوون لە سێرب، بۆسنیایی، موسڵمانانی بۆسنیایی و کرواتەکانی بۆسنیا) بۆ پێشخستنی ئاشتی پەروەردە کردە و OSCE یش لە ئەنجامی ئەم کارە پاڵپشتیان دەکات.

### NGO کانی باشوور لە سەردەمی جیهانیبوون

لە باشوور بەهۆی جۆراوجۆری بوون، ناچارین NGOکان لە ناوچەکانی تایبەت بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە. بۆ نموونە بارودۆخی NGOکان لە ئەمریکای لاتین لەگەڵ بارودۆخی ئەوان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و یان باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و تەنانەت ئەورووپای رۆژهەڵاتیش جیاوازە. بۆ نموونە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا ئاسەواری بێزاری سیاسی دەتوانین لە زۆربەی وڵاتەکان ببینین کە ئەمە بۆ خۆی بە بەربەستێکی گەورە لە بەرامبەر چالاکییە مەدەنییەکان NGOکان دەژمێردرێت. لە لایەکی تر بەهۆی جۆراوجۆری کولتووری و نەتەوەییش هەڵسوکەوت لەگەڵ NGOکان جیاوازە. لە زۆربەی ناوچەکان لە دامەزراندنی ئەوان NGOکان پێشوازی دەکەن، بەڵام لە ناوچەکانی تر بەهۆی فۆرم نەگرتنی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستی بەم NGOیانە هەستی پێناکرێت. هەندێك لە NGOکانی باشوور شوناسێکی ناوچەییان هەیە و لە ئاستی جیهانی کار ناکەن. بەم هۆیە گۆڕانکارییە جیهانییەکان ئەوەندە کاریگەریان بەسەر ئەواندا نییە. بۆ نموونە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست NGOکانی لەم جۆرە زیاتر بۆ پاراستنی خێزان کاردەکەن، کەواتە هەر چەندێك ئەم رێکخراوە زیاتر بکەوێتە مەترسییەوە، گرنگی ئەم جۆرە NGOیانە زیاتر هەست پێدەکرێت. بۆ نموونە لە ئوردون NGO ئیسلامییەکان بە شێوەیەکی فەرمی کاری سیاسی ئەنجام نادەن و لە بواری کاریگەری (لوبی) و لە ناڕەزایی سیاسی رۆڵێك یان نییە. لە راستیدا کاری سەرەکی ئەوان زیاتر وریا کردنەوەی



کولتوورییە. لە روانگەی پراکتیکی ئەرکی ئەوان زیاتر پەیوەندی بەکاری خێرخوازانەوە هەیە. هەر لەم کاتە هەندێك پێیان وایە کە ئەم جۆرە NGOیانەی سیاسی لە کۆتایی دەتوانن بنەمای شەرعییەتی ئایینی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لاواز بکەن. NGOکانی ئوردون لە بوارەکانی وەك زەواجی بە کۆمەڵ، قەرزی بێسوو، پڕۆژەی یارییەکان، کۆنفرانسەکان و نووسراوەکان چالاکن. بۆ وێنە ((دەزگای العفاف)) دەزگایەکە کە بەهۆی فراوانبوونی تێچوونی زەواج پێداویستی زەواجەکانی بە کۆمەڵ دابین دەکەن.

بەم شێوەیە ناتوانین بڵێین تەواو NGOکانی باشوور لە رێگەی پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی بزاڤ دەکەن. زۆرێك لەوان بەهۆی دژایەتی لەگەڵ بەها جیهانییەکان دروست دەبن، خەبات لە دژی ئەو بەهانە بە بەشێك لە پرۆگرامەکانی کاری خۆیان دادەنێن. ئێستا ئایا ئەم چالاکیانە دەتوانن لە دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی بەربەست بن یان نا، بە رادەیەکی شایانی بایەخ بە پێگەی ئەم جۆرە NGOیانەوە گرێدراوە. زۆربەی ئەو NGOیانە دەوڵەتانی باشوور خۆیان دروستیان کردووە تاکو لە فشاری رای گشتی کەمبکەنەوە. لەم رووەوە ئەگەر جیهانیبوونی میدیا گشتییەکان لەبەرچاو بگرین تێدەگەین، کە تەنانەت رای گشتی وڵاتانی باشوور بەساکاری دەزانن کە کام رێکخراوە سەربەخۆیە یان بەستراوەیە.

لە بەرامبەر ئەم NGOیانە لە باشوور، NGO گەلێك دەبینین کە لە سێ رووبەری پەرەسەندن، ژینگە و ماف مرۆڤ لە رەهەندە نێونەتەوەییەکان چالاکن. هەرچۆنێك بێت پرۆسەی جیهانیبوون دەچێتە پێشەوە و پەیوەندی ئەوان لەگەڵ NGOکانی باکوور بەچەندین جار جیاوازی زیاتر بووە. ئەم پەیوەندییە لە چەند لایەنەوە جێگەی گرنگییە. یەکەم ئەمەیە کە زۆربەی دامەزرێنەرانی ئەم NGOیانە لە باشوور خوێندەواری رۆژئاوایین کە پێویستیی پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنین. دووەم NGOکانی باشوور دەتوانن لە ئەزموونی NGOکانی باکوور لە رێگەی فراوانکردنی کارای

لـە بـارودۆخی جیهـانی پەیوەندییـەکان ئێـستا NGOکـانی بـاکوور رووبەڕووی کێشەن. یەکەم ئەمەیە کە پەیوەنـدی لـە رێگـەی ئەنتـەرنێت و تۆڕەکـانی تـری زانیـاری بـۆ باشـوورییەکان زۆر گرانـە و دووەم ئەمەیـە کـە زۆربەی ئەم وڵاتانە هێشتا لەگەڵ پرۆسێسی زانیارییەکان کێشەیان هەیـە و هێـزی مرۆڤـی کـارای ئـەوان فـراوان نییـە. سـەرەڕای بـوونی ئـەم کێـشانە راسـتییەکان نیـشان دەدەن کـە کێـشەی سـەرەکی لـە پەیوەندییـەکان و تێچوونی ئەوان نییـە، چونکە دەتـوانین ئـەم کێشەیە بـە شـێوازی جیـاواز چارەسەر بکەین. کێشەی بنـەڕەتی ئـەوان لـە راسـتیدا بـە پـیری نـەهاتنی NGOکانـە لـە هەنـدێك ناوچـەی وەك خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت. ئـەم گرفتـە تاڕادەیەك لەلایەن حکومەت و تاڕادەیەکیش لەلایەن خەڵکەوەیە. هەروەها لە ئەمریکای لاتین و ئـەفریقاش NGOکـانی پەرەسـەندن رووبـەڕووی راگرتنـی یارمەتییەکانی دەرەکین. هەر چۆنێك بێت NGOکانی ئـەمریکایی لـە بـواری پێدانی زانیاری بەوان یارمەتی زۆریان کردووە. لە باشووری ئاسیا مەسەلەی NGOکان تاڕادەیەك بە گەشەکردنی ئەم ناوچەیە بەستراوەتەوە.

بەم شێوەیە کێشەکانی رووبـەڕووی NGOکـانی باشـوور یەکـسان نـین. هەرچۆنێك بێت ئەوەی ئێمە ناتوانین چاوی لـێ ببەسـتین گرنگـی لـە حـاڵی زیادبوونی ئەکتـەرە ناحکوومییەکانـە لـە بـواری سیـستەمی نێونەتەوەییـدا. باشـوور بـۆ ئـەوەی وەك سـەردەمی شـەڕی سـارد بـەس سـەیرکەری ئـەم شانۆیە نەبێت، دەبێت بـە فراوانکردنـی NGOکـان بـچنە نـاو ئـەم شـانۆیە. ئەگەر وڵاتـەکانی بـاکوور بـەهۆی فراوانبـوونی قورسـی ئەرکـەکانی دەوڵـەت بەشێك لەوە بدەن بـە NGOکـان، وڵاتـانی باشـوور لـە راسـتیدا بەشـێك لـە ئەرکەکانی خۆیان کە جێبەجێ نەکراوە بە NGOکان دەدەن لە لایـەکی تـر ئەگەر کۆمەڵگای مەدەنی لەبەرچاوی NGOکان لە باشوور لەیەکـچوونەکانی فراوانـی لەگـەڵ کۆمـەڵگای جیهـانی هـەبێت، لـەو رووەوە زیـانی ئـەوان لـە پرۆسـەی جیهـانی کـەمتر دەبێـت بـە جۆرێـك کـە زەمینـە بـۆ چـالاکی



خۆیـان کـەڵك وەربگـرن. هـە رچـەندێك رادەی ئـەم کارایـە فـراوانتر بێـت، ئـارەزوویی هاوکـاری جیهـانی و نێونەتـەوەییش زیـاتر دەبێـت. بـۆ نموونـە سوید یارمـەتی NGOکـانی بەنگلادیـشی داوە. بـە جۆرێـك کـە BRAC کـە NGOیێکـی پەرەسـەندنە خـۆی گـۆڕاوە و ئێـستا یـەکێك لـە گـەورەترین رێکخراوە ناحکوومییەکان لـە جیهانـدا. لـە هەنـدێك بـواریش هاوکارییـەکانی NGOکان نێوان کیشوەری و نێوان ناوچەییە.

سـەیرێکی بـارودۆخی NGOکـان لـە باشـوور ئـەوەمان پێـدەڵێت کـە خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت لاوازتـرین ناوچـەیە لـە بـواری رۆڵـی NGOکـان. لـەم کەیـسەدا ئـەفریقاش لـە ئاسـیا پێـشکەوتووترە. هـۆی ئـەم کـارەش لەوانەیـە بتـوانین لـە پێـشینەی کۆلۆنیـایی وڵاتـانی ئـەفریقایی بـزانین کـە بووەتـە هـۆی ئـەوەی لـە ئاسـتێکی دیـاری کـراوەدا هـەمووی ئـەم وڵاتانـە بـە جۆرێـك لەگـەڵ کولتووری بەشداری رۆژئاوا شارەزاییان هەبێت. لە ئەفریقا سـەرەڕای بەربەسـتە دارایـی و زمانییـەکان، چـەند تـوری کیـشوەری بـوونی هەیـە کـە یـەکێك لـەو رێکخراوانە، رێکخراوەی ئارەزوومەندانەی پەرەسـەندنی ئـەفریقا (FAVDO) یـە کە لە ساڵی 1987 لە داکار دامەزراوە. ئەویش پاش کۆنفرانسی سێنگاڵ کە لـەو 100 رێکخراوەی ناوچەیی لە 23 وڵاتی ئەفریقایی بەشداریان هـەبوو. سـەرەڕای ئەمە لە دووەمین کۆنفرانسی ئەم رێکخراوەیـە کـە لـە سـاڵی 1988 لـە خـەرتوم گیرا، بەشداربووەکان رایانـسپارد کـە لـە بەرامبـەر هاوکارییـەکانی کیـشوەری، رویان لە تورەکانی نەتەوەیی کارا و هاوکارییـە ناوچـەییەکان کـردووە. ANEN یەکێکی تر لـە NGO گرنگەکانـە کـە لـە کیـشوەری ئـەفریقا چـالاکە و خـاوەنی 530 ئەندام لە 45 وڵاتی ئەفریقایە کە کۆنفرانسی پـەروەردەکردن سـەبارەت بـە بەڕێوەبردنی ژینگە بۆ ئەندامی NGOکان بەرپا دەکـەن. هـەر ئـەم رێکخراوەیـە چـەند گۆڤـاریش سـەبارەت بـە ژینگـە دەردەکـات، بـەڵام کێـشەی رووبـەڕووی NGOکـانی ئـەفریقایی ئەوەیـە کـە زۆربـەی ئـەوان ناوچـەیی و خۆمـاڵین بـەم هۆیەش دروستکردنی یەکگرتن لە نێوانیان زەحمەتە.

MNCکانیش دەتوانێت باش بێت، چونکە یەك جۆرە سیستەمی چاودێری ئارەزوومەندانە بەهۆی کارەکانی NGOکان دروست دەبێت کە دەتوانێت یارمەتی فراوان بە ئەرکی چاودێری دەوڵەت بکات لە پەیوەندی لەگەڵ هەستیارتر بوونی رۆڵی دەوڵەتان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکات. لە سەردەمی جیهانیبوون دەبێت وەبیر بێنینەوە کە بوونی NGOکان (هەرچەند لە ماوەیەکی کورت دژی کۆمەڵگای جیهانی بزاڤ بکەن) لە بەرژەوەندی سەقامگیری دەوڵەتانە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە. لە لایەکی تر مەسەلەی مافی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە لە قەیرانە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتانە لە کۆبوونەوەکانی نێونەتەوەیی بووە. ئەم کێشانە تاڕادەیەکی زۆر بەهۆی بوونی NGOکانی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ چارەسەر دەکرێت. کارێك کە تورکیا تاڕادەیەك لە ئەنجامدانی ئەو سەرکەوتووو بووە. لەم رووەیە کە فشار لە دەرەوە و لە ناوەوە لەسەر دەوڵەتاندا دەتوانێت تاڕادەیەکی زۆر کەم ببێت و پرۆسەی شەرعییەت سڕینەوە لە دەوڵەت خاوتر بکات. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی گەورەتر بوونی کێشەی ئاو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها سەبارەت بە کێشەکانی ژینگە وەك وشکە ساڵی، NGOکان دەتوانن بەهۆی هاوکارییە نێونەتەوەییەکان لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە کاریگەر بن. لە لایەکی تر بەسەرنجدان لە کێشەی مێژووییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، رەنگە NGOکان بتوانن لە رێگەی هاوکارییە جیهانییەکانی فشار بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی دروست بکەن، بۆ نموونە میدیاکانی جیهانی لەم پرسەیە دەتوانن پشکی فراوانیان هەبێت.

بە هەر شێوە ئەگەر کێشەکانی هەمبەر NGOکانی باشووریش چارەسەر بکرێت، مەسەلەی راست ئەمەیە کە ئایا رێکخراوەکانی لە حاڵی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مەدەنی بەردەوام بوونی خۆیان بە کۆمەڵگای ناوچەیی بۆ پێشکەوتنی سەقامگیر و دیموکراسی دەبەستنەوە؟

## بەشی شەشەم: ئاسایش و جیهانیبوون

بێگومان ئەمڕۆ ناتوانین لە چەمکەکانی وەك هێز و ئاسایش بە شێوازی باوی سەدەی بیستەم قسە بکەین. ئەمڕۆ هەموو باس لە گۆڕانکاری دەکەن. لە روانگەی زۆربەی زانایان، سەردەمی پەیوەندییەکان، پچڕانەکان، هاتووچۆکان و پێکەوە نەچەسپانەکانی بێ جێگر هاتووە. جیهان بە وتەی دیوید هاروی بەلای جۆرێك لە بچووك بوونەوە دەڕوات، کات و شوێن تێکەڵ بوون، ناوەندە بەرزەکانی (Master central) جێگەی خۆیان بە ناوەندەکانی ناسەقامگیر داوە و شوناس ناروونەکان ( Blor Identities) بوون بە ئالتێرناتیفی شوناسەکانی خاوێن و بێگەرد. لەم بوارەدا، ئاسایش واتایی عورفی و کلاسیکی خۆی لە دەست داوە. لە روانگەیەکی زماننناسانە ئاسایش ئاماژە بە مۆدیلی تایبەت و فیکس ناکات و لە گوتارەکانی جۆراوجۆر شێوەی جۆراوجۆری بە خۆیی دەگرێت.

کەواتە، لە بواری جیهانیبوون پێویستە دووبارە چەمکی ئاسایش پێناسە بکەین. لەم بەشەدا هەوڵی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە بەرەچەڵەك ناسی چەمك و گوتارەکانی ئاسایشی، روخسارێکی نوێ لە ئاسایش لە سەردەمی جیهانیبوون دیاربکەین. قسەی سەرەتایی و بنەڕەتی ئەم بەشە لەسەر ئەم گریمانەیە راوەستاوە کە لە چوارچێوەی ئاسایش شتێکی زیاتر لە گۆڕانکاری خەریکی روودانە.

لە ئەنجامەکانی رەچەڵەك ناسانەش ((جیهان)) لەوکاتەی کە مرۆڤ بە مێژوو و بوونی خۆی ئاگادار بووە بە جۆرێك تووشی بووە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە حاڵی روودانە شتێك زیاتر لە گۆڕانە. بە ووتەی باری ئۆکسفۆرد: ئەم ئەنجامە کە لە ماوەی ئەم دوو دەیەی دواییدا ناکۆکی گەورەی ناوەتەوە،



چونکە راستیەکان و رووداوەکانی ناسراوی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووریو جیۆپۆلیتیك لەناو نەچووە، بەڵکو گۆڕان ئیتر ئەو جۆرە نییە کە بووە.

کەواتە بەبیری هەندێك لە زانایان ناتوانین هێشتا قسە لە بارودۆخێکی ستاندار بکەین لە کاتێکدا کە هەندێك لە زەمینەی ك لە واتاکان وەك ((خێرایی))، ((گۆڕان)) و ((بچووك بوونی کات- شوێن)) لێکۆڵینەوە لەسەر جیهانیبوون کەین، هەندێکی تر جیهانیبوون بە دانانی گۆڕانکاری تەواو لە کۆمەڵەی دەوڵەت- نەتەوەکان بە سیستەمی جیهان بێ دیسپلین و تەنانەت لانی کەم بە هێزی بالای یەك گوتاری تایبەت ((ئەمریکا و رۆژئاوا)) دەزانن. لەم نێوانە دەتوانین لە ئەنجامی سێیەمیش قسە بکەین کە جیهانیبوونی بە خاوەن ژیانی تایبەت دەزانن.

لەم رووەوە ناتوانین لە روانگەیەکی تایبەت، گوتاری جیهانی بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە. بەو واتایە هەر گوتارێك یاسایی تایبەتی خۆیی هەیە و ناتوانین بارودۆخی سیستەمی جیهانی لەسەر بنەمای سەربەخۆی سادە و دەسەلاتی ئاستەکان یان یەکەکانی لێکدانەوەی تێبگەین.

ئەم نووسینە لەگەڵ ئەنجامی سێیەم زۆرتر رێك دەکەوێ و هەر لەم کاتەش لەسەر ئەم خاڵە قامك دادەنێت کە لەوانەیە بە جۆرێك لە ((دیسپلین)) بۆ تێگەیشتنی بابەتی جیهانیبوون بگەین. جۆرێك (بێ واتایی) مەترسیدار لەم رێگەیە هەڕەشە لە لێکۆڵەران دەکات. تایبەتمەندییەکانی پارادۆکس، رووداوەکانی بەربلاو و دژ و هەمووی ئەو شتانەیی کە پۆست مۆدێرنەکان بە قەیرانی واتاو و رۆشنگەری ناوی لێدەبەن بەربەستن لەسەر پارادایمێکی دیار بۆ تێگەیشتنی رووداوەکان و مرۆڤ لە رێگەیەکی نادیار بەجێدێڵن.

### دوو واتای ناروون لە جیهانیبوون و ئاسایش

ئەمڕۆ بەرهەمی جۆراوجۆر سەبارەت بەجیهانیبوون هەیە، هەموو ئەم بەرهەمانە ئاماژە بەنیشانەکانی گۆڕانی گەورە لە جیهان دەکات لە کاتێکدا هەندێك لە فراوانبوونی بێ دیسپلین وەك سروشتی جیهانیبوون ناوزەد

دەکەن، هەندێکی تر جیهانیبوون لەسەر بنەمای سیستەمی جیهانی سەرمایە بەشایانی تێگەیشتن دەزانن. لەگەڵ ئەوەی کە مێشکی مرۆڤ بە دوای ساکارکردنەوەی چەمکەکان و نیشانەکانی گوتاری خۆیەتی، زۆربەی ئەو نووسینانەی کە سەبارەت بەجیهانیبوون نووسراون بە جۆرێك تووشی کەم خوازی دەبن.

ئەم خاڵە روونە کە خێرایی یەکێك لە تایبەتمەندییە بنەڕەتەکانی سەردەمی جیهانیبوونە. زۆربەی زانایان ئەم خێراییە بە بچووکبوونی جیهانی دادەنن. بێگومان خەیاڵی دەست نەگەیشتنی مرۆڤ بۆ تێپەڕکردنی کات و شوێن ئێستا وادیارە هاتووەتەدی. گیدنز ئەم بارودۆخە بە هەلومەرجی ساکارکردنەوە گوزارەکانی مێژووی شارستانی ناوی دەبات. لەسەر لێکدانەوەکەی گیدنز تێپەڕ کردنی هزری کات و شوێن، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی (پێکهاتەی دەوڵەت–نەتەوە) لە زەمینە لۆکاڵییەکانی خۆیی جیاکردۆتەوە و ئەوان لە بارودۆخێکی گەورەتر رێك دەکات.

لەم هەلومەرجەدا، ناتوانین جیهانیبوون تەنیا بە چەسپانی کات و شوێن ناو ببەین بێگومان خێرایی و گۆڕانی پرۆسەکانی جیهانیبوون، بوونی جیهانێکی زۆرتر دەنوێنێت و هەروا کە ئۆکسفۆرد دەڵێت بەهۆی سروشتی جیهانگیری رێکخراوە نوێکان و زەمینە سڕینەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناکۆکییەکانی باوی نێوان ئاستە قوڵەکانی نەتەوەیی و جیهانی یان گچکە و گەورە زیاتر لە جاران دێنە بەرچاو، بەڵام ئەم وێنە جوانە ئەوەندەش روونکەرەوەیەکی راستگۆی جیهانی ئەمڕۆ نییە. پرۆسە جیهانییەکان لە رێگەیەکی دیار بزاڤ ناکەن. جیهانیبوون پرۆسەیەکی چەند رەهەندییە و بۆ تێگەیشتنی ئەو ناتوانین تەنیا پشت بە ئاستێکی لێکدانەوە ببەستین.

لەوانەیە یەکێك لە هۆکارەکانی کە بووەتە هۆی دابەزین خوازی (تقلیل گرایی) ئەمەیە کە ((زانستی)) تازە رووخسار گرتوو لە ((جیهانیبوون)) هێشتا بە شێوازی جۆراوجۆر دەناسرێت. لەم رووەوە دەتوانین قسە لە



پارادایمی کۆهێن بکەین، کە لەسەر ئەو بنەمایە جیهانیبوون وەك یەك زانست تایبەتمەندی پێش پارادایمی هەیە. ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی تێگەیشتنی جیاوازی زانایان لە دیاردەی جیهانیبوون.

ئەم دیاردەیە وەك ناکۆکی زیاتر لە هەر شتێك لە چەمکی ئاسایش بە دەردەکەوێت. بە بڕوای هەندێك لە زانایان کە بە کێشەی ئاسایش پاش شەڕی دووەمی جیهانی خەریك بوون دەوڵەتان خەریکی لەدەستدانی هێز و سەروەری خۆیانن بە قازانجی گروپەکانی نوێ کە وەك ئەکتەری نێونەتەوەیی دێنە ناو شانۆی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و گەمە دەکەن. لەم نێوانەش ئاسایش بە بڕوای ئەوان رووخساری عورفی و سەربازی خۆی لە دەست داوە و رەهەندی ناسەربازی بە خۆی گرتووە.

بێگومان گۆڕانی رووخساری ئاسایش لە سەربازی بۆ ناسەربازی یەکێك لە گرنگترین رەهەندەکانی پرۆسەی جیهانیبوونە، بەڵام وادیارە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهانیبوون، بزاڤ لە رەهەندی سەربازی بۆ ناسەربازی یەکێك لە رەهەندەکانی جیهانیبوونی ئاسایش بێت و نەك هەمووی. کێشەی ئەم دەسکەوتانە ئەمەیە کە لە دوای روونکردنەوە و تێگەیشتنی ئاسایش لە سەردەمی جیهانیبوون هێشتا لە پارادایمی زاڵی سەدەی بیستەم و بەتایبەت شەڕی سارد قسە دەکرێت.

لە سەردەمی شەڕی سارد بەهۆی زاڵبوونی پارادایمی ریالیزم پشتیان بە دوو رەهەندی ئاسایشی سەربازی و هەڕەشەکانی دەرەکی دەبەست و پێشبرکێی چەکی و ناکۆکییەکانی ئایدیۆلۆجیك، رەسمی سەروەری سیستەمی دوو جەمسەری بوو و ریالیزمی وەك ئاڕاستەیەکی زاڵی ئاسایشی نەتەوەیی لە رەهەندە سەربازی و دەرەکییەکان پێناسە دەکرد.

سەرتر لەم پرسیارە کە دەوڵەت و نەتەوەکان ئایا وەك ئەکتەری سەرەکی هێزی نێونەتەوەی دەمێننەوە یان نا و یان ئەوەی کە ئاسایشی ناسەربازی چون دەبێت بە رووخساری زاڵی ئاسایش لە سەردەمی

جیهـانیبوون، دەتـوانین ئاسـایش لـە روانگـەی قـەیرانی واتـاو رۆشـنگەری، گۆڕانی چەمکەکان و گۆڕان لە جوغرافیای سیاسی بخەینە ژێر لێکۆڵینـەوە. لەم دەسکەوتە هەروا کە باری ئۆکسفۆرد دەڵێت: بیرکردنـەوە سـەبارەت بـە ((سیستەمی کۆیلایەتی)) سیستەمی جیهانی پێویستی بە دەسکەوتی چەند رەهەنـدی سـەبارەت بـە تێگەیـشتن و کێـشانی تایبەتمەندییـەکانی ئـەوە. دەسکەوتێك کە بەنیسبەت پەیوەندی نێوان تایبەتمەندییـەکانی سیستەمی جیهانیگیر لە بوارەکانی سیاسەت (رێبەریی، هێـز) ئـابووری (بەرهـەمهێنان) و بە کۆمەڵایەتیبوون (کۆمەڵایـەتی، کولتـووری) و بەنیـسبەت هەڵـسوکەوتی دووبارە بیرکراوی نێوان جۆراوجۆری بەرپرسان و پێکهاتەی کولتوورییـەکان کە فۆرمێکی جیهانییان وەرگرتووە هەستیار بێت.

لەم واتایە وێنەی (ئاسایش) لە گۆڕەپـانی جیهـانیبوون ئەوەنـدە شـەفاف و گـشتی و تـەواو نییـە، گوتـاری ئاسـایش لـە سـەردەمی جیهـانیبوون بـە بـە چـەمکەکانی وەك هێـز، بەرژەوەنـدی، ئامـانج، قـازانج، جـەنگ، دەوڵـەت... بەسـتراوەتەوە. هـەرکام لـەم چـەمکانە بـە شـێوەیەکی گـشتی لـە گوتـاری جیهانیبووندا گۆڕاون و بەڵگەی جۆراوجۆر لە سەری نیشان دەدرێت. سـەرەڕای ئەمە، ئەم چەمکانە لە جێگەی قەیرانی واتاو روناکبیری تایبەتمەنـدی دژ بەیـەك بـەخۆ دەگـرن. بـە وتـەی ویلیـام زارتمـەن (William Zartman) رووخـانی سیستەمی جیهانی بووە هۆی کەمکردنی ئەم واتایە.

سەرەڕای ئەمە هەروا کە زەکی لیدی دەڵێت: پچڕانی بنەڕەتی لە نێـوان هێز و ئامانج دروست بووە. دوژمن چەمکی بنەڕەتی خۆی لـە دەسـت داوە، سـەقامگیری سـنوورەکانی شـوناس لـە پێناسـەی خـۆی و ئـەوی تـر لـەناو چووەو ئاسایش لە شەفافیەتێکی تەواو بێبەش بووە.

بە کەمبوونەوەی رۆڵی ئایدیۆلۆژیای زاڵی سـەدەی بیـستەم جوغرافیـای سیاسـی لـە رەهەنـدی دژی جیهـانیبوون و ناوچـەیی بـوون دەجـوڵا. ئـەم بارودۆخـە سـنوورەکانی داخـستبوو و پارادوکـسێکی بنـەڕەتی لـە نێـوان



دەوڵەت و هاوڵاتیان دروست کردبوو. لە کاتێکدا هێزی خۆیـان لـە دەسـت دەدەن کـە هاوڵاتیـان هـەروەها لـە سـەر هێـز و بەرپرسـیارەتی ئـەوان بـۆ چارەسەری کێشەکانی خۆیان داکۆکی دەکەن.

کەواتـە لەیـەك کـەلام هـەروەها کـە وشـەکان و چـەمکەکان لـەم رووەوە تووشی گۆڕانی بنەڕەتی بوون، بەڵام بە شێوەیەکی نادیارو قـوڵ، مەترسـی نـوێی ئاسایـشی دروسـت کـردووە کـە نـە سەرچـاوەی دیـارەو نـە یاسـای یارییەکەشی دیارە.

## رەچەڵەکناسی چەمکی ئاسایش

((جیهانیبوونی)) ئاسایش پەیوەندی نزیکی لەگەڵ قەیرانی ((دەوڵـەت– نەتەوە)) بە واتایی وێستفالیای ئەو هەیە. لـەم روانگـەوە رووخـساری نـوێی ئاسایش لە سەردەمی جیهانیبوون تەنیا بە واتای کەمبوونی توانای دەوڵەتان بۆ دروسـتکردنی ئاسایـشی عـورف نییـە، بـەڵکو بـە پێـچەوانەوە دەبێـت لـە گۆڕانی لۆجیکی دەوڵەتان لە رەهەندی ئاسایـشی لـە فـەزای جیهـانی بـاس بکەین. هەروا کە کلارك دەڵێت: جیهـانیبوون بـەمانای گـۆڕان لـە تێکـستی دەرەکی کە دەوڵـەتان ئاسایـشی لێدروسـت دەکـەن نییـە، بـەڵکو پرۆسـەی جیهـانیبوون سـەرهەڵدانی گۆڕانکـارێکی بناغـە هەڵکەنـە لـە پێکهاتـەکانی دەوڵـەتانی مـۆدێرن. کەواتـە تـەنیا نـاتوانین لـە قـەیرانێك قـسە بکـەین کـە سەروەری دەوڵەتان لە رەهەندی سەربازی خستووەتە ژێر پرسیار.

بـەڵکو وا دیـارە ((دەوڵـەت– نەتـەوە)) وەك پـاڕادایمی سیاسـی زاڵـی سەردەمی مۆدێرنیتە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێونەتەوەیی تووشی قـەیرانی بناغــەیی هــاتووە. هــەروا کــە رابرتــسۆن دەڵێــت: جیهــانیبوون تــەنیا (دیاردەیــەکی) پەیوەندیــدار بــە پێکهاتــەکان، رێکخراوەکــان و تۆڕەکــان (Networks) نییە، بەڵکو رێگەیەکە کە ئێمە لە ئەوەوە سەبارەت بـە ژیـانی کۆمەڵایەتی و جێگەی خۆیان بیر دەکەینەوە.

سەرچاوەی فۆرم گرتنی پارادایمی دەوڵەت–نەتەوە دەبێت لە گۆڕانکاریی خێرا و شایانی تێگەیشتن بزانین کە هێدی هێدی لە کۆتایی سەدەی سێزدەیەم روویاندا. والێر شتاین لە بەرگی دووەمی پەرتووکی ((سیستەمی جیهانی مۆدێرن)) سەرهەڵدانی ئەم گۆڕانکاریانە بە لەناوچوونی پەیوەندییەکانی کەنیسە لە کۆتایی سەدەی سێزدەیەم دەزانێت. بەبۆچوونی ئەو لەم ساڵانە عورفەکان و شوناسەکانی سەرووی نەتەوەیی سەدەکانی ناوەڕاست هێدی هێدی لەناوچوون و کۆمەڵانێك سەریانهەڵدا کە دەتوانین ئەوە وەك وێنەیەکی سەرەتایی دەوڵەت نەتەوەکانی ئیمڕۆ بزانین.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی دەوڵەت– نەتەوەکان خەریکی فۆرم گرتن بوو جەنگی خوێنین روویاندا کە زیاتر لەهەر شتێك دیاریکەری ئەوە بوو کە ((قەیرانی شوناس)) لە گۆتارەکانی کەنیسەیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا هەبوو. لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕەکانی 30 ساڵەی ئەورووپا رێککەوتننامەی وێستفالیا روون بوو کە پرۆسەی سیستەمی جیهانی لە پارادایمی دەوڵەت–نەتەوە لە شەڕێکی درێژ سەرکەوتووو بوو.

بە وتەی باری بۆزان لە ماوەی ئەم پرۆسەیە ((دەوڵەت)) وەك شوناسێکی بگۆڕ لە شانۆ دروست بوو. بەبیری ئەو واتای سەرەکی ئەم وشەیە ئەمە بوو کە شوناسێکی سیاسی رێکخراویی و سەربەخۆ لە سەر بنەمای هەرێمی فۆرمی گرتووە، کە لە سەر ئەو میکانیزمە ((حکومەت)) وەك رێکخراوێکی ئامانجدارە کە جیاوازە لە رێکخراوەی کۆمەڵگا کە شیاوی دیاری کردنە. لەمە بەدواوە دەوڵەتان بە جیاوازکردنەوەی خۆیان لە ((کۆمەڵگا))، عەشیرەتەکان و فۆڕمەکانی تری ((کۆمەڵگای بێ دەوڵەت)) (tatless societies) وەك هێزی زاڵی وڵات دەرهاتن و پەیوەندی نێوان دەسەڵاتداران و ئامانجەکانی حکومەت فۆڕمی پارادایمی نوێیە. باری بۆزان لە یەك ئاراستەی مێژووی نیشانی دەدات کە ئاسایش لە ماوەی ئەم پرۆسەیەدا تووشی گۆڕان و گۆڕانکاری هاتووە. ئەو



لەم پرۆسەیە ئاسایش بە خاوەنی دوو رەهەندی ناوخۆیی و دەرەکی دەزانێت کە لە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و دوولایەنە لە سەریەك کاریگەریان هەیە. لە روانگەی ئەو لە فۆڕمی پێش وێستفالیا ئاسایش لە رەهەندی ناوخۆیی لە فۆڕمی سەرەتایی خۆیدا زیاتر بە ئیمپراتوڕان و پاشاکانەوە گرێدرا بوو. سنوورەکان لەسەر بنەمای شەڕەکان دەگۆڕان و ئاسایش بەو بنەماڵەوە کە لە لوتکەی هێز بوو گرێدرابوو. لەم سەردەمە هاوڵاتیان واتایان نەبوو. پەرەسەندنی دەوڵەتانی مۆدێرن کە جێگەی دەسەڵاتدارییەتی تاك و خێزانیان گرتبوو، یەکەم جار لەلایەن پاشا زاڵمەکان فۆڕمی گرت. لە گۆڕان لە پارادایمی سیستەمی نێونەتەوەیی لە چەمکی کەنیسەیی ئەو دەوڵەت–نەتەوە، باری بۆزان روونی دەکاتەوە کە خەڵك چون لە بابەتێکی حکومەتی بۆ هاوڵاتی گۆڕا. ئەو چوار فاکتەری سەرەکی لەم گۆڕانکاریانە بە کاریگەر دەزانێت. یەکێك لەوانە پەرەسەندنی بۆروکراسی دەوڵەتی بوو، کە رۆڵی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای لە ئەستۆ بوو. هەروا کە ئەم بۆروکراسییە گەشە دەکات، دەسەڵاتی دەوڵەتان بەهێزتر بوون و دەوڵەت سەرتر لە حکوومکردنی بنەماڵەیی سەقامگیر بوو.

دووم ئەمەیە کە چینێکی سەربەخۆی ئابووری لە دەوڵەت فۆڕمی گرت. گەشەکردنی ئەم چینە سەرچاوەکانی دەوڵەتی فراوان کرد، بەڵام هەروەها بووە هۆی سەرهەڵدانی ئاڵۆزی چینایەتی و ناوەندەکانی هێز و سەرچاوەکانی لەناو دەوڵەتان جۆراوجۆر کرد.

فاکتەری سێیەم سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم وەك ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتان بوو. ئەم هۆکارە خەڵکی لە بابەتی حکومەتی بۆ هاوڵاتی گۆڕاو و دەوڵەت و کۆمەڵگای ناردە ناو پێکهاتەیەك لەگەڵ پاڵپشتییە دوولایەنەکانیان. هەروا کە مایال (mayall) بەڵگە دێنێتەوە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم نە تەنیا پێکهاتەی دەوڵەتانی گۆڕی، بەڵکو ئەم خاڵەشی روون کردەوە کە چۆن نەتەوەکان بەیەکەوە بەستراونەتەوە.

چوارەم ئەمەیە کە سەرهەڵدانی دیموکراسی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە دەسەڵاتداران بۆ خەڵکی بەدیهێنا. ئەم بارودۆخە دەوڵەتانی مۆدێرنی زیاتر لە هەر کاتێکی تر والێکرد تانیسبەت بە هەرێمی دەوڵەت نەتەوە دەسەڵات بگێرن. سەرەڕای ئەمە پێکهاتەی دەوڵەتیشی ئاڵۆزتر کرد، یەکگرتنی کۆمەڵایەتی بەهێز کردوو بەستراوە بوونی خەڵک بەناوی هاوڵاتی حکومەتی زیاتر کرد. لەم رووەوە سەرهەڵدانی دەوڵەت–نەتەوە وەك پارادایمی ((سیاسی)) جیهانی مۆدێرن ریشەی لە سەرهەڵدانی گوتاری مۆدێرنیتە بوو. بەواتایەکی تر بوونی دەوڵەت– نەتەوە وەك جۆرێك پەیکەر بەندی تایبەت، تایبەتمەندی سەرەکی نوێبوونەوە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێونەتەوەیی بەئەژمار دێت.

لەسەر وتەکانی فۆکو لە کۆتایی سەدەی شانزە بەجارێك گۆڕانێکی زانستیانەی قوول روودەدات کە چیرۆکی کۆتایی سەردەمی کلاسیك و سەرهەڵدانی مرۆڤی مۆدێرنە. بەم واتایە کە رۆژگارێك مرۆڤ لە دەرەوەی ناوەڕۆکی شانۆی سیستەمی جیهان و سیستەمی بوونی سەردەمی کلاسیك بووە، یەکجارە دەچێتە ناو فەزای سەردەمی مۆدێرن. چونە ناوی مرۆڤ بۆ سەر شانۆی هزر دوو دەسکەوتی بنەڕەتی بۆی هێنا. لە لایەك مرۆڤ جێگە و پێگەی واتاداری دەسکەوت بوو و توانای رێکخراوەیی و رێکخستنی دیاردەکانی جیهانی بە دەستهێنا و لە لایەکی تر بە ناوەندی مرۆڤ، مرۆڤیشی خستەژێر لێکۆڵینەوەی خۆی و لەمە بەدواوە بابەتێك کە شایانی ناساندن بوایە دەخرایە بەر توێژینەوە.

لەم وتەیە هەروا کە گیدنز دەڵێت چەمکی ((خوود)) جۆرێك دووبارە بیرکردنەوەیە (self monitoring) لە رووداوەکانی کۆمەڵایەتی. هەڵبەت بە بیری ئەو ئەم دووبارە بیرکردنەوە لە کۆمەڵگاکانی پێش مۆدێرنیش هەبووە، بەڵام بە وتەی فۆکۆ رۆڵی مرۆڤ لەم بارودۆخە راڤەو بڵاوکردنەوەی پرسێکی تەواو خوایی بووە و واتای ئەو لە رێگەی گەڕانەوە بۆ رابردوو



شایانی تێگەیشتن بوو، بەڵام لە جیهانی نوێ ((دووبارە بیرکردنەوە)) بەواتای کرداری عەقڵانی و لە رێگەی بوارەکانی عەقڵانی لە هەموو رووبەرەکانی ژیان بوو.

لە سەردەمی نوێ، کەواتە مرۆڤ وەك منی واتادەر بەچەمکی کانتی ئەو سەریهەڵداو بە وتەی فۆکۆ خۆی دروست کرد و بووە داهێنەری جیهان. بۆ تێگەیشتنی چاکتری ئەم بابەتەو جێگەی ئاسایش لە پارادایمی ((دەوڵەت–نەتەوە)) دەتوانین سێ ئاستی لێکدانەوەی تاك، دەوڵەت و سیستەمی نێونەتەوەیی باری بۆزان لە کتێبەکەی خۆی بەناوی ((خەڵك، دەوڵەتان و ترس)) بەکاربێنن.

فەزای تایبەتی سەرزەمین لەگەڵ زمان، ئەفسانە و ئوستوورەکان شوناسێکی سەربەخۆیان رێپێدەدا و دەوڵەت–نەتەوە ئیشی پاسەوانی لەم واتا و کولتووره هاوبەشەی لە ئەستۆ بوو لە رێگەی دەسەڵاتی، ئەوەی ئەنجام دەدا. کەواتە سەروەری وەك تایبەتمەندی بنەڕەتی دەوڵەت دەرهات. گریمانەی سەروەری بە فۆرمێك کە سەبارەت بە دەوڵەتانی مودێرن بەکار دەهات ماف یەك دەسەڵاتی یاسایی لە رێگەی بەکارهێنانی هێز لە ناوەوە و هەبوونی دەسەڵات خەریکی شەڕ لە دژی دوژمنانی دەوڵەت و لە چوارچێوەی ناسەربازی هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی و پێشکەوتنی ئەوانیدەدا.

لە ئاستی نێونەتەوەیی پیشەسازیی بوونی ئابوورییەکانی دەوڵەتان لە ئەورووپا و بنەماکانی بازاڕ، گۆڕانی دەوڵەتەکانی نەتەوەیی نوێی بۆ لای کۆمەڵگای نێونەتەوەیی تێکەڵ راکێشا. لەم پرۆسەیەدا هەروا کە راگی دەڵێت دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەڕووی کارکردنەوە لە یەکدەچن، بەڵام لە بواری سەرزەمین لەیەك جیاواز بوون.

لە ئاستی سیستەمی پرۆسەی دەوڵەت–نەتەوەسازی ئەورووپا پاش کۆتایی جیهانیبوون ((دەوڵەت–نەتەوە)) وەك پارادایمی زاڵی پەیوەندییە

نێونەتەوەییەکانی جێبەجێ کراوە. لەسەر پارادایمی رۆستۆ لەم ماوەیە، قۆناغی بازدانی خۆی تێپەڕاندووە.

دەوڵەت –نەتەوەکانی سەربەخۆ و بەهێز وەك ناوەندو سەرچاوەی سەرەکی شوناس هاتنە کایەوە. هەر لەم کاتە بڵاوبوونی پیشەسازی بە شێوەیەکی بەرچاو جیهانی وەك یەکێك دەرهاورد.

لە پارادایمی نوێی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی کەوتە ناو دوو تەوەری هێز و ئایسایش و وشکانی وەك سنووری سەرزەمین، دوژمن، ئاسایش، هەڕەشە سەربازییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی جێگر بوو. ئەو جۆرە کە راگی پێیوایە تایبەتمەندی سەرەکی سیستەمی مۆدێرنی حکومەت واتا دەوڵەت- نەتەوە رێکخراویی سەرزەمینی ژیانی سیاسی بوو کە لەژێر ئەم ناوەندە باوڕپێکراو و شەرعییەتی پەیدادەکرد. لەم پارادایمە ئاسایش بە رووبەرێك دەڵێن کە دەوڵەتان هەڕەشە و گەف لە یەکتر دەکەن، سەرروەری یەکتر تووشی قەیران دەکەن، حەزەکانی خۆیان بەسەر ئەوانی تر دەسەپێنن و لە سەربەخۆیی خۆیان بەرگری دەکەن.

لە روانگەی ریالیستە کلاسیکییەکان وەك خوێندنگای فکری زاڵ و گەورەی سەدەی بیستەم، بەهۆی رەفتارێك کە لە پێکهاتەی نێونەتەوەیی هەڵدەستێت –کە خۆیشی ریشەی لە پێکهاتەی مرۆڤایەتییە- دەوڵەتانی شەڕکەر دیارن. کەواتە لە روانگەی ئەوان پێکهاتەی نێونەتەوەیی بەفۆرمی خوارەوە دەکێشرا:

1- پێشبرکێی نێوان دەوڵەتان لەسەر هێز بووە هۆی فراوانبوونی نائەمنی.

2- ئاسایش لەسەر بنەمای خۆناوەندی (خۆچەقی) پێناسە دەکرا، چونکە هیچ جۆرە نورمێکی کاریگەر و دیار و زاڵ لە سیستەمی نێونەتەوەیی نابیندرێت.

3- پێویستییەکانی ئەخلاق بە شێوەیەکی زۆر کەم بەکاردەهێنرا، چونکە هیچ جۆرە روانگەیەك لەم نۆرمە ئەخلاقیانە ناتوانین لە رەفتاری ئەکتەرەکانی تر دووبارە بیری لێبکەینەوە.



4- بەهۆی خۆچەقی دەوڵەتان لە پاراستنی ئاسایشی سەرزەمینەکانی خۆیان، ئاسایش رەهەندێکی ناکۆکی بەخۆیی گرتبوو.

5- بەهۆی بەکارهێنانی هێز بۆ خولقاندنی ئاسایش، هێزە گەورەکان لە سیستەمی نێونەتەوەیی هێزی زاڵبوون.

بەبیری ریالیستەکان پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی زۆر لەو کۆمەڵگایە دەچێت کە هۆبز باسی کردووە. هۆبز لە لیڤیاتان هەلومەرجی پێش کۆمەڵگایی (per-society) باس دەکات، کە لەوێ هیچ دەسەڵاتێکی یاسایی نییە. ئەو ئەم هەلومەرجە بە هەلومەرجێکی سروشتی (state of nature) ناو دەبات. ژیانی مرۆڤ لەم هەلومەرجە کورتەدا ناخۆش و پڕ شەڕە. مرۆڤ گورگی مرۆڤە و شەڕی گشتی روودەدات. لەم دۆخەدا بەبیری هۆبز ئاسایش ئامرازێکە بۆ هەڵهاتن لە ترسی بەردەوام لە مەرگ و کوشتن، و دامەزراندنی حکومەت لە راستیدا بۆ دابینکردنی ئاسایشە.

جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی دیاریکرد کە پارادایمی دەوڵەت – نەتەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە سەرزەمین گرێدراوەو جەنگی هێز لەناو دەوڵەت –نەتەوەکان پرسێکی جیهان گیرە. لەم رووەوە دەبێت لە بەرامبەر ئەم کاردانەوە بێستین کە جێگەی دەوڵەت –نەتەوەیی لە ماوەی سەدەی نۆزدە و بیست زیاتر لەوەی کە ریشەی لە رەفتاری دەوڵەت- نەتەوەکان وەك کاردانەوەی زاڵ لە شانۆی جیهانی بێت، ریشەی لە پارادایمی زاڵی دەوڵەت –نەتەوە بووە. دەوڵەت –نەتەوە بە چەمکە وێستفالیاییەکەی خاوەنی واتا بوو و ئاسایشی جیهانی لە رێگەی ئەو پێناسە دەکرا. ئەم گریمانەی ئێمە بە هەڵوێستی دامەزراوە خوازە نوێکان چوارچێوەی دامەزراوی نۆرمەکان و یاسای کولتووری و بە بیری ئێمە گوتاری وێستفالیایی لەبەر رەفتاری دەوڵەت بوو.

بۆچوونی دیسپلینی نەگۆڕ لە رەفتاری دەوڵەتان ئەم گریمانە سەرەکییە لەبەرچاو ناگرێت کە خێرایی گۆڕانەکانی ژینگە دەتوانێت

پارادایمی زاڵ لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بێ کەڵك بکات. هەروەها کە لە پرۆسەی جیهانیبوون ئێمە بینەری بێ کەڵك بوونی گوتاری دەوڵەت–نەتەوە لە ناوەوەین، ئەم دۆخە نە تەنیا رۆڵی دەوڵەت–نەتەوە وەك سەرچاوەی واتا دایین بە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بێکەڵك دەکات، بەڵکو پێکهاتەی دەوڵەت بە واتای یەکەش تووشی شکان دەکات. لە ماوەی فۆڕم گرتنی دەوڵەت–نەتەوەکان وەك پارادایمی مودێرنیتە، سەرزەمین وەك فەزایەکی ئاسایشی بۆ رەفتاری دەوڵەتان کاردەکات. ئەم فەزا شوناسییە دەبێت بەهۆی دروستکردنی پێکهاتەی شوناسی، پێکهاتەکانی جیهان ناسی (cosmological) ئاریستوکراسی لە ئەوروپادا. هێزی هەژموونێکی خۆیان بەسەر تەواوی رووبەرەکانی تاك و کۆمەڵگای مرۆڤی مۆدێرن بڵاو کردەوە. لەم روانگەیە (کۆمەڵەی گەلان و نەتەوەیەکگرتووەکان)) وەك دوو رێکخراوە لە بەرامبەر رەفتاری شەڕخوازانەی دەوڵەتان لە شانۆی پەیوەندی نێونەتەوەیی بەدەرکەوتون و ناتوانین لە دەرەوەی پارادایمی ئاسایشی زاڵی دەوڵەت–نەتەوەکان لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە. هەڵبەت کۆمەڵەی گەلان و نەتەوەیەکگرتووەکان رێککەوتنی دەوڵەتانە لە پێناسەی ئاسایشی نوێ لە جیهانێکی تێکەڵاو لە دەوڵەتان، بەڵام سەرنەکەوتنی یەکەم و بەربەستەکانی ئامرازی دووەم بۆ دروستکردنی تیۆرێکی نوێی ئەمنییەتی لە سەرووی وتاری ریالیستەکانە و رۆڵی بۆ دروستکردنی پارادایمێکی نوێ سەرکەوتووو نەبوو. بە وتەی ویلیان زارتمێن ئەم سیستەمە هیچ کات خاوەنی پێکهاتە نەبووە و تەنیا وەك نموونەیەك لە چالاکییەکان و نە یەك سیستەمی دیسپلینی نێونەتەوەیی سەریهەڵداوە.

مانەوەی پارادایمی دەوڵەت–نەتەوە لە شەپۆلی سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم و یان سۆسیالیزم و تەنانەت سەردەمی شەڕی ساردیش روون



بووە و سەرهەڵدانی دەوڵەتی بەهێزی یەکیەتی سۆڤیەت و پەیوەندی سەربازی ئەو لەگەڵ ئەمریکا وەك هێزێکی تری جیهانی ئەم بنەمایەی ریالیستەکان کە یەکەمین و تەنیا بنەمای مەرگ و ژیانی سیاسی، هێز و ئاسایشە دووبارە دەکاتەوە.

لەم رووەوە، لە سەردەمی شەڕی سارد بەهۆی گرێ خواردنی هێز، ئاسایش و ئایدیۆلۆژیا وادیار بوو پارادایمی نوێ لە ئاسایش سەرترە لە گوتاری دەوڵەت–نەتەوەکان کە خەریکە فۆڕم دەگرێت. سەرهەڵدانی ئینترناسیۆنالیزمی یەکەم و دووەم بەواتای لەیەکپچڕانی بنەڕەتی ئەم گوتارە بوو، بەڵام روودانی جەنگی جیهانی دووەم سەلماندی کە بیرۆکەی دنیای یەکگرتووی پرۆلتاریایی شتێك زیاتر لە یۆتۆپیای ئامانجدار نەبووە، کەواتە بیرۆکەی جیهانگیری کۆمۆنیزمیش پێناسەیەکی نوێ لە ئاسایش دابین بکات. سەرەڕای ئەمانە ئەگەرچی پارادایمی سۆسیالیستی یەکیەتی سۆڤیەت دەوڵەتی خستەژێر سایەی تیۆرەکانی فەلسەفەی سیاسی خۆی و ئەوی وەك ئامرازێکی نیفرەتاوی بۆ دەسەڵاتی چینەکان داینا، بەڵام خۆی وەك دەوڵەتێکی گەورەو نەخۆشی لێهات. لە جەمسەری بەرامبەریش ئەم شەپۆلە یارمەتی بەرچاوی بەسەقامگیری هەڵویستی پارادایمی نەتەوە–دەوڵەت کرد. لە سەردەمی شەڕی ساردیش پەیوەندی ئاسایشی یەکیەتی سۆڤیەت و ئەمریکا لەسەر بنەمای شۆڕشی ئەتۆمی و سەردەمی ترس، ئاسایشی لە رەهەندی سەربازی بەستبوو، و تەنیا تایبەتمەندی ئایدیۆلۆجیکی پێدابوو. لە ماوەی شەڕی سارد پرسیاری بنەڕەتی کە لە بەرامبەر تیۆری دانەرەکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی ئەمە بوو کە بە لە بەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکانی ئەتۆمی دەوڵەتان چۆن دەتوانن لە چەکە کۆکوژەکان وەك ئامرازێکی سیاسی کەڵك وەربگرن. بە ئامانجی دۆزینەوەی وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە و لەگەڵ چالاکی فراوانی یاسایی سەبارەت بە ستراتیژییە جۆراوجۆرەکان، خوێندنەوەی بنەڕەتیان لە بوارەکانی

ڕێگەگرتن و گەڤی ناچار کردن ئـەنجام داوە. هـەر لـەم ڕێگەیـە زانایـانی تـر بەهێنانـە گـۆڕێ و خوێندنـەوەی مەسـەلەکان وەك پەرەسـەندنی سـتراتیژی کارا بۆ شەرەکانی گشتگیری داهـاتوو ئالتێرناتیفـەکانی شـەڕێکی ئـەتۆمی، شـەڕە نافەرمییـەکان، سیاسـەتە جێگیرەکـان و دیـاریکردنی ئامانجـەکان و بەها شاراوەکانی کۆنترۆلی چەکەکانیان کردووە.

کەواتە پارادایمی ئاسایشی زاڵ لە سەردەمی شەڕی سارد وێنەی عـورفی خـۆی پاراسـتووە و دوو بنـەمایی پێـشبڕکێی چـەکەکان و ناکۆکییـەکانی ئایدیۆلۆجیك پێویـستی سـەرەکی هێـز و توانـای لـە جـۆری سـەربازی شـی دەکردەوە. لەم ڕووەوە شەڕی سارد دەبێت بە خولی ڕۆیشتن لە پـارادایمی دەوڵـەت– نەتـەوەکان بـە گوتـاری جیهـانیبوون دابنرێـت. ئەگەرچـی بـە شـێوەیەکی گـشتی شـەڕی سـارد لـە سـەرهەڵدانی پـارادایمی جیهـانی و پرۆسەی ئەم بەرگری کرد.

## دۆزینەوەی پێکهاتەی گوتاری جیهانیبوون

بە بیری زۆربەی زانایان، جیهانی ئەمڕۆ تووشی نائەمنی و ناسەقامگیری بـووەو نائـەمنی پێکهاتـەی جیهـانی هەیـە، لـە زۆربـەی شـوێنەکانی جیهـان زۆربەی خەڵك لـەم نائەمنییـە و ناسـەقامگیرییە تێگەیـشتوون. فراوانبـوونی ناکۆکییەکان، هەڕەشـەکانی تۆقێنـەر، نەخۆشـییەکانی مەترسـیدار، ئایـدز، کوشـــتنی زنجـــیری بێکـــاری، چـــالاکییەکانی تیرۆریـــستی، گەنـــدەڵی خاوەندارییـــەتی و خۆشـــگوزەرانی و کەمکردنـــەوەی ڕۆڵـــی دەوڵـــەتان لـــە یەکگرتنی خەڵك و هاولاتیانی خۆیان، وێنەیەك لەم شێوانەیە.

سەرەڕای ئەمە زۆربەی کتێب و وتارەکـان کـە ئـەمڕۆ دەنووسـرێت، لـە سەرمایەداری ڕێکنەخراوە قسە دەکـەن. ئـەوان دەڵـێن کـە هـیچ بازنـەیـەکی پەیوەنـدی لـە نێـوان پرۆسـەکانی جیهـانیبوون نییـەو نـاکۆکێکی قـوڵ لـە گوتاری مودێرنیتە خەریکی سەرهەڵدانە.



بـەو جـۆرە کـە ویلیـام زارتمـێن دەنووسـێت: ئەگـەر ئـەمڕۆ سـەیرێکی ڕۆژنامەکان بکەین کە دەردەکرێن تـا بـزانین کـە (گۆی) زەوی خـاڵی و بـێ وێنەیـە و تـاریکی بەسـەر قوڵایـەکانی ئـەو سـێبەرە خـستووە. سیـستەمی دووجەمـسەری ڕووخـاوە و دیـسپلینی جێگـرەوەی ئـەو لەسـەر بنـەمای یەکـسانی دەوڵـەتان شـتێکی زیـاتر لـە ئەفـسانە نییـە. دیـسپلینی دووجەمسەری واتاو ئەستوورەکانی تایبەت بەخۆی بوو و ڕاستی هێـز ئـەوی بەئەو دەبەخشی چ لەناو هێزەکان و چ لـە نێـوان ئـەوان، بـەڵام ئێـستا ئـەم جەمسەرانە لەناوچوون و ناوچەخوازی بەسەر دیسپلینی جیهانی زاڵ بـووە، بەڵام بەبێ ئەوەی کە هیچ جۆرە دیسیپلنێك واتایی ببێت.

لەگـەڵ ئـەم بـێ واتایـە و بـێ دیـسپلینییەی ((پرۆسـەی جیهـانیبوون)) واتـای ئـاژاوە و فـەوزا (chaos) نییـە، ئـەوەی کـە خـەریکی لەناوچـوونە ((جیهان)) و سیستەمی جیهانی نییە، بـەڵکو وادیـارە چـەمکەکان و یاسـای گوتـاری، گوتـاری جیهـانی، سیـستەمی وێـستفالیایی تووشـی گـۆڕان، گۆڕانکاری و بێواتایی بووە. تەنانەت دەتوانین لە بزاڤێکی ئارامی پرۆسـەی جیهانیبوون بۆلای سیستەمێکی شایانی تێگەیشتن قسە بکەین.

لـە ڕوانگـەی زۆربـەی ئـەو کەسـانەی کـە بیریـان لـەم مەسـەلەیە کردۆتـەوە گوتـاری نـوێ شـیاوی پێـشبینییە. فریـدمێن بـە خـستنەڕووی دیاریکـەرەکان نیشانی دەدات کە پێکهاتەی نوێ لە کرداری دوولایەنـەی نێـوان سـەقامگیری و ناسەقامگیری خەریکی سەرهەڵدانە. بـەبیری ئـەو زیـاتر لـە دوو دەیـەی ڕابـردوو پرۆسەیەکی ڕوو لـە فراوانبـوون لـە ناوەندسـڕینەوە، کۆبوونـەوەی سـەرمایە لـە جیهـانی ڕۆژئـاوا لـە پێـوەری جیهـانی سـەریهەڵداوە. لـەکۆتایی دەیـەی 1950 نـاردنی سـەرمایەی ئـەمریکا بـۆ ئـەوروپا و ژاپـۆن بـووە هـۆی بزاڤـی نـوێ لـە سەرمایەداری لەو شوێنانە.لە کۆتـایی دەیـەی 1960و 1970 ئـەم پرۆسـەیە بـە ناوچەکانی باشووری و بەتایبەت ئاسیا گەیشت. ناوەندە نوێکـانی پەرەسـەندنی ئابووری هاوکات لەگەڵ ئـەوەی کـە ناوەنـدە کۆنـەکانی کۆکردنـەوەی سـەرمایە

رووبیان لەکەمکردن کرد، رووبیان لە گەشەکردن کرد. ئەنجامی ئەمە بوو کە پێشبڕکێ و ناسەقامگیری گەشەی کرد، بەڵام سەرەڕای ئەمە سیستەمی سەرمایەداری بەهۆی ناوەندەکانی جۆراوجۆری کۆکردنەوە (سەرمایە) ئاڵۆز بوو و وێنەیەکی نوێی لە سیستەمی جیهانی دروست کرد. لە رەهەندی کولتووریش لە ناوەڕاستی دەیەی 1970، زۆربوونێکی بەرچاو لە دروستکردن و گەشەکردنی سیاسەتە کولتوورییەکانی دیار کەوت و گۆڕانکارێکی گشتی لە سیاسەتەکانی مودێرنیتە کە لەسەر بنەمای چاکترین پێشکەوتن و پەرەسەندنی جیهانی بوو بە شوناسەکانی کولتووری وەك چەندێری نوێ دەستی پێکرد کە ئەم دۆخە شوناسی نوێی دروست کردوو ناوچەخوازی و عەشیرەت خوازی تایبەتی لە پێکهاتەی دەوڵەتی دروست کرد تا ئەو جێگەیە کە هەندێك لە دەوڵەتان پێکهاتەی عەشیرەت خوازییان گرت. ئاڕاستەی سیاسەتەکانی دەوڵەت نیسبەت بە کەمینەکان لە وەك یەك لێکردن بۆ چەند کولتووری گۆڕاو خۆی لە خۆیدا بووە هۆی ئەوەی جۆرێك فرەخوازی لە سیستەمی جیهانی دروست ببێت. کەواتە هاوکات لەگەڵ فراوانبوونی ناسەقامگیری، حەزێکی توند بەنیسبەت پێکهاتەی نوێ بۆ فۆرم بە دیسپلینی نوێ و یاسادار هاتە بەرچاو. لەگەڵ گشتی ئەمانە ئایا دەتوانین لە پارادایمێکی نوێ کە لە پرۆسەی جیهانیبووندا خەریکی سەرهەڵدان بێت هەوڵبدەین. گرنگترین گریمانە کە ((پرۆسەی جیهانیبوون)) بۆ زانایانی دابین کردووە ئەمەیە کە ئیتر ناتوانین جیهانی گۆڕاوی ئەمڕۆ لە ناوەندێکی لێکدانەوەی تایبەت بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە و تێگەیشت. پرۆسەی جیهانیبوون ئەم خاڵەی سەلماندووە کە ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤ تووشی گۆڕانی بەردەوامو جۆراوجۆرە، شوناسەکانی تایبەت و بێگەرد کە لەسەر بنەڕەتی لێکدانەوەی ناوچەیی، جیهانی، تاکی و وەك ئەوان فۆرمیان گرتووە شکاون و لە روانگەی سنوورەکانی سەرزەمین دەوڵەت و نەتەوە ناتوانین ژیانی مرۆڤ دیار بکەین.



لەم رووەوە پارادایمی زاڵی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان کە پاش فۆرم گرتنی سیستەمی جیهانی لەسەر بنەمای رێککەوتننامەی وێستفالیاو دەوڵەت–نەتەوە دروست بوو ناتوانین لە پرۆسەیی جیهانیبوون تێبگەین. ئەم قسە بەو واتایەیە کە بۆ تێگەیشتنی رووداوەکانی گۆڕاوی جیهانی ئەمڕۆ پێویستیمان بە ئاستێکی لێکدانەوەیە، لە سەرەتادا دەوڵەت–نەتەوە وەك ناوەندی بنەڕەتی خوێندنەوە لە بەرچاو دەگرین لەگەڵ پەیوەندییەکانی سەرووی کۆمەڵگا و نێوان کۆمەڵگاکان کە دەبێت بایەخی پێبدەن و دووەم گوتاری جیهانیبوون بەچەمك و واتای سەربازی کە بە فورمێکی فیکس، سەقامگیر و زاڵ، پێویستییەکانی خۆی بەسەر یەکە نەتەوەییەکان و تاکەکان، کردارکەرە ناعورفییەکانی حکومەت، گروپبەندی ناوخۆی نەتەوەکان و هەروەها گروپەکانی سەرووی نەتەوەو جیهانی دەیسەپێنێت دوری بکرێت.

لەم رووەوە هەروا کە ئۆکسفۆرد دەڵێت: دۆخی کۆمەڵگا لە بوارەکانی جیاواز و جۆراوجۆر بکێشرێت. بە بڕوای من دەبێت بەتوندی سەرنج بدەین بە پەیوەندی نێوان رەگەزەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتووری کاریگەر لە فۆرمدان بە بناغەی سیستەمی بوونی جیهانی و سەبارەت بە بەهاکانی جیاوازەکانی عورفی نێوان ئاستە قووڵەکانی بچووك و گەورە لانیکەم هەڵوێستی دیسانترالیزم بگرین.

بابەتی ئۆکسفۆرد بەواتای ئەمەیە کە هێشتا بناغەکانی گوتاری نوێ بۆ تێگەیشتنی دیاردەکانی جیهانی تەواو نەبووە. بە بڕوای ئۆکسفۆرد ئێمە چاکترە لەم کاتە وەك پێش گریمانەی کۆهێن ناو ببەین لە کاتێکدا پارادایمێکی نوێ و گرنگ هەنووکە دروست نەبووە سیستەمی جیهانگیری وێستفالیا ناوەڕۆکی خۆیان سەبارەت بە تێگەیشتنی دیاردەکانی جیهانیبوون لەدەستداوە. هەنووکە ناتوانین لە پارادایمی زاڵی جیهانیبوون قسە بکەین و ئەم بابەتە هەرجۆرە ئارەزوو بۆ لای یەکگرتن سنووردار دەکات.

## قەیرانی واتاو رۆشنگەری

ئەم قسەیە کە سەردەمی شەڕی سارد وەك سەردەمی رۆیشتن لە پارادایمی دەوڵەت– نەتەوە بە گوتاری بێ فۆرمی جیهانیبوونە بەم واتایەیە کە شەڕی سارد بەرگری لە پرۆسەکانی روو لە گەشەکردنی جیهانیبوون کردووە.

تەنانەت گریمانەکانی دیسپلینی نوێی جیهانی کە جۆرج بۆش سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە سەردەمی فۆرم گرتنی ناکۆکییەکانی دووجەمسەری لە کەنداوی فارس (لە سیپتەمبەری1991) خستیەڕوو بە واتای سیستەمی سەرتر لە سەردەمی شەڕی سارد و رووبەڕووی سیستەمی دووجەمسەری نەبووە.

بەم واتایە سیستەمی دووجەمەسەری ئەگەرچی ماوەکەی کورت بوو بەخێرایی رووخا، بەڵام دیاریکەری،کۆنترۆڵی بەهێز بەسەر شوناس و رەفتاری دەوڵەتان بوو و سێبەری قورسی ئەتۆمی دوو زلهێزەکە بە وتەی جۆفیێ (joffe) مێژووی بۆ ماوەی چل ساڵ بەستەوە. هەڵبەت دیسپلینی جیهانی لەسەر بنەمای سیستەمی دووجەمسەری ئۆستوورەکان و واتای تایبەت بەخۆیان بوو بە ئامرازی هێزی زاڵ و راست (beall) چ لەناو جەمسەرەکان و چ لە نێوانیان دووبارە پێناسە دەکرا. ئەو جۆرەی کە ویلیام زارتمێن دەنوسێت: لە سەردەمی شەڕی سارد هێز و واتا (meaninig and power) لەلایەن زلهێزەکان فۆرمیان دەگرت. کەواتە لەناوچوونی ئەم جەمسەرە {لەگەڵ کۆتایی شەڕی سارد} بەواتای لەناوچوونی سیستەمی دیسپلینی جیهانییە کە ئەوان لە هەموو فۆرمەکان و ئۆستوورەکانی ئەودا پێکیانهێنابوو. نەتەنیا ئایدیۆلۆژییەکان کە بە رووداوەکان واتایان دەبەخشی توانای خۆیان لەدەستدا، بەڵکو وێنەکانی ئەم دوو پێکهاتەی کە بۆ لایەنگرانی خۆشیان هێنابوویان رووخا. تاکو پێش کۆتایی شەڕی سارد بە خەڵك دەوترا کە دۆست و دوژمنی ئەوان کێیە {و لە کام هەڵوێست تووشی هەڕەشە دەبن}، بەڵام ئەمڕۆ نەتەنیا متمانە بە نیسبەت ئەوان لەناوچووە، بەڵکو دۆست و دوژمنیش تێکەڵاو بوون.



لەناوچوونی دیسپلینی دووجەمسەری و رووخانی یەکیەتی سۆڤیەت زۆربەی زانایانی لایەنگری رۆژئاوا لە چاولێکردنی یەکەم هاندا تاکو سەرکەوتنی رۆژئاوا و سەرکەوتنی دیموکراسی رۆژئاوا وەك رێکخراوێکی جێگیر ناوی لێ ببەن. دیسپلینی نوێی جیهانی کە بەبیری ئەوان جێگرەوەی جیهانی دووجەمسەری دەبوو، روانگەیەکی نیشاندەدا کە لە نەمانی یەکیەتی سۆڤیەت، ئەمریکا دەبێتە تاکە زلهێزی راستی و لیبراڵیزم و لە رێگەی رێکخراوەکانی چەند لایەنە وەك ((بانکی پەرەسەندن و چاککردن)) و((سندوقی نێونەتەوەیی پارە)) و ((رێکخراوی پەرەسەندنو هاوکارییە ئابوورییەکان)) بۆ گشت دنیا بنێرێت کە لەم ناوەش رۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئاشتی و پێشکەوتن زۆر گەورەو بەرچاوە. لەم ناوەش رێبەریی ئەمریکا لە شەڕی کەنداوی فارسیش دیاریکەری سەردەمێکی نوێ بوو، کە هێزی ئەمریکا لەسەر تەواوی رووبەرەکان هەژموونێك دەبێت و بەم جۆرە بەوتەی فوکویاما رۆژئاوا سەرکەوتووو دەبێت.

بەڵام بە رووخانی سیستەمی دووجەمسەری و کۆتایی شەڕی سارد، بەخێرایی دیار بوو کە بۆشایی واتا کە خەریکی سەرهەڵدان بوو زیاتر لەوەی کە ریشەی لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و نێونەتەوەیی بێت لە جێگەیەکی فەلسەفی و زانستی ریشەیی هەبوو. ئەم بۆشایەی واتا کە بەناوی قەیرانی واتا و رۆشنگەری یان ئەوەی کە بەناوی پۆست مۆدێرنیزم دەناسرێت و بەناوبانگ بووە ماوەیەکی فراوان لە دوای مۆدێرنیزم ماوەتەوەو لە هەلومەرجی نوێی جیهانی گۆڕەپانی و دەرفەتی گەشەکردنی پەیداکرد.

بەبیری پۆست مۆدێرنەکان، مۆدێرنیتە لە بیری پێشکەوتن، پەرەسەندن و ئازادکردنی زانستی سەلمێنراو بەکۆتایی گەییوە، دەوڵەت–نەتەوە وەك فۆرمبەندی سیاسی مۆدێرنیتە ئێستا وەك سیستەمێکی پەراوێز لە نێوان سیستەمەکانی پەراوێزی تر دەژمێردرێت. بە جۆرێك کە ئیتر ناتوانین وەك

سیمبۆلی شوناسی نەتەوەیی یادی بکەین. جیهانی راست (hybridity) بووە بە جێگرەوەی دنیای راستی سەدەی بیستەمی رابردوو. سنووربەندی شوناس رووخاوە و سنوورەکانی نێوان خود و ئەویتر، سپی و رەش، هێز و بێ هێزی و خۆشەویستی لەناوچووە سەرەرای ئەو لە سەردەمێکی وەهادا پەیوەندی نێونەتەوەیی جێگەی خۆی بە پەیوەندی ناوتێکستی (interiexiebitiliy) داوە لە جیهانی سیاسەتی ناوەندسرینەوە.

لەم روانگەیە جیهانێك کە پۆست مۆدێرنەکان خەریکی وێنەکردنی ئەون لەیەکچوونێکی بنەڕەتی بە ((جیهانیبوون)) وەك ئەزموونی کۆمەڵایەتی پڕ ناکۆکی هەیە. هەروا کە ئۆکسفۆرد دەیگێرێتەوە جیهانیبوون ئەزموونی فەزاو کات دەگۆڕێت، نەبوونی متمانە دروست دەکات و دیاردەکانی کولتووری و گۆڕەپانەکانی نوێی شوناسەکان دەخولقێنێت کە بەناوچەیی یان عورفی کولتووری نەبەستراونەتەوە. لەبوارەکانی تر ئەزموونی پرۆسەکانی جیهانیبوون شوناسەکانی چەند تێکەڵ کردووە و هێڵەکانی سنووری لەو شوێنانە دەکێشێت کە پێشتر نەبوون یان ئەگەریش بووە رەنگدانەوەی سیاسی نەبووە. و هەمووی ئەمانە دیاریکەری بزاڤ و گۆڕان یان نەبوونی دیسپلینە.

لەگەڵ ئەوەدا ئایا دەتوانین لە ئاسایش بەواتای دەوڵەت—نەتەوەیی ئەو جۆرەی کە لە شەڕی سارددا دەچوونە پاڵ یەك قسە بکەین؟

**بۆچی دەوڵەتان دەبێت کە بەهێز بن (دوو جۆری هێز و ئامانج)**

ئەم قسەیە کە ئاسایش ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر گەشەی نەکردووە لە ناوەڕۆکدا جێگەی باس و تایبەتمەندێکی ناکۆکە، بێگومان ئاسایش ریشەی لە بزاڤ و نەبوونی دیسپلینی پرۆسەکانی جیهانیبوونە. زۆربەی زانایان لە رووبەری پەیوەندی نێونەتەوەیی ئەم خاڵە دەڵێن کە گوتاری ئاسایش لە پارادایمی دەوڵەت—نەتەوەی سەدەی نۆزدەیەم و



بیستەم و دواجار لە سەردەمی شەڕی سارد بە شێوەیەکی بنەڕەتی ساکار و شایانی تێگەیشتن بووە.

لە روانگەی مێژووە، ئاسایشی نێونەتەوەیی لەسەربنەمای پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و لە ناوەڕۆکدا سەربازی بووە. ئەم بابەتە لە سەردەمی شەڕی ساردیش راست بووە و لە سەردەمی سیستەمی دووجەمسەری بەرگری بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە پەیوەندی لەگەڵ بابەتەی ئاسایش بووە. بە جۆرێك کە زەکی لیدی دەڵێت بەرگری لە گوتاری شەڕی سارد بە تەواوی نەتەوەیی بووە و هاوپەیمانییە فراوانەکان کە لەناو هەرکام لەم دووجەمسەرە ئەنجام دەدرا کاریگەری لەسەر ئەم تایبەتمەندییەی بەرگری نەبوو.

لەم روانگەیە ((ئاسایشی نەتەوەیی)) ئەو جۆرەی کە لە گوتاری زاڵی سەدەیی نۆزدەیەم و بیستەم دیار دەکرا ریشەیی لە دوو بنەمای سەرەکی پارادایمی دەوڵەت—نەتەوە واتا ((شوناسی نەتەوەیی)) و ((سەروەری نەتەوەیی)) هەبوو. دوو بنەما کە ئیمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر لەلایەن پرۆسەکانی جیهانیبوون تووشی بێ متمانەیی هاتون. لەم وتەیەدا پارادایمی دەوڵەت و نەتەوە گریمانەی شوناسێکی نەتەوەیی یان کولتووریکی هاوبەش بەدەردەخەن کە لە رێگەی سیمبۆل گەلی سەرزەمین وەك جلوبەرگ، زمان، ئەستوورەکان، بیرەوەرییەکان و خەیالات خۆیان دەنوێنن. لەم دۆخەدا یەکێك لەکارە تایبەتییە سەرەکییەکانی دەوڵەت—نەتەوە دابینکردنی ئاسایشی تاك و هاوڵاتیانی خۆیەتی.

سەرەڕای ئەمە سەروەری وەك بابەت و تایبەتمەندی سەرەکی دەوڵەتیش سنووری دەستکردنی لە نێوان خۆیان و ئەوانی تر پێناسە دەکرد و لەسەر ئەو بنەمایە وەك سەرچاوەی دەسەڵاتی فەرمی، ئاسایشی بە کۆمەڵی دانیشتووەکانی دەوڵەت—نەتەوەی دابین دەکرد.

لە ماوەی شەڕی ساردیش ئەمە گوتاری زاڵ بوو. هێزە سەرکەوتووەکانی هەر جەمسەر لە رێگەی هاوپەیمانەکانی بە کۆمەڵی

ئایدیۆلۆجیك، سیاسی و یان سەربازی ئەركی پاراستنی هاوپەیمانەكانی خۆیان لە بەرامبەر جەمسەرەكەی تر بە ئەستۆ دەگرت. لەسەر ئەم بنەمایە دانانی سیاسەتی دەوڵەتان لە سەدەی بیستەم پەیوەندی نزیكی لەگەڵ هێزی سەربازی هەبوو. هێزی سەربازی وەك یەكێك لە بناغە سەرەكییەكانی بەرگری دەهاتە گۆڕێ و بەرگریش خۆی بە زۆری بەرێگەیەك بۆ پاراستنی ئاسایش دادەنرا. بە وتەیەكی تر پەیوەندی نێوان بەرگری و ئاسایش لە ماوەی شەڕی سارد و پێش لەویش رووخساری دانانی سیاسەتەكانی ئاسایشی و سەربازی دەوڵەتانی پێك دەهێنا.

وادیارە پرۆسەكانی جیهانیبوون راستەوخۆ ئەم رەهەندە سەربازی دەوڵەتان تووشی قەیران ناكەن، بەڵكو لە ناوەوە خاڵی دەكەن. لەم ناوەشدا نیشانەكانی لەناوچوون زیاتر لە هەر شتێكی تر لەلای گریمانەی شوناسی دەوڵەتان و سەروەری بەستراو بەوان دەبیندرێت. یەكێك لە چاكترین نموونەكان كە سەبارەت بەمە هەیە یەكیەتی سۆڤیەتە. ئەم یەكیەتیە كە بە زۆری بە واتای كۆكردنەوە و یەكیەتی چەند نەتەوە بوو، بەسەرهەڵدانی ناكۆكی دیاردەكانی نەتەوەیی كە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، چیچان یەكێك لەو وڵاتانەیە كە ئەفسانەی پێدانی شوناسی دەوڵەتی چ لە فۆرمی ئیسلاو چ پرولتاریای تووشی شكەست كردووە. ئەم ناكۆكیانەی نەتەوەییە تەنیا پەیوەندی بە جیهانی سێیەم و یان یەكیەتی سۆڤیەت نییە، بەڵكو لە بۆسنیا، لە مەقدونیا و تەنانەت لە باكووری ئیتاڵیاو تەنانەت كێبركێیەكانی فەرەنسا زمان كە خوازیاری جیابوونەوە لە كەنادایی ئینگلیز زمانن، ئەم ناكۆكیانە دەبینین. زۆربەی ئەم ناكۆكیانە دەتوانین بە هەنگاو بۆ دروستكردنی شوناسێكی نوێ كە زۆریش لەسەر بنەمای كۆمەڵخوازی، عەشیرەتخوازی و وردە ناسیۆنالیزمەكانن ناو ببەین. ئەم دیاردانە زۆربەی بە خواستی نەتەوە دادەنرێت، بەڵام پرۆسەكانی وەك جیهانیبوونی ئابووری و سەرتر لە دەوڵەت—نەتەوە خەریكی فۆرم گرتنە. بابەتی یەكیەتی



ئەوروپا لە پەیماننامەی ماستریخت یەكێك لەم پرۆسانەیە. ئەم بابەتە تەنیا گۆڕان لە دانانی سیاسەتی ئەوروپا لە قۆناغی نەتەوەیی بە سەرووی نەتەوەیی نییە، بەڵكو وادیارە لە بەرامبەری قەیرانی دەوڵەت—نەتەوەكان و دروستكردنی شوناسێكی نوێیە. ئەگەرچی هێشتا زۆربەی زانایان وەك شوناسێكی نوێ بە چاوی گوماناوی سەیری ئەو دەكەن. لەگەڵ ئەو داهاتووە نادیاری سیاسی ئەوروپا كێشەی ئاسایشی نوێ و گرنگی دروست كردووە. ئەوروپا نموونەیەكی كلاسیك لە دەسەڵاتداری سیستەمی دووجەمسەری لە سەردەمی شەری سارد بوو. لەگەڵ كۆتایی هاتنی شەڕی سارد پێكهاتەی سیاسی ئەوروپاش تووشی گۆڕان بوو بەدوایی ئەویش چۆنیەتی هەڕەشەكانیش گۆڕان.

لە بواری سەروەریش ئێستا دەوڵەت تووشی دوودڵی هاتووە. دەستتێوەردانی مرۆڤی یەكێك لە بەڵگەكانن كە نیشانی دەدات كە سەروەری دەوڵەت ئەوەندەش نەگۆڕ نییە. سەرەڕای ئەمانە چەند لایەنەخوازی هێرشی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی لە شەڕی عێراق و یان تەنانەت یەك لایەنە خوازی هێرشی ئەمریكا بۆ سەر سوودان و ئەفغانستان بە بیانووی بوونی كارگەی دروستكردنی چەكی ئەتۆمی و جێگەی حەشاردانەوەی بن لادن ئەم خاڵە زیاتر لە جاران روون دەكات. لەگەڵ ئەمەش گۆڕانی روانگەكانی نەتەوەیەكگرتووەكان سەبارەت بە سەروەری دەتوانین لە راگەێندراوی ئەمینداری گشتی پێشووی نەتەوەیەكگرتووەكان پترۆس غالی لە ژووئەنی 1992 بزانین كە رایگەیاند لە كاتی شەڕی ناوخۆ، قات و قوری یان حاڵتی تری مرۆڤی گرنگترە لە سەروەری وڵاتان و ئیتر بەپێچەوانەی پێشوو، رەزایەتی دەوڵەتان بە بەربەستێكی سەرەكی ناژمێردرێت.

لەگەڵ ئەمە هەوڵدانی هەموو رێكخراوەكانی خوارووی نەتەوەیی كە گریمانەی شوناسی نەتەوەیی دەوڵەتانی تووشی قەیران كردووە سەبارەت بە سەروەری دەوڵەتانیش راستە. كێشانی ئەم پێگە نوێیانە كە

دیاركەوتووە لەم رووەوە بەگرنگ دادەنرێت تابزانین دەوڵەتان لە بەرامبەر قەیرانێك كە لە بواری شوناس و سەروەری خۆیان لەگەڵ ئەو رووبەڕوون زیاتر لە هەڕەشەكانی سەربازی نێونەتەوەیی زیان دەبینن. ئەم دۆخە پێگەیەكی لە ئەوروپا دروست كردووە كە زیاتر لە سەردەمی شەڕی سارد نائەمنتر دیارە.

لەسەر هەمووی ئەم راستیانە، ئەمڕۆ هەڕەشە سەربازییەكان لەلایەن دەوڵەتان زۆر كەم بووە، بەڵام ریشەی ئەم نائەمنیانە دەبێت لەم راستییەدا بدۆزینەوە كە ئەوروپا زیاتر لەوەی هەست بە مەترسییە سەربازییەكان بكات لە هەستی نەبوونی ئاسایش رەنج دەبات. هەڕەشە لەلایەن چ كەسێك، چۆن، بە چ شێوەیەك، دیار نییە و ئەمە بۆ خۆی بەهەستێكی گەورەی مەترسی دادەنرێت.

### روخساری ئاسایش لە سەردەمی جیهانیبوون

بە پێچەوانەی سەردەمی سیستەمی دووجەمسەری كە هەڕەشەكان بە زۆری بە نەتەوەیی ئەژمێردران و ئاسایشیش لە ئاستی نەتەوەیی پێناسە دەكرا، پرۆسەی جیهانیبوون بووەتە هۆی فۆرم گرتن و سەرهەڵدانی مەترسییەكان كە گشتی لە ئاستی نەتەوەیی تەنیا بڵاو نابنەوە. لە سەردەمی شەڕی سارد هەنگاوەكانی ئاسایشی نێونەتەوەیش هەنگاوێك بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بوو و ئاسایشی هاوڵاتیان لە پاراستنی ژیانی ئەوان لە بەرامبەر هەڕەشە، بە كار یان پێگەیەكیان دادەنا كە بە شێوەیەك بە ژیانی ئەوان زیانیان دەگەیاند.

لەم رووەوە بەهێزبوونی دەوڵەت لە بەرامبەر ئەم مەترسیانە بە ئامانجێكی گرنگ بۆ دەوڵەتان دادەنراو ئەم گریمانە كە فەلسەفەی بوونی دەوڵەتان پێشبڕكێ لەگەڵ یەكترە، ئەم ئامانجەی شی دەكردەوە. لە سەردەمی شەڕی ساردیش ئەمریكا و یەكیەتی سۆڤیەت وەك هێزەكانی



سەركەوتووو لە دووجەمسەرەكەدا تاڕادەی هێزێكی سەربازیی زۆر گەورە چوونە پێش. لەم سەردەمە تەركیزی سەرەكی لەسەر مەترسی سەربازی سەرچاوەی گرت بوو لە هێزی سەربازی دەوڵەتانی تر و ئەمە بۆ خۆی فەزایەكی بۆ هەوڵدان بە مەبەستی كەمكردنەوەی مەترسی دروست دەكرد. لەگەڵ رووخانی یەكیەتی سۆڤیەت یەكەمین قەیران كە سیاسەتمەدارەكانی ئەمریكایی بەخۆیەوە خەریك كرد ئەمە بوو كە لە جیهانێكدا كە رووبەڕووی مەترسی زلهێزەكان نییە بوونی هێزێكی سەربازیی وەها گەورە واتای نییە.

زانایان لەم قەیرانە نوێیانە وەك مەترسی ناعورفی ئاسایش یاد دەكەن. بەبیری ئەوان ئەم هەڕەشانە، مەترسی دروست دەكەن كە بڵاون، چەند رەهەندین و لە ئاراستەی جۆراوجۆر دەڕۆن. ئەم قەیرانانە بە زۆری ناتوانن بە ئامرازی سیاستەكانی بەرگری عورفی بەڕێوە بچن، رێكخراوەكانی بەرگری یان سەربازی تەنیا لە كاتێكدا كە ئەم ناكۆكیانە توند ببێت دەتوانن رۆڵێكی كەم لەئەستۆ بگرن، بەڵام بەڕێوەبردنی بەكەڵكی ئەوان پێویستی بەگروپێك لە ئامانجە سەربازییەكان هەیە و لە كۆتایی ئەوەی كە لێكدانەوەی رووخساری ئەم قەیرانانە بە ئێمە دەڵێت كە تاكەكانیش بەقەد دەوڵەتان رووبەڕووی مەترسین.

ئەم لێكدانەوەی ئێمە بۆ دوو خاڵی بنەڕەتی رێنمایی دەكات. یەكەم ئەوەیە كە ئەنجامەكانی عورفییەكانی هێز و ئاسایش ناتوانن لەسەر ئەم مەترسیانە لێكۆڵینەوە بكەن بەم هۆیە هەروا كە زەكی لیدی دەڵێت زۆربەی ئەم مەترسیانە دەكەونە دوای لۆجیكێكی ئاسۆیی. ئەم قسەیە بەو واتایەیە كە بە پێچەوانەی پێكهاتەی نێونەتەوەیی پێشوو كە لە پارادایمی ستوونی بۆ لێكۆڵینەوەی ناكۆكییەكانی ئاسایشی كەڵكی وەردەگرت مەترسییەكانی نوێ بەڕادەیێك لە جۆراوجۆری و ئاڵۆزی گەیشتن كە ناتوانین بە شێوازی پارادایمی ستوونی داینێن.

دووەم ئەوەیە کە لێکدانەوەیەك کە بۆ لێکۆڵینـەوەی پرۆسـەی ئاسـایش لـە سـەردەمی جیهـانیبوون هەڵدەبـژێرێت یـەکتر دادەپۆشـن. ئـەم ئاسـتەی لێکدانەوەی تاك، نەتەوەیی و سیستەمی یـان نێونەتـەوەیین و هـەرکام لـەم هەرِەشە نوێیانە لە ئاستێکی جیاواز شایانی دووبارەبوونەوەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە درێژەدا بۆ سەرنجێکی زیاتر پرۆسەی ئاسـایش لـە سـەردەمی جیهـانیبوون لـەم سـێ ئاسـتە دەخەینـە بەرلێکۆڵینـەوە لـە کاتێکدا کە پەیوەندی ئەوان لەگەڵ پرۆسەکانی جیهانیبوون نیـشان دەدات، تێکەڵاوبوونی ئەوان لە تێکستێکی فرە، ناروون و ناکۆك دەخەینە بەرباس.

بەکـەڵك وەرگـرتن لـە مـودێلی ((جیهـانیبوون))ی رابرسـتون دەتـوانین ئـەم دەستتێوەردانانە و داپۆشـینە لـە چـوار بنـەمای (selves)، دەوڵـەت نەتـەوەکان و سیستەمی نێونەتەوەیی تێکەڵاو لە کۆمەڵگاکان و جۆری مرۆڤەکان نیشان بدەین.






لـە راسـتیدا لای رابرسـتۆن کـە پرۆسـە سـەرەکییەکانی جیهـانیبوون بەرەوپێش دەبەن بـریتین لـە جولـەکانی سیستەمی سـەرمایەداری، سیستەمی نێودەوڵـەتی و دروسـتکردنی سیـستەمێکی نـوێ دابەشـکردنی کـاری نێونەتـەوەیی. ئـەم پرۆسـانە دەبنـە هـۆی ئـەوەی کـە جیهـان زیـاتر لـەوەی کەبەرەو ئاراستەی هاوفۆرمی بڕوات ئـاڵۆزتر دەبێـت. ئـەم خشتەیەی سـەرەوە هـەروا بـەدوای روونکردنـەوەی پرۆسـە سـەرەکییەکانی رێژەخوازیـە کـە ئـەمرۆ جیهانی لەخۆ گرتووە. خاڵی دەسپێکی ئەم فۆڕمە رووبەرێکی گـەورە لـە کـردار و پەرچـەکردارەکانی دەوڵـەتان لـەخۆ دەگرێـت کـە ئـەمرۆ روونکـەری پێگـەی دوولایەنـەی جیهانییـە. بناغـەیی سـەرەکی ئـەم خـشتەیە ئەمەیـە کـە جیهـانی ئەمرۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر بەرەو لای یەکبوون دەڕوات.

هەلبەت رابێرتسۆن زیـاتر ئـەم مۆدێلـە بـۆ روونکردنـەوەیی پرۆسـەکانی جیهانیبوون کەڵکی وەردەگرێت، بەڵام ئێمە ئەم خـشتەیە بـەکار دێـنین، تـا نیـشان بـدەین کـە هـەروا کـە جیهـان بـەرەو رێـژەخوازی **دەچێتە** پـێش، ئاسـایش لـە هـەموو رووخـسارەکانی ئـەو چـەند پارچـە (frogmentized) دەبێت و بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەژێر کونترۆڵی تیۆرەکان لە چوارچێوەی گوتاری پێش جیهانیبوون دێنەدەرێ.

## ئاسایش لە ئاستی تاك: مرۆڤی تەنیاو بێ واتا

لـە گوتـاری دەوڵـەت —نەتـەوە و تەنانـەت پـاش ئـەویش لـە سـەردەمی شەڕی سـارد، ئاسایـشی مرۆڤـەکان بـەهۆی پێکهاتـەکانی شوناسـی واتـادار بـوو. لـەم دۆخـەدا مرۆڤـ لـەناو سـنووره نەتـەوەیی و ئایدیۆلۆژییەکانـدا تەنانەت لە گریمانەی بوونی ناکۆکی لە پەیوەندی نێـوان دەوڵـەتان هەسـتی بە ئارامی دەکرد. لـەم نێـوەدا ئایـدیای پێشکەوتن، پەرەسـەندن و کـاریش قەیرانی واتایی لەناو تاکەکان بەکەمترین ئاست دەگەیـەنێت. لـە رەهەنـدی ئـابووری کـارە تایبەتـەکانی دەوڵـەتی خۆشـگوزەرانی لـە مـاوەی سـەدەی

بیستەم یەکێك لە هۆکارەکانی دروستکردنی ئاسایشی تاك بوو. دەوڵەت و هاوڵاتیان لە پەیوەندییەکی دوولایەنەی ئابووری بوون و دەوڵەت لە بەرامبەری دەسەڵاتی سیاسی بەسەر هاوڵاتیان بەرپرسیارەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەوانی لە ئەستۆ بوو.

هەڵبەت ئەم وتەیە کە ئەم پەیوەندییە هەنووکە بە کۆتایی گەیوە دادەنرێت قسەیەکی دروست نییە، بەڵام بێگومان لە بەرامبەر شەپۆلی فراوانی نێونەتەوەیی بوونی بازاڕەکان، کۆمپانیا فرەرەگەزەکان، بازرگانی سەرووی نەتەوەیی و گەورەبوونی ئابووری لە رێگەی هێزەکانی ناوچەیی و سەرووی نەتەوەیی، هێزی دەوڵەت لە رێکخراوەکانی ئابووری ناوخۆیش بە شێوەیەکی سەرەکی کەمی کردۆتەوە. بە جۆرێك کە ئێستا پەیوەندی دەوڵەت و هاوڵاتیان تایبەتمەندی ناکۆکی بەخۆیەوە گرتووە. بەم جۆرە کە لە کاتێکدا خەڵك لە سەر رۆڵی دەوڵەتان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەمینە سوورن، بەڵام هێزی دەوڵەت لە هەموو شێوەکانی ئەو بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە.

لە روانگەی سەربازی لە سەدەی بیستەم ئاسایشی هاوڵاتیان لە رێگەی شوناسی نەتەوەیی بە پاڵپشتی دەوڵەت دابین دەکرا و هێزی سەربازی دەوڵەت بەربەستێك بۆ پارستنی مافی هاوڵاتیان لە سنوورەکانی نەتەوەیی دادەنرا، بەڵام ئێستا هێزی دەوڵەتان لە پاراستنی گیانی هاوڵاتیانیدا ئەوەندەش جێگەی متمانە نییە. گروپەکانی ناکۆکی سەربازی سەرووی نەتەوەیی وەك گروپە تیرۆریستییەکان، هێزەکانی مافیایی ماددە سڕکەرەکان و یان بزاڤەکانی دژی دەسەڵاتی دەوڵەتان وەك خەباتکارانی چیچانی لە رووسیا ئێستا زیاتر لە هەرکاتێکی تر بەهێزتر دیارن. ناکارایی دەوڵەت ئەمریکا بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی خۆی لە بەرامبەر هێرشەکانی 11 سێپتەمبەر و کوژرانی دژبەرە کوردەکانی ئێرانی لە ئەڵمانیا چەند نموونەی بەرچاون.



بەڵام پارادایمی تاکی ئاسایش لە جیهانی ئێستادا بەبێ تێگەیشتن لە پرۆسەی بێ راوەستان و بێ ئەنجامی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ناتوانین تێبگەین. پرۆسەی جیهانیبوون بۆ لەناوبردنی پێگەیی شوناسەکانی نەتەوەیی و ئایدیۆلۆجیکی زۆر بەهێز کردووە. رابێرتسون لە مۆدێلێکی جیهانیبوونی خۆی روونی دەکاتەوە کە یەکێك لە دەسکەوتەکانی جیهانیبوون، رێژەیی بوونی جۆرەکانی شوناسە کە بەهۆی قبووڵکردنی کاریگەری کۆمەڵگای نەتەوەیی و یەکەکانی شوناسی نەتەوەیی و ناوچەیی و شوناسەکانی تر لە بەرامبەر بەجیهانیبوون دروست بووە. ئەم دۆخە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە فریدریك جیمسۆن ئەوانی بە سەرمایەداری دواکەوتوو ناو دەبات بە قەیرانی واتاو شوناس ناو دەبات.

لەم قەیرانە رەهەندی سەر زەمینی دەوڵەت–نەتەوە بێ کەڵك دەبێت، یەکگرتنی کولتووری لەسەر بنەمای گریمانەی شوناسی نەتەوەیی تووشی قەیران دەبێت و جۆرێك لە ئارەزوو بۆ جۆراوجۆری کولتووری دروست دەبێت. میشێل مافزولی لە دیاردەیەکی نوێ کە کۆمەڵ ناوی دەبات کە لە فەرەنسا بە شێوەیەکی فراوان رووی لە زۆربوونە. لە روانگەی ئەو ئەم ئارەزووانە بە جۆرێك دووبارە پێکدادانی کۆمەڵگای بێزار لە خۆشگوزەرانییە کە لەودا جۆرێك ئانۆمی بە فۆڕمی کۆمەڵەکانی هەڵاتوو لە ناوەندە بە دیارکەوتوون. ئەم دۆخە فریدریك جیمسۆن بە((دووبارە دروست بوونەوەی هەژموونی سەرمایەداری)) دەزانێت کە ئەم جارە لەگەڵ سیاسەتەکانی پاش مۆدێرنیزم تێکەڵاو بوون.

هەرچۆنێك بێت ئەم شەپۆلانە چ لە فۆرمی شوناسەکانی خوارووی نەتەوەیی یان ئۆتۆنۆمی و یان سەرووی نەتەوەیی، هێزەکانی کەم کەرەوەیی توانایی دەوڵەت– نەتەوەی مۆدێرنن، چونکە جەوهەری سەرەکی ئەم هێزانە نە عەشیرەت بە واتایی وێستفالیای ئەو– کە کۆمەڵگاکانی لەسەر بنەمای خەبات، مێژوو و زمان پەیوەندی دەدا، بەڵکو هەلومەرجی سەرچاوەگرتوو لە جیهانیبوونی پەیوەندییەکان، ئابووری و کولتوورە.

کەواتە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی نائەمنی لە ئاستی تاك دەبێت لە بۆشایی بێواتایی سەرچاوەی گرتبێت. ئێستا ئەم بۆشایی بێواتاییە زیاتر ریشەی لەوە هەیە کە فرێدریك جیمسۆن بە سەرمایەداری دواکەوتوو ناوی لێدەنێت. ئەگەرچی بێگومان ئامرازەکانی جیهانیبوونی ئابووری وەك سەرهەڵدانی رێکخراوەکانی ئابووری سەرووی نەتەوەیی، بڵاوبوونەوەی سەرمایە لە ئاستی جیهانیو هەروەها شەپۆڵی فراوانی زانیاری لە جێگەیەك لە تەکنۆلۆژیای پەیوەندی وەك بەربەستێك بۆ جیهانیبوونی سەرمایەداری کاری کردووە.

سەرەڕای ئەمە تەکنۆلۆژیای پەیوەندی خۆی ئەم بۆشایی بێ واتاییەی فراوان کردووە، بەو حاڵەش ئەم قسەیە کە مرۆڤ لەگەڵ پێوەرەکانی رۆژئاوایی پێشکەوتنی عەقڵانییەت و هاوسەنگی یەکەم جیهانی بووە و دواجار جێگەی خۆی بە ناکۆکی و رێککەوتننامە داوە ناتوانێت ئەوەندە بۆ جۆری مرۆڤ خۆش بێت. خۆماڵی بوون یان ناوچەیی بوون یەکێك لە رێگەکانی هەڵهاتنە کە مرۆڤی سەردەمی نوێ بۆ هەڵهاتن لە بێواتایی جیهانیبوون پەنای بۆ دەبات زەکی لیدی لەم بابەتە بەناوی بڵاوەخوازی نێوان واتاو هێز ناوی دەبات کە رووخساری خۆی لە ناکۆکی نێوان جیهانیبوونی خێرا و سەرهەڵدانی شوناسێکی کولتووری یان عەشیرەتی نیشان دەدات.

بەم جۆرە یەکێك لە ناکۆکییەکانی جیهانی کە پرۆسەی جیهانیبوون ئەوی دروست کردووە ئەمەیە کە لە پرۆسەی جیهانیبوون لەو کاتەی بزاڤ دەکەن بۆ لای هاو وێنەی، جۆرەکانی شوناسی ناوچەیی و نەتەوەیی وەك بەرگری لە بەرامبەر فراوانبوونی جیهانیبوون بەهێز بوون. رابێرتسۆن ئەم ناکۆکییە بە یەکجۆرسازی لە بەرامبەر چەند پارچەیی (fragmentation) ناو دەنێت.

لە روانگەی مرۆڤناسان گۆڕانکارییەکانی جیهانی دەوروبەرە تاك هان دەدات بۆ بەدەستهێنانی هێز و یان دۆزینەوەی سەرچاوەکانی نوێی واتا. پەنابردنی مرۆڤ بە گریمانەکانی پۆست مۆدێرنیستی وەك بەکارهێنانی فراوانی سپی پێستەکان لە سیمبۆلی رەش پێستەکان کە لە ماوەی



سەردەمی مۆدێرنیتە وەك سیمبۆلی دەرەکی پێناسە دەکرا ناتوانین وەك رەفتاری هیپیەکانی ئەمریکا بزانین کە لە دەیەی 1960 سەریهەڵدابوو.

بە وتەیێکی تر، رەفتاری هیپییەکان لەلایەن خەڵکی ئەمریکا وەك سەرنەخەواندن دژی دەوڵەت و سیاستەکانی دادەنرا، بەڵام سیمبۆلی نوێ بەشۆڕشێك دژی مرۆڤ دەژمێردرێت. میکائیل ال دێر تێزوز (michael.l.Dertouzos) ئەم گەفە بەبێ واتای شارستانی دەزانێت، بەبێ ئەوەی کە کەسێك هێزی بەرگری لە بەرامبەری ئەوی هەبێت. بە وتەی ئەو: هیچ هێزێکی سەربازی نەتەوەیی ناتوانێت سەبارەت بەمە کاریگەر بێت، چونکە گەفەکان لە جۆری ئەو هەڕەشانە نین کە دەوڵەتانێکی تایبەتیان کردووە بە ئامانج، بەڵکو هەڕەشە لە شارستانییەتی مرۆڤ دەکەن. هەستی رقایەتی، نائومێدی، جەهل و سەرلێشێوان، رێبوارانی ناعەقلی ئەم هەڕەشانەن کە شارستانییەتی ئێمە بەرگری واقیعی لە بەرامبەری ئەو نییە.

لەم رووەوە ئاسایش لە رەهەندی تاکی خۆی زیاتر دیاردەیەکی سابجێکتیفە، ئەم قسەیە بەواتای ئەوەیە کە مرۆڤ لە گوتاری دەوڵەت–نەتەوە بە گریمانەیی بوونی هەڕەشە هەستی بە ئاسایشێکی فراوانتر دەکرد تاکو پێگەی مرۆڤایەتی کە بێ واتا و ئامانج شایانی تێگەیشتنە، تەنانەت لە گریمانەی نەبوونی هەڕەشە هەست بە نائارامی و نەبوونی ئەمنییەت دەکات.

### ئاسایشی نەتەوەیی: فشار لەناوخۆو دەرەوە

دوو چوارچێوەی بنەڕەتی بۆ روونکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی لە پرۆسەی جیهانیبوون هەن. چوارچێوەی ناوخۆیی کە سەروەری دەوڵەتان دەخرێتە ژێر پرسیار و چوارچێوەی دەرەکی کە سەربەخۆیی دەوڵەتان لە بەرامبەر بەستراوەیی دوو لایەنەی جیهانی تووشی قەیران هاتووە. لەم واتایە یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی جیهانیبوون ئەوەیە کە لە ناوەوە و دەرەوە فشار دەخرێتە سەر دەوڵەت تاکو ژینگەی ئاسایشی دروست کراو لەلایەن دەوڵەت بگۆڕێت.

لە ڕەهەندی ناوخۆیی جیهانیبوون قەیرانێکی گشتگیری بۆ دەوڵەتان کە تووشی بابەتەکانی جۆراوجۆر هاتوون دروست کردووە. لەم ڕوانگەیە مەترسییە نوێکانی ئاسایشی ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە قۆڵەکانی ناوخۆیین. کەواتە ئەم بیرەی گیدنز سەبارەت بەجیهانیبوون ڕاستە و ئەم پرۆسەیە نەبەدەر لە ئێمە و نەلەوی ترە، بەڵکو لە ناوی خۆمان و لێرەدایە.

لە ڕەهەندی دەرەکی، کێشەکان وەك کۆچ، بەستراوەیی دوولایەنەی ئابووری، کێشەی ژینگە، نێودەوڵەتی بوونی ئابووری، پرۆسەکانی سەرووی نەتەوەیی وەك یەکیەتی ئەورووپا و بەرچاوبوونی ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕاڤەکردنی بەرفراوان لە ڕەشنووسی ئەو و هینی تر ئاسایشی عورفی دەوڵەتانی تووشی قەیرانی بناغە هەڵکەن کردووە.

ئەم قسەیە هەڵبەت بەواتای کەمکردنەوەی سەروەری دەوڵەتان نییە. ئەوان هێشتا وەك ئەکتەرەکانی نێونەتەوەیی خەریکی پەیوەندی لەگەڵ یەکترن و سەبارەت بە کێشە هاوبەشەکان لەگەڵ یەك کاردەکەن و سەبارەت بە تێگەیشتن و چارەسەری کێشە جیهانییەکان وتووێژ دەکەن.

لەگەڵ گۆڕانکاری پارادایمی جیهانی لە دەوڵەت–نەتەوەکان بە گوتاری چەند ڕەهەندی جیهانیبوون، پێویستی بە گۆڕان لە دەسکەوتە عورفییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە. ئەم نووسینە بە پێچەوانەی ستراتیژی یان کلارك کە جیهانیبوون لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی ئاسایش پەیوەندیدار لەگەڵ ناکۆکییەکانی ئابووری جیهانی لەگەڵ بەرژەوەندی وردە ناسیۆنالیزم، ناسیۆنالیزم و ناوچەیی دەزانێت، لەسەر ئەم گریمانە بنەڕەتییە ڕادەوەستێت کە کێشەی ئاسایش لەم سەردەمە واتا جیهانیبوون زیاتر لە هەر شتێك بەم هۆیەیە کە دەوڵەتان ناتوانن بۆ هێزی سەربازی ئامانجێك دابنێن. لە گوتاری ئاسایشی زاڵ لە سەدەی بیستەم گەفە سەربازییەکان لەگەڵ وەڵامی سەربازی هاوڕێ بوون. ئەم وەڵامدانەوانە کۆمەڵێك لە هاوپەیمانەکان و یان هەنگاوەکانی تۆقێنەری دژی دەوڵەتی هەڕەشەکەری بەدواوە بوو.



لەم سەردەمەدا ئاسایش بریتییە لە پاراستنی بەرژەوەندییە بنەڕەتەکانی ناو ئەم بارودۆخە. کەواتە پارادایمی سەروەری بە شێوەیەکی بنەڕەتی بە سەرزەمینی، دەسەڵات و گریمانەی شوناسی نەتەوەیی لە فەزایەکی تەواو سەربازی بەستراوەتەوە.

هەڵبەت چەمکی قەیران لە چۆنایەتی سەربازی دەوڵەتان وەکو پێویست بەواتای کۆتایی فۆڕمی سیاسی ڕێکخراوەیی دەوڵەت نییە، بەڵکو لەوانەیە بەم واتایە بێت کە دەوڵەتی نەتەوەیی لە فۆڕمی گشتی یان تایبەت بە فۆرمەکانی تر لە ناوەڕۆکی سیاسی دەربێت.

بەو جۆرەی کە پاوڵ براکین (poul braken) بڕوای هەیە پێکهاتەی دەوڵەت باشترین پێکهاتەی سیاسی بوو، کە توانی لەگەڵ پێشبرکێی سەربازی دەوڵەتە–شارەکانی ئەورووپا بگونجێت. لە سەدەکانی ناوەڕاست کاتێك ناکۆکییەکانی سەربازی نێوان دەوڵەتە شارەکان ڕوو لە فراوانی دەچوو قەیرانەکانی سەربازی لە ئەورووپا سەریهەڵدەدا، چونکە پێکهاتەی سیاسی دەوڵەتەکان توانای ئەم ناکۆکییە سیستەماتیکیانەیان (violence systemic) نەبوو. بە پێی بەڵگەی براکین بە ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت و سیستەمی دوو جەمسەری، جارێکی تر قەیرانی سیاسی لە پێکهاتەی دەوڵەت–نەتەوەکان خەریکی سەرهەڵدانە، چونکە ڕووخساری عورفی و سەربازی دەوڵەتان لەگەڵ ئابووری سیاسی نێونەتەوەیی وەك یەك نین.

لەم ڕوانگەیە لە پرۆسەی جیهانیبوون ڕووخانێکی بنەڕەتی لە گریمانەی ریالیستەکان ڕوویدا، هاتنی ئەکتەرە ناحکوومییەکان بۆ شانۆی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لە لایەك و پێکهاتەی ناسەربازی ئەم ئەکتەرانە لە لایەکی تر تاك ئەکتەریی دەوڵەتانی تووشی کێشە کردووە.

ئێمە لە بەشی پێشوو قسەمان لە ڕۆڵی ئەکتەرە ناحکوومییەکان NGOکان کرد. ئێستا بە کورتی دەتوانین بڵێین کە ئەکتەرە ناحکوومییەکان NSA بەتایبەت NGOکان لە گوتاری جیهانیبوون

ئالتێرناتیف تەواوکەرن. ئەم نوێنەرایەتیە، سەرەڕای ناوەندبوونی دەوڵەت و ئاستی دەوڵەت سەربەخۆیە. ئەکتەرە ناحکوومییەکان لە سیاسەتی نێونەتەوەیی سەردەم بە ئەکتەری گرنگ دەژمێردرێن. جیهانیبوون لە رەهەندی ئابووری بە ئەکتەرانێکی وەك کۆمپانیا فرەرەگەزەکان بووەتە هۆی دووبارە دروستکردنی دەسەڵات و پێناسەی نوێ لە سەروەری دەوڵەتەکان. یەکانگیریی ئابووری یەکێك لە دەسکەوتەکانی جیهانیبوونە. یەکانگیری (هەڤگریی) ئابووری دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتانی کەم کردەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکومەتەکانی نەتەوەیی کونترۆڵی کاریگەری خۆیان لە زۆربەی بوارەکانی ئابووری لەناو سنوورەکانیان لە دەست بدەن. لە راستیدا رۆڵی ئابووری دەوڵەتان لە بەرامبەر بازاڕەکان دەبێت سەر لە نوێ پێناسە بکرێت، چونکە ئایدیۆلۆژیای جیهانیبوون بە دوای هەماهەنگییە، نەتەنیا رژێمە سیاسییەکان، بەڵکو رێکخراوەکانی نەتەوەییش لاواز بووە. کوفی عەنان ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە رێوڕەسمی کردنەوەی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی دەوڵەت لە ساڵی 1998 لە نەتەوەیەکگرتووەکان ووتی: ((پێناسەیەکی نوێ دەربارەی رۆڵی دەوڵەت لە زانستی سیاسەت پێویستە)) رۆژ بە ڕۆژ ئەم خاڵە روونتر دەبێت کە دەوڵەت سەروەت دروست ناکات، بەڵکو یاریدەدەرە بۆ گەیشتن بە پەرەسەندن.

ریالیستەکان باوەڕیان بە جۆرێك زنجیرەی پلەیی لە بابەتەکانی سیاسەتی جیهانی هەیە و کێشەکانی سیاسی، ئاسایشی و سەربازی بە سیاسەتی بەرز (High politics) و کاروباری ئابووری، کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی لە چوارچێوەی سیاسەتی نزم (low politics) دێننە گۆڕێ. لەسەر بنەمای گریمانەکان شەڕی سارد کە ریالیسم پارادایمی زاڵ بۆ پێشبڕکێی چەکداری و ناکۆکییەکانی ئایدیۆلۆجیك دەبووە هۆی ئەوەی کە کێشەکانی سەربازی، ئاسایشی و سیاسی بیبێتە بە ناوەندی سەرنجی



رێبەران و دروستکەرانی، بەڵام لە پێکهاتەی نوێی سیستەمی نێونەتەوەیی کە پێشبڕکێی ئابووری جێگەی پێشبڕکێی چەکداری و ناکۆکییە ئایدیۆلۆجیکەکانیش لە ناو چووە بینەری گورانی ئەولەویەتەکانین و پرۆسەی جیهانیبوون بووەتە هۆی ئەوەی کە هەڵوێستی نوێ لە نێوان سیاسەت و ئابووری جیهان دروست ببێت. جیهانیبوون لە کارکردی سیستەمی سیاسی لە هەموو ئاستەکان و ناوچەکان کاریگەر بووەو کۆتایی شەڕی ساردیش خاڵێکی گرنگە لە سیستەمی سیاسی جیهانە کە لەسەر سیستەمی ئابووری جیهان کاریگەر بووە. پاش نەمانی یەکیەتی سۆڤیەت سێ جەمسەر لە جیهان سەریانهەڵدا: یەکێك لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، یەکێك لە ئەمریکاو ئەوی تر ئەوروپا. پێکهاتەی هەرسێ جەمسەر ئابوورییەو لە بنەڕەتدا لایەنی سیاسی و ئایدیۆلۆژیان نییە.

سەرەڕای ئەمانە ریالیستەکان بڕوایان وایە لە کاتێکدا زلهێزێکی ناوەندی بوونی نییە، ریالیستەکان هێز وەك ئامرازێکی کاریگەر و شایانی بەکارهێنان گریمانە دەکەن. لە پێناسەی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی، مۆرگێنتا گرنگترین رۆڵ بەهێز دەدات. والتێر هێز لەسەر بنەمای کاریگەری پێناسە دەکات و لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر لایەنێك بتوانێت زیاتر لەو رادەیە کە لەژێر کاریگەرییە ئەوانی تر بێت بتوانێت بیانخاتە ژێر کاریگەری، بە وڕادەیەش شایانی بەدەستهێنانی هێزە. لە ئەنجامێکی ریالیستیانە لە سیاسەتی نێونەتەوەیی، دەوڵەتی نەتەوەیی بە ئەکتەری سەرەکی دەژمێردرێت کە گرنگترین ئامرازی ئەو لە پاراستنی ئاسایش و بوونی ئامرازی سەربازییە. کەواتە کێشەی فراوانکردنی هێزی سەربازی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی گرنگی تایبەتی هەیە. لە روانگەی ریالیستەکان هێزی ئابووری بە بەراورد لەگەڵ تواناکانی سەربازی رۆڵێکی لاوازتری هەیە لە ئاسایشی نەتەوەی. نیوریالیستەکان بە پێچەوانەی ریالیستەکان بەکارهێنانی هێز لە سیاسەتی نێونەتەوەیی قبوول ناکەن.

نیوریالیستەکانو نیولیبراڵیستەکان باوڕیان وایە هێزی ماددی ( material power) چ سەربازی، چ ئابووری و یان هەردووکیان، بەیەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی کاریگەری و دەسەڵات لە سیاسەتی جیهانی دەژمێردرێن.

لە پێکهاتەی نوێی سیاسەتی جیهانی یاری هێز لە گۆڕەپانی سەربازی بۆ گۆڕەپانی تەکنۆلۆژیا و زانستی تەکنیکی گواستراوەتەوە. لە پرۆسەی جیهانیبوونی ئابووری و گۆڕانی چۆنیەتی گەفەکان، چۆنیەتی هێزیش گۆڕاوە. رووخانی یەکیەتی سۆڤیەت ئەم پرسەی سەلماند. هاوڵاتیانی رووسیا لە کاتی یەکیەتی سۆڤیەت لە وڵاتێك کە زانایانی لە بۆشایی ئاسمان لە وێزگەیی میر جەولەیان دەکرد خەڵك بۆ وەرگرتنی شیر چەند ساعەت لە نۆبە چاوەڕێ دەبوون. یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی رووخانی یەکیەتی سۆڤیەت کێشەکانی ئابووری و تەکنەلۆژیای ئەم وڵاتە بوو، چونکە سەرەڕای ئەوەی ئەم دەوڵەتە خاوەنی هێزێکی سەربازی بەرچاو بوو، هاوسەنگییەك لە نێوان پەرەسەندنی ئابووری و سەربازی ئەو دیار نەبوو، لەسەر ئەم بنەمایە بوو کە گروپێك ئەم دەوڵەتەیان بە زلهێزێکی پێش نەکەوتوو ناو دەبرد.

شەڕی سارد کە تایبەتمەندی گرنگی ئەو، پێشبرکێی چەکداری و ناکۆکییەکانی ئایدیۆلۆژی دوو زلهێزەکە بوو، پێویستی گرنگیدان بەهێز و توانای لە جۆری سەربازی شی دەکردەوە. سیستەمی دووجەمسەری شەڕی سارد گرنگی بە هێزی سەربازی دەداو هێزی ئابووری لە دوای ئەوبوو. سەرهەڵدانی چەکی ئەتۆمیش یەکێك لە هۆکارەکانی دۆزینەوەی گرنگی توانای سەربازی لە سەردەمی شەڕی سارد بوو. لە پاش سەردەمی شەڕی سارد شەڕی ئەکتەرەکانی نێونەتەوەیی چووەتە ناو سیستەمێکی ئابووری نێونەتەوەیی، چونکە ئەوان لەسەر ئەم باوەڕەن کە بە بوونی سیستەمێکی وەها دەتوانن قازانج ببەن. لە پرۆسەی جیهانیبوون کە ئەکتەرەکان لەبری پێشبڕکێی چەکداری چوونەتە ناو پێشبڕکێی ئابووری و



بازاڕەکان و ئیتر گۆڕەپانی شەڕ سەرکەوتووو و دۆڕاو دیاری ناکات، هێز و توانای ئابووری، خۆشگوزەرانی و زانستی تەکنیکی لە چوارچێوەی سیاسەتی بەرز دادەنرێت. لە سەردەمی پاش شەڕی سارد پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی رەهەندی ئابووری بەخۆی گرتووە و سیستەمی نوێی نێونەتەوەیی سیستەمی جیهانیبوونی ئابوورییە.

لە پرۆسەی جیهانیبوون پێشبڕکێ جێگەی خۆی بە ململانێ داوە. هێزی ئابووریش پێویستی چوونە ناو گۆڕەپانی پێشبڕکێیە. لە پێکهاتەی ئێستای سیستەمی نێونەتەوەیی ئێمە بینەری ناسەربازی بوونی (demilitarization) ئابووری جیهانین. پاش شەڕی سارد تێچوونی سەربازی کەم بووە. قەبارەی چەك لە جیهانیش لە نێوان ساڵانی 1987 تا 1990، 40٪ کەم بووەتەوە. سەرەڕای ئەمانە، گۆڕانی پارادایمی دەتوانین لە رووخساری نوێی ئاسایشی هاوپەیمانییەکانی سەربازیش وەك ناتو (NATO) ببینین. ئەم هاوپەیمانییە کە لە ناکۆکییەکانی شەڕی سارد سەریهەڵدا بوو، بە لەناوچوونی شەڕی سارد رووخانی یەکیەتی سۆڤیەت لە پەنجا ساڵی خۆی و لە نەبوونی دوژمنی سەرەکی خۆی لەگەڵ ئەم کێشەیە رووبەڕوو بووکە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ قەیرانە نوێیەکانی سەدەی بیست و یەکەم پێویستی بەچاو خشاندنەوەی بنەڕەتی لە ئامانجەکانی، پارادایمەکان و ئەجێندای خۆی هەیە.

لەم رووەشەوە، روانگەی نوێی ناتو لە ستراتیژی ((فراوانبوون بەرەو رۆژهەڵات)) و هەروەها ستراتیژی (Enlargment) ئەمریکا، لەگەڵ ئامانج و یان لانیکەم لەژێر ناوی ((پێشکەوتنی دیموکراسی)) بەو وڵاتانە کە بە ((دەوڵەتانی یاخیبوو)) ناوی دەبات نەخشەی بۆ کێشراوە.

## گۆڕان لە کارکرد و چۆنیەتی سەربازی دەوڵەتان

رەهەندی پارادوکسی ئاسایشی نەتەوەیی لە گۆڕەپانی جیهانیبوون بەو هۆیە کە گەفەکانی نوێی ئاسایشی نەتەنیا کارکردی دەوڵەتان لە بەرامبەر ئاسایش دەگۆڕێت، بەڵکو تەنانەت ناوەڕۆکی دەوڵەتانیش تووشی قەیران دەکات بە واتایەکی تر لە دوو بواردا دەتوانین لەسەر کێشەی ئاسایشی نەتەوەیی قسە بکەین:

مەترسییە نوێکانی ئاسایشی زۆرتر لە دیاردەی کۆچ، بەستراوی دوولایەنە و کێشەکانی وەک ژینگە، کەمینەکان و مادده سڕکەرەکان سەرچاوەیان گرتووە لە لایەک کارکردی عورفی ئاسایشی نەتەوەیی بێ کەڵک دەکات و لە لایەکی تر دوو پرۆسەی خوارووی نەتەوەیی و سەرووی نەتەوەیی، چۆنیەتی دەوڵەتانیش تووشی گۆڕان دەکات. لەم رووەوە هەم ئەم هەڕەشانە نوێن و هەمیش ئەم پرۆسانە دیاردەی نوێن کە لە پرۆسەی جیهانیبوون سەریانهەڵداوە.

ئەم گەفە ناعورفیانەی ئاسایش ئەگەرچی جۆراوجۆرن، بەڵام لە هەندێک تایبەتمەندییەکانی خۆیان هاوبەشن. زۆربەی ئەم گەفانە دەوڵەتی نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەو ئەکتەرانە دەردەکرێن کە کەسایەتی خواری نەتەوەیی و سەرووی نەتەوەیین، سەرەڕای ئەمانە ئەم قەیرانانە بەگشتی فەزاو شوێنێکی جوگرافیای هاوبەشیان نییە.

ئۆلێ واوێر (olewavwr) گۆڕانی پارادایمی ئاسایشی لە وتارێک بەناوی دابینکردنی ئاسایش و سڕینەوەی ئاسایش (securitization and Disecuritization) بە کاتژمێری رێخ پێو نیشان دەدات کە لەئەودا ئاسایش لە ئاستی جولەی یەک سیستەمی نێونەتەوەیی بە ئاستی جولەی تاک و بە پێچەوانە دەرژێنێت. لەم ساعەتەدا هەڵبەت، چەمکی ناوەندی هێشتا دەوڵەتە. بەم جۆرە هەروا پێشتر وتمان ئەم گەفانە لە دوو ئاستی گریمانەییدا شوناسی نەتەوەیی و سەروەری دەوڵەتانی تووشی قەیران کردووە.



بۆ نموونە کۆچ وەک پرۆسەیەک لەجیهانیبوونی پەیوەندییەکانی ئابووریو وەک بەشێک لە هەڕەشە نوێیەکان دژی ئاسایش و دەسەڵاتی وڵاتانی پیشەسازیی پێناسە دەکرێت. ئەم کۆچەرە نوێیانە ئەگەر وەک هاوڵاتی نوێ قبووڵ بکرێن، ((وەک یەکبوونی کولتووری)) دەشێوێنن کە بە جۆرێک لە هەستی نەبوونی ئاسایش دادەنرێت و ئەگەریش وەک ((ئەوانی تر)) دەربکرێن دەبێتە هۆی ناکۆکی گەورەتر لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی. هەڵبەت دیاردەی کۆچ ئەوەندەش ئیمڕۆیی نییە. لەگەڵ ئەوەش جیاوازی بنەڕەتی و سەرەکی نێوان نەوەی نوێی کۆچەران و نەوەی کۆنی ئەوان هەیە. دیڤید کالیۆ (Divid Calleo) بە خوێندنەوەیەکی جۆریی سەبارەت بە دەوڵەت –نەتەوەیی فیدراڵی ئەمریکا قسە لە نەوەی کۆچەر دەکات. بە بڕوایی ئەو کۆچەرە سەرەتاییەکان کە بەگشتی سەرچاوەیان لە ئەورووپا بوو، لە کێشان و فۆرم پێدانی دەوڵەت– نەتەوەیی ئەمریکای رۆڵێکی گرنگی گێڕا و لەگەڵ گریمانەکانی نەتەوەیی وڵاتێکی نوێی گرسان، بەڵام ئەمڕۆ فۆرمی نوێ لە کۆچ لەو رێگەیە نەتەنیا لە کولتووری ئەمریکی ناتاوێتەوە و لەگەڵی ناسازن، بەڵکو بەگشتی بەفۆرمێکی بەرگری کردن بەدەر دەکەون. ئەم نەوە نوێیە لە کۆچەران کە بە زۆری لە ئاسیاو ئیسپانیان زەمینەی جۆرێک لە هاوسەنگ نەبوونی کولتووری دیاردەکەن و بەگشتی لە تێکەڵبوون لەگەڵ کولتوورەکانی ناوچەیی و یان جیهانی، خۆیان دوور دەگرن.

کێشەی ژینگەش، وەک گەیشتن بە سەرچاوەکانی وەک سووتەمەنی و ئاو، لایەنی جیهانی لە خۆی گرتووە. سەرەڕای ئەمانە فاکتەری ئاسایش سڕینەوەی نوێ وەک گەرم بوونی گۆی زەوی، ناسک بوونی ئۆزۆن، بارانی ئەسیدی (تێزاوی)، دارستان سڕینەوەی جیهانی و زەرەری ژەهرەکان لەو جۆرانەن کە زیاتر لەهەر شتێک ریشەیان لە جیهانیبوونی ئابوورییە و توانای چارەسەرکردنی ئەوانیش بە هاوکارییەکانی نێونەتەوەیی بەستراوەتەوە.

باری بۆزان بەڵگە دێنێتـەوە کـە لـە جیهـانی گـۆڕاوی ئـەمڕۆ بـەهاکانی ژینگە بنەماکانی ئەخلاقی پەیوەندیدار بەخۆی بینا کردەوەو وەك فۆرمێکی نێونەتەوەیی سـەریهەڵداوە. دیـودنیش (Deudney) سـەبارەت بـە ئاگـاداری ئێکۆلۆژی قسە دەکات کە بووەتە بڕیارێکی بەهێز، تا بەها و ئارەزووەکـانی نوێ بۆ مرۆڤ وێنە کردووە.

ئاندرۆ هارل، ناتەوانی دەوڵەتان لە قەیرانـەکانی ژینگـە وەك قـەیرانێکی گشتی لـە سیـستەمی دەوڵـەت دەزانێـت. بـە بـاوڕی ئـەو لـە مـاوەی چـەند دەیەی رابردوو کە ژینگـە رەهەنـدی جیهـانی بـە خـۆی گرتـووە سیـستەمی دەوڵـەت —نەتـەوەکان نـەیانتوانی بـە شـێوەیەکی کاریگـەر و درێژخایـەن چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی ژینگە بینا بکەن.

ئـەو بەڵگـە دێنێـت کـە تەنانـەت دەوڵـەتان لـەناو سـنوورەکانی خۆیـانیش نـاتوانن دیـسپلینێکی ناوچـەیی بەنیـسبەت بـەڕێوەبردنی ژینگـە بێننـە گـۆڕێ و بەسـتراوەیی ئێکۆلـۆژیی جیهـانی زیـاتر لـە جـاران پێکهاتـە کۆنـەکانی جیهـانی سیاسـەتی بـێ کـەڵك کـردووە. بـە جۆرێـك کـە لـە بەرامبـەر کێـشەکانی ژینگـە تواناکـانی زانـستی و کردەوەیـی زۆر سـنووردارن. لـەم رووەوە هەڕەشـە نوێیـە ئاسایـشییەکان دەسـکەوتی نـوێی دروسـتکردووە کـە زیـاتر لـەوەی کـە بایـەخ بەلایەنە نەرێنییەکانی ئاسایش بدات لایەنە ئەرێنییەکانی لەبەرچاو دەگرێت.

یەکێك لە گـرنگترین گفتوگۆکـانی پەیوەندیـدار بـەگۆڕانی ئـەم روانگەیـە باری بۆزان خستیەڕوو. ئەو لە روانگـەیێکی نیـو ریالیـستی هەوڵیـدا چـەمکی ئاسایش پەرەپێبـدا. ئـەو بەڵگـە دێنێـت کـە کۆمـەڵێك لـە فاکتـەرەکان وەك بەستراوەیی دوولایەنەی قووڵ، زیانی فراوان و قورسی ژینگە، بوونەتە هۆی دروستکردنی بەستراوەیی دوولایەنەی ئاسایش. لە روانگەی بۆزان ئاگـاداری بەنیـــسبەت کەمکردنـــەوەی توانـــای ئاسایـــشی نەتـــەوەیی لـــە بەرامبـــەر بەسـتراوەیی وەهـا دوولایەنـە، سـتراتیژەکان بـۆ پەرەسـەندنی سیـستەمی نێونەتەوەیی کە خۆی بە ((ئانارشیزمی پێگەیێندراو)) نـاوی لێـدەبا، دێنێتـە



گۆڕێ. لە سیستەمێکی ئاوەهادا بـەکارهێنانی هێـز و توانـای سـەربازی وەك ئـامرازی سیاسـەتی دەرەکـی تـەنیا لـە کـاتێکی پێویـست بـەکاردێت لـەم روانگەیە ((ئاسایش)) باشترین ئامرازە کـە دەوڵـەتان خۆیـان بـە سـەقامگیر دەزانن، بەڵام ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان لە شوێنێك شـایانی تێگەیـشتن دەبێت کـە هـەم لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ یـەکتر و هـەم لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ پارادایمی گەورەتری سیستەم وەك یەك گشت لەبەرچاو بگیرێت.

قسەی بنەڕەتی لەدەسکەوتی ئاوەهادا ئەمەیە کە ئەو گەفانە کە ئـەمڕۆ لـە ئەکتـەرەکانو فاکتـەرەکانی دیـار و نادیـار دەر دەکـرێن لـە پانتـایی نەتەوەیی دەوڵەتان چارەسەر نـاکرێن. ئـەم گەفانـە زۆرتـر جیهـانین و بـەم هۆیەش چارەسەی جیهانی پێویستە.

لەم ناوەدا بەسـتراوەیی دوولایەنـە یـەکێك لـەو چارەسـەرە بەکەڵکانەیـە کـە ئاسایشی هەموو وڵاتانی بە یەکتر بەستووەتەوە: لەوانەیـە بەسـتراوی دوولایەنـە رێگەیەکی ناوەندی بێت کە لە نێوان بارودۆخی نادیـاری سـەردەمی هاوچـەرخ و بەڵێنی وڵاتێکی جیهانگیر لە داهـاتوودا پردێـك دروسـت بکـات. وڵاتـان لەوانەیـە تەنانەت نەتوانن وەك ئەکتەرێکی سـەرەکی رۆڵ بگێـڕن و حکومـەتی جیهـانیش بە تەواوی وەك ئامـانجێکی کۆتـایی بمێنێتـەوە، بـەڵام بەسـتراوی دوولایەنـە بـە شێوەیەکی بەرچاو هەموو وڵاتان بەیەکەوە پەیوەنـدی دەدات و ئـەوان دەخاتـە ناو تۆڕەکانی خۆی و ئاسایشی هەرکام لەوان بەتایبەت دەرفەتـە ئابوورییـەکانی ئەوانی پێکەوە گرێدەدات.

لەگەڵ ئەوە سەبارەت بە بەستراوی دوولایەنـە وەك ئـامرازێکی بەرامبـەر بە زیانەکانی گەفە ناعورفییەکان، دەبێت بە ئاگاداری قـسە بکـەین، چـونکە وادیـارە کـە بەسـتراوەی دوولایەنـە، وەك شمـشێرێکی دوو دەم کاردەکـات، چونکە هەروەها کـە کرافـۆرد بەڵگـە دێنێتـەوە کـە بەسـتراوی دوولایەنـە لـە ناخی خۆیدا پێشبڕکێی تەکنەلۆژیا دەباتە سەرەوە. لـەم رووەوە ئەگەرچـی بەستراوەی دوولایەنە گەفە عورفییەکان زۆر کەم دەکاتەوە، بەڵام بە نۆبـەی

خۆشی زیانی دەوڵەتان بەنیسبەت پاراستنی ئاسایش فراوان دەکات، چونکە ئەگەر دەوڵەتان متمانەیەکیان بەتوانای پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی نەبێت، زیاتر لە جاران زیانلێکراو دێنەبەرچاو.

لەم رووەوە کێشەی ئاسایش (Security dilemma) ئەوەندە روون و شایانی تێگەیشتن نییە. لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە پرۆسەی جیهانیبوون و کاریگەری ئەو لە سەرکێشەی ئاسایش لە سەردەمی هەنووکە، دەبێت سەرنجێکی بایخداری پێ بدەین. ئەو جۆرەی کە یان کلارک لە جۆهینوی دەیگێڕێتەوە زۆربەی ئەو کێشانەی کەوا ئەمڕۆ دێنە گۆڕێ، پەیوەندییەکیان بە پرۆسەی جیهانیبوون نییە. لە راستیدا دەبێت لە نێوان ((نێونەتەوەیی بوون)) وە ((بەجیهانیبوون)) (Internationizatition and Globalzation)دا جیاوازی دابنێن، بێگومان کاریگەرییەکانی جیهانیبوون لەسەر ئاسایش جیاوازە لە کاریگەرییەکانی نێونەتەوەیی بوون. تەنانەت لە چەمکە عورفییەکانی ئاسایشی سەربازی ئەم شەپۆلە وەك نێونەتەوەیی بوونی ئاسایش ناسراوە.

لەم نووسینەش ئێمە جیهانیبوون لەگەڵ هەموو ئەو پرۆسانەکانیمان خستووەتە بەر لێکۆڵینەوە وەك پارادایمی دەوڵەت–نەتەوە چ بە شێوەی کارکردی و چ بە شێوەی پێکهاتەی کە کاریگەریان بووە. لەم روانگەیە زۆربەی کێشەکان کە ئەمڕۆ دێنە گۆڕێ ((جیهانی)) نین، ئەگەرچی جیهانگیرن. ماددەسڕکەرەکان، مافیای هێز، ئایدز وهینی تر بە زۆری لە پرۆسەکانی جیهانیبوون سەرچاوە ناگرێت. ئەگەرچی لە زۆربەی کاتەکان ئەم گەفانە لە سەرچاوە و ئامراز (جیهانیبوون) لە بەرژەوەندی خۆی بەکاردێنێت.

لەڕاستیدا ئەگەر تاعون رۆژێك لە رێگەی دەریاو سنوورەکان دەچوو بۆ وڵاتە دوورەکان و جیهانگیر دەبوو، ئێستا لە سایەی خێرایی و تەکنەلۆژیا، ((ئایدز)) پرۆسەیەکی سەرسوڕهێنەری گرتووە. هەروا کە دزەکانی دەریایی لە سەدەکانی ناوەڕاست ئەمڕۆ جێگەی خۆیان داوە بە TCOS ئەمڕۆ،



رێکخراوەکانی تاوانی سەرووی نەتەوەیی وەك ئەکتەرەکانی نا حکوومین کە تاوانی جۆراوجۆری سەرووی نەتەوەیی وەك قاچاخی چەك، ماددەسڕکەرەکان، کاڵا قەدەغەکراوەکان و هینی تر دەکەن. ئێستاش کارتێلێك بەناوی Medelin لە کۆلۆمبیا و لە کوبا موشەکی SAM دەکڕێت و هەوڵدەدات بە موشەکی دژە هەوایی ئیستینگێر بگات. ئەم شەپۆلانە ئەگەرچی وەك هەڕەشەیێکی ناعورفی دژی ئاسایش ناو دەبرێت، بەڵام بە زۆری لە روانگەی ((بەجیهانیبوون)) شایانی تێگەیشتن نین.

## جیهانی بێ دیسپلین

لەگەڵ رووخانی یەکیەتی سۆڤیەت و کۆتایی ناکۆکی ئایدیۆلۆژی وا دیارە کە جیهان بەلای دیسپلینێکی نوێ هەنگاو هەڵدەنێت، رووداوی رووخانی دیواری برلین وەك یەکێك لە نیشانەکانی ئەم دیسپلینە نوێیەیە. یەکگرتنی دوو ئەڵمانیا ئەو هیوایەی دروست کرد کە سیستەمی نێونەتەوەیی ئامادەی ئەوەیە کە ئەزموونێکی گرنگ تێپەڕ بکات. یانی ئێستا کاتی گۆڕانی بنەڕەتی رێکخراویی و یاسا سەرەکییەکان گەیشتووە. گریمانە ئەمە بوو کە هەرچی شتە دەتوانین بە زمانی شەڕی سارد روون بکەینەوە لەم روانگە کاتێك شتێك کۆتایی پێدێت شتێکی تر جێگەی دەگرێت. سەرەڕای ئەمە ئەم جۆرە بۆچوونە بوو، کە بەکۆتایی هاتنی ناکۆکییەکانی ئایدیۆلۆجیك مەسەلەی هاوکاری نێونەتەوەیی و جیهانیبوونی بازرگانیش گرنگ دەبێت، بەڵام ئەم گریمانە خەونییە بەزوویی لەگەڵ راستییەکانی سیتسمی نێونەتەوەیی کەوتە ناکۆکی.

ئەوەی کە ئێستا، لەگەڵیدا رووبەڕووین نەیەك بێ دیسپلینە، بەڵکو قەیرانێکە کە لە نێوان دینامیکەکانی هێزدا خەریکی فراوانبوونە کە لەژێر فشاری ئابووری رووەو بەجیهانیبوون و یەکگرتنەوە دەڕۆن. بێگومان ناوەندیترین باس سەبارەت بەجیهانیبوون، هەستی جۆرێك لە

سەرلێشێوانە، بەڵام هەروا کە پێشتر وتمان، نەبوونی جۆرێك لـە دیـسپلینی جیهانی بەواتای بەرەڵایی (chaos) نییە. ویلیام زارتمێن لە پێـشەکی کتـێبی ((هێز و ئامانج لە سیستەمی نێونەتەوەیی)) حـەوت ((دیـسپلینی جیهـانی)) شاراوە دادەنێت کـە لەوانەیـە جێگـەی پـارادایمی شـەڕی سـارد بگرێتـەوە. لەگەڵ ئەوەش دەڵێت کە هێشتا هیچ کام لـەم جێگرەوانـە ئەوەنـدە هێزیـان نییە تاکو وەك پێکهاتەی زاڵی جیهانی دابنرێن.

یەکەمین مۆدێلی، یەك جەمسەرییە کە لە ئەنجامی ڕووخانی یـەکێك لـەو دوو لایەنی جیهانی دووجەمسەری دروست کراوە. ئەمریکا وەك سـەرکەوتوو لەو کێبەرکێیە، گەورەترین وڵاتێکە کە لەگەڵ ئابووری بـەهێزی نەتـەوەیی و هێزی سەربازی ئەتۆمی ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەش، ئەم مەسـەلەیە کـە ئایـا ئەمریکا دەتوانێت یان ئامادەیە وەك تاکـە هێـزی پاسـەوانی نێونەتـەوەیی دیار بکەوێت، وڵامێکی ڕوون نییە. بوونی ئەمریکا لە شەڕی کەنـداوی فـارس لە ساڵی 1991 ویان بوونی هێزەکانی ئەمریکایی لە سۆماڵی نیشانیدا کە ئەم وڵاتە ئەوەندەش ناتوانێت ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات. هەڵبەت ئەم مەسەلەیە بەو واتایە نییە، کە هێز و تواناکانی ئەمریکا کاریگەری بەسـەر سـەقامگیری سیستەمی جیهانی نییە. بە باوری ئێمە چـەند پارچـەبوونی سیـستەمی دوو جەمسەری و بڵاوی هێزەکـانی ئـابووری وسیاسـی و بـە شـێوەیەکی گـشتی گۆڕانی گوتاری جیهانی بە سیستەمی دەوڵەت–نەتەوە ((بەجیهانیبوون)) لە بە هەژموونێك بوونی ئەمریکا و یان هەر وڵاتێکی تر وەك ژاپـۆن و یەکیـەتی ئەوروپا بەرگری دەکـات. لـەم ڕووەوە سـتراتیژی نـوێی ئـەمریکا هـەروا کـە پێشتریش وتمان لەسەر بنەمای بڵاوکردنەوەی دیموکراسی (Englarjment) و شـەڕ لەگـەڵ دەوڵـەتانی ((یـاخی))، ئـەمریکای بـۆ گرتنەبـەری جۆرێـك لـە سیاسەتی چەند لایەنە هان دەدات.

بۆ نموونە کۆبوونـەوەی ژینگـە لـە ریـودوژانیرو لـە سـاڵی 1990، سیاسـەتە نوێکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە دروستکردنی یەك بازاڕی جیهانی لەسـەر



بنەماکانی دیموکراسی بازاڕ و ڕێککەوتنامەی چەند لایەنە لەسەر کێشەی چـەکە ئەتۆمییەکان دەتوانین بەنموونەیەك لەم چەند لایەن خوازی ناو بنێین.

دووەمین پارادایم کە زارتمێن لە دیسپلینی جیهانی دەیخاتـەڕوو، سیـستەمی چەند جەمسەرییە کە لەسەر میکانیزمی هاوسەنگی هێز کار دەکات.

ئەم سیستەمە دەمانخاتە بیری سیستەمی هاوسەنگی هێـز لـە سـەدەیی نۆزدەیـەمی ئـەوروپا کـە بریتانیـا ڕۆڵـی هاوسـەنگی هێـزی لـە ئەسـتۆ بـوو. جیهانی دەیەی 1990 بـە بـیری ئـەو لەگـەڵ ژمارەیـەك لـە هێـزە گـەورەکان وەك گرووپی حەوت یـان ئەنجومـەنی ئاسایـشی نەتەوەیـەکگرتووەکان وێنـە دەکرێت. لەسـەر بنـەمای تیـۆری هاوسـەنگی هێـز پێـشبینی دەکرێـت کـە پێگەی ئەمریکا وەك هێزی هەژموونی کە پاش ڕووخانی یەکیـەتی سـۆڤیەت سەریهەڵدا ڕێکخەری دیسپلینی نوێی جیهـانی بێـت. لەگـەڵ ئـەو پێـشبینییە چۆنیەتی جیهانی ئەمڕۆ ئەوەندەش لەگەڵ سیستەمی هاوسەنگی هێـز کـۆك نییە (ڕاست نییە).

سـێهەمین مۆدیـل لەسـەر بنـەمای ڕۆڵـی نـوێی نەتەوەیـەکگرتووەکان لـە جیهانی ئەمڕۆ دەکێشرێت. لـەم مۆدیلـە، ڕێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان وەك ((حکومـەتی شـاراوەی جیهـانی نـوێ)) (potintial new world government) دەناسـرێت کــە وەك ((پاســەوانی ئاشــتی جیهــانی)) بــەدوای کێــشەکانی ئاسایشی جیهـانی دەکـەوێت. لەگـەڵ ئـەوە ئـەم ڕۆڵـە لەگـەڵ دوو کێشەی سەرەکی تووشی قـەیران هـاتووە. لـە لایـەك نەتەوەیـەکگرتووەکان هێـشتا بیرۆکەیەکە کە وا پراکتیکی نەبووە و دەوڵـەتان زیـاتر لەسـەر بەرژەوەنـدی خۆیـان کـار دەکـەن تـاکو بەرژەوەنـدی گـشتی تـا بەرژەوەنـدی گـشتی لـە چوارچێوەی یەك حکومەتی جیهانی و لە لایـەکی تـر نەتەوەیـەکگرتووەکان لەســەر بنــەمای یارمــەتی دەوڵــەتان ڕاوەســتاوە و ڕەگــەزێك بــەناوی بەرژەوەندی نەتەوەیەکگرتووەکان هێشتا واتایەکی دروستی نییە.

چــوارەمین مۆدێــل کــە جێگــای بایــەخی توێــژەرەکان و بیرمەنــدانی پەیوەندی نێونەتەوەیی بووە، جیهان لەسـەر بنـەمای ((دەسـەڵاتی یاسـایی دەوڵەتان)) لە پێکهاتەکانی وەك نەتەوەیـەکگرتووەکان یـان کۆنفرانـسەکان وەك ســێیەمین کۆنفرانــسی نەتەوەیــەکگرتووەکان ســەبارەت بــە یاســای دەریاکــان (UNCLOS) یــان GATT یــان سیــستەمی UNCED بەرچــاو دەکەوێت، بەڵام هەروا کە زارتمێن دەڵێت ئـەم سیـستەمە هێـشتا پێکهاتـەی نییە و تێکەڵکردنی هێزێکی زاڵـی نییـە، بـەڵکو زیـاتر فۆرمێکـە لـە چـالاکی تاکو سیستەمی دیسپلینی جیهانی.

پێنجەمین مۆدێل بەو جۆرەی کە زارتمێن وێنەی دەکـات لەسـەر بنـەمای ناکۆکی نێوان باکوور و باشـوورە. ئـەم مۆدێلـە ئـەو جـۆرەی کـە دیـارە بـە بیری زۆربەی زانایـان زیـاتر لەسـەر بنـەماکانی ئایـدیۆلۆجیکی و شوناسـییە تاکو لەسەر بنەمای هێز. ئەگەرچـی دەتـوانین بـوونی هێـز لـەم دیـسپلینەدا ببینین. لـە روانگـەی هەنـدێکی تـر ئـەم دیـسپلینە لایـەنی ئـابووری هەیـە و لەسـەر بنـەمای کۆلۆنیـای وڵاتـانی لـە حـاڵی پێـشکەوتن، لەلایـەن وڵاتـانی پێشکەوتوو بە ئامرازەکانی وەك بانکی جیهانییە. لە روانگـەی هەنـدێکی تـر ئەم پەیوەندییەی بـاکوور و باشـوور یـان رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا دروسـتکەری ناکۆکییە لە نێوانیان.

بەڵگەی هانتینگتۆن لە هێنانـە گـۆڕی ((پێکـدادانی شارسـتانییەتەکان)) لـەم ژمارەیـە. لـە تیـۆری هـانتینگتۆن رۆژهـەڵات لەگـەڵ ئیـسلامی سیاسـی پێناسـە دەکرێـت. ئـەو ئامـاژە بـە شارسـتانییەتی رۆژئـاوا، کۆنفـسیوس، ئیسلام، هیند و ئیسلام دەکات و هێڵی ناکۆکی لـە نێـوان ئیـسلام و رۆژئـاوا دەزانێـت. لەگـەڵ ئەمـە زۆربـەی شـیکەرەوەکانی پەیوەنـدی نێونەتـەوەیی لەسـەر ئـەم مەسـەلەیە نـاکۆکن کـە گێڕانەوەیـەکی ئایـدیۆلۆجیکی یـان شوناسی و یان تەنانەت ئابووری لـە پێداویـستییەکانی جیهـانی نـوێ تـەنیا کاریکاتۆرێـك لەڕاسـتیەکانە و ئـەم مۆدێلـە رووخـسارێکی گـەورەتر لـە ناوەڕۆکی سیستەمی سیاسی نێونەتەوەی نیشان دەدات.



شەشـەمین مـۆدێلی شـاراوەی وێنەکـەری دیـسپلینی نـوێی جیهـانی، دیسپلینێکە لەسەر بنەمای بـەهاکانی شـەڕی سارد وەك دیموکراسـی، مـافی مرۆڤ و بازاڕی ئابووری بێ رەهەنـدی ئایـدیۆلۆژی راوەسـتاوە. لـەم مۆدێلـە بــەهاکانی کۆمەڵایــەتی لــە ئامانجــە سیاســییەکانی دەرەکــی وڵاتــان دەردەکەوێت و پێکهاتـەی سیستەمی نێونەتـەوەیی جێگەیـەکی شیاوە بـۆ بەهاکانی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەو جۆرەی کە دیارە ئەم دیسپلینەش زیاتر لـە رادە گەشبینانەیە و لەوانەیە لە نێوان رووخانی دیسپلینی کۆن و نوێ زیـاتر لەهەر جۆرێك بە ئایدیالیتر دادەنرێت.

مۆدێلی کۆتایی، سیـستەمێکە کـە هـەمۆیی پێکهاتـەکانی جیهـانی نـین، بەڵکو دەبێت ئەو بە ((جیهانێـك لـە ناوچـەکان)) (Aworld of regions) نـاو ببەین، کە لەودا دیـسپلین لەسـەر ((هێـز)) و ((شـوناس)) تـەنیا لـە ئاسـتی وردی جیهانی (sub-globbal) دێتە گـۆڕێ و هـەرکام لـە ناوچـە گـەورەکانی جیهان سیستەمی ئاسایشی و شوناسی خۆی هەیە. یەکیەتی ئەوروپا بـەلای یەکگرتنی زۆرتر دەڕوات. بەتایبەت لە بواری ئابووری کە لە دۆخی نوێدا 60 لەسەدی بازاڕەکانی ناوخۆی لەبەر دەست دایە. ئـەمریکای بـاکوور دەچێتە ناو رووبەری بازرگانی ئازادی خـۆی. ئافریقـاو جیهـانی عـەرەب و ئـەمریکای لاتــین بــۆ چارەســەرکردنی ئــەو کێــشانەی کــەوا تووشــی بــوون زیــاتر دەگەڕێنــەوە بــۆ خۆیــان، بــەڵام ئــەم مۆدێلــەش ئەوەنــدە راســت نییــە. گەواهیـدەری فـراوان لـە دەسـتدایە کـە دیـار دەکـات جیهـان ئەوەنـدەش ناوچـەخواز نییـە. کۆمـکای وڵاتـانی عـەرەب هـەموو وڵاتـانی عـەرەبی ئـەم ناوچـەیە لـە خۆناگرێـت، رێکخـراوی دەوڵـەتانی ئـەمریکایی زیـاتر رووبـەری لاتـین لـەخۆی دەگرێـت، دەوڵـەتانی ئـەفریقایی و رۆژئـاوایی کـەمتر لەگـەڵ خۆیـان بازرگـانی دەکـەن و نموونـەی تـر. کەواتـە ناوچـەخوازی ئەگەرچـی لەوانەیە پێکهاتەیەکی شیاو بۆ جیهانی گۆڕاوی ئەمڕۆ بێـت، بـەڵام ناتوانێـت پێکهاتـەی زاڵ بەئـەژمار بێـت. هـەمووی ئـەم مۆدێلانـە بێگومـان خـاوەنی

راستێك لە دیسپلینی جیهانییەن، بەڵام پێکهاتەی زاڵ نییە لەگەڵ ئەوەش لەوانەیە بتوانین پێکهاتەی نوێی دیسپلینی جیهانی بە تێکستێکی فرەخواز و ڕێژەخواز و تاڕادەیەك پارادوکسی ناو بنێین.

### روخساری نوێی ئاسایش لە جیهانی سێیەم و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

یەکەم سەبارەت بە چەمکی ئاسایش لە جیهانی سێیەم، ئاسیا یان خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانین بە شێوەی گوتارەکانی رۆژئاوایی یان ئەوروپایی لەسەر ئاسایش قسە بکەین، لانیکەم ئەو جۆرە کە محمد ئەیووب باوڕی هەیە سێ تایبەتمەندی بنەڕەتی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی هەروا کە لە ئەدەبیاتی رۆژئاوا باس دەکرێت لە جیهانی سێیەم کەم رەنگ یان نادیارە. ئەم سێ تایبەتمەندییە بریتین لە ئاراستەی دەرەکی ئاسایشی نەتەوەیی بەنیسبەت وڵاتانی ترو پەیوەندی ئەو لەگەڵ ئاسایش ڕێکخراوەیی و گریدراوی ئاسایشی نەتەوەیی لەگەڵ ئاسایشی دوو جەمسەرە گەورەکان لە سەردەمی شەڕی سارد.

دووەم لە جیهانی سێیەم، هەستی نائەمنی سەرەڕای ئەوەی کە رێبەرەکان دەڵێن زیاتر لە سنوورەکانی ناوخۆیە تاکو سنوورەکانی نەتەوەیی ئەگەر چی ئەم قسەیە بەو واتایە نییە، کە هەڕەشەی دەرەکی نییە. لەگەڵ ئەوەش ئەم بەڵگەیە راستە کە ناکۆکییەکانی ناوخۆیی بەساکاری دەچنە ئاستی ناکۆکییەکانی دەوڵەتی.

دەتوانین نموونەی جۆراوجۆر لەم دەستێوەردان و ناکۆکییە ناوچەیانەو نێوان دەوڵەتی بێنین، وەك شەڕی هیندستان و پاکستان سەبارەت بە بەنگلادش لە ساڵی 1971.

سێهەم لە جیهانی سێیەم پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ ئاسایشی ڕێکخراوەیی نێونەتەوەیی ئەوەندە روون نییە. لە ماوەی شەڕی سارد، جیهانی سێیەم وەك یەکێك لە رووبەرەکانی ناکۆکی دوو جەمسەرەکە دەرهاتبوو، بەڵام رۆڵی ئەو لەم ناکۆکیانە ئەوەندە شایانی باسکردن نەبوو.



چوارەم، ئاسایشی نەتەوەیی هیچ کات بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ پارادایمی ئاسایش لە ماوەی شەڕی سارد پەیوەندی نەگرت. ئەگەرچی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم بە شێوەیەك لەگەڵ هەردو جەمسەرەکە هاوپەیمانیان هەبوو، بەڵام زۆربەی ئەم هاوپەیمانیانە کاتی بوون (هاوپەیمانی مسر و سوریا) و وەك ئامرازێکی بەرگر دەژمێردران کە لە ناکۆکییەکانی ناوچەیی بەرگری دەکات کە ئەوەندەش سەرکەوتوو نەبوو. (وەك عیراق و ڤێتنام). کەواتە بە سەرنجدان بە جیاوازی بنەڕەتی رووخساری ئاسایش لە ماوەی شەڕی سارد لە دنیای پێشکەوتووی ئەوروپایی و جیهانی سێیەم، پێگەی جیهانی سێیەم بە شێوەیەکی بناغەیی لەگەڵ سیستەمی جیهانی وەك ئەوروپا، ئەمریکای باکووری و ژاپۆن جیاوازی هەیە.

هەروا کە کارو لینز توماس (Caro Lins Thomas) بڕوایی هەیە: ((لە تێکستی جیهانی سێیەم، ئاسایش تەنیا بە رەهەندی ئاسایشی باوی ئەو بە شێوەیەك لە گفتوگۆکانی رۆژئاوایی، ناگەڕێتەوە، بەڵکو رووبەرێك لە رەهەندەکانی بوونی دەوڵەت لەخۆ دەگرێت کە پێش تر بە ئەرکی دەوڵەتانی پێشکەوتوو دەژمێردرا. بۆ نموونە گەڕان بەدوای ئاسایشی ناوخۆیی لە رێگەی پرۆسەی دەوڵەت– نەتەوەسازی، گەڕان بە دوای سیستەمەکانی ئاسایشی خۆراك، تەندروستی، پارە و بازرگانی و هەروەها گەڕان بۆ ئاسایش لە رێگەی چەکی ئەتۆمییە.

بەم واتایە، ئاسایش لە جیهانی سێیەم رەهەندێکی سیاسی هەیە. وڵاتانی جیهانی سێیەم پاش پرۆسەی کۆلۆنیا سڕینەوە تووشی پرۆسەی دەوڵەت سازی بوون. کەواتە دەوڵەت بەناوەندی سوڕانی ئاسایش دادەنرێت. هەڵبەت ئەم قسەیە کە ئاسایش لە جیهانی سێیەم رەهەندی سیاسی هەیە بەم واتایە نییە، کە رووبەرەکانی تری ئاسایشی وەك چالاکییەکانی مرۆڤی و کۆمەڵایەتی بە گشتی جیاکراوەتەوە، بەڵکو بە پێی

ئەم واتایە لە ئاسایش، گەفەکانی ناسیاسی کە ناوەند بوونی دەوڵەت و پێکهاتەکانی ئەو رووبەڕووی قەیران دەکات وەك ئابووری و ئیکۆلۆژی و یان جوغرافیایی لە کاتێکدا بە هەڕەشە دادەنرێت کە رەهەندی سیاسی بەخۆی بگرێت و سنوورەکان، رێکخراوەکان و یان ژیانی رژێم یان دەوڵەت بخاتە مەترسییەوە. لەم روانگەیە کاریگەری جیهانیبوون لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگای جیهانی سێیەم ناتوانین بەبێ رۆڵی دەوڵەت و پرۆسەی دەوڵەت سازی بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە.

## جیهانی سێیەم و پڕۆژەی نیوە تەواوی دەوڵەت- نەتەوەسازی

تێگەیشتن لە دۆخی نالەباری ئاسایشی جیهانی سێیەم لە سەردەمی جیهانیبوون بێ تێگەیشتن لە پرۆسەی دەوڵەت سازی ئەم گوتارە دژوارە. ئێمە لە سەرەتای ئەم بەشە لەفۆرم گرتنی پارادایمی دەوڵەت–نەتەوە و ئاسایش قسەمان کرد. بێگومان، رووخساری ئاسایشی جیهانی سێیەم، جیاوازە لەو شتەیی کە لە ئەوروپا و یان دەوڵەتانی پێشکەوتوو هەیە. گیدنز دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بە دەوڵەتانی ((خەمباری پاش هەژموونی)) ناو دەبات کە لە سەردەمی شەڕی سارد دروستبوون و لەگەڵ نەمانی ئەویش تووشی بێ واتایی بوون.

پاوێل بارکێن (Poul Barken) دەوڵەت–نەتەوە لە ئاسیا بە فۆرمێکی نوێی رێکخراوەکانی سیاسی دەزانێت کە پاش جەنگی جیهانیی دووەم گرنگی و جێگەی خۆیان بەدەستهێناوە و جێگەی ئیمپراتۆرییەکان، کۆلۆنیالیزمییەکان و یان پاشایەکانیان گرتووە.

ئەم دەوڵەتە نوێیانە کە بە زۆری بەهۆی پرۆسەی کۆلۆنیا سڕینەوە پاش ساڵی 1945 دروست بوون بەکەڵك وەرگرتن لە چەمکەکانی رۆژئاوایی وەك دەوڵەت–نەتەوە، کۆمەڵگای مەدەنی و چینایەتی لەگەڵ سیستەمی نێونەتەوەیی پەیوەندییەکی چەند رەهەندی گرتووە.



گەورەترین تایبەتمەندی پەیوەندی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لەگەڵ سیستەمی نێونەتەوەیی لە ماوەی شەڕی سارد تەنانەت پاش ئەویش، دەبێت لاوازی جیهانی سێیەم بەنیسبەت ئەو شتە بزانین کە رۆبێرت گیلپین ( Robert Gilpon) ئەو دوو بنەمایە رێکخراویی سیستەمی نێونەتەوەیی یانی ((دەسەڵاتداری دەوڵەتان)) و ((بازاڕی نێونەتەوەیی)) دەزانێت. ئەم لاوازییە لە هەردوو ئاستی پەیوەندی دوولایەنەی جیهانی سێیەم لەگەڵ سیستەمی نێونەتەوەیی، چ وەك گروپێك و چ وەك دەوڵەتانی تاك بەدەردەکەون.

زۆربەی خوێندنگا هزرییەکان هەوڵیان داوە تاکو بناغەی ئەم لاوازییە روون بکەنەوە. لە روانگە جیاوازەکان ئەم هەوڵانە بریتین لە روون کردنی سیستەمی نێونەتەوەی سیستەمی جیهانی و ریفۆرمی سیستەمی نێونەتەوەیی و لەگەڵ هەمووی ئەم گروپانە ئەم خاڵە پێش گریمانە دادەنێن کە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم زیان دەبینن و رەفتاری ئەوان چ لە ئاستی تاکی و چ وەك گشت بە شێوەیەکی فراوان تووشی نائەمنی بوون.

بێگومان یەکێك لە بناغەکانی ئەم نائەمنییە و ئەم لاوازیە دەبێت لە سەرنەکەوتنی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە پڕۆژەی دەوڵەت–نەتەوەسازی بزانین، تۆیژینەوەیەکی مێژوویی لە پرۆسەی فۆرم گرتن و بیناکردنی دەوڵەت نیشانی دەدات کە هێز یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ((دەوڵەت سازی)) ئەوروپا بووە. چەمکی دەوڵەت سازی وەك توانای دەوڵەتێك لە کۆکردنەوەی ((هێز)) پێناسە دەکرد. دەوڵەت سازی پرۆسەیەکە کە نەتەنیا لە رێگەیەوە چالاکییەکانی ئابووری و سیاسی دەوڵەت گەشە دەکات، بەڵکو بەهێزی بنەڕەتی و سیاسی فراوان دەبێت. ئەم هێزە سێ رووخساری سەقامگیر بەخۆی دەگرێت أ/ هێز وەك توانای نەتەوەیی. ب/ هێز وەك توانای سیاسی. ج/ هێز وەك پەیوەندی بنەڕەتی.

بەڵام بۆ زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم ((هێز)) بە تەنیایی بە ئامانج دانانرێت، بەڵکو وەك ئامرازێك بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتی شێواوی

ئاسایش دادەنرێت کە لە دوو فاکتەر سەرچاوەی گرتووە: یەکەم، قۆناغی دوای دەوڵەت —نەتەوەسازی لە سەردەمی شەڕی سارد کە لەو ماوەیە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بە دیارکەوتن و دووەم، هاتنەوەی درەنگی ئەوان بۆ سیستەمی دەوڵەتان. بەم واتایە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم کاتێک هاتنە ناو شانۆی نێونەتەوەیی کە یەکەمین نیشانەکانی رووخانی پارادایمی دەوڵەت—نەتەوە بە دەرکەوتن. بەراوردکردنی گشتی لە نێوان پرۆسەی دەوڵەت نەتەوەسازی لە ئەوروپا و جیهانی سێیەم نیشانی دەدات کە جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ئەو دووانە هەیە. موحەمەد ئەیووب ریشەی ئەم جیاوازییە لە لاوازی شەرعییەتی تەواوی سنوورەکانی سەرزەمینی دەوڵەت و رژێمەکانی جیهانی سێیەم، پەیوەندی ناشیاوی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئاگاداری گشتی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە کێشە بناغەیەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی دەزانێت.

جگە لەمانە ئەم دوو ئەکتەرە سەرەکییە کە لە جیهانی سێیەم بە سەرچاوەی نائەمنی دەناسرێن لە ئەوروپا بەگشتی وەك ئامرازەکان و فاکتەرەکانی دەوڵەت— نەتەوەسازی کاریان کردووە. ئەم دووانە، نوخبەکانی سیاسی و سەربازین. لە ماوەی پرۆسەی دەوڵەت—نەتەوەسازی ((دەوڵەت)) چوار کاری تایبەتی بنەڕەتی لە ئەستۆ بوو: لەناوبردن یان سڕینەوەی رکابەرەکانی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی سەرزەمینی، لەناوبردن و یان سڕینەوەی رکابەرەکانی ناوخۆیی و پاراستنی خەڵکانی خۆی لە دوژمنان و بەدەستهێنانی ئامرازەکان بۆ ئەنجامی سێ چالاکییە پێشووەکە.

کەواتە لە وڵاتانی ئەوروپایی دەوڵەت وەك سەرچاوەی بنەڕەتی ئاسیش دادەنرا، بەڵام لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن بە پێچەوانەی دەوڵەتەکان نەتەنیا ئامراز ویان تەنانەت توانایی خستنە رووی پاڵپشتی وەها فراوانیان نییە، بەڵکو خۆیان لە رێگەی گەندەڵی، سەرکوت کردن و شێوەکانی تر لانی کەم بۆ دانیشتوانەکەی بە سەرچاوەی نائەمنی دەژمێردرێن.



رۆڵی سوپاش لەم دوو گوتارە لە بنەڕەتەوە جیاوازە. لە پرۆسەی دەوڵەت—نەتەوەسازی ئەوروپا بەو جۆرە کەوا پێشتر ووتمان، لەگەڵ پێشبڕکێی توندی سەربازی کەلە کۆتایی تەمەنی دەوڵەت— شارەکانی ئەوروپای سەریانهەڵدا، ئەرتەشەکان وەك ئەوەی کە دەبوونە هۆی پاراستن و پەرەسەندنی دەوڵەت —نەتەوە رۆڵی سەرەکیان گێڕا، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەرتەشەکانی پێشنەکەوتوو بەتایبەت لە ئاسیا لە ماوەی سەردەمی پاش جەنگی جیهانیی دووەم بووە هۆی دروست بوونی جۆرێك ناهەماهەنگی لە نێوان دەوڵەت و نەتەوەو لە بواری شەڕ بە پێچەوانەی ئەرتەشەکانی ئەوروپایی کە بووە هۆی ئەوەی کە گریمانەکانی شوناسی نەتەوەیی دروست ببێت، هێزی خۆیان لەناو پێشبڕکێکانی ناوخۆیی دەوڵەتان کۆدەکردەوە و لەوەی کەوا هێزی خۆیان سەرتر لە سنوورەکان بەکاربێنن سەرکەوتوو نەبوون.

بە شێوەیەکی گشتی، نەبوونی کاتێکی شیاو بۆ دەوڵەت—نەتەوەسازی، رانەکێشانی گریمانەکانی نەتەوەیی لە سەرەتایی قۆناغی مۆدێرنیزاسیون لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و داواکاری ئەم گروپە نەتەوەییانە بۆ بەشداری سیاسی، ئابووری و یەکسانی کۆمەڵایەتی بەر لە کۆتایی پرۆسەی دەوڵەت— نەتەوەسازی، سەرهەڵدانی دەوڵەتانی توتالیتەر لە تێکستی نیوە تەواوی پرۆژەی دەوڵەت—نەتەوەسازی و دروستکردنی بازنەیەکی تێکەڵاو لە ناکۆکی نەتەوەیی و لە نێوان دەوڵەتان لە جیهانی سێیەم لەو فاکتەرانە بوون کە پرۆسەی دەوڵەت— نەتەوەسازی لە جیهانی سێیەمی تووشی لاوازی و راوێستان کرد.

کەواتە ئەم بەڵگەیە کە ((نەبوونی ئاسایش)) لە جیهانی سێیەم ریشەی لە سەرنەکەوتنی ئەم وڵاتانە لە دروستکردنی هزرەکان وەك گریمانەی شوناسی نەتەوەیی و دەسەڵاتی نەتەوەیی و یان بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی دەوڵەت سازی هەیە، شایانی تێگەیشتنە. ئەگەرچی فشاری فاکتەرەکانی ژینگەیش لەم بوارەدا رۆڵی بنەڕەتی هەیە.

بەهۆی لاوازی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە دروستکردنی ((دەوڵەت)) بەو جۆرەی کە لە ئەورووپا روویدا. لە ماوەی دەیەی 1950، تەنانەت کاتێکیش ڕێبەرانی ناسیۆنالیست، جێگەی حکومەتەکانی گرێدراو بە ڕۆژئاوایان گرت، بە ئامانجی مۆدێرنیزە کردنی وڵاتەکانیان لە ڕێگەی خۆشگوزەرانی ئابووری، فێرکردنی هاوڵاتیان، جۆراوجۆری ئابووری و دروستکردنی هێزی سەربازی نەتەوەیی و پڕ چەك کردنی سەرچاوەکانی شایانی گەیشتن یان کرد و ئەم هەنگاوانە خۆی بووە هۆی پەرەسەندنی یەك لایەنەی دەوڵەتەکان و رووخساری دەسەڵاتخوازانەی دەوڵەتی زیاتر لە جاران بە دەرخستووە. لەم دۆخەدا ((نەتەوە)) هەروا تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆی دەپارێزێت و تەنانەت نەتەوەخوازی لە ناخی دەوڵەتەکانی دەسەڵاتخوازیش ریشەی کرد.

لە روانگەی نێونەتەوەیش شەڕی سارد کاریگەری گرنگی لەسەر پارادایمی ئاسایشی جیهانی سێیەم، بەتایبەت وڵاتانێك کە گرنگی سیاسی و ژئوپۆلیتیکی یان وەك میسر، کۆریا، هیندستان و ئێران وەك رووبەرەکانی پڕ گرنگی بۆ دوو جەمسەرەکە دەرهاتن. ئەمە بەو واتایەیە کە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم تاك خوازانە چوونە ناو ناکۆکی و ململانێی دوو زلهێزەکە. دووەم ئەوەکە ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتان لە جیهانی سێیەم لە ناکۆکییەکانی دووزلهێزکە بوو. سەریحول قەلەم لە پەرتووکی ((پەرەسەندن، جیهانی سێیەم و سیستەمی نێونەتەوەیی)) نیشان دەدات کە لە رووبەری ئاسیا و ئەفریقا زۆرترین ناکۆکی بە بەرێوەبەریی دوو زلهێزەکە بوو. لە هەر کام لەم ناکۆکیانە یەك یان هەردووکیان رۆڵی سەرەکی دەگێڕا و لە کۆتایی ئەوەی کە ململانێی ناوچەیەکانی خۆی لە ناکۆکییەکانی ئایدیۆلۆژی دوو جەمسەرەکە کەڵکیان وەردەگرت. لەم روانگەیە، رێککەوتننامەکانی ناوچەیی وەك سیتۆ و سێنتۆ لەم ڕێگەیە شایانی لێکۆڵینەوەن. ئەم ناکۆکییە ناوچەییانەو گەرەکیانە لە سەردەمی هاوسەنگی ترساندن کە لەو ماوەیە ترس لە پێکدادان و هەڵگیرسانی شەڕ



بۆ ماوەیەکی درێژ، پارێزەری لە نێوان زلهێزەکان بوو بەهۆی رەفتاری زلهێزەکان فراوان بوو. هەروا کە نیکۆل بال (Nicole Ball) دەڵێت: تەواو ناکۆکییەکانی ناوچەیی لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم لە جیهانی سێیەم روویداوە، ئەگەرچی روویداوە، ناتوانین رۆڵی زلهێزەکانی لەبەرچاو نەگرین.

لەم رووەوە دەتوانین دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بە((ئەکتەری ناچالاك)) لە سیستەمی نێونەتەوەیی لە شەڕی سارد ناو ببەین. بەلە ناوچوونی شەڕی سارد و سەرهەڵدانی ((جیهانی بێواتا)) بە وتەی زەکی لیدی رووخساری جیهانی سێیەم لە سیستەمی نێونەتەوەیی زیاتر لە جاران شلەژاوتر دیارە. ئێمە لە درێژەی باسەکەمان دەسکەوتەکانی بەجیهانیبوون لە جیهانی سێیەم بەتایبەت خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا لەژێر دوو ناوی دیموکراسی لە بەرامبەر دەسەڵاتخوازی، نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم لێکۆڵینەوەی دەکەین.

## دیموکراسی و دەسەڵاتخوازی

سەرهەڵدانی دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز، هەژاری، بێکاری، نەتەوەخوازی، لاوازی کۆمەڵگای مەدەنی، بەستراوەیی ئابووری، سەرهەڵدانی وردە ناسیۆنالیزمی ناکۆك خواز لەگەڵ ئانارشیزمی ناوچەیی و دواجار بارودۆخی نالەباری ئاسایش وەك بەرهەمی شەڕی سارد و ململانێی ئایدیۆلۆجیکی دوو زلهێزەکە لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا کە وڵاتانی جیهانی سێیەم لەکێبرکێی جیهانی نوێ بە سەرکەوتوو دەژمێردرێن یەك ناگرێت. لە ماوەی شەڕی سارد سەرەڕای ئەوەی کە دیموکراسی لە روانگەی هانتینگتۆن لە زۆربەی بەشە پێشنەکەوتوو جیهان فراوان بوو، دەسەڵاتخوازی وەك فۆڕمی بنەڕەتی حکومەت لەم ناوچانە ماوە.

یەکێك لە گرنگترین باسەکان سەبارەت بە پرۆسەی دیموکراسی لە جیهانی سێیەم پەیوەندی ئەو لەگەڵ هێزی دەوڵەتە. لەسەر بیرۆکەی مێژووی دەوڵەت سازی لە ئەورووپا، دیموکراسی وەك قۆناغی کۆتایی دەوڵەت

سازی دادەنرێت. بەم واتایە بۆ زۆربەی وڵاتان کە قۆناغە سەرەتاییەکانی دەوڵەت سازی بەڕێوە دەبەن ((دیموکراسی)) وەك فاکتەرێکی بۆ پەرتبوون (بڵاوەخوازی) بەگریمانەی شوناسی نەتەوەیی دادەنرێت. لەم ڕووەوە بۆ زۆربەی دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز لەسەر گرنگی هەڤگری لە سنوورەکانی شوناسی وەك گریمانەی شوناسی نەتەوەییو یان سەروەری نەتەوەیی، دیموکراسی لە قۆناغەکانی دوایی دایە. جگە لەمانە سیاسەتەکانی کۆلۆنیا سڕینەوە و پەرەسەندن کە لە ماوەی شەڕی سارد لە نێوان نوخبەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم هەبوو، فاکتەرێك بۆ دەستێوەردانی زیاتری دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز بەسەر ڕووبەرەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگا بوو. بۆ نموونە ڕێبەرە نوێکان کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پاش حکومەتە بەستراوەکان بەکۆلۆنیا سەریانهەڵدا لەسەر خۆشگوزەرانی، فێرکردن، جۆراوجۆری ئابووری و دروستکردنی نەتەوەیی هێزی سەربازی جەختیان دەکرد. جەختی ئەوان بەم ئامانجە بوو کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ یەك کردنی سەرچاوەکان پێویستە.

لەم ڕوانگەیە دەستێوەردانی دەوڵەت فاکتەرێك بوو بۆ دیاریکردنی گەشەکردنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان بوو. ئەم دۆخە ساڵانێك لە ماوەی شەڕی سارد وەك کێشەی بناغەیی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم مابوو، بەڵام بە نەمانی بیرۆکەی سەروەری وادیارە لە پرۆسەی جیهانیبوون دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز نەتوانن بە بەردەوامی دیموکراسی بخەنە دواوە. بۆ باس کردنی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتخوازی دەوڵەتان و پرۆسەی دیموکراسی دەتوانین لە سێ پێوەر کەڵك وەربگرین. ئەم سێ پێوەرە بەبیری ئێمە، پێشکەوتنەکانی ئابووری، ڕادەی تێپەڕاندنی لە پرۆسەی دەوڵەتسازی و سیاسەتەکانی ئایدیۆلۆژیین.

بێگومان ڕادەی دەسەڵاتخوازی دەوڵەتان بە پێشکەوتنەکانی ئابووری ئەو بەستراوەتەوە. دەتوانین گروپێك لە دەوڵەتان لەبەرچاو بگرین کە



لەسەر پێشکەوتنەکانی ئابووری، ڕادەی دەسەڵاتخوازی هەڵیانسەنگێنین. بە شێوەیەکی گشتی لەم گروپ دەوڵەتانە کە ڕادەیەك لە بەستراوی دوولایەنی ئابووری، سەرهەڵدانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی ئابووری و گەشەکردنی ئابووریان گوزەراندووە، زۆر کەمتر لەو دەوڵەتانەی کە لە ڕادەیەکی خوارتر لە گەشەکردنی ئابوورین لەسەر دەسەڵاتی دەرەکی دەوڵەت تەئکید دەکەن. جگە لەمانە بۆ ئەو وڵاتانەی کەلە بواری گەشەکردنی ئابووری لە قۆناغێکی سەرترن، بەجیهانیبوون نەك وەك گەفێك، بەڵکو وەك شانسێك دادەنرێت.

بەڵام لە ڕووبەڕوبوونەوە لەگەڵ پرۆسەی دەوڵەت–نەتەوەسازی، پرۆسەی جیهانیبوون ئەوەندە ڕوون نییە. لە ڕوانگەی زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، جیهانیبوون بە واتای جۆرێك لە بەدەرکەوتنی شوناسە وردەکانە لە ناوەوەی سنوور و دەرەوەی سنوور. کەواتە بەجیهانیبوون بە گەفێکی گرنگ لە دژی پرۆسەی دەوڵەت–نەتەوەسازی دەژمێردرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە پێشینەی مێژووی ئەوان زیاتر لە سەردەمی شەڕی سارد نییە، ئاسانتر لەگەڵ پرۆسەی جیهانیبوون پەیوەندی دەکەن. بۆ نموونە ڕاکێشانی وڵاتانی دەوروبەری کەنداوی فارس لە پرۆسەی جیهانیبوون، بە شێوەیەکی گشتی ئەم گریمانە بە تاقیکردنەوە دەکەن ئایا بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەبێ ڕۆیشتن لە پرۆسەی دەوڵەت–نەتەوەسازی دەتوانین بچینە ناو پارادایمی بەجیهانیبوون؟

چۆنیەتی ئایدیۆلۆژی دەوڵەتانی جیهانی سێیەمیش ڕۆڵی بنەڕەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم وڵاتانە لەگەڵ پرۆسەی جیهانیبوونی کولتوور سیاسەت هەیە. زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم هێشتا وا دیارە لە جیهاندا کە پێشتر بووە و یان خەونی پێوە دەبینن هەناسە دەکێشن.

بێگومان گۆڕان لە سیستەمی جیهانی لەسەر بنەمای پارادایمی شەڕی سارد و شوناسی ئەو، بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم ئەوەندە خۆش نییە، بەم

هۆیە کە بە لەناوچوونی واتایی دیسپلینی پێشوو، شوناسی ئەوان تووشی شێواندن دەبێت. لەم روانگەیەوە دەتوانین گروپێك لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لەبەرچاو بگرین کە لایەکی ئەو دەوڵەتانی ئایدیۆلۆجیکین و لە لایەکی تر دەوڵەتانی سکۆلار پێك دێنن. لەم گروپەی جیهانیبوون هەروا کە فریدمەن ئاماژەی پێدەدات فەزایەك بۆ پێکهێنانی شوناسەکانی نوێ بۆ سیستەمەکانی سکۆلار دابین دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە هەلومەرج بۆ دەوڵەتانی ئایدیۆلۆجیك بۆ پاراستنی شوناسەکەیان دژوار دەکات. لەم دۆخە زۆربەی دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز هەوڵدەدەن، لە پرۆسەی جیهانیبوون بە هێزی خۆیان بەدەر بکەون. سیاسەتی ئێران لە دەیەکانی 1980 و نیوەی یەکەمی دەیەی 1990 و یان سیاسەتی بێلایەنی کۆریای باکوور بەم واتایە بوو، بەڵام زۆربەی ئەم هەوڵانە نەتەنیا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو تووشی دوو جۆر لە رەفتاری ئەو دەوڵەتان بە نیسبەت جیهانیبوون بوون. بە جۆرێك ئەوان لە ناو سنوورەکانی خۆیان لەو شوناسانە کە رووبەڕووی مەترس قسە دەکەن، کە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆیی، بۆ پاراستنی خۆیی، بەستراوی خۆیی بە فۆرمەکانی نێونەتەوەیی هەست دەکات. لەم رووەوە، دەوڵەتانی دەسەڵاتخوازی جیهانی سێیەم لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سیستەمی لە چۆنیەتی سیستەمی نێونەتەوەیی زۆر زیانکەر دێنە بەر چاو، چونکە بە پێچەوانەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بۆ پاراستنی پێگەی دەسەڵاتی خۆیان بە فۆرمەکانی نێونەتەوەیی بەتوندی بەستراونەتەوە.

لەم رووەوە ((بەجیهانیبوون)) وەك گۆڕانی پارادایمی سیستەمی نێونەتەوەیی دەتوانێت گەفێك بۆ دەوڵەتانی دەسەڵاتخوازی جیهانی سێیەم بێت. کەواتە لە کۆکردنەوەیەکی گشتیدا، لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەجیهانیبوون دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز لە دوو شوێن گەف دەکرێتە سەریان. سەرەتا لە نەبوونی فۆرمەکانی دیموکراتیك و جێگرکردنی لەم وڵاتانە، بەجیهانیبوون فشارێکی زیاتر بۆ بەکارهێنانی ستانداردەکانی نوێی



نێونەتەوەیی سەروەری بەتایبەت لە رووبەرەکانی شەفافیەت و بەرپرسیارەتی دەێنێت. لەگەڵ ئەوە نەبوونی رێکخراوەکانی دیموکراتیك وەك سەرچاوەی سەرەکی لاوازی سیستەمی دەوڵەتانی جیهانی دەژمێردرێت. ئێمیل ساهلیە (Emile Sahliyeh) دەڵێت: قەیرانی نوێی ئیسلامی خوازەکان زیاتر لە وڵاتانی عەرەبی بەهۆی نەبوونی رێکخراوەکانی دیموکراتیك و فۆرمەکانی پەیوەندیدار بەوەوەیە. ئەم گروپانە ئیسلام وەك ئامرازێك بۆ گۆڕانی دیسپلینی ناشەرعی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری بەکاردێنن.

لەگەڵ ئەوەدا زۆربەی ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتان لە جیهانی سێیەم وەك ناکۆکی نێوان سوریا و عێراق، سوریا و لوبنان، شەڕی عیراق و کوێت و شەڕی عێراق و ئێران بەرهەمی دەسەڵاتخوازی بێ سنووری ئەم وڵاتانەیە.

## نەتەوە خوازی و ناسیۆنالیزم

بە بڕوای زۆربەی زانایانی پەیوەندی نێونەتەوەیی، بە رووخانی یەکیەتی سۆڤیەت لە ساڵی 1991 نەتەوە خوازی وەك شوناس، بایەخێکی فراوانی پێدەدرێت. ئەم پرۆسەیە تەنیا پەیوەندی بە وڵاتانی جیهانی سێیەمەوە نییە، بەڵکو بە زۆری گەشەکردنی نەتەوەخوازی لە وڵاتانی ئەوروپایین.

بەڵام جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان سەرهەڵدانی شوناسەکانی نوێی ناوچەیی و لەسەر بنەمای جێندەری رۆژئاوا (Gender Identities) و سەرهەڵدانی نەتەوەتەکان لە جیهانی سێیەم هەیە. جیاوازی بنەڕەتی ئەو دوو پرۆسەیە لەم خاڵە دایە کە شوناس لە رۆژئاوا دەبێت وەك ژاك ((توانەوەی دەوڵەت)) ناوزەد بکەین، بەڵام نەتەوەکانی تازە سەرهەڵهێنراوی جیهانی سێیەم سەرچاوەی لە نەتوانینی ئەم دەوڵەتانە بۆ توانەوەی ئەم شوناسە وردانە لە گریمانەی شوناسی نەتەوەیی خۆیەتی.

بۆ نموونە زۆربەی ناسەقامگیرییەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لاوازی رێکخراویی زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، سەرچاوەی لە ناڕەزایەتی

گروپەکانی قەومی و سیاسی ئەم وڵاتانە هەیە. زۆربەی ئەم گروپانە بەگشتی لەناو سنوورەکانی نەتەوەیی ناسراون. بۆ نموونە سنوورەکانی سوریا، لوبنان، ئیسرائیل، عێراق، ئێران، سومالی و سودان بە زۆری بە دڵی نەتەوەکانی ئەو ناوچانە نییە.

بۆ زۆربەی وڵاتەکانی ئەفریقایی سنوورەکانی سەرزەمینی، بەرهەمی سەردەمی کۆلۆنیایە و ئەم سنوورانە وەك فاکتەرێك بۆ جیاکردنەوەی تاکەکان و گروپە عەشیرەتییەکان دەرهاتووە. لە قوبرس، تورکەکان و یۆنانییەکان، لوبنان موسوڵمانەکان و کریستیانەکان و لە سودان موسوڵمانەکان و ناموسوڵمانەکان بە پاڵپشتی لەسەر زمان و ئایین چەند پارچەیی کۆمەڵایەتیان (Social Fragmentation) لەم وڵاتانە دروست کردووە. زۆربەی دەوڵەتانی دەسەڵاتخوازی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە دورخستنەوەی کەمینەکانی نەتەوەیی بۆ دەرەوە لە رووبەرە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵیانداوە بەسەر نەتەوە خوازاندا زاڵ بن. ئەم پرۆسەیە لە زۆربەی ئەو وڵاتانە کە بە فرەنەتەوە دەژمێردرێن وەك عێراق، تورکیا، ئێران و سودان خراپتر بووە.

لەم رووەوە نەتەوە خوازی نوێ لە جیهانی سێیەم دەبێت بە سەرنەکەوتنی ئەم دەوڵەتانە لە پرۆسەی دەوڵەتسازی بزانین. ئەم هێزانەی نەتەوەخواز لە زۆربەی بوارەکان وەك بارێکی قورس لەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەم دەژمێردرێن، چونکە لەم سەدەی دوایدا زۆربەی ئەو نەتەوە خوازیانە بۆ داخوازی ئۆتۆنۆمی و یان جیاوازی لە دەوڵەتی نەتەوەیی گۆڕاون. لەم رووەوە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سەروەری دوڵەتان، گروپەکانی نەتەوەیی وەك سەرچاوەی نائەمنی دەژمێردرێن، چونکە بە بروایی ئەم گروپانە کۆمەڵگای ئەوان بریتییە لە هێزەکانی هەرێمی، ئایینی نەتەوەیی جۆراوجۆر. لەم رووەوە ئەوان لەگەڵ هێزی رێکخراوەی دەوڵەتان دژایەتی دەکەن و خوازیاری پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیانن و بۆ ئەم



کارە تەنانەت لە هەڵگیرسانی شەڕی خوێناویش ترسێکیان نییە. ئەم دۆخە بە زۆری لە جیهانیدا دەبیندرێت. شەڕە نەتەوەییەکان لە قوبرس، ئێران، عێراق، تورکیا، سۆمالی و سودان وەك وڵاتانی فرەنەتەوەی ئاسیا و ئەفریقا نموونەکانی ئەم رووخسارە نوێیەی نائەمنین. روودانی ئەم شەڕە خوێناویانە لە جیهانی سێیەم یەکێکی تر لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی دیاردەی شوناسەکانی نەتەوەیی لە جیهانی سێیەم و ئەوروپا نیشان دەدات.

لە زۆربەی وڵاتانی سەرمایەداری شوناسی خواری و نەتەوەیی ئەمڕۆ زیاتر لە سەر بنەمای بابەتی سیاسی، جێندری یان ریفۆرمی سیاسی (political reform) پێناسە دەکرێت. بە پێچەوانەی شوناسەکانی نەتەوەیی لە جیهانی سێیەم کە لەسەر بنەمای رەگەزی، خاك و زمان پێناسە دەکرێن، لەگەڵ رووخسارێکی جینۆساید، شڵەژاوی و شەڕی خوێناویدا هاورێیە.

بەم واتایە، جیهانیبوون چ بەواتای نەمانی دەسەڵاتەکان دابنرێت و یان چ وەك دیسپلنێکی جیهانگیر لەسەر بنەما شوناسی بڵاوی ناوچەیی تاکی و جیهانی پێناسە بکرێت، ئەم کێشەیە کە سنوورەکانی شوناسی جیهانی سێیەم زیاتر لە هەر کاتێکی تر خوێناوی دیارە، ئێمە دەخاتە ناو بیرکردنەوەیەکی قووڵ سەبارەت بە ناسیۆنالیزم و وردە ناسیۆنالیزم لە جیهانی سێیەم.

## بەشی حەوتەم: جیهانیبوون و بابەتی پەرەسەندن

بە بڕوای زۆربەی زانایان بناغەی میتافیزیکی ڕۆژئاوا و هەموو وردە گوتارەکانی ئەو کە لە بنەڕەتدا وەك مۆدێرنیتە ناو دەبەن لەسەر بنەمایی گریمانەی پەرەسەندن، پێشکەوتن و بەرەوپێش چوون دانراوە.

ئەم قسەیە هەڵبەت تەنیا گرنگی چەمکەکانی وەك پەرەسەندن لەناو ناخی گوتاری مۆدێرنیتە نیشان نادات، بەڵکو بەم واتایەشە کە لە سەرەتای رووخانی زەینییەتی مۆدێرنیتە و گومان بەنیسبەت سەروو گێراوەکانی ئەو پرۆسەی پەرەسەندن زیاتر لە هەر شتێکی تر لە ناو دەبات.

بەم هۆیە ئەم قسەیە شایانی تێگەیشتنە کە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەمکەکان وەك پەرەسەندن، بەجیهانیبوون زیاتر لە هەر کارێکی تر تایبەتمەندی گوتاری خۆی نیشان دەدات.

هەوڵی ئێمە لە بەشەکانی تر لەسەر ئەوە بوو تا نیشانی بدەین کە دەبێت جیهانیبوون لە روانگەی لێکدانەوەی گوتاری هەڵسەنگێنین. هەندێك لە زانایان بەتایبەت لە بواری زانستی سیاسی وای نیشان دەدەن کە بەجیهانیبوون رووخساری گۆڕانکاری سەرسوڕهێنەرە کە لەو رێگەوە جیهان بۆ لای جۆرێك لە یەك پارچەیی سیاسی دەڕوات.

لەم روانگەیە بەجیهانیبوون پرۆسەیەکی چالاکانەیە کە بە شێوەیەکی بەردەوام و رێکوپێك لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری جیهان روودەدات. بێگومان جیهانیبوون هەموو ئەو رووداوە سەرسوڕهێنەرانەیە کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم شێوەکانی ژیانی تووشی گۆڕانکاری کردووە. گرنگترین تایبەتمەندی بەجیهانیبوون فۆڕم گرتنی یاسای گوتارییەکانی ئەوە.



ئەم رێسایانە فرەو نادیارن و لە ئاستە شاراوەکانی مۆدێرنیتە بەدەرکەوتوون. لەم روانگەوە وەك مۆدێرنیتە کە بە وتەی فۆکۆ لە ناخی گوتاری کلاسیك پەروەردە و دواجار لەناوی ئەو هاتەدەرەوە، جیهانیبوونیش بەهۆی قەیران لە پارامێترکانی مۆدێرنیتە و لە کۆتایی پرۆسەی یەك هێڵی مێژوویی ئەودا سەریهەڵدا. کەواتە هەروا کە بە وتەی فۆکۆ، مرۆڤ لە سەردەمی مۆدێرنیتە وەك بکەر و بە بابەتی ناسراو دیار بوو، جیهانی پۆست مۆدێرن وەك جیهانێکی نوێیە بە پێی وتەی واتیمۆ جیانی: ((من لە جیهانێکی پڕ زاراوە بە زاراوەی خۆم قسەدەکەم، دەبێت بزانم کە زاراوەی من، تاکە زمان نییە، بەڵکو زمانێکە لەناو زمانەکانی تر ئەگەر من لەم جیهان فرە کولتوورییە، بەهای ئایینی، جوانناسی، سیاسی و قەومی خۆم بخەمەڕوو دەبێت سەرنج بە مێژوو، ناسەقامگیری، بەستراوەیی و بەربەستەکانی ئەم سیستەمە و لە پلەی یەکەم سەربازی کە لەگەڵ من پەیوەندی بە من هەیە و ئاگاداری بم)).

لەم رووەوە دەتوانین جیهانیبوون لەگەڵ گوتاری مۆدێرنیتە بەراورد بکەین بەم جیاوازییە کە مۆدێرنیتە لە ئەورووپا روویدا بە دروستکردنی ئەستوورەیی ئێمە و ئەوان خۆی پێناسە دەکرد، بەڵام بە پێچەوانەوە، جیهانیبوون گۆڕانکارییەکی نوێیە لە پانتایی جیهانی کە بەدەستێوەردان و سابجێکتیف و ئابجێکتیف، میتافیزیکی جیاوازی خوازی مۆدێرنیتە تێکدەشکێنێت و بە ئەفراندنی لێکدانەوە نوێکان، لێکدانەوە کۆنەکان بە درۆ دەخاتەوە.

ئێمە لەم بەشەدا نیشانی دەدەین کە بیرۆکەی پەرەسەندن یەکێك لە پڕ باسترین لێکدانەوەکانی مۆدێرنیتەیە. بەهۆی یاسای گوتاری بەجیهانیبوون دەبینین کە چۆن بنەماکان هەڵدەشەوێنێت. لەسەر ئەم بنەمایە گریمانەی سەرەکی ئەم بەشە ئەوەیە کە بەجیهانیبوون بە ناسەقامگیرکردنی بناغەی متافیزیای رۆژئاوایی و هەموو گوتارەکانی ئەو، هزر و بیرۆکەی پەرەسەندن و پێشچوونیش لە رووبەرەکانی دانانی تیۆری و لە جیهانی زانستیش

تووشی گۆڕانی بەرچاو کردووە. ئەم قسەیە بەو واتایە نییە، کە جیهانیبوون بە نیشاندانی ناکارایی تیۆرەکانی پەرەسەندن لە ماوەی سەدەی بیستەم پارادایمی زانستی و تیۆری بۆ پەرەسەندن دادەنێت، بەڵکو جیهانیبوون بەوێڵکردنی بیرۆکەی پێشکەوتن بە شێوەی سەردەمی مۆدێرن، تایبەتمەندی ناکۆکی لە پەرەسەندن نیشانداوە و بەرگری لە بیرۆکەی دیاری نەکردن و هەڵنەسەنگاندن لە ناخی گوتارەکانی بڵاو، جۆراوجۆر دەکات. بە جۆرێك کە کەسانێکی وەك زەکی لیدی لە بیرۆکەی ستراتیژی بێ ئامانج و پرۆگرامی لە رووبەڕووبوونە لەگەڵ جیهانیبوون قسە دەکەن.

## مۆدێرنیتە و زەینی پەرەسەندن

پێشتر ئاماژەمان پێدا کە متافیزیکی رۆژئاوا لەسەر بنەمای پێناسەی پەرەسەندن و پێشکەوتن فۆرمی گرت. لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرنیتە جۆرێك لە روانینی نوێ مرۆڤی لە خشتەی دووبارەکردنەوە دەرکرد و ئەوی وەك تاقانە دروستکەری واتا ناساند. فۆکۆ ئەم گۆڕانی روانینە وەك سەرەتای دەستپێکردنی سەردەمی مودێرن ناودەبات.

لەم سەردەمە کۆمەڵانێك بە یەکگرتوویی دەگەن کە لەسەر رۆڵی بکەری مرۆڤ جەخت دەکەن. فۆرم گرتنی گوتاری زانستی مرۆڤایەتی لەم سەردەمە لە رێگەی بابەتی لوتکەخوازی (transcendental subject) ئەو جۆرەی کە دیاردەخوازەکان (phenomenologists) بەڵگە دێننەوە فۆرمی گرت. مرۆڤ لە روانگەی ئەوان بە دروستکەری واتا دەژمێردرێت و لەسەر رۆڵی ئەوان، بەدەر لە مێژوو و زمان جەخت، دەکات.

لەم ئێپیستمە نوێیە، زمان تاوانبەرە بە لێکترازان و جیاوازییە. مرۆڤ زمانی بەکارهێنا تا لە رێگەی ئەوەوە جیهانی پێ پێناسە بکەن. مێژووش بە گشتی دادەنرا، یانی جۆرێك روانین بۆ مێژوو کە لەسەر ئەو بنەمایە چەمکێکی ناوەندی بە هەموو دیاردەکان دەبەخشێ.



ئەم گریمانە خەونییە لە مرۆڤ، لەگەڵ سەرو گێراوەکانی وەك عەقڵانییەت، پێشکەوتن، ئازادی و بەرەوپێش چوون تەکمیل دەبێت. بەم رێگەیە زەینیەتی پەرەسەندن لەگەڵ مۆدێرنیتە لە هاوتەریبە و لە خۆیدا هەموو بابەتەکانی ئەوەی هەیە.

لەم رووەوە بە باوەڕی زانایان وەك فۆکۆ، لیوتار، دریدا، زاکس، سەعید... هتد لە پاش گوتاری پەرەسەندن هزری یەك نەبوونی مۆدێرنیتە شاراوەیە. هەروا کە هزری ئازادی و پێشکەوتن لە ناخی مۆدێرنیزم شاراوە بوو، لە گوتار پەرەسەندنی خۆی بە شێوەی هزری شاراوە لە زانست و هێز نیشان دەدا. ئاسەوارناسی گوتاری پەرەسەندن نیشانی دەدا کە ئەو دوو بابەتە گشتییەی مۆدێرنیتە یانی یەك نەبوون و ئازادی، لە تەواو سەدەی بیستەم جۆرێك رووبەڕووبوونەوەی لە نێوان وڵاتانی رۆژئاوا یان ئەوروپا لەگەڵ وڵاتانی نائەوروپایی، جیهانی سێیەم و یان رۆژئاوا فۆرم داوە.

یەکێك لە گەورەترین وتەکانی فۆکۆ سەبارەت بە مودێرنیتە ئەوەیە کە شارستانی رۆژئاوایی بە،کۆنترۆڵی زانست و شوناس خۆی بەنیسبەت ئەوانی تر بەفۆرمێکی ناهەوسەنگ پەروەردە دەکرد و لە سەردەمی باسەکان وەك پەرەسەندن‌و باسی یەك هێلی لە مێژوو، نائەوروپاییەکانی لە گوتاری خۆی دەرکرد. سەعید دەکەوێتە دوای ئەم بابەتە بەنیسبەت رۆژهەڵات ناسەکان و بە بەدوادا چوونی لیوتار پرۆسەی یەك هێلی کە لە پاش گوتاری پەرەسەندن پڕوپاگەندە کراوە بەگەورەترین درۆی شارستانی رۆژئاوا ناودەبات.

لە بواری رەچەڵەك ناسی، گوتاری پەرەسەندن لە نوێکردنەوەی کلاسیك تاکو رێکخراوە خوازی نوێ نیشانی دەدات بیرۆکە جۆاروجۆرەکان کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم سەریانهەڵدا، لە زەینییەتی مۆدێرنیتە وەرگیراوە، لەسەر لۆجیکی دوو گریمانەی لە خۆی و ئەو، پەرەسەندن و دواکەوتن، کۆمەڵگای عورف و کۆمەڵگای مۆدێرن، هێز و زانست و جەختیان دەکرد.

لەگەڵ ئەودا لە زەینیەتی مۆدێرنیتە، هەلومەرجێکی تایبەت کە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی لە سیستەمی جیهانی فۆرمی گرت، لە کێشانی ئەم بیرۆکانە رۆڵی سەرەکی هەبوو. جێگەی ئەمریکا، سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم وەك جەمسەری دژی لیبڕاڵیزم و سەرهەڵدانی وڵاتانی جیهانی سێیەم، سێ فاکتەری بنەڕەتی بوون کە تیۆرەکانی پەرەسەندن لە ماوەی سەردەمی پاش جەنگی جیهانی بەوەوە بەسترابوون.

## ڕەچەڵەك ناسی پەرەسەندن لە گوتاری مۆدێرنیتە

ڕەچەڵەك ناسی پەرەسەندن لە گوتاری مۆدێرنیتە بەواتای دووبارە خوێندنەوەی ساکاری بیردۆزەکانی پەرەسەندن نییە، بێگومان سەبارەت بەم بیردۆزانە و رەخنەی ئەو زۆرشت نووسراوە، کە گێڕانەوەی ئەوان لێرە ئەوەندە پێویست نییە. ئەوەی کە لە روانگەی ئەم نووسراوە بەگرنگ دادەنرێت پرسیار لە پێکهاتەو چۆنیەتی فۆرم گرتنی ئەم بیردۆزانەیە لە ناخی گوتاری مۆدێرنیتە. هەروا کە لە رابردوو مۆدێرنیتە لەسەر زەینییەتی خۆی بیری پێشکەوتنی لەسەر بنەمای لۆجیکی دوو گریمانەی لەخۆ و ئەوی تر پەروەردەکرد و هەلومەرجی دەسەڵاتدار لەسەر دیسپلینی نێونەتەوەیی لە ماوەی سەدەی بیستەم بە درێژەدانی ئەم بیرۆکەی یارمەتیدا. بە بڕوای ئێمە دووبارە خوێندنەوەی زەینییەتی مودێرنیتە و وتنەوەی هەلومەرجی گشتی زاڵ لەسەر سیستەمی نێونەتەوەیی لە سەدەی بیستەمە کە دەتوانین نیشانی بدەین ئێستا لە سەرەتای رووخانی ئەو شتانەی کە وتمان وەك ئازادی و پێشکەوتن نە تەنیا هەلومەرجی بوونی ئەم بیرۆکانە تووشی قەیران دەکات، بەڵکو جیهانیبوونیش کە تەنانەت هەندێك ئەو بە ئێپیستمەی سەردەمی نوێ ناوزەد دەکەن، زەیتییەتی پەرەسەندن بناغەشکێنی دەکات و لە پەرەسەندن وەك پرۆسەی ((لە ناو کات)) ناو دەبات کە لە ماوەیەك لە مێژوو لە تێکستی متافیزیکی رۆژئاوا ئیمکانی بووە و ئیتر دووبارە نابێتەوە.



## بیرۆکەی نوێکردنەوە و مۆدێرنیزاسیۆن

بیرۆکەکانی پەیوەندیدار بە پەرەسەندن هی سەدەی بیستەمی شارستانی رۆژئاوا نین. ئەم بیرۆکانە لە سەرەتای سەرمایەداری جیهانی و سەرچاوەی لە رۆشنگەری مۆدێرنیتە لە کۆتایی سەدەی 16 تا 19 بووەو سەریهەڵداوە، بەڵام چەند فاکتەری بنەڕەتی لە وێنەکردنی باسەکانی پەیوەندیدار بە پەرەسەندن و مۆدێرنیزانسیون کە لە ماوەی سەدەی بیستەم سەریانهەڵدا رۆڵی سەرەکیان گێڕا کە گرنگترنی ئەوان بریتین لە:

1/ سەرهەڵدانی سیستەمی دووجەمسەری و ناکۆکی نێوان ئوردوگای سۆسیالیست و سەرمایەداری. 2/ فراوانبوونی بزاڤەکانی سۆسیالیستی، سەرهەڵدانی پارتە کۆمۆنیستییەکان و وڵاتانی سەرمایەداری ئەوروپایی و سەرهەڵدانی دیموکراسی چینایەتی لە سەرزەمینەکانی ئەورووپای رۆژهەڵات. 3/ فراوانبوونی بزاڤە رزگاریخوازەکان و بزاڤەکانی سەربەخۆ خواز لە کۆلۆنیاکان. 4/ فراوانبوونی کردارەکانی دەوڵەتی لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێونەتەوەیی. 5/ پێکهێنانی بزاڤی بێلایەنەکان و هەوڵدان بە مەبەستی شێوانی سیستەمی هاوسەنگی هێزە گەورەکان. 6/ سەرهەڵدانی گرووپە نوێکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری لە دانانی سیاسەتەکان و پرۆسەی شۆڕشی داواکارییەکان.

یەکێك لە گرنگترین هەوڵەکانی بیرمەندانی نوێکردنەوە، کتێبی ((قۆناغەکانی گەشەکردنی ئابووری)) رستۆیە. ئەم کتێبە سەرەڕای ئەوەی لە دەسکەوتەکانی کۆمۆنیستی کەڵکی وەردەگرت، سەرچاوەشی لە رۆشنگەری رۆژئاوا سەردەمی رۆیشتن لە کۆمەڵگای عورف بە کۆمەڵگای مۆدێرنی باس دەکرد و لەسەر لۆجیکی دوو گریمانەی مودێرنیتە تەئکیدی دەکرد.

رستۆ لەم کتێبە بە باسی 5 قۆناغی عورف، پێش سەرهەڵدان، تەواوبوون و کۆمەڵگای بەکارهێنەری بە کۆمەڵ، لە ئەگەری گۆڕانی

کۆمەڵگای عورف بە کۆمەڵگای مۆدێرن لەسەر وتنەوەیەکی یەك هێڵی لە مێژوو بەرگری دەکات.

ئەوەی لەم کتێبە و لە ماوەی 1960 و 1970 هاتە گۆڕێ کاریگەری لە رای بیرمەندانی سەدەی نۆزدەیەم وەك ئادام سمیت، مارکس، دۆرکهایم و ماکس ڤێبەر هەبوو کە لەسەر دیاری کردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و میکانیکی تەئکیدیان دەکرد. لەگەڵ ئەو، بیردۆزەکانی پەرەسەندن و نوێکردنەوە لەم دوو دەیەیە لۆجیکی دوو لایەنەی کۆمەڵگای عورف و کۆمەڵگای مودێرنی گۆڕی بۆ بنەڕەتی مەعریفە ناسانە و لە عەقڵانییەت بە واتای ڤێبەری ئەو، وەك بنەڕەتێکی رزگارنەبووی پەرەسەندن بەرگریان دەکرد.

کەواتە بیرۆکەی نوێکردنەوەو پەرەسندن لە نێوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە دوو فاکتەری سەرەکی ((هەلومەرجی زاڵ بەسەر سیستەمی نێونەتەوەیی)) و ((زەینییەتی مۆدێرنیتە)) سەرچاوەی گرتبوو. لەم سەردەمە بیرمەندانی ئابووری سیاسیش لە وێنەی دووجەمسەری کۆمەڵگای عورف و مۆدێرن کەڵکیان وەردەگرت و لە رزگارنەبوونی پرۆسەی پەرەسەندن لە کۆمەڵگای سەرەتایی ((گمـاین شافت)) بە کۆمەڵگای مۆدێرنی ((گزێل شافت)) قسەیان دەکرد. ئەگەرچی خوێندنەوەی ئەم کاریگەرییە نیشان دەدات کە پرۆسەیەکی گشتی، ستاندارد و سەرکەوتووو سەبارەت بەم پرۆسانە نییە. ئاڵمۆند، پاوێڵ، پای، پارسۆنز، ئێتپر و کولمەن لەو زانا سیاسییانەن کە بە خوێندنەوەی بەراوردکاریی خۆیان هەوڵیان دەدا تانیشان بدەن کە چۆن دەتوانن لە کۆمەڵگای عورف بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن بزاڤ کەن.

بۆ نموونە لویس پای، ناوی حەوت قەیرانی بنەڕەتی دەبات کە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەم لە رێگەی دەوڵەت–نەتەوەسازی خۆی و رۆیشتن لە کۆمەڵگای عورف بۆ مۆدێرن دەبێت لی بڕوات. ئەوە لە حەوت قەیرانی ((شوناس، شەرعییەت، بەشداری، دابەشکردن، تێکەڵکردن، سەروەری و کاریگەری)) ناو دەبات.



سەبارەت بە خوێندنەوەی ئابووریش، ئابووریزانانی نوێخوازی کلاسیك، تەئکید لەسەر سیستەمەکانی بازاڕ، بنەمای قازانجی رێژەیی، قۆناغەکانی چەند جۆری گەشەکردن رستۆ و پرۆگرامەکانی رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی لەم دەسکەوتە کەڵکیان وەرگرتووە و خوازیاری بەکارهێنانی ئەزموونی رۆژئاوایی لە پرۆسەی پەرەسەندنی جیهانی سێیەمن.

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین گریمانە بنەڕەتییەکانی بیردۆزی پەرەسەندنی کلاسیك بە شێوەی خوارەوە کۆبکەینەوە:

1– لە وتەکانی زانایانی ئەم بیرۆکەیە، ئەوەی لە نوێکردنەوەو پەرەسەندن ئەنجام وەردەگرێت، جۆرێك رۆیشتنە لە کۆمەڵگای عورف بۆ کۆمەڵگای مودێرن کە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەتوانن بە رۆیشتن بەو رێگەیە کە رۆژئاوا رۆیشتووە بکەنە پەرەسندن. لەم رووەوە لایەنی گشتی لەم بیردۆزە بەکارهێنانی ئەزموونەکانی رۆژئاوایە کە لەسەر بنەمای ئەو، هەر جۆرە گۆڕانکارێك کە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم لەگەڵ پرۆسەی پەرەسەندن و نوێکردنەوەی رۆژئاوا بگونجێت، ئەوە بە چاك دادەنرێت و شەپۆڵەکانی دژی ئەم پرۆسەیە بەناوی دواکەوتن راڤە دەکرێن.

2– ئەو جۆرەی کە پریستۆن (Preston) تەئکیدی لەسەر دەکات. مودێرنیزاسیون لەڕاستیدا ئامرازێکە بۆ دژایەتی کردنی ناسیۆنالیزم، لەم رووەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم بیرۆکانە لە راستیدا لە دایکبووی سیاسەتی دژی کاریگەری بوون. جگە لەمانە رەهەندی ئایدیۆلۆجیکی، بیرۆکەکانی مۆدێرنیزاسیون لە راستیدا نوێنەری بیرۆکەکانی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی رۆژئاوا بوون کە بۆ باسیارکردن و لێکدانەوەی راستییەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و دەروونناسی وڵاتانی جیهانی سێیەم بەکار دەهات.

3– لەسەر رای بیرمەندانی نوێکەر، پەرەسەندن دەرنجامی فاکتەرەکانی ناوخۆییە کە لەناو وڵاتێك کار دەکەن. لەسەر رای ئابووری ئەم هزرانە،

بەرهەمهێنــەری پــسپۆری، ئــاڵوگۆڕی ئــازاد و دابەشــکردنی کــاری نێونەتــەوەیی، دەبنــە هــۆی ئاســانکاری پەرەســەندنی ئــابووری لــەناو وڵاتەکان، وێڕای ئەوەی یارمەتییەکانی دەرەکی دەبنە هۆی چاککردن و ڕیفۆرم لە پێکهاتەی ناوخۆی ئەو وڵاتانە.

4- هەمووی ئەم بیردۆزانە پارادایمی بەهای مۆدێرنیتەی کۆمەڵگای عــورف و کۆمــەڵگای مــودێرن ڕێپێــدەدەن، ئــەویان وەك بنــەڕەتی مەعریفەناسانە دروســت کــردووە، وێــڕای ئــەوەی لــە پــاش ئــەم ڕۆیــشتنە دووڵایەنــە، مۆدێرنیزم گێڕانەوەی یەك هێڵی خۆی لە مێژوو نیشان دەدات.

لە دووبارە خوێندنەوەی گێڕانەوەی نوێکراوی و پەرەسەندنی کلاسیك، ئــەم خاڵــە گرنگەیــە کــە هەلومــەرجی زاڵ بەســەر کۆمــەڵگاکانی ڕۆژئــاوا لــە ماوەی دەیەکانی 60 و 70 ئەم بیرۆکانە ڕووبــەڕووی بــەرەو پیرێکــی گــشتی بوو، بەڵام گۆڕانکارییەکانی دوایی نیشانی دا کە بیرۆکەکانی نوێکردنەوە لــە بناغەکانی سەرەتایی خۆی ڕەنجی دەبرد. تا پــێش ســەرهەڵدانی تێــڕوانینی ڕەخنــەیی خوێنــدنگای بەســتراوی کــە ڕەخنەیــەك لــە دژی بــیردۆزی پەرەسەندنی کلاسیك بــوو، ڕوودانــی قــەیرانی جۆراوجــۆر لــە دروســتکردنی شارستانی ڕۆژئاوا وڵاتانێك کــە بیریــان دەکــردەوە کــە قۆنــاغی ڕۆیــشتن لــە کۆمــەڵگای عــورف بــۆ ســەردەمی مودێرنیــان تێپەڕانــدووە، زانایــانی بەهێنانەگۆڕی ئــەم مەســەلەیە ناچــارکرد کــە نەتــەنیا بیرۆکــەی ڕۆیــشتن لــە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوایی بە بەردەوامی شایانی بوون نــین، بــەڵکو لــە وڵاتــانی جیهــانی ســێیەمیش نیــشانەکانی بــە دەرکــەوتوون کــە نیــشانی دەدا ســەقامگیری سیاســی و ئــابووری هــەموو کــات هــاوڕێ و هاوهــەنگاو لەگــەڵ گۆڕان لە کۆمەڵگای عورف بۆ مۆدێرن نییە.

سەرەڕای ئەمانە هەروا کە دواجار بەدیارکەوت بیرۆکەی پەرەسەندنی کلاسیك لە بەرامبەر بیرۆکەی پەرەسەندنی کلاسیك ئەگەرچی دواجار ڕووخساری گۆڕا بۆ بیرۆکەکانی گەشەکردن و نوێکردنەوە، دەستێوەردان، دەوڵەت خوازی، بیرۆکەی



ڕێکخراوەخوازی نوێ، بیرۆکەی پەرەسەندنی جیهانی، بەڵام لە ڕاستیدا نەیتوانی لە ڕووخساری سەرەکی و ناڕاستی خۆی ڕزگاری بێت.

بیرمەندەکانی وەك برینگتۆن مۆر، تدا ئاسکا چیۆل و تریمبێر گێر لە ڕوانگەیێکی مێژوویی و ڕودێلف و گاسفیلد لە ڕوانگەیەکی چەمکی ڕەخنەیی کاریگەرییان خستەسەر ئەم خوێندنگایە و ڕەخنەیان لە بیرۆکەی یەکسان کردنی ئەو لە بەرامبەر دوو گروپ لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و جیهانی سێیەم گرت. بۆ نموونە برینگتۆن مۆر لە کتێبی ((ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکتاتۆری و دیموکراسی)) لەسەر ئەم باوەڕە سوورە کە پەرەسەندن کارێکی ناوخۆییە و بە فۆرم گرتن و کێشانی چینە کۆمەڵایەتییەکانی هەر وڵاتێك بەستراوەتەوە. لەم ڕوانگەیە پەرەسەندن کارێکی سیاسییە. ئەو بە نیشاندانی دوو ڕێگەچارەی پەرەسەندن، یانی نوێکردنەوە لەسەرەوەو نوێکردنەوە لە خوارەوە، ئەم یاسایەی بیردۆزی کلاسیك دەشکێنێت کە دیموکراسی و پەرەسەندن بەهاولفی یەك دەزانێت. وێڕای ئەوەی کە وڵاتێکی عورف و دواکەوتوو وەك هێند لە ماوەیەکی دیاریکراو توانی بە سەقامگیری سیاسی و گەشەکردنی ئابووری بگات.

بە گشتی، ئامانجی ئەم بیرمەندانە ئەمە بوو، کە بناغەیی دووڵایەنی و جیاوازی دووجۆرە کۆمەڵگایان ڕاستی بوون، لە پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی ڕاست نیە، جگە لەمە شەپۆلی یەك هێڵی مێژوو زیانی بە بیرۆکەی پەرەسەندن گەیاندووە و ڕاستی بەرچاوی بە شێوەی پێچەوانە خستووەتە بەرچاو. هەروا کە گۆندر و فرانك بەڵگە دەهێنێتەوە، بیرمەندانی نوێکردنەوە وەك ڕوستۆ کۆمەڵگاکانی عورف بەکۆمەڵگاکانی بێ مێژوو دادەنێن.

## خوێندنگای بەستراوەیی

سەرەکیترین ڕەخنە کە ئاڕاستەی تیۆری نوێکردنەوە و مۆدیرنیزاسیون کرا لەلایەن تیۆری دارێژەکانی بەستراوەیی بوو. ئەم خوێندنگایە ئەگەرچی

لە عورف مارکسیستی بە پێچەوانەی عورف لیبراڵیستی لەسەر ڕێگەچارەی هێدی هێدی و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی تەئکید ناکەن. ئەو شتەی لێرە گرنگە، گۆڕانی بناغەییە کە دەتوانێت پرۆسەی پەرەسەندن بگۆڕێت. لەڕاستیدا خاڵی هاوبەشی هەموو تیۆرەکانی مارکسیتی ڕوانگەی ڕەخنەیی ئەوان بە نیسبەت مەسەلەی سەرمایەداری لە سیستەمی نێونەتەوەییە. لەم ڕووەوە ئەوان بە پێچەوانەی لیبراڵەکان، ڕۆڵی سەرمایەداری لە پێشنەکەوتن و هەروەها بەستراوی جیهانی سێیەم دەزانێت و گرنگی بە مەسەلەکان و دەستتێوەردانەکانی دەرەکی دەدەن، کە ئەمە نۆبەی خۆی لەبەرچاو نەگرتنی کێشەکانی ناوخۆیی جیهانی سێیەمە. لە کاتێکدا کە تیۆری مارکسیستی کلاسیك ڕیشەی بەهاییان پێداوە و پەیوەندی کار –سەرمایە سەرچاوەی لەبەرهەم هێنانی دەزانی، تیۆری بەستراوەی ڕیشەی ئەم کارە لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕکردنی نایەکسانی نێوان وڵاتانی سەرمایەداری و جیهانی سێیەم دەبینێت. لە کاتێکدا کە لە مارکسیزمی کلاسیك چینایەتی یەکەی بنەڕەتی لێکدانەوەیە، لە تیۆری بەستراوەیی یەکەی لێکدانەوەی بنەڕەتی هەر ئەو سیستەمی سەرمایەداری جیهانییە. هەروەها تیۆری مارکسیستی کلاسیك لەسەر لایەنە جیاوازەکانی بەرهەمهێنان لە بەشە جیاوازەکانی جیهان تەئکید دەکات. لە کاتێکدا تیۆری بەستراوەیی باوەڕی بە بوونی گشتیگیر سەرمایەداری هەیە. لە لایەکی تر بەستراوەیی پێکهاتەیکی ئاڵۆز لە پێشکەوتن و پێشنەکەوتن دەخاتەڕوو و لەکۆتاییدا سەرەڕای تیۆری مارکسیسمی کلاسیك کە لەسەر ڕۆڵی پێشخەری دەستتێوەردانی سەرمایەداری لە وڵاتانی جیهانی سێیەم تەئکید دەکات، تیۆری بەستراوەیی ئەم دەستتێوەردانە بەسەرەکیترین فاکتەری پێشنەکەوتن دەزانێت. دواجار بە دوای ڕەخنە لەم دەسکەوتە لە کۆتایی دەیەی 1970 لێکۆلەرانێك کە لەم ڕوانگەیەوە سەیری پێشکەوتنیان دەکرد هەندێك لە گریمانەکانی خۆیان هەموار کرد. لەم هەلومەرجەدا



تیۆرەکانی خۆی لە چوارچێوەی دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیۆری نوێکردنەوە خستەڕوو، بەڵام بەهۆی چۆنیەتی ڕەخنەگرانەی ئەو وادیارە کە لە تیۆری یەکەم پایەداری خۆی زیاتر پاراستبێت. بە جۆرێك کە بە باوەڕی زۆربەی زانایانی چەپی نوێ، ئەوەی کە زیاتر وەك پۆست مۆدێرنیزم سەبارەت بە پەرەسەندن پەروەردە بووە، ڕیشەی لە ڕەخنەکانی ئەم گروپەی دوایی هەیە. ئەگەرچی خوێندنگای بەستراوەییش ناتوانین بە دوور لە هزری ڕۆشنگەری مودێرنیتە بزانین. لە بنەڕەتیشدا ئەم خوێندنگایە لەژێر تیۆری دارێژەکانی سەردەمی مۆدێرنیتە دادەنرێت و زۆربەی فاکتەرەکانی وەك ((خود و ئەویتر)) لە بناغەی خۆی شاردۆتەوە و لە بنەڕەتدا ئەوی لە بەرژەوەندی خۆی پێچەوانە کردووە. هەروەگ پۆل باران کە ڕیشەی دواکەوتوویی لە کۆمەڵگاکانی پێشنەکەوتوو، بە پێچەوانەی فاکتەری ناوخۆیی، لە فاکتەرکانی دەرەکی لە ماوەی سەردەمی مێژوویی تایبەت یانی دەسەڵاتداری کۆلۆنیالیزم و ئەمپێریالیزم لەسەر ئەوان دەزانێت.

لەو کەسانەی کە بەدانەرانی خوێندنگای بەستراوەیی دەناسرێن دەتوانین لە گوندێر فرانك، پۆل باران، والیر شتاین، کاردۆز، سەمیر ئەمین و تیۆری دارێژەرانی خوێندنگای ئێکلا (Ecla) ناو ببەین. هەمووی ئەم کەسانە ئەگەرچی مارکسیست نین، بەڵام بۆ خوێندنی دواکەوتوویی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە ئابووری مارکسیستی کەڵکیان وەرگرتووە.

بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی تیۆرەکانی مارکسیستی لە پەیوەندی لەگەڵ پەرەسەندن لە چوار دەستەی تیۆری کلاسیکی مارکسیستی، تیۆری بەستراوەیی، نێو مارکسیستەکان و سیستەمی جیهانی دابەش دەکرێن. لە راستدا هەمووی ئەم دەسکەوتانە ڕیشەیان لە بیرۆکەی مارکس و ئینگلس هەیە، کە باوڕیان وابوو سەرمایە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی جیهانی، بەڵام ئەم پێشکەوتنە نارێك ونایەکسان بڵاو دەبێتەوە.

ئەوان تێگەیشتن کە دەبێت لە چەمکی سیستەمی جیهانی وەك ئامرازێکی تۆیژینەوە بەکاری بێنن و نە راستێکی هەستپێکراوی بەرچاو.

بۆ نموونە گرنگترین قەیرانێك کە تیۆری جیهانیبوون لەگەڵی رووبەڕوو بوو، پەرەسەندنی وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا سەرەڕای پێشبینی تیۆری دانەرانی سیستەمی جیهانی بوو. لەم تیۆرییە کۆمپانیا فرەرەگەزەکان فاکتەری سەرەکی بڵاوبوونەوەی سیستەمی سەرمایەداری و لە ئەنجامدا فراوانبوونی ناکۆکی نێوان باکوورو باشوور بوون. بە گۆڕانێك کە لە ئابووری وڵاتانی رووبەری پاسیفیك بەهۆی سەرمایەگوزاری راستەوخۆ دروست بوو، ئەم تیۆرییەش تووشی قەیران هات و لاوازیی و کزی ئەو لە بایەخ دانی لە ڕادە بەدەر بە سەرمایەداری و تاوانبارکردنی ئەو بە دروستکردن و پێشنەکەوتن لە باشوور بەدەرکەوت. جگە لەمانە لە دەیەی 1990 هەندێکی تر لە وڵاتانی پەراوێز وەك شیلی و تورکیا توانییان تاڕادەیەك خۆیان بگۆڕن بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەمی سەرتر کە خۆی ئەمە فاکتەرێکی تر بۆ ناکارایی تیۆری سیستەمی جیهانی بوو کە رۆیشتن لە پەراوێزەو بۆ ناوەند بەکردەوە بەنەکراوەیان دەزانی.

بە شێوەیەکی گشتی خوێندنگای بە ستراوەیی و بە دوای بیرۆکەی کردەوەیی ئەو ئەگەر چی وەك میراتێکی بە نرخی تیۆرییەکانی پۆست مودێرن لە رووبەری پەرەسەندن دەرهات و لەناو ناخی ئەو تێبینی نوێ لە رێگەی فراوانکردنی تیۆرەکانی نوێ سەری هەڵهێنا، بەڵام دووبارە خوێندنەوەی بەسەرهاتی ئەم خویندنگایە لەمارکسیزمی ئورتۆدوکس تاکو بەستراوەیی دوولایەنە، نیشان دەدات کە زۆربەی فاکتەرەکانی مودێرنیتە و لۆجیکی دوو گریمانەی ئەو لەلای ئەم تیۆریانە ماوەتەوە. هەروەها پاڵدانی لە ڕادەبەدەری خوێندنگای بەستراوەیی بە بناغەکانی لیبرالیستی رۆژئاوا، هەندێك جار ئەم بیرۆکەیە تا رادەی دەرکراوەیەکی سیاسی کەم دەکاتەوە. سەرەڕای ئەمانە، تەئکیدی تیۆری دارێژەکانی ئەم خوێندنگایە لەسەر



فاکتەرە دەرەکییەکانی پەرەسەندن و باوڕ بە زۆرەملێی چەمکەکان وەك ئەمپریالیزم، کۆلونیالیزم و... جۆرێکی تر لە زۆرەملێی هێڵی مودێرنیتە دەکێشێت، وێڕای ئەوەی کە قسەکانی زانایانی ئەم خوێندنگایە بەمەی کە رێگەچارەی قەیرانی پێشنەکەوتن لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ناتوانین لە رێگەی ریفۆرمی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکەین، بەڵکو پێویستیمان بە شۆڕش و خۆپشاندانە، هەروەها کە دواجار نیشانیدا لەگەڵ راستیەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی لە سەدەی بیستەم رێك نەدەکەوت.

کەواتە بەبیری ئێمە، ئەو شتەی کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم تیۆرەکانی پێشکەوتنی تووشی قەیران دەکرد، تەنیا لاوازی ئەم تیۆرانە لە خستنەڕووی رێگەچارەیەك بۆ دەرهێنانی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەم بنبەستە نەبووە، بەڵکو پێکهاتەی نوێی سیستەمی نێونەتەوەیی، گومان لە بناغەکانی مودێرنیتە و هەروەها هاتنی چەمکی نوێ بۆ ئەدەبیاتی سیاسی لە کۆتایی سەدەی بیستەم وەك کێشەکانی ژینگە، بزاڤەکانی نوێی کۆمەڵایەتی، NGO کان، زۆربوونی ناکۆکی نێوان باکوور و باشوور، لاوازی سەروەری دەوڵەتان بە سەرەی خۆی رێگەی بۆ سەرهەڵدانی لێکدانەوەکانی گوتاری نوێ دابینکرد کە بناغەکانی خۆیان لە دەقە وتارییەکانی مودێرنیتەدا دەرنەخست، بە پێچەوانەوە لە وتارە زۆرەکانی کەسایەتییە هەڵماوییەکان و هەروەها گومان لەسەر هەندێك وتار وەکو پەرەسەندن و بەرەوپێشچوون خۆیان پیشان دا.

## جەستەگرتنی دەسکەوتە نوێکانی پەرەسەندن لە گوتاری بەجیهانیبوون

لەسەر لێکدانەوەی گوتاری، هەر گوتارێکی سەرهەڵهێنراوە، لە راستیدا بە واتای وەڵامدانەوەی نوێ بە یەك گوتاری پروبلێماتیك (problematic) بووە کە نیشان کراوی تایبەتی خۆی پەروەدە دەکات و بەگومان بەنیسبەت لێکدانەوە زاڵەکان بەسەر گوتاری پێشوو، بنەمای ئەو

دەشكێنێت، لە دەیەكانی 1980 و 1990 باسەكانی پەیوەندیدار بە پەرەسەندن لە دۆخێكی قەیراناوی بەسەری دەبرد، بەڵام هەر لەو كاتە جۆرێك لە دووبارە بیركردنەوە لە تیۆرەكانی پەرەسەندن لە ئەدەبیاتی پێشكەوتنی هەر ئەو سەردەمە دیار بوو. بە شێوەیەكی گشتی لەو سەردەمە لە نێوان باسە جیاوازەكان كە دەربارەی دەسكەوتەكانی پەرەسەندن و گوتارە نوێ سەرهەڵهێنراوی جیهانیبوون خرانەروو، دەتوانین سێ كرداری جیاواز ببینین.

یەكەمین كردار لەلایەن ئەوانە روویدەدا كە باسەكانی پەیوەندیدار بەجیهانیبوون و گوتارەكانی سەروو مۆدێرنی ئەو بەتایبەت لە رووبەری پۆست مودێرنیزمی بە فێلی كۆتایی سیستەمی جیهانی سەرمایەداری یان كەمی كات دواییینی كاپیتالیزم دەزانی. فرێدریك مسون لە وتارێك بەناوی مۆدێرنیزم یان لۆجیكی كولتووری كاپیتالیستی دوای پۆست مودێرنیزمی بەم هۆیە كە ئەوی بە لۆجیكی كاپیتالیزم دوای دەزانی قبووڵی نەكرد. ئەو كە بە سۆسیالیستیك دەژمێردرا هەر بەو زاراوانە و دەستەواژانە كە ماركسیستێكی ئۆرتودۆكس بەكاری دەهێنا، پۆست مودێرنیزمی بە فراماسیۆنێكی دوژمنانەی كولتووری و ئابووری دژی پرۆژەكانی ئازادی سۆسیالیسزم دەژمێردرا. ئەو لە وتارێكی تر بە ناوی پۆست مودێرنیزم و كۆمەڵگای بەكارهێنەر، قسەكانی خۆی لە وتاری پێشوو دووبارە دەكاتەوە و لە پۆست مودێرنیزم وەك قۆناغێكی تایبەت بە پەرەسەندنی كاپیتالیزمی مودێرن ناو دەبات. بەڵگەی ئەوەیە كە پاش ساڵی 1940 و تەنانەت پێش ئەویش، یانی پێشكەوتنی یەكجارەیی ئابووریش پاش خولێكی راوێستان كە لوتكەی ئەو لە ساڵی 1929 بوو، جۆرێك لە بەكارهێنانی بە كۆمەڵی لە ئەورووپا دروست كرد، سەفەرەكانی نێونەتەوەیی فراوان بوو و دیسپلینێكی نوێی ئابووری لە دنیا فۆرمی گرت و رووبەرێكی نوێ لە ئەزموونەكانی كولتووری لە نێوان چینەكانی بەكارهێنەری كۆمەڵگا دروست كرا. ئەو لەم



وتارە لە دەیەی 1960 وەك خولی رۆیشتن ناو دەبات. لەمە بە دواوە كۆمەڵگای جیهانی بە ئاراستەی جۆرێكی نوێ لە كۆلۆنیالیزمی شاراوە لە شۆڕشی سەوز، سەرهەڵدانی یەكجارەكی سیستەمی زانیاری كۆمپیوتێری و گەشەكردنو پەرەسەندنی جیهانی سیاسەت دەڕوات. كەواتە جامسۆن پۆست مۆدێرنیزم بە سەردەمێكی نوێ لە كاپیتالیزمی دوایی ناو دەبات كە تایبەتمەندی سەرەكی ئەو ئەمەیە كە مرۆڤەكانی لە ناو سیستەمێكی نوێ بەستووەتەوەو بەهۆی ئەوەی ناتوانێت بەو شتەی كە پێ خۆشە بگات، بە جۆرێك روو لە نوستالۆژی لاساوی كراو دەكەن.

كرداری دووەمیش لەلایەن ئەو كەسانە روویدەدا كە گۆڕانكارییە نوێیەكان لە هەلومەرجی جیهان بە شایانی تێگەیشتنیان دەزانی و بڕوایان بوو كە پارادایمەكانی زاڵی پەرەسەندن لەسەر ئەم هەلومەرجە نوێیەدا ناتوانن درێژە بە ژیان بدەن و لەم رووەوە دەبێت بەڕوو كردیەكی رەخنەیی دووبارە پێناسەی چەمكەكانی پەرەسەندن بكەینەوە. بۆ نموونە كەسانێك وەك كۆهن و نای بڕوایان وایە كە پاش نەمانی هێزی هەژموونێكی ئەمریكا لە سیستەمی نێونەتەوەیی، وڵاتان روو لە چەند لایەنەخوازی و هاوكاری دەكەن. بەم هۆیە دەتوانین بەستراوەیی دوولایەنە بەبیرۆكەی گشتی دەیەی 1970 و 1980 بزانین كە لەگەڵ دوو رووبەری تری قازانج یانی دیسپلینی نوێی ئابووری نێونەتەوەیی NIEO لەلایەن وڵاتانی باشوور لە نەتەوەیەكگرتووەكان و گواستنەوەی بەرژەوەندی بۆ وڵاتانی هەژار بۆ دابینكردنی پێداویستییە سەرەكییەكانی پەرەسەندن بوو. ئامانج لە NIEO كۆتایی گۆڕانی یاسایی یاری ئابووری نێونەتەوەیی بوو تاكو وڵاتانی جیهانی سێیەمیش لەودا بەشداربن و لەكۆتاییدا بێنە ناو ئابووری جیهانی، بەڵام بەكردەوە ئەوەی كە لەلایەن وڵاتانی جیهانی یەكەم پەسەند كرا NIEO نەبوو، بەڵكو بیرۆكەی دووەم بوو.

تیۆرەكانی بەستراوەیی دوو لایەن لە راستیدا پێشەكییەك بۆ خستنەڕووی پەرەسەندنی جیهانی بوو كە بە زۆری لەسەر رۆڵی ئەكتەرە

ناحکوومییەکان وەک NGO کان، نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و گرووپەکانی فشار لە پرۆسەی پەرەسەندن تەئکیدیان دەکرد. ئەم ڕۆڵە بۆ نموونە سەبارەت بە نەتەوەیەکگرتووەکان کاتێ: بە دەرکەوت کە لە ڕاگەیێندراوی COCOYOC مکزیك نەتەوەیەکگرتووەکان جارێکی تر لەسەر دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی پەرەسەندن لە وڵاتانی جیهانی سێیەم تەئکیدیان کرد و بەکارهێنانی لە ڕادەبەدەری ڕۆژئاوایی خستە بەر ڕەخنە.

لە حاڵەتێکی گشتی دەتوانین چوار تایبەتمەندی سەرەکی لە دەسکەوتەکانی جێگیر بۆ تیۆرەکانی پەرەسەندن لە دەیەی 1980 دیار بکەین.

أ/ پەرەسەندنی یەکسان (Egalitarian) یان پێداویستییە سەرەکییەکان کە پێویستی بە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤایەتییە.

ب/ پەرەسەندنی پشت بەخۆ کە لە داواکاری هەژاری لە سیستەمی جیهانی ئێستا ڕەخنەی گرت و ستراتیژی پاشگەزبوون بە مەبەستی بەداواداچوونی پەرەسەندن بەبێ داواکاری دەر لە مەبەست پێشنیار دەکات و لەم ڕێگەیەش لەسەر چالاکییەکانی دیموکراتیك و هەروا چالاکییەکان لە ئەندازەیێکی بچووك سوورە.

ج/ پەرەسەندنێکی ژینگەیی خۆماڵی کە گرنگی بە کێشەی ژینگە داوە. پیشەسازی بچووکی سەقامگیری لە ئەجێندای خۆی داناوە.

د/ پەرەسەندنی قەومی (ئێتنی) کە سوورە لەسەر پرۆسەی پەرەسەندن و دەبێتە هۆی بەهێز بوونی ناکۆکی قەومی، کەواتە دەبێت ڕێز لە جۆراوجۆری کولتوورەکان بگیرێت.

بەڵام کرداری سێیەم کە بە ڕوانگەی پۆست مۆدێرنیزم بەناوبانگ بووە لە دایك بووی قەیران لە بنەماکانی زانست ناسانەی مۆدێرنیتە و فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەوە. لە چاوی بیرمەندانی پۆست مۆدێرنیزم، مۆدێرنیتە، لە پاش بیرۆکەی پەرسەندن و بەرەوپێش چوون، بەڵام لە بنەڕەتدا لەسەر



بنەمای بیری وەك یەك نەبوون گوتاری ڕۆژئاواییەکان وەك ناونیشانێکی تر دەرەکی یان پەراوێز لە قەڵەم داوەو لە گوتاری خۆی دەرخستووە پاشان لەسەر بنەمای ڕەوایەتێکی یەك لایەنە لە مێژوو لەگەڕانەوە بۆ سەر بنەمایەك بەزەیی بە ئەوان هاتووەو بۆ لای خۆی بانگیانی کردووە. بە بۆچوونی بیرمەندانی پۆست مۆدێرنیزم ئێستا بەهاتنی سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم و گومانکردن لە دووبارە گێڕانەوەکان، ئەو وتارانە کە بنەمایە لەسەر ((وتووێژ)) بنەمای ڕاستییان هەیە لەسەرەوە بۆ خوار دەڕوانێت لەگەڵ ڕاگرتنی درێژایی مێژوو و دابەزاندنی هەموو نیشانە پێکراوەکان لە بەرزایی ئاست و هەروەها کەسایەتێکی بگۆڕ بەخشین بە هەر نیشانەیەکی دیاریکراو، سڕینەوەی ناوەند لە مەبەست ناسینی لێکدانی بنەمای متافیزیکیانەی ئامادەبوونی ڕۆژئاوا و لۆجێکی دوو گریمانەیەکەی دەکرێت بە ڕەچاوکردنی هەندێك فاکتەری پۆست مۆدێرن هەندێك درز و بۆشایی لە ئارشیفی وتارە مودێرنەکاندا دروست بکرێت و ئەم وتارە لەبیرچووانە بگەنە ئاستێکی ڕوونی مێژوویی. لەم ڕوانگەوە بیری پۆست مۆدێرن تەنانەت پەرەسەندنی گشتیش بەو جۆرەکە تا ئێستا قسەی لەسەر کراوە تێك دەچێت. لە درێژەی باسەکەماندا ئێمە لە دوو بەشدا فاکتەرە سابجێکتیڤەکان و هەروەها فاکتەرە وتارییەکانی ڕووخانی پەرەسەندنی گشتی لەژێر کاریگەری بەڕێوەبەرایەتی وتاری مۆدێرن شی دەکەینەوە. لەنێو ئەو فاکتەرانەدا کە بوونەتە هۆکاری بەدیهاتنی دەسکەوتە نوێکانی پەرەسەندن دەتوانین ئاماژە بە هەلومەرجی نوێی جیهان کە لێکدانەوە وتارییەکانی جیهانیبوون کاریگەرییان لەسەر کردووە و هەروەها بارودۆخی واقیعی ئەو وڵاتانەی کە ناوی جیهانی سێیەمیان لەسەر دانراوە، بەڵام هێشتا پاش یەك سەدە تیۆرییەکانی پەرەسەندن تووش گیروگرفتی زۆرن و هەروەها هاتنی هەندێك چەمکی نوێ بۆ ئەدەبی سیاسی سیستەمی نێودەوڵەتی، ئاماژە بکەین، مەبەستمان لە فاکتەرە گوتارییەکان هەموو

نیشانەکانی جیهانیبوونە کە هەندێك نیشانە پێکراوی تایبەت لە پەرەسەندنی سەقامگیر دیار دەخات وتاری بەربڵاوی مۆدێرنیتە لە پەرەسەندن دەیەژێنێت و بنەما مەعریفەناسییەکان (Epistemological) دەخاتە بەر گومانەوە.

## فاکتەرە ئۆبجێکتیڤییەکانی پارادایمی نوێی پەرەسەندن

لەسەردەمی بەجیهانیبوون بەنەمانی سیستەمی دووجەمسەری کە بە پارادایمی زاڵ لە سەردەمی جیهانیبوون دەژمێردرا، گرنگترین باسێك کە لە نێوان زانایان باو بوو، نەبوونی دیسپلین لە پێکهاتەی جیهانی بوو. بە گومانی ئەم زانایانە بە لەناوچوونی سیستەمی دووجەمسەری، چوونەدەری سۆسیالیزم لە شانۆی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و کەم بوونەوەی هێزی هەژموونێکی ئەمریکا وەك تاکە زلهێزی جیهانی کە لە قەیرانەکانی شەڕی کەنداوی فارس و قەیرانی سۆماڵی خۆی پیشاندا، هیچ هێزێکی هەژموونیکی سیاسی و ئابووری بەرەوشی سەردەمی شەڕی سارد بوونی نییە.

ئێمە لە باسەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایش قسەمان لە بوونی شەش سیستەمی نوێی جیهانی کرد کە بە وتەی ویلیام زارتمێن خەریکی فۆرم گرتنە، بەڵام هێشتا هیچ کام لەوان هێزی هەژموونێکیان نییە. لە روانگەی هێندێك لە زانایان، کۆتاهاتنی سیستەمی دووجەمسەری بەواتای بڵاوبوونەوەی هێزی ئابووری و سیاسییە. لەم گوتارە دەتوانین دوو ئەنجامی بنەڕەتی دەربێنین. یەکەم ئەوەی کە بە پێچەوانەی ئەوەی کەوا لە تیۆرییە کلاسیکییەکان دەهاتە گۆڕێ، جیهانی ئەمڕۆ لە بارودۆخێکە، کە دابەشکردنی ئەو بە دووجەمسەری باکوور و باشوور یان رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە رێگەی راست لامان دەدات. هەروا کە جەمسەر بەندییەکان و گروپ بەندییەکان کە لە کۆتایی دەیەی 1980 بەم دواوە چ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و چ لە رۆژئاوا کە هەنگاوی بۆ دەهاوێژن، ئەم تیۆرییە



مارکسیستییەی کە ناکرێت لە پەراوێزەوە بچین بۆ ناوەند خستویەتییە ژێر پرسیار. بۆ نموونە بازاڕی یەکەمی ئەوروپایی و نەوت لە باکوور و جەمسەرەکانی وەك پاسیفیك و ئاپێك APEC لە باشوور، ئێعتیباری ئەم دوو گریمانەیان خستووەتە ژێر پرسیار.

دووەم، هەر لە ماوەی ئەم دەیەیە چەند رووداوی گرنگ لە باشوور روویانداوە کە تیۆرەکانی پەرەسەندنی سەبارەت بە جیهانی سێیەم تووشی گومان کردووە. یەکێك لەم رووداوانە راوێستان بوو کە لە ئابووری نەتەوەیی روویدا و هۆی خراپتربوونی دۆخی سیاسی و ئابووری وڵاتانی جیهانی سێیەم و ئەمریکای لاتینی دابین کرد. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر لەم دەمەدا وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا چوونەتە ناو پرۆسەی پەرەسەندن. لە نێوان ساڵانی 1980 تاکو 1993 GNP سەرانە لە باکووری ئافریقا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی ناونجی 214 لەسەد گەشەی نەرێنی هەبووە. هەر لەم کاتەدا GNP سەرانە لە وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بە ئەندازەی 3 لەسەد زۆر بووە.

ئەم رووداوانە بە نۆبەی خۆی هەم تیۆرییەکانی مۆدێرنیزاسیونی خستووەتە ژێر پرسیار و هەم تیۆرییەکانی مارکسیستیش کە لە رابردوو بڕوایان وابوو کە بوونی رۆیشتن لە پەراوێزە بۆ ناوەند ناکرێت.

جگە لەمانە رۆڵی ئەرێنی سەرمایەگوزاری دەرەکی لە وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بە جۆرێك رۆڵی ئەکتەرەکانی ناحکوومی لە پرۆسەی پەرەسەندنی بەهێز کردووە، شتێك کە تیۆرەکانی پەرەسەندن بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەداوە.

لە بواری ئابووریش دەتوانین لەسەر دوو لایەنی گەورەی جیهانیبوون، سیستەمی دارایی و ناوچەخوازی یان گەرەك خوازی وردە سیستەمەکانی ئابووری قسە بکەین کە لە دروستکردنی جیهانێکی یەك جەمسەری بەرگری دەکەن. لەم روانگەیە، دەوڵەتان لەم پێکهاتە نوێیەدا جێگەیەکی تایبەتیان

هەیە، یانی لە لایەك لە كەم بوونەوەی هێزی ئەوان لە وێنەكردنی ئیستراتژی پەرەسەندن قسە دەكرێت و لە لایەكی تر وەك یەكێكە لە ئەكتەرە گەورەكان بەتایبەت لە رووبەرەكانی ناوچەیی و خۆجێیی خاوەنی هێزە و لەسەر رۆڵی ئەو سوورن. بە شێوەیەكی تایبەت، ئاڵۆزی سیستەمی جیهانی ئێستا لە بارودۆخێكدایە كە ناتوانین ئەو لەگەڵ چەمكەكان و پارادایمی زاڵی سەدەی بیستەم باس بكەین.

باری ئوكسفۆرد باس لە چەندین هۆكار دەكات كە پێكهاتەو لۆجیكی ئابووری جیهانی فۆرم دەدات. دابەشكردنی كاری نوێی نێونەتەوەیی، ئەزموونی ئابووری پەراوێزی پاسیفیك، ئەزموونی وڵاتانی تازە پیشەسازی بوو، ئازاد كردنی بازاڕەكانی جیهانی سەرمایە لە وڵاتانی وەك بەرازیل، مكزیك، ڤەنزوێلا و چەند وڵاتانێكی تر نموونەكانی تری ئەم هۆكارانەن، بە وتەی ئەو ئەم فاكتەرانە هاوسەنگی ئابووری لە نێوان دەوڵەتانی ناوەندو پەراوێز– ئەو جۆرەی كە لە تیۆرەكانی ماركسیستی بەكاردەهات– شێواندووە و ئەم بیرۆكەیەی كە پەرەسەندنی جیهانی ئەنجامی فاكتەرێكی دیاریكراو نییە تووشی قەیران كردووە.

لە بواری سیاسیش سەرهەڵدانی كێشە نوێكان بەو جۆرەی كە بە دوایەتی ئەم كێشەیەی بەدەرخستووە كە بۆ زاڵبوونی بەسەر قەیرانەكانی ناوچەیی و جیهانی گۆڕانكاری و چەند لایەنی، ناتوانین لە ئامرازەكانی عورف سەردەمی شەڕی سارد كەڵك وەربگرین، بە جۆرێك كە جیهان بۆ چارەسەركردنی ئەم قەیرانانە پێویستی بە رادەیەكی فراوان لە بەستراوەیی دوولایەنەیە، بەڵام لە هەمانكاتدا حاڵەتی ئاڵۆز هەیە.



## سەرهەڵدانی چەمكەكانی نوێ لە گۆڕەپانی پەیوەندی نێونەتەوەیی پاراستنی ژینگە

لەوانەیە لە سەرەتای دەیەی 1990 و لەگەڵ ئاڵۆزتربوونی كێشەی ژینگە، پاراستنی ئەو چووەتە ناو ئەجێندای زۆربەی رێكخراوەكانی نێونەتەوەیی و رێكخراوەكانی ناحكوومی.

كۆنفرانسی ریو لە ساڵی 1992 خاڵێكی گرنگ بوو كە كێشەی لەناوچوونی ژینگەی بە شێوەیەكی گشتی خستەژێر لێكۆڵینەوە. هەڵبەت بەبیری زۆربەی بەشداربووانی ئەم كۆنفرانسە لەناوچوونی ژینگە لە ئەستۆی وڵاتانی باكوور بوو. لەم روانگەوە دەبێت كێشەی لەناوچوونی ژینگە بەیەكێك لەو قەیرانە نوێیانە ناوزەد بكەین، كە لە بەرامبەر پەرەسەندنی وڵاتانی باشوور سەریهەڵداوە و پاراستنی ژینگە بە مەرجێك بۆ دانی پارەی تەرخانكراو دادەنرێت كە رێكخراوەكانی نێونەتەوەیی بۆ وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندن دیاریان كردووە. بۆ نموونە بانكی جیهانی كە لە دەیەی 1980 بایەخێكی ئەوەندەی بە كێشەی ژینگە نەدەدا لە كۆتایی ئەم دەیەیە لە ساڵی 1989 پاراستنی ژینگەی بە بەشێك لەو مەرجانە دانا كە بۆ دانی پارەی تەرخانكراو بەكاردەهات. بۆ یەكەمین جار لەم ساڵەدا یانی لە ساڵی 1989 بانكی جیهانی پارەی تەرخانكراوی پێویست بۆ هەمواركردنی پێكهات بۆ وڵاتی غەنا تەرخان كرد كە ئامانجی ئەو كۆنترۆڵی لەناوچوونی خاك و پاراستنی دارستان بوو. دەسكەوتی كردەیی دروستكراو بەنیسبەت كێشەی پارستنی ژینگە لە دەیەی 1990 دەتوانین لە چوارچێوەی پەرەسەندنی سەقامگیر لێكۆڵینەوەی لەسەر بكەین. لەم دەسكەوتە نوێیە لەسەر دابینكردنی پێداویستییەكانی سەرەكی خەڵكی هەژار و پاڵپشتی لە هەستیاری كولتووری و سووربوون و بەشداری خۆبەخشانە لە پرۆسەی پەرەسەندن هاندەدرا و سەرەكیترین شت كە سووربوون لەسەری ئەوە بوو كە چاككردنی راستی چ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و چ لە جێگەكانی تر

ناتوانێت رووبدات مەگەر ئەوەی کە ستراتیژی دانراو جێبەجێ کراو لە بواری ژینگەیی سەقامگیر بێت.

بەڵام راستی ئەوەیە کە مەسەلەی پەرەسەندنی سەقامگیر چ لە رووی کردەیی و چ لە رووی تیۆری تەمومژاوی پێوە دیارە. بۆ نموونە لە لایەك لەسەر دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ولاتانی باشوور تەئکید دەکرێت و لە لایەکی تر بەکارهێنانی زۆربەی پیشەسازی پیسکەرەکانی پەیوەندیدار بەو بەمەترسیدار بامیار دەکرێت و ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆربەی پیشەسازییەکانی بەرهەم هێنەری خۆراك ئەم پیسیانەیان هەیە. لە بواری تیۆریش پەرەسەندنی سەقامگیر لە لایەك لە مۆدێرنیتە سەرچاوەی گرتووە و لە لایەکی تر هزرەکانی پۆست مۆدێرنی لە ناخی خۆی گرتووە. بەواتایەکی تر ئەو کاتەی کە لە پەرەسەندنی سەقامگیر لەسەر ((پەرەسەندن)) وەك دووبارە گیرانەوەیەك تەئکید دەکرا لەگەڵ عورفی مۆدێرنیتە رووبەڕووین، بەڵام لەو جێگەیە کە باس لە رێزگرتنی کولتوورییە، ئەم کارە بە روونی هزرەکانی پۆست مۆدێرنێتەیە. بەم هۆیە ئەم بۆچوونە دێتە ئاراوە کە پەرەسەندنی سەقامگیر پەیوەندی بە ستراتیژی جیهانی پەرەسەندنەوە هەیە کە گەرەنتی ئابووری ولاتانی پیشەیی باکوور دەکات، و ستراتیژییەکان کە بەهۆی بەجیهانیبوون بەهێز بوون، لەوانەیە تاڕادەیەکی زۆر خۆیان بەسەر ولاتانی باشوور بسەپێنن.

مەسەلەی بنەڕەتی تر کە لەگەڵی رووبەڕووین، جێگەی کێشەی ژینگە لە سەردەمی بەجیهانیبوون و کاریگەری ئەو لەسەر پەرەسەندنە. لە لایەك لایەنگرانی پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەروەها NGO کان لەسەر پاراستنی ژینگە سوورن و کۆمپانیا فرەرەگەزەکان بەهۆی لە ناوبردنی ژینگە دەخەنە بەر رەخنە، بەڵام لە لایەکی تر ئەم کۆمپانیایانە و تەنانەت ولاتانی ئەورووپایش بە بێ بایخدان بە کێشەی ژینگە درێژە بەچالاکییەکانی لەناوبردنی ژینگەی خۆیان لە باشوور دەدەن. ولاتانی باشوور بەهۆی



هەژاری لەرادەبەر هەندێك جاریش لەگەڵ ئەم ولاتانە هاوکاری دەکەن. بۆ نموونە ژمارەیەك لە دەوڵەتانی رۆژئاوایی ئەورووپا قبووڵیان کردووە کە لە ناوەڕاستی دەیەی 1980 لە بەرامبەر وەرگرتنی یارمەتییەکانی ئابووری، پاشماوەی ژەهراوی و ئەتۆمی ولاتانی پێشکەوتوویی پیشەسازی لە خاکی خۆیان بشارنەوە. لەسەر رێککەوتننامەکانی ئیمزا کراو لەگەڵ کۆمپانیاکانی تایبەتی و دەوڵەتانی رۆژئاوایی، قەرارە کە ولاتانی کینیا و گینەی بیسائو ساڵیانە 50 هەزار تا 5 میلیۆن تەن پاشماوە وەربگرن. ئەم دەوڵەتانە بۆ پیسکردنی ژینگەی خۆیان بۆ هەر تەن پاشماوە تەنیا 215 تا 40 دۆلار وەردەگرن کە دەبێت ئەم نرخە بۆ هەر تەن لە ئەورووپا _یەك هەزار دۆلار _دابنێین. لەم روانگەوە وا دیارە کە کێشەی پەرەسەندن لە سەدەی جیهانیبوون لەلایەنە جیاوازەکانی جیهانیبوون راویستاوە و لە ئەنجامدا لە لایەك بەهێز و لە لایەکی تر لاواز دەبێت.

### مافی مرۆڤ و ئافرەتان

سەبارەت بە مافی مرۆڤیش ئەم خاڵە جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە لە دەسکەوتەکانی لیبراڵ و هەروەها بەستراوەیی، یەکێك لە پێوەرەکانی چوون بۆ ناو کۆمەڵگای مۆدێرن و پەرەسەندن بریتییە لە رێزگرتن لە مافی تاك و بە شێوەیەکی گشتی مافی مرۆڤ. هەندێك وەك لیسپت بڕوایان وایە کە لە نێوان پەرەسەندنی ئابووری و دیموکراسی پەیوەندییەکی راستەوخۆ و سەقامگیری ئەزموونی هەیە، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەم پەیوەندییە ((هۆکارانە)) نییە.

ئەمرۆ تەنانەت لە ولاتانی جیهانی سێیەمی سەرتریش کێشەی مافی مرۆڤ هەروا ماوەتەوە. کێشەی تەیموری رۆژهەڵات لە ئەندونیزیا، رووداوی تیان ئان مێن لە بیجین و کێشەی کوردان لە تورکیا نموونەکانی پێشێل کردنی مافی مرۆڤن لەم ولاتانە، بەڵام زۆرترین پێشێلکاری لە رێکخراوەکانی

ماف مرۆڤ پەیوەندی بە وڵاتانی لەحاڵی پێشکەوتن هەیە. زۆربوونی کاریگەری ئەم رێکخراوانە لە دانانی سیاسەتی وڵاتانی ترە، مەسەلەی پەیوەندی نێوان وڵاتانی باکوور و باشووری خستووەتە ژێر کاریگەری، بەڵام بوونی راستییەکان لە وڵاتانی ئەمڕۆ ئەو چیرۆکەمان پێدەڵێن کە ئێمە لەگەڵ دیموکراسین نەك لیبڕاڵ دیموکراسی. بنەمای دیموکراسی هەڵبژاردنە، بەڵام ئێمە ناتوانین چاو لەوە داپۆشین کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم، لە هەڵبژاردنەکان ساختەکاری دەکرێت و لە لایەکی تریشەوە هەندێك کەس کە بە شێوەی دیموکراتیك هەڵدەبژێردرێن، بەخێرایی یاسای کۆمەڵگای دیموکراتیك دەخەنە ژێر پێیان. سیستەمی سیاسی لیبڕاڵ دیموکراسی تەنیا بە هەڵبژاردنی ئازاد و گونجاو دیاری ناکرێت، بەڵکو دەسەڵاتی یاسا، جیاوازی دەسەڵاتەکان و پاڵپشتی لە ئازادییە سیاسییەکان، وتن، کۆمەڵەکان، ئایین و کەمینەکان بە بەشی بنەڕەتی تایبەتمەندییەکانی ئەم سیستەمە سیاسییە دادەنرێن.

لەم رووەوە ئەمڕۆ ئێمە لەگەڵ گروپێکی فراوان لە دیموکراسی نالیبڕاڵ رووبەڕووین. لە ناونجیترینی ئەوان وەك ئەرژەنتین تاکو سیستەمەکانی قەزاقستان و بیلاروس و وڵاتانی وەك بەنگلادێش و رومانیا کە لە ناوەندی ئەم دووانەدان.

یەکێکی تر لە مەسەلەکان کە لە ناوەندی سوڕانی بزاڤە نوێیەکانی کۆمەڵایەتین، مەسەلەی ئافرەتانە. سەرەتای بزاڤی فێمێنیستی لە دەیەی 1960 دان، بەڵام بەهۆی تیۆرەکانی پۆست مۆدێرنیزم لە دەیەی 1980 بەهێز بوو و لە دەیەی 1990 گۆڕا بۆ یەکێك لە گرنگترین مەسەلەکانی نوێی کۆمەڵایەتی. ئەگەر چی مەسەلەی ئافرەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتانی وڵاتانی پەرەسەندن راستە، بەڵام چالاکییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی ئافرەتان بە تایبەت کۆنفرانسی 1995 بیجین، مەسەلەی ئافرەتانی کردە مەسەلەیەکی جیهانی.



لە تیۆرە کلاسیکییەکانی پەرەسەندن کە بە باوەڕی زۆربەی پۆست مۆدێرنەکان تایبەتمەندی ناوەندی بوونی پیاوی بوو، ئافرەتان لە پرۆسەی پەرەسەندن جێگەیەکیان نەبوو، بەڵام باسەکانی ئێستای فێمینیستی سەبارەت بە پەرەسەندن بایەخی بە رۆڵ و پێگەی ئافرەتان لە پرۆسەی پەرەسەندن داوە. سەبارەت بەمە دەتوانین لە دوو دەسکەوتی ژنان لە پەرەسەندن (women development) و ئافرەتان و پەرەسەندن (women development) قسە بکەین.

دەسکەوتی یەکەم دەسکەوتێکی لیبڕالییە کە باوڕی وایە پەرەسەندن لە جیهانی سێیەم لەسەر ئافرەتان کاریگەری نەرێنی بەجێهشتووە. بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی هەموارکردنی پێکهاتەی و لەم رووەدا رادەسپێرێت کە ئافرەتان خۆیان لە بەدەستهێنانی بروانامەی زانستی، ئیشەکانی بازاڕی و سەرچاوەکانی دارایی لە پرۆسەی نوێکردنەوەدا بەشداری بکەن. دەسکەوتی دووەم بە پێچەوانەی دەسکەوتی یەکەم باوەڕی وایە کە تەنیا پڕۆژەکانی ئابووری لە پێوەری بچووك دەتوانێت ئافرەت لەژێر دەسەڵاتی پیاو دەربێنێت. ئەم جۆرە پڕۆژانە دەبێت ببێتە هۆی سەربەخۆیی ئابووری ئافرەتان و لە لایەکی تریش ئافرەتان دەبێت هەوڵبدەن جیاواز لە شەپۆلی سەرەکی پرۆسەی پەرەسەندن کە لەژێر دەسەڵاتی پیاوانە، پڕۆژەکانی خۆیان بەرنە پێشەوە. ئەم دەسکەوتە، لەوانەیە لە جۆری تیۆری بەستراوەیی بێت.

### ئەکتەرە ناحکوومییەکان

ئەو جۆرەی کە وترا، دەوڵەت-نەتەوەکان و پرۆسە جیهانییەکان لە کاریگەری بەسەر پرۆسەی پەرەسەندن گرنگی زۆریان پەیدا کرد و بەلاوازبوونی رۆڵی ئەکتەری دەوڵەتان، ئەم شەپۆلانە جیهانیبوونیان خستە ژێر کاریگەری خۆیان. لەم رووەوە گروپێکی فراوان لە NGO کان هەن، کە

له پرۆسەی پەرەسەندن رۆڵی سەرەکیان گێڕا. وەك کۆمپانیا فرەرەگەزەکان، رێکخراوەکانی خێرخوازی، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، هەروەها رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی وەك UN و IMF و هینی تر. لەم رووەوە دەتوانین جیاوازی سەرەکی کۆمەڵگای ناوەندی وەك جێگری یەکەم دەست دابنین. بۆ نموونە پەرەسەندنی نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانین لەسەر پەرەسەندنی کۆمەڵگای ناوەند شایانی باس کردنە. لەم تێڕوانینە نەتەوەیەکگرتووەکان پەرەسەندنی کۆمەڵگای ناوەندی پڕوپاگەندە دەکات، کە لە ئەودا رێزگرتن، لە زمانە جۆراوجۆرەکان، رێز لە کولتووره جیاوازەکان و پەرەسەندن لەگەڵ پاراستنی ژینگە لە سەرەتا دانراوە. رێکخراوەکانی خێرخوازانەو هەروەها رێکخراوەکانی مرۆڤدۆستانەش وەك پزیشکانی بێ سنوور دەزگای راکفلێریش لە زۆربەی کەیسەکان یارمەتییەکانی خۆیان بۆ بەشەکانی ناحکوومی و نادەوڵەتی تەرخان دەکەن و هەوڵدەدەن بۆ بەهێزکردنی دەوڵەت سیاسەتەکانی ئازادکردنی ئابووری ببەرنە پێش.

خاڵی گرنگ کە لێرە دەبێت بایەخی پێبدەین، رێککەوتنی WTOو IMF و بانکی جیهانی سەبارەت بە سیاسەتەکانی پەرەسەندن لە وڵاتانی باشوورە کە تاکو ئێستا بێ وێنە بووە. کەواتە یەکێك لە پرسیارەکان کە لەم بارەوە دێتە ئاراوە ئەمەیە کە چۆن و تاچ ئەندازەیەك رێککەوتننامەکەی WTO لەگەڵ ئیمکانیاتی پەرەسەندن لە وڵاتانی باشوور رێکدەکەوێت. رێکخراوەکانی سەرەوە لە ئێستادا یەك فەلسەفەی سیاسی هاوبەش پەیڕەو دەکەن و سەبارەت بە پەیوەندی بازرگانیش هزرێکی دیاریکراوی یەکسانیان هەیە. ئەم هزرە هاوبەشانە دەتوانین بە شێوەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

1– بازرگانی بە قازانجی گشتییە، بەڵام هەندێك زیاتر قازانج دەبەن.
2– توانای بەکارهێنان و توانای ئابووری یەك وڵات لەگەڵ ئاراستەی ئابووری دەرەکی ئەودا پەیوەندی راستەوخۆی هەیە.



3– تیۆری قازانجی رێژەیی دیاری دەکات، کە باشترین کاڵایەك کە وڵاتێك دەتوانێت بەرهەمی بێنێت و بینێرێتە دەرەوە کامەیە.
4– هەر جۆرە بەربەستی ئابووری دروست کراو بە ناوی پشتبەخۆبەستنی ئابووری کە لەسەر پێکهاتەی جێگیرکردنی هاتنە ناوی کاڵا بێت دەبێتە هۆی ناکارایی ئەو.
5– ئازادکردنی ئابووری تەنانەت ئەگەر ببێتە هۆی داخستنی هەندێك کارخانە، کارێکە کە دەبێت ببێت.
6– تەرخانکردنی سوبسید (یارمەتی دەوڵەتی) دەبێتە بەربەست بۆ ئەوەی کە لە نێوان هێزەکانی بازاڕ خستنەڕوو و داواکاری، هاوسەنگی دروست بکەین.
7– بازرگانی جیهانی ئازاد و پێشبرکێیە و فاکتەرەکانی زاڵ بەسەر بازاڕ لە بواری هەڵسوکەوتی هێزەکانی خستنەڕوو و داواکاری دروست دەبن، کەواتە لۆجیکی و سابجێکتیڤن.

لە لایەکی تر بە شێکی بەرچاو لە یارمەتییە داراییەکانی وڵاتانی باکوور بۆ پەرەسەندن لە باشوور بۆ NGO کان تەرخان دەکرێت. ئەم NGO یانە دەتوانن لەو رووبەرانە کە دەوڵەتان دەستتێوەردانێکی ئەوتۆیان نییە چالاکی بکەن. هەروەها کۆمپانیا فرەرەگەزەکانیش لە زۆربەی کەیسەکان بیر لە قازانجی زیاتری خۆیان دەکەن و پێوەری تر لە بەرچاو ناگرن.

ئەم کۆمپانیایانە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بە زۆری لە پیشەسازییەکان و بەرهەمەکانو خزمەتگوزاریگەلێك سەرمایەگوزاری دەکەن کە لەوانەیە مەترسی کەمتری بۆ ئەوان هەبێت. جگە لەمانە چوونی ئەوان بۆ وڵاتانی جیهانی سێیەم، دەبێتە هۆی لاوازی کەرتی تایبەتی ناوخۆیی و دەوڵەتانی جیهانی سێیەم، کە دەبێت دیواری نێوان کەرتی تایبەتی ناوخۆیی و کۆمپانیا فرەرەگەزەکان بن، بەهۆی لاوازی لە بەڕێوەبردنی خۆیان ناتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن. بەم هۆیە لە

ئێستادا نێوان سیاسەتوانەکان و زانایان ئەم بیرە هاوبەشە هەیە، کە پرۆسەی بێ یاسایی و سەرلێشێواوی بەجیهانیبوون لە خاڵێکی تایبەت راوەستاوە. دیاریکەرەکانیش ئەو چیرۆکەمان پێدەڵێن کە پرۆسەی ئێستای بەجیهانیبوون بۆ ژمارەیەکی زۆر لە بەشداربووەکان بەشێکی کەمی بەدوادابووە. کەواتە راپۆرتی بانکی جیهانی، سەیرێکی وردترە بە گۆڕانکارییەکان و دیاریکەری نایەکسانی فراوان لە دابەشکردنی شەپۆلی سەرمایەگوزاری و بازرگانییە. هەروا کە سەرەڕای ئەوەی کە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندنیش لەگەڵ وڵاتانی تر لە پرۆسەی هەڤگریی بازرگانی جیهانی هاوهەنگاو بوون، بەڵام زیاتر لە نیوەی وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا رێژەی GDP لە دە ساڵی رابردوو کەم بوو. هەر ئەم نایەکسانییەش لە FDI یەکانیش دەبینین. دوو لەسەر سێی گشت سەرمایەگوزارەکانی دەرەکی بۆ هەشت وڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتن چوون لە کاتێکدا کە لە نیوەی ئەوان یان سەرمایەگوزاری نەکراوە یان زۆر کەم بووە. کەواتە چالاکییەکانی ئەکتەرە ناحکومییەکان وێڕای گرنگی دان بە پرۆسەکانی جیهانیبوون ئەو راستییە نیشان دەدەن، کە لە گۆڕەپانی جیهانیبوون، کێشەکانی ناوخۆیی زیاتر لە جاران گرنگی یان پەیدا کردووە. هەروەها ئێستا زۆربەی لێکۆڵەرەکان لەسەر ئەم باوەڕەن کە هۆی پەرەسەندن نەك لە ناوخۆ و نە لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی نێونەتەوەییە، بەڵکو دەبێت لە تێکەڵکردنی رەگەزەکانی ناوخۆیی و دەرەکی بە دوایدا بگەڕێین. ئەم مەسەلەیە گرنگی هاوکارییەکانی نێونەتەوەیی بۆ بەرەوپێشچوونی پەرەسەندن نیشان دەدات. یانی لە شوێنێك کە دەوڵەتان بەتەنیایی ناتوانن ستراتیژی پەرەسەندن دابنێن، هاوکارییەکان دەتوانێت پرۆگرامەکانی یەك دەوڵەت لە مەترسی رزگار بکەن.



## ناکۆکیەك بەناو جیهانی سێیەم

هەروا کە لە بەشەکانی پێشتریش وتمان، چوونی دەوڵەتانی باشوور بۆ گۆڕەپانی سیستەمی نێونەتەوەیی، بۆ سەردەمی پاش جەنگی جیهانی دووەم دەگەڕێتەوە. گریمانەی سەرەکی کە لە پرۆسەی کۆلۆنیا سڕینەوە و پێکهێنانی دەسەڵاتی خۆیی بوو، ئەمە بوو کە ئەم دەسەڵاتانە رەنگدانەوەی بەرژەوەندی خۆیین نەك گروپەکانی تر کە هەوڵی گرتنی هێزی دەوڵەتانی دەسەڵاتداریان دەدا، هەروەها پەیوەندی ئەم دەسەڵاتدارانەی جیهانی سێیەم لەگەڵ دەوڵەتانی دەسەڵاتداردا لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی وەك پەیوەندی دەوڵەت نەتەوەکانی سەربەخۆ بوو، لە بواری ئابووریش ئەم گریمانەیە بوو، کە سەربەخۆیی دەبێتە هۆی دابەشکردنی سەرمایە، تەکنۆلۆژی و پسپۆڕی.

بەڵام لە رووی کردەیی ئەوەی کە بیندرا، شتێکی تر بوو. یانی لە زۆربەی بوارەکانی بوونی سیستەمی عەشیرەتی حەزی ناوچەیی لەم کۆمەڵگایانە لە رێگەی دروستکردنی نەتەوەدا بەربەست بوو. بە جۆرێك کە هێنانە گۆڕی بابەتەکانی وەك ئاسایش، بەرژەوەندی و پەرەسەندنی نەتەوەیی واتاو چەمکی واقیعی نەبووە.

بەم جۆرەیە دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم لە سەرەتای پێکهێنان چ لە ئاستی نێونەتەوەیی و چ لە ئاستی ناوخۆیی کێشەیان هەبووە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە باری قورسی پەرەسەندنی وڵاتانی باشووریشیان بە کۆڵەوە بووە. دەوڵەتان لە پرۆسەی پەرەسەندن، ناچار بوون مێژووی پێشکەوتنی پرۆگرام دانەڕێژراى رۆژئاوایی لە وڵاتانی خۆیان بە شێوەی پرۆگرام دارێژراو دووبارە بکەنەوە و سروشتی بوو، کە بەبوونی کێشەکان ئەم دەوڵەتانە ناتوانن باری پەرەسەندن بە ئامانجەکەیان بگەیێنن. لە لایەکی تر پرۆسەی پەرەسەندن لەگەڵ شۆڕشی داواکاری و داخوازییەکانی دیموکراتیك لە جیهانی سێیەم بووە، چونکە دەوڵەتان

ناتوانن ئەم داواكاریانە دابین بكەن روویان كردە دەسەڵاتخوازی كە لە هەندێك بواریشدا وێنەی توندوتێژیان بەخۆوە گرتووە، بەم هۆیەش زۆربەی دەوڵەتانی باشوور لە جێگەی بەڕێوەبردن روویان كردۆتە كۆنترۆڵ كردن.

لە سیستەمی نێونەتەوەیش دەوڵەتانی جیهانی سێیەم كاتێك دروستبوون كە سیستەمی ئابووری و سیاسی نێونەتەوەیی سەقامگیر بوو، كەواتە وڵاتانی جیهانی سێیەم چوونەتە ناو سیستەمی سیاسی مۆدێرن كە لەودا سیاسەت لە دەوڵەتدا چەقی بەستبوو، هەر لە سەرەتاوە، دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بە بەردەوامی لەژێر فشاری دەوڵەتانی بەهێز و رژێمەكانی نێونەتەوەیی بوون.

لە بارودۆخی ئێستاش لەگەڵ خێرا بوونی پرۆسەی بەجیهانیبوون ئێمە بینەری فشارەكانین لەسەر پێكهاتەی دەوڵەتان لە باشوور كە یەكێك لەوانە دەتوانین لە كەم بوونی گرنگی سنوورەكانی نەتەوەیی ببینین، جگە لەمە پەرەسەندنی تۆمارەكانی زانیاری نێوەنەتەوەیی وەك ئەنتەرنێت پێكهاتەی بڵاوكراوی دروست كردووە كە لە ئەنجامدا هێز و دەسەڵاتی تووشی قەیران كردووە، هەروەها كۆمەڵێك لە بزاڤەكانی سەرووی نەتەوەیی وەك مافەكانی مرۆڤ، ژینگە و لابردنی دەسەڵاتی زمان، ناوەندبوونی دەوڵەتیان لە كێشەكانی سیاسی تووشی قەیران كردووە.

بەم هۆیە كێشەی بنەڕەتی وڵاتانی باشوور و جیهانی سێیەم ئەمەیە كە بەهۆی كاریگەربوونی گۆڕانكارییەكانی سیستەمی نێونەتەوەیی، كە سەرچاوەی لە لاوازی ناوخۆیی ئەوانە، ناچارن لە پرۆسەی بەجیهانیبوون بچنە ناو هەڵسوكەوت لەگەڵ سیستەمی نێونەتەوەیی، بەڵام خۆ هەلواسین بە بابەتەكانی بەجیهانیبوون خۆیی بە پرۆسەیەكی ناكۆك دەژمێردرێت، چونكە لەو كاتەی كە وڵاتانی جیهانی سێیەم دەتوانن كەڵك لە شاشەكانی ئەو وەربگرن و لەو رێگەیەوە كێشەكانی ناوخۆیی خۆیان كۆنترۆڵ یان بەڕێوە ببەن، لەگەڵ ئەوە فشارەكانی ئابووری و سیاسییەكانی بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی لاوازی ئەم دەوڵەتانە.



بارودۆخی دەوڵەت–ناوەند، پەرەسەندنی وڵاتانی جیهانی سێیەمیشی تووشی بارودۆخی پاراودۆكس (هاودژ) كرد، بە واتایەكی تر دەتوانین بڵێین كە دەوڵەت – نەتەوەكان لە سەردەمی بەجیهانیبوون ئیتر بە ستراتیژی پەرەسەندن دروست ناكرێن، بەڵكو بەجیهانیبوون بیانهەوێت یان نەیانهەوێت دەوڵەتان دەخاتە ژێر كاریگەری خۆی. لەوانەیە ئەنجامی ئەم پرسە لە كاتێكی درێژخایەن ئەمە بێت كە كۆمەڵگاكانی جیهانی سێیەم هێزی شاراوەی رابردوویان بۆ پەرەسەندنی درێژخایەن لە دەست بدەن.

### فاكتەرەكانی زەینیەتی سەرهەڵدانی گوتارەكانی نوێی پەرەسەندن

زۆربەیی زانایان ئەم سەردەمە نوێیە بە سەردەمی دووبارە گێڕانەوە یان سەروەكان ناوزەد دەكەن، سەرووی ماركسیزم، سەرووی مۆدێرنیزم، سەرووی پێكهاتە و.....هەموویان بە دوای هاوردنی رووخسارێكی نوێی لە زەینییەتی سەردەمی بەجیهانیبوونن. بە بڕوای ئێمە گوتاری بەجیهانیبوون هەموو ئەم بابەتە نوێیانە سەردەمی بەجیهانیبوون لەخۆ دەگرێت. لەم روانگەیە (كاتی بەجیهانیبوون) لەگەڵ ئەو رووخسارەی كە وێنەی دەكات ئەم خاڵە بنەڕەتییەی لەخۆی گرتووە كە رووبەری (مەعریفە ناسی) مۆدێرنییەتی تووشی قەیرانی كردووە. ئەم قسەیە ئەگەر بەچاكی تێبگەین، وەك ئەوەیە كە بناغەی ئەو شتەی كە تاوەكوو ئەمڕۆ بەزانستی كۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی دەناسرا، دەیشێوێنێت و هاوكات لەگەڵ ئەودا قەیرانی نوێی شوناس، لەگەڵ راگەیاندنی مەرگی (مەبەستی واتای) و بكەری مرۆڤی، سەریهەڵداوە. لەم روانگەیەوە بەجیهانبوون لە رووبەری هەزری، خەریكی پەروەردەكردنی نیشانە و نیشانكراوەكانن كە رووخساری مۆدێرنی پەرەسەندنی تووشی قەیران كردووە و تاڕادەیەك ئەوی بێ كەڵك كردووە.

هەروا كە پێشتر ئاماژەمان پێدا گوتارەكانی مۆدێرنیتە لە چوار بابەتی سەرەكی پارادایمی پەرەسەندن لە سەدەی بیستەم پێكدەهاتن.

سەرهەڵدانی مرۆڤی مۆدێرن لەگەڵ شوناسیکی نوێ، رەتکردنەوەی گریمانەی لۆجیکی دوو جۆری خود و ئەویتر، نووسینی دووبارە گێراوەکانی وەك پەرەپێدان و رزگاری و گێڕانەوەی یەك لایەنە لە مێژوو، بابەتگەلێکن کە ناوەڕۆکی هزری پەرەسەندن لە گوتاری مۆدێرنیتەن.

لەدرێژەی باسەکەمان نیشان دەدین، کە هزری سەرووی مۆدێرنیزم بە دووبارە خوێندنەوەی ئەم بابەتانە و لەسەر بنەمای فاکتەرەکانی نوێ وەك کەمبوونەوەی مەبەستی واتای، گومان لە دووبارە گێراوەکان، سەرووی گوتارەکان و گوتارە بەرزەکان، ناوەند سڕینەوە لە مێژوو و زانست و شکاندنی بناغەی واتای فەرمی تێکستی قسە ناوەندی، پەرەسەندنی تێکشکاندووە و رووخساری نەتەوە ناوەند و هێز ناوەندی ئەو نیشان دەدات.

### نیشانەکانی بەجیهانیبوون لەسەر نیشانەی پێکراوەگانی پەرەسەندن

### شوناسی مرۆڤی نوێ

بەم جۆرەی کە وتمان هزری پەرەسەندن لە گوتاری مۆدێرنیتە لەگەڵ هزری خۆناوەندی هاورێ بووە. بە واتایەکی تر هزری پەرەسەندن لە روانگەی مۆدێرنیتە بەگریمانەی بناغەیی من یان خود بوونی بووە.

بە پێی راپۆرتەکەی فۆکۆ، گوتاری مۆدێرنیتە بە سەرهەڵدانی مرۆڤ و گۆڕانی مەبەست و بکەری مرۆڤی لەسەر پاشماوەکانی سەردەمی کلاسیك بیناکرا. دیکارت بەبنەمای (من) یان (خود) (Ego) جیاوازییەکی بنەڕەتی لە شێوەگرتنی زانایی لە سەردەمی کلاسیك دروست کرد. فەلسەفەی رۆژئاوا لە بنەڕەتدا پێویستی و بناغەیی خۆیی لە سەر بنەمایە (خۆی) دیکارتی دۆزییەوە و بە سەرهەڵدانی مەبەستی ناسانە و بکەری دیار جۆرێك لە خۆپەرستی بەسەر ئەودا زاڵ بوو. دریدا(Derrida) ریشەیی هەموو بناغەکانی ئۆمانیستی رۆژئاوا لەم خۆپەرستییەی رۆژئاوادا بە دوایی دەگەرێت.



لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرن، دیکارت هەموو شتێکی فرێدا بوو تا لەگەڵ شتێکی تر دەست پێبکات کە هیچ جۆرە گومان و دوودڵی بەنیسبەت ئەو نەبێت. ئەو دەیویست بە بنەمایەکی سەرەتایی بگات تابتوانێت هەموو زانستەکانی عەقڵی لەسەر ئەو بناغەیە دابمەزرێنێت، ئەو لەگەڕان بە دوای خۆی لە دواجار بە بنەمای (خوود) گەیشت، بەهزری دیکارت ئەو ئیتر نەیدەتوانی لەبوونی خۆی گومان بکات بەس بەم هۆیە کە ئێستا خەریکی هزرکردنە. بەم جۆرە ئەو بوونی (من) و (خۆی) بە بەردەوام و روون گریمانە کرد.

ئەم چەمکە لە هزری فەلسەفەی رۆژئاوا، بوو بە بنەمای سەرەکی ئۆمانیزم و پاشانیش هەمووی رەوتەکانی فەلسەفی لەسەر ئەو سەریان هەڵهێنا.

دریدا لە رەخنەی خۆی بە دژیی میتافیزیکی رۆژئاوا کارێکی وەك ((دیکارت))ی ئەنجام دا. یانی سەرەتای باسەکانی خۆی لەسەر بنەمایی رەخنەی دژی ((خۆناوەندی)) رۆژئاوا دانا. ئەو بەم حوکمەی هایدگێر دەستی پێکرد کە شتێك بەدەر لە تێکستبوونی نییە و مرۆڤ لەچوارچێوەی زمانی خۆی بەستراوەتەوە. ئەو بوونی نیشانەی تەنانەت لە ناسینی مرۆڤ لە خۆشی بەڕاستتر زانی و بە پێچەوانەی دیکارت کە بوونی خۆی بێ هیچ نیشانەیەك قبوولّ دەکرد. کەواتە بەپێچەوانەی روانگەی هیگڵ کە خۆئاگاداری بەواتای بوونی خۆی دەزانی ئێمەش وەك هەر نیشانەیەکی زمانی تر تووشی جیاوازی، بڵاوبوونەوە و پچڕانین.

کەمکردنەوەی مرۆڤ لە بنەڕەت، ناوەند و گشت پێکهاتەی فەلسەفی رۆژئاوا وەك نیشانەی یەکسانی لەگەڵ نیشانەکانی زمانی تەنیا ئامانجی رەخنەی دریدا نییە. ئەو لەم روانگەیەوە لە هەوڵی تێکشکاندنی ئەم هزرە میتافیزیاییە کە واتا لە تێکستی هەنووکە دەبینێت، هەروا کەئامانجی ئەو لە رەتکردنەوەی واتا شکاندنی بەستراوەی دوولایەنەی بەهای میتافیزیایی رۆژئاوایە. دریدا بە رەتکردنەوەی یەکگرتوویی شوناس و واتا لە نێوان

نیشانە و نیشانە پێکراوی واتا دۆزینەوە بۆ هەموو کات دەخاتە دواوە. بە بڕوای ئەو تاکە واتای بوون بوونی بەیەك بەستراوی و گونجاوی وشەکانی یەکەی زمانی هەڵبەت لەگەڵ جیاوازی و(ئەوی تر) بوونە. فۆکۆ لە((نیچە، رەچەڵەك ناس و مێژوو)) روانگەیەکی هاوبەش هەیە. ئەو دەڵێت ئەو شتەی کە ئێمە بە شوناس ناوی لێدەبەین شتێك نییە مەگەر جیاوازی.

کەواتە بە رەتکردنەوەی بوونی واتا، بەرەنگاربوونەوەی دوولایەی میتافیزیکی رۆژئاواش بێ واتا دەبێت، چونکە لە هەر کام لەم بەرەنگاربوونەوەی دوولایەنە، واتا لە یەکێکیان هەیە و لە لایەکی تریاندا نائامادەیە. دەناسرێت و بوونیشی بەستراوەتەوە بەلایەنی یەکەم. ئێستا بە رەتکردنەوەی واتای فەرمی و یەکەو تێکشکاندنی ئەو، ئێمە بە تەنیا لەگەڵ یاری جیاوازی رووبەڕووین کە بە وتەی دریدا ((وەك شەترەنجێکە بە بێ کۆتایی، کە لە ئەودا هیچ کات بە واتا ناگەین)).

دریدا لە وتاری ((پێکهاتە، نیشانە و یاری لە گوتاری زانستی مرۆڤایەتی)) دەڵێت کە لە میتافیزیا، بۆ پێکهاتە هەموو کات جۆرێك لە بنەما یان ناوەند لەبەرچاو دەگیردرێت، کە ((گشت گیریی)) (Totalistic) ئەو لەسەر بنەمای ناوەند بیناکراوە و لەیاری ئازادانە رەگەزەکانی ناو پێکهاتەکە قەدەغە دەکات. بە وتەی دریدا مێژووی میتافیزیکی رۆژئاوا گواستنەوەی ئەم ناوەندییە و هەمووی ئەو ناوانەیە کە بۆ ئەم ناوەندە دانراوە، هەموو سیمبۆلی جۆرێك لە بوون بوونە. دریدا لەم وتارە بە دوای ئەم خاڵە بووە کە پێکهاتە جێگیربووەکان و کولتووری هەژموونێکی رۆژئاوا بەرهەمهێنەری واتاکانی فەرمی بووە. ئەو لەم روانگەوە هێرش دەکاتە سەر پێکهاتە خوازەکان و دەڵێت کە هیچ ناوەند و بناغەیەك نییە و لەم رێگەشەوە جیهانێکی بەدەر لە گوتار بوونی نییە. ئەو وەك فۆکۆ باوەڕی وایە کە بەربەستەکانی زانستە کە جیهان دروست دەکات.

کزبوونی رۆڵی مرۆڤ لەروانگەی بەرز بۆ فاکتەرێك لە گوتارەکاندا وەك ئەوە وایە کە ئێمە ناتوانین لە هزری پەرەسەندن مرۆڤ رزگار بین. لە



گوتاری نوێ مرۆڤ خولقێنەری واتا، مەبەست و هەلوێست نییە، کەواتە ناتوانێت وەك بنەمای سەرەتایی پەرەسەندن ئەو جۆرەی کە لە گوتاری مۆدێرنیتە خەریکی ئەوە دەبوون، ببێتە بەپێوەری کردەوە.

لەم روانگەیە گومان بەنیسبەت بنەماکانی مۆدێرنیتە دەتوانێت دوو ئەنجامی بنەڕەتی بەدواوە بێت:

سەرەتا ئەوە کە بیرۆکەی پۆست مۆدێرن نەك رووداوەکانی پرۆسەی پەرەسەندنی وڵاتانی رۆژئاوایی وەك نۆرمێك و هەڵبژاردەی راستییەکان، لە واقیعدا بە رووخسارێك لە خۆویستی رۆژئاوا دەزانێت کە لەسەر بنەمایی پێناسەیەك لە خوود و ئەویتر گەشەی کردووە. لەم بوارەدا بەجیهانیبوون ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ یەکێك لە بنەماکانی مۆدێرنیتە واتا لۆجیکی خوود و ئەویتر، بەرووخانی ئەو لە جۆراوجۆری و فرەیی مێژووی شارستانییەکان لە بەرامبەری یەکتاخوازی مۆدێرنیزم بەرگری دەکات.

## لۆجیکی دووگریمانەی خوود و ئەویتر

سەیرێکی کورت و خێرا بە ناوەڕۆکی مرۆڤ، بەو جۆرەی کە دەروونناسەکان بەڵگە دێننەوە دیاری دەکات مرۆڤ لەناخەوە خاوەن میکانزمێکە لە دوو جۆرەسازی لە نێوان ((خوود و ئەویتر)). ((من)) لە ناخەوە و ئەویتر وەك رووبەرێك دادەنێت کە خۆی لەئەودا وەك گریمانەی دەرەکی دادەنێت. ((ئەویتر)) وەك پێکهاتەیەك گریمانە دەکرێت، نەتەنیا ((من)) خۆم دەتوانین ببینم، بەڵکو وەك ئەوانیتریش دەژمێردرێم، کاتێك سەیری دەکەم ئەو لەڕێگەی من و لە مندا سەیری خۆی دەکات. ئەو لەو شوێنەی کەمن گرتوومە دەبینێتەوە.

دریدا بڕوای وایە کە: هزری فەلسەفی — زانستی بە بەردەوامی لە چوارچێوەی بنەماکانی دووجەمسەری دەورەدراوە، کە خۆی خولقاندویەتی و پاشانیش وادانراوە کە راستە. هزری میتافیزیکی هیچ کات نەیتوانیوە

خۆی لەم چوارچێوەی رزگار بکات. خراپ لە بەرامبەر چاکە، درۆ لە بەرامبەر راست، پیاو لە بەرامبەر ئافرەت، ماددە لە بەرامبەر رۆح، سروشت لە بەرامبەر کولتوور..... ئەم دوو جەمسەرە هیچ کات بۆ خۆیان و بە شێوەیەکی سەربەخۆ و تەنیا نەبوون.

جگە لەمانە لە هزری مۆدێرنیتە ((ئەویتر)) رەها نییە، بەڵکو ئەوەی بە ناوی ئەویتر دەخوێندرێتەوە، لە یەك سیستەمی زنجیرەیی، لە پلەی خوارەوە رادەوستێت و لە دووری دیالێکتێکی دەروخێت. لەم سیستەمە زنجیرییە، ((خوود)) دەسەڵاتی هەیە و خەریکی پێناسە کردن و نمایشی ((ئەویتر)) دەبێت.

لەم رووەوە یەکێك لە گرنگترینی ئەنجامەکان کە تیۆرەکانی پەرەسەندن لە لۆجیکی دوو گریمانەیی خوود و ئەوانیتر بە دەستیان هێناوە، ((بەراورد کردن)) ی شارستانییەتە نارۆژئاواییەکان لەگەڵ پروسەی پەرەسەندن لە ئەورووپا بووە.

لە سەر بنەمایی لۆجیکەکانی بناغەشکێن و رزگارکەری دریدا و رەچەڵەکناسی فۆکۆ، گوتاری پەرەسەندن وەك تێکستێك لەگەڵ رێسا تایبەتییەکانی پەیوەندیدار بەو، لەسەر بناغەکانی خوارەوە راویستاوە:

1- مۆدێرنیتە، ئەویتری دەرەکی خوودی لە ((ئەوانی تر)) پێناسە دەکات و لە سەر ئەم بنەمایە تیۆرەکانی پەرەسەندن وەك رووبەرێك لە مۆدێرنیتە و لە سەر بناغەی رەتکردنەوەی ئەویتر راوەستاوە.

2- لەسەر بنەمای لۆجیکی بناغەشکەن، تیۆرەکانی پەرەسەندنی، لەسەر تێکستی دوو گریمانەیی و قسەیە، کەواتە لە جیهانی سێیەم ئامادە نییە.

3- لە نەبوونی واتا، لە سەر بنەمای رچەڵەکناسی فۆکۆ، رۆژئاوا ((رژێمەکانی راستی)) خوودی لە رووبەری وڵاتانی جیهانی سێیەم گەشەیی کردەوە، لەو رێگەوە هەژموونی خۆی لە گوتارە بیرکراوەکاندا سەپاندووە.



4- لەسەر فێرکراوەکانی گوتاری فۆکۆ و ناوەڕۆکی پەیوەندی هێز و زانست، تیۆرەکانی پەرەسەندن زیاتر لە هەر رووبەرێکی تر سیاسی بوون و کولتووری هەژموونێك و پێکهاتەی جێگیرکراوی کۆڵنیایی رۆژئاوا، رێساکان، یاساکان و لێکدانەوەکانی ئەو دەچنە پاڵ یەك.

5- تیۆرەکانی پەرەسەندن بە شێوەیەکی بەردەوام لە زانستی مرۆڤایەتی رۆژئاوا کەڵکیان وەرگرتووە. فۆکۆ نیشانی دەدات کە ئەم زانستە هەموو بەرهەمهێنەری هێز بوون.

لۆجیکی بناغەشکێن ئەو جۆرەی کە دریدا بەکاردەهێنێت، لە بنەڕەتدا بەم واتایە، کە تێکستەکان وەك تیۆرەکانی پەرەسەندن، هەروا کە لە نزیکەی دووبارە بیخوێنینەوە جیاوازییەکان نەمێنێت و لۆجیکی و قسە ناوەند و دوو جۆری ئەو کزبووەو لە ناو بچن. بەم هۆیە بناغە شکاندنی تیۆرەکانی پەرەسەندن لەسەر لۆجیکی ((جیاوازی)) راوەستاوە.

ئەم دوو لۆجیکە ریشەیان لە باسەکانی زمانناسی هەیە، کە دریدا سەرەتای قسەکەی خۆی لەسەر ئەوە دادەنێت. لەسەر بنەمایەی لۆجیکی جیاوازی، گوتاری پەرەپێدان بە شێوەیە کە وێنەی دەکەن لەسەر بنەمای پێکهاتەیەك لە واتای گۆرینی زمان هێزی دەربڕینی واقعییەت و نیشاندانی ئەوی هەیە. لە کاتێکدا لەسەر بنەمایی لۆجیکی جیاوازی واتای تێکستێك هیچ کات بە شێوەی گشتی ناکەوێتە بەر تێگەیشتن و دوادەکەوێت.

لەروانگەی هزری پۆست مۆدێرن، مەعریفە بەرهەمی گوتارە و تایبەتمەندییەکی گوتاری هەیە. هیچ بابەتێکی بەدەر لە گوتار یان کولتوور بوونی نییە تاکو لە ئەودا سەیری جیهان بکەین، هیچ سەیرێکی دەرەکی بە شێوازی کانتی ناکرێت و هیچ فەزایەکی هزری نەگیراو نییە. شتێك زیاتر لە یاری زمانی، بەربڵاوی، جیاوازی، روانگەی هزر و لاسایی واقیع لەکاردا نییە. هیچ بنەما یان سەرچاوەیەك بۆ واتا نییە. مەعریفە رەنگدانەوەی راستی نییە و ناتوانین ئەو لە مێژوو یان عەقڵ بدۆزینەوە، بەڵکو مێژوو

کۆمەڵێکە لە دورگەکانی گوتارییە. بەم جۆرە یەکسانی عەقل، پەرەسەندن، مەعریفە و رزگاری لە هزر نوێبوونەوە رەت دەکاتەوە.

کەواتە لـە لۆجیکی گوتـاری بـەجیهانیبوون ئـیتر نـاتوانین لـە بـەراورد کردنی یاساکانی پەرەسەندن لە گوتارەکانی جیاواز کـەڵك وەربگـرین. جگـە لەمانە خۆلادانی قۆناغە مێژووییەکان بەو شێوەیەی کە لەودیوی تیۆرەکـانی پەرەپێدان پەروەردە بـووە بـیٚ کاریگـەری دەبێـت و رێگـای ئاراسـتەکردنی تیۆری گشتی کە هەموو وڵاتان لەخۆ بگرێت نییە.

## رەتکردنەوەی گشتی مێژوو و یاسایی گشتی

لە هزری مۆدێرندا، مێژوو، رەوتێکی تەکامولی هەیە، کـە لەسـەر بنـەمای ئایـدیال لەسـەر مـرۆڤ راوەسـتاوە. رووداوە مرۆڤایەتییـەکان بزاڤێکـی تـەك هێلی دروست کردووە کە مەبەستی ئەو ئازادی، پێشکەوتن و رزگارییە. هەر قۆناغێك لـە مێـژوو لـە قۆناغەکـەی پێشووی خـۆی سـەریهەڵداوە. هێلێکـی راستەوخۆ رووداوەکان پێکەوە گرێدەدات و جۆرێـك لـە عەقڵانییـەت لەسـەر بەردەوامی مێـژوو زاڵـە. بەڵگەیـەك کـە فۆکـۆ بـۆ رەتکردنـەوەی ئـەم هـزرە بەکاری دەهێنێـت سەرچـاوەی لـە تیـۆری ئـەو لـە بـواری عـەقل و ناعـەقلی مۆدێرنیزمدایە. ئەو لەسەر دیسپلینی شتەکان دەنوسێت، ئەوشتە(کە) ئێمـە بە ناوی مێژوو دەیناسین بەشێك لە پلەبەندی هـزرە. کەواتـە ناتوانێـت ئـەو هەڵبسەنگێنیت. لـەم رووەوە هـیچ کـات نـاتوانین تێبگـەین کـە رووداوەکـان چۆن روویانداوە.

بۆچی هزر ناتوانێت مێژوو هەڵبسەنگێنێت؟ بێگومان بەم هۆیـە کـە هـزر ناتوانێـت بخرێتەبـەر هەڵسەنگاندن. یـانی هـەر ئـەو کـارەی کـە ((کانـت)) هەوڵیـدەدا ئـەنجامی بـدات. لـە بنەڕەتـدا توێژینەوەیـەك کـە حاڵـەتێك بـە یارمەتی هەر ئەو حاڵەتە بخاتە ژێر توێژینەوە تووشـی لادان دەبێـت. زەیـن ناتوانێـت سـنوورەکانی کـارکردی زەیـن بناسـێت، هەرواکـە زمـان ناتوانێـت



زمان بخاتە ژێر توێژینەوە. هەروا کە دێت دریـدا بەڵگـە دەهێنێتـەوە، مـرۆڤ لـە گوتـاری مـودێرنیزم هەوڵیـدا کـە خـۆی بناسـێت، بـەڵام بـەهۆی ئـەم بەربەستەکانی لێکدانەوەیە سەری لە میتافیزیك دەرهێنا.

لە هزری پۆست مۆدێرن ئـیتر نـاتوانین لـە ((مێـژوو)) (Gonenal History) قسە بکەین. بەم هۆیە رووداوە بەربڵاوەکان لە وێنـەکردنی مێـژوویی گشـتی جێگەی ئـەویان گرتـووە. لـە مێـژووی جـۆری یەکـەم روانگەیـەك هەیـە، کـە لەسەر یەك بنەما و واتایەکی ناوەنـدی هـەموو دیاردەکـان بەیـەك دەگـەن و رەوتێکی راستەوخۆ و بەردەوامی هەیە. ئەم بنەمایە لەوانەیـە خۆئاگـاداری، تـەکامول، پێـشکەوتن و رزگـاری و هینـی تـر بێـت، بـەڵام جـۆری دووەمـی حەزەکان و رەوتەکانی بەربڵاو لە مێژوون کە هـیچ پەیوەندییـەکی لـۆجیکی لە نێوانیان نییە. هـیچ لێکۆڵینەوەیـەکی مێـژووی لێکۆڵینـەوەی تـر پێناسـە ناکات. ناسەقامگیری لەسەر مێژوودا زاڵە و بەم هۆیە لە رابردوو تێناگـەین و داهاتووش پێشبینی ناکرێت.

فۆکۆ دەڵێت: بە پێچەوانەی مێژوونووسانی رابـردوو کـە هەوڵیانـدەدا بـە حـەزەکان و پرۆسـەکان و پێکهاتـەکانی بناغـەیی و سـەقامگیری لـە مێـژوو بگەن و جۆرێك لە بەردەوامی و بەیەك بەستن لە مێژوو نیشان بدەن، ئێستا بینـەری سـەرهەڵدانی فـۆرمێکی نـوێ لـە روانگـەی مێـژوویی بەتایبـەت لـە رووبەرەکانی وەکـوو مێـژووی هـزر، مێـژووی زانـست و مێـژووی فەلـسەفە و ئەدەبیاتین کە لەسەر پێکەوە نەبەستران رادەوێستێت. لەم روانگـە نوێیـەدا مێژوو، ملکەچی لایەندارییەکان و شـەپۆلەکانی ((ئـەو لـە ئـەو)) و کاتییـە و ناتوانین ئەوە بە بەشێك لە پلانی هێلی ویان یەك یاسایی گشتی بزانین.

## رەتکردنەوەی گێڕانەوەکانی سەرووی پەرەسەندن

ئەم قسەیە کە لەسەردەمی بەجیهانیبووندا گوتارەکان تایبەتمەندییـەکی ناوچەیی دەگرن و لەسەر بنەماکانی ناوچەیی کەرتبەنـدی دەبـن، ئێمـە بـەم

ئاكامە رێنمونی دەكات كە لە یەك گێڕانەوەی سەرروویی نـاتوانین بـۆ هـەموو گوتارەكان پشتگیری بكەین.

لە سەرانسەری سـەدەی بیـستەمدا ئایـدیای پەرەپێـدان وەك یـەكێك لـە گێڕانـەوەكانی سـەرروویی مۆدێرنیتـە كـاری كـردووە كـە بـەپێی ئـەو هـەموو شارسـتانییەتەكان لەسـەر گوتـارێكی تـاك هێڵـی لـە مێـژوودا و رێگایـەكی هاوبەش بەرەو سەرزەمینێكی دڵخواز دەپێـون. لـەم رووەوە رەتكردنـەوەی گێڕانـەوەكانی سـەرروویی پەرەپێـدان بـەو شـێوەیە كـە لـە گوتـاری پۆسـت مـۆدێرنیزم دەركـەوتووە بـەواتای بزمـاری كۆتاییـە كـە لـە سـەر تـابووتی پەرەپێدانی دەدەن.

بـە بۆچـوونی لیوتـار، زانـست لـە سـەردەمی مۆدێرنـدا خـاوەنی هەنـدێك تایبەتمەندی بوو كـە ئـەوی جیهـانگیر نیـشان دەدا. جورێـك لـە ناوەنـد خـوازی بەسـەر زانـستی مـۆدێرن زاڵ بـوو. زانـستەكان لـە هێڵێكـی راسـتدا لەگـەڵ یەكگرتوویی و هاودڵی و بە دوایی تێگەیشتنی مرۆڤ و رزگار بوون لـە خـۆ بیـانی بوونی لە ئەو بە بۆچوونی هیگل بوو. ئـەم ناوەندخوازییـە بەزانـستەكان رێگـایی لـە یـەك دابـڕین و پەراگەنـدەیان نـەدەدا. گێڕانـەوەكانی سـەرروویی گـشتییەتی زانستەكانی گەرەنتی دەكرد و ئەم گشتییەتە بنـەمایی شـەرعییەت و ئیعتبـاری زانستەكان بووە. (بێـژەر)ی ئـەم زانـستانەش (هـزری مۆدێرنیتـە) بـوو. پۆسـت مۆدێرنیزم لەرێگای هێرش بردنە سەر هـزر وەك بنـەماتی زانـستی مـۆدێرن ئـەم زنجیرەیەی لەیەك پساند.

لیوتار دەنووسێت هزر (Wisdom) گەورە بێژەر یـان بێـژەری سـەرەكی مۆدێرنیزم بووە و تایبەتمەندی مـەزنی، وەبـیر هێنانـەوەی داستایوسـكییە. ئێستایە كە بێژی ئەم بێژەرە كۆتایی پێهاتووە. پۆست مۆدێرنیزم بە واتـای رزگاربوون لـەم بێـژەر و گێڕانـەوە و تاكـە بێژییـە. ئێـستا دەتـوانین باشـتر تێبگەین كە نەتـەنیا بڕوامەنـدی بـە هـزر لـە سـەدەكانی رابـردوودا تەنانـەت خودی هزری یەكێك لە بێژەرەكان بووە بێژەرێكی باشیش نەبووە.



هەڵبـەت مەبەسـتی لیوتـار، هێـرش بـردن بـۆ سـەر زانـست و لـە رەگ دەرهێنـانی نییـە، بـەڵكو مەبەسـتی پـالاوتنی زانـست لـە هەنـدێ بنەمایـە كـە لەسـەردەمی هاوچـەرخدا تووشـی راوەسـتان دەبێـت. بـۆ نموونـە جیهـانگیریی زانست، ئەو ناچار دەكات تا جیاوازییـە كولتوورییـەكان لـە بەرچـاو نـەگرن. بۆ لیوتـــار زانـــست(science) و زانـــستە باســـیارییەكان(Learning) و زانـــین (Knowledge) زنجیرەیەك دروست دەكـەن كـە زانـست دەخاتـە نیـوان زانـستە باسیارییەكان و زانست بەواتایەكی گشتی هـەردوكیان لـەخۆ دەگرێـت. زانـستی باسیاری كۆكراوەیەكـە سـەبارەت بـە هەنـدێك شـت كـە دەتـوانن پەسـەند یـان رەتبكرێنەوە. زانستەكان ئەو بەشە لە زانستە باسیارییەكانن كە پێویـستە لـە ئەزموندا تاقیبكرێنـەوە، بـەڵام زانینـەكان سـەرتر لـە ئـەزموونی تاقیكردنـەوە، پەسـەند یـان رەتكـردن، تایبەتمەنـدییەكی بـەهایی لـەخۆ دەگرێـت و لـە هـەر كۆمەڵگایەك زانستی تایبەتی خۆی پەروەردە دەكات. كەواتە ناكرێت پـشتگیری لە زانستێكی جیهانگیر بكـەین. لەسـەر ئـەم بنەمایـە بـە دابەزانـدنی زانـست بـۆ شێوازێكی جیهـانگیر ئێمـە فـرە كولتـووری رەت دەكەینـەوە ئەمـە شـتێكە كـە زانستی نوێ لە ماوەی چەند سەدەدا لەسەری سوور بووە.

لیوتار، لە تێڕوانینێك دووبارە بۆ فـرە كولتـووری و وتـارە ناوچـەیەكان، زانـست لـە تایبەتمەنـدی جیهـانگیری ئـەو دەردێنێـت و تایبەتمەندییـەكی ناوچەی پەراگەندە و تێكـەڵ لەگـەڵ فرەیـی دەبەخـشێت. زانـستیش وەكـو زمان لەسەر بنەمای ناهاودەنگی و جیاوازییە.

لەسـەر ئـەم بنەمایـە لەرێگـەی پەرەپێـدانی مۆدێرنیتـە، نـە رزگـاری لـە گۆڕێدایە و نە هزری پێشكەوتوو. هیچ جۆرێك لە گشتییەتی بەسەر مێـژوودا زاڵ نییە، جێگیر بوون گەورەیی گێڕانـەوەكانی خـودایی و ئاسمانییـەكانیش نەیانتوانیوە مرۆڤ بە ئاكامێكی دیاریكراو بگەیەنێت. مرۆڤـی ئـەم سـەردەمە، هیچ گێڕانەوەكانی سەرروویی لە بەرامبەری خۆیدا نابینێت و جیهـانگیربوونی پەرەپێدان تەنیا خولیایەكە.

لە دەقی بنەما شکێنی مۆدێرنیتەدا، گوتارە نارۆژئاواییەکان وەکو هەندێك دیاردە و ڕووداوێك کە بەبێ مێژوو پێناسەکراون لە دەقێك لە گریمانەی ناسەقامگیر و ئالۆزدا سەردەردێنن، وەکو گوتاری شوێن و کات پەروەر وەك هەردەقێکی تر، نە جیاواز لەو یان تێکەڵ لەوان، لە پەیوەندییەکی نێوان دەقی و نێوان گوتاریدا مێژووی خۆیان دووبارە دەنوێنن و بە پەیوەندییەکانی هێز کە لە هەموو شوێنێك ئامادەیە خۆیان دەئاڵێن.

## بەشی هەشتەم: بارودۆخی ناسیۆنالیزم لە سەردەمی بەجیهانیبوون

روانگەی لێکدانەوەی گوتاری ناسیۆنالیزم، ریشەی لە پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی نۆزدەمی ئەوروپا هەیە. ناسیۆنالیزمی ئەوروپا وەڵامدانەوەیەك بوو، بۆ ئەو هەلومەرجە کە بەردەوامی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خەریکی گۆڕان بوو، کە خۆشی ریشەی لە گۆڕانی پارادایمی دەوڵەت– شارەکانی ئەوروپایی بوو. بە واتایەکی تر پەیوەندییەکانی سیستەمی نوێ کە لەسەر پێشبرکێ لە ئەوروپای سەدەی نۆزدەیەم سەریهەڵهێنا بوو لەگەڵ فۆرمەڵەبوونی کۆمەڵگاکانی فیودالی رێکنەدەکەوت و جەستەبەندییەکانی شوناسەکانیش وەك تایفە، عەشیرت و... تووشی پرسیاری بنەڕەتی بوون. ئەو جۆرەی کە ئانتۆنی ئیسمیت و جان هاپیکینسێن بەڵگە دێننەوە، چەمکی ناسیۆنالیزم لە سەرەتا لە کێبرکێ لەگەڵ چەمکەکانی وەك ئاین، رەگەز، جێندەر، چین و ناوچە بوون، بەڵام بەسەرهەڵدانی شۆڕشەکانی ئەمریکا و فەرەنسا وەك رەگەزی سابجێکتیڤ کەوتە پێش ئەوان و وەك شوناسێك گشتی هاتە گۆرێ و سێ بنەمایی سەرەکی ئەتۆنۆمی (Autonomy) یەکگرتن (Unity) و شوناس (Identity) وەك سێ بنەمای سەرەکی ناسیۆنالیزم لە هزری ناسیۆنالیستەکانی وەك ڕوسۆ، هێردێر، نیچە، کوریس و مازوینی تەئکیدیان لەسەر دەکرد. لەم رووەوە ناسیۆنالیزم دەبێت لە پەیوەندی لەگەڵ تێکستی ((رۆشنگەری)) ببینین کە بەوتەی هابرماس لە چوارچێوەی بیرۆکەی گشتی کۆمەڵگا خۆی بەیەك دەگەیاند و رۆلی پەیوەندی زۆرەملێ نێوان ئابووری و دەوڵەت لە لایەك و سیاسەتی ناوچەیی پێشبرکێی نێوان دەوڵەتان لە لایەکی تر دەگێڕا، لەم نێوانە ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی روون



لە بیرۆکەی رۆشنگەری قەرزی وەرگرتووە و لەگەڵ دوو هزری سۆسیالیزم و لیبڕاڵیزم هاونشینی کرد.

جگە لەمانە لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم لە ئەوروپا عەقلانییەت (Rationality)، هەستەکان (Sentimentalism) بە شێوەیەکی نائاسایی لەگەڵ یەکتر جووت بوون و گوتارێکی واتابەخشیان بۆ هەلومەرجی گۆڕاوی ئەوروپا دابینکرد.

لە پاش ئەوە ناسیۆنالیزم وەك سەرچاوەی واتابەخشی کاری دەکرد. ئەمە کە چ فاکتەرێك بووە هۆی ئەوەی کە ناسیۆنالیزم وەك بنەمایەکی شوناس ساز لە شوناسەکانی تری وەك تایفە، قەوم (ئێتن) و عەشیرەت بکەوێتە پێش، دەبێت لە پەیوەندی ناسیۆنالیزم لەگەڵ دەوڵەت– نەتەوە وەك گوتاری نوێی پەیوەندی نێونەتەوەیی، بگەرێین بە دوایدا. لەم رووەوە ناسیۆنالیزم بە بابەتی واتا گرێدراوە.

جگە لەمانە یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان کە ناسیۆنالیزمی وەك فەزای شوناسی دەوڵەت – نەتەوەکانی مۆدێرنی ئەوروپا هێنایە گۆڕێ، بابەتی ((فەزا)) بوو. ئەم خاڵە ئێمە بە فێرکراوەکانی دەیفید هارۆی نزیك دەکاتەوە. لە روانگەی هارۆی ((فەزا)) یەکێك لە گرنکترین بنەماکان بوو، کە لە سەدەی بیستەم ناسیۆنالیزمی وەك شوناسی زاڵ هێنایە گۆڕێ. بە واتایەکی تر مەسەلەی سابجێکتیڤی ناسیۆنالیزم لەگەڵ شوێن وەك ئابجێکتیڤێکی کۆمەڵایەتی جووت، جیهان، وەفادارییەکانی ناوچەیی و تاکی جیهانی سەدەکانی ناوەڕاستی تێکشکاند، پێکهاتەی جیهانی لە بواری سیاسی لەسەر بنەمایی فەزایی شوناسی دەوڵەت– نەتەوە گرێداو دوو رێگەی بنەڕەتی گرتەبەر: لە هەندێ لە وڵاتان کە لە شێواوی رەنجیان دەبرد ناسیۆنالیزم، حاڵەتی تێکەلاوکەر و کۆکەری بوو، وەك ئیتالیا و لە هەندێك لە ناوچەکان، ناسیۆنالیزم بە واتایی ((دووبارە دۆزینەوەی)) قەومەکان و نەتەوەکان بوو کە لە چوارچێوەی یەك ئیمپراتۆری فۆرمیان گرتبوو وەك رۆخانی ئیمپراتۆری هاپسبۆرگ.

لە ماوەی سەدەی بیستەم، ناسیۆنالیزم ئەم دوو حاڵەتەی تێکەڵ کردوویی و دووبارە دۆزینەوەی خۆی پاراست. لوتکەی حەقیقی تێکەڵ کردنەکەی ناسیۆنالیزم دەتوانین لە دووبارە هەستانەوەی قەومەکان و نەتەوەکاندا ببینین کە سەرچاوەی لە شۆڕشی فەرەنسا و لە گوتاری سەرووی کۆلۆنیالیزم ((Post-colonialism)) وڵاتانی ژێر کۆلۆنیایی ئاسیا و ئەفریقا سەریهەڵهێناو بە دووبارە پێناسەکردنی شوناسی گشتی لەرێگەی کۆمەڵگا، نیشتمان، سنوور و مێژوو ئەنجام دراوە.

جگە لەمانە لە ماوەی شەڕی سارد، وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات لە بەرامبەر ئەو شتەی کە دەتوانین بە ((کۆمۆنیزەکردن)) ئەوان ناوی لێبنین بە شێوەیەکی بەرچاو، تایبەتمەندی ((بەدەستهێنانەوەی)) ناسیۆنالیزمی خۆیان پاراست. ئەزموونی ئەورووپایی رۆژهەڵات نیشانیدا کە ناسیۆنالیزم وەك نمونە ئەگەرچی مارکس لە مانیفیستەکەی پارتی کۆمۆنیست رایگەیاند کە ((کرێکارانی نیشتیمانیان نییە))، بەڵام رووداوەکان دوایی، پێچەوانەی ئەمەیی نیشاندا. پێش جەنگی یەکەمی جیهانی هەندێك لە پارتەکانی مارکسیت و سوسیالست ئەورووپایی لەگەڵ یەك پەیمانیان بەست، کە لە کاتی روودانی شەڕ لە حکومەتەکانی سەرمایەداری وڵاتانی خۆیان پاڵپشتی نەکەن، بەڵام کاتێك کە لەساڵی 1914 شەڕ دەستی پێکرد و پەرەیسەند ئەم راگەێندراوە بەخێرایی لەبیرکران و کرێکارانی وڵاتانی فەرەنسا و ئیتالیا و وڵاتانی تر کە خەریکی شەڕ بوون، راستگۆیانە و نیشتمان پەروەرانە لە دەوڵەت و حکومەتی خۆیان بەرگری و پاڵپشتیان کرد.

ئەم بابەتە پیشانی دەدات کە ناسیۆنالیزم وەك وێنەیەك لە شوناسەکانی گشتی لە ماوەی سەدەی بیستەم، زیاتر لە هەر شوناسێکی تر، تواناو سەقامگیری زیاتری بووە. بە وتەی ئالبرایت ملوسی دەتوانین بەم جۆرە روونی بکەینەوە کە یەکگرتنی نەتەوەیی وەك پەیکەربەندی کەسایەتی لە ماوەی سەدەی بیستەم بە شێوەی کەسایەتییەکی خۆ



رەخنەگر کاری کردووە تەنیا لەم ساڵانەیی دواییدا لە نێوان دژایەتی دیموکراسییەتەکانی سەرووی پیشەسازییەکان هێزی واتا بەخشینی خۆی لەدەستداوە و بەپێی وتەی ئەو لە نێوان جولەی ئاستەکانی بەجیهانیبوون و ناوچەی بوون ماوەتەوە.

ئەم حاڵە ئێمە لە ئاستێکی تری لێکدانەوە نزیك دەکاتەوە. واتا ناسیۆنالیزم و قەیرانی واتا ئەم حاڵە کە ئایا بەجیهانیبوون دەتوانێت واتایەك لە جێگەی ناسیۆنالیزم ویان تەنانەت ئەو بێنێت؟

## ناسیۆنالیزم و قەیرانی واتا

کۆتایی شەڕی سارد تەنیا بە واتای کۆتایی گوتاری کۆمۆنیزم نەبوو، بەڵکو هەروەها بە واتای کۆتاییهاتنی پرۆژەی ((رۆشنگەری)) و فێرکراوەکانی ئەویش بوو. هەروا کە لەسەرەوە وتمان ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی روون لە هزرەکانی رۆشنگەری قەرزی دەگرت و وەك چوارچێوەی کەسایەتی دەوڵەت– نەتەوەکانی مۆدێرنی ئەورووپا دادەنرا کە بە وتەی (هابرماس) لە پاش ئەوە دەوڵەت بە گەڕانەوە بۆ ئەو، سەرووەری ناوخۆ و دەرەوەی بەدەستهێنا و لە ئاستی کۆمەڵایەتی بەسەر هەموو ئەندامانی خۆی دەیسەپاند. لەم روانگەیەوە ناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی بەرچاو بە واتا بەستراوەتەوە. بەم واتایە کە لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم وەك سەرچاوەی واتابەخشی بۆ شوناسی نەتەوەیی کاری کردووە.

زەکی لیدی لە کتێبی((جیهانێکی بێ واتا)) روونی دەکاتەوە کە هەر سەرچاوەیەکی واتابەخش لەسەر سێ بنەمای سەرەکی (بناغە، یەکەی یەکگرتوویی (Unity) ئامانجی کۆتایی (Final goal) پێناسە دەکرێت. بنەڕەت یان بناغە بە مانای ئەو بنەما سەرەکییەیە کە پرۆژەیەکی گشتی لەسەر ئەو دادەمەزرێت. یەکە بەم واتایە کە جیهانی خەونەکان لە یەك پرۆژەی گشتی و لە پەیوەندییەکی لۆجیکی لەگەڵ یەکتر کۆدەبنەوە و

مەبەست یان ئامانجی کۆتایی بە واتـای ئۆبـاڵ خـستن لـە پێگەیـەك بـۆ لای پێگەیەکی باشترە. ئەو بـڕوای وایـە کـە بـە کۆتـایی هـاتنی شـەڕی سـارد و سـەرهەڵدانی پێگەیـەك بـە نـاوی ((بـەجیهانیبوون)) ئـەم سـێ بنـەما سەرەکییەی واتا تووشی لەناوچوونی گشتی هاتوون: دیموکراسـی بـازاڕ کـە بە شێوەیەکی بەرچاو سەرکەوتووو دیارە، هێشتا خۆی بەبێ هێـز دادەنێـت بۆ ئەوەی بنەماکانی خۆی دووبارە پێناسـە بکـات، ناکۆکییـەکانی سیاسـی، ئابووری و دارایی کەمتر شـایەنی ئـەوەن کـە لـە چوارچـێوەیەکی هاوبەشـدا راڤە بکرێن و لە کۆتایدا روانگـەی داهـاتوو ئەوەنـدە گـەش نییـە کاتێـك کـە ئێمە هیچ جۆرە وێنەیەکی خەیالیمان لە داهاتوو نییـە کێـشەیە کـە بتـوانین راڤەیەکی پچڕاوی مێـژوویی کـە لەگـەڵی رووبـەڕووین بخەینـە روو بـە وتـەی زەکی لیدی ئەم ناکۆکیانە هەموویان ریشەیان لە قەیرانی ((واتا)) هەیە.

لـەم رووەوە ناسـیۆنالیزمیش هـەر لەگـەڵ ئـەم پارادۆکـسە (Paradox) سەرەکییەی پـاش شـەڕی سـارد رووبـەڕوو بووەتـەوە، لـە مـاوەی سـەدەی نۆزدەیـەم و بیـستەم ناسـیۆنالیزم وەڵامـدەری دوو داواکـاری سـەرەکی (شـوناس) و (سـەقامگیری) بـووە، بـەڵام وادیـارە لەگـەڵ گۆڕانکارییـەکانی سـەردەم(Epochal) لەگـەڵ دوو کێـشەی کوشـندەی پـاش شـەڕی سـارد رووبەڕووبووەتەوە. یەکەمیان لە ناوەڕۆکی (دژ بەجیهانیبوون) ناسیۆنالیزم هەڵدەستێت. بەس خێرایی گۆڕانکارییەکانی (سیستەمی جیهانی) بە جۆرێك بـە بـێ واتـایی بـۆ ناسـیۆنالیزم دادەنرێـت، چـونکە بەوتـەی هابرمـاس ناسـیۆنالیزم نـەدەتوانێت (گلۆبـالیزم) پێناسـە بکـات و نـەدەتوانێت پاڵپشتیشی لێبکات.

دووەم ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم لە ناوەڕۆکی خـۆی، لـە سـاڵانی کۆتـایی سەدەی بیستەم تووشـی ناسـەقامگیری فـراوان بـووە. خـولی گواسـتنەوەی ناسەقامگیری سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی چینایەتی لـە روسـیا و ئـەوروپای رۆژهـەڵات، ناکۆکییـەکانی درێـژ خایـەن لـە خۆرهـەلاتی ناوەڕاسـت،



نوێبوونەوەی ناکۆکییە کۆنە قەوم—ئایینییەکان لە پاکستان و هیندسـتان و سەرهەڵدانی مرۆڤی ناهاوسـەنگ لـە باشـوور و رۆژهـەڵاتی ئـەفریقا وێنەیـەك لەم ناسەقامگیرییانەن.

کەواتە بێگومان زۆربەی نووسەرەکان بە رووبـەرێکی نـوێی لـە سـەرووی ناسـیۆنالیزم (Post- Nationalism) گەیـشتوون. بـە بەڵگـەی ئـەوان ئـەم رووبەرە نوێیانـە بـە ئـامرازی هێزەکـانی بـەجیهانیبوون دابەشـکردنی کـاری نێونەتـەوەی، کۆمپانیـا فرەرەگـەزەکان، سـەرهەڵدانی جەمـسەری هێـزە گـەورەکان، ئایـدیۆلۆژیای بەکارهێنـەری بـە کۆمـەڵ و گەشـەکردنی خێـرای میدیاکانی راگەیاندن پێناسە دەکرێن. لـە جیهـانێکی وەهـادا ناکۆکییـەکانی قەومی و ناسیۆنالیستی بە ئارەزووەکانی پلەی دووەم دەژمێردرێت و زیـاتر لە هـەر کـاتێکی تـر بـێ واتـان. ئەگەرچـی لەوانەیـە ئـەوان ئاسـتی جیهـانی پەرەسەند و تووشی نائارامی بکەن، بـەڵام لـە درێژخایەنـدا هاوکـات لەگـەڵ خەڵك بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکانی جیهـانی جولـە دەکـەن و ئـەم ناکۆکیانە لە ناو دەچن.

وادیارە، کە ئـەم تێڕوانینانـە زیـاتر لـە رادە گەشبینانە بێت، لـە تێکستی فێرکراوەکانی گەشبینانە وك (فۆکۆیاما) کـە لـەم روانگەیـەوە بـەرگری دەکـات، (بەجیهان بوون) وەك سەرچاوەیەکی (واتابەخش) وێنـە دەکرێـت، بـەڵام هـەروا کە لیدی دەڵێت (بەجیهانیبوون) بارودۆخە و نە یەك واتا. بە بڕوای ئـەو بنـەمای سەرەکی هەموو ئەم بێ واتاییە بەجیهانیبوونە. ئەم پرۆسەیە ئەوەنـدە گـەورەو فراوانە کە ناتوانین لەگەڵ کێشە ئاسایەکاندا بچووکی بکەینەوە.

بەجیهانیبوون لەم رووەوە زۆر کـەم لـە ئینترناسـیۆنالیزمی سـەدەی 19 یان بیستەم دەچێ. ئینترناسیۆنالیزمێك کە لەگەڵ بـیرەوەری تـاڵ و هیـوای هاوبەشی خەڵك هاوڕێ بێت بەجیهانیبوون بەدیاردەیەکی سـنووردار دەزانـێ کـە لەسـەر بازاڕەکـانی زاڵ دەبێـت و دەرفەتـەکانی وەك هـاوردەیی کولتوورەکانی تر دابین دەکات و بە کەمی جێگەی هیوا دەهێڵێتەوە.

ئەم قسەیە کە بەجیهانبوون بارودۆخە نەك یەك واتا، لە رووبەڕووونەوە لەگەڵ کەسانێك کە وای دادەنێن بەجیهانیبوون پرۆسەیەکی گشتی هەڤگرە کە ئەکتەرەکانی سیاسی و ئابووری بەهێز بە شێوەیەکی خۆبەخشانە و ئارەزوومەندانە کە راڤەیەك لەو دەخەنەڕوو و رزگارمان دەکەن. لەم رووەوە یەکێك لە گەورەترین قەیرانەکانی بەجیهانیبوون بەرهەمی ئەو کێشانەیە کە ئێمە لە کاتی نیشاندان و گۆڕانکاری و روونکردنەوەکانی هەمانە.

لەم ناوەشدا ناسیۆنالیزم لە پێگەیەکی نادیاردایە، چونکە دەوڵەت– نەتەوەکان وەك چوارچێوەی واتایی ناسیۆنالیزم لە بارودۆخی بەجیهانیبوون پێگەی ناسەقامگیریان هەیە. دەوڵەت ناتوانێت بەئێمە بڵێت کە بەجیهانیبوون باشە یان خراپە، مەترسیدارە یان بەکەڵکە. تەنانەت دەوڵەت ناتوانێت واتایەك بۆ بەجیهانیبوون بخولقێنێت. دەوڵەت – نەتەوە دەبێت بە شتێکی ئەوەندە بچووك کە بۆ ئەو ئاراميیە کە لەگەڵ ئەو بچووکییەیە وەڵامی روون دەدات.

لەگەڵ ئەوەی کە ناسیۆنالیزم لەگوتاری ((جیهانی سەردەم)) مۆدێلی فراوانی لەلایەن نووسەرانەوە خراوەتەڕوو کە دەتوانین ئەوان بە دوو گروپی گەش بینانە و رەش بینانە دابەش بکەین و باسیان لێوەبکەین. جیاوازی بنەڕەتی نێوان ئەم دوو گروپە لەمەدایە کە لە حاڵێکدا هەندێك ئەم گۆڕانکاریانە بەواتای کۆتایی کات بەرگری لێدەکەن هەندێکی تر باس لە سەرهەڵدانی شوناسەکانی نوێ بە واتای رۆیشتن لە ناسیۆنالیزمی عورفی و دووبارە پێناسەی شوناسی نەتەوەیی دەکەن.

رایەکانی زەکی لیدی و مۆدیلی روونکردنەوەی (ناکۆکی نێوان هزر و واتا) کە لەکتێبی (( جیهانێکی بێ دیسپلین))ی خستۆتەڕوو، وێنەیەك لەم گۆڕانکاریانەی کۆتایی کات دەخاتەڕوو. ئەو لەم کتێبە بەڵگە دێنێتەوە کە بنەڕەترین کێشە پاش شەڕی سارد و سەرهەڵدانی گوتاری بەجیهانیبوون ناکۆکی نێوان هزر و واتایە.



بە پێچەوانەی ئەو فۆکۆیاما لە کتێبەکەیی، کۆتایی مێژوو بەڵگە دەهێنێتەوە کە ناکۆکییەکان لە جیهانی دیموکراتیك لە تەواو بووندایە، بەڵام لەوانەیە لە جیهان شەڕی نەتەوەیی درێژەی هەبێت. لەم نێوانەشدا بەبیری ئەو لەگەڵ ناسیۆنالیزم، مرۆڤەکان وەك هاوڵاتیان لێدێت، بەڵام لەگەڵ پرۆسەی بەجیهانیبوون هاوڵاتیان جێگەی خۆیان لەدەست دەدەن و لەسەر رۆڵی بنەڕەتی و مرۆڤ دۆستی (Humanitarian) ئەو جەخت دەکاتەوە.

بەڵام یەکێك لە گرینکترین جێگرەوەکانی کە بۆ گۆڕانکارییەکانی ناسیۆنالیستی سەردەم بەکەڵکە مۆدێلی((جیهانی ناوچەیی))یە. ئەم وشەیە کە لە تێکەڵکردنی دوو وشەی((بەجیهانیبوون و ناوچەیی بوون)) بەرهەم هاتووە بۆ روونکردەوەی کاریگەری دوولایەنەی بەجیهانیبوون، (گەورە)و ناوچەیی بوون (گچکە) لە ئاستی دیسپلینی سنووری سیاسی دەوڵەتە. ئەم وشەیە کاریگەری جیهانی لە رووبەری زانیاری و ئابووری لە لایەك و سەرهەڵدانی شوناسەکانی قەومی و ناوچەیی لە لایەکی تر نیشان دەدات.

بەپێی ئەم مۆدێلە، زۆربەی خاوەنی ئەم تیۆرانە بەڵگە دێننەوە کە کۆمەڵگاکانی سەردەم پلەیك لە تاکخوازی، پلورالیزم و پەراگەندەیی (Eragmentation)پیشان دەدات. بەبیری ئەوان ئەم مەسەلەیە لەگەڵ کزبوونی رۆڵی کولتوورەکانی ناوچەیی، دەوڵەت –نەتەوە و ناسیۆنالیزم گرێی خواردوو. ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئێستا بە شێوەیەکی مەترسیدار بە ئامرازی پەرەسەندنی جیهانی، خراوەتە ژێر کاریگەری. یەکێك لەم کاریگەریانە کە گرنگی دووبارەی شوناسەکانی ناوچەیی و ئارەزوویی بە جولەی سەرووی نەتەوەیی و کولتوورییەکانی ناوچەییە. جگە لەمانە لە بەرهەمەکانی پۆست مۆدێرنەکانیشدا دەتوانین پەیوەندی جیهانی بوون و نەتەوەیی بوون ببینین.

بنجامین باربێر لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی جیهانی مەك لە بەرامبەر جیهانی جەهاد(Mc-World Vosgihad) دوو خاڵی بەجیهانیبوون و ناوچە

خوازی له بەرامبەر یەك دادەنێت. جیهانی جەهاد کە ناوچەیی دەمارگیری، عەشیرەت خوازی، رەگەزپەرستی، فەندەمێنتاڵی کوێرکوێرانەیە و جیهانی مەك کە جیهانی بەکاربەر، خۆشگوزەرانی، سەرمایە و بەکارهێنەر خوازییە ناو دەبات هەر لەو حاڵە کە ئەم دوو جیهانە لە بەرامبەر یەکتری پێناسە دەکرێن، بەڵام پیویستی یەکترن بۆ درێژدان بە بوونی خۆیان.

لە لایەکی تر رەفتار خوازەکان وەك رۆزێناش ئەم مۆدێلە بۆ دیاریکردنی ئاڵۆزیەکان و ناکۆکییەکانی جیهانی پێشنیار دەکەن. ئەو زاراوەی پەرتبوون (Fregentation) بۆ ئەم مۆدێلە بەکاردێنێت.

روانگەکانی رۆزێنا سەبارەت بە ناکۆکییەکانی جیهانی و ناوچەیی لە نووسەرەکانی تری گۆرەپانی پەیوەندی نێونەتەوەی روونترە، چونکە ئەو ئەم ناکۆکیانە لە نەگونجانی سروشتی نێوان ئەم دوو پەیوەندییە نازانێت. ئەگەرچی ئەو پێیوانییە کە سەرکەوتنی دیاردەی بەجیهانیبوون هەروا و بە دور لەهەر جۆرە ئاکامی خراپە، بەڵام سەبارەت بەمەی کە ئەم نەگونجانە بە جۆرێك کێشەیی خۆیان چارەسەر دەکەن گەش بینە. بە پێی وتەی رۆزێنا: لەسەر بنەمای مۆدیلی یەککگرتنەوە (هەڤگیری)، بە کردەوە دەتوانین بەوفابوونی خۆمان بە نیشتمانەکەمان خۆمان لەگەڵ ئەندام بوونی چەند لایەنە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تر وەك بابەتێك کە رۆژ بە دوای رۆژ گرنگی خۆی زیاتر دەنوێنێت تێکەڵ بکەین.

لە درێژەی ئەم بەشەدا لەم مۆدێلە بۆ باسکردن و روونکردنەوەی بەجیهانیبوون و پەیوەندی ئەو لەگەڵ ناسیۆنالیزم کەڵك وەردەگرن. لەسەر بنەمای ئەم مۆدێلە دەتوانین دوو پرۆسەی سەرووی نەتەوەیی و خواروویی نەتەوەیی هەم لە ئەوروپا و هەم لە جیهانی سێیەم دیار بکەین. ئەگەرچی لە بنەڕەتدا ئەو شتەی کە سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی جیهانی سێیەم خەریکی روودانە، جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ پرۆسەکانی ناسیۆنالیستی رۆژئاوا و بەتایبەت ئەوروپا هەیە.



بەڵام پێش درێژەدان بە باسەکەمان دەبێت ئاماژە بە دوو روانگەی تر بدەین کە وادیارە پاش شەڕی سارد لە نەبوونی سەرچاوەی واتابەخش لە پرۆسەکانی شوناس سەریان هەڵهێناوە ئەم روانگەیانە کە((پێکدادانی شارستانییەتەکان و گفتوگۆی شارستانییەتەکان))ە، لە بنەڕەتدا هی دوو گروپی گەشبینەکان و رەشبینەکانە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا. هەر دووی ئەم روانگەیانە بەم هۆیە کە لە دەقێکی جیهانی دەوترێن کە لە ئەودا ((ئارەزووەکانی شارستانی)) جێگەی ئارەزووەکانی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی دەگرن دەتوانن سەرسوڕهێنەر بن، بەڵام وا دیارە کە ئەم دوو دانە پێش لەوەی کە هێزی دیاریکردنی گۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانیان بێت، مۆدێلی سیاسین.

تێۆری ((پێکدادانی شارستانییەتەکان)) بە بیری دارێژەرەکەی ئەو سامۆئیل هانتینتگون خۆی زیاتر ئاگادارکردنەوەیەکی سیاسییە و تەنیا هێزی فریوی ئەو لەوەدایە کە لە بۆشایی نەبوونی تێۆری پاش شەڕی سارد خراوەتەڕوو. تیۆری یان دروشمی (گفتوگۆی شارستانییەتەکان)یش کە لەلایەن (سەید محەمەد خاتەمی) سەرۆك کۆماری ریفۆرمخوازی ئێران خرایەڕوو جگە لەوەی کە لە بنەماکانی تێۆری بێبەشە، لەگەڵ ناکۆکییەکان، چەند لایەنی و ناسیۆنالیزمی خوێناوی بە تایبەت لە وڵاتانی ئیسلامی بەکار نییە. جگە لەمانە بۆ دروستکردنی شوناسەکان پرۆسەیەکی چالاکانە پێویستە کە هیچ کام لە شارستانییەکانی ئەمڕۆ لە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ (پەرتبوونی) جیهانی سەردەم (هێزی) دروستکردنی شوناسێکی یەککگرتوویان نییە. تەنانەت سەبارەت بە شارستانییەتی رۆژئاواش — و تەنانەت ئەگەر هێزی شوناس سازیشیان هەبێت (شارستانی بوون) خۆیان پێویستیان بە شارستانی تر هەیە کە ئەمە لە ناخی خۆیدا دروستکەری جیاوازی و تەنانەت ناکۆکیشە. هەروا کە شێلسینگێر ئاماژەی پێدەدات، دروستکردنی شوناسەکانی پرۆسەیەکی

چالاکانه کە هەم ناوەوە و دەرەوە لە خۆ دەگرێت. بۆ بوونی (ئێمە) پێویستیمان بە وانیتر هەیە، کە ئێمە نیین. دووەم ئەوەی کە جەستەگرتنی شوناس، ئەخلاق و چالاکی گشتی لە درێژخایەندا فراوان دەبن و درێژەپێدەری سەرچاوەیەکی تایبەتیش نیین. سێیەم ئەوەی کە شوناسە گشتییەکان سەرچاوەیەکی فەزا–شوێنیان هەیە ئەگەرچی ئەمە وەك پێویست بە واتای مۆدێلی هەڤگریی سنووری وەك ناسیۆنالیزم نییە، بەڵام بێگومان شارستانییەت ناتوانێت بەبێ رەهەندی شوێن–کات وەك شوناسێکی گشتی دەرکەوێت.

جگە لەمانە سەبارەت بە تیۆری گفتوگۆی شارستانییەتەکان (زیاتر لەوەی کە دەربارەی ئەو شتەی قسە دەکرێت) بە گرنگ و سەرنجراکێش دابنرێت (ئەو کەسەی کە قسە دەکات) بە گرنگتر دابنرێت. بۆ چاودێرانی سیاسی جیهانی رۆژئاوا ئەم خاڵە گرنگە کە سەرۆك کۆماری ئێران لە کاتێکدا لە گفتوگۆی شارستانییەتەکان بە جێگەی پێکدادانی شارستانییەتەکان قسە دەکات کە وڵاتەکی لە کۆتایی سەدەی بیستەم بە ئیسلامی فەندەمێنتاڵ ناسراوە.

## ئەوروپا و تێپەڕکردنی سەردەمی ناسیۆنالیزم

بە بیری زۆربەی نووسەران، ئەوروپا ئێستا سەردەمی تێپەڕکردنی ناسیۆنالیزم بە جۆرێك لە شوناسی نوێ بۆ خۆی دادەنێت، بە بڕوای ئەوان، ئەوروپا لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم ناسیۆنالیزمی وەك شوناسێکی گشتی تاقیکردۆتەوە و ئێستاش بە دووبارە پێناسەکردنی شوناسی خۆی کە لە رێگەی ((هێز و واتا)) بە دەستی دێنێت بە دوای بە دەستهێنانی شوناسێکی گشتی نوێیە کە بە تەنیا یەکێتی ئەوروپا لە جۆری فیدراڵیەکەی نییە، بەڵکو جگە لەوەی کە بە نیسبەت مەسەلەکانی ئابووری وەك هێزە هەستیارە، چوارچێوەیەکی بۆ یەك نەتەوەیی بێ وڵات دابین دەکات.



لەم روانگەوە یەکێتی ئەوروپا وەك گەورەترین جەستەبەندی ناوچەیی جیهان بە ئامرازەکانی بنەڕەتی ((هێز و واتا)) بۆ بەدەستهێنانی شوناسێکی یەکگرتووی سەرووی ناسیۆنالیزم پێویستیانە. ئەوروپا لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە لوتکەی هێز، لەسەر ئەوەی کە ئەرکی جیهانی بۆ بڵاوکردنەوەی بەهاکانی هەیە سوور بوو، بەڵام لەگەڵ کۆتایی جەنگی دووهەمی جیهانی ئەوروپا لەم هەڵوێستەی خۆی پاشگەز بوو، ئەگەرچی بە وتەی (زەکی لیدی) ئەم ئەرکە تووشی بەرەنگاربوونەوە و سنووردارکردنی (هێزی) ئەوروپا بوو. لەم کاتەدا سەرهەڵدانی دیسپلینی دووجەمسەری ئەمریکا – یەکێتی سۆڤیەت پێگەی ئەوروپایی گۆڕی و رووبەری کاریگەری ئەوی سنووردار کرد. جگە لەمانە بە دەستپێکردنی پرۆسەی کۆلۆنیا سڕینەوەی جیهانی سێیەم کە جاروبار ناکۆکی خوێناویشی لێدەکەوتەوە، ئەوروپا کە رۆژێك سیمبۆلی بیرۆکەی ناسیۆنالیزم بوو، خۆی لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی جیهانی دووهەمدا بینی.

هاوکاتیش ئەوروپا لە ماوەی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم توانی بە هێنانە گۆڕی دووبارەی (یەکانگیریی ئەوروپا) و رێککەوتننامەکان لەم بارەوە وەك رێککەوتننامەی ماستریخت کە لە فیورییەی 1992 ئیمزا کرا. بەپێی ئەو کۆمەڵگای ئەوروپا بۆ یەکێتی ئەوروپا گۆڕا و بەسەر لاوازییەکانی خۆی پێش سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم زاڵ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، جەستەی کۆتایی یەکێتی ئەوروپا تەنیا بەم هەڤگری و یەکانگیرییە ئابووری و سیاسییەوە نەبەستراوەتەوەو بیرکردنەوەی سەبارەت بە قووڵایی ئەوەی کەوا لە ئەوروپا لە حاڵی روودانە، ئێمە بۆ مەسەلەی ((واتا و شوناس)) رێنمایی دەکات.

یەکێتی ئەوروپا پاش پەیمانی ماستریخت زیاتر فۆڕمی ئابووری هەیە تا شوناسی و گرووپێك لە وڵاتەکان هەن، کە خۆیان نزیك بە شوناسی نوێ دەزانن و هەندێك وڵاتانیش هەن کە هەست دەکەن شوناسی ئەوان تووشی مەترسی دەکات. بۆ نموونە فەرەنسا لەم ناوەدا زیاتر بێ هیوایە تاکو ئینگلیز.

ئەو جۆرەی کە فلیپ شێلسینگێر بڕوای هەیە ئەوروپایی بوون زۆر جیاوازە لەگەڵ ڕەگەزی نەتەوەیی ئەوروپایی بوون، چونکە کێشەکانی نەتەوەیی ئەوروپایی بوون زۆر ئەستەمترن لە ئەوروپایی بوون و بە زویی ئەم پرسیارە دێتەگۆڕێ کە بنەماکانی هاوبەشی شوناسی ئەوروپایی چی دەبێت. ئەم مەسەلەیە لە کردەوەش خۆی نیشان داوە. زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی هێشتا نەیانتوانیوە واز لە ئەستورەی فەزا و شوێن بهێنن.

جگە لەمانە بە جەستەگرتنی شوناسی نوێی ئەوروپایی سەرتر لە ناسیۆنالیزم بەهۆی بەجیهانیبوون ئەوەندەش ئاسان نییە. هەموو هۆکارەکان کە لە سەرەوە بۆ قبووڵ نەکردنی گفتوگۆی شارستانییەتەکان وەك جێگروەیەك کە بۆ ناسیۆنالیزم بەکارمان هێنا لێرەشدا دەتوانێت ڕاست بێت. ئەگەرچی ئەوروپا خاوەنی میراتی هاوبەش لە ((ڕۆشنگەری)) پڕۆتستانیزمە کە دەتوانێت بۆ دروستکردنی ڕووبەرێکی کولتووری لە ئەوروپا یارمەتیدەر بێت.

ئەم میراتە هاوبەشە بریتییە لە یاسای ڕۆما– ئەخلاقی پڕۆتێستانیزم، ئومانیزم، ڕێنیسانس، تاك خوازی، هزرخوازی، ڕۆشنگەری، زانست لەگەڵ دیموکراسی خۆێندنگاکانی ڕۆمانیسم و کلاسیزم وەك ئەو گریمانانە کە بە ناسیۆنالیزم واتا دەدەن دەبن، بەڵام بەو هۆیە کە یەکێتی ئەوروپا بە کردەوە وەك ڕێکخراوێك کە لە دەوڵەت–نەتەوەکانن پێکهاتوون، ناسیۆنالیزم و دەوڵەت–نەتەوەکان تەنیا فاکتەرێکن کە فۆڕم و بەربەستەکانی کۆمەڵگای ئەوروپا دیاری دەکەن.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین پێشبینی بکەین کە فراوانی چوارچێوەی بەجیهانیبوون ڕێگەی بۆ نەتەوە بێ وڵاتەکان، کەمینەکان، کۆمەڵەکان، و بزاڤەکان کۆمەڵایەتییە نوێیەکان بۆ ڕووبەری شوناسی ئەوروپا کردەوە. ئەم گروپە خوارووی نەتەوەییانە لەوانەیە بیرۆکەی فراوانیان لە نارەزایەتی سیاسی بگرە تاکو ئافراندنی یەك شوناسی جێندەری نوێیان لەگەڵ بێت. کەواتە



یەکێتی ئەوروپا ئەگەرچی لە ئاستی باڵادا ڕوویان لە یەکانگیری (هەڤگیری) گرتووە، بەڵام لە ئاستی خواروی نەتەوەیی ئەم گروپە ناکۆکانە ئاستەنگن لە بەردەم ئافراندنی شوناسێکی نوێی یەکێتی ئەوروپا. کەواتە لە کۆکردنەوەیەکی گشتیدا ئاستەنگەکانی سەر ڕێگەی شوناسی نوێی ئەوروپا دەتوانین لە دوو ڕەهەندی سیاسی و کولتووری کورت بکەینەوە. لە ڕوانگەی سیاسی کۆمەڵگای ئەوروپایی نەیتوانیوە بێت بە ناوەندێکی نوێ بۆ دەربڕینی وەفادارییەکان، هێشتاش ئەگەرچی ناسیۆنالیزم لە فۆڕمە عورفییەکەی خۆی دوورکەتووە، بەڵام وەك فاکتەرێکی بەهێز لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی ئەوروپایی و هاوڵاتیان و دەوڵەتانی ئەوروپایش لەگەڵ یەك کاردەکات.

لە بواری کولتووریش ئافراندنی یەك کولتووری یەکگرتوو ئەوەندەش ساکار نییە. بەجیهانیبوون بە دروستکردنی تۆڕەکانی پەیوەندی و ڕەوتەکانی ئابووری و کولتووری، خوێندنەوەی گشتی لە شوناس و کولتوور بێ کەڵك دەکەن و لەسەر چەند پارچەیی کولتووری بە جێگەی ئەو یارمەتی دەدات. کەواتە ئەو شوناسە نوێیانە کە لەم ڕێگەیە سەرهەڵدەدەن سروشتێکی دینامیك یان هەیە، کە بە بۆچوونی بۆدیار پێش لەوەی کە واقعی بن خاوەنی سروشتێکی لێکچووانەن.

## هۆزخوازی نوێ لە ئەوروپا

لە ماوەی سەدەی بیستەم، هێزە قەومییەکان و نەتەوەخوازەکانی بێ وڵات لە ئەوروپا وەك مەترسییەکی شاراوە بۆ دەوڵەتانی مۆدێرن دانراون. ئەم هێزانە بە دوو ئامانجی گەورەی سەربەخۆیی سیاسی و ئۆتۆنۆمی سیاسی وەك قەیرانێك لە بەرامبەر دەوڵەت – نەتەوە دانراون. ئێسکاتەکان، باسکەکان، کێبێکەکان و وێڵزییەکان نموونەی ئەم نەتەوە بێ وڵاتانەن.

لەم ڕووەوە ئەم هێزانەی هەڵهاتوو لە ناوەند بە زۆری دروستکراوی پرۆسە و بارودۆخی بەجیهانیبوون نیین، بەڵام بەهۆی گەورەیی

بەجیهانیبوون توانیویانە پرۆسەی جەستەبەندی شوناسەکانی خوارووی نەتەوە لە ئەوروپا بەهێز بکەن.

سەرەتا ئەو جۆرەیە کە رۆزێنا ئاماژەی پێدەدات، شتێك کە پرۆسەی بەجیهانیبوون جیاواز دەکات ئەمەیە، کە کۆسپە سەرزەمینییەکان و گۆڕەپانی شەرعییەتەکان ئاستەنگ یان هۆکاری بەربەست بۆ ئەوان نیین.ئەم جۆرە پرۆسانە بە ئاسانی لە زۆر لایەنەوە لەو پەڕی گۆڕەپانەکانی نەتەوەیی بڵاو دەبنەوە دەتوانن بچنە ناو هەر کۆمەڵگایەك لە هەر شوێنێکی جیهان و هێزیان هەیە کە تاکەکان، گروپەکان و رێکخراوەکان بە ئەنجامی رەفتاری یەکسان یان بەشداری لە پرۆسەکان یان سیستەمە گشتگیر و چڕوپڕەکان هان بدەن.

ئەم بارودۆخە بە زیندووبوونەوەی دووبارەی ناسیۆنالیزم لە دەوڵەتانی بێ حکومەتی ئەوروپا یارمەتی فرەی گەیاندووە و نەتەنیا ئەوان لە بەجیهانیبوون وەك ئامرازێك بۆ ناساندنی شوناسی خۆی بەدەر لە سنووری عورفییەکانی دەوڵەت – نەتەوە کەڵك وەردەگرن، بەڵکو لە پەیوەندییەکی دوو لایەنە فراوانبوونی سنوورەکانی زانیاری، کولتووری و ئابووری خۆی فاکتەرێك بووە بۆ هاندان و بزواندنی خەونەکانی شوناسی ئەم گروپانە دەژمێردرێت.

دووەم ئەوەی کە ناسیۆنالیزم لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ بەجیهانیبوون لەگەڵ دوو کێشەی کوشندەدا لە پاش شەڕی سارد بەرەنگاربووەتەوە. یەکەمین لە ناوەڕۆکی دژ بەجیهانیبوونی ئەو سەریهەڵداوە و دووەم لە ناوەڕۆکی ناسەقامگیری ئەو هاتووەتە دەرەوە. ئەم دوو فاکتەرە لە تێکەڵاوبوون لەگەڵ یەکدا کاریگەرێکی شاراوەیان لەسەر هاوسەنگی جیهانی هەبووە، بە جۆرێك کە ناسیۆنالیزم لە بەرامبەر دوو داواکاری بنەڕەتی کە پاش شەڕی سارد دەرکەوتن، واتە داواکاری بۆ دروستکردنی سەقامگیری و داواکاری بۆ بەدەستهێنانی شوناس بێ ئاکام بوون.

کەواتە ئەمڕۆ تەرکیزی ناسیۆنالیزمی سەدەی بیستەمی ئەوروپا جێگەی خۆی داوە بە ناکۆکی نێوان شوناسەکان کە دەتوانین ئەوان بە



پرۆسەکانی ناوچەیی بوون (Localization) یان چەند پارچەیی (Fragmentation) ناو بنێین. هەر چۆنێك بێت، دەبێت جیاوازێك لە نێوان گروپەکانی قەومی کۆن کە بەگشتی لە ناکۆکییەکانی گۆڕپانی سەرزەمینی گروپەکان سەریانهەڵداوە کە نەیانتوانیوە لە ماوەی پرۆسەی فۆرم گرتنی دەوڵەت – نەتەوە خۆیان لەگەڵ ناسیۆنالیزم و شوناسی نەتەوەیی رێکبخەن و گروپە شوناسییەکانی نوێ کە لە بنەڕەتەوە داواکاری ئەوان ناسیۆنالیزم نییە گروپەکانی نوێ کە لە سەر بنەمای شوناسەکانی جێندەر وەك هاوڕەگەزخوازەکان، کۆمەڵ خوازی، رێکخراوەکانی تاوانکارانە، کەمینەکان و فێمینیزم و بزاڤەکانی نوێی کۆمەڵایەتی فۆرمیان گرتووە دانی پێدا بنێین.

باری ئۆکسفۆرد سەبارەت بە جیاوازی ئەم دوو دانە بڕاوی وایە کە ئەم گریمانە کە تاکەکان شوناسەکانی قەومی خۆیان بە پێی هەلومەرج یان لەسەر بنەمای ئارەزووی رۆژ دەخولقێنن ناکۆکییەکی قووڵی لەگەڵ چەمکی قەومییەت وەك وتەکانی پەیوەندی قووڵ لە نێوان کۆمەڵگایەك هەیە کە لەسەر بنەمای خەبات، مێژوو و زمان پێناسە دەبن. هەڵبەت قەومییەت وەك مۆدێلی رۆژ و ریفۆرمی سیاسی لەوانەیە بە بەراورد لەگەڵ جینۆسایدەکان و سەقامگیری زاڵ لە سەر بۆسنیا، رواندا یان ترس و ئێشی دووبارەی کێشەکانی ئەفریقای باشووری بە جۆرێك لە رزگاری دادەنرێت، بەڵام لە هەندێك لە رووبەرەکانی هزری کۆنسێرڤاتیڤی، ئەم هێزە ناوەند سڕانە و بناغەشکەن، خۆیان بە پێشەنگی ناسەقامگیری گەورەی کۆمەڵایەتی دادەنرێن.

لەم روانگە دەتوانین جیاوازییەکی بنەڕەتیش لە نێوان ناسیۆنالیزمی نافەرمی لە ئەوروپا و جیهانی سێیەم دابنێین. بەم جۆرە کە گروپە نوێکانی شوناسی ئەوروپا بە نیسبەت ناسیۆنالیزمە نافەرمییەکانی جیهانی سێیەم دیموکراتی تر دیارن. ئەم گروپانە زیاتر لە بەرامبەر سەرکوتکردن،

پەراوێزکردن و ڕێزلێنەنان بە دوای پێگەیەك بۆ ناساندنی شوناسەکانی گشتی خۆیان لە نێوان تێکستی کولتووری گشتی کار دەکەن، بەڵام لە بەرامبەردا، زۆرینەی بزاڤەکانی ناسیۆنالیزمی جیهانی سێیەم، لە گوتاری کۆلۆنیایی ڕۆژئاوا بە تایبەت ناکارایی دەوڵەتان پاش لە ئەو بۆ دروستکردنی ناسیۆنالیزم لەم وڵاتانە سەریهەڵداوە. جگە لەمانە زۆربەی قەومییەتەکان خوازیاری سەربەخۆیی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمن و زیاتر لە ئارەزووەکانی هاوسەنگی خۆی لە ئەوروپا خوێناوی دیارە.

میشێل مافێزۆلی (M.Maffesoli) لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی (رامانێك لەسەر جیهان) بزاڤی نوێی تاکخوازی لە ئەوروپا بە هۆزخوازی نوێی (Neo-Tribalism) ناودەبات. ئەم جۆرە کۆمەڵانە پێش ئەوەی کە لەسەر بنەمای جەستەی کۆمەڵایەتی یەکانگیر بن، لەسەر بنەمای هەست و زەینی چینایەتی فۆڕمیان گرتووە. ئەم جۆرە کۆمەڵانە بە ژیانی ناوچەیی گرێدراون و رووخسارێکی نوێی لە هەرێمێکی کۆن (Gemeind) و بە شێوەیەکی روون تایبەتمەندییەکانی گێماین شافت (Gemeind Shaft) یان پێشانداوە.

مەکل نیلیش لە وتارێك بە ناوی (داواکاری دووبارەی فۆرمی چەند قەومی) بەڵگە دێنێتەوە کە سەرهەڵدانی پەیوەندییەکانی چینایەتی، شەپۆلی فراوانی کۆچ، بەجیهانیبوونی ئابووری و پەیوەندییەکانی سەربازیی چەند قەومی (نەتەوەیی) دووبارە لە بەرامبەر ناسیۆنالیزم سەرهەڵدەداتەوە.

هومی باباش وەك ئەو ئاماژە بە گۆڕانکاری گەورە دەکات کە بەنیسبەت واتاکانی وەکو شوناسی نەتەوەیی روویداوە، بووەتە هۆی ناکۆکی، چەند پارچەیی و ناهاوسەنگ بوونی شوناسی نەتەوەیی لە ڕۆژئاوا. بە وتەی هومی باباش پۆلی کۆچەرەکان و بوونی کەمینەکان بووەتە هۆی ناکۆکی لە پەروەردەکردن و فۆرمەکانی ناسیۆنالیستی و دووبارە پێناسەکردنی شوناسی نەتەوەیی لەسەر بنەماکانی وشەکان وەك (خوود و ئەویتر) بووە.



بزاڤی رەشەکانیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستەیەکی تر لەم گروپە قەومیانەن کە بۆ ناسینەوەی دووبارەی خۆیان هەوڵدەدەن. لە زۆربەی بوارەکاندا ئەم گروپانە و کەمینەکانی رەگەزی لە وڵاتانی پێشکەتوو لەگەڵ بزاڤەکانی سەربەخۆ لە سنوورەکانی سەرزەمینی کۆلۆنیالیزم پێشوو بەراورد دەکرێن، بەڵام هێشتا شوناسێکی جیاواز لە بزاڤەکانی سەربەخۆ خوازن وێڕای ئەوەی کە ئەم گروپانە لە زۆربەی بوارەکاندا بۆ ئافراندنی شوناسی خۆیان و یان بناغەشکێنی شوناسەکانی نەتەوەیی کە زاڵە بەسەریاندا لە فێرکراوەکانی پۆست مۆدێرینزم کەڵك وەردەگرن.

بۆ ئەم گروپانە، پۆست مۆدێرنیزم تەنیا بابەتێکی میدیایی مۆدێرنیستی نییە، بەڵکو ئەوان لە پۆست مۆدێرنیزم وەك کۆمەڵەیەك لە ریزبەندی کۆمەڵایەتی تێپەڕینی شوناسی لە تێکست سەیر دەکەن.

لە کۆبەندێکی گشتیدا، تایبەتمەندی بێ واتای و سەرلێشێوان کە لە ناخی گوتارەکانی بەجیهانیبوون نادیارە، زیاتر لە هەر شتێکی تر دیاریکەری گۆڕانی بارودۆخی قووڵ، بەڵام نەناسراون و هەروا کە پێشتریش وتراوە بەجیهانیبوون دەبێت بە بارودۆخ بە ناو بکەین تا سەرچاوەی واتا.

بەڵام هەروا کە رۆزێنا دەیخاتە بیرمانەوە دوو بزاڤی گەورە دەتوانین سەبارەت بە ناسیۆنالیزم لە ناخی بەجیهانیبوون دیاری بکەین کە لە درێژایی ئەودا لە لایەکدا، ناسیۆنالیزم جێگەی خۆی بە بزاڤەکانی جیهانیبوون و ناوچەیی بوون دەدات کە سەر بنەمای ئەو هیچ کام لەم دوو بزاڤە لە بەرژەوەندی ئەوی تر لاناچێت و لە لایەکی تر هەر لەم کاتە کە ئەوروپا وەفادارییەکانی نەتەوەیی بە ئاستی ئەوروپای یەکگرتوو دەکێشن، لە ناوی ئەودا ئارەزووەکانی ناوچەیی بوونیش لەبەر چاو نەگیراوە. بەم واتایە بەجیهانیبوون و ناوچەیی بوون لە تێکستێکی پێکەوە ژیان دادەنیشێت. بە وتەی رۆزێنا بۆ ئەوەی کە ئەم دوولایەنەی بەجیهانیبوون و ناوچەیی بوون لەگەڵ یەکتر رێك بکەون، تاکەکان دەبێت بزانن کە دەتوانن

له ڕێگەی هەنگاوەکانی گشتی و ئەندامێتی و وەفاداری چەند لایەنە ئارامی دەروونی بدۆزنەوە و بە پێی وتەی مافێزولی ژیانی بێ چۆنیەتی ڕێکبخەن و ڕێگەی هەرێمی ئاشنا بگرنە بەر.

## بەجیهانیبوون، جیهانی سێیەم و کێشەی ناسیۆنالیزم

کێشەی ناسیۆنالیزم لە جیهانی سێیەم ناتوانین بەبێ گوتاری سەرووی کۆلۆنیایی بخەینە بەر لێکدانەوە، لەم ڕوانگەیەوە پرۆسەی جەستەگرتنی ناسیۆنالیزم لە جیهانی سێیەم بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەورووپا و جیهانی ڕۆژئاوا جیاوازە. لێرەدا دەتوانین بە دوو جیاوازی سەرەکی، بەڵام بنەڕەتی ئاماژە بکەین:

یەکەم ئەوەی کە کاتێك کۆمەڵگاکانی ئەورووپایی لە چوارچێوەی دەوڵەت—نەتەوە سەریانهەڵهێنا، هیچ پارادایمێك ئەوانی نەدەخستە ژێر کاریگەری خۆی، بەڵام بە پێچەوانەوە لە جیهانی سێیەم پاش نەمانی بناغەکانی کۆلۆنیایی ڕۆژئاوا، ناسیۆنالیزم بە وێنەیەکی لاسایی کراو و لەسەر بنەمای جۆرێك خۆماڵی خوازی جێگەی بڕواکردنی ڕوناکبیران و ڕێبەرانی جیهانی سێیەم بووە و هەروا کە بابای سەعید دەڵێت لەم رووکردە بۆ هاندانی هەستی ناسیۆنالیزمی چینەکانی وڵاتەکانیان کەڵکیان وەرگرت.

دووەم ئەوەی کە ناسیۆنالیزم لە جیهانی سێیەم پرۆسەیەکە کە بە پێچەوانە جوڵاوە. بە واتایەکی تر ناسۆنالیزم لە جیهانی سێیەم بەرهەمهاتووی دەوڵەت—نەتەوەکانن و نەك ئەوەی کە خۆی فاکتەرێکی سەرەکی پێکهێنانی دەوڵەت—نەتەوەکان بن.

ئەنتۆنی ئیسمیت لە جیاوازی نێوان شوناسەکانی نەتەوەیی ڕۆژئاوا و وڵاتانی جیهانی سێیەم دەڵێت: سنووری مێژوویی، کۆمەڵگای سیاسی، یاسایی، یەکسانی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کولتووری مەدەنی هاوبەش،



ئەمانە پێکهێنەری ستانداری مۆدێلی ڕۆژئاوایی ناسۆنالیزمن، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ڕۆژهەڵات ڕەچەڵەك ناسی و ئەنجامەکانی بازنەی ڕەگەزی یەکگرتنی چینایەتی، زمانی زگماکی، عورفەکان و داب و نەریتی هۆزی ئەمانە نیشانەکانی جێگرەوەی بۆچوونی نەتەوەن کە لە لایەکەوە دیاریکەری ڕیشەکانی جیاوازی فۆرم گرتنی ناسۆنالیزمن لە زۆربەی وڵاتان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی و هەروەها ئەمریکا لە لایەکی تر خۆی بووەتە هۆی گۆڕانکاری سیاسی لەم ناوچانەدا.

لەم ڕووەوە ئێمە لە جیهانی سێیەم لەگەڵ ناسۆنالیزمێکی دێرگەیشتوودا ڕووبەڕووین کە خۆی لە وێنەکانی جۆراوجۆر نیشان دەدات. لە لایەکی تر جۆراوجۆری کولتووری، ئایینی و قەومی وڵاتانی جیهانی سێیەمیش کێشەی نەتەوەخوازی دووبارە دەکاتەوە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، ناسۆنالیزم لەم وڵاتانەدا وەك ئامرازێکی سیاسی کاری دەکرد یان خۆی لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕژێمەکانی کۆلۆنیایی پیشان دەدا و یان ئایدیۆلۆژیی چینی دەستەڵاتداری ئەم وڵاتانە بۆ مۆبیلیزەکردنی چینەکانی خەڵك بووە.

لە ماوەی شەڕی سارد و جەستە گرتنی جیهانی دووجەمسەری، ناسیۆنالیزم لە جیهانی سێیەم لە ژێر کاریگەری گوتاری ئاسایشی ئەم دوو جەمسەرە بووە و لە ژێر سایەی کۆمۆنیزم نوقم بوو.

لە ماوەی شەڕی سارد، یەکێتی سۆڤیەت بە هێزی سەپاندنی خۆی کۆمۆنیزمی لەسەر ناسۆنالیزم زاڵ کرد بە جۆرێك کە زۆربەی سەرزەمینەکانی ژێر دەستەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت پێش ئەوەی کە لەسەر بنەمای نەتەوەکان و ڕەگەزەکان چینبەندی بکرێن، لەسەر نزیکی و دووری لە ئایدیۆلۆژیایی سۆسیالیستی یەکێتی سۆڤیەت چینبەندی دەکران ئەم قسەیە هەڵبەت بەم واتایە نییە کە ناسۆنالیزم لە وڵاتانی وەك ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی لە ناو گوتارێکی تر وەك کۆمۆنیزم تێکەڵ و یان لەناوچوون،

بەڵکو هەر بەو جۆرەی کە مێژووی ئەم وڵاتانە پیشان دەدات کە ناسیۆنالیزم وەك شوناسێکی دووەم، کریملین لەسەری جەختی کردووە و بەم شێوەیە وەك شەپۆلێکی ((ئاوری بن کا)) ماوە– یوگوسلافیا نموونەی بەرچاوی ناکۆکی و بەرەنگاربوونەوەی کۆمۆنیزم و ناسۆنالیزم بوو. ئەم وڵاتانە کە لە رووخانی چوار ئیمپراتوری پرۆس، رووسیا، عوسمانی و ئەمسا مابوو و لە ماوەی دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت لەسەرزەمینەکانی ئەورووپای رۆژهەڵاتی وەك یەك وڵاتی خاوەن شارستانی دادەنرا کۆمۆنیزم نەیتوانی بە بیری رێبەرانی ئەو، کێشەی شوناس لەم وڵاتە چارەسەر بکات.

بە رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی دەسەڵاتی ئایدۆلۆژی و سەربازیی، ئەم وڵاتە بەسەر ئەورووپای رۆژهەڵات، ناکۆکییە شاراوەکانی بەهێزی ناسۆنالیزم خۆی پیشاندا. بە شێوەیەك کە یوگوسلافیا پاش سەردەمی شەڕی ساردیش هەروا وەك ناوەندی ناکۆکییەکانی جیهانی مایەوە هەڵبەت رۆڵی هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ئەم ناوچانە و وردە ناسۆنالیزمەکان جێگەی گومان نییە، بەڵام لە پاڵ ئەم فاکتەرە، بارودۆخی نالەباری ئابووری وڵاتەکانیش دەبێت لەم زەمینەدا هەڵبسەنگێنین.

هەڵەسنگاندن لە نێوان پرۆسەکانی ناسیۆنالیستی لە ئەورووپای رۆژئاوا و رۆژهەڵات پیشان دەدات کە یەکێك لە فاکتەرەکان کە ناکۆکییەکانی ناسۆنالیزمی فەرمی و ناسۆنالیزم نافەرمی لە وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات و جیهانی سێیەم کە بە شێوەیەکی گشتی زیندوو هێشتووەتەوە ئاستی خۆشگوزەرانی ئابووری و سیاسی ئەو وڵاتانە بووە. بۆ نموونە دوو وڵاتی بەلجیکا و ئیسپانیاش کە لە بنەڕەتەوە بە وڵاتانی فرەنەتەوەیی دەژمێردرێن لە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ ئەورووپای رژهەڵات بە پەرەسەندنی سیاسی و لێبووردەیی و راهاتنی سیاسی، توانای ئافراندنی یەك سیستەمی فیدراڵی بۆ دووری کردن لە ناکۆکییەکانی ناسۆنالیزمی هەبووە بە جۆرێك کە دەستوری ساڵی 1978ی ئیسپانیا بە روونی کێشەی کەمینەکانی بە



فەرمی ناسی و لەو بە دواوە دەوڵەت دانوستاندن و رێککەوتننامەی جۆراوجۆری بۆ چارەسەرکردنی سیاسی و جێگرکردنی زیاتری ئەم کێشەیە ئەنجام دا. سەبارەت بە بەلجیکا بە پەرەسەندنی سیستەمی فیدراڵی ئەم وڵاتە توانی پاش زنجیرە یەك ریفۆرم لە ساڵی 1988 بەر بە گرژبوونی کێشەکانی نەتەوەیی بگرێ، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەورووپای رۆژهەڵات و بە تایبەت لە ناوچەی بەلکان لاوازی پرۆسەکان دیموکراتیك و نەبوونی ئاسانکاری و راهاتنی دەوڵەتان لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کەمینەکان لە لایەك، لاوازی ژێرخانی ئابووری کە گروپە جۆراو جۆرەکانی بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەکانی ئابووری تووشی ناکۆکی دەکرد لە لایەکی تر، دەبوونە رێگر لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی ناسۆنالیزم لەم وڵاتانەدا.

لە کۆکردنەوەیەکی گشتیدا، ناسۆنالیزم لە جیهانی سێیەم تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ئەو لە ناسۆنالیزمەکانی رۆژئاوا جیا و ئاڵۆزتر دەکات. ئەم تایبەتمەندیانە دەتوانین لە سێ بنەمای سەرەکی خوارەوە کورت بکەینەوە:

یەکەم ئەوەی کە بەهۆی مێژووی ئەم وڵاتانە، دەبێت ناسیۆنالیزم لە پەیوەندی لەگەڵ گوتارەکانی کۆلۆنیایی و پۆست کۆلۆنیاییدا ببینین. سنوورە دەست کردەکان، بیرەوەری تاڵی کۆلۆنیایی، ناکارایی دەوڵەتان پاش کۆلۆنیا کە تواناو هێزی چارەسەرکردن و کێشەی ناسیۆنالیزم یان نەبووە و بەڕێوەبردنی قەیرانەکانی ناوچەیی لەلایەن زلهێزەکان تەنیا بەهۆی دەسکەوتەکانی نەرێنی کە سەرچاوەی لە رووخاندنی ناسیۆنالیزمی نافەرمی لەم وڵاتانەدا بووە. جگە لەمانە بەهۆی ئەم مێژووییە ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی جیهانی سێیەم تایبەتمەندی سیاسی بەخۆی گرتووە. بەسام تەیبی نموونە دێنێتەوە کە کۆمەڵگاکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست لە ماوەی سەردەمی کۆلۆنیادا و لە گوتاری کۆلۆنیادا لە بەرامبەر کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا بووەو نەتەوەکانی عەرەب لەلایەن ئەم وڵاتانە هاندەدران.

دووەم ئەوەی کە پێگەی لاوازی ئابووری وڵاتانی جیهانی سێیەم لە بواری گەیشتن بە سەرچاوەکانی نایاب، بووەتە هۆی ناڕەزایەتی کەمینەکانی ئەم وڵاتانە. جگە لەمانە دەسەڵاتخوازی دەوڵەتانیش لەم بوارەدا یارمەتیان بەم پرسە داوە.

سێیەم ئەوەی کە بەهۆی لاوازی پرۆسەی دەوڵەت–نەتەوەسازی دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لەسەر ئەم وڵاتانە نەیانتوانیوە شوناسی نەتەوەیی پێناسە بکەن. هەر ئەم فاکتەرە بووەتە هۆی ئەوەی تا لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ڕێکخراوەکان یان شوناسەکانی وەك یەکێتی ئەوروپا فۆرم نەگرن.

هەروا کە وترا، دەوڵەتانی ئەوروپایی توانیویانە، لەژێر سایەیی دووبارە پێناسەکردنی بابەتەکانی وەك دەوڵەت–نەتەوە، هێز، دەسەڵات و شوناسی نەتەوەیی هەنگاوی ئەرێنی بۆ ئافراندنی شوناسێکی نوێ بەناوی ئەوروپا هەڵێنن، بەڵام بە هەڵسەنگاندنی ئەم دۆخە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم سنووری جیرانەکانی خۆیان وەك سەرچاوەیەکی نائەمنی دادەنێن، بارودۆخی سنووری پاکستان لەگەڵ هیندستان، ئێران لەگەڵ عێراق، تورکیا لەگەڵ سوریا و عێراق، ئەسێوپیا و سۆمالی و هینی تر بەڵگەی ئەم پرسەن. جگە لەمانە یەکانگیریی ناوچەیی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، کە خەریکە فۆرم دەگرێت، لە فۆرمی سیاسی و ئابووری خۆی تێنەپەڕیوە و تایبەتمەندی جۆر و کاتی هەیە.

سەرەڕای هەمووی ئەمانە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا ئەو جۆرەی کە پێشتریش وترا، ئەوروپا هاوبەشی فراوانی هەیە، کە وڵاتانی جیهانی سێیەم وەك یەك خاوەنی ئەو شتە نین.

## بەجیهانیبوون و ناسۆنالیزمی نافەرمی

ئێمە لە دوو بەشی پێش، ئەم کێشەمان هێنایە گۆڕێ کە دەڵێین سنوورەکانی جیهانی سێیەم لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەم زیاتر لە



هەر کاتێکی تر خوێناوی دیارە. بێگومان جۆراوجۆری قەومییەتەکان (ئێتنەکان) لە جیهانی سێیەم بەتایبەتی ئەو قەومییەتانەی کە لە ماوەی پرۆسەی جەستەگرتنی دەوڵەتان نەیانتوانیوە خۆیان لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی ڕێکبخەن یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ناکۆکی خوێناوی لە جیهانی سێیەمن.

بەڵام بە بیری هەندێك لە نووسەران بەجیهانیبوونیش وەك فاکتەرێك بۆ ئافراندن یان سەرهەڵدانی دیاردەکانی قەومی–نەتەوەیی کاریکردووە. لەم ڕوانگەوە دەتوانین کاریگەری بەجبهانیبوون لەسەر کێشەی ناسیۆنالیزم لە جیهانی سێیەم پیشان بدەین: بێگومان بەجیهانیبوون بە تایبەت لە پاش نەمانی یەکێتی سۆڤیەت لە لایەك وەك سەرچاوەیەك بۆ ناساندنی گۆڕەپانەکانی قەومی، کەمینە ئایینییەکان و ڕەگەزی و هینی تر کاری کردووە. هەروا کە بە دروستکردنی دەرفەتێکی گونجاو بۆ چوونە ناو گۆڕەپانی ئابووری، کولتووری و سیاسی لە ڕێگەی بەجیهانیبوونی ئابووری و کولتووری، ئەوانی بۆ ناسانینی شوناسەکانی خۆی و هەروەها گەیشتن بە سەرچاوەکانی ئابووری هانداوە.

لە لایەکی ترەوە بە ئاوەلە بوونی سنوورەکان و کەمبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز لە زاڵبوونی سیاسی و سەربازی حکومەتەکان بە ڕەگەزەکانی قەومی کەمبووتەوە و دەوڵەتانی تووشی دانووستاندن لەگەڵ گروپەکان و قەومییەتەکانی ناو سنوور کردم، ئاشتی نەتەوەیی لە تاجیکستان، کۆنگۆ، ئەندونیزیا و هینی تر نیشانەی لاوازی دەوڵەتانە کە لە زۆربەی بوارەکاندا بووتە هۆی فراوانی دەسەڵات، هێز و کاریگەری ناسیۆنالیزمە نافەرمییەکان.

لەم نێوانەشدا بارودۆخی شوناسە نوێکان کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم بە تایبەت لە بواری شارستانی وەك ئیسلام و هیندونیزم سەریهەڵداوە، گرنگە. ئەم شوناسە نوێیانە کە بە گشتی بەناو فەندەمێنتاڵ

دەناسرێن بێگومان بەرهەمی سەرنەکەوتنی دەوڵەتانی جیهانی سێیەمن لە فۆرم گرتنی پرۆسەی دەوڵەت–نەتەوەدا، ئەگەرچی بە ئاکامی ئەو ناژمێردرێن. سەبارەت بە واقیعەکانی ئایینی کە دەتوانین بە ناسیۆنالیزمی نافەرمی ناویان لێ بنێین یان نا، دوو دڵی هەیە زۆربەی ئەم گروپانە، بیرۆکەی سەرووی نەتەوەییان هەیە و لە ناو یەك وڵات ناگونجێن، لەم رووەوە، فەندەمێنتاڵ خوازی لەو جێگەوە کە زیاتر تایبەتمەندی نەرێنی هەیە تا ئەرێنی سەبارەت بە داهاتووی ئەو گومان هەیە.

بە واتایەك، بەجیهانیبوون، تەنیا بە مەترسییەك بۆ کۆمەڵگاکانی دەسەڵاتخوازی جیهانی سێیەم ناژمێردرێت، بەڵکو بۆ ئەم گروپە قەومیانە و رەگەزیانەش بەربەستی فروان دروست دەکات. بە واتایەکی تر ئیتر میدیاکان و شەپۆلی فراوانی زانیاری و هەموو ئەو ئامرازانەی کە فەندەمێنتاڵ بۆ ناساندنی شوناسی خۆی لە ماوەی ئەم چەند دەیەی دوایی کەڵك یان وەرگرتووە ئەگەرچی یارمەتی بەرچاوی بە ناساندنی ئەوان داوە، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو ترسی سەرچاوە گرتوو لە فەندەمێنتاڵ خوازیشی بە کەسەکان لە بەشەکانی جیهانی گەیاندووە. کەواتە زەحمەتە لە داهاتوودا لە بەرەنگاربوونەوە، لەگەڵ بەجیهانیبوون، فەندەمێنتاڵ خوازی بتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی شوناس.

جگە لەمانە سەبارەت بە رۆڵی بەجیهانیبوون لە سەرهەڵدان و هەستانەوەی شوناسەکانی قەومی لە جیهانی سێیەم نابێت زێدەبێژی بکەین. بەجیهانیبوون لەم کێشەیەدا وەك شمشێری دوو دەم کار دەکات. ئەم جۆرە کە هەندێك لە نووسەرەکان بەڵگە دێننەوە بەجیهانیبوون بە دوو شێوە دەتوانێ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم فاکتەرێك بۆ دامرکاندنی ناکۆکییە قەومییەکان بێت. لە لایەکی تر فرەبوونی چوارچێوەی ئابووری و شەپۆلی پارە و سەرمایە وەك یەکێك



لە رووخسارەکانی بەجیهانیبوون دەتوانێت لە درێژخایەندا بەهۆی بەدەستهێنانی سەرچاوەکانی ئابووری بەکەمترین رادە بگەیەنێت.

لە لایەکی تر بڵاوبوونەوەی چوارچێوەی زانیاری و شەپۆلی زانین سنووره ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمی تووشی شێواندن و ناسەقامگیری کردووە و لەم رێگەوە لە هێزی دەوڵەتانی دەسەڵاتخوازی کەم دەکاتەوە و ئەوان بە بەکارهێنانی شێوازەکانی دیموکرات سەبارەت بە قەومییەتەکان رادەکێشێت. پاڵ دان بە یاسای دیموکراتیك هەروا کە وترا، لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی رۆژئاوایی، توانیویەتی وەك یەکێك لە فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر کەمکردنەوەی ناکۆکییەکان کار بکات.

هەرچۆنێك بێت، ئەم بارودۆخە پەیوەندییەکی دوولایەنەیە. واتا بە گۆڕانی روانینی حکومەتەکان لە بەرامبەر ناسۆنالیزمە نافەرمییەکان لە جیهانی سێیەم لە رێگەی ئاسانکاری و راهاتنی سیاسی، بە ئارەزووی سیاسی و کولتووری خۆیان بگەن و لە پشتبەستن بە شێوازەکانی خوێناوی بۆ ناسینی خۆیان دەست هەڵبگرن.

جگە لەمانە، ئەو بابەتانەی کە بەهۆی بەجیهانیبوونی ئابووری، کولتووری و سیاسی لە ئاستی جیهان لە حاڵی رووداندایە، دەتوانێت لەلایەنگیری کوێرانە بەرگری کات و سەیری مرۆڤەکانی نوێی وەك جۆری مرۆڤ (Human) بە جێگەی هۆز، قەوم و هینی تر رابکێشێت.

هاوکات لەگەڵ ئەم کێشانەدا هەڵبەت ئەم پرسیارەش دێتەگۆڕێ کە ئەو وڵاتانەی کە کێشەی ((ناسیۆنالیزم، نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی))یان نەبووە وەك زۆربەی وڵاتانی نەوتی کەنداو بۆچوونە ناو گۆڕەپانی جیهانی ئایا توانایی و ئامادەیی زیاتریان هەیە یان ئەو وڵاتانەی کە رابردوویەکی ناسیۆنالیزمیان هەیە.

بێگومان وڵاتانی وەك عەرەبستان، ئیمارات و کوێت و ناتوانین ئێستا بە وڵاتـانی بەسـتەیی (پەکـەیج) نـاو ببـەین. ئـەم وڵاتانـە بـە ئاسـتێك لـە خۆشـگوزەرانی ئـابووری، کـە لـە نەوتـەوە بەرهـەم دێت، گەیـشتوون و لـە پەیوەندی لەگەڵ کێشەیەك بە ناوی شوناسـی نەتـەوەی کێـشەی کـەمتریان هەیە و بۆ چوونە ناو گۆڕەپانی جیهـانی بـە تایبـەت لـە رووبـەری ئـابووری، توانایەکی زیاتر لە خۆیان پیشان دەدەن.

بە هەر شێوەیەك بێت بەجیهانیبوون و ئاسەواری ئـەو لـە سـەر هـەموو وڵاتانی جیهانی سێیەم یەکسان نییە، لەبنەڕەتـدا یـەکێك لـە ئاسـەوارەکانی بـەجیهانیبوون لـە گۆڕەپـانی مەعریفەناسـی دایـە کـە چـەمکی ((جیهـانی سێیەم)) وەك یەکەیەك کە لەگـەڵ نـەمانی یـەکێتی سـۆڤیەت، شـکاوە و بـە نیشانەی پێکراوێکی تایبەت ناگەڕێتەوە.

لە کۆتاییدا ئەوەی کە بەجیهانیبوون لەوانەیە ئامۆژگـاری فراوانـی هـەم بـۆ دەوڵـەتان و هـەم بـۆ کەمینـەکانی قـەومی، رەگـەزی، و ئـاینی ئـەوان هەبێت، بەڵام هێشتا ناتوانین دیـاری بکـەین کـە ئاوەڵـەبوونی سـنوورەکان، کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتان و سەرهەڵدانی قەیرانی شوناسـی کـە لـە ئاسـتی مرۆڤـە نـەك ((نەتـەوە)) روودەدات (وەك گومـان لـە بیرۆکـەی رۆشنگەری، شەپۆلی ئازادی زانیـاری، سـەرمایە، پـارە و ئـابووری و نـەمانی سـنوورەکانی کولتـووری) ئایـا کێـشەیەك بـە نـاوی ناسـیۆنالیزمی نافـەرمی چارەسەر دەکەن یان جۆراوجۆری و ئاڵۆزیەکەی زیاد دەکەن.

سەرەڕایی ئەمە لەوانەیە دەوڵـەتانی جیهـانی سـێیەم بـەم ئەنجامـە بگـەن، کە تەنیا رێگە چارەی کێشە، قەومییەت لەناوبردن و سەرکوتکردنی ئـەوان نییـە و کەمینەکانیش تێبگەن کە شوناسی مرۆڤ لەم سەدەیەدا تەنیا لـە سـنگی رووت لە بەرامبەر چەك، مشتی گرێکراو و ئاڵای خوێناوی بە دەست نایێت.

## بەشی نۆیەم: پێگەی دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز لە سەردەمی بەجیهانیبوون

لە ماوەی دوو دەیەی پێشدا کەس نەیدەتوانی پێشبینی بکات کە جیهان رووخساری سەدەی بیستەمی خۆی لە دەست دەدات و بە دیسپلینێکی شێواو لە رووبەری واتا و شوناسی خۆی تووش دەبێت. بێگومان لە ماوەی ئەم دوو دەیەدا رووداوی فراوان روویانداوە کە ئیتر ناتوانین ئەوان لە چوارچێوە و گوتاری شەڕی سارد باس بکەین. لەم ماوەیەدا لە جیهانی رۆژئاوا دیواری بەرلین، کە رۆژگارێك بە سنووری نێوان دیموکراسی و دەسەڵاتخوازی دادەنرا، لە ژێرخاك شاردراوەتەوە. لە جیهانی سێیەمیش گەشەکردن و زۆربوونی پەرەسەندنی ئابووری بە تایبەت لە وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا ئەوانی بەلای جۆرێك لە قەیرانی شەرعییەت و بەشداری راکێشاوە. شەڕەکانی پارتیزانییەکان لە ئەندونیزیا، دەست لە کارکێشانەوەی گشتی لە مالیزیا، هۆنگ کۆنگ و کۆریای باشووری نیشانەکانی ئەم رەش بینییەیە بەنیسەت هێز و دەسەڵاتی رژێمەکانی ئەم وڵاتانە. لە وڵاتانی ئیسلامیش تەنیا زلهێزێك کە لە سەردەمی شەڕی سارد ماوەتەوە واتا ئەمریکا حەزێکی ئەوەندەی لە بەرگری کردنی هەمەلایەنەی رژێمەکانی دەسەڵاتخوازی ئەم وڵاتانە نییە. بە جۆرێك کە زۆربەی ئەم رژێمانە ئەگەرچی لە ئاستێکی روکێشی و بە شێوەیەکی کەم هەنگاویان بەرەو دیموکراسی هەڵگرتووە.

لە روانگەی زۆربەی زانایان ئەم گۆڕانکاریانە بە واتای سەرکەوتنی دیموکراسییە لە بەرامبەر دەسەڵاتخوازی. ئەم بیرۆکەیە کە لە رۆژئاوا و لیبڕاڵ دیموکراسی وەك سیستەمێکی جیهانگیر لە بەرامبەر نیوەی تری جیهان بە سەرکەوتن گەیشتن ئەگەرچی ئەم روانگەیە گەش بینانە دیارە،



بەڵام بێگومان لە راستی دوور نییە، چونکە دوژمنانی نوێی دیموکراسیش ئەوەندە هێزیان نییە تا قەیران لە دژی دەسکەوتەکانی ئاشتی و دیموکراسی دروست بکەن. ئەورووپای رۆژئاوا ئەمڕۆ بە گشتی بووە بە دیموکراتیك. ئەورووپای رۆژهەڵاتی خەریکە سەردەمی رویشن لە دەسەڵاتخوازی بۆ دیموکراسی تێدەپەڕێنێت. تەنانەت زۆربەی سیستەمەکانی دەسەڵاتخوازیش لە زاراوەی دیموکراسی بەمەبەستی نیشاندانی رووخساری خۆیان کەڵك وەردەگرن. کەمتر وڵاتێك هەیە، کە دژایەتی خۆیی بە ئاشکرایی بۆ دیموکراسی دەربڕێت. لەم نێوانەشدا دۆکترینەکانی وەك گفتوگۆی شارستانییەتەکانیش سیمبۆلی شارستانی نوێن کە پێوەرەکانی هاوبەشی مرۆڤیان کردووە بە بنەمای شوناسەکانی خۆیان.

### جۆرناسی رژێمە دەسەڵاتخوازەکان

بێگومان دەسەڵاتخوازی لە ماوەی سەدەی بیستەم و بە تایبەتی لە سەردەمی شەڕی سارد وەك یەکێك لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی هێز و سیاسەت کاری کردووە. ئەگەرچی داواکارییەکان و جۆر و چۆنیەتی هەموو رژێمەکانی دەسەڵاتخواز ناتوانین لە ژێر ناوێك لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین.

هانا ئارێنت بە شێوەیەکی روون لە نێوان دەسەڵاتخوازی لە جۆری تۆتالیتاریانیزم لەگەڵ حکومەتی دیکتاتۆری، حکومەتە دیکتاتۆرەکانی کۆن و نوێ جیاوازی دادەنێت. بە بۆچوونی ئەو حکومەتی تۆتالیتێر حکومەتێکی نایاسایی و تەنانەت دیکتاتوریش نییە، بەڵکو حکومەتێکی یاساییە.

حکومەتەکانی دیکتاتۆری هیچ جۆرە یاسایەك یان تێدا نییە و بە شێوەیەکی تاکڕەوانە کار دەکەن، بەڵام تایبەتمەندی بنەڕەتی تۆتالیتاریزم رەتکردنەوەی هەر جۆرە جێگەیەك بۆ ویستی مرۆڤایەتییە. جیاوازی دانان لە نێوان حکومەتەکانی دەسەڵاتخواز ئەگەرچی ئەرکی ئەم بەشە نییە، بەڵام لەو روەوە کە پیشانی بدەین لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ

بەجیهانیبوون هەمووی حکومەتەکان بە شێوەیەکی یەکسان تووشی گۆڕان نابن، پێویستە.

لە بـواری مێژووییـەوە رژێمـەکانی دەسـەڵاتخواز وێنـەی جیـاواز و جۆاوجۆریان هەیە. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین سێ جۆری سـەرەکی لـە رژێمەکانی دەسەڵاتخواز لە مێژووی سەدەی بیستەم دیاری بکەین.

گروپی یەکەم رژێمەکانی عورفی دیکتاتۆری بوون بەگشتی بە فـۆرم گرتنـی پرۆسـەی دەوڵـەت–نەتـەوە لـە مێـژووی ئـەوروپا سـەریانهەڵداوە لـە مـاوەی رووداوەکان دواجار بە پێکهاتەی دیموکراتیك رووخساری خۆیان گۆڕیوە.

گروپی دووهەم ئەو رژێمانەن کە لە ئەوروپا بە فـۆرمی تۆتالیتـاری ئـەو لـە رووخـساری حکومەتـەکانی فاشیـستی هیتلێـر، مۆسـۆلینی، فرانکـۆ و حکومەتی سۆسیالیستی یەکێتی سۆڤیەت و لە جیهانی سـێیەم بـە شـێوەی حکومەتـــەکانی کۆلۆنیـــایی ســـەریانهەڵدا، و گروپـــی ســـێیەم رژێمـــەکانی دەسەڵاتخوازن کە بەگشتی پێکهاتەی جیهانی سێیەمیان هەیە و پاشمـاوەی حکومەتـەکانی کۆلۆنیـایی پـێش و یـان لـە دایکبـوونی فۆرمـە جیاوزەکـانی شـۆڕش یـان ئیـنقلاب بـوون. لـە روانگـەی مێژووییـەوە ئـەم جـۆرە رژێمـە دەسـەڵاتخوازانە بـە شـێوەیەکی گـشتی دەتـوانین بـە سیـستەمەکانی تـاك حیزبـی سـەربازی و دیکتـاتۆری تـاك دابـەش بکـەین، دوایـین پاشمـاوەی حکومەتەکانی دەسەڵاتخوازن کە هێشتا لە شـانۆی پەیوەنـدی و سیاسـەتی نێونەتەوەیی ماونەتەوە.

بـە شـێوەیەکی گـشتی توانـای رژێمـە دەسـەڵاتخوازەکان لـە جیهـانی سێیەم بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو قەیرانانە کە لە بەجیهانیبوون سەرچاوەیان گرتووە بە سەرنجدان بـە چییەتـی ئـەم رژێمانـە جیـاوازە. لـەم روانگەیـەوە دەبێت گروپێـك لـە وڵاتـانی دەسـەڵاتخوازی عـورفی لەبەرچـاو بگـرین. بـەم رێگەیـە کـە هـەر چـەندە لـە دەسـەڵاتخوازی عـورفی بـەلای تۆتالیتـاریزم دەچینە پێش، لـە بەرەنگاربوونـەوە لەگـەڵ قەیرانـەکانی بـەجیهانیبوون لـە



لایـەك توانـای بەرەنگاربوونـەوە لەگـەڵ ئـەو زیـاترە، بـەڵام توانـای رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شەپۆلەکانی جیهان کەمترە. بە واتایەکی تر هـەروا کە ئارێنت بەڵگە دێنێتەوە دەوڵەتە دەسەڵاتخوازە عورفییەکان لە بنەڕەتـدا لەو جێگەیە کە خاوەنی پێکهاتەی گەشە نەکردوون، توانایەکی زۆرتریان بـۆ خۆ لادان لەم پرۆسەییە هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە لەسەر بنـەمای چییەتـی رژێمـەکانی تۆتالیتـار کـە هـاوڕێی لەگـەڵ کۆکردنـەوەی چینەکان، تـەلقین، تـرس و لەسـەر بنـەمایی ئایـدیۆلۆژیکی گـشتگیرە، شـکاندنی ئـەوان لـە بەرامبەر بە بەجیهانیبوون زیاترە. بۆ نموونە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە رێگەی بەجیهانیبوونی ئابووری، سیاسەت، کولتـوور، و دەسـکەوتەکان و ستراتیژی جیاوازیان هەڵبژاردووە. وەك عەرەبستان لە کاتێکدا ترسێکی لـە هاوڕێ بوون لەگەڵ شەپۆلەکانی ئابووری جیهـانی نییـە، بـەڵام لـە بەرامبـەر بیرۆکەکانی سیاسی و کولتووری بەجیهانیبوون بە توندی کاردانـەوە پـیشان دەدات. بـە پێـچەوانەی وڵاتـانی باشـووری کەنـداو لـە بەرامبـەر بـەجیهانیبوون کاردانەوەیـەکی کـەمتر لـە خۆیـان پـیشان دەدەن، هـەر چـەند لـە سیاسـەتی دەرگای کراوە ترسیان هەیە. لە گروپی سێیەم وڵاتـانی وەك تورکیـا و هەنـدێك لـــە وڵاتـــانی ئاســـیایی ناوەڕاســـت وەك ئازەربایجـــان و ئەرمەنـــستان، لـــە دەسکەوتەکانی ئاسایـشی لـە بەرامبـەر بـەجیهانیبوون بـە واتـایی گـشتی ئـەو پەرچەکردار پیشان دەدەن، هەر چەند بە زۆری پێکهاتەی پێشکەوتووتریان بـە نیسبەت دوو گروپەکەی پێشوو نییە.

هەروا لـە باشـووری رۆژهـەڵاتی ئاسـیایش دوو وڵاتـی چـین و کۆریـا لـە بەرامبەر شەپۆلەکانی جیهانی دیموکراسی لەسەر بنەمای بەشداری سیاسـی خوێندکاران پەرچەکرداری جیاوازیان لە خۆیان پیشان داوە بـە جۆرێـك کـە رژێمی تۆتالیتاریی چین بەبێ لەبەرچاوگرتنی بنـەماکانی بـەجیهانیبوون بـە سادەیی خوێندکارانی لـە گۆڕەپـانی ((تیـان ئـان مـێن)) کوشـت، بـەڵام بـە پێـچەوانەوە کۆریـای باشـوور توانـای بەرەنگاربوونـەوەی راسـتەوخۆ و

توندوتیژی لەگەڵ خوێندکاران نییە. هەڵبەت لێرەدا دەبێت جیاوازێکی تر لە نێوان ڕژێمەکانی دەسەڵاتخواز لە جیهانی سێیەم و ڕۆژئاوا دابنێین.

لە ڕوانگەی بوون ناسی پرۆسەی فۆرم گرتنی حکومەتەکانی دەسەڵاتخواز لە جیهانی سێیەم لە بنەڕەتدا لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا جیاوازە و جیاواز لە کاتی فۆرم گرتنی ئەم حکومەتانە ڕۆڵ و چییەتی ئەوانیش جیاوازە.

لەم ڕوانگەوە دوو ئەزموونی گەورەی تۆتالیتاریزم لە ڕۆژئاوا واتا ئەڵمانیای نازی و سۆسیالیزمی یەکێتی سۆڤیەت لە بنەڕەتدا ریشەیان لە جیهانی مۆدێرن و گۆڕانکارییە مێژووییە گەورەکان هەیە، کە ئەم کۆمەڵگایانەی تووشی ئەزموونی تۆتالیتاری لە زەمینەی جیهانی مۆدێرن گرتووە. جگە لەمانە هەروا کە ئارێنت بەڵگە دێنێتەوە، ئەم بزاڤانەی دەسەڵاتخواز لە ڕۆژئاوا دروستکراوی چۆنیەتی فۆڕم گرتن و لە نێوان پرۆسەی دەوڵەت–نەتەوەسازی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە لایەك و ئەمپێریالیزم وەك بەرهەمی فۆڕمی سیاسی دەوڵەت لە لایەکی ترە. کەواتە ئەزموونی دەسەڵاتخوازی ئەم وڵاتانە دەبێت لە دژایەتی لەگەڵ ناسیۆنالیزم و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی ڕاڤە بکەین کە مرۆڤەکانی زێدە لەگەڵ ڕووخساری شڵەژاو، بێ ریشەیی چینایەتی، جەوهەری بنەڕەتی ئەو پێکدێنن.

بە بیری ئارێنت ئەمپێریالیزم لە ڕەهەندی ئابووری ئەو وەك کارێکی تایبەت سیاسی بۆرژوازی کار دەکات و بەهێزێکی گەورەیی شاراوە کە لە خۆیدا بوویی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە فرەکردنی بەرژەوەندی ئابووری لە وڵاتانی کۆلۆنیا هاندا. لەم ڕووەوە ئەو پێگەی کە ئەم وڵاتانەی لە فەزایی کۆلۆنیاکان بە دەست نەهێنا، بووە هۆی کۆکردنەوەی سەرمایە لە ناوخۆ و هەروەها دروستکردنی چینایەتی کە جێگەی خۆی لە ئاکامی گەشەکردنی سەرمایەداری لەدەست دابوو، زەمینەی سەرهەڵدانی بزاڤەکانی تۆتالیتاری دابین کرد. لە بەرامبەر ئەزموونی دەسەڵاتخوازی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم هەروا کە بە شێوەیەك بە بەردەوامی سیاسەتەکانی ئەمپێریالیستی ڕۆژئاوا



لە ناوچەکانی کۆلۆنیا کراوە دەژمێردرێن، بەڵام لە ماوەی جەنگی سارد دوو فاکتەری دەسەڵاتخوازی ئەم وڵاتانەی سەقامگیر کردووە. لە لایەك پاش شەڕی جیهانی دووەم، دوو زلهێزەکە بە بەرهەمهێنان و دووبارە دروستکردنەوەی واتاکانی ئایدیۆلۆژیکی و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان (وەك ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ئابووری) یارمەتی خۆیان بۆ ئەم ڕژێمانە تەرخان کرد و لە لایەکی تر بەهۆی فۆرم نەگرتنی دەوڵەت–نەتەوە و پرۆسەی چالاکانەی ئەو، زۆربەی ڕژێمەکانی دەسەڵاتخواز لە بۆشایی شوناسی نەتەوەیی بۆ ڕاسپاردنی چینایەتی خۆیان کەڵکیان وەرگرت.

لەم ڕوانگەیەوە دوو چەمکی سەرەکی (هێز) و (هەژموونی) لە خوێندنەوەی ڕژێمەکانی دەسەڵاتخوازدا گرنگی فراوانیان هەیە. بە واتایەکی تر بە توێژینەوەی ئەم دوو چەمکە لە تێکستی ڕژێمەکانی دەسەڵاتخواز باشتر دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە بنەماکانی هێز و هەژموونی ڕژێمەکانی دەسەڵاتخواز کامانەن و یان ئەمە کە لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەجیهانیبوون کام یەك لەم بنەمایانەی هێز، تووشی دوودڵی، لابردن و یان ڕاوەستان دەبن.

لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە لەم بەشەدا لەسەر (جەوهەرەی هێز) ی ڕژێمەکانی دەسەڵاتخواز قسە دەکەین تا پیشانی بدەین کە ئەوە شتەی سەبارەت بە بنەمای هێزی ئەم ڕژێمانە لە حاڵی ڕوودانداییە، بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، هەمیشە بە واتای کەمبوونەوەی هێزی ئەوان نییە، بەڵکو لە زۆربەی کاتەکان پاشگەزبوونەوەی ڕژێمەکانی دەسەڵاتخواز لەلایەنی سەختی هێز بە واتایی گۆڕان لە چییەتی هێزی ئەوانە. لەم بارودۆخەدا، درۆزنی و دوو ڕوویەتی ڕووخساری حکومەتەکانی دەسەڵاتخوازیش دیار دەکات. ئەم ڕژێمانە لە کاتێکدا هەوڵدەدەن پیشانی بدەن کە لەلایەنەکانی بنەڕەت هێزی خۆیان چاوپۆشی دەکەن. لەم ڕوانگەوە درۆزنی ئەم ڕژێمانە ئێستا نە لە ئافراندنی ئایدۆلۆژی چینایەتی

بەو جۆرە كە ئارێنت بڕوایی پێهەبووە، بەڵكو هەوڵێك بوو بۆ چوونەدەر لە ژێر زەرەبینی كۆمەڵگای جیهانی كە لە زۆربەی كاتەكانیش ئەوندەش ئاسان بە دەست نایەت.

## زەمینەی سەرهەڵدانی رژێمە دەسەڵاتخوازەكان

بە شێوەیەكی گشتی زەمینەی سەرهەڵدانی رژێمە دەسەڵاتخوازەكانی بەتایبەت لە جیهانی سێیەم دەتوانین لە چوار گۆڕەكی بنەڕەتی باس بكەین. بە بیری ئێمە لە ماوەی فۆرم گرتنی گوتاری شەڕی سارد ئەم گۆڕەكانە لە پەیوەندی دیالێكتیكی ئەم رژێمانەیان فۆرم دەگرن. ئەم چوار گۆرەكە بە سەرهەڵدانی ئەو ئایدیۆلۆژیانەی كە بە زۆری لەسەر بنەمای دووجەمسەری هێزی رۆژهەڵات و رۆژئاوا پێناسە دەبوون، پێكهاتەی سیستەمەكانی ناوخۆی وڵاتان، پێكهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی و لایەنی ئامرازی هێز واتا هێزی سەربازی ئەم جۆرە رژێمانەی پێكدێنا. پێكەوە ژیان و پێكەوە تێكۆشان ئەم فاكتەرانە لە ماوەی سەردەمی شەڕی سارد هۆی فۆرم گرتنی رژێمەكانی دەسەڵاتخواز لە جیهانی سێیەم بوون. بە بۆچوونێك ئەگەرچی رژێمەكانی دەسەڵاتخوازی هەرچەند بە زۆری دروستكراوی فەزای ئایدیۆلۆژیایی شەڕی سارد نین، بەڵام ئەوەی كە باش روونە، لە ماوەی شەڕی سارد (شوناسی) خوود و ئەویتر بەهۆی سیستەمی دووجەمسەری، هۆی بەردەوامی دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز لە جیهانی سێیەم بوون. لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهان، بە فۆرم گرتنی ناكۆكی هێز لە نێوان دووجەمسەری لیبڕاڵیزم و سۆسیالیزم فەزای ئایدیۆلۆژیكی بە سەر گوتاری شەڕی سارد زاڵبوو. لە سایەی ئەم فەزا ئایدیۆلۆژیە، شوناس لە ئاستی گەورە بە ئاستی پێكدادانی نۆرمی گچكە بووەتەوە.

لەم روانگەیە جیاوازی نێوان ((خوود)) و ((ئەویتر)) لەم چوارچێوەیە پێناسە دەبوو و زۆربەی رژێمەكانی دەسەڵاتخوازی كە یان بە شێوەی



شۆرش و یان كودتا لە وڵاتانی كۆلۆنیایی بەهێز گەیشتن، لەلایەن ئەم دووجەمسەرەوە پاڵپشتی دەكران.

لە لایەكی تر چییەتی سیستەمی ناوخۆیی ئەم وڵاتانەش لە گریمانەی بەردەوامی هێزی رژێمەكانی دەسەڵاتخوازی لە ماوەی شەڕی سارد، رۆڵی سەرەكییان گێڕا. ئەم رژێمانە كە بە زۆری لە جیهانی سێیەم و لە پرۆسەی كۆلۆنیا سڕینەوە بە هێز گەیشتن لە نەبوونی رێكخراوەكان، حیزبەكان و دامەزراوەكانی پیشەسازیی سەربەخۆ، جۆراوجۆر نەبوونی پێكهاتەیی و نەبوونی ژێر سیستەمەكانی سەربەخۆ، فۆرمی جۆراوجۆریان لە حكومەتەكانی دیكتاتۆر دروست كرد و هاوكات لەگەڵ سیستەمی زنجیرەی پلەیی و تەركیزی سیستەمی نێونەتەوەیی، بە بۆچوونی هانتینگتۆن لە هەوڵە سەرەتایەكان بۆ دروستكردنی رێكخراوەكانی دیموكراتیك كە هاوكات لەگەڵ پێكهاتنی حكومەتەكانی كۆلۆنیایی دەستی پێكرد و ملكەچ نەبوون بە جۆرێك كە هانتینگتۆن دەڵێت لە ماوەی دەیەكانی 1960 تا 1970 ملكەچ نەبوونی جیهانی لە دیموكراسی بۆ دەسەڵاتخوازی زۆر توند. تاكو ساڵی 1963، سێزدە حكومەت تووشی كودتای سەربازی بوون و تا ساڵی 1975، 38 حكومەت لە حكومەتەكانی دیموكراتیكی جیهان بۆ حكومەتی دەسەڵاتخواز گۆڕاون.

جگە لەمانە، لەسەر گێراوەكانی هانتینگتۆن لە كۆتایی سەدەی بیستەم شەپۆلێكی دیموكراتی تر وڵاتانی جیهانی سێیەم بە تایبەت ناوچەكانی ئاسیا، ئەمریكای لاتین و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و جەمسەری كۆمۆنیستی گرتەوە. ئەو ئەم شەپۆلانەی بە شەپۆلی سێیەمی دیموكراسی ناوزەد دەكات و بەڵگە دێنێتەوە كە بە پێچەوانەی دوو شەپۆلی تری دیموكراسی كە بە گشتی بە گەڕانەوەی رژێمەكانی دەسەڵاتخواز هاوڕێ بوون شەپۆلی سێیەمی دیموكراسی لە چوونەوە بە باروودۆخی پێشووی بە شێوەیەكی بەرچاو خۆی دەپارێزێت.

بە گریمانەی دروستبوونی وتەکانی هانیتنگتۆن ئایا دەتوانین ئەم پرسیارانە بێنینە گۆڕێ کە پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی بەجیهانیبوون تا چ رادەیەك لە رێگەی بێ هاتنەوەی بۆ دیموکراسی قازانجی هەبووە و دووەم چۆن رێگە بۆ رووخانی رژێمە دەسەڵاتخوازەکان خۆش بکەین؟!

## بەجیهانیبوون و رووخانی هێزە دەسەڵاتخوازەکان

### 1- گۆڕانکاری لە گوتاری شەڕی سارد

لە روانگەی زۆربەی زانایانی بواری پەیوەندی نێونەتەوەیی، شەڕی سارد دەبێت بە یەکێك لە بنەڕەتی ترین خشتەبەندییەکانی مێژووی سەدەی بیستەم بژمێردرێت. لەم سەردەمە شوناس رووخسارێکی جیهانگیری بەخۆی گرت کە فەزای ئایدیۆلۆژیا خاوەنی ئەو بوو. لەم گوتارە زۆربەی دەوڵەتانی لاواز شوێنی تایبەت بە خۆیان هەبوو و بەدەر لە رووبەری شوناسی (ئێمە) و (ئەوان) واتایەك نەبوو. کەواتە گوتاری شەڕی سارد لە بنەڕەتدا خاوەنی واتا بوو. سەرەڕای ئەمانە مۆدێرنیتەش ئەم فەزای شوناسیی هەژمۆنێك کرد. جاناتان فریدمەن لەم روانگەیە مۆدێرنیتە ئەوەندە بە فەزایەکی شوناسی هەژمۆنێك دەزانێت کە بیری ئەو بە گومان بەنیسبەت لێکدانەوەکانی مۆدێرنیتە لە سەردەمی بەجیهانیبوون پەیوەندی خاوەن واتاداری ئەوان لە نێوان نەبوونی دیسپلین لە جیهانی سەردەم و دەسەڵات سڕینەوەی وێنەیی کولتووری و سیاسی سەقامگیر بوون مۆدێرنیتە بەرهەم هاتووە.

لەم فەزا ئایدیۆلۆژیکە بوو کە دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز بە دوو جۆر کەوتنە ژێر چەتری پشتگیری دوو زلهێزەکە. یان بەهۆی ترس لە کاریگەری دوژمن چوونە ناو جەمسەربەندییەکە و یان بۆ خۆیان لە بنەڕەتەوە لە ژێر کاریگەری و دەسەڵاتی یەکێك لە دوو زلهێزەکە هاتبوونە سەرکار.



جۆری یەکەم دەتوانین لە زۆربەی رژێمەکانی دەسەڵاتخوازی پاش کۆلۆنیایی کە ئەمریکا پاڵپشتیان دەکرد جیاواز بکەینەوە و جۆری دووەمیش دەتوانین لە رژێمەکانی کۆمۆنیستی ئەورووپایی رۆژهەڵاتی ببینین.

لەم رووەوە سیاسەتی دوو زلهێزە کە سەبارەت بە رژێمە دەسەڵاتخوازەکان هەمیشە تایبەتمەندی ئەرێنی (ئیجابی) نەبووە، بۆ نموونە دەتوانین بەشێکی فراوان دیاری بکەین کە لە سیاسەتی دەرەکی ئەمریکادا بەرەو پێشچوونی مافی مرۆڤ ئامانجی هەرە گەورەی نەبووە.

پاش ئەوەی کە ئەمریکا لە جەنگی ڤێتنام رزگاری بوو، لە ماوەی ساڵەکانی 1973 تا 1984 رێگەی جۆراوجۆری بۆ پێشخستنی دیموکراسی بەکارهێنا کە لەوانە فشاری ئابووری، راگەیەنراوەکان و کۆنفرانسەکان و چالاکی دیپلۆماتیك (بۆ نموونە لە پورتوگال لە ساڵی 1975) تاکو یارمەتی ماددی و کاری سەربازی (وەك چاودێری لە سەر هەڵبژاردنەکانی دومینیکێن لە ساڵی 1978) لەخۆ دەگرێت.

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەکی یەکێتی سۆڤیەتیش ئەم پرسە راستە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە سیاسەتەکانی دەرەکی گۆرباچوڤ سەبارەت بە رژێمەکانی ئەورووپای رۆژهەڵات بکەین کە لە ماوەی ئەودا رێگە بۆ لابردنی رێبەرانی کۆمۆنیست، بەشداری گروپەکانی ناکۆمۆنیست لە هێز، جەختی کردنەوە لەسەر هەڵبژاردنەکانی دیموکراتیك و کردنەوەی سنوورەکان بۆ لای جیهانی دیموکراتیك هاورێ بوو و بەگشتی، بابەتی دیموکراتیك بوون و مافی مرۆڤی وەك بابەتی گرنگی پەیوەندی نێونەتەوەیی دەرهات.

جگە لەمانە، رووخانی فەزای ئایدیۆلۆژی شەڕی سارد کە لەگەڵ رووداوەکانی وەك رووخانی دیواری بەرلین و هاتنی وڵاتانی کۆمۆنیستی بۆ گۆڕەپانی پەیوەندی نێونەتەوەیی و لە هەموویان گرینگتر نەمانی یەکێتی سۆڤیەت هاوڕێ بوو، جیاوازییەکی گەورەی لە گوتاری سیاسی دروست

کرد. بە بیروڕای ئێمە یەکێك لە گەورەترین جیاوازییەکانی بەجیهانیبوون لەگەڵ شەپۆلەکانی دیموکراسی مەبەستی هانتیگتۆن ئەمەیە کە لەم شەپۆلانە هەروا کە بەڵگە دێنێتەوە بۆ زۆربەی ئەم رژێمانە، دیموکراسی بە رێگەی نەگەڕاوە دانانرێت. بە جۆرێك کە زۆربەی رژێمە دەسەڵاتخوازەکان دووبارە بە پاڵپشتی زلهێزەکان جارێکی تر دەسەڵاتیان بەدەستهێناوە. دووەم، بەجیهانیبوونی دیموکراسی لە ئەم دەیانەدا پرۆسەیەکی چالاکانە و خاوەن سەرچاوە نییە. زۆربەی قەیرانەکانی بەجیهانیبوون لە سەرچاوەکانی نادیار هەڵدەقولێن و لە دایکبووی هەلومەرجێکی تایبەتی مێژوویی جیهانی نین. سەرەڕای ئەمانە بە نەمانی دیسپلینی واتای شەڕی سارد و رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، لە هەنگاوەکانی سەرەتایدا زۆربەی بەربەستەکانی بەر دیموکراسی دیار نییە. جگە لەمانە لە جیهانی جۆراوجوری ئێستادا ئەمریکاش وەك تاکە زلهێزی هەژموونێکی گۆڕەپانی نێونەتەوەیی ناتوانێت لە رژێمەکانی دەسەڵاتخواز پاڵپشتی بکات و نە ئەوانیش لە بەرژەوەندی ستراتیژیکی خۆی دەزانێت. سەرەڕای ئەمانە فێرکراوە تەجروبەکان لە ماوەی سەدەی بیستەم نیشانیان داوە کە رێگەی هەڵهاتن لە پێویستەکانی سەرمایەداری جیهانی نییە و نە فەندەمێنتاڵی ئیسلامی و نەهیچ سیستەمێکی سیاسی و ئابووری تر ناتوانێت فۆرم بەندێکی نوێ کە بتوانێت لە دەسەڵاتخوازی پاڵپشتی بکات نییە.

## 2. بڕوا درۆکانی رژێمە دەسەڵاتخوازەکان و کێشەی شوناسەکانی نوێ

یەکێك لە گرینکترین گۆڕانکارییەکانی سەردەمی بەجیهانیبوون، گۆڕان لە رووبەری کولتوورییە. یەکێك لە گرنگترین رووخسارەکانی ئەم گۆڕانکاریانە، بوونی جۆرێك لە خۆ ئاگاداری سیاسی شوناسەکانی گشتی نوێیە کە بەدەر لە چوارچێوەی دەوڵەت نەتەوە، خەریکی سەرهەڵدانە. ئەم



شوناسە نوێیانە نە تەنیا خۆیان بە چوارچێوەی وەفاداری نەتەوەیی نابەسنەوە، بەڵکو لە زۆربەی کاتەکانیش لە گۆڕەپانی ئایدیۆلۆژییەکانی باوی سەردەمی شەڕی سارد دووری دەکەن.

بە پێی وتەی هانا ئارێنت، بزاڤەکانی تۆتالیتاری بەرهەمی چینایەتی بوون و وردبوونی تاك لە سەردەمی مۆدێرن دایە. تۆتالیتاریزم بە رووخانی گۆڕەپانی گشتی، مرۆڤی چینایەتی و بێ جیهان دێنێت و لەڕێگەی بڕوای درۆ لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژی دروستکراوی خۆی، هەموو جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەپچڕێنێت و لە رێگەی ئەوەوە بەڵێنی بەهەشتی دەستکرد بە مرۆڤ دەدات. بزاڤەکانی تۆتالیتاریزم لە سەرەتا بە کاولکردنی جیهانی واتای مرۆڤ و دواجار بە دروستکردنی ئایدۆلۆژی خۆی مرۆڤ بۆ تێکستی بێ فۆرمی، نەبوونی، سەرلێشێوان و داپچڕان بانگ دەکات. کەواتە لە بنەڕەتدا تۆتالیتاریزم جۆرێك هەڵهاتن لە واقیع و گەڕانەوە بۆ ئەستوورەخوازی هەیە کە لە ئەوەدا شوناس لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی رێگەی پێدەدرێت. بەم گریمانەیە مرۆڤەکانی بێ شوێن، سەرلێشواو و شکستنەخواردوو بە گەڕانەوە بۆ بنەماکان و سەرچاوەی دروست کراوەکانی وەك رەگەز، خوێن و هینی تر مۆبیلیزە دەبن.

بەم جۆرەیە کاری تایبەت و بنەڕەتی ئایدۆلۆژی، مۆبیلیزەکردنی چینەکان و سەرهەڵدانی تایبەتمەندییەکانی پاڵپشتی ئەوان لەگەڵ رژێمەکانی دەسەڵاتخوازە کە لەم نێوانەدا نەبوونی جۆراوجۆری پێکهاتەیی لە لایەکەوە بەرپرسانی حکومەتی بە وەڵامدانەوە چینەکانی کۆمەڵگا بێ نیاز دەکات و لە لایەکی تر دەبێتە هۆی گەورەکردنی کۆمەڵگا لە بەرامبەر کۆمەڵگای بچووك ((کە لە پرۆسەی ئامۆژگارییەکانی ئایدۆلۆژی بەم بارودۆخە تووش هاتن)) دەبن. لەم نێوانەدا بەجیهانیبوون لە ئاکامی داهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ، کە دەبێتە هۆی پرۆسەی چری کات وشوێن کە ئاکامی ئەو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کولتووری نوێیە کە لە رێگەی ئەو لە

لایەك لە چینایەتی بوونی كۆمەڵگاكان بەرگری دەكات لە لایەكی تر بە بۆچوونی ((گیدێنز)) مرۆڤەكان و بەرپرسانی نوێ هێدی هێدی دێنە ناو سەردەمی نوێ و جۆرێك خۆئاگاداری بە نیسبەت جیهان وەك شوێنێكی یەكە دروست دەبێت.

رەشبینێكی لە حاڵی فراوانبوون كە لە زۆربەی رژێمەكانی دەسەڵاتخواز بە نیسبەت ئایدیۆلۆژی زاڵ هەیە، نیشانەی ئەو گۆڕانكارییە كولتووریانەیە. لە زۆربەی ئەم رژێمانە یان جۆراوجۆری قەومی لەسەر بنەمای فۆرم گرتنی شوناسی نوێ خەریكی سەرهەڵهێنانن و یان جۆرێك پەرچەكرداری گشتی لە دەرەوەی سنووری نەتەوەییەكان سەرهەڵبێنن. بە بۆچوونی هاناگان (Hanagan) لە كتێبی (قەیرانەكانی دەسەڵاتخوازی) ئەو هێزانی كە لەم كردارە گشتیانەی سەرووی نەتەوەیی پاڵپشتی دەكەن دەتوانین لە سێ گروپ دابەش بكەن. بە بیری ئەو جیهانیبوونی ئابووری و سیستەمەكانی پەیوەندی جیهانی، ئیمكانیاتە دابین كراوەكان لەم گۆڕانكاریانە ئیمكانی پێكهاتنی شتێكە كە لە كۆمەڵگای جیهانی دەچێت، كە خەریكە گەشە دەكات. لەم روانگەوە بە بیری لاك لاو نیشانەكانی وێنەی رۆژئاوایش لەم كۆمەڵگایە نوێیە دەبێت بە یەكێك لە قەیرانەكانی رووبەرووی رژێمەكانی دەسەڵاتخواز بزانین.

بە پێچەوانەی پێكهاتەكانی شوناسی تۆتالیتێر كە بووەتە هۆی زاڵبوونی رژێمە دەسەڵاتخوازەكان، لەم كردارە گشتییەیی بەرەورووی، داخوازی ((رزگاربوون)) لە هەژاری و پێداویستی چینەكان كە رێگە خۆشكەری كۆمەڵگای چینایەتی بووە، بە داواكاری (ئازادی ئەرێنی) كە بە بۆچوونی هانا ئارێنت لە رووبەرەكانی گشتی و كردەوەیی گشتی ئەكتەرەكان رووخساری خۆیان دەگۆڕن.

لەم روانگەیە بەجیهانیبوونی كولتووری پرۆسەیەكی دوولایەنە كە لە لایەك تاك لە بێ جیهانی تۆتالیتاریزم رزگار دەكات و چوارچێوە هزری ئەو



تێكدەشكێنێت و لە لایەكی تر لەگەڵ ئەندام بوونی تاك لە كرداری دوولایەنی گشتی لە كایەی گشتی ئایدیۆلۆژییەكانی یەكە لە جۆری تۆتالیتێر بێ كەڵك دەكات و بەم رێگەیە واتا لە گشتی خوازی دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز دەردێنێت.

### 3.دزەكردن لە سنوورەكان (قەیرانی هێز و شەرعییەت)

جیاوازی نێوان (ناوخۆ) و (دەرەوە) كە یەكێك لە بنەڕەتیترین و سەركەوتووترین ئامرازەكانی رژێمەكانی دەسەڵاتخواز لە پاراستنی زاڵبوونی خۆ و سەقامگیركردنی دەسەڵات بەسەر چینەكانی كۆمەڵگا بووە. هەڵبەت ئەم جیاوازییە ریشەی لە فۆرم گرتنی دەوڵەت –نەتەوەكان هەیە، كە بە دەسكەوتەكانی سەردەمی مۆدێرن دەژمێردرێن، بەڵام دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز لە فۆرمی چەق بەستووی ئەو لە لایەك لە پەیوەندی كولتووری و كۆمەڵایەتی چینەكان لەگەڵ دەرەوەی سنوورەكانی خۆیان رێگری كردووە لە لایەكی تر نەیانهێشت تیۆرەكانی دەرەكی لە رووبەرەكانی ناوخۆی ئایدیۆلۆژی كاریگەری هەبێت.

لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەجیهانیبوون یەكێك لە گرنگترین گۆڕانەكان لە بواری پەیوەندی نێونەتەوەیی دەتوانین گومان بە نیسبەت جیاوازییەكان بزانین. بە بڕوای زۆربەی زانایان ئێستا لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیستەمی دەسەڵاتی ناوخۆیی رژێمەكان، رووبەری نوێ سەریان هەڵهێناوە كە ناتوانین ئەوە لە هیچ كام لە چوارچێوەكانی نەتەوەیی، ئایدیۆلۆژیكی و گوتاری ببەستینەوە. سیستەمی دەسەڵاتی جیهانی یەكێك لە رووبەرەكانە كە لە رێگەی ئەو خەڵك خاوەنی جۆرێك لە هاوڵاتی چەند لایەنەن. لەم روانگەوە ئەگەرچی ئەوان بە هاوڵاتی راستەوخۆی كۆمەڵگاكانی سیاسی خۆیان دەژمێردرێن، بەڵام جۆرێك لە سیاسەتی ناوچەیی لە ئاستی بچووك و جیهانی ئەوان دەخاتە ژێر كاریگەری.

هەڵبەت جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە بەجیهانیبوونی سنوورەکان بەیەك رادە پێکهاتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی رژێمەکانی دەسەڵاتخوازی تووشی گۆڕان نەکردووە. بۆ زۆربەی وڵاتانی پێشنەکەوتووی ئەفریقا کە تەنانەت تا ئێستاش تووشی پرۆسەی دەوڵەت–نەتەوەسازی نەبوون، بەجیهانیبوون هیچ واتا و چەمکێکی نییە. هەروا بەوجۆرەش توانای کاریگەری پرۆسەی بەجیهانیبوونیش لەسەر ئەم کۆمەڵگایانە زۆر کەمترە لە کۆمەڵگاکانی تر. جگە لەمانە بۆ هەندێك لە وڵاتان بە پێکهاتەی دواکەوتوو بەجیهانیبوون تێپەڕبوونە. بە واتایەکی تر دەرباز بوون لەم جۆرە پێکهاتانە زۆر ئاسانترە تاکو لەناوبردنی ئەوان. بۆ نموونە وڵاتانی کەناری باشووری کەنداو وا دیارە کە پێویستییەکی کەمتریان بە نوێکردنەوەی رێکخراوەکان و ژێرخانەکانی سەربەخۆی عورفی خۆیان لە بەرامبەر شەپۆلەکانی بەجیهانیبوون هەیە، بە جۆرێك کە بەدوور لە پەیوەندی دەوڵەت–نەتەوە توانیویانە لەگەڵ قەیرانەکانی بەجیهانیبوون تا رادەیەك پەیوەندی دروست بکەن.

جگە لەمانە، وتنەوەی ئەم خاڵە پێویستە کە فۆرم نەگرتنی رێکخراوەکان، حزبەکان دامەزراوەکانی پیشەسازیی لە زۆر لایەنەوە بوونەتە هۆی کۆکردنەوەی بوارەکانی بەجیهانیبوون و فشاریان لەسەر پێکهاتەی هێز زیاد کردووە. لەم بارودۆخەدا دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکان لە لایەك توانای رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ بەجیهانیبوونی سنوورەکان نییە و لە لایەکی تر بەهۆی نەبوونی ئەم رێکخراوانە خۆیان ناچارن کاری تایبەتی ئەوان لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی بکەن، کە لە زۆربەی کاتەکانیش تایبەتمەندی رووکەشی بە خۆیان دەگرن. بەواتایەکی تر ئەم دەوڵەتانە بۆ پاراستنی بنەمای هێزی خۆیان ناچارن بنەماو فۆرمەکان کە لە ناو سنوورەکانی خۆیان ملکەچی نیین لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.



خاڵێکی تر کە بەجیهانیبوون ئاشکرای کرد، ئەمەیە کە هاوکات لەگەڵ تیاچوونی جیاوازی لە نێوان خودی و ئەویتردا سنوورەکان لە تایبەتمەندی رادیکالیزم رزگار دەبن و جۆرێك لە دووبارە بوونەوەی لێکدانەوەکانی گوتاری بە پێی قسەی (دریدا) لەو پەڕی سنووری نەتەوەییەکاندا، روودەدات. کەواتە رێگری لە زانیاری بەو شێوەیە کە دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆتالیترەکان وەك فرانکۆ و ستالین و هیتلێر لەسەر هاوڵاتیانی خۆیاندا دەیانسەپاند لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پەیوەندی نێودەوڵەتییەکاندا، جێبەجێ ناکرێت. لەم روانگەوە هەندێك بابەت وکو (هێرشی کولتووری) ئەو جۆرەی کە لە گوتارەکانی تۆتالیتێر سەردەمی شەڕی سارد بەیەك دەگەیشتن، ئیتر بڕوایان پێناکرێت و تەنیا ئەوەی کە دەبێت بە فێڵی ئەو رژێمانە بۆ پاراستنی بنەماکانی هێزی خۆیان بزانن.

لەمڕۆدا ئەم بڕوایە کە دەسکەوتەکانی کولتووری مرۆڤ نەهێنیٚ کۆمەڵگایەکی تایبەتە و نەدەتوانین لە هاتووچۆی ئەو بەرگری بکەین، زیاتر لە هەر کاتێکی تر جێگەی گونجاوترە. بە بڕوای دیڤید هێلد لە کۆتایی سەدەی بیستەم جۆرێکی نوێ لە کێشەی سنوور بە دیار دەکەون. ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە سنوورەکان یەکتر دەبەزێنن و یەکتر دادەپۆشن. لە رابردوودا دەوڵەت–نەتەوە بە بەکارهێنانی فشار کێشەکانی خۆیان لەناو سنوورەکان چارەسەر دەکرد و کۆتاییان پێدەهێنا، بەڵام ئێستا لە تێکستی ئاڵۆز و چەندلایەنی دەوڵەتان تووشی کێشەکانی خۆیان و لە نێوان خۆیانن. لەزیمبابۆی دەوترا کە زۆربەی گوندییەکان بڕوایان وابوو کە کێشەی کەش و هەوای ئەوان لایەنی خوایی هەبووە، بەڵام ئەمڕۆ هەر ئەو خەڵکە بڕوایان وایە کە کەش و هەوای ئەوان لەگەڵ سیاسەتەکانی وزەی رۆژئاوا تووشی گۆڕان دەبێت.

کەواتە لەم هەلومەرجە نوێیە، دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز ناتوانن یەك پارچەیی کۆمەڵایەتی و کۆی داواکارییەکانی هاوڵاتیانی خۆیان بپارێزن.

چییەتی نوێی هێز، رەشبینی بە نیسبەت فێرکراوە ئایدیۆلۆژی و قەیرانی شوناس کە لەوە سەرچاوەی گرتووە و روانگەکانی کۆمەڵگای نوێی جیهانی بریتین لەو فاکتەرانەی کە دەوڵەتەکانی دەسەڵاتخواز لەگەڵ قەیرانەکانی بناغە هەڵکەن بەرەنگار دەکەنەوە.

بە کەمبوونەوەی رۆڵی سەرزەمینی دەوڵەتی نەتەوەیی، لایەنی رەقی هێزیش کەم رەنگ بووە.

لە روانگەی بوون ناسانە رووخسارێکی نوێ لە هێز بەدەرکەوتووە کە ئیمکانی کۆکردنەوەی ئەو لە دەست کەمینەیەکی بەهێز و سەپاندنی ئەو بەسەر هاوڵاتیان نییە. لە بۆچوونی نوێ هێز تەنیا بە واتایی سەرکوت و قەدەغە کردن نییە، بەڵکو هەروا کە فۆکۆ بڕوای هەیە پێویستیمان بە بزواندنی دەربڕین و بەرهەم هێنانی مەعریفەیە. سەرەڕای ئەمانە هێز یەک پارچە، تەرکیز کراو، یەکە و راوەستاو نییە. پرۆسەیەک کە هێز یەک لایەنە لە نێوان دەوڵەتان و هاوڵاتیان بەکار دەهات لەناوچووە و جێگەی خۆی بەهێزێکی دابەش کراو، ئامادە لە هەر شوێن و هەڵقوڵاو لە هەموو شتێکدایە.

هێز تەنیا لەسەرەوە هەڵناقوڵێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەخوارەوە سەرچاوە دەگرێت و لەهەموو شوێنێکدا لەگەڵ پەیوەندی هێز بەرگریش دەردەکەوێت. کەواتە بەکارهێنانی هێز بۆ مرۆڤەکان لە جۆری تۆتالیتێری ئەو تایبەتمەندییەی خۆی لەدەستداوە و تۆڕێکی ئاڵۆزی لە کردارەکان و پەرچەکردارەکانی دەوڵەت و هاوڵاتیان بەدەرکەوتووە.

ئەم بارودۆخە کە هاپسبام جەختی لەسەر دەکات، لە درێژخایەندا پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەکاتەوە. فاکتەرەکانی ئەم ناکۆکییە لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیان لە وڵاتانی دەسەڵاتخواز بریتین لە تیاچوونی حیزبە ئایدیۆلۆژییەکان، ماشینی حیزبی و فراوانبوونی بەهاکانی تاکخوازی، بەکاربەرخوازی و هتد دەتوانین بژمێرین.



گۆڕان لەم روانگە بوون ناسانەی هێز و ئایدیۆلۆژی، ئێمە سەبارەت بە شەرعییەتی رژێمەکانی دەسەڵاتخواز دەخاتە بیر کردن. بە بڕوای ئێمە کێشەی شەرعییەت کە بە گشتی لەسەر لێکدانەوەی ماکس ڤێبەری ئەو لەوڵاتەکانی دەسەڵاتخواز لە جۆری عورفی و پاش هاتنە سەرکاری دەوڵەتانی پاش کۆلۆنیایی بەدەرکەوتوون، بەهۆی جۆراوجۆرەوە لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەجیهانیبوون تووشی بارودۆخی قەیرانی بووە.

لە سەرەتا بە سەرهەڵدانی واتای نوێ پەیوەندی نێونەتەوەیی وەك مافی مرۆڤ، پاراستنی مافی تاك و كۆمەڵایەتی، پشتبەستن بە یاسا، هەڵبژاردنی ئازاد و بەشداری سیاسی کە رەهەندی جیهانگیری بەخۆی گرتووە، رژێمەکانی دەسەڵاتخواز ناتوانن کۆنترۆڵی یەك لایەنەی كۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی لەسەر شوناسەکانی كۆمەڵایەتی هاوڵاتیانی خۆیان بپارێزن.

دووەم لە گۆڕەپانی ئابووری گۆڕانکاری بەرچاو روویداوە کە درێژەپێدانی ژیانی حکومەتەکان جیهانی سێیەمی بەهاوکارییەکانی نێونەتەوەیی بەستۆتەوە. سەرهەڵدانی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان، دابینی یارمەتی دەرەکی لەم رێگەیەو فراوانبوونی سەرمایەگوزارییە نێونەتەوەییەکانی لە بنەڕەتدا لەگەڵ پێکهاتەی چەق بەستوی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانە دژایەتی هەیە. لە لایەك، درێژپێدانی حکومەت بە پێکهاتەی کۆن و ئاڵۆز لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەسکەوتەکانی جیهان ناکرێت و لە لایەکی تر نوێکردنەوەی پێکهاتەی ئەم وڵاتانە بە یەکێك لە مەرجە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتانی رۆژئاوا بۆ دابینی یارمەتی بەم وڵاتانە دەژمێردرێت. گفتوگۆی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، گوشارەکانی نێونەتەویی لەسەر وڵاتانی خۆرهەڵات ناوەڕاست و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا دەبێت لەم چوارچێوەیە هەڵبسەنگێنین.

سێیەم بە گۆڕانی چییەتی هێز کە بووە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو لە بەشەکانی کۆمەڵگا، ئایدیۆلۆژیا رۆڵی یەکگرتوویی خۆی بۆ دانی واتا بە ناو

چینەکان لەدەستداوە و شەرعییەتی لە رەهەندە فەلسەفی بۆ رەهەندە ئامرازی ڕێ دەبات. لەم روانگەیە دەوڵەتان بەر لەوەی شەرعییەتی خۆیان لە بابەتەکانی وەك ئاسمانی بوون، ئایدیۆلۆژیا، گەورەیی خوا و هتد بینا بکەن، ناچارن چارەسەری کێشەکان و مەسەلەکانی بەرچاوی کۆمەڵگا بکەن.

کەواتە بە گشتی هەندێك کێشە وەکو شەرعییەت، هێز و ئایدیۆلۆژیا لە وەرچەرخانێکی مێژوویدا تایبەتمەندی عورفی خۆیان لە دەست دەدەن و جۆرێك ریالیستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە سەر دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز دەسەپێنن.

## 4. رۆڵی ئۆپۆزیسیۆن، بەجیهانیبوون و گۆڕانکاری لە پەیوەندی ڕژێم و ئۆپۆزیسیۆن

لەو روانگایەوە کە هێز، بەرگری خۆی لە خۆیدا حەشار داوە، لەگەڵ یەکەمین نیشانەکانی سەقامگیربوونی رژێمە دەسەڵاتخوازەکان، دژایەتی لەگەڵ ئەودا بە شێوەی ئۆپۆزیسیۆنەکان سەر هەڵدێنێت. دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکان لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم کێشەدا رێگای جۆربەجۆر هەڵدەبژێرن. سەرکوت، نهێنی کاری، دەرکردن و لەناوبردنی نەیارەکان لە بنەڕەتدا یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سەرەکی ئەم جۆرە حکومەتانە سەبارەت بە دەوڵەتانی تۆتالیتێرە هەر بەو شێوە کە ئارێنت پیشانمان دەدات ئەم مەبەستە لە رێگەی ئەستوورەسازی نەتەوایەتی، چینایەتی و هەروەها هۆزی دروست دەکرێت.

توێژینەوەکانی مێژوویی دەوڵەتانی تۆتالیتێر بە پێناسەی پەیوەندی خۆ و ئەویتر، کۆمەلە کەسانێکی بە رێگەی کەمپەکانی کاری زۆرەملێ، کەمپی بەندکراوەکان، ناوەندی مرۆڤ سووتان لە ناوبردووە و زاڵکردنی گوتاری درۆ، دروستکردنی دوژمن و لەناوبردنی دوژمنەکانی بە کارێکی سەرەکی داناوە.

هەڵبەت رژێمەکانی دەسەڵاتخواز تەنیا بۆ سەرکوتکردنی دوژمنەکانی خۆیان هەنگاو نانێن، بەڵکو لە رێگەی وەك یەکلێکردن، زۆربەی گرووپەکان



بە کردەوە لە بازنەی شوناسی خۆیان دەر کردووە. لەم بارودۆخە بەوتەی هانا ئارێنت رەهەندە گەورەی تاوان، سەلماندنی بێ تاوانی یاسا لە رێگەی درۆ کردن ئاسانتر دەکەن و بڕوای راستی قوربانییەکان دژوارتر دەکەن.

یەکێتی تر لە فێڵەکانی رژێمەکانی دەسەڵاتخواز رەتکردنەوەی گوتاری نەیارەکانە. لەم روانگەی دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز ئەگەرچی لە ناڕزایەتی لە حکومەتەکانیان ئاگادارن، بەڵام هەوڵی پاراستنی سەقامگیری سیاسی دەدەن. مێژوویی نیشانی دەدات کە دەوڵەتانی کۆمۆنیستی ئەورووپایی رۆژهەڵات ناڕەزایەتییەکانیان دەشاردەوە. بەڵگەکانی شاراوەی بەجێ ماو لە ئەرشیفی نەهێنی دەوڵەتانی ئەڵمانیایی رۆژهەڵات پیشانی دەدات، کە تەنانەت ئەم رژێمە لە خەڵکیش رای گشتیان وەرگرتووە. لە هەنگاوەکانی تری رژێمەکانی دەسەڵاتخواز بۆ رەتکردنەوەی ناڕەزایەتی گشتی، بەڕێوەبردنی رێفراندۆمەکان، هەڵبژاردنەکان و بانگەوازی گشتییە کە زۆربەی رێبەرانی ئەم حکومەتانە دەنگی فراوانیان بە دەست دەهێنا. لەو واقیعدا دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز جۆرێك گوتاری دەستکردیان لە رووبەری گشتی دەسپاند کە لە زۆربەی کاتەکان جیاوازی نێوان پرسی واقیع لە جیهانی خەیاڵی کە خۆیان دروستیان دەکرد تەنانەت بۆ خۆشیان جیا ناکرێتەوە.

بەگشتی لە گوتاری عورفی رژێمەکانی دەسەڵاتخواز پەیوەندی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەوڵەت دوژمنانە بووە. واتە لە لایەك ئۆپۆزیسیۆن لە رێگەی خەبات دژی رژێم تایبەتمەندی ((روخێنەری)) بووە و لە لایەکی تر رژێمیش بە ئۆپۆزیسیۆن وەك گروپێکی نایاسایی سەیریان کردووە، سیاسەتی سەرکوتیان گرتووەتەبەر. هەڵبەت تایبەتمەندی ((دژایەتی )) ئۆپۆزیسیۆن هەموو کات بە واتای دیموکراتیك بوونی چییەتی گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆن نییە. هەروا کە ئارێنت پیشانی دەدات لە هەندێك کات ((رزگاربوون لە دیکتاتۆرییەت)) روویداوە و ئۆپۆزیسیۆن بە سەرکەوتن لە رێگەی شۆڕش، دەوڵەتێکی دیکتاتۆریان دروستکردووە. سەرەڕای ئەمانە،

لە گوتاری نوێی بەجیهانیبوون دەتوانین بکەوینە دوای لێکدانەوەکانی نوێ کە رۆلی عورفی ئۆپۆزیسیۆن و پەیوەندی ئەو لەگەڵ رژێمەکانی دەسەڵاتخواز تووشی گۆڕان هاتووە. بە بۆچوونی بەجیهانیبوون لە لایەك رێگەی جۆراوجۆری جیاواز لە بەرەنگاربوونەوەی راستەوخۆ بۆ گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆن کردووەتەوە، و لە لایەکی تر دەوڵەتانی دەسەڵاتخوازیش بە چارەسەری نوێ لە پەیوەندی لەگەڵ گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆن گەیشتوون. لەم روانگەیە تەنانەت دەتوانین بە گۆڕان لە چییەتی شۆڕشیش ئاماژە بکەین.

بە شێوەیەکی کورت گوتاری بەجیهانیبوون هەڵگری لێکدانەوەی جۆراوجۆرە کە بەهۆی گۆڕانکاری لە چییەتی و سروشتی ئۆپۆزیسیۆن لە پەیوەندی ئەو لەگەڵ رژێمەکانی دەسەڵاتخواز بووە، کە بریتین لە:

أ– بەر لەناوچوونی گوتاری شەڕی سارد فەزای پەیوەندی نێونەتەوەیی بەهۆی پەیوەندی خێرای نێونەتەوەیی، رووداني شۆڕشەکانی زانیاری وەك ئینترنێت، سەتەلایت و هتد تاڕادەیەك شەفاف بووە. لەم نێوانە چەمکە نوێیەکانی نێونەتەوەیی وەك مافی مرۆڤ، ئازادی راگەیاندن و حیزبەکان، بزاڤەکانی نوێی کۆمەڵایەتی ژینگە و تێبینی مرۆڤ دۆستانە و چییەتی ئەخلاقی و نۆرمی بە پەیوەندی نێونەتەوەیی داوە کە ئیمکانی سەرکووتی دژبەرەکانی بە شێوەی سەدەی بیستەمی ئەو لە دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز سەندۆتەوە. لە لایەکی تر بۆ گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش ئامرازی جۆراوجۆر و جیاواز دابینکردووە کە لە رێگەی ئەو دەتوانین سەرتر لە سنوورەکانی نەتەوەیی قسەبکەن. بەردەستبوونی تۆڕەکانی زانیاری نێونەتەوەیی، گەشتەکانی دەرەوەی سنوور، راکێشانی رای گشتی جیهانی لەم ئیمکانیاتە نوێیانەیە. ئەم بارودۆخە تاڕادەیەکی زۆر رێگر بووە لەبەردەم کردەوەی ئازادانەی رژێمەکانی دەسەڵاتخواز. لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم کێشەیە، هەروا کە گەواهی دەرەکان پیشان دەدەن، دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز لەوانەیە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن



رێك بکەون. هەرچەند ئەم خاڵە گرنگە کە رێککەوتنی رژێم لەگەڵ گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەوانەیە فێل بێت، چونکە ئەوان لەڕاستیدا لە جەوهەرەی هێز دەست هەڵناگرن، بەڵکو بۆ هەڵهاتن لە دەرفەتی قەیرانی ئۆپۆزیسیۆن خۆی لە بەشەکانی هێز بەشدار دەکات.

ب– گومان بەنیسبەت لێکدانەوەکانی شەڕی سارد و تایبەتمەندی ئایدیۆلۆژی ئەو، کە ئێمە لە بەشەکانی پێش وەك زەمینەی گوتاری جیهانی ئاماژەمان پێدا، لەوانەیە دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز رووبەڕووی قەیرانی ئاسایش دەکاتەوە.

پێش دووبارەبوونەوەی پرۆسەی بەجیهانیبوون بەهۆی زاڵبوونی فەزاری ئایدۆلۆژی شەڕی سارد زۆربەی دەوڵەتان لاواز دەیانتوانی شوێنێك بۆ خۆیان لە جیهان بدۆزنەوە، بەڵام لە بارودۆخی هەنووکە ئەم جۆرە دەوڵەتانە نە تەنیا ناتوانن شوێنی خۆیان لە جیهان بدۆزنەوە، بەڵکو ناتوانن لە رێگەی گەیشتن بە جیهان، یەك پارچەیی سیاسی ناوخۆیی خۆیان بپارێزن.

ج– بەجیهانیبوون بە ئافراندنی گروپەکانی شوناسی نوێ بەو جۆرەی کە وترا ئیمکانی چینایەتی بوونی کۆمەڵگای لەگەڵ کێشە بەرەنگار دەکاتەوە. مێژووی شۆڕشەکانی کۆمەڵایەتی پیشانی دەدات کە شۆڕشەکان لە سەرهەڵهێنراو لە خەونەکان، هەستەکانی سەرچاوەگرتوو لە هەژاری، خەفەت و سروشت سڕینەوەن. بەم هۆیە هەروا کە ئارێنت بەڵگە دێنێتەوە مێژووی شۆڕشەکانی رابردوو بێ هیچ گومانێك دەیسەلمێنێت هەر هەوڵدانێك کە بە ئامرازی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵایەتی ئەنجام دراوە بووەتە هۆی دروستکردنی حکومەتی تۆقێنەر، ترس و تۆقاندنی هەموو شۆڕشەکانی بێ ئاکام کردووە.

کەواتە بەجیهانیبوونی کولتوور بە رێگەی بەرگری لە چینایەتی بوونی کۆمەڵگاکان رێگە چارەی شۆڕش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی

کۆمەڵایەتی تووشی قەیران دەکات. لەم نێوانەشدا مێژووی شۆڕشەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەڵێت کارەکانی ریفۆرم لەگەڵ پێویستییەکانی سەرچاوە گرتوو لە بەجیهانیبوون زیاتر کاریگەرە. کەواتە دەتوانین پێشبینی بکەین کە لە سەدەی داهاتوو رژێمەکانی ریفۆرمخواز نەك لە رێگەی کردەوەی توندوتیژی و شۆڕشەکان، بەڵکو لە پرۆسەیەکی چالاکانەی بەردەوام و بە شێوەی ریفۆرمی رووخساریان دەگۆڕن.

## هەلومەرجی بوونی بزاڤە دەسەڵاتخوازەکانی لە تێکستی بەجیهانیبوون

ئێمە تا ئێستا قسەمان لە هەلومەرجێکی دژوار کرد کە جیهانیبوون دابین کردووە و چییەتی عورفی رژێمەکانی دەسەڵاتخوازی تووشی قەیران کردووە، بەڵام لەو جێگەی کە بەجیهانیبوون پرۆسەیەکی ناڕێك، فراوان، نادیار و کۆنترۆل نەکراو، لە بوونی بارودۆخێك لە ئاراستەی پێچەوانەی هەموویی ئەو شتانەی کە تا ئێستا باسمان کردووە دەتوانین قسە بکەین. هۆکاری فراوان هەن، کە دەتوانن کاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر رژێمەکانی دەسەڵاتخواز نیشان بدەن، بەڵام بە پێچەوانەی بەشی یەکەم، ئێمە لێرەدا تەنیا لە بوونی ئەم بارودۆخە قسە دەکەین و نە ئەو واقیعە کە لە جیهاندا خەریکە روودەدات.

بە بڕوای هانا ئارێنت بزاڤە تۆتالیتێرییەکان بەرهەمی چینایەتی بوونی کۆمەڵگاو بچووك بوونی تاکن لە سەردەمی مۆدێرنیتە. چینەکان لە نێوان بەشەکانی کۆمەڵگایەکی پارچە پارچە کراوەدا گەشە دەکەن.

لە روانگەی زۆربەی زانایان ((جیهانیبوون)) پرۆسەیەکی دووانەییە. واتە هەروا کە لە گۆڕەپانی بەجیهانیبوون، جیهان بۆلای جۆرێك یەکگرتن و یەکسانی دەچێتە پێش، لە ئاراستەیەکی تردا بەجیهانیبوون وەك پچڕانی جیهان و سەرهەڵدانی مرۆڤەکان بێ واتا، بەکارهێنەر و سەر لێشاویشە. ئادێرنۆ سەبارەت بەم بارودۆخە دەڵێت: گاڵتەکردن بە هەموو ئومێدە



فەلسەفیەکان، زەین و واقیع لە ئاکامدا پێکەوە رێکدەکەون. ئەم واقیعە کە مرۆڤە ژیانی خۆیان قەرزاری ئەو شتانەی کە کاری بۆ دەکەن، سەلمێنەری پرۆسەی ناوبراوە. پشتبەستن بە ئامرازەکانی سەرگەرمی، وەرزش، رێکلامی سەرسوڕهێنەر، تێکچوونی هەیکەلی کالاکانی بەکارهێنراو بەگشتی ئاکام و ئەنجامی ئەم پرۆسانەن.

بەم بۆچوونە بەجیهانیبوون لە حاڵەتی خۆیدا، بەهرەی سەرهەڵدانی بزاڤەکانی تۆتالیتێری تێدایە. لە بنەڕەتدا سەرهەڵدانی شوناسی نوێ سەرچاوەیەکە بۆ سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم بە تایبەت ئەگەر ئەم شوناسە نوێیانە لە پێگەی دینامیکی بەجیهانیبوون سەریانهەڵدابێت کەلە پێگەی نوێدا شوێنی خۆیان لە دەست دابێت و ئێستا لە گۆڕەپانی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی بە شوێنی شوناسی نوێ دەگەڕێن. هەڵبەت ئەم گروپانە زیاتر لە دایکبووی کۆمەڵگای بەکارهێنەر یان کاپیتالیزمن، بەڵام کۆمەڵگای عورفی و داخراویش لە بەرامبەر بەجیهانیبوون لەوانەیە حاڵەتی چەق بەستوو بدۆزێتەوە. لە نەبوونی حیزبەکان و رێکخراوەکانی سەربەخۆ، خەڵکی ئەم وڵاتانە لە بەرامبەر پێگەی نوێ، ناتوانن رێککەوتنەکانی کۆمەڵایەتی و پارادایمەکانی کۆمەڵایەتی وەربگرن و تەنیا لە رێگەی هاتنی پارادایمی بەکارهێنەری کۆمەڵگای فراوان، جۆرێك چەق بەستوو بوونی نەوەکانی داهاتوو پێك دێنێت کە لە درێژخایەندا دەتوانێت سەرچاوەیەکی بە هێز بێت بۆ بزاڤەکانی چینایەتی.

سەرەڕای ئەمانە ئیمکانی سەرهەڵدانی بزاڤی چینەکان بە شێوەیەکی تر هەیە، هاوکات بە سەرهەڵدانی شوناسەکانی کارناولی نوێ، بەجیهانیبوون هەروا کە پێشتریش وترا گریمانەی شوناسی نەتەوەیی تووشی قەیران دەکات. بەستراوەیی تاك بە شوناسەکانی جیهانی، ناوچەیی و تاك، تاڕادەیەك تایەبەتمەندی نەتەوەیی بێ کەڵك کردووە. کاریگەری ئەم فاکتەرانە، بۆ نموونە دەتوانین لە بزاڤەکانی رادیکالی ((فەندەمێنتاڵی

ئیسلامی)) دیاری بکەین. فەندەمێنتاڵەکان جۆرێکی نوێ لە کۆمەڵەکانی پڕوپاگەندن، کە دەبێت ببن بە جێگری کۆمەڵەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی. لەم روانگەیە کزبوونی ئارەزووەکانی نەتەوەیی ئەگەر لەگەڵ شوناسەکانی خەیاڵی، رەگەزی.... هتد جووت ببن هەلومەرجی پێویست بۆ بزاڤەکانی تۆتالیتێر دابین دەکەن.

سەرەڕای ئەمانە، هەروا کە ئالمۆند و پاوێل بڕوایان هەیە، لە رژێمە دەسەڵاتخوازەکانی بە نەبوونی رێکخراوەکان، حیزبەکان و گروپەکانی رێکخراوەی یاسایی و سەربەخۆ توانای وەڵامدانەوەی رژێم زۆر کەم یان لە بنەڕەتدا وەڵامدانەوە، هەر نییە. دەوڵەتی دەسەڵاتخواز لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم کێشەیە لە فۆرمی جیاوازی مۆبیلیزەکردنی چینایەتی کەڵك وەردەگرێ. بەجیهانیبوون کولتوور و ئامرازەکانی پەیوەندی گشتی جیهانی لەیەك روانگە دەتوانن یارمەتی کاریگەر لە ئاراستەی مۆبیلیزەکردنی چینایەتی بە دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز بدەن. بە تایبەت لەو وڵاتانە کە ئامرازەکانی پەیوەندی گشتی بە تەنیا لە دەستی دەوڵەتاندایە و بەکارهێنانی سەتەلایت، ئینتەرنێت و هتد بۆ هەموو خەڵك قەدەغەکراوە دەوڵەتان توانایەکی زۆرتریان بۆ قەناعەت هێنان بە هاوڵاتیانی خۆیان و گەورەتر نیشاندانی درۆکانیان هەیە. هەڵبەت لە درێژخایەن بەهۆی دژایەتی لەگەڵ جەستەی سیاسی ئامرازەکانی پەیوەندی گشتی بەکردەوە دەوری خۆی لەدەست دەدەن و ئاستیان بە ئامرازی پڕوپاگەندەی دەوڵەتی دەسەڵاتخواز دادەبەزێت.

خاڵێکی تر ئەمەیە، کە دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز، بە زۆری لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ بەجیهانیبوون رووخسارێکی دووانەیی لە خۆیان پیشان دەدەن کە لە زۆربەی حاڵەتەکان لە قورسایی سەیرکردن جیهانی بەم وڵاتانە کەم دەکەنەوە. ئەزموونی مێژوویی نیشان داوە کە گرنگترین بنەما بۆ ئەم جۆرە رژێمانە هێز و پاراستنی ئەوە. کەواتە لەهەر کاتدا کە



هەست بکەن هێزی خۆیان لەدەست دەدەن تاکو دوایین سەنگەریش پاشگەز دەبنەوە. لەم بارودۆخە ئەم رژێمانە بە زۆری رەفتاری دووانەیی لە خۆیان پیشان دەدەن بەم واتایە کە بۆ پاراستنی بنەڕەتی هێز لە زۆربەی بنەماکان کە لە ناوەوە بڕوایان هەیە لە رەهەندی نێونەتەوەیی دەستی لێهەلدەگرن و یان بەپێچەوانەوە لە زۆربەی ئەو بنەمایانەی کە لە ناوەوە بڕوایان پێی نییە لە رەهەندی نێونەتەوەیی پەیڕەویی دەکەن.

## ئەنجام

لە کۆکردنەوەی کۆتایی، گۆڕانکارییە گەورەکان بە شێوەیەکی هاوکات چ لە ئاستی بوون ناسانە و چ مێژووی جیهاندا کە روویانداوە، درێژەدانی ژیانی سیاسی رژێمەکانی دەسەڵاتخوازیان تووشی قەیران کردەوە. بێگومان بەجیهانیبوون کۆمەڵەی ئەم گۆڕانکاریانەیە کە کەمکردنەوەی ئەو بۆ یەك سەرچاوە یان بنەمای تایبەت بە جۆرێك هەڵهاتن لە واقیعی گۆڕانکارییەکانی جیهانییە. گۆڕانکاری فراوانی ئابوورییەکان کە رۆژ بە رۆژ گەشەکردنی سەرمایە خێرا دەکات، گۆڕان لە رووبەرەکانی زانیاری و تەکنۆلۆژیا، پەیوەندی گۆڕان لە رووبەری کولتووری و سەرهەڵدانی خۆئاگادرای نوێی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کزبوونی دەوری دەوڵەت نەتەوە لە دیاری کردن و دانانی ستراتیژی، گۆڕان لە گۆڕەپانی زەین و پەیوەندی نێوان زەینەکان، گۆڕان لە چەمکی هێز، ئایدیۆلۆژیا، دەسەڵات و شەرعییەت و دووباره بیرکردنەوە لە چەمکەکانی سەردەمی مۆدێرن بەشێك لەم گۆڕانکارییە مەزنانەن. بێگومان لە سەردەمی ئەم گۆڕانکاریانە دەوڵەتە دەسەڵاتخوازەکان ناتوانن درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن. فۆکۆ لە تیۆرەکانی خۆی دوو چەمکی ((ئەرێنی و نەرێنی)) لە وشەی ((بابەت)) (Subject) بەکاردێنێت، یەکەم بابەت بە واتای بکەر کە لێرەدا دەتوانین ئەو لەگەڵ دەوڵەتان و رژێمەکانی دەسەڵاتخوازدا هەڵبسەنگێنین. دووهەم

بابەت بە واتای راوەستان و عورفی ئەو کە دەتوانین ئەو بەو کۆمەڵگایانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەم رژێمانەدان ناوبنێین. لەسەردەمی گۆڕانکاری بەجیهانیبوون تەنیا بابەتی بەرکاری نییە، کە لە گۆڕەپانی گۆڕانکارییەکان هەن، بەڵکو بابەتی بکەریش خۆی تایبەتمەندی راوەستان لەدەست دەدات. سەرەڕای ئەمانە ئایا دەتوانین جیهانی نوێ بە جیهان بێ رژێمە دەسەڵاتخوازەکان بەناو بکەین؟ بە بڕوای جی تیلور: بە گشتی، دیکتاتۆرییەکان، وەك شێوەیەك لە دەسەڵاتداری و پرسێکی مرۆڤی کە شایانی سەرنج بن لە سەدەی داهاتوودا سەرهەڵنادەن. ئەوان ئەگەرچی لەوانەیە درێژەیان هەبێت و پێکهاتەی نوێ لە سیاسەت بەدەربخەن، بەڵام بێگومان لە سیاسەتی سەدەی داهاتوو دەورێکیان نابێت.

جگە لەمانە وا دیارە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کە لە جیهانی نوێیدا دەوڵەتانی دەسەڵاتخواز چ رۆڵیان دەبێت، لەوانەیە ناچارین بەم پرسیارە وەڵام بدەینەوە کە (بابەتی هێز) لە چییەتی نوێی خۆی چۆن دەنوێنێت.

## بەشی دەیەم: بەجیهانیبوون و گوتاری جیهانی ئیسلامی

به بۆچوونی زۆربەی بیرمەندانی رۆژئاوایی و ئیسلام، جیهانی ئیسلام وەك واقعێکی یەکگرتوو، یەك پارچە و یەك دەست ناسراوە، بەڵام وا دیارە ئەم زاراوەیە زیاتر هەر زاراوەیەکی تر لە سەر گوتاری زانستی مرۆڤایەتیدا زاڵە، تووشی ئاڵۆزی بووە. یەکێك لە فاکتەرەکان کە جیهانی ئیسلام وەك بابەتێکی یەك دەست کە رەخنەی قبووڵ ناکات دەبێت لە پێناسەی نەرێنی ئەو بەدوایدا بگەڕێین. بە پێی وتەی یاسپێرس، ناکۆکی و رکابەری موسڵمانان لەگەڵ رۆژئاوایی کریستیانی بۆ سەردەمی کۆن دەگەڕێتەوە. لە هزری رۆژئاوا، رۆژهەڵات سەرزەمینی بیر کورتی، خورافە پەرستی، هەژاری و... بە ئەژمار دێت و لەلایەن موسڵمانانیش رۆژئاوا شوێنی ئاوا بوونی رۆژ، سەرزەمینی تاریکی و چەوساننەوە... ناوی گرتووە.

بەڵام لە کۆتایی سەدەی 18 و سەرەتای سەدەی 19، کاتێك مۆدێرنیتە وەك واقعێکی ئاشکرا خۆی بەسەر موسڵمانەکاندا سەپاند، جیهانی ئیسلام زیاتر لە هەر کاتێکی تر راستی خۆی دۆزییەوە. لەمە بە دواوە (جیهانی ئیسلام) بە گوتارێك دەوترا کە لە بەرامبەر دەسەڵاتی (رۆژئاوا) خۆی پێناسە دەکرد.

لەوە بە دواوە موسڵمانان خەریکی ئەزموونی لێکدانەوەکانی راستی، دوایین وشە و گوتارەکانی سەرکەوتووانەی جۆراوجۆر بوون و هەندێك جار لە بەرامبەر ئەم دەسەڵاتەی رۆژئاوادا روویان لە یەکبوونێکی تەواو لەگەڵ ئەو کردووە و کاتێکی تر لە جیابوونەوەی گشتی قسەیان دەکرد.

بەڵام لەم چەند دەیەی دواییدا بە سەرهەڵدانی شەپۆلێك بە ناوی (بەجیهانیبوون) بێژەکانی گوتاری (جیهانی ئیسلام) زیاتر لە هەر کاتێکی تر هەوڵی پێناسەی شوناسی نوێ لە خۆیان و ئەوانی تر دەست پێکردووە.



ئایا (جیهانی ئیسلام) توانای گونجاندنی خۆی لەگەڵ شەپۆلی بەجیهانیبوون هەیە، ئایا بەجیهانیبوون بە واتای گەشەکردنی سێکۆلاریزم و خستنە دەری گوتاری ئاسمانی وەك ئیسلام لە ناو گوتارەکانی زانستی مرۆڤایەتی نییە؟ ئایا بەجیهانیبوون وێنە و رووخسارێکی نوێ لەو شەپۆلە زاڵەی رۆژئاوایی بوون و جیهانگیری بەهاکانی رۆژئاوا نییە یان ئایا هەروا کە دریدا بڕوای پێی هەیە بەجیهانیبوونیش جۆرێك تاکرەوی، خۆپەرستی و میتافیزیکی بوونی رۆژئاوا نییە کە بە دوای زاڵبوون بەسەر سەرزەمینەکانی تر بەرگری لە گوندی جیهانی دەکەن و... ؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی سەرەوە هەوڵدەدەین تا بە گێڕانەوەی دووبارەی هەندێك لە گوتارەکانی زاڵ کە لە سەرەتایی سەدەکانی 18 و 19 بەسەر جیهانی ئیسلامدا زاڵ بووە هەوڵدەدەین سیمای شاراوەی جیهانی ئیسلام لە جیهانێکی واقیعیدا دەربخەین. لە سێ روانگەی ئایینی، کۆمەڵناسی و پەیوەندی نێونەتەوەیی (واقیعییەت) یان (روالەتێك) بەناوی جیهانی ئیسلام لە تێکستی بەجیهانیبوون ببینین.

لە بواری باسەکانی پەیوەندیدار بە جیهانی ئیسلام لانیکەم سێ تێڕوانینی تێۆری دەتوانین لە یەکتر دیار بکەین: پرۆسەی ناوخۆی ئایینی کە سەبارەت بە جەستەگرتنی گوتاری جیهانی ئیسلام لەلایەنی کرداری دوولایەنەی نێوان لێدانەوەکانی ئایینی لەگەڵ پرۆسەکانی بەجیهانیبوونی کولتوور و کۆمەڵگا باس دەکەین. شێوازی کۆمەڵناسانە هەوڵ دەدات تاکو راڤە و باسی گوتاری ئیسلام لە رێگەی کرداری دوولایەنە لە نێوان ئیسلام وەك تێکست و جیهان خوازی وەك پرۆسەیەك کەوا ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە ئیسلام تووشی قەیران دەکات و ئاراستەی دەکات و دەسکەوتی پەیوەندی نێونەتەوەیی هەوڵی وتنی ئەم راستیانەی هەیە، کە یەکە سیاسییەکانی جیهانی ئیسلام (دەوڵەت شارەکان) لە جیهانێك کە لە لایەکەوە یەك پارچەیی و وەك یەکبوون و لە لایەکی تر بەرفراوانکردن، هۆزخوازی و کۆمەڵەکان و... دەچنە پێش چۆن

لەگەڵ یەکتر مامەلە دەکەن. ئەوان بەچ شێوەیەك لە ئامرازەکانی جیهانی سیاسەت کەڵك وەردەگرن و چۆن لەو کاتەی کە لە گوتارە گشتییەکەی خۆیان بەناوی ئیسلام بەرگری دەکەن، لەسەر بەرژەوەندییەکانی تایبەتی خۆیان جەخت دەکەنەوە.

ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر (جیهان) بۆ لای یەك پارچەیی و یەکبوون دەڕوات. هاتنی سەرمایە و پارە لە ناوەندەکانی ئەوروپا، سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیای پیشەسازیی و پەیوەندی، ئابووری جیهانی و... ژیانی مرۆڤ بۆ لای جۆرێك لە لێکچوون بردووە، بەڵام لە ناخی خۆی جیهانیبوون جۆرێك لە روتیشی بە سەر ژیانی مرۆڤی مۆدێرن سەپاندووە.

لەم روانگەوە (جیهانی ئیسلام)یش رووبەڕووی هەندێك جوڵەی پارادۆکسیە. لە لایەك بەهۆی پرۆسەی بەجیهانیبوون (جیهانی ئیسلام) وەك گوتارێکی ئاسمانی بە بۆچوونی رابێرت یانگ، خۆی دووبارە پێناسە دەکات و ئامرازەکانی بەجیهانیبوون لە ئافراندنی یەك گزێل شافتی جیهانی وەك (ئومەی یەکگرتوو) هەوڵدەدات، بەڵام لە لایەکی تر وادیارە لە سایەیی بەجیهانیبوونی کولتووری کۆمەڵگاکان، ئیسلام دوووبارە هەژموونی، دەسەڵات و هێزی (رۆژئاوا) دەبینێت. لەم روانگەیە و گوتاری فەندەمێنتاڵی ئیسلامی کە زیاتر لە هەر کاتێکی تر ئیسلام لە تێکستی سیاسی دەبینن پەرچەکردارێکن لە بەرامبەر جۆراوجۆری و عورفی بوونی کۆمەڵگا و کولتوور.

کەواتە گوتاری (جیهانی ئیسلام) لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جیهانی نوێ دوو مەترسی گەورە لە بەرامبەریدایە. یەکەم ئەوەی کە بەجیهانیبوون گوتاری گشتی جیهانی ئیسلام دەشوێنێت و پەرتەوازی، بڵاوبوونەوە و لەیەك پچڕانی بەسەردا دەسەپێنێت و خاڵەکانی ئاسمانی موسڵمانەکان لە پێگەی مەترسی و لەناوچوونی دادەبێت، بەڵام هاوکات لەگەڵ رووخانی پێکهاتەی گشتی ئەو هەموو بەراوردکارییەکان و ئەنجامەکانی ئیلاهی و خوایی لە واقیع تووشی مەترسی کردووە. لەم



روانگەیە(جیهانی ئیسلام) بناغەکەی دەشکێت و بە رووخانی گشتی ئیسلام، ئیسلامییەکانی تر سەریانهەڵهێنا.

## گێڕانەوەی جیهانی ئیسلام وەك یەك گوتار

بە رووخانی قۆستەنتەنییە (Constantinople) لە ساڵی 1453 لەلایەن سوڵتان مەحەمەدی عوسمانی و زاڵبوونی بەسەر بیزانس (Byzantium) ئیمپراتۆری عوسمانی دروست بوو و لەم رووەوە ئەم ئیمپراتۆرییە وەك سەرزەمینی خەلیفەی ئیسلامی و لە لایەکی تر وەك لایەنێکی دەرەکی بۆ رۆژئاوا و ئەوروپا وەك مەترسێکی گەورە لە دڵی ئەوروپای کریستانی رۆحی کریستانییەکانی ئازار دەدا.

لەم کاتەدا ئیسلام لە لوتکەی شانازی خۆیدا دەیتوانی هەر بینایەکی گەورەی ئەوروپای بهەژێنێت و ئەوروپاییەکانیش لەم مەترسییە زۆر بە باشی تێگەیشتبوون.

ئەم مەترسییە نوێیانەی ئیسلام کە هێدی هێدی گوتارێکی فۆڕم دەدا کە ریشەی بنەڕەتی ناکۆکی و بەرەنگاربوونەوەی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی لە ئایین دەزانی. گرتنی ئیسپانیا، جەنگە سەلیبییەکان و سەرکەوتنە خێراکانی موسڵمانەکان ئەم هەستەی لە کۆمەڵگای ئەوروپایی دروست کرد بوو کە ئیسلام سیمبۆلی تیرۆر، وێرانکردن و کۆمەڵەکانی شەیتانی و بەربەرین و ئەوروپییەکان رقیان لێدەبووەوە.

ئیدوارد سەعید دوو فاکتەری گەورەی بۆ ئەم دوژمنییە و ناکۆکییە ناو دەبات، بە بڕوای ئەو : (گومانێك نییە کە لە روانگەی جۆراوجۆر، ئیسلام فاکتەری دروستکردنی توڕەیی و هەڵچوونی راستەقینە بووە. ئیسلام بە جۆرێکی ترسهێنەر، هەم لە بواری جوغرافیایی هەم کولتووری لە کریستانییەت نزیك بوو. لە لایەکی تر لە عورفەکانی جولەکە — هێلێنی کەڵکی وەرگرتووە و بە شێوازێکی داهێنەر لە کریستانییەت قەرزی گرتووە و لە لایەکی تر دەتوانێ

بەسەرکەووتنی بەرچاوی سەربازی و سیاسی خۆیی شانازی بکات، جگە لەمانە ناوەندی سەرزەمینەکانی ئیسلامی بە بەردەوامی لە ئەوروپا نزیك بوون.

تا کۆتایی سەدەی هەژدەم ئیمپراتۆریی عوسمانی وەك فاکتەری ئەو ترسە بۆ ئەوروپاییەکان کاری دەکرد. لەم ماوەیەدا تورکەکانی عوسمانی زیاتر لە هەر ئیمپراتۆریەکی تر لە دڵی ئەوروپایی کریستانی ترسی دروست دەکرد، بەڵام لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەیی هەژدەم بەدەرکەوت کە جیهانی ئیسلامی تووشی قەیرانی نوێی فراوانە. فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی فراوان لە لاوازی ئیمپراتۆریی عوسمانی ڕۆڵیان هەبوو.

ئیمپراتۆریی عوسمانی لە بواری ناوخۆیی تووشی نەبوونی یەکگرتنی نەتەوەیی، قەومی و کولتووری، ئاڵۆزی و هەرەشە ببوو، سەرەڕای ئەمانە هێرشی دەرەکی زیاتر لە هەر کاتێکی تر ڕەهەندەکانی ئەم کێشەیان فراوانتر دەکرد. دامەزراندنی ناوەندەکانی بازرگانی ئەوروپایی لە ئۆقیانوسی هێند، پارادایمی بازرگانی ئیمپراتۆریی لەگەڵ ئاسیا و ئەوروپا تووشی گۆڕانکاری قووڵ بوو. دۆزینەوەی ئەمریکا و هاتنی سەروەت بۆلای ولاتانی مەدیتەرانە، باروودۆخی ئیمپراتۆریی تووشی قەیران کرد. لەناوچوونی کشتوکاڵ و نەمانی دانیشتوان لە گوندەکانیش لە بڵاوبوونەوەی ئەم قەیرانەدا بێ کاریگەر نەبوون.

لە ساڵی 1683 ئیمپراتۆریی عوسمانی ((ڤیەنای)) گەمارۆدا، بەڵام بە زوویی ڕوونبووەوە، کە توانایی داگیرکردنی ئەوی نییە. لە ماوەی 1699 تا 1923 دا ئەم ئیمپراتۆرییە لە زنجیرەیەك لە ڕێککەوتننامەکان وەك کارلۆویتز (Karlowitz) تا لۆزان (Lausanne) بەشێك لە سەرزەمینەکانی خۆی لە ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵات، باکووری ئەفریقا، ئیژە، کەریمە، قەوقاز، ئێران و عەرەبی ڕۆژهەڵاتی نزیکی لەدەستداوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی رووی لە رووخان و لەناوچوون دەکرد، ئەوروپای ڕۆژئاوا سەردەمی تاریکی وێڵ کرد و جلوبەرگی شارستانییەتی خۆیان لەبەرکرد و لەسەر وێرانەکانی سەردەمی



کلاسیك گوتاری نوێیان بە ناوی مۆدێرنیتە بینا کرد و بە چەمکەکانی وەك عەقڵانییەت، زانست، سیکۆلاریزم، ئازادی ئەخلاقی و ئایین، وازهێنان لە دیکتاتۆری، تاك خوازی و بەناوەندبوونی مرۆڤ هەوڵیدا کە گوتارەکانی خۆی دووبارە بڵێتەوە.

لەمە بەدواوە، بە دابەشبوونی ئیمپراتۆری عوسمانی ((جیهانی ئیسلام)) یەك پارچەیی خۆی لەدەستداو سەرزەمینەکانی ئەوان کەوتە ناو دەستی زلهێزە کۆلۆنیایەکان.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بەزاڵبوونی ڕۆژئاوا لەسەر جیهانی ئیسلام و لاوازی ئیمپراتۆریی عوسمانی، نوخبەکانی موسڵمان، کەوتنە بیرکردنەوە بۆ لەناوبردنی ئەو بۆشایی نێوان کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوا و خۆیان. لەم سەردەمە روناکبیرانێك کە بەناوی ریفۆرم خوازەکان دەناسران وەك سەیید جەمالەدینی ئەسەد ئابادی، موحەمەدی عەبدە و ڕەشید ڕەزا هەوڵی فراوانیان دا تا بۆشایی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا بە بیرۆکەکانی وەك ریفۆرم خوازی ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی عورفی، پڕکەنەوە. لە ڕوانگەیەوە ریفۆرم خوازەکان، ڕۆژئاوایان بە گشتی لە ناخی خوی بە خراپ دانەدەنا و تەنیا هەژموونی خراپی ڕۆژئاوایەکانیان لەسەر ولاتانی خۆیان دەخستە ژێر پرسیار. ئەوان لە لایەکی تر بڕوایان بە جۆرێکی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگاکانی خۆیان هەبوو.

بە بۆچوونی ئەوان گۆڕانکاری لە باروودۆخی ئێستادا، پێویستی بەڕادەیەك لە لاسایی و لەیەکچوون هەبوو. بە واتایەکی تر وتووێژ لەسەر داخوازییەکان، ئارەزووەکان هەروەها ڕێگا تازەکانی ژیان، دەرچوونی لەسەر سوود وەرگرتن لە وشە تۆخە نامۆکان و هەروەها دانان لەسەر کەسایەتێکی ئاڵۆز و هەڵوەشانەوەی سنوورەکانی واقیعییەت و گومان و هەروەها، مۆدێرن و عورفی، خۆ و ئەویتر، ئیسلام و ڕۆژئاوا، ئێرە و ئەوێ نییە. بۆ زاڵبوون لەسەر سروشت پێویستە یاساکانی سروشت ڕەچاو بکرێت

بە شێوەیەکی یەکسان، بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕێگەیەکی تریان جگە لە کۆڵدان بە بنەمای دیالێکتیکی سوور دڵ (پەنابردن بۆ دوژمن بۆ ڕزگاربوون لە دژایەتی ئەو) و یەکگرتنی کاریگەرانەی ناساز(کەڵك وەرگرتن لە چەکی دوژمن لە دژی خۆی) نییە.

شوناس سازی لەسەر بنەمای ڕەگەزەکانی جیاواز لەم گوتارانە، لە کۆتاییدا بەرووکردێکی لێبوردن خوازانە (Apologistic) دەبات. بەم بۆچوونە ئەوان بە جۆرێك لە یەکچوونی ڕایەکان و بیردۆزەکانی ڕۆژئاوایی و ئیسلامی تێگەیشتن و پاشانیش لەسەر بنەمای جۆرێك داکۆکی فکری زیاتر ئەم ڕایانە و بیرۆکانەیان بە تێکستی قورئانی بەستەوە. لە ڕوانگەی ئەوان، چەمکی حێکمەت، زانست و داهێنان بەر لەوەی کە لە تیکستی مۆدێرنیتە بدۆزێتەوە لە قورئان بە شێوازی ئیسلامی وترا بوو. ئەم جۆرە گوتارە لێبوردووخوازانە لە ماوەی دەیەی 1870 لە وڵاتانی ئیسلامی دەستی پێکرد. بابی سەعید دەڵێت کە ئەم گوتارە خۆی لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ زاڵبوونی جیهانی ئەوروپا پێناسە دەکرد و تا ساڵی 1920 ببوو بە شێوازی فکری زاڵی ئیسلامی.

گوتاری ڕیفۆرم خوازی بەو هۆیەی کە ڕیشەی لە نەبوونی ئاگاداری قووڵ هەم لە خۆیان و هەم لە ئەوان بوو، جگە لەمانە چوون هەردوو گوتار بە جۆرێك لە ((لێکچوونی مەعریفە ناسی)) کەم دەکردەوە و بە خێرایی ناکۆکییەکانی ناوخۆیی خۆی ئاشکرا کرد. نووسەرەکان بەبێ سەرنجدان بە زاڵبوونی هەژموونێکی مەعریفە ناسانەی ڕۆژئاوا، مەترسی توانەوە لەویان لەبەرچاو نەدەگرت. لاوازی لە بناغەکانی فکری ئەم گوتارە لە لایەك و حەز بە قەرز وەرگرتن لە گوتاری زاڵ، دواجار ڕێگەی بۆ چارەسەرکردنی تەواوی ئەوان خۆش کرد و گوتارێکی نوێی دروست کرد. تاجێك بە سوود وەرگرتن لە تێۆرەکانی هۆمی بابا و ڕوبێرت یۆنگ (Robert Young) ئەم گوتارە نوێیەیان بە پەیوەندی ناونا و خاڵە گرنگەکانی ئەو لە حاڵەتەکانی خوارەوە بە دواییدا بڕۆین.



1. کەمکردنەوە، لێکچوون کردن و چڕکردنی یەك گوتار لە ئەوی تر.
2. مەسخ یان بەلادان لە دوو گوتاری ڕۆژئاوا و ئیسلام
3. ئاشتی دانەوەی مەعریفە ناسینی دوو پارادایم و هەروەها هاوڕێ کردنی دوو گوتار کە یەکتر ناگرنەوە
4. بەدواداچوونی بێوچان بۆ دۆزینەوەی ((نیشانەکان)) و وشە تۆخەکانی گوتاری مۆدێرنیتە لە نێوان دەقە ئیسلامییەکاندا و هەروەها دانانی ئیسلام لە دەقە عورفییە مێژوویی پێشەنگ و سەرکەوتووو و شارستانییەکانی جیهان.
5. سوود وەرگرتن لە شێوە و شێوازی لێبوردن خوازانە

گۆڕانکارییەکان کە لە ناو جیهانی ئیسلامی لە نزیك نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم ڕوویاندا، جۆرێك گوتاری جێگرەوەی لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕیفۆرم خوازەکانی ئافراند. لە چوونە پاڵی گوتاری نوێ، ئێمە لەگەڵ جۆرێك لە گەڕانەوەی بنەمای مەعریفە ناسانە و پێناسەی خوود لەسەر بنەمای ئەوانی دەرەکی بەرەنگار دەبینەوە. بە واتایەکی تر هەر ئەوەندە کە گوتاری ڕیفۆرم خوازی هەوڵی داوە سنوورەکانی شوناسی خۆیی لە ناو سنوورەکانی گوتاری زاڵ (ڕۆژئاوا) پێناسەی بکات. گوتاری نوێ بە دووبارە پێناسەی کردنی خوود لە وێنەیەکی ناکۆکی سیستەماتیك، تەواو و گشتی لە نێوان خۆ و ئەویتر دەبینێتەوە. ئەم جۆرە گوتارەی کە بەفەندەمێنتاڵ بەناوبانگ بووە، دوو تایبەتمەندی مەعریفە ناسانەی لەخۆ گرتوە.

لە لایەکەوە بێژەرەکانی ئەم گوتارە، ئیسلام و ڕۆژئاوایان وەکو گوتاری نەگۆڕ و ڕەسەن و سەربەخۆ زانیوە و لە لایەکی تریشەوە جیاوازییەکی تەواو و دەستنیشانکراوی سیستەماتیکیان لە نێوانیان داناوە. ئەوەی کە ئەم گروپەی لە شەپۆلەکانی تری ڕۆشنبیری ئیسلامی جیاواز دەکرد، بریتی بوو لە: 1. خوێندنەوەیەکی بنەماشکێنانە و دامەزراوە لە ئیسلام 2. سەیرکردن و بڕوامەندی بە ئیسلام وەکو نیشانەیەکی ئاسمانی لە گۆڕەپانی

کێشه و باسه کۆمەڵگاییه سیاسییەکان 3. بەکارهێنانی وشەی ناسك و شەفاف بۆ راڤەکردنی و لێکدانەوەی وشه تۆخەکان 4. بیرکردنەوه لەسەر وشەی کۆتایی خۆماڵی (ئیسلامی) بۆ دەربڕینی هیوا و ئامانج و هەبوون و گۆڕان، ئێستا و داهاتوو پێناسه و پێناسەکردنەوەی خۆ 5. ڕێکوپێککردنی گوتاری مۆدێرن بەدەر له بازنه و سنووری مۆدێرنیتەی رۆژئاوایەکان.

بەسام تەییبی له فاکتەرەکانی وەك تێشکاندنی عەرەبەکان له شەڕی شەش رۆژه، ناکارایی بیرۆکەکانی وەك ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەهۆی ئەم تێشکانه و قەیرانی هزری دەوڵەت–وڵات 1960. ئەلعوزما له دیاردەکانی وەك شۆڕشی ئیسلامی ئێران که به دروشمی ئیسلام، ئیسلامه و تەنیا رێگەی رزگاری له قەیرانەکانی جیهانی ئیسلام گەڕانەوه بۆ ئەوه، له سەرهەڵهێنانی ئەو گوتاره نوێیه، ناودەبات. تەییبی بڕوای وایه که: (فەندەمێنتاڵی ئیسلامی تەنیا بزاڤی سیاسی نەبووه که ئامانجی ئەو رووخاندنی هەژموونی سیاسی–ئابووری رۆژئاوا بێت، بەڵکو ئەو هەروەها ستراتیژێکی کولتووری لەخۆ دەگرێت).

کەواته فەندەمێنتاڵی ئیسلامی له لایەك بنەمای مەعریفه ناسانەی خوود له گەڕانەوه، بەبنەڕەت یان چاکەی باپیران (سەلەفیه) ناو دەبات، له لایەکی تر رووبەڕووبوونەوه و بەرەنگاربوونەوه لەگەڵ هەژموونی رۆژئاوا و مۆدێرنیته، پێناسه دەکات. ئەلعوزما لەم شەپۆله وەك پرۆسەی ئیسلامی (Islamic Trend) ناو دەبات. ئەو بڕوای وایه که له ژێر کاریگەری پڕۆژەی شۆڕشی ئێران هێڵێکی فکری سیاسی له خەباتکارانی رۆژئاوای سەردەم که بریتییه له گروپێك له رادیکاڵه کۆنەکان، سەرلێشێواوه مارکسیستەکانی ئۆرتۆدۆکس. بیرمەندانی ئیسلامی وەك ئەنوار (Anwar) عەبدولمالێك (Abdolmalek) خوری (Khoury) ئەدۆنیس (Adonis)، لەسەر ئەم گریمانەیەنن که رێگەی رزگاری موسڵمانان نه ناسیۆنالیزمی رۆژئاواییه و نه شۆڕشەکانی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی، رێگەی رزگاری موسڵمانان تەنیا



له گەڕانەوەیاندا بەوشتەی که ئەوان به ئیسلامی سیاسی – نەتەوەیی ناودەبەن، شاراوەیه.

لایەنێکی بنەڕەتی ئەم پرۆسەیه به پاڵپشتی ناوچەخوازی و ئازادیخوازی نەتەوەیی له بەرامبەر دەسەڵاتی ئەمپریالیزم و رێگه و میتۆدی ئیسلامییه. ئەلعوزما له ئەدونیس نموونه دێنێتەوه که لەسەر بنەمای دووپێش گریمانه دەقی دەنووسی. سەرەتا ئەوەی که ئەو لەگەڵ هەر جۆره نەتەوەخوازی، عورفی کردنی سیاسەت، سۆسیالیزم، مارکسیزم، کۆمۆنیزم و کاپیتالیزم دژ بوو، چونکه ئەمانه سەرچاوەی رۆژئاواییان هەیەو به دوای کاریگەری له پێکهاتەکانی ئیسلامی و (رۆژهەڵاتی هێشتنەوەی ئەو)ن و دووەم ئەوەی که شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای جەخت کردن لەسەر ئەم دروشمه سادەیه: ئیسلام، ئیسلامه، بێ لەبەرچاو گرتنی سیاسەتەکان، ناکۆکی چینایەتی، نەتەوەیی و ئابووری راڤەی دەکرد.

به بۆچوونی ئەلعوزما کێشەی بنەڕەتی ئەم دەسکەوته ئەمەیه که ئیسلام به دەقەیەکی شەفاف، راوەستاو و هەمیشەیی گریمانه دەکات و هەروەك رۆژهەڵاتناس لەسەر یەك بنەڕەتی مەعریفه ناسانه لەسەر بنەمایی جیاوازی جەختی دەکرد. جیاوازی ئەم پرۆسەیه لەگەڵ رۆژهەڵاتناسی لەمەدایه که یەکەم ئەم بنەمایه له دەقی ئیسلام دەبینێت له کاتێکدا که دووەمی ئەو له دەقێکی فەلسەفی رۆژئاوایی دەبینێت.

ئەلعوزما دەڵێت: ((من به هیوا نیم که دژایەتی ئەم پرۆسەیه بکەم، له بنەڕەتدا من تەنیا دەمەوێت ئەم خاڵه روون بکەمەوه که لێکدانەوەکان، بڕواکان و بیرۆکەکانی بەرهەم هاتوو به رێگەی پرۆسەی ئیسلامی له بەرگری کردن له بنەماکانی گریمانەی خۆی تەنیا به دووباره بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی بێ نرخی دۆکترینی رۆژهەڵاتناسانەیه که لەسەر بنەمایی جیاوازی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، ئیسلام و ئەورووپا دانراوه. ئەم دووبارەبوونەوه له هەر دوو ئاستی بوون ناسانه و مەعریفه ناسانه رووینداوه تەنیا بەرژەوەندی (ئیسلام– رۆژهەڵات) پێچەوانه دەکاتەوه.

لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بەجیهانیبوون، فەندەمێنتاڵی ئیسلامی زیاتر لە هەر کاتێکی تر تایبەتمەندی سیاسی بە خۆی دەگرێت. بەم بۆچوونە بە پاڵپشتی ئەو شتەی بەناوی ((جیهانی ئیسلام)) دەناسرێت کە بزاڤێکی سیاسییە لە بەرامبەر رۆژئاوایی بووندا. لە روانگەی فەندەمێنتاڵی ئیسلامی جیهان بۆ لای کولتووریکی یەکگرتووی جیهانی کە لە بنەڕەتدا رۆژئاواییە، لە جووڵەدایە کە دەبێت لەگەڵ ئەو بەرەنگار دەبنەوە. لە درێژەی باسەکەمان گوتاری ((جیهانی ئیسلام)) لە سێ روانگەی ناوخۆیی ئایینی، کۆمەڵناسی و نێودەقی لە بەجیهانیبوودا باس دەکەین.

## کۆمەڵناسی ئایینی ئیسلام و بەجیهانیبوون

بە روانگەی کۆمەڵناسانە، لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جیهانی خوازی دوو پرۆسە دەتوانین دیاری بکەین. ئەم پرۆسانە لە رواڵەتدا لە یەك جیاوازن، بەڵام وا دیارە پەیوەندی توندوتۆڵ لە کولتوورەکانی مۆدێرن و ئیسلام لە نێوانیاندا هەیە. یەکەم سەرهەڵدانی سیستەمی سیاسی ئیسلامی جیهانی و دووەم هەڵسوکەوتی کولتووری فەندەمێنتاڵی ئیسلامی لە بەرامبەر بەکارهێنەرخوازی.

لە سەر بنەمای فێرکراوەکانی عورفی ئیسلام (ئوممەتی ئیسلام) دیاریکەری سیستەمێکی سیاسی گونجاوی جیهانییە. لەم روانگەیە بە سەرهەڵدانی سیستەمی جیهانی پەیوەندییەکان و بە یارمەتی تەکنۆلۆژیی رێکوپێك پەیوەندی، باشتر دەتوانین بە جۆرێك لە ((ئیسلامی سیاسی)) بیر بکەین.

لەسەر بنەمای مۆدێلی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڤێبێر کە یەکەم جار لە کتێبی ئابووری و کۆمەڵگادا ئاراستەی کرد، دوو جۆری کۆمەڵگا دەتوانین لەبەرچاو بگرین کە بە نیسبەت ژینگەی دەرەکی خۆی (کراوە) یان (داخراو) یان بە بۆچوونی خۆی (گماین شافت و گێزل شافت) دێنە بەرچاو.



لە کۆمەڵگای جۆری یەکەمدا پەیوەندییەکان لە جۆری کردەوە خۆجێییەکان، داب و نەریت و لە رێگەی گوندەکان و ریشسپییەکانن، بەڵام لە جۆری دووەم لە رێگەی بازاڕ، حیزبەکانی سیاسی ئەم پەیوەندییانە ئەنجام دەدرێن. ڤێبێر رۆیشتن لە کۆمەڵگایەکی عورفی و داخراو بۆ کۆمەڵگایەکی کراوە لە ئیرادەی پەیوەندیدار بە عەقڵانییەت و ئامانج کەڵك وەردەگرێت. لە روانگەی ڤێبێر، ئیرادەی پەیوەندیدار بە عەقڵانیەت بەم خالە ئاماژە بدەین کە ژیانی مرۆڤ لە جۆری ئەستوورەیی بۆ لای سکۆلاریزم دەروات. روانگەی جیهانی خەیوەتەکان تێکدەشکێنێت و جیهانی موعجیزە و وەحی هەڵدەتەکێنێت.

کێشەی نوێکردنەوەی ئیسلامی بە وردی لە رێگەی چوارچێوەی کۆمەڵناسانەی ماکس ڤێبێر و پرۆسەی عەقڵانیبوونە لێی تێدەگەین.

هەر بەو جۆرەی کە تێرنێر دەڵێت: ((ئیسلام بە وردی لەگەڵ پرۆژەی مۆدێرنیتە گونجاوە لە روانگەی کۆمەڵناسانە فەندەمێنتاڵی ئیسلامی لەگەڵ ئەو فەندەمێنتاڵەدا کە لە ناو کریستاندا بوو جیاوازی نییە. مۆدێرنیتە لە هەوڵی هێرشکردنە لەسەر بڕواکانی خۆی، کولتوورەکانی ناوچەیی، عورفی خوازی و خۆشی خوازی لەم روانگەیە فەندەمێنتاڵی بەرگری کولتووری مۆدێرنیتە لە بەرامبەر پۆست مۆدێرنیزمە.))

لەم رووەوە دژایەتی فەندەمێنتاڵی ئیسلامی دەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی لە دژی کولتووری بەکارهێنەری رۆژئاوا بزانین. لەم روانگەیە پرۆژەی فەندەمێنتاڵی ئیسلامی تایبەتمەندی پارادۆکسی بەخۆی گرتووە. لە لایەك لەسەر بنەماکانی فێرکراوە عورفییەکان خۆی لەگەڵ فێرکراوەکانی جیهانی خوازی جۆرێك لە هاودڵی پیشان دەدات، بەڵام لە لایەکی تر بە فرێدان و لەناوبردنی کولتووری بەکارهێنەری رۆژئاوا بە جۆرێك لە بەرامبەر بەجیهانیبووندا بەرگری دەکات. کەواتە لە کاتێکدا کە ئیسلام فێرکراوەکانی سەرەتایی مۆدێرنیتە واتا پەرەسەندن، ئامانجداربوونی ئەخلاقی، کاری

قورس، دیسپلینی کۆمەڵایەتیی هەیە، بەڵام لە ڕێگەی ئەخلاقی دژی بەکارهێنەری کە لەسەر بنەمای دۆکترینەکانی ئیسلامی کلاسیك راوەستاوە، لە بەرامبەر ئەنجامەکانی مۆدێرنیزاسیۆن بەرگری دەکات.

یەکێکی تر لە خاڵەکاندا کە لە باسی بەجیهانیبوونی کولتووری کۆمەڵگاکانی ئیسلامی دەتوانین ئاماژەی پێبدەین جیاوازێکە لە نێوان ئیسلام و ئایینەکانی تردا شاراوەیە. لە فێرکراوە کلاسیکییەکانی ئیسلامیدا لەسەر راستییەکان و بەها گشتییەکان جەختیان دەکرد و لە سیستەمی جیهانی لە بەهاکان، ئەخلاق، کولتوور و ئایینی یەکگرتووی ئیسلامی بەرگری دەکەن. لەم روانگەیە لە کاتێکدا کە ئیسلام پرۆسەی یەکسان بینی بەجیهانیبوون قبووڵ دەکات چاو لە پرۆسەی جیاواز سازی ئەو دەپۆشێت.

لەبەر ئەوە ئیسلامی بوون ئەو جۆرەی کە لە گوتاری فەندەمێنتاڵی ئیسلامی بەیەك دەگات هەوڵێکە بۆ دروستکردن و ئافراندنی گێزل شافتێکە لە ئاستی جیهانە بە میتۆدی ئایدۆلۆژی گشتی کە ریشەی هەر لەو (ئومەتە ئیسلامییە) عورفییە هەیە.

## جیهانخوازی و چەمکی مەعریفەناسانەی ئیسلام

لە چەمکێکی مەعریفەناسانە لە ئیسلامدا، راستی سەرتر لە هزری مرۆڤە و دەتوانین واتایەکی یەکگرتوو لە ئیسلام بخەینەڕوو. لەم روانگەیە بەجیهانیبوونی ئیسلام بە وردی بە واتای ئیسلامی یەکگرتووە. لە رای نەوەیی یەکەمی فەندەمێنتاڵی ئیسلامی وەك سەیید قوتب (شەڕ لە نێوان موسڵمانان لەگەڵ دوژمنانی ئەواندا هەبووە. (ئەم شەڕە) سیاسی یان ئابووری نییە. لە راستیدا لە ناوەندی ناکۆکی شەری بڕوا هەیە و دوو هەڵبژاردن زیاتر نییە یان ئەوەی موسڵمانان و کافرەکان جاهلیەت قبووڵ دەکەن و یان ئەوەی کە کافرەکان دێنە داوێنی ئیسلام و قبووڵی دەکەن، بەڵام لە چەمکێکی مەعریفەناسانە لە جیهانخوازی، هەموو بەراوردەکان و هەڵسەنگاندنەکانی



ئیلاهی و خوایی لە واقیعییەت تووشی مەترسی دەبن و ئەم هزرە کە حەقیقەتێکی تاقانە هەیە دەکەوێتە بەر مەترسی و هێرشی بناغەشکێن.

لەسەر ئەم بنەمایە چوونی بۆ ناو دنیای جیهانی بوو بە واتای چوونە ناو پەیوەندییەکی بناغەشکێنانە لەگەڵ ئیسلامیش.

بێژەرەکانی گوتاری فەندەمێنتاڵی ئیسلامی، ئیسلام وەك پێگەیەکی نەگۆڕ و جەوهەرخواز وێنە دەکەن و لە ناوەندبوونی ئیسلام وەك گشتێك بەرگری دەکەن.

هەڵبەت زانایانی فراوان دژایەتی ئەم روکردەیان کردووە. ئیدوارد سەعید لە کتێبی خۆی (رۆژهەڵاتناسی) بەڵگە دێنێتەوە کە وشەی ئیسلام بێکەڵك بووە و پێگەیەکی گرنگی هەیە. بابی سەعیدیش دەست لەسەر ئەم خاڵە دادەنێت. بەبۆچوونی ئەو (راگەیاندنی سەعید بەمەی کە وشەی ئیسلام بێ کەڵك بووە و پێگەیەکی گرنگی هەیە و خۆپاراستنی ئەو لە ئاراستەکردنی جێگرەوەیەك بۆ رۆژهەڵاتناسی کەسانێکی زۆری هاندا جێگرەوەیەك بۆ ئەو ئاراستە بکەن، زۆرترین هەوڵی ئەم جێگرەوانە لەناوبردنی ناوەندی ئیسلام وەك یەك ناوەندە لە خوێندنەوەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەو. لەم خوێندنەوانەدا دەوری ئیسلام لەیەك ناوەند بۆ جۆرێك نیشانەناسی دادەبەزێت.

حەمید ئالزینیش بە خوێندنەوەی دووبارە سەبارەت بە مرۆڤ ناسی هەوڵدەدات تا ئیسلام بە شێوازێکی نوێ بخاتەڕوو. ئەو بە پاڵپشتی لەسەر جۆراوجۆری ئەزموونەکانی بەستراو بە ئیسلام لە خوێندنەوەکانی مرۆڤناسانە خودی واتایەکی ئایینی تووشی قەیران دەکات. بەم گریمانە ئەگەر ئیسلام لە گوتارە جیاوازەکان بچنە پاڵ یەك ئایا دەتوانن هێشتا ناوی ئیسلامی لێبنێین. ئەم جۆراوجۆرییە ئەو بەم گریمانەیە دەگەێنێت کە شتێك بە ناوی ئیسلام نییە و ئەوەی کە هەیە ئیسلامەکانن.

جگە لەمانە لە روانگەی ناوخۆی ئایین ئەمە بۆ لایەنگرانی گوتاری جیهانی ئیسلامی کێشەیە کە ئیسلام خۆی لەگەڵ فێرکراوەکانی

بناغەشكەنی جیهانیبوون بگونجێنێت لە بەرامبەر جۆراوجۆریدا، پچڕان و ئازادسازی دەق لە یەك واتای یەكە بەو جۆرەی كە لە پرۆسەی سكۆلاریزمی بەجیهانیبوون ئەنجام دەدرێت بۆ ئایینەكان زەحمەتە كە خۆیان بپارێزن. بە بۆچوونی پۆست مۆدێرنیستیش ئیسلام وەك هەموو ئایینەكانی تر وێنەیەكی تر لەسەرووی گێڕاوەكان دادەنرێت، كەواتە شایانی تێگەیشتن و سەرنج نییە.

لە روانگەی ئەم گوتارانە ئیسلام دەبێت وەك زاراوەیەكی جۆراوجۆر كە پەراگەندەیی و یەك نەگرتوویی لە تایبەتمەندییەكانی ئەوە پێناسە بكەین. لەسەر ئەم بنەمایە جەوهەرخوازی گوتاری كلاسیكی ئیسلام لەبەر چاونەگیراوە و لە دابەزاندنی ئیسلام وەك پێگەیەكی هەمیشەیی نەگۆڕ و سەربەخۆ بەرگری كراوە.

## زیانناسی (پاتۆلۆژی) كاریگەری بەجیهانیبوون لەسەر جیهانی ئیسلام

تا پێش بڵاوبوونەوەی دیاردەیەك بە ناوی بەجیهانیبوون خوێندنەوەكانی ئیسلامی تەنیا لەبەر دەست گروپێكی بچووك لە روناكبیران بوو، كە بە زۆری لە رۆژئاوا خوێندبوویان و تەنانەت بەشێكی بچووك لەوان موسڵمان بوون.

جیهانی ئیسلام جیهانێكی بێدەنگ بوو، ژیانی موسڵمانان ئەوندە تووشی گۆڕانكاری نەهاتبوو و دەنگی ئەوان بە كەمی لە دەرەوەی سنوورەكانیان دەبیسترا، بەڵام لە ماوەی دەیەكانی 1980 و 1990 كە گۆڕانكاری بناغەیی لە رووبەرەكانی ئابووری، سیاسی و كۆمەڵایەتی روویدا بە نۆبەی خۆی گۆڕانكاری بنەڕەتی لە جیهانی ئیسلام دروست كرد و موسڵمانەكانی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو بانگ كرد. هەمووی ئەم گۆڕانكارییانە دەتوانین لە ژێر ناوی (بەجیهانیبوون) باس بكەین. لە روانگەی ئێمە (بەجیهانیبوون) پەرەسەندنێكی خێرایە لە تەكنۆلۆژیاكانی پەیوەندی، گواستنەوەی رووداوە و تەنانەت دورترین ناوچەكانی جیهانیش گرتۆتەوە.



یەكێك لە ئاكامەكانی بەجیهانیبوون هەڵگرتنی مەوداكانە. فراوانبوونی زانیارییەكان و میدیاكانی گشتی، چەمكی سنووری لە یەكەكانی عورفی وەك یەكەی دەوڵەت–نەتەوە بێكەڵك كردووە و سنوورە جوغرافیاییەكان جێگەی خۆیان داوە بەو سنوورانە كە تواناكانی زانیاریان هەیە. لەگەڵ پرۆسەی بەجیهانیبوون كردەوەی سیاسیش بەجیهانی دەبێت. جگە لەمانە چەمكی خوود لەیەك دەقی جیهانی شوناسی خوود بەرزتر لە سنوورەكان و خوارتر لە خۆی بەدەست بێنێت.

جۆرج وێگیل (J.Weigel) باسی دەكات كە ئەم دۆخە دەبێتە هۆی بزووتنەوە و زیندووبوونەوەی ئایینە جیهانییەكان.

وەك چۆن لە جیهانی ئیسلام ئەم پەرەسەندنە سیاسییەی نوێیەی جیهانی بووە هۆی فراوانبوونی ئاگاداكردنەوەی موسڵمانان بە نیسبەت خوێندنەوەی كۆمەڵگاكانی خۆیان لە تێكستی جیهانیدا.

ئەحمەد لە سێ رووداو لە جیهانی ئیسلامی ناو دەبات كە بووە بەهۆی فراوانی وشیاری ئەوان بە نیسبەت خۆیان وەك كۆمەڵگایەكی جیهانی. كێشەی بۆسنیا و كوشتنی موسڵمانان بە دەستی سربەكان، نووسینی كتێبی ئایاتی شەیتانی لەلایەن سەلمان روشدی و شەڕی كەنداو، ئەمانە ئەم سێ رووداوە مەزنە بوون.

بۆ نموونە: ((زۆربەی موسڵمانەكان ئێستا بەڵگە دەهێننەوە كە ئەگەرچی خەڵكی بۆسنیا ئەوروپایی بوون. ئەوان مەشروبیان دەنۆشی، گۆشتی بەرازیان دەخوارد و لەگەڵ خەڵكی ناموسڵمان زەواجیان دەكرد. سەرەڕای ئەمە كاتێك جینۆساید دەستی پێكرد، ئەم موسڵمانە سكۆلارانە بوون كە یەكەمین قوربانی سربییەكانیان پێكدەهێنا.))

ئەحمەد لە دەقی ئەم رووداوانە پیشاندەدات كە سیاسەتە جیهانییەكان بە شێوەیەكی زۆر توندوتۆل لەسەر پێگەی ناوچەی وڵاتانی ئیسلامی كاریگەری هەبووە. لەم روانگەوە ئەگەرچی ناكۆكی نێوان

موسڵمانان و ناموسڵمانەکان فراوان بووە، بەڵام گۆڕانکاریشی لە رووبەری ناوچەی ئەم وڵاتانە بەدەرخستووە.

سەبارەت بە شەڕی کەنداو موسڵمانان ئەگەرچی وا دیارە بوو کە لە سەدام حوسێن پاڵپشتی دەکەن، بەڵام ئەوان رێگەی جۆراوجۆریان تاقیکردەوە و سەرەڕای ئەمە ئەوان گومانی خۆیان بە نیسبەت رۆژئاوا نیشان دەدا، لە لایەکی تریش خەریکی کێشانی پێگەی سیاسی ناوچەیش بوون. لەم رووەوە لەمە بە دواوە ئێمە بینەری جۆرێك لەلایەنگیری ناوچەی موسڵمانانین لە بەرامبەر حکومەتەکانی ئۆلیگارشی کەنداوی فارس. بۆ نموونە (کۆمەڵەی ئیسلامی پاکستان) کە بۆ ماوەیەکی درێژ پاڵپشتی لە حکومەتی عەرەبستانی سعودی دەکرد و پێش شەڕ، سەدام حوسێنیان وەك یەکێك لە دوژمنەکانی گەورەی ئیسلام ناو دەنا، لە ماوەی شەڕ سیمای هێرشکەری و دژی سعودیای بەخۆ گرت، بەڵام لە پەیوەندی نێوان جیهانی ئیسلام، سەرهەڵدانی بەجیهانیبوون وا دیار نەبوو کە وڵاتانی ئیسلامی بە جۆرێك لە یەکانگیریی ناوچەیی و ئایینی لە بەرنگاربووەنەوە لەگەڵ جیهانی دەوروبەر هاندابێت. لە ساڵی 1979 بە روودانی شۆڕشی ئیسلامی و فۆرم گرتنی گوتاری ئایدیالیستی فەندەمێنتاڵی ئیسلامی لە ژێر کاریگەری ئەودا وا دیار بوو گوتاری جیهانی ئیسلام کە بە رووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی تووشی جۆراوجۆری و پچڕان ببوو دووبارە لە حاڵەتی فۆرم گرتنی لێکدانەوەکانی خۆیەتی. دروشمی شۆڕشی ئیسلامی کە بانگی موسڵمانانی بۆ ئیسلامی سەرەتایی دەرکرد یان بە بۆچوونی فەندەمێنتاڵی ئیسلامی سەلەفی سالحییە دەکرد و لەلایەن چینی ناوەندی شاری وڵاتانی موسڵمان پێشوازی لێکرا. هەرچەندە دواجار فەندەمێنتاڵی ئیسلامی سەقامگیر کرد ئەم حاڵەی بەهێز کرد کە گوتاری شۆڕشی ئیسلامی دەتوانێت جۆرێك لە یەکانگیریی ناوچەیی لە وێنەی ئایینی ئەو لەسەر وڵاتەکانی جیهانی ئیسلامی زاڵ بکات، بەڵام دوو فاکتەری سەرەکی



شۆڕشی ئیسلامی وەك پارادایمی نوێ لە پێکهاتەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی تووشی قەیران کردووە. لە لایەك هۆزەکانی رادیکاڵی شۆڕش کە لە وێنەی شیعی ئەودا خۆی دەنوێنێت، بووەتە هۆی دڵنیگەرانی رێژەیی جیهانی ئیسلام و لە لایەکی تر هەروا کە ئەلعوزما دەڵێت: شەپۆلی پرۆسەی ئیسلامی (Islamic Trend) کە بە کردەوە لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی کەوتە بزاڤ و شوناسی خۆی بە رووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەژموونی رۆژئاوا و مۆدێرنیتە پێناسە دەکرێت.

شەڕی عێراق و ئێران بە کردەوە پیشانیدا کە یەکانگیریی ئایینی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وا دیارە کە جێبەجێ ناکرێت. لایەنگرانی وڵاتانی عەرەبی لە عێراق لە ماوەی شەڕدا دەبێت لە هزری نەتەوەخوازی ئەوان بزانین تا جۆرێك هەڤگریی ئایینی.

شەڕی کەنداو دەیەیەکی دوایی ئەم خاڵەی زۆرتر روون کردەوە کە لەم شەڕە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بە دژی وڵاتێکی ئیسلامی لە ریزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا راوەستان.

ئەم شەڕە کە بە بڕوای زۆربەی زانایان ئەنجامی دنیایێکی بە جیهانیبووە، پیشانیدا کە وڵاتانی ئیسلامی لە ئامرازەکانی بەجیهانیبوون بە سوودی ئایین کەڵك وەرناگرن، بەڵکو زیاتر لەوانە وەك کاریگەری نەرێنی رۆژئاوا لەسەر کۆمەڵگاکانی ئیسلامی ناویان دەبەن.

میدیاکان یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانە کە بە شێوەیەکی بەرچاو موسڵمانەکان لە بەرامبەریدا ئەو پەرچەکردار نیشان دەدەن. لە روانگەی ئەوان میدیاکانی رۆژئاوایی بە گرنگترین سەرچاوەی کاریگەری رۆژئاوا ئەژمار دەکرێن. لەوانەیە ئەو بڕوایەش بێ بنەما نەبێت. سیمای کلاسیکی موسڵمانەکان وەك ئانارشیستەکان سیاسی و دیکتاتۆرەکان کە ژنەکانی خۆیان لە ماڵەوە بەستووەتەوە ئێستاش لە میدیاکانی رۆژئاوایی دووبارە دەبێتەوە.

لە میدیاکانی رۆژئاواییدا ئیسلام وەك دوژمنێکی نوێی پاش کۆمۆنیزم دانراوە. رای گشتی لە رۆژئاوادا لەسەر ئەم بڕوایەیە کە زۆربەی خەڵك هەست دەکەن کە ئیسلام لە سەدەی بیست و یەکەم (یاخی بووی سەرەکی) دەبێت و لە بەرامبەریشدا موسڵمانان هەست دەکەن کە جیهان، ئازار و ئێشی کۆمەڵگای ئەوانی لە بۆسنیا، فەلەستین و کشمیر لە بیر کردووە. زۆربەی موسڵمانان ئێستا لە شەڕێکی سەلیبی نوێ دژی ئەوان و لە پێویستی (جەهاد) قسە دەکەن.

لەم روانگەیە (بەجیهانیبوون) لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان ئیسلام خراپ لێیتێگەیشتوون و زۆربەی رێبەران و تەنانەت روناکبیرانی جیهانی ئیسلام لە جیهانیبوون وەك رۆژئاواخوازی، بەجیهانیبوون کولتووری رۆژئاوا و هێرشی کولتووری رۆژئاوا لە دژی ئیسلام قسە دەکەن.

هەڵبەت جیهانی خوازی وەکو پێویست هاوواتای پرۆسەی رۆژئاوایی بوون نییە. لە یەك بینای جیهانی بوو ئێمە زیاتر لەگەڵ چەند لایەنی رووبەڕووین تاکو یەکگرتوویی. لەم جیهانە ئێمە بە زۆری دوو جوڵەی گەورە، بەڵام دژی یەك دەبینین، بەجیهانیبوون لە لایەك و تاك بوون لە لایەکی تر.

هانتینگتۆن لە وتارێك بە ناوی (رۆژئاوای بێ وێنە، بەڵام نەك جیهانی) (West Unique-No Universal) ئەم بیرۆکەیە کە جیهانی خوازی بەهاوواتای رۆژئاوایی بوون دەزانن، رەت دەکاتەوە. ئەو بە دابەشکردنی دوو هزری جیاواز سەبارەت بە بەجیهانیبوونی کولتووری رۆژئاوایی کە هەر کام بە دوایی دیار کردنی بەجیهانیبوونی کولتووری رۆژئاوایین، دژایەتی هەر دوو هزر دەکات. کۆکا کۆلایی بوونی کولتووری جیهانی و مۆدێرنیزەبوونی جیهانی لە رێگەی دەسکەوتەکانی رۆژئاوا.

لە روانگەی ئەو زۆربەی زانایان لە رۆژئاوا لەسەر ئەم بڕوایەن کە بەجیهانیبوون بۆ لای کولتووریکی یەکگرتووی جیهانی کە لە بنەڕەتدا رۆژئاواییە دەڕوات. ئەو بڕوای وایە کە ئەم باوەڕە درۆ و مەترسیدارە.



فراوانبوونی بەکارهێنانی کاڵاکانی رۆژئاوا بە واتای بڵاوبوونەوەی کولتووری رۆژئاوا نییە. ئایا خواردنەوەی کۆکا کۆلا لە روسیا هەر ئەوەندە ئەوان ئەمریکایی دەکات، یان خواردنی ساوسی ژاپۆنی، ئەمریکاییەکان ژاپۆنی دەکات. وەك وڵاتانی مۆدێرنیزەکراو، ئەوان لەوانەیە لە رواڵەتدا بە رۆژئاوایی دابنرێن، بەڵام لە پێوەرەکانی وەك کولتوور، زمان، ئایین و بەهاکان ئەوان یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە.

ئەگەرچی موسڵمانان بە چاوی دوژمنێك سەیری میدیا رۆژئاواییەکان دەکەن، بەڵام گەواهیدەرەکانیش پیشان دەدەن، کە ئەم میدیانە لە بەرژەوەندی ئەوان کاریان کردووە.

ئەم دوو سیمایە دەتوانن لە دوو رووداوی گەورە لە جیهانی ئیسلام ببینین. لە لایەك بە رووخانی (مزگەوتی بابری) میدیاکانی رۆژئاوا رۆڵی بنەڕەتیان هەبوو و فەزایەکی مەترسیداریان لە دژی موسڵمانانی هیندستان ئافراند. بە وتەی ئەحمەد: ((ئێمە لە تەلەفزیۆن و میدیاکانی تری رۆژئاوایی بینیمان کە چۆن لە کێشەی مزگەوتی بابری هیندستان پۆلیسی هیند دەستێوەردانی نەکرد، تا پۆلیسی تاك (سیکەکان)، ملکەچی خۆیان بۆ خۆاکانی هیندی دەربڕی.

بەڵام لە لایەکی تر لە جینۆسایدی بۆسنیا میدیاکانی رۆژئاوایی فەزایەکیان لە رۆژئاوا خولقاند کە لە کۆتاییدا بوو بەهۆی هەڵوێست وەرگرتنی سیاسی لە دەوڵەتانی رۆژئاوا لە بەرامبەر سیربەکاندا.

لەگەڵ ئەمانە موسڵمانان میدیا گشتییەکان بە ئامرازی سەرەکی رۆژئاوا بۆ بەجیهانیبوونی کولتووری رۆژئاوا دەزانن. ئەل ئەفێندی (Al Affendi) لە هەوڵی موسڵمانان وەك یەکێك لە بەشە گەورەکانی جیهانی سێیەم لە دەیەکانی 1970 و 1980 بۆ دروستکردنی دیسپلینێکی نوێی زانیارییەکان و پەیوەندییە جیهانیەکان وەك جێگرەوەیەك بۆ کاریگەری میدیا رۆژئاواییەکان هەواڵ دەدات. ئەو لە هەوڵی دەوڵەتانی دەوڵەمەندی کەنداو بە تایبەت

عەرەبستان لە دروستکردنی (ئاژانسی هەواڵی ئیسلامی) نموونە دێنێتەوە:((لە ماوەی دوو دەیەی رابردوو، عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی دەوڵەمەندی نەوتی کەنداو بە زۆربەی میدیا کاریگەرەکانی جیهانی عەرەبیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و کاریگەری خۆیان بۆ ئەوروپاش ناردووە).

بەم بۆچوونە ناتوانین رۆڵی میدیا گشتییەکان لە جیهانی ئیسلام فەرامۆش بکەین. بە پێی وتەی ئەحمەد: کولتوورەکان ئەمڕۆ تەنیا بە ئامرازی تەکنیك سالارەکان ناچنە ناو سنوورەکان، بەڵکو تەکنولۆژیای زانیارییەکان هەموو خەڵك وا لێدەکات تاکو کولتوورەکان بگوازرێنەوە، کەواتە ئەمڕۆ وا دیارە، گروپەکان کەمتر دەتوانن ریشەکان و شوناسەکانی خۆیان بپارێزن.

لەم روانگەیە دەتوانین فەندەمێنتاڵی ئیسلامی بە پەرچەکردارێك بزانین کە موسڵمانان لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پرۆسەی بەجیهانیبوون نیشانی دەدەن. لە روانگەی زۆربەی زانایانی ئیسلامی پرۆسەی بەجیهانیبوون کولتوورە عورفییەکانی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆی و بە شێوازێکی کاریگەرانەی بۆ موسڵمانان بابەتگەلێکی دروستکردووە کە لە درێژخایەندا ناتوانین لەبەرچاوی نەگرین. لەم رووەوە موسڵمانان ناچارن تا لەگەڵ ئەم کێشانە رابێن و پەرچەکرداریان لە بەرامبەریدا هەبێت. ئەم پەرچەکردارانە زیاتر لە هەر شتێکی تر ریشەیان لە تورەییە. هەروا کە ئەحمەد لە کتێبی ((ئیسلام و پۆست مۆدێرنیزم)) دەڵێت گۆڕانکارییە تەکنۆلۆجیکییەکانی خێرا بە تایبەت لە بواری میدیا بەم واتایەیە کە ژیان کردنی ئێمە لەگەڵ عورفەکانی ژیانی خۆمان رۆژ بە رۆژ زەحمەتتر دەبێت و میدیاکان وەك شەیتان وان کە ژیانی ئێمەیان لەخۆ گرتووە. بە بۆچوونی ئەحمەد لە سەردەمی پاش مۆدێرن مەترسی ((مەکی موس)) لە قەومی جولەکە زیاترە.

جگە لەمانە ئایا دەتوانین (جیهانی ئیسلام) بە جیهانێکی بەدەر لە سەردەمی پاش مۆدێرن و ((بەجیهانیبوون)) ناوبنیەن؟



بێنجامین باربێر لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی ((جەهاد لە بەرامبەر جیهانی مەك دۆناڵد)) لە دوو زاراوەی جەهاد و مەك دۆناڵد بۆ باسکردنی دوو جیهانی جیاواز قسە دەکات و جیهانی پیر، راوەستاو پەککەوتوو لە بەرامبەر جیهانی گۆڕان، جوڵەی خێرایی و لاو.

پرۆسەی بەجیهانیبوون کولتووریك لەسەر بنەمای لاوخوازی، گۆڕان و بەکارهێنەر خوازی بڵاو دەکاتەوە و لەسەر جوڵە و خێرایی جەختدەکاتەوە. لە کاتێکدا کە هەندێك جار وای بۆ دەچن کە ئایینە عورفییەکان لەسەر راوەستان، هاوسەنگی و نەگۆڕی جەختدەکەنەوە. لەم رووەوە خاڵی ناکۆکی نێوان ئەم دووانە لێرەدا بەدەر دەکەوێت. ئەم رووبەرە فاکتەری ترس و دڵەڕاوکێ لە نێوان خەڵکی عورفییە لە هەموو جیهاندا. یەکێك لەم خاڵانە لە کۆمەڵگاکانی موسڵمانان سەرهەڵدانی ئەو شتەیە کە بەناوی فەندەمێنتاڵی ئیسلامی بەناوبانگ بووە.

لە روانگەی باربێر جیهانی مەك دۆناڵد بە گشتی لوتکەی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنە — کە هەندێك ئەوە بە رۆژئاوایی بوون دەزانن— کە لە رێنیسانس سەریهەڵداوە، بەرهەمی زانستی مۆدێرنە. لە بەرامبەردا، جەهاد جۆرێك گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی پێش مۆدێرن. هەوڵدان بۆ سەرکەووتنی دووبارەی جیهان کە پێش کاپیتالیزمی جیهانی بووە و بە ئامرازەکانی دروشمی ئایینی، کۆمەڵگاکانی هەرەمی شکڵ، عورفەکانی بەستراوە و مێژووی راوێستاو پێناسە دەکرێت. لەم رووەوە جیهانی جەهاد لە بەرامبەر جیهانی مەك دۆنالد دەردەکەوێت. جگە لەمانە بە بۆچوونی ئەو، ئەم دووانە پێویستیان بەیەکترە و تەواوکەری یەکترن و ئایین و کولتوور پێویستیان بە تەکنۆلۆژیاو بازاڕەکانی مەك دۆناڵد هەیە و بەبێ ئەوان ئەم دووانە ناتوانن لەدرێژ خایەندا یەکتر بپارێزن.

لە روانگەی باربێر وەڵامی ئەم پرسیارە کە ئایا بەجیهانیبوونی (مەك دوناڵد) دەتوانێت کولتووری ئیسلامی (جیهاد) لەناو ببات، نەرێنییە. ئەو

دەنووسێت: ((پێشکەوتن لە پرۆسەی مێژوویی خۆی لەسەر رێگەیەکی دوولایەنە هەنگاو دەنێت، کە هەندێ جار بەلای لەناوچوون دەڕوات.

جەهاد نەك لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ جیهانی مەك دۆناڵد ناسرەوێت، بەڵکو بەهێزتریش دەبێت. هەروا کە یەکەمی نەتەنیا جیهاد تووشی قەیرانی دەکات، بەڵکو دەبێتە هۆی دووبارە سەرهەڵدان و بە هێزی ئەویش. ئەوان یەکتر بە نەیار دەخوێننەوە، بەڵام پێویستمان بەیەکتریش هەیە.

سەرەڕای ئەمانە کۆمەڵگاکانی ئیسلامی ناتوانن لەژێر ناوی جەهاد لە یەك گروپی سادەدا دابنێین. ئەم کۆمەڵگایانە ئەگەرچی بە زۆری خاوەنی کولتووری عورفی، دەوڵەتانی تۆتالیتێر و دیکتاتۆرن، بەڵام لەبەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پرۆسەی بەجیهانیبوون و ئەمەی کە ئەوان چۆن لە بەرامبەر دڵەڕاوکێکانی سەرچاوە گرتوو لە بەجیهانیبوون چۆن پەرچەکردار پیشان دەدەن گروپێکی فراوان پێکدێنن.

هەروا کە فرێد هالیدی دەڵێت: فەندەمێنتاڵ لە وڵاتانی ئیسلامی دەبێت تەنیا لەناو دەقی مێژووی ئیسلامی و بەکارهێنانی ئامرازەکانی عورفی و کۆمەڵایەتی و لێکدانەوەکانی سیاسی ببینن.

بۆ نموونە ویلیام لیدل (William Liddle) لە وتارێك بەناوی (گەرانەوەی ئیسلام لە ئەندونیزیا)، دەیەی 1980 لەئەندونیزیا بەدەیەی دووبارە هەڵسانەوەی ئیسلامی ناو دەبات کە لەم ماوەدا ئەندونیزیا دووبارە رووی لە دامەزراوەکانی کولتووری ئیسلامی دەکات. ئەوا نموونە دێنێتەوە کە پیشانی دەدات ئەندونیزیا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە ئاستی تاك بۆ ئیسلام باوەشیان کردووەتەوە، بە جۆرێك کە خەڵکی ئەندونیزیا کە پێشوازی لە مۆدێرنیتە دەکەن و ئامادە نین وێڵی بکەن، دەیانەوێت ئایینیش بن و دروشمە ئایینییەکانی خۆیان بپارێزن.

بەڵام لە بەرامبەردا فەریبا دلخا لە وتارێکدا بە ناوی گۆڕانکارییە کولتوورییە چینایەتییەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا پێیوایە کە بە



پێچەوانەوە ئەندونیزیا، رژێمی ئێران لە ژێر گوشاردان لە خوارەوە بۆ ئازادی ئەگەرچی ئازادیخوازی خەڵکی ئێران نابێت بە واتای پرۆسەی دژی ئیسلام بزانن. ئەم پرۆسەیە لە هەڵبژاردنی موحەمەدی خاتەمی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری 1977 دروست بوو، کە لە ئەودا هەموو ئێرانییەکان لە ناوخۆ و دەرەوە بڕوایان بە جۆرێك ریفۆرم هەبوو. ئەم دۆخە سەبارەت بە ئافرەتەکانیش لە کۆمەڵگاکانی ئیسلامی راستە. واتسۆن بە لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە بارودۆخی ئافرەتان لە کۆمەڵگاکانی ئیسلامی و رۆژئاوایی لە وتارێك بە ناوی (ئافرەتان و حیجاب) پەرچەکرداری تاك لە بەرامبەر پرۆسەی جیهانی، فاکتەری فراوان دێنێت کە پیشان دەدات حیجاب لەلایەن ئافرەتانی موسڵمان لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی وەك ئینگلیز و فەرەنسادا وەك شوناسی ئیسلامی دووبارە خەریکە زیندوو دەبێتەوە.

بەڵام لە بەرامبەردا، ئانیتا ویس لە قەیرانەکانی ئافرەتانی موسڵمان لە جیهانی پۆست مۆدێرن پێیوایە ئەو شتەی رۆژێك بە ناوی ناوخۆیی دەناسرا کە لەو هەلومەرجەدا ئافرەتان لە ژێر فەرمانی پیاواندا بوون، ئێستا بە ئامرازی سەتەلایەت و تەلەفزیۆن گیراوە. ئەو لە توێژینەوەیەکیدا سەبارت بە ژنانی لاهوری پاکستان لە پێگەی نوێی ژنانی موسڵمان هەواڵ دەدات کە لە نێوان فەندەمێنتاڵی ئیسلامی و مۆدێرنیتە لە ژێر گوشاردان.

بارودۆخی حکومەتەکان لە وڵاتانی ئیسلامیش لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ پرۆسەی بەجیهانیبوون دژوار دیارە. ئەم دەوڵەتانە کە بە زۆری بە شێوازی عورفی و زیاتر بە شێوەی دیکتاتۆری بە رێوەدەچن یان پاشماوەی گوتاری کۆلۆنیایی رۆژئاوایین و یان لەرێگەی شۆڕش و کودەتا بە حکومەت گەیشتوون. بە سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیاکانی پەیوەندیی و پیشەسازیی لە لایەك زۆربەی ئەم دەوڵەتانە لەژێر چاوی تیژی میدیاکان ناچارن سیمای عورفی خۆیان چاك بکەن لە لایەکی ترەوە لە بەرامبەر دوژمنە سەرەکییەکانی خۆیاندا، واتا فەندەمێنتاڵەکان، ناچارن پاڵپشتی

سەربازیی، دارایی و تەنانەت کۆمەڵایەتی بە هێزتر بە دەست بێنن. لە ڕوانگەی فەندەمێنتاڵی ئیسلامی، ئیسلام وەك دنیایەك خۆی پێناسە کردووە کە ئاینی ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامی لەیەك جیا نابنەوە. زۆربەی خاون تیۆرەکان بەڵگە دەهێننەوە کە ئیسلام کەمتر لە ئایینەکانی تر ڕێگەی بە سیکۆلاریزم داوە.

سەرەڕای ئەمانە لەو جێگەیە کە فەندەمێنتاڵی ئیسلامی پیشانی داوە کە ئامرازەکانی نادیموکراتیك بۆ گەیشتن بەهێز بەکاردێنێت، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست فەندەمێنتاڵی ئیسلامی هەرچەندە لە بەرامبەر حکومەتەکانی تیرانی و دیکتاتۆری ڕاوەستاوە، بەڵام هیچ کات نەیتوانیوە دیموکراسی بخولقێنێت.

سەرەڕای ئەمانە بەو هۆیە کە زۆربەی حکومەتە ئیسلامییەکان بە شێوازی دیکتاتۆری بەڕێوە دەچن، هەڤگریی ئیسلامی یان ناوچەیی لە ناو ئەو وڵاتانەدا زۆر لاوازە. ئەو کێشانەی لەسەر ڕێگەی ئەم هەڤگرییە هەن یان پاشماوەی گوتاری کۆلۆنیایی پێش ئەوە یان ڕەنگدانەوەی بەجیهانیبوونن ئەم دۆخە دەوڵەتانی لە هەمبەر هێزە دیسانترالیزم ڕووبەڕوو کردووە. بۆ نموونە کێشەی کوردەکان لەعێراق و تورکیا، موسڵمانی کشمیر، تورکەکانی قوبرس و... هەڤگری ناوچەیی لە نێوان وڵاتانی ئیسلامی تووشی لاوازی کردووە. هەرچەند لە سایەیی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی وەك سەتەلایت، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان و... لە ئاستی خۆیدا نیشانەکانی هاودڵی خەڵکی موسڵمان لەگەڵ برایانی ئایینی خۆیان لە کاتی قەیران دەرکەتووە. فاتیما میرنسی (Fatima Mairnissi) کۆمەڵناسی مەغریبی دەڵێت: (من ڕۆژێك بە بیر دێتەوە کە پیاوێکی ماسیگر لە شاری ڕوبات کە تۆڕی ماسیگری لە دەستدا بوو، لە تەنیشت من ڕۆیشت و چووە دوکانێکی تەلەڤزیۆنفرۆشی تا گوێ لە هەواڵە پەیوەندیدارەکان بە دەستبەسەرا گرتنی نیکلا و ئیلناس بگرێت).

ئەو پیاوە ڕوباتییە بۆ ئەوە کە زانیاری بەدەست بخات تەلەفزیۆنێکی بۆ خۆیی کڕی تا گوێی لە هەواڵەکانی جیهان بێت، بەڵام دوای ئەوەی کە شەڕی



کەنداو دەستی پێکرد پیاوە ماسیگرەکە تەلەفزیۆنەکەی خۆی فرۆشت و پارەکەی ئەوی دا بەخاچی سوور تا بۆ خەڵکی عێراقی خەرج بکات.

کەواتە لە کۆکردنەوەی گشتیدا، بەجیهانیبوون لەم چەند دەیەی دواییدا بە توندی لەسەر کێشەکانی جیهانی ئیسلام کاریگەری هەبووە. دەتوانین ئەم کاریگەریانە لەسەر دامەزراوەکانی حکوومی تا ژیانی تاکی موسڵمانان ببینین. سەبارەت بە ئافرەتان هەرچەند سەتەلایت و تەلەفزیۆن ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێگرە بە هێزەکانی ((حیجاب و ناوخۆیی)) بێکەڵك دەکەن، بەڵام ناتوانین لە ویستی گشتی ئەوان بۆ هەڵهاتن لە پێگەی دژواری پێش خۆی قسە بکەین. زۆربەی فەندەمێنتاڵەکان بە شێوازی دیموکراتیك خەریکی زاڵکردنی خۆیان لەسەر ڕووبەرەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسین.

بە گۆڕانکارییە گەورەکان لە جوغرافیای ئابووری ((لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)) لە پەیوەندییەکانی نێوان باکوور و باشوور سروشتییە جیهانی ئیسلام لە ژمارەی وڵاتانی باشوور دەژمێردرێن و ڕوونە هەر لە ژێر دەسەڵاتی پێشکەوتوویی پیشەسازیی بمێنێتەوە.

کەواتە بەجیهانیبوون هەرچەندە جیهانی وەك گوندێکی جیهانی لێکردووە، بەڵام جیهانی ئیسلام وادیارە هێشتا ناتوانێت ڕەگەزەکانی شوناسسازی عورفی خۆی دەست هەڵبگرێت. شوناسی ئەو وڵاتانە لە کۆمەڵەیەك ئایین، نەتەوە و بڕیارەکانی سیاسی کۆلۆنیالیستەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم پێك دەهێنا: ئەوان نە دەتوانن لە شوناسی ئایینی خۆیان دەستبەردار بن و نە دەتوانن لە بەرامبەر بەجیهانیبوونیشدا بەرگری بکەن، بەڵام وێڕای ئەمە، چوونە ناو دەقی بەجیهانیبوون ئەوان ناچار دەکات تا جۆرێك فرماسیونەکانی ئایینی — نەتەوەیی خوودی وێڵ بکات. لەم دەقەدا، شوناسەکانی چەند لایەنە لە زەمینەی جیاواز و ناکۆك هەڵسوکەوت و پەیوەندی دەکەن. لەسەر ئەمە بنەمایە جیهانگیری پێش ئەوەی دەقێکی ((هەڤگر)) بێت، بەڵام لە بواری هارموونی ناهەڤگرە. بە

پێچەوانەوە لەوانەیە ئەم دەقە بە ئاستێکی بەرز لە جیاوازی و ناکۆکی چەند ناوەندی و بێ دیسپلینی جوڵە دەکات. کولتووریکی گشتی، حکومەتێکی بیناکراوی ناوەندی و ناوەندێکی یەکە و شەفاف نییە. کولتوورەکان جۆرێك لە ناکۆکیان تێدایەو ئاسانکاری لە جۆراوجۆری و جیاوازی هەڵبژاردنی تاك گەشە دەکات. لە گشتی گرنگتر سنوورەکان وەك سنوورێکی رێکخراوەی ناوەندی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری لەناو دەچێت و ئێمە لە جیهانخوازیدا بە لایی کۆمەڵگایەکی بێ سنوور بزاڤ دەکەین تەنانەت سنوورەکانی ئاسمانیش تووشی گچکەیی هاتوون. لە دنیایەکی بەجیهانیبوون ئێمە ناتوانین قسە لە پێشبینی کردارەکانی کۆمەڵایەتی بکەین و لەیەك وتەدا لە هەلومەرجێکی یەکسان هیچ بۆشاییەك لە نێوان خەڵکانێك لە دوور و خەڵکانێك لە نزیك نییە، چونکە ئیتر ناوەندییەك نییە تا لەسەر ئەو بنەمایە بۆشاییەکان هەڵبسەنگێنین.

لەسەر ئەم بنەمایە جیهانگیری پرۆسەیەکی دووانەییە. واتا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە پڕۆژەیەکی جیاوازسازە (Differentading)، پڕۆژەیەکی دووجەمسەرسازیشە. بەم بۆچوونە نێوان دەقەکان لە رێگەی بە فەرمی ناسینی بەهاکانی کولتووری و ناوچەیی خۆیی لەسەر جیاوازی، ناکۆکی و چەند لایەنی تەئکید دەکەن و لە لایەکی دیکەوە بەدەست هەڵگرتن لە بیرۆکەکانی خۆویستانە چینایەتی، نەتەوەیی، قەومی و ئایینی خۆی بە لای جۆرێك دووجەمسەرسازی دەچنە پێش.

لەم روانگەیە دەتوانین لە گوتاری ((گفتوگۆی شارستانییەتەکان)) قسە بکەین. لەم گوتارە سەرەڕای رەگەزەکانی رۆژئاوایی بوون و سەرمایەداری کە بۆ جیهانخوازی گرنگن، کێشەیەکی تریش هەیە کە لە گفتوگۆی نێوان شارستانییەتەکان سەرچاوە دەگرێت.

لە روانگەی بێژەرەکانی گوتاری گفتوگۆی شارستانییەتەکان ئەگەر بەجیهانیبوون لە رێگەی گفتوگۆی شارستانییەتەکانەوە روویدات، بە فەرمی



دەناسرێت، لەوانەیە بتوانین بەدەر لە روانگەکانی نەتەوەیی یان پەراوێز، بایەخ بە ئاگادارییە ئیسلامییەکان بدەین.

بەم بۆچوونە، ئەوەی کە ئەوان تووشی ئەم دەقە دەکات نە پەیوەندیی ئایینی و نەکرداری نەتەوەیی نیین. هەرچەند وا دیارە چوارچێوەی دەوڵەت — وڵات هێشتا ئاسانترین پێوەرە بۆ هەڵبژاردەکان بێت کە لە گۆڕەپانی پێشبڕکێ لەگەڵ وڵاتانی تردا هەیە.

## دوا وتار

بەجیهانیبوون پرۆسەیەکی کە روویداوە و بەردەوامە و خاوەن ئاسەوار و ئەنجامی ئەرێنی و نەرێنییە. ئەوەی کە روونە بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە لە کۆمەڵگاکانی جۆراوجۆر هەیە، بە نیسبەت ئەم دیاردەیە لە خۆیان پەرچەکرداری جیاواز نیشان دەدەن. ئایدۆلۆژی نەتەوەکان و شێوازی روانینی دەوڵەتان بە نیسبەت سیاسەتە نێونەتەوەییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی تا هەرکام لەوان ئەم بارودۆخە لە روانگەی خۆیان هەڵبسەنگێنن.

بەجیهانیبوون لەم فۆرمە نوێیەدا دیاردەیەکی نوێیە و وێڕای ئەوەی کە هێشتا بە شێوەی تەواو خۆی نیشان نەداوە، بەڵام ئاسەوار و ئەنجامەکانی ئەو لە بەشە جیاوازەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئاسایشی دیارە.

گۆڕانکاری مەزن کە لە رووبەرکانی تەکنۆلۆژیا روویداوە بووەتە هۆی ئەوەی تا سنوورەکانی عورفی لە ژێر ناوی سیاسەتی ناوخۆیی و سیاسەتی نێونەتەوەیی بێنەدەرێ و لە ئاکامدا پەیوەندی نێوان بەشەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی ئاسانتر ئەنجام بدرێت.

لە ژێر ئەم هەلومەرجەدا وڵاتانی باشوور دەبێت بتوانن لەو دەرفەتانە کە بەجیهانیبوون بۆ ئەوانی دابین کردووە، زۆرترین کەڵك وەربگرن و لە زۆربەی خاڵەکان، مەترسییەکان بگۆڕن بۆ دەرفەتەکان. گومانی تێدا نییە، کە هەلومەرحی ئێستا لەگەڵ سەردەمی شەڕی سارد لە بواری پەیوەندی نێوان هێز و ئایدیۆلۆژیا، پێگەی هاوڵاتییەتی، رۆڵ و کردارەکان ئەکتەرە فەرمییەکان حکومەت و یاسای یاری تووشی گۆڕانکاری گەورە هاتووە و



زۆربەی وڵاتانی باشوور تەنانەت لە پێگەیەکی مەتەرسیدارن. بۆ ئەوەی بتوانن لەم فەزا نوێیە وەك ئەکتەرێکی نوێ بە دەرکەون و بە چاولێکەری و راوەستاوی قەناعەت نەکەن دەبێ سەرنج بدەنە ئەم خاڵانەیی خوارەوە:

1– کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێت روانگەی خۆی بە نیسبەت دیاردەکانی بەجیهانیبوون بەو جۆرەی کە تاکو ئێستا بوویەتی بیگۆڕێت، چونکە بە ئاسانی ناتوانین ئەم دیادەیە تا رادەی ئیمپریالیزمی ئابووری یان کولتووری بچووك بکەین. وێڕای ئەوەی کە ئێمە ناتوانین نایەکسانی، ئیستغلال، جیاوازی و تاوان لە جیهان رەتبکەینەوە، بەڵام بە هەر شێوەیەك دەبێت هەڵویستێکی دروستمان بە نیسبەت بەجیهانیبوون هەبێت. دەبێت دانی پێدا بنێین کە لە بنەڕەتدا ئەم پرۆسەیە لە کۆنترۆڵی دەوڵەتێکی تایبەتدا نەبووە و لە ناوەندییەکی دیاریکراو بە رێوە ناچێت. بە جۆرێك کە تەنانەت زلهێزەکانیش لە هەندێك خاڵدا لە ئاسەواری نەرێنی ئەو بێبەش نیین. نموونەی ئەم بارودۆخە خۆپیشاندانەکانی دژی بەجیهانیبوونە کە بە زۆری لە کۆمەڵگاکانی باکوور بەڕێوە دەچن، بینیومانە. لەم رێگەیەوە لەوانەیە بتوانن پەرچەکرداری ئەمریکا بە دژی تیرۆریزم بە جۆرێك لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئاسەوارەکانی بەجیهانیبوون دابنێین. لە زۆربەی کاتەکاندا لە سایەی بەجیهانیبوون بانکەکانی ناوەندی زۆربەی کۆمەڵگاکانی پیشەسازیی بارمتەی دەستی ئەکتەرەکانی ناحکوومین. لە ژێر ئەم هەلومەرجەدا نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین، کە ئەم پرۆسەیە لە ناوەندێکی تایبەت کۆنترۆل و بەڕێو بچێت. هەروەها رووداوی یازدەی سێپتەمبەر نیشانەی ئەوەیە کە کردەوە تیرۆرستییەکان دەتوانن بەدەر لە کۆنترۆڵی دەوڵەتانی گەورە روو بدەن. کەواتە توێژینەوەی واقیعیانەی گۆڕانکارییەکانی سەرچاوە گرتوو لە بەجیهانیبوون، دەتوانێت وێنەیەکی باشمان لە دەرفەتەکان و مەترسییەکان بە دەستمانەوە بدات تا لە رێگەی فراوانکردنی تواناکان و

ئیمکانیات بتوانین بەرژەوەندی خۆمان دابین بکەین و بە ئامانجەکانی نەتەوەیی خۆمان بگەین.

2- ناسینی چاکی واقیعەکان هەلومەرجێك دروست دەکات تا لە سایەی ئەوان بتوانین گۆڕانکاری چەمکەکان لە سەردەمی بەجیهانیبوون بە باشی تێبگەین و هەروەها پشکێکمان لەم جۆرە چەمکسازییە هەبێت. ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمێك دەژین کە چەمکەکانی دیپلۆماسی بەرژەوەندی، ستراتیژی، ئاسایشی نەتەوەیی، پەرەسەندن، بەشداری و بەستراوەیی.... هتد تووشی گۆڕانکاری هاتوون تا ئەو رادەیەی کە تەنانەت دەوڵەت زۆربەی چەمکەکانی وێستفالیایی خۆی لە دەست داوە. کەواتە ئەگەر بمانەوێت، بۆ نموونە بچینە ناو یەکیەتییەکان و هاوپەیمانە نوێکانی ناوچەیی، لەژێر ئەم هەلومەرجەدا چەمکەکانی وەك دەسەڵات، سەربەخۆیی و شەرعییەت، کاریگەری کلاسیکی خۆیان لە دەست دەدەن. ئەگەر ئێمە هەروا لەسەر یاساکان و عورفەکانی کلاسیکی چەمکەکان جەخت بکەینەوە، بە ئاسانی ناتوانین ئاستی پەیوەندییەکانمان لە پەیوەندی دوو لایەنە ناوچەیی ببەینە سەرەوە، چونکە لەم بارودۆخەدا هەڤگری هاوواتای لە دەستدانی سەربەخۆیی دادەنێن. زاڵبوونی هزرێکی وەها بە واتای راوێستان دادەنرێت و چەمکەکان بە واتای دورمانەوە لە پرۆسەی بەجیهانیبوونن. کەواتە بوونی جۆرێك لە راهاتن و ئاسانکاری و یان بە واتایەکی باشتر جۆرێك لە دینامیزم لە سیاسەتی دەرەکیدا، یارمەتیمان دەدات تاکو بەفێربوونی یاسای گەمەکان لە سەردەمی بەجیهانیبوون خۆمان لەگەڵ هەلومەرجی گۆڕانکارییە ناوخۆیی و نێونەتەوەیی رێك بخەین و زیانەکانی خۆمان بگەییەنینە کەمترین رادە.

خۆ دزینەوەیەمان لە پرۆسەی بەجیهانیبوون، بە هیچ شێوەیەك بە واتای پارێزراوبوون لە ئاسەوارە خراپەکانی ئەو نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەستپێشخەری لە بوارە جیاوازەکان لەدەست بگرین و لە چەمکسازییە



نوێکان بەشداری بکەین. نەك ئەوەی کە پێش ئەوانی تر بڕیاری خۆمان بدەین لەسەر دژایەتی کردن لەگەڵ بەجیهانیبوون و بە شێوەیەکی دووبارە و بەبێ توێژینەوە لەسەر هەندێك لە هەلوێستەکان جەخت بکەینەوە.

3- لۆجیکی بوونی تەکنۆلۆژیا بووەتە هۆی ئەوەی تەنانەت زۆربەی کۆمەڵگاکانی باشوور بەبێ ئەوەی کە ناچار بن رێگەی درێژی کۆمەڵگا سەرمایەدارەکانی رۆژئاوا ببڕن، بتوانن لەگەڵ هەلومەرجی نوێی جیهاندا بە ئاسانی کار بکەن. چۆن زۆربەی وڵاتانی ئاسیایی وەکو مالیزیا، سەنگافوور، هیندستان، ئیمارات و هتد لە هەلومەرجی جیهانی کەڵکیان وەگرتووە ئێمەش دەبێ سوودی لێوەربگرین. واقیعییەت ئەمەیە کە ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ جیهانێکی شەبەکەیی رووبەڕووین کە بەهۆی ئەوەوە دەوڵەتان زانیارییەکی فراوانیان سەبارەت بە جیهان هەیە. لە ژێر ئەم هەلومەرجەدا توێژینەوە و پرۆسێس کردنی زانیارییەکان زۆر گرنگە.

ئەمڕۆ ئێمە بۆ مانەوە و درێژەدانی ژیان و وەڵامدانەوە بە نیسبەت داخوازییەکانی خەڵك دەبێت بە شێوەیەك لەم فەزا ناراستەقینە کە دروست کراوە سەرمایەگوازی بکەین و بچینە ناوی و نابێت بە هیچ شێوەیەك لە چوونە ناو و بەشداری لە ئەودا بترسین. ئەم رەوشە بێ کۆتایی نییە، چونکە لە حاڵەتی دەسترا نەگەشتنی ئێمە لایەنەکانی تر جێگەی ئێمە دەگرنەوە. خاڵی جێگەی سەرنج هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەمەیە، کە بەجیهانیبوون هەنگاوێکی لە مۆدێرنیتە و هەنگاوەکەی تری لە پۆست مۆدێرنیزمدایە. بەم هۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا بە کردەوە ئێمە لەگەڵ دوو فەزای عورفی و ناراستەقینە رووبەڕووین لەسەر ئەم بنەمایە دیپلۆماسی، ئاسایشی سنوور، پەرەسەندن، یەکێتی و هاوپەیمانی، بەرژەوەندی نەتەوەیی و..... هتد بە شێوەی هاوکات لە دوو سیمای ناراستەقینە و واقیعی لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی دێنە گۆڕێ. لە بنەڕەتدا ئاڵۆزی دۆخی هەنووکەی سیستەمی نێونەتەوەیی لەم تایبەتمەندییە دووانەییەی ئەو

سەرچاوە دەگرێت. واتا وێڕای ئەوەی کە مەسەلەکانی جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیژی لە فۆڕمی عورفی ئەو بۆ ئێران گرنگە، لەم کاتەش سەرهەڵدانی فەزایی ناڕاستەقینە، کە ئەمڕۆ دەوڵەتان لە فۆڕمی ناسەرزەمینی ئەو پێناسە دەکات، بارودۆخەیەك دروست دەکات تا لە پرۆسەیی دانانی سیاسەتی دەرەکی و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ناوبراو بە هەر دوولا بایەخ بدات. بە داخەوە تا ئێستا بۆ ئاسانکاری بە کردەوە ئێمە سنوورەکانی نەتەوەیمان تەنیا لە فۆڕمی عورفی ئەو پێناسە کردووە و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی خۆمان لەسەر بنەمایی ئەو هەڵدەسەنگێنین.

بەم جۆرە ئێمە دەبێ وەها زیرەکی و بەڕێوەبردنمان هەبێت تا بتوانین بە سوودوەرگرتنی باش لە تواناکانی خۆمان لەگەڵ هەردوو فەزای واقیعی و ناراستەقینە کار بکەین. بەکردەوە ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەم فەزا نوێیە رانەیێن، ئێمە نە دەتوانین لە ئەوان تێبگەین و ئەوانیش ناتوانن لە ئێمە تێبگەن. ئەنجامی ئەم بارودۆخە نەبوونی دیالۆگ لە نێوان ئێمە و ئەوانی ترە کە ئەمە بۆ خۆی لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی ئەوەی بمانخاتە پەراوێز.

4– ئایدیۆلۆژیا سڕینەوە لە ئابووری: یەکێك لە کێشەکانی ئێمە لە سەردەمی بەجیهانیبوون ئایدیۆلۆجیك سەیرکردنی ئابووری و بازرگانییە. ئەم جۆرە بۆچوونە دەبێتە هۆی ئەوەی تاکو ئێمە زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە سەردەمی یەك پارچەبوونی بازاڕەکانی بازرگانی، فراوانبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، یاسا سڕینەوە و بەستراوەیی دوو لایەنە، بچنە ناوقاپی خۆمان و زۆربەی دەرفەتەکانی کە بەجیهانیبوون بۆمان دروستکردووە لەدەست بدەین. ئێمە تا ئێستا نەتەنیا نەمانتوانیوە هەلومەرجی شیاوی ئابووری بۆ هاوکاری لەگەڵ سیستەمی جیهانی دابین بکەین، بەڵکو تەنانەت لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا بە پێچەوانەی ئاراستەی شەپۆلەکە دەجولێینەوە. لە لایەکی ترەوە هەبوونی ئابوورییەکی تاك بەرهەمی و پشتبەستن بە نەوت، پێگەی ئێمە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا لە



رادەبەدەر تووشی مەترسی دەکات. لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە لە رێگای تێگەیشتن لە واقیعەکانەوە خۆمان لە تووشایەتی ئایدۆلۆژی کێشە ئابوورییەکان و هەروەها ژمێریاری و بازرگانییەکان بپارێزین و لە بری ئەوە لە رێگای میتۆدی زانستیانە و ژیرانە لەسەر بنەمای لێکدانەوە پێگەی خۆمان، بە وردی بناسین تا لە سەردەمی بەجیهانیبوونی ئابووریدا نەکەوینە پەراوێزەوە.

5– بچووککردنەوەی حکومەت: بۆ ئەوەی بتوانین لە سەردەمی بەجیهانیبووندا پێویستە کە ئەرکی ناپێویست و بکەری حکومەت کە بەدوی خۆیدا گەندەڵی ئیداری دێنێت کەم بکەینەوە. هەبوونی دامودەزگای گەورەی حکومەت تەنانەت لە هەلومەجێکیشدا کە هەموو پێداویستییەکان بۆ گەشە و سەرکەوتنی کۆمەڵگا دابین کرابێت بۆ وەڵامدانەوە پێداویستییە سەرەکییەکانی خەڵك کۆسپە. کەواتە پێویستە کاری بەردەوام بکەین لەمەڕ بەهێزکردنی دام و دەزگا ناحکومییەکان بە تایبەت لە هەلومەرجی ئێستادا کە زەمینەیێکی باش بۆ هاوکاری خەڵك لە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانیشدا هەیە.

کەواتە پێویستە ئەم وتەی دانییل بێل دووپات کەینەوە کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا دەوڵەت بۆ جێبەجێکردنی کارە بچکۆلەکان زۆر گەورەیە و هەروەها بۆ جێبەجیکردنی کارە گەورەکان زۆر بچکۆکە. بەم شێوەیە لە ئاستی ناوخۆییدا لە رێگەی بەخشینی زۆربەی بەرپرسیارێتییەکان بە کەرتی ناحکومی و هەروەها لە ئاستی نێودەوڵەتیش لە رێگەی بەشدارکردنی یاریگەرانی ناحکوومی وەك (NGO)، لە هەندێك بواردا وەکو لەناوبردنی نەخۆشییە کوشندەکان، ماددە بێهۆشکەرەکان، پیسبوونی ژینگە، پەرەسەندن، هەژاری و هتد... دەکرێت کارایی و دەسەڵاتی دەوڵەت زیاد بکرێت و لە هەڵگیرسانی بەرەنگاربوونەوەکان رێگری بکرێت.

جێگەی ئاماژەیە کە بەدیهاتنی خاڵەکانی سەرەوە لە هەلومەرجێکدا جێبەجێ دەبێت کە روانینی ئێمە بۆ ئاسایش بریتی بێت لە تێگەیشتن و راڤەکردنە عورفی و نوێی ئاسایش. لەسەر ئەم بنەمایە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا نەبوونی مەترسی سەربازی دەرەکی بە هیچ شێوەیەك بە واتای بوونی ئاسایش لە ناوخۆدا نییە. لە ئەمڕۆدا پێویستە هۆکارە ئاسایش هێنەرەکان و لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە ئاسایش لەناو دەبەن لە بواری ئابووری، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان بیدۆزینەوەنە نەك تەنیا لەلایەن سەربازییەوە بە دوای ئاسایش بکەوین. ئەگەر وڵاتانی جیهانی سێیەم نەتەوانن بەرزبوونەوەی رادەی بێکاری کەم بکەنەوە و خزمەتگوزارییەکان بۆ خۆشگوزەرانی خەڵك دابین نەکەن تووشی هەندێك کێشەی ئاسایشی دەبن. لەم حاڵەتەدا سەرمایەگوزارییە سەربازییەکان تەنیا بەشێك لە پێداویستییەکانی ئاسایش دابین دەکەن. کەواتە پێویستە ئەم روانینە ریالیستییە کە تێیدا بەستراوەیی دوولایەنە هاواتای زیان پێگەیشتن دەزانن وەلا بنێن و کردارەکانی ئێمە بە شێوەیەك نەبێت کە لە سەدەی بیست و یەکەمدا بژین، بەڵام تێگەیشتنی ئێمە لە گوتارەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی، دەوڵەت، پەرەپێدان، سەربەخۆیی، بەرژەوەندی نەتەوەیی، ئاسایش، یەکگرتن، هاودەنگی و هتد پەیوەندی لەگەڵ سەدە رابردوودا بێت.

## هەندێك لە كتێبە چاپكراوەكانی دەزگای موكریانی

1- دەروازەكانی كۆمەڵناسی، ن: مەنوچێهر موحسنی، و: كۆمەڵێك وەرگێڕ

2- مێژوویێتی هزری عەرەبیی ئیسلامی، ن: محەمەد ئاركۆن، و: نەریمان تالیب

3- گوڵبژێرێك لە چیرۆكەكانی سادقی هیدایەت سادقی هیدایەت، و: عەلی نانەوازادە

4- چەند وێستگەیەكی ئەدەبی و فیكری، و: ئازاد بەرزنجی

5- خواوەند و پاڵەوانەكانی گریكلاند، ن: ئیریك ئێریكسۆن، و: تەها ئەمین هەڵەدنی

6- حەكیمانە، ن: پاولۆ كۆیلیۆ، و: یوسف محەمەد/كارا فاتیح

7- یەكەمین سەرچاوەكانی هونەری مۆدێرن، ن: ه. و. جەنسن، و: سەیوان سەعیدیان

8- چەند دۆكیۆمێنتێكی نێودەوڵەتی لەبارەی مافەكانی مرۆڤەوە، و: قادر وریا

9- دیجلەی هزرم، ن: د. مارف خەزنەدار

10- ئایین و دەوڵەت و پیادەكردنی شەریعەت، ن: د. محەمەد عابد جابری، و: فوئاد سدیق

11- فەلسەفەی ئەخلاقی و كۆمەڵایەتی ئوگوستین، ن: د. عەلی زەیعور، و: سنوور عەبدوڵلا

12- گۆرستانی غەریبان، ن: ئیبراهیمی یونسی، و: غەریب پشدەری

13- فیهی ما فیهی، ن: مەولەوی، و: عەلی نانەوازادە

14- گوڵستان، ن: سەعدی، و: عەلی نانەوازادە

15- ئایدیای قانوون، ن: دنیس لوید، و: ئاسۆ كەریم و...

16- مرۆڤ و ئایینەكان، ن: میشێل مالرێب، و: هیوا مەلا عەلی سوورەدێیی

17- پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ، ن: ئا. مكارنكۆ، و: مستەفا غەفور

18- القبائل الكوردیه، ن: ویلیام ایغلتون، و: د. احمد محمود خلیل

19- گەڕیان ل دیف بەتەوەریێ، ن: لورد ئاوویبۆری، و: جگەرسۆز پێندرۆیی

20- تەنگژەكانی تیرۆریزم، ن: كۆمەڵێك نووسەر، و: هێمن غەنی و مەروان كاكل

21- دوا وەسوەسەی كریست، ن: كازانتزاكی، و: كەریم دەشتی

22- گوتاری تیرۆریزم، ن: كۆمەڵێك نووسەر، و: كۆمەڵێك وەرگێڕ



23- ژان، ن: مارگارێت دوراس، و: رەسوڵ سوڵتانی

24- تیرۆریزم وەك تاوانێكی ڕێكخراو، ن: گاری پوتەر/ مایكڵ لیمەن، و: ئەبوبەكر مەجیدی

25- چەند لایەنێكی واتاسازی، ن: كوروش سەفەوی، و: دلێر سادق كانەبی

26- هەموو هەقیانە، ن: مەنۆچەهری كەریم، و: زادە غەریب پشدەری

27- كاتێ نیچە گریا، ن: ئیرڤین دی یالوم، و: دڵشاد هیوا

28- ژانی ژینگە، ن: سەدرەدین نورەدین

29- عاشقانە، ن: پاولۆ كۆیلیۆ، و: كارا فاتیح / یوسف محمد

30- كۆمەڵگای كراوە و دوژمنەكانی (بەرگی یەكەم)، ن: كارل پوپەر، و: ئیدریس شێخ شەرەفی

31- كۆمەڵگای كراوە و دوژمنەكانی (بەرگی دووەم)، ن: كارل پوپەر، و: ئیدریس شێخ شەرەفی

32- میسیۆ برایم و گوڵەكانی ناو قورعانەكەی، ن: ئیریك ئیمانوئیل شمیت، و: سەلاح گادانی

33- خطوة علي الطریق الي البیت الكوردي الكبیر د. حسین بدیوي

34- آلیة العلاقة بین المعارضة والسلطة في الاسلام د. كاوة محمود شاكر

35- جمالیات الطبیعة في كردستان العراق د. محمد عارف

36- كورد و جینۆساید و ئیبادەكردن هەژار عزیز سورمێ

37- پرۆدۆن جۆرج گۆرڤیچ ئارام ئەمین

38- مینۆرسكی و كورد ئەنوەری سوڵتانی

39- كورد و سەلجوقییەكان د. نیشتمان بەشیر ئیدریس عەبدوڵلا

40- دە ڕۆمانی گەورەی جیهان

41- لەدەوڵەتی دەسەڵاتەوە تا دەوڵەتی عەقڵ سیروان زەندی

42- ئیبن خەلدون وكۆمەڵناسی مۆدێرن زیرەك رەحمان و...

43- ئەوئایدیایانەی دەستیان بەسەرجیهاندا گرت گۆران سەباح

44- كورد لەئەرشیفی روسیاو سۆڤیەتدا د. ئەفراسیاو هەورامی

45- قوتابخانە ئەدبیەكان حەمەكەریم عارف

46- عاریفانە پاولۆ كۆیلۆ گارا فاتح و ...

47- زمان، هزرو كولتور چەند نووسەرێك رەحیم سورخی

48- زمان، وەرگێڕان، پێوەندییەکولتوورییەکان، حسین یعقوبی، و: اسماعیل زارعی

49- توێژینەوەی تیۆری ئەدەبی راجێر وێبستەر عەبدولخاق یەعقوبی

50- ماکیاڤیللی بیری ڕێنسانس رامین جەهانبەگلو موسلح ئیروانی

51- راپەڕینی کوردان پ.م.ا.حەسرەتیان جەلال دەباغ

52- جێگای بەتاڵی سلووچ مەحمود دەوڵەت ئابادی

53- سەرکەوتنی بێ سنوور بە 20 رۆژ ئانتونی رابینز هاموون

54- واتاسازی کلۆد جێرمان و ... د. یوسف شەریف سەعید

55- رێبازە ئەدەبییەکان، د. هیمددادی حوسێن

56- رابەی رۆژنامەنووس لەجیهانی سێیەمدا، ئەلبێرت ل. هستر و وای لان ج. تو، و: حەسەن عەبولکەریم

57- سیاسەت وحکومەت لەئەوروپا، احمد نقیب زادە، علی مێهر پەروەر

58- سەرهەڵدان و بەردەوامی حزبەسیاسیەکان لەئەوروپا، حوجەتوللاَ ئەیوبی، و: ئازاد وەڵەد بەگی

59- پێشەوای رابوون، هاشم سەلیمی، و: رەسووڵ سوڵتانی

60- نهێنی سەرکەوتن لەبازارەکانی کاردا، و: و کیهان نیا،و: ئەدهەم ئەمین

61- پێشەکیەك بۆکۆمەڵناسی سیاسی، د. احمد نقیب زادە، و: مەسعود رەواندووست

62- شارەوانی و کارگێری و دیموکراسی، سەردار شەریف سندی